Star Group
For Math

حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی پەروەردە - بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

١

بیرکاری بۆ هەمووان

پۆلی یەکەمی بنەڕەتی

کتێبی مامۆستا

چاپی شەشەمی چاککراو
٢٠١٣ ز / ٢٧١٣ کوردی / ١٤٣٤ ك

Star Group
For Math

بڵاوکار: کۆمپانیای جیۆپرۆجێکتس
تەلاری ئەلوەهاد، شەقامی جان دارك، حەمرا
بەیروت، لوبنان س.پ.: 113/5294
تەلەفۆن: (+961 1) 342110 - 344236 / فاکس: (+961 1) 342217 - 342005
E-mail: info@geo-publishers.com / allprints@all-prints.com

© هەموو مافەکانی بڵاوکردنەوەی بە زمانی کوردی هی بڵاوکارە
نابێ هیچ بەشێکی ئەم کتێبە، بەبێ ڕەزامەندیی دەستنووسی بڵاوکار، هەڵبگیرێت
یان تۆمار بکرێت یان لە بەری بگیرێتەوە.

ALL PRINTS
GEO projects

ناوەڕۆك

بەشی ١ جووتبوون و ژماردن: ژمارەكان لە ١ تا ٥

بەشی ٢ ژمارەكان لە ٦ تا ٩ پاشان سفر و دە

بەشی ٣ ژمارەكان لە ١١ تا ٣٠

بەشی ٤ كۆكردنەوە

بەشی ٥ لێدەركردن

بەشی ٦ چەند ڕێگایەك بۆ كۆكردنەوە و لێدەركردن

بەشی ٧ ژمارەكان تا ٩٩

Star Group

ناوەڕۆک

بەشی ٨ بەراوردکردنی ژمارەکان و ریزکردنیان

بەشی ٩ کۆکردنەوە و لێدەرکردن

بەشی ١٠ پێوانە و ئەندازە

بەشی ١١ کەرتەکان و کات

بەشی ١٢ کۆکردنەوەی دەیان و لێدەرکردنیان

بەشی ١٣ کۆکردنەوە و لێدەرکردنی دوو ژمارەی دوو ڕنووسی

ناوەڕۆکی کتێبەکە

بەشی ١ جووتبوون و ژماردن: ژمارەکان لە ١ تا ٥

لاپەڕەی کەسوکار ٢
وانەی یەکەم یەك بۆ یەك ٣
وانەی دووەم پتر (زیاتر)، کەمتر ٥
وانەی سێیەم بە ١ و ٢ و ٣ ئاشنادەبم ٧
وانەی چوارەم بە ٤ و ٥ ئاشنادەبم ٩
وانەی پێنجەم ژمارەکان ریزدەکەم ١١
وانەی شەشەم پرسیارێك شیکار دەکەم. نموونەیەك پێکدێنم ١٣
پێداچوونەوەی بەشی ١ .... ١٥
ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوەی بەشی ١ .... ١٦

بەشی ٢ ژمارەکان لە ٦ تا ٩ پاشان سفر و دە

لاپەڕەی کەسوکار ١٨
وانەی یەکەم بە ٦ و ٧ ئاشنادەبم ١٩
وانەی دووەم بە ٨ و ٩ ئاشنادەبم ٢١
وانەی سێیەم سفر دەناسم ٢٣
وانەی چوارەم دە دەناسم ٢٥
وانەی پێنجەم ژمارەکان ریزدەکەم ٢٧
وانەی شەشەم پرسیارێك شیکار دەکەم. نموونەیەك پێکدێنم ٢٩
پێداچوونەوەی بەشی ٢ .... ٣١
ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوەی بەشی ٢ .... ٣٢

بەشی ٣ ژمارەکان لە ١١ تا ٣٠

لاپەڕەی کەسوکار ٣٤
وانەی یەکەم کۆمەڵەکان لە ١٠ .... ٣٥
وانەی دووەم ژمارەکان لە ١١ تا ١٥ .... ٣٧
وانەی سێیەم ژمارەکان لە ١٦ تا ٢٠ .... ٣٩
وانەی چوارەم پرسیارێك شیکار دەکەم. دەخەمڵێنم ٤١
وانەی پێنجەم ژمارەکان لە ٢١ تا ٢٥ .... ٤٣
وانەی شەشەم ژمارەکان لە ٢٦ تا ٣٠ .... ٤٥
پێداچوونەوەی بەشی ٣ .... ٤٧
ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوەی بەشی ٣ .... ٤٨

بەشی ٤ کۆکردنەوە

لاپەڕەی کەسوکار ٥٠
وانەی یەکەم چەند چیرۆکێك لەسەر کۆکردنەوە ٥١
وانەی دووەم من کۆدەکەمەوە ٥٣
وانەی سێیەم سفر زیاد دەکەم ٥٥
وانەی چوارەم ژمارەکان پێکدێنم ٥٧
وانەی پێنجەم بە ئاسۆیی وبە ستوونی کۆدەکەمەوە ٥٩
وانەی شەشەم پرسیارێك شیکار دەکەم: ڕستەی کۆکردنەوە دەنووسم ٦١
پێداچوونەوەی بەشی ٤ .... ٦٣
ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوەی بەشی ٤ .... ٦٤



بەشی ٥ لێدەرکردن

لاپەڕەی کەسوکار ٦٦
وانەی یەکەم چەند چیرۆکێك لەسەر لێدەرکردن ٦٧
وانەی دووەم من لێدەردەکەم ٦٩
وانەی سێیەم ڕستەیەکی لێدەرکردن دەنووسم ٧١
وانەی چوارەم هەمووی لێدەردەکەم یان هیچ لێدەرناکەم ٧٣
وانەی پێنجەم لەمیانەی ١٠ لێدەرکردن دەکەم ٧٥
وانەی شەشەم پرسیارێك شیکار دەکەم: نموونەیەك پێکدەهێنم ٧٧
پێداچوونەوەی بەشی ٥ .... ٧٩
ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوەی بەشی ٥ .... ٨٠

بەشی ٦ چەند ڕێگایەك بۆ کۆکردنەوە و لێدەرکردن

لاپەڕەی کەسوکار ٨٢
وانەی یەکەم بەرەو پێش دەژمێرم ٨٣
وانەی دووەم دوو ئەوەندە ئەنجام دەدەم ٨٥
وانەی سێیەم لەمیانەی ١٠ کۆ دەکەمەوە ٨٧
وانەی چوارەم بەرەو پاش دەژمێرم ٨٩
وانەی پێنجەم کۆکردنەوەو لێدەرکردن پێکەوە دەبەستم ٩١
وانەی شەشەم ڕاستییە پێکەوە بەستراوەکانی لێدەرکردن ٩٣
وانەی حەوتەم پرسیارێك شیکار دەکەم. کرداری گونجاو هەڵدەبژێرم ٩٥
پێداچوونەوەی بەشی ٦ .... ٩٧
ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوەی بەشی ٦ .... ٩٨



بەشی ٧ ژمارەکان تا ٩٩

لاپەڕەی کەسوکار ١٠٠
وانەی یەکەم دەیان ١٠١
وانەی دووەم یەکان و دەیان ١٠٣
وانەی سێیەم ژمارەکان تا ٩٩ .... ١٠٥
وانەی چوارەم ژمارەکان جیا دەکەمەوە ١٠٧
وانەی پێنجەم پرسیارێك شیکار دەکەم.دەخەملێنم ١٠٩
پێداچوونەوەی بەشی ٧ .... ١١١
ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوەی بەشی ٧ .... ١١٢

بەشی ٨ بەراوردکردنی ژمارەکان و ڕیزکردنیان

لاپەڕەی کەسوکار ١١٤
وانەی یەکەم گەورەتر لە، بچووکترلە ١١٥
وانەی دووەم پێش، پاش، نێوان ١١٧
وانەی سێیەم یەك یان دە ١١٩
وانەی چوارەم ریزدەکەم: یەکەم، دووەم، سێیەم ١٢١
وانەی پێنجەم شێوازەکان لەسەر تەختەی ژمارەکان ١٢٣
وانەی شەشەم بەبازدان دەژمێرم ١٢٥
وانەی حەوتەم پرسیارێك شیکار دەکەم – نموونەیەك پێکدێنم ١٢٧
پێداچوونەوەی بەشی ٨ .... ١٢٩
ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوەی بەشی ٨ .... ١٣٠

بەشی ٩ کۆکردنەوە و لێدەرکردن

لاپەڕەی کەسوکار ١٣٢
وانەی یەکەم بەرەو پاش دەژمێرم ١٣٣
وانەی دووەم بەچەند پترە ١٣٥
وانەی سێیەم کۆدەکەمەوە و لێدردەکەم ١٣٧
وانەی چوارەم پرسیارێك شیکار دەکەم. وێنەیەك دەکێشم ١٣٩
پێداچوونەوەی بەشی ٩ .... ١٤١
ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوەی بەشی ٩ .... ١٤٢

بەشی ١٠ پێوان و ئەندازە

لاپەڕەی کەسوکار ١٤٤
وانەی یەکەم بەراورد لەنێوان درێژییەکان دەکەم ١٤٥
وانەی دووەم بەچی دەپێوم ١٤٧
وانەی سێیەم تەنەئەندازەییەکان ١٤٩
وانەی چوارەم شێوە ئەندازەییەکان ١٥١
وانەی پێنجەم سەرەکان و لایەکان ١٥٣
وانەی شەشەم پرسیارێك شیکاردەکەم– ڕێنوێنی ژیربێژی بەکاردێنم ١٥٥
پێداچوونەوەی بەشی ١٠ .... ١٥٧
ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوەی بەشی ١٠ .... ١٥٨

بەشی ١١ کەرتەکان و کات

لاپەڕەی کەسوکار ١٦٠
وانەی یەکەم نیو ١٦١
وانەی دووەم چارەك ١٦٣
وانەی سێیەم کاتژمێر دەخوێنمەوە ١٦٥
وانەی چوارەم پرسیارێك شیکار دەکەم. نموونەیەك هەڵدەبژێرم ١٦٧
پێداچوونەوەی بەشی ١١ .... ١٦٩
ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوەی بەشی ١١ .... ١٧٠

بەشی ١٢ کۆکردنەوەی دەیان و لێدەرکردنیان

لاپەڕەی کەسوکار ١٧٢
وانەی یەکەم دە تەواودەکەم ١٧٣
وانەی دووەم ٣ ژمارە کۆدەکەمەوە ١٧٥
وانەی سێیەم دەیان کۆدەکەمەوە ١٧٧
وانەی چوارەم دەیان لێدەردەکەم ١٧٩
وانەی پێنجەم کۆدەکەمەوە بۆ ئەوەی لێدەرکردن بکەم ١٨١
وانەی شەشەم پرسیارێك شیکار دەکەم. کردارێك هەڵدەبژێرم ١٨٣
پێداچوونەوەی بەشی ١٢ .... ١٨٥
ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوەی بەشی ١٢ .... ١٨٦

بەشی ١٣ کۆکردنەوە و لێدەکردنی دوو ژمارەی دوو ڕەنووسی

لاپەڕەی کەسوکار ١٨٨
وانەی یەکەم یەکان و دەیان کۆ دەکەمەوە ١٨٩
وانەی دووەم ڕاهێنان لەسەر کۆکردنەوە دەکەم ١٩١
وانەی سێیەم لێدەرکردن لە یەکان و لە دەیان دەکەم ١٩٣
وانەی چوارەم ڕاهێنان لەسەر لێدەرکردن دەکەم ١٩٥
وانەی پێنجەم پرسیارێك شیکار دەکەم – ڕێنوێنی ژیربێژی بەکاردەهێنم ١٩٧
پێداچوونەوەی بەشی ١٣ .... ١٩٩
ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوەی بەشی ١٣ .... ٢٠٠



Star Group
For Math

پێشەکی

کتێبی «ڕێبەری مامۆستا» بە نەخشە ڕێگایەك دادەنرێ بۆ مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی و گرنگییەکەی بەدیار دەکەوێ لە نەخشەکێشانی ستراتیژیەکی روون بۆ ئەوەی مامۆستایان لەمیانەی فێرکردنی ئەم کتێبە بە گوێرەی ڕێنماییەکان لەسەری بڕۆن لەهەر شوێنێك بن لە قوتابخانەکانی شار یان لادێ.

مامۆستا لەم ڕێبەرە پرۆگرامێکی تەواوی فێرکردن لە دوو لاپەڕەدا بەدی دەکات کە لە پێشەکی هەر بەشێك لە سێنزە بەشەکەدا هاتووە، لاپەڕەی یەکەم بریتییە لە «پلانی بەش» کە تیایدا ئامانجی سەرەکی پێشبینیکراو بەدی دەکرێت لەهەر وانەیەك، بۆ ئەوەی مامۆستا کار لەسەر بەدیهێنان بکات لەمیانەی وانەتنەوەی ئە نموونانە و ئەو ڕاهێنانە جۆراوجۆرانەی کە هاتووە لە کتێبی قوتابی، ئینجا لە پلانەکە زاراوەکان و کەرستە پێشنیارکراوەکان خراوەتەڕوو بۆ ئەوەی بەکاربهێنرێت لە پۆلدا و هەروەها کاتی دیارکراو بۆ هەر وانەیەك.

بەلاّم لاپەڕەی دووەم ناونیشانکراوە بەناوی «بیرکاری بەپێی پۆلەکان» کە تیایدا باس لەو شتانە دەکات کە پەیوەندی بە وانەی پێشووەوە هەیە کە فێربووە و پەیوەستە بە چەمکی ئەم بەشە. ئەمەش جەخت لەسەر فێرکردنی لوولپێچی و پێکەوەبەستنی زانیارییەکانی پێشوو بە زانیارییە نوێیەکان دەکاتەوە بۆ ئەوەی ببێتە یارمەتیدەرێك بۆ قوتابیان قۆناغ دوای قۆناغ، هەروەها لاپەڕەکە بڕگەی «تێڕوانینێك بۆ دواوە» لەخۆدەگرێت کە زانیارییەکان و کارامەییەکانی پێویستن بەدیاردەخات کە بەندن بەو شتانە قوتابی فێری دەبێت لە بەشەدا، هەروەها بڕگەی «تێڕوانینێك بۆ بەشەکە» پەیوەندی هەیە بە ئەو کارامەییە بنچینەییانەی کە هاتووە لە بەشەکەدا، بەلاّم بڕگەی «تێڕوانینێك بۆ پێشەوە» باس لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی زانیاری و کارامەیی ئەو بەشە دەکات کە مامۆستا لە بەشەکانی داهاتوو باسیان دەکات. ئینجا پێشکەشکردنێکی گونجاو پێشنیار دەکات بۆ هەر وانەیەك لەگەڵ ڕاڤەکردنێکی پێویست بۆ جێبەجێکردنی. وە لەبەرئەوەی کتێبی قوتابی دەوڵەمەندکراوە بە ژمارەیەك چالاکی لە کتێبی ڕاهێنان، بۆیە شیکارەکانیان لە کتێبی مامۆستا تۆمارکراوە، لە روانگەی ئەوەی چالاکییەکانی پێداچوونەوە دەبێتە هۆی چەسپاندنی چەمکەکان و کارامەییەکانی پێشوو کە پەیوەندیان بەوانەکە هەیە، بەلاّم چالاکییە زیادەکان بە مەشقکردن و ڕاهێنانی زیاتر ئەژمێر دەکرێن کە مامۆستا پشتی پێ دەبەستی بۆ چەسپاندنی چەمکەکان و کارامەییەکانی هاتووە لەم بەشەدا لە بەرامبەریشدا چالاکییەکانی بەهێزکردن و چارەسەرکردنی هەڵەکان دانراون بۆ دوورکەوتنەوەی قوتابیان لە هەڵە باوەکان لەمیانەی مەشقی جۆراوجۆر و تێبینیکردنی وەڵامەکانی قوتابیان و ڕاستکردنەوەی ئەو هەنگاوانەی دەبنە ڕێگر بۆ گەیشتن بە وەڵامی دروست. ئامانجی چالاکییەکان بە گشتی لەم وانەیەدا بریتییە لە چەسپاندنی چەمکەکان و کارامەییەکان و کردنەوەی ئاسۆیەکی فراوانتر بۆ فێربوونی شتی نوێ کە کاریگەریان دوورتر و قوڵترن، لەبەرئەوەی کرداری فێرکردن بە دیارکردنی ئامانجەکان دەست پێدەکات ئینجا خستنەڕووی شێوازەکان و چالاکییەکان وە لە دوایدا هەڵسەنگاندنی پێویست بۆ پێوانی مەودای جێبەجێکردنی ئامانجەکان. لە هەڵسەنگاندن پێویستە مامۆستا ئەوە ڕەچاو بکات دڵنیایی کە گشت قوتابییەکان ئامانجی دیاریکراویان بەدەستهێناوە لەمیانەی تۆڕی هەڵسەنگاندنی تاکەکەسی لەگەڵ پێدانی چەند نموونەیەکی ژینگەیی و ژیانی و جێبەجێکردن کە جەخت لەسەر تێگەیشتنی قوتابیان دەکاتەوە بۆ بابەتی وانەکە لە هەموو لایەکەوە.

ئەم کتێبە بەشێوەیەك ئامادەکراوە بۆ ئەوەی چەند ئامانجێك بهێنێتەدی وە بە گشتیش خزمەتی پرۆسەی فێرکردن بکات وە لە گرنگترین ئەم ئامانجانە:

١– ڕاڤەکردنی بیرۆکەکان کە خۆی دەبینێتەوە لە وێنە و هێماکان کە لە هەردوو کتێبی قوتابی و ڕاهێنان هاتووە.

٢– پێشکەشکردنی پێشینەیەکی زانستی دەوڵەمەندکراو کە باس لە هەندێ لە چەمکەکانی ناو پرۆگرام بکات.

٣– دیارکردنی ئامانجی هەر وانەیەك لە کتێبی قوتابی، کە بە شێوەیەکی ڕیزبەندی داڕێژراوە.

٤– پێشکەشکردنی چەند پێشنیارێك دەربارەی فێرکردنی هەر لاپەڕەیەك لە لاپەڕەکانی کتێبی قوتابی لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئاستە جیاوازەکانی قوتابیان.

٥– پێشنیارکردنی هۆیەکانی فێرکردنی گونجاو و شیاو بۆ فێرکردن.

٦– پێشکەشکردنی چەند نموونەیەك بۆ هەندێ پرسیاری تایبەت بە پێوانەی بەدەستهاتوو (قياس التحصيل).

بۆ ئەوەی کتێبەکە ئامانجەکانی پەروەردەیی بەدەست بێنێ و بگاتە ئاستی پرۆسەی فێرکردن دەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت.

١– ئەوەی کتێبی مامۆستا پێشکەشی دەکات لە بڕگەی «ئاگادار بە» یان بڕگەی «پێشینەی زانستی» بە مەبەستی دەوڵەمەندکردن زانیارییەکانی مامۆستایە و تەنها تایبەتە بە خۆی و نابێت(هەندێکی یان هەمووی) فێری قوتابیان بکرێ.

٢– ئەوەی پێشکەشکراوە دەربارەی ڕێگاکانی فێرکردن یان چالاکییەکان تایبەت بە مامۆستا، ئەمە بە مەبەستی پێشنیارکردنە کە مامۆستا دەتوانێ ڕاستی بکاتەوە یان بۆی زیاد بکات و دەتوانێ بیگونجێنێ لەگەڵ ڕێگای تایبەتی خۆی بە هەمان شێوەکە بگونجێ لەگەڵ ژینگەی پۆل و قوتابیان.

Star Group

٣- مامۆستا دەتوانێ لەو هۆیانەی فێرکردن (کە پێشنیارکراوە) هەڵبژێری کە زیاتر کاریگەرن و شیاوترن وە بۆی هەیە ئەو شتانەی کە پێی باشە زیاد بکات لە ژێر رۆشنایی شارەزایی تایبەتی خۆی بە پێی توانا.

٤- جۆراوجۆربوونی وانەکان لە نێوان دوولاپەڕە و سێ لاپەڕە و پێویستی هەندێ وانە بە چالاکی پێشەکی و چالاکی بەهێزکردن وایکردووە جیاوازی لە نێوان کاتی وانەیەك و یەکێکی دیکە هەبێت و دیاریکردنی کات دەگەڕێتەوە بۆ شارەزایی مامۆستا و ئاستی قوتابیان.

٥- پێویستە (هەر کاتێك کە پێویست بوو) مامۆستا هەندێ پرسیار زیاد بکات بۆ پێوانی ئاستی بەدەستهاتوو و لەسەر شێوەی ئەو نموونانە بێت کە لە کتێبی هەڵسەنگاندن هەیە بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە هەڵسەنگاندنی بەردەوام ئامانجێکی بنچینەییە و پێویستە کاری پێ بکرێت. لەسەر مامۆستا پێویستە ماوە ماوە پاش خوێندنی هەر چەمکێك قوتابییەکانی هەڵبسەنگێنی و زۆر گرنگی بدات بە دوو لاپەڕەکەی کە لە کۆتایی بەشەکە هاتووە، کە خۆی دەنوێنێ لە «پێداچوونەوەی بەش» و تاقیکردنەوەی بەش» بۆ ئەوەی دڵنیابێت لە مەودای هاتنەدی خوێندنی ئەم چەمکانەی وانەکە پێش ئەوەی بچێتە سەربەشەکەی تر.

لەبەر رۆشنایی ستراتیژیەتی فێرکردنی بیرکاری لە قۆناغی بنەڕەتی بە شێوەیەکی گشتی داواکارین ڕەچاوی ئەمانەی دێ بکرێ.

١- گرنگی بە قوتابی بدرێت و بکرێتە تەوەری سەرەکی فێرکردن. ئەمەش لەمیانەی پشت بەستن بە ڕێگای دۆزینەوە (طریقە الاستکشاف)، چونکە ئەمە هەلی هەڵسان بە چالاکییەك بۆ قوتابی دەڕەخسێنێ و یارمەتی دەدات بۆ گەیشتن بە زانیارییە داواکراوەکان، دوور لە گوتنەوە و لاساییکردنەوە یان بە شێوەیەکی ڕەمەکی بۆ زیادکردنی مەشقکردن لەسەر بیرکردنەوە و گەیشتن بە دەرئەنجامێکی ژیربێژی دروست بەپێی ئەمانەی پێشوو رۆڵی مامۆستا تەنها سەرپەرشتیکردن دەبێت.

٢- ئاسانکردنی بیرۆکەی هەر چەمکێکی بیرکاری و ڕوونکردنەوەیان بەشێوەی زنجیرەیی بۆ قوتابیان ئەویش بە چەند نموونەیەکی ئاسان لە ژینگەی قوتابی ئینجا هەنگاو هەنگاو بۆ ناو وردەکارییەکانی گونجاو و دوورکەوتنەوە لە هەموو ئەو شتانەی کە دەبنە هۆی بێزاربوونی قوتابیان لە بابەتەکە. بۆ نموونە: لەکاتی فێرکردنی هەر چەمکێك وا باشە سەرەتا دەستبکرێ بە بڕگەی «پرسیاری ئەمڕۆ» کە لە سەرەتای هەر وانەیەك هاتووە لە کتێبی مامۆستا. ئامانجی ئەم پرسیارانە ئامادەکردنی قوتابیانە بۆ باسکردنی چەمکی نوێی وانەکە و گرنکی ئەم بڕگەیەش لەم دووکارە خۆی دەبینێتەوە:

- بەستنەوەی ئەو چەمکە بیرکارییەی پرسیارەکە لە خۆی دەگرێت بە ژینگەی قوتابی. ئەم پرسیارە بوار بۆ قوتابی دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی بزانی کە چۆن چەمکی بیرکاری بەکاردێنێ بۆ هەموو ئەوانەی لە ژیانی رۆژانەیدا تووشی دەبێت.
- بەستنەوەی ئەو چەمکەی کە لە پرسیارەکەدا هەیە بەو چەمکە نوێیانەی کە قوتابی بەدەستی دێنێت لەمیانەی باسکردنی وانە نوێیەکە. ئەمەش جەخت لەسەر پرۆژەی فێرکردنی بنیاتنەر دەکاتەوە کە کتێبەکانی لەسەر دانراوە.

٣- گرنگیدان بە هەستەوەرەکان: واتە هەموو بیرۆکەیەکی نوێ بخوێندرێ و پێشکەش بکرێ بە بەکارهێنانی هەستەوەرەکان ئینجا بگواسترێتەوە بۆ نیمچە هەستیارەکان وەك (وێنەکان و هێلکارییەکان و شێوەکان) تا گەیشتن بە نادیارەکان ئەگەر پێویست بوو.

٤- گرنکیدان بە جیاوازی تاکە کەسی لەمیانەی پێشکەشکردنی چەند چالاکییەکی چارەسە بۆ ئەوانەی ئاستیان وەك پێویست نییە، ئەم چالاکیانە لە کتێبی ڕاهێنان وەرگیرابێت، پێشکەشکردنی هەندێ چالاکی دەوڵەمەندکردن و بەهێزکردن بۆ ئەوانەی لە ڕێبەری هەڵسەنگاندن وەرگیرابێت.

٥- کارکردن لەسەر بەکارهێنانی بابەتی بیرکاری بە مەبەستی بەهێزکردنی چەمکەکانی بیرکاری لەلایەکەوە و لەلایەکی دیکەوە بۆ دەستەبەرکردنی تەواوکاری و پاراستنی پێکهاتەی زانستی بە ئامانجی خزمەتکردنی کارەکانی ژیانی رۆژانە (هەر کاتێك لە توانادا بوو).

٦- گرنگیدان بەتەواوی چەمکەکان لەگەڵ جەختکردنەوە لە پێکهاتەی چەمکەکە و گرنگی دانێکی تەواو بە کارامەییەکان و ساغکردنەوەی یەك لە دوای یەکی بەدەستهێنان کە خۆی دەبینێتەوە لە تێگەیشتن و خێرایی و وردبینی.

٧- گرنگی تەواو بدرێت بە وردبینی دەربڕین لە ڕووی پەروەردەیی و زانستی و زمانەوانی.

٨- ڕێکخستنی تەختەڕەش و خاڵە سەرەکییەکانی بابەتی وانەکە، دووکاری زۆر گرنگن، چونکە کاریگەری باشیان هەیە لەسەر فێربوونی قوتابیان و هاندانیان لەسەر بەدواداچوون و ئاسانکردنی بابەتە زانستییەکە و چارەسەرکردنی هەموو کارەکان بە هێمنی و لەسەرخۆ.

٩- پێویستە بیسەلمێنی کە بیرکاری پەیوەندییەکی کاریگەری هەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی تر بەتایبەتی بابەتی زانست.

١٠- ئەرکی ماڵەوە بە شێوەیەك بدرێت بە قوتابی کە بێزاری نەکا لە ڕووی ژمارە و جۆرەوە، بە مەرجێ بە دواداچوونی دادپەروەر و وردی بکرێت لەگەڵ دانانی نیشانەی ڕاست و هەڵە لە شوێنی خۆیان جگە لە هەڵسەنگاندنی زارەکی شیاو «نایاب - زۆر باشە - خراپ نییە» لەبەرئەوەی کە قوتابی بەدەستیهێناوە بۆ ئەوەی زیاتر باوەڕی بە خۆی بێت وە پێویستە لێرەدا ئاماژە بەم شتانەی دێت بدەین:

Star Group

– مامۆستا لە قوتابخانە کاتێ لە پشوودایە ئەرکی ماڵەوە دەپشکنێ (ئەگەر نا دەیباتە ماڵەوە) پاش ئەوەی قوتابی لاپەڕەی ڕاهێنانەکان لێدەکاتەوە لەو شوێنەی کە دیارکراوە لە کتێبی ڕاهێنان بە جۆرێك قوتابی ناوی خۆی و هۆبە و بەرواری پێشکەشکردنی ئەرکەکە دیار بکات.

– مامۆستا تێبینییەکانی خۆی لەسەر لاپەڕەی ڕاهێنانی قوتابییەکە تۆمار دەکات وە بێ دواکەوتن بۆی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی لە دۆسییەکی تایبەت بە خۆیەوە بیپارێزێ.

– ئەگەر مامۆستا خاڵێکی لاوازی لە قوتابییەکان بەدیکرد ئەوا دوو هەڵبژاردەی لەبەردەمدایە:

- دووبارە شیکردنەوەی ئەو بیرۆکانەی بەندن بە ئامانجی فێرکردنەکە کە خاڵە لاوازەکانی تیادا بەدیارکەتووە.
- دیارکردنی هەندێ ڕاهێنانی تر کە وەرگیرابێ لە کتێبی ڕاهێنان «یان ئەوانەی مامۆستا بە گونجاوی دەزانی» بە ئامانجی پاڵپشتیکردنی ئەو قوتابیانەی کە ڕووبەڕووی ئاستەنگ بووینەوە و هەروەها بۆ بەهێزکردنی کارامەییە بیرکارییەکانیان.

١١– بەشداریکردن لە چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل و گرنگی هاوکاریکردن لەگەڵ کارگێڕی قوتابخانە.

١٢– گونجاندن لە نێوان پلانی خوێندن و بابەتە زانستییەکەی خراوەتە ڕوو لەهەر یەکێك لە کتێبی قوتابی و کتێبی ڕاهێنان بەم شێوەی دێت:

أ– کە هەموو بابەتە زانستییەکانی ناو کتێبی قوتابی بگرێتەوە بەپێی هەردوو وەرزی خوێندنی یەکەم و دووەم.

ب– بەشێك یان هەموو لە چالاکییەکان لە کتێبی ڕاهێنان بەرجەستە بکات بە هەموو جۆرە چالاکییەکانی پێشەکی یان بەهێزکردن و پاڵپشتیکردن. قەبارەی ئەم چالاکییانەش لە قوتابییەکەوە بۆ قوتابییەکی دیکە دەگۆڕێت بەپێی ئەو جیاوازییە تاکە کەسییەی لە نێوان قوتابییاندا هەیە.

١٣– پێویستە بەشداریکردنی کەسوکار لە پرۆسەی فێرکردن بکرێت. ئەمەش بە ناردنی نامەیەك دەبێت، ئەم خاڵە تەنها لە پۆلی یەکەم و دووەم دەبێت و ئەوەی لە ناو کەوانەیە لە پۆلی سێیەم لا ببرێت:

– زاراوە بیرکارییە نوێیەکان کە منداڵەکانیان بەدەستی دێنن لەمیانەی خوێندنی بەشە نوێیەکە.

– بڕگەی (چالاکی) ڕاستەوخۆ بەندە بە چەمکە نوێیەکانی بەشەکە و کارامەییەکانی.

ئامانجی کرداری بەشداریکردنی کەسوکار دوو ئامانجی هەیە:

- بەهێزکردنی چەمکەکان و کارامەییەکانی بەدەستهاتوو لە خوێندنی ئەم بەشە لە ماڵەوە.
- بوار ڕەخساندن لەبەردەم کەسوکار بۆ بەدواداچوون و بەرەوپێشبردنی منداڵەکانیان کە خۆی دەنوێنی لە کرداری هەڵسەنگاندنێکی بەردەوام.

مامۆستای بەڕێز. داوا لە کەسوکار بکە (هەرکاتێك پێویست بوو) لە ڕێگای نامەیەکی کورت و تایبەت خاڵە بەهێز و لاوازەکانی منالەکانیان بدەنێ، چونکە ئەوان بە چالاکییەکە هەڵدەستن بۆ ئەوەی تۆ زۆر بە خێرایی هەڵبستی و بەشداری بکەی لە پاڵپشتیکردنیان، ئەمیش لە ڕێگەی دیاریکردنی چەند چالاکییەکی پاڵپشتیکردنی قوتابیەکە لە قوتابخانە یان لە ماڵەوە. ئەمەش ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە پۆلدا، کاتی پشت دەبەستێ بۆ بەهێزکردنی هەموو شێوازەکان و چالاکییەکان بەتایبەتی ئەم چالاکیانەی پەیوەندیان بە ژینگە و ژیانی ڕۆژانەی قوتابی هەیە لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمدا. جگە لە بەکارهێنانی ئەو شتانەی لە ژینگەدا هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو چالاکییەی لە کتێبەکەدا هاتووە.

ئێمە پێشوازی لە پێشنیاری بونیاتنەر و دروست دەکەین کە مامۆستا و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بۆمان دەنێرن بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی هەڵوێستی پەروەردەیی یان پڕکردنەوەی کەلێنەکان یان ڕاستکردنەوەی هەڵەکان بۆ ئەوەی پەرە بەم ڕێبەرە بدەین وە لە داهاتوودا بەشێوەیەکی باشتر پێشکەشی بکەین. خودا یارمەتی هەموو لایەکمان بێ.

لیژنەیەکی هاوبەش لەشارەزایانی پرۆگرام لە وەزارەتی پەروەردە
وکۆمپانیای جیوپروجێکتسی فێرکاری

ناوەڕۆکی کتێبی مامۆستا

کتێبی مامۆستا لە پێشەکی و ڕێنماییەکان پێکدێت، بەشەکان و وانەکان شان بە شانی سێنزە بەشی کتێبی قوتابی.

بەشەکان و وانەکان:

- هەر بەشێك لە کتێبی قوتابی هاوتەریبە بە بەشێك لە کتێبی مامۆستا بە هەمان ناونیشان.
- لە سەرەتایی هەر بەشێك لە کتێبی مامۆستا دوو لاپەڕە هەیە کە هاوتەریب نییە لە کتێبی قوتابی (لاپەڕەی پلانی بەش و لاپەڕەی شوێنی بەش).
- هەر وانەیەك لە کتێبی قوتابی هاوتەریبە بە وانەیەك لە کتێبی مامۆستا کە هەمان ناونیشان و هەمان ژمارەی لاپەڕەی هەیە.

ڕەنووسکردنی لاپەڕەکان:

لاپەڕەکانی کتێبی مامۆستا بە بەشێوەیەکی وا ڕەنووسکراوە کە گەڕان بە دوای ئاسانە و پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات:

- هەر لاپەڕەیەك لە کتێبی قوتابی هاوتەریبی لاپەڕەیەکە لە کتێبی مامۆستا، لەمبارەدا ڕەنووسی لاپەڕە لە کتێبی مامۆستا هەمان ڕەنووسە لە کتێبی قوتابی.
- چەند لاپەڕەیەك لە کتێبی مامۆستا هەیە کە هاوتەریب نییە لە کتێبی قوتابیدا وە ئەم لاپەڕانەی ڕەنووسکراون بە چەند پیتێك وەك ٢ أ ، ٢ ب .

وەڵامەکان و شیکارەکان:

- ئەو ڕاهێنان و پرسیارانەی لە کتێبی قوتابی هەن، وەڵامەکانیان یان شیکارەکانیان لە کتێبی مامۆستا هاتووە و بە ڕەنگی سوور نووسراوە.
- ئەو ڕاهێنان و پرسیارانەی کە شیکارەکانیان لە کتێبی قوتابی نەنووسراوە، وەڵام و شیکارەکانیان بە ڕەنگی سوور لە کتێبی مامۆستا نووسراوە.
- ئەو چالاکییانەی لە کتێبی مامۆستا هاتووە، وەڵامەکان و شیکارەکانیان لە کتێبی مامۆستادا هەیە. وەك (تاقیکردنەوەی وانەکە) بە هەمان شێوە بە ڕەنگی سوور نووسراوە.

ئەو لاپەڕانەی دێت پێکهاتەی بەشی ١ (جووتبوون و ژماردن) دەخەینەڕوو وەك نموونەیەك بۆ هەموو بەشەکان.

لاپەڕە ١ أ

بەشی ١ جووتبوون و ژماردن: ژمارەکان لە ١ تا ٥

پلانی بەش (ئەم لاپەڕەیە بەرامبەری نییە لە کتێبی قوتابی).

ژمارەی لاپەڕە بریتییە لە ١ أ مانای وایە ئەم لاپەڕەیە بەرامبەری نییە لە کتێبی قوتابی، بەڵام لە پێش لاپەڕەی ١ دێت لە کتێبی مامۆستا.

ئەم لاپەڕەیە ئەم ناونیشانانە لەخۆدەگرێت.:

☐ **پێشکەشکردن و ئامادەبوون بۆ بەش** ماوەکەی یەك وانەیە
☐ **ناونیشانی وانەکان**، بەرامبەر هەر وانەیەك، ئامانج و زاراوەکان و کەرستەکانی و ماوەی خەمڵێنراو هەیە.
☐ **پێداچوونەوە** ماوەکەی یەك وانەیە
☐ **تاقیکردنەوەی بەشەکە** ماوەکەی یەك وانەیە

بەکارهێنانی لاپەڕەکە

دەبێ مامۆستا ئەم لاپەڕەیە بخوێنێتەوە پێش ئامادەکردنی وانەکە. ئەو زانیاریانەی کە هەیە لەم لاپەڕەیەدا، یارمەتیدەرە بۆ ئامادەکردنێکی باش و بەکارهێنانی کات بە رێکی لەمیانەی ئەو ماوەی خەملێنراو بۆ هەر وانەیەك یان چالاکییەك.

لاپەڕە ١ ب

بەشی ١ جووتبوون و ژماردن: ژمارەکان لە ١ تا ٥

ژمارەی لاپەڕە ١ ب ـە، بەرامبەری نییە لە کتێبی قوتابی، بەڵام پاش لاپەڕە ١ أ وە پێش لاپەڕەی ١ دێت لە کتێبی مامۆستا. وە ئەم لاپەڕەیە ٤ بڕگە لەخۆدەگرێت کە ئەمانەن:

بیرکاری بەپێی پۆلەکان

ئامانجەکانی سەر بە چەمکی جووتبوون و ژماردن بۆ مامۆستا ڕووندەکاتەوە، کە قوتابی لە پۆلی یەکەم و ئەوەی لە پۆلی پاشتر (دووەم) وەریدەگرێت، ئەمەش یارمەتی مامۆستا دەدات بۆ هەڵسەنگاندنی زانیارییەکانی قوتابی بە مەبەست بنیاتنان و ئاراستەکردنیان بۆ ئامانجە چاوەڕوانکراوەکان.

تێڕوانینێك بۆ دواوە - زانیارییە داواکراوەکان

ئەو زانیاری و کارامەییانە بۆ مامۆستا ڕووندەکاتەوە کە قوتابی لە وانەکانی پێشوو فێری بووبێ کە پێویستە بۆ ئەم بەشە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم بەشە نواندنی بەشی یەکەمە لە پۆلی یەکەم، بۆیە زانیاری پێشینەیی لەم ئاستەدا پێویست نییە، بەڵام پێشبینی دەکرێت کە قوتابی بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ئالوگۆڕی کردبێت لەگەڵ سەرەتای ژمارەکان، ئەمەش وا لە مامۆستا دەکات کە لاپەڕەی «زانیارییەکانت ساغبکەوە) بەکاربهێنێ کە لە کتێبی قوتابیدا هەیە بۆ دیاریکردنی مەودای فێربوونی قوتابی لە چەمکەکان و هەبوونی کارامەییەکانی داواکراوی پێویست.

تێڕوانینێك بۆ پێشەوە - جێبەجێکردنەکان

ئەوەی لە بەشی دواتر دێت کە پێویستە قوتابی فێریبی وە پەیوەندی بەم بەشەوە هەیە بۆ مامۆستا ڕووندەکاتەوە، ئەمەش وا لە مامۆستا دەکات بە شێوەیەکی باشتر ڕوو لە ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان بکات.

تێڕوانینێك بۆ بەشەکە - کارامەییە بنچینەییەکان

ئەم بڕگەیە لیستێك لەو کارامەییە بنچینەییانە تۆمار دەکات کە پێویستە قوتابی فێری بێت لەم بەشەدا.

بەکارهێنانی لاپەڕەکە:

دەبێ مامۆستا ئەم لاپەڕەیە بخوێنێتەوە پێش ئامادەکردنی وانەکە. ئەو زانیاریانەی کە هەیە لەم لاپەڕەیەدا، یارمەتیدەرە بۆ ئامادەکردنێکی باش و بەکارهێنانی کات بە رێکی لەمیانەی ئەو ماوەی خەملێنراو بۆ هەر وانەیەك یان چالاکییەك.

لاپەڕە ١

بەشی ١ جووتبوون و ژماردن: ژمارەکان لە ١ تا ٥

ژمارەی لاپەڕە ١ ە، مەبەستی ئەوەیە ئەم لاپەڕەیە بەرامبەر لاپەڕەی ١ لە کتێبی قوتابییە.
ئەم لاپەڕەیە دوو بڕگە لەخۆدەگرێتەوە.

بۆچی ئەم بابەتە فێردەبین؟ (٥ خولەك)

ئەم بڕگەیە بیرۆکەیەك یان زیاتر بە مامۆستا دەبەخشێ و دەتوانێ بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی ئارەزووی قوتابی زیاتر بۆ ناوەڕۆکی بەشەکە ببات. گرنگی ڕوونکردنەوەی زانیارییەکانی هاتووە لەم بەشەدا پەیوەندی بە ژیانی قوتابییەوە هەیە، پاڵ بە قوتابی دەنێت کە بۆچوونی باش بێت بۆ بەشەکە و پێشوازی و بەشداری بکات لە هەموو ئەو چالاکیانەی کە لە بەشەکەدا دێت.

ئەلێرەدا مامۆستا دەتوانێ پشت بە بیرۆکەکە ببەستێ یان بیگۆڕێ بە هەر شتێك کە دەیبینی گونجاو لەگەڵ ژینگە و خولیای قوتابییانەوە.

لاپەڕەی دەستپێکردن (صفحه الاستهلال): (٥ خولەك)

لەم بڕگەیەدا پرسیارێك یان زیاتر کە بەندە بە وێنەکە، لە لاپەڕەی دەستپێکی بەشەکە لە کتێبی قوتابیدا هاتووە. ئەم پرسیارە دەروازە و ئامادەکاری و بەهێزکردنێك بۆ قوتابیان دەڕەخسێنێ.

مامۆستا داوا لە قوتابییەکانی دەکات باسی وێنەکەی ناو کتێبەکانیان بکەن وە یارمەتیان دەدات بۆ تێگەیشتنی بابەتی وێنەکە و قسەکردن لەسەری، ئینجا مامۆستا ئەو پرسیارە ئاراستەی قوتابیان دەکات کە لە بڕگەی لاپەڕەی دەستپێکدا لە کتێبی مامۆستا و هانیان دەدات بۆ وەڵامدانەوە، وەڵامەکان ڕاست دەکاتەوە. ئەلێرەدا مامۆستا دەتوانێ پرسیارەکە ڕاست بکاتەوە یان پرسیارێکیتریان ئاراستە بکات، ئەگەر بیەوێت.

«زانیارییەکانت ساغبکەوە»

ژمارەی لاپەڕە ١ ە ئەوە دەگەینێ کە بەرامبەر لاپەڕە ١ لە کتێبی قوتابییە. ئەم لاپەڕەیە تاقیکردنەوەیەکی خێرا لەخۆدەگرێ بە ئامانجی دڵنیابوون لە مەودای فێربوونی قوتابیان لە چەمکەکان و هەبوونی کارامەییەکانی داواکراو کە زانیارییە نوێیەکانی لەسەر بنیات دەنرێ.

بەکارهێنانی لاپەڕەکە:

مامۆستا بە لایەنی زۆرەوە نزیکەی ٣٠ خولەك تەرخان دەکات بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی (زانیارییەکانت ساغبکەوە). مامۆستا لەوکاتەی ماوەی هەیە لە قوتابخانە تاقیکردنەوەکان دەپشکنێ یان ئەو کارە لەماڵەوە ئەنجام دەدات و تێبینییەکان تۆمار دەکات بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان هەیە بە خاڵە لاوازەکان لای قوتابیان.

- ئەگەر بینرا ژمارەیەك لە قوتابیان دەناڵێنن بەدەست تێنەگەیشتنی چەمکێك یان کارامەییەك، ئەوا لەسەر لاپەڕەی قوتابییەکە ئاماژە بەو خاڵانە دەکات و داوایان لێدەکات پێداچوونەوە بەو خاڵانە بکەن وە کاربکەن بۆ زاڵبوون بەسەریا.
- ئەگەر دیترا ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیان لە خوودی بابەتەکە کێشەیان هەیە، ئەوا وانەیەك تەرخان دەکرێت بۆ دووبارە ڕاڤەکردنی بابەتەکە و دڵنیابوون لە تێگەیشتنی قوتابیان.

لاپەڕە ٢

ئەم لاپەڕەیە بڕگەی پەیوەندی لەگەڵ کەسوکار دەگرێتەخۆ

ئاراستەیان دەکرێت بە نامەیەك تیایدا زاراوەکانی بیرکاری کە لەم بەشەدا منداڵەکەیان وەریدەگرێت ڕووندەکاتەوە. مامۆستا (١٠) خولەك تەرخان دەکات بۆ خوێندنەوەی نامەکە بە مەبەستی قوتابیان گوێیان لێبێت، وە داوایان لێدەکات واژووی بکەن. هەروەها ئەم بڕگەیە هەندێ ڕێنمایی پەروەردەیی تایبەت بە مامۆستا لەخۆدەگرێت دەربارەی زاراوە بیرکارییەکان.

Star Group
For Math

لاپەڕە ٣ أ

ژمارەی لاپەڕەی ٣ أ بەرامبەری نییە لە کتێبی قوتابی، بەڵام لە پاش لاپەڕە٢ و پێش لاپەڕە ٣ ب دێت، لەم بەشەدا ئەم لاپەڕەیە پێشەکی وانەی یەکەم دەنوێنێ وە ئەم بەندانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:

ئامانج

ئەم بەندە ئامانجی فێرکردن بۆ ئەو وانەیەی کە لەم بەشەدا هەیە ڕووندەکاتەوە.

زاراوەکان

لەم بەندە زاراوە بیرکارییەکان باسدەکرێت کە قوتابیان وەریدەگرن لەمیانەی فێربوونیان بۆ چەمکی وانەکە.

ئامرازەکان

لەم بەندەدا ئەو ئامرازانە باسدەکرێت کە قوتابیان بەکاریدەهێنن لەمیانەی فێربوونیان بۆ چەمکی وانەکە.

پێوەرەکان

ئەم بەندە پێوەرەکانی ناوەڕۆك و چارەسەرکردنی ئامانجی ئەم وانەیە دەگرێتەخۆ.

ڕۆژانە

ئەم بەندە پرسیارێك دەخاتەڕوو لەسەرەتای وانەکە، ئەمەش چەشنێکە لە چەشنەکانی بەهێزکردن بۆ دەستپێکردن بە بابەتی وانەکە.

چالاکی

ئەم بەندە وەکو دیارە لە ناونیشانەکەی چالاکییەك بۆ قوتابیان دەنوێنێت ئەنجامی بدەن لەسەرەتای وانەکە پاش شیکاری بڕگەی ڕۆژانە ئەم چالاکییە هەستیارە چوولەییە دەبێتە سەرەتاییەك بۆ دەستپێکردن بە وەرگرتنی قوتابیان بۆ چەمکی وانەکە و کارامەییەکانی.

پێشینەی بیرکاری/ پەروەردەیی

ئەم بەندە زانیارییەکانی بیرکاری پەروەردەیی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە چەمکی وانەکە و کارامەییەکانی هەیە و پێشکەش بە مامۆستا دەکات، ئەوەش بۆ دەوڵەمەندکردنی مامۆستا و یارمەتیدانی بۆ زاڵبوون بەسەر پێشینەی بیرکاری بۆ ناوەڕۆکی چەمکی وانەکە، سەرباری پێشینەی پەروەردەیی بۆ چۆنیەتی فێرکردنی.

Star Group
For Math

ڕێکخستنی وانەی ١

ژمارەی لاپەڕە ٣ ە، بەرامبەر هەمان لاپەڕەی کتێبی قوتابییە.
ئەم بڕگانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت.

١- پرسیاری ئەمرۆ

ئەم پرسیارە پەیوەندی بە بابەتی وانەکەوە هەیە و داوا لە قوتابیان دەکات ئەنجامی بدەن لە سەرەتای وانەکە، وەکو شێوەیەك لە شێوەکانی بەهێزکردن کە ئامادەکارییەکە بۆ وەرگرتنی چەمکی وانەکە

٢- پێشکەشکردن لەم بڕگەیەدا،

- چالاکییەکە مامۆستا ئەنجامی دەدات لەسەرەتای وانەکە، چەشنێکە لە چەشنەکانی بەهێزکردن یان چالاکییەکی سەرەتاییە بۆ ئامادەکردنی قوتابیان بۆ دەستپێکردن وە وەرگرتنی بابەتی وانەکە.
- ئەم چالاکییە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بابەتی وانەکەوە هەیە.

- پێداچوونەوەی خێرا

لەم گۆشەیەدا مامۆستا ئاگادار دەبێت بەو پێداچوونە خێراییە بۆ کارامەییەك یان زیاتر کە قوتابی لەمیانەی وانەکەدا بەکاریدەهێنێت.
مامۆستا داوای شیکارکردنی ئەو چوار پرسیارە لە قوتابیان دەکات کە لە بڕگەی پێداچوونەوەی خێرا هاتووە و نزیکەی ٣ خولەکی بۆ تەرخان دەکات، دەکرێ شیکاری پرسیارەکان بە نووسین یان زارەکی بێت بەپێی سرووشتی پرسیارەکە.

- بۆچی ئەم بابەتە فێردەبین

ئەم بڕگەیە بیرۆکەیەکی سادە دەربارەی سوودی وانەکە یان پەیوەندی وانەکە بە ژینگەی قوتابی پێشکەش دەکات. ئامانجیشی وروژاندنی خولیا و ئارەزووی قوتابیان بۆچوونێکی ئەرێنییە لەسەر بابەتی وانەکە لایان.
مامۆستا نزیکەی دوو خولەك تەرخان دەکات بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بابەتی وانەکە کە تیایدا هۆکاری فێربوونیان بۆ ڕووندەکاتەوە بە پشت بەستن بەو بیرۆکانەی لە بڕگەی بۆچی ئەم بابەتە فێردەبین؟ هاتووە.

٣- فێرکردن تیایدا

- هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

لەم بڕگەیەدا ڕێنماییەکان و هەنگاوەکانی کرداریی ئاراستەکراوی پەروەردەیی هەیە کە چەند بیرۆکەیەکی باش بۆ مامۆستا ئامادە دەکات بۆ جێبەجێکردنی وانەکە. ئەم بڕگەیە نزیکەی ١٥ خولەکی بۆ تەرخان دەکرێ.

لاپەڕە ٤

ژمارەی ٤ ە، بەرامبەر هەمان لاپەڕەیە لە کتێبی قوتابی و ئەم بڕگانە لەخۆدەگرێت:

٤- ڕاهێنان کە تیایدا

ئەم بڕگەیە چەند ڕاهێنانێك دیاریدەکات کە لە کتێبی قوتابیدا هەیە لە بڕگەی ڕاهێنان دەکەم بۆ ئەوەی قوتابیان لە پۆلدا شیکار بکەن پاش شرۆڤەکردنی وانەکە.
داوا لە قوتابیان دەکات ئەو ڕاهێنانە شیکار بکەن و کاتێکی دیاریکراوی بۆ تەرخان دەکات، شیکار بە نووسین بێت یان زارەکی بە پێی سرووشتی پرسیارەکە.
تێبینی: لە بەشی چوارەمەوە، بڕگەی ڕاهێنان دەگرێتەخۆ لە بەندی باسبکە - ڕێنوێنی.

- باسبکە- ڕێنوێنی

ئەم بەندە پرسیارێك یان زیاتر لەخۆدەگرێت. ئامانجەکەی ساغکردن و وەرگرتنی قوتابیانە بۆ ئەوانەی لە وانەکەدا هاتووە.
قوتابییەکان پرسیارەکان شیکار دەکەن و مامۆستاش بۆیان ڕاست دەکاتەوە لە چەند خولەکێکدا.

Star Group

٥- هەڵسەنگاندن که تیایدا:

- چالاکی ناوپۆڵ

ئەم چالاکییە پوختەی چەمکی وانەکە پێکدەهێنێت. مامۆستا ئەم چالاکییە ئەنجامدەدات لە کۆتایی وانەکە و یارمەتی دەدات بۆ وەرگرتنی بیرۆکەیەکی گشتی لەسەر مەودای وەرگرتنی قوتابییەکان بۆ چەمکی وانەکە و کارامەییەکانی کە پەیوەندی پێوەی. هەروەها هەردوو بڕگەی تاقیکردنەوەی وانە لە بەشی چوارەمەوە، «ئەرکی ماڵەوە» یارمەتی مامۆستا دەدەن بۆ دەستنیشانکردنی بە وردی کە ئایا قوتابیان ئاستەنگی دەبینن لە چەمکی وانەکە. تاقیکردنەوەی وانەکە: مامۆستا نزیکەی ٥ خولەك تەرخان دەکات بۆ ئەنجامدانی ئەم تاقیکردنەوەیە. لەوکاتانەی ماوەی هەیە لە قوتابخانە یان لە ماڵەوە تاقیکردنەوەکان دەپشکنێ و تێبینییەکانی تۆمار دەکات. ئەگەر پێویستی کرد مامۆستا دەتوانێ تاقیکردنەوەکە یان هەندێکی لەوانەی داهاتوو شیکار بکات.

- ئەرکی ماڵەوە

ئەم بڕگەیە هەندێ لە پرسیارەکانی هەن لە کتێبی ڕاهێنان دیاردەکات بۆ ئەوەی قوتابی هەڵسێ بە شیکارکردنی لە ماڵەوە، بە ئامانجی چەسپاندنی کارامەییەکان. پێویست ناکات مامۆستا ئەم ڕاهێنانانە لە پۆلدا شیکار بکات تەنها ئەگەر پێویستی کرد هەندێکی بپشکنێ.

لاپەڕەی ١٥

پێداچوونەوە

ژمارەی لاپەڕە ١٥ە، بەرامبەرە بە هەمان لاپەڕەی کتێبی قوتابی. ئەم لاپەڕەیە مامۆستا ئاگاداردەکاتەوە کە ئامانجی لاپەڕەی پێداچوونەوە کە لە کتێبی قوتابیدا هاتووە بریتییە لە ڕەخساندنی هەل بۆ قوتابیان بۆ ئەوەی دڵنیابن لە تێگەیشتنی قوتابیان لە چەمکەکان و هەبوونی کارامەییەکان و توانای لەسەر شیکارکردنی پرسیارەکانە لەمیانەی تەرخانکردنی وانەیەك بۆ پێداچوونەوەی ئەوەی لە بەشەکەدا فێری بووە.

بەکارهێنانی لاپەڕەکە:

- مامۆستا ئامانجی «لاپەڕەی پێداچوونەوە» بۆ قوتابیان ڕوونده‌کاتەوە.
- مامۆستا نزیکەی ٣٠ خولەك بۆ ئەو جالاکییە تەرخان دەکات و داوای شیکارکردنی ڕاهێنانەکانی لاپەڕەی پێداچوونەوە لە قوتابیان دەکات.
- مامۆستا دەتوانێ یارمەتی ئەو قوتابیانە بدات کە ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە.
- مامۆستا دەتوانێ ڕێگا بە قوتابیان بدا بە مەبەست هاوکاری یەکتر بکەن بە جۆرێك هێمنی بپارێزن.
- مامۆستا دەتوانێ وەڵامی پرسیارەکانی قوتابیان بداتەوە.
- مامۆستا ئەو ماوەی دەمێنێتەوە لەوانەکە تەرخان دەکات بۆ پێدانی وەڵامەکان و شیکارکردنیان.

لاپەڕەی ١٦

بەشی ١ ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

ژمارەی لاپەڕە ١٦ە، هەمان لاپەڕەیە لە کتێبی قوتابی.

ئامانج لەم لاپەڕەیە کە لە کتێبی قوتابی هاتووە، بە مەبەستی **ئامادەکردنی قوتابییە بۆ تاقیکردنەوەی** بەش. ئەم لاپەڕەیە دانراوە بۆ ئەوەی قوتابی لە ماڵەوە جێبەجێی بکات یان لە پۆل ئەگەر مامۆستا کاتی بەدەستەوە بوو بۆ ئەنجامدانی.

ئەم لاپەڕەیەش (لە بەشی چوارەمەوە) دوو جۆر پرسیار لەخۆدەگرێت:

- پرسیارەکانی هەڵبژاردن لە هەمەجۆر، کە بریتییە لە چەند پرسیارێك لە هەریەکەیان چوار وەڵام هەیە تەنها یەکێك لە وەڵامەکان ڕاستە، لەسەر قوتابی پێویستە دەوری بدات.
- پرسیارەکانی کراوە، دەبێ قوتابی شیکاری بکات و وەڵامی بە نووسین بداتەوە.

بە ئەنقەست پرسیارەکانی نووسین کەم کراوەتەوە، چونکە قوتابی لەسەرەتاییساڵەکانی خوێندن ناتوانێ بە شێوەیەکی تەواو کارامەی دەربڕین و نووسینی شیکارەکانی هەبێت.

Star Group
For Math

بەکارهێنانی لاپەڕەکە:

مامۆستا ئامانجی لاپەڕەی «ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە» بۆ قوتابیان ڕووندەکاتەوە و داوای جێبەجێکردنی لە ماڵەوە دەکات وە ئەگەر هاتوو مامۆستا کاتی بەدەستەوە هەبوو، ئەوا لە پۆل جێبەجێدەکات.

تاقیکردنەوەی بەش

تاقیکردنەوەی بەش دەکەوێتە چوارچێوەی هەڵسەنگاندنی بەدەستهاتوو (التقويم التحصيلي).

ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی بەشەکە:

- مامۆستا دەبێت تاقیکردنەوەی بەش ئامادە بکات.
- تاقیکردنەوەکە دەبێت ئەو زانیاری و کارامەییانە بگرێتەخۆ کە قوتابی لەم بەشەدا فێریبووە.
- تاقیکردنەوەی بەش دەبێت هاوشێوەیی «ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە» لە کتێبی قوتابی لەلایەنی جۆری پرسیارەکان و ژمارەیان و شێوەی چاپکردنی بێت.
- مامۆستا پشت دەبەستێت بە «لاپەڕەی تاقیکردنەوەی بەش» کە پەیوەندە بە بەشەکە و بابەتی تاقیکردنەوەکە کە هاتووە لە کتێبی هەڵسەنگاندن.
- دەبێت تاقیکردنەوەی بەش بە ڕوونی چاپکرا بێت.

ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی بەش

- مامۆستا وانەیەکی تەواو تەرخان دەکات بۆ تاقیکردنەوەی بەش.
- مامۆستا بۆ قوتابیان ڕووندەکاتەوە، چۆن وەڵامی ڕاست لە پرسیارەکانی هەڵبژاردن لە هەمەجۆر دەور بدەن وە شیکاری ئەوەی دەیزانی بنووسە بە ڕێکی بنووسن.
- مامۆستا لەوکاتەی ماوەی بەدەستەوەیە لە قوتابخانە یان لە (ماڵ) تاقیکردنەوەکان بپشکنێ و تێبینییەکانی تۆمار بکات بەتایبەتی ئەو تێبینیانەی بەندن بە خاڵە لاوازەکانی قوتابیان.

بەکارهێنانی بڕگەی تاقیکردنەوەی بەشەکە

لە کۆتایی هەر بەشێك دەبێ مامۆستا تاقیکردنەوەیەك ئەنجامبدات، پێیدەوترێت «تاقیکردنەوەی بەش» بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و وەرگرتنی قوتابیان بۆ زانیارییەکانی ئەم بەشە و کارامەییەکانی. ئەم تاقیکردنەوەیە لە کتێبی هەڵسەنگاندندا هەیە، پێویستە لەسەر مامۆستا هەموو ئەو شتانەی لە سەرەوە باسکراوە بەکاربهێنێ لە چۆنیەتی ئامادەکردن و مەرجەکانی و چۆنیەتی ئەنجامدانی.

بەشی ١ جووتبوون و ژماردن: ژمارەکان لە ١ تا ٥

پلانی بەش

پێشکەش کردن و ئامادەبوون بۆ بەشەکە — کات/ ١ وانە

وانە	ئامانج	زاراوەکان	کەرەستەکان	کاتی خەملێنراو
١-١ یەک بۆ یەک ل ٣ – ٤	جووتبوون بە کاردە هێنری بۆ دیار کردنی ژمارەی دوو کۆمەڵەی یەکسان	کۆمەڵە، جووتبوون، هەمان ژمارە»	شەش پاڵوی پێکەوە بەستراو لە دوو ڕەنگ، دوو دەنکە شقارتە.	١ وانە
١-٢ زۆرتر، کەمتر ل ٥–٦	جووتبوون بە کاردەهێنرێت بۆ بەراورد کردنی دوو کۆمەڵە.	زۆرتر، کەمتر	شەش پاڵووەکان دەنکە فاسولیا و نۆک	١ وانە
١-٣ بە ١، ٢، ٣ ئاشنا دەبم ل ٧–٨	١، ٢، ٣ دەنوێنی و دەیانژمێرێ و جیایان دەکاتەوە و بەراوردیان دەکات و وەدەیانوسێ.	یەک، دوو، سێ گەورە، بچووک	شەش پاڵوی پێکەوە بەستراو و کارتی ژمارەکان	٢ وانە
١-٤ بە ٤، ٥ ئاشنا دەبم ل ٩–١٠	هەمان هێند دەنوێنی و دەیژمێری، جیای دەکاتەوە بە پێی شێوازی جیاواز. پەیوەندی نێوان ژمارەکان لە ١ تا ٥ جیادەکاتەوە. و ژمارە ٤ و ە دەنووسێت.	چوار، پێنج	چوار گۆشەی ڕەنگاو ڕەنگەکان کاغەز و پێنووس دەنکە فاسولیا سەرە شووشە	٢ وانە
١-٥ ژمارەکان ڕیزدەکەم ل ١١–١٢	ژمارەکان لە ١ تا ٥ جیادەکاتەوە وڕیزیان دەکات و دەیانووسێ.	پێش، پاش، نێوان	شەش پاڵوی پێکەوە بەستراو، کارتی ژمارەکان لە سفر تا ٥	٢ وانە
١-٦ پرسیارێك شیکار دەکەم: نموونەیەك پێکدەهێنم ل ١٣–١٤	پرسیارەکان شیکار دەکات بە بەکارهێنانی ڕێگای «نموونەیەك پێکدەهێنم»		چوار گۆشەکان لەیەك ڕەنگ.	١ وانە

- ■ **پێداچوونەوە ل ١٥** — ١ وانە
- ■ **تاقیکردنەوەی بەش ل ١٦** — ١ وانە

تێبینی:
- دابەشکردنی بەشەوانەکان بەسەر وانەکانی بەشەکەدا دابەشکردنێکی خەملێندراوە، دەتوانی دەستکاری بکەیت و ڕێکی بخەی و بیگونجێنی لەگەڵ بارودۆخ و ژینگەی قوتابی، کاتی تەرخانکراوی بەشەوانەکانی تایبەت بە وانەکان جێگیر نییە، دەتوانی گۆڕانکاری لێبکەی بەپێ پێویست ڕێکی بخەی.
- لەسەر مامۆستا پێویستە کەرەستە داواکراوەکان یان هاوشێوەکانیان ئامادە بکات پێش دەستپێکردنی وانەکە.

بیرکاری بەپێی پۆلەکان

پۆلی یەکەم

- کۆمەلەکان بەراورد دەکات بە ڕێگای جوتبوون.
- کۆمەڵەکان بەراورد دەکات بۆ ئەوەی دیاری بکات کامیان زۆرتر یان کەمتر یان هەمان ژمارەی تێدایە.
- ژمارەکان تا ١٠٠ دەنووسێ و دەخوێنێتەوە.

پۆلی دووەم

- ژمارەکانی دوو ڕەنووسی وسێ ڕەنووسی دەنوێنێ و بەراوردیان دەکات.

تێڕوانینێك بۆ دواوە زانیارییەکان و کارامەییە داواکراوەکان

ئامادە بوون بۆ خوێندنی ئەم بەشە پێویستە قوتابی ئەم زانیاری وکارامەییانەی خوارەوەی هەبێت تەنها زانست **پێویست نییە لەم ئاستەدا. وچاوەڕوان دەکرێ کە قوتابی بە شێوەیەکی لە خۆوە مامەڵە لەگەڵ شتەکان و ژمارە سەرەتایەکاندا بکات. قوتابی توانای زانستی سەرەتایی هەیە بۆ کرداری بەراورد کردن.**

تێڕوانینێك بۆ بەشەکە کارامەییە بنچینەییەکان

قوتابی لە ماوەی خوێندنی ئەم بەشەدا ئەم کارامەییانەی خوارەوە بە دەست دێنێ:

- دانەکانی دوو کۆمەڵە بە یەك دەگەیەنێ، جووت بوون بەکار دەهێنێ.
- کۆمەڵەی زۆرتر وکەمتر لێکجیادەکاتەوە، دوو کۆمەڵە هەمان ژمارەیان هەبێت.
- هەمان هێند دەنوێنێ و دەیژمێرێ وجیای دەکاتەوە وبە پێی ڕێکخستنی جیاواز.
- پەیوەندی نێوان ژمارەکان لە یەك تا پێنج لە یەکتر جیادەکاتەوە.
- ژمارەکان لە یەك تا پێنج دەخوێنێتەوە و دەیاننوسێت و ریزیان دەکات.

تێڕوانینێك بۆ پێشەوە بوارەکانی جێبەجێکردن

ئەوەی قوتابی فێری بووە لەم بەشەدا جێبەجێدەکات لەسەر چەمکە نوێ یەکانی خوارەوە:

- بنیاتکردنی ژمارەکان و بەراوردکردنیان (بەشی ٢، بەشی ٣).
- پێوانی درێژییەکان (بەشی ١١)

Star Group
For Math

بەشی ١ جووتبوون و ژماردن



پێشکەشکردنی بەش

بۆچی ئەم بابەتە فێردەبین؟

ئامانج

- ئەم برگەیە مامۆستا دەوڵەمەند دەکات بە بیرۆکەیەك سوودەکەی ئامادەکردنی هزری قوتابییانە بۆ فێربوونی ژمارەکان و ژماردنیان لەمیانەی کارکردن لەگەڵ کەرستە بەرجەستەکان بۆ ئەوەی بناغەیەکی بەهێز بدەیتە قوتابییان بۆ ئەوەی هزری قوتابی بگاتە پلەی بیرکردنەوەی ژیری، کە لە سەرەتادا بە ئامادەکردنی ڕێەری بابەت دەبێت و لە کۆتاییدا بە بیرکردنەوە لاسایی دەکاتەوە، ئەوەش وادەکات قوتابی شتە باشەکانی ناوەڕۆکی بەشەکە بە گرنگ وەربگرێت.
- لەوانەیە قوتابییان بپرسن. بۆچی ئەم بابەتە فێردەبین؟ لەگەڵ قوتابییان گرنگی ژمارەکان باس بکە کە کۆڵەکەی ژیانی ڕۆژانە و کاری کردارینە، کە سادەترین شێوەی بەو ژمارانە دەستپێدەکات کە لەوانەکانی دێت دەخوێندرێت، هەروەها باس لە کرداری ژماردن بکە.
داوایان لێبکە ئەو ژمارانە بە بیر خۆیان بهێننەوە کە گوێبیستی بووینە یان بەکاریان هێناوە داوایان لێبکە ئەو شتانە بە بیر خۆیان بهێننەوە کە باوکیان لەکاتی کارکردندا دەیانژمێرێت، یان ئەو شتانەی کە دایکیان دەیانژمێرێت لە ماڵ.

لاپەڕەی دەستپێکردن

ئامانج

- لەم برگەیەدا پرسیارێك هەیە لەسەر وێنەی لاپەڕەی دەستپێکردنی بەش لە کتێبی قوتابی.
- ئەم پرسیارە سەرەتایەکە بۆ ئەوەی قوتابییان ئارەزوومەند و ئامادەباش و گەرم و گوڕ بن بۆ ئەم بەشە داوا لە قوتابییان بکە لە وێنەکە وردبینەوە کە وێنەی پشیلەکان و کلۆرە خورییەکان لەخۆ دەگرن، سەیرکە ژمارەی پشیلەکان زۆرترن لە ژمارەی گلۆرە خورییەکان ئەوە دەگەیەنێت کە ناتوانرێت جووتبوون لە نێوان ژمارەی پشیلەکان و ژمارەی گلۆرە خورییەکان ئەنجام بدرێت. کەواتە ئەو وێنەیە سەرەتای گەیاندنی چەمکی «جووتبوون و ژماردن» بۆ فێرخواز. داوا لە قوتابییان بکە پشیلەکان بژمێرن، وە گلۆرە خورییەکان بژمێرن، ئایا هەر گلۆرەیەك بە بەر پشیلەیەك دەکەوێت.

دڵنیا بە لە زانیارییەکانت

داوا لە قوتابییەکان بکە ژمارەیەك گوڵ وێنە بکێشن لە دواییدا داوایان لێبکە کۆمەڵەیەك گوڵی زیاتر بکێشن.



ئاگاداربە... (١) جووتبوون لە نێوان دانەکانی دوو کۆمەڵەدا بە واتای (هاوتابوون) لە نێوانیاندا دێت ئەگەر وە تەنها ئەگەر ژمارەی دانەکانی یەکێکیان هەمان ژمارەی دانەکانی ئەویتریان بێت.
(٢) ژماردن: کردارێکە بە بەراوردکردنی دانەکانی هەر کۆمەڵەیەك لەگەڵ کۆمەڵەی ژمارەکانی ژماردن دەبێت کە بە هێماکانی ١، ٢، ٣... هتد. دەنوێنرێت. ناتوانرێت کرداری ژماردنی شتەکان بکرێت بەبێ ئەو کۆمەڵەیەك توانای ژماردنی هەبێت، ئەم کردارە لە ژمارەی ١ سەر بەرەو ژوور دەستپێدەکات.



نامەیەك بۆ كەسوكار

کەس و کاری بەڕێز.
ئەمڕۆ دەست دەکەین بە بەشی ١ فێری جووتبوونی دوو کۆمەڵە شت دەبین و هەروەها فێری ژمارەکان دەبین لە ١ تا ٥، هەر وەها چۆن دەیا نووسین وریزیانده کەین. ئەم لاپەڕەیە هەندێ زاراوەی بیرکاری نوێ و چالاکی لەخۆ دەگرێت بەیەکەوە لەماڵەوە پێی هەڵدەستین.
لەگەڵ ڕێزدا.

زاراوە نوێیەکانم

پتر
کەمتر
هەمان ژمارە

زاراوەکان

پتر کەمتر

لێرەدا چۆلەکەکان پترن لەخانووەکان خانووەکان کەمترن لە چۆلەکەکان

هەمان ژمارە

ژمارەی هەنگەکان هەمان ژمارەی گوڵەکانە. چەند هەنگ دەبینم؟
سێ هەنگ دەبینم.

چالاكی

- داوا لەمنداڵەکەت بکە لەگەڵتا بژمێرێت.
- لەکاتی نان خواردندا. داوا لەمنداڵەکەت بکە جووتبوون لەنێوان دوو کۆمەڵە بکات وەك کەوچکەکان و قاپەکان، بۆ ئەوەی تێبینی بکات کامیان پترەو کامیان کەمترەو کامەیان هەمان ژمارەیان هەیە.

٢

پەیوەندی لەگەڵ کەس وکار

Star Group
For Math

نامە

ئەو نامەیەی ئاراستەی کەس و کار دەکرێت بۆ قوتابییان بخوێنەوە بۆ ئەوەی ببیستن، گرنگی پەیوەندی پەروەردەیی نێوان قوتابخانە و ماڵ بۆیان باس بکە، داوایان لێبکە واژۆی بکەن، دەکرێت واژۆکە بە هێمایەکی بچووك بکرێت، دەشێت بەشێکی زۆر لە قوتابییان هەمان هێما بەکاربهێنن، دەشێت قوتابی واژۆکەی بگۆڕێت دوای گەشەکردن و پێشکەوتنی کەسایەتی.

ئاگاداری... هەردوو وشەی (پتر– زۆرتر) یان (کەمتر) ئەم دوو وشەیە بەکاردێت لە نێوان دوو کۆمەڵە بۆ دیارکردنی ژمارەی دانەکانیان لە کاتێکدا هەردوو وشەی (گەورەتر) یان (بچووکتر) بەکاردێت بۆ بەراوردکردن لە نێوان ژمارەکان.

ئەم زاراوە نوێیانە بە پێی پێویست لەسەر ئەو تەختە تایبەتەی بۆ ئەم مەبەستە دانراوە لە هۆلی پۆل یەك لە دوای یەك زیاد بکە.



شرۆڤە کردنی زاراوەکان

زۆرتر:	مووی سەر زۆرترە لە مووی برۆ
کەمتر:	ژمارەی پەنجەکانی یەك دەست کەمترە لە ژمارەی پەنجەکانی دوو دەست
یەك:	(مرۆڤ یەك دەمی هەیە)
دوو:	(یەك و یەك مرۆڤ دوو برۆی هەیە)
سێ:	(دوو و یەك)
چوار:	دوو و دوو، مرۆڤ چوار پەلی هەیە، دوو دەست و دوو پێ.
پێنج:	سێ و دوو، لە ناو لەپێك پێنج پەنجە هەیە.
گەورەتر:	٣ گەورەترە لە ٢ .
بچووکتر:	٢ بچووکترە لە ٣ .
لە پێش:	٣ لە پێش ٤ دێت.
لە دوای:	٤ لە دوای ٣ دێت.
نێوان:	٤ لە نێوان ٣ و ٥.

وانەی ١ یەك بۆ یەك

پلانی وانەکە

ئامانج: جووتبوون بەکاردەهێنرێت بۆ دیارکردنی دوو کۆمەڵەی یەکسان لە ژمارەدا.

زاراوەکان کۆمەڵە، جووتبوون، هەمان ژمارە.

کەرەستەکان بۆ هەر دوانێك ١٠ شەش پالوو لە رەنگێك، وە ١٠ شەش پالوو لە رەنگێکی تر و کۆمەڵەیەك دەنکە شقارتە.

پێوەرەکان:

- ژمارەکان و کردارەکان.
- شیکاری پرسیارەکان.
- رێنوێنی وسەلماندنی.
- گەیاندن.

رۆژانە

- ئەمرۆ چ رۆژێکە؟
- دوێنی چ رۆژێك بوو؟
- سبەینێ چ رۆژێك دەبێت؟

لەگەڵ قوتابیان بدوێ وهەڵەکان راست بکەرەوە.

پێشینەی بیرکاری

کرداری جووتبوون وبەشەکانی خاڵێکی بنچینەییە لەدروستکردنی کرداری بیرکاری لە لای قوتابیان لە ئایندەدا. ئەم کردارە یارمەتی دۆزینەوەی دەرکەوتووە هاوبەشەکانی نێوان کۆمەڵەکان دەدات، ئەگەر کۆمەڵەکانیش جیاوازبن. لەوانەیە لە هەمان ژمارەی دانەکان بەشدار بن.

چالاکی

دوانیەکان
هەستی – جولەیی

داوا لە هەر دووانەیەك بکە شەش پاڵووەکانی ژێر دەستیان جیابکەنەوە بە پێی رەنگەکانیان.

- یەکێ لە دوو قوتابیەکە لەهەر دووانەیەك کۆمەڵەیەك شەش پاڵوو لە رەنگی یەکەم لە بەردەمی خۆیا دابنێ وە بەهەمان شێوە قوتابی دووەم شەش پاڵووەکانی تر لە بەردەمی خۆی دابنێ و هەریەکەیان لەسەر هێڵێکی راست ریزیان بکەن.
- قوتابیەکان دەنکی شقارتە بەکاربهێنن بۆ گەیاندنی هەر شەش پاڵۆیەك لە ریزی یەکەم بۆ هەر شەش پاڵوویەکی ریزی بەرامبەری.
- هەردوو قوتابیەکە ئەوە بەدەست دێنن کەدوو کۆمەڵەکە هەمان ژمارەیان هەیە یان نا.

راسپاردەکان: ئەم پرسیارە ئاراستەی قوتابیەکان بکە لەکاتی ئیش کردندا:

- **ئایا هەمیشە دەتوانی جووتبوون لە نێوان شەش پاڵووی ریزی یەکەم وشەش پاڵووی ریزی دووەم بکەی؟** بەڵێ ئەگەر دوو ریزەکە هەمان ژمارەیان هەبێت. نەخێر ئەگەر ژمارەی دوو ریزەکە هەمان ژمارە نەبن.
- **دەتوانین چی بەدەست بێنین لە کرداری جووت بوون لە نێوان شەش پاڵووەکاندا؟**
ئەوە بەدەست دەهێنین کە ئەگەر دوو کۆمەڵەکە هەمان ژمارەیان هەبێ یان نا
چاودێری ئیشی قوتابیان بکە، وایان لێبکە بەشداری بکەن لە گفتوگۆدا، وازیان لێبهێنە با هەندێ قوتابی ئەوە رونبکەنەوە بۆ چی دەتوانرێ هەندێ جار جووتبوون لەنێوان شەش پالووەکان بکەن و هەندێ جار ناتوانن جووت بوون ئەنجام بدەن؟



ڕێکخستنی وانەی ١

پرسیاری ئەمڕۆ

٥ پەرتووك لەسەر مێزەكە دابنێ‌ هەموو قوتابیەكان ببینن. پرسیار بكە **چەند قوتابی پێویستە بێن بۆ ئەوەی هەریەكەیان پەرتووكێك بە دەست بهێنی؟** پێنج. داوا لە هەریەكەیان بكە پەرتووكێك هەڵبگرێت هەتا هەر پێنج پەرتووكەكە تەواو دەبێت. داوا لە قوتابیەكان بكە ئەوانە بژمێرن كە هاتوون بۆ وەرگرتنی پەرتووك.

١ پێشكەشكردن

بە دڵنیاییەوە بەشێك لە قوتابییان لە سەرەتادا بۆ تێگەیشتنی وانەكە ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە، بۆیە پێویستە ئامادەكاری بكرێت بە دابینكردنی ئەو شتانەی كە پەیوەندییان بە ژیانی ڕۆژانە و ژینگەی قوتابی هەیە وەكو قوتابی و جانتاكەی یان قوتابی و كورسی پۆلەكەی.

٢ فێركردن

هەنگاوەكانی ئاراستەكراو

- پەنجەت لەسەر ماسی چالاكی یەكەم دابنێ‌، داوا لە قوتابییان بكە هێڵێك لەسەر هێلە خاڵ خاڵەكە بكێشن، بۆ ئەوەی ماسییەكە و دەفرەكە جووت بن.
- پەنجەی دەستت لەسەر ماسی یەكەم لە چالاكی دووەم دابنێ‌.
- بپرسە **چۆن جووتبوون لە نێوان ماسی و دەفرەكە دەكەیت؟** هێڵێك دەكێشم.
- داوا لە قوتابییان بكە ئەو چالاكیانەی كە لە لاپەڕە ٣دا ماونەتەوە جێبەجێ‌ بكەن، بەپێی ئەو ڕێنماییانەی پێیان دەدەیت.
- چاودێری كاری قوتابییان بكە.



یەك بۆ یەك

وانەی ١

هێڵێك ڕادەكێشم بۆ ئەوەی هەر ماسییەك بە دەفرەكەی(ئامانەكەی) بگەیەنێت.

★ ❤ پاكەتی هەریەك لە ئاژەڵەكان ڕەنگ دەكەم.

٣

ئاگاداری... جیاوازی گەورە هەیە لە نێوان هاوتابوون و یەكسان بوونی دوو كۆمەڵە.
هاوتابوون بە واتای یەكسانبوونی ژمارەی دانەكانی نێوان دوو كۆمەڵە دێت.
بەڵام یەكسانبوون بە واتای ئەوە دێت كە هەردوو كۆمەڵەكە هەمان دانەیان هەبێت.
بەمشێوەیە جووتبوون لە نێوان ئاژەڵەكان و پاكەتەكان لە چالاكی ❤ دیار دەخات كە هەردوو كۆمەڵەی ئاژەڵەكان و پاكەتەكان دوو كۆمەڵەی هاوتان.



ڕاهێنان دەکەم

★ 🐢 هێڵێك دەكێشم بۆ ئەوەی هەر ماسییەك بە دەفرەكەی (ئامانەكەی) بگەیەنێت.

🐟 ❤ پاكەتی هەریەكە لە ئاژەڵەكان ڕەنگ دەكەم.

چالاكی ماڵەوە • كۆمەڵە شتێك ئامادە بكەو داوا لە منداڵەكەت بكە كۆمەڵەیەك پێك بهێنێ هەمان ژمارەی هەبێت.

٤



ڕاهێنان ١-١

قوتابخانە..........ناوی قوتابی..........پۆل: یەكەم هۆبەی.......بەروار / /

یەك بۆ یەك

وانەی ١-١

٣ ڕاهێنان

داوا لە قوتابییان بکە شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لە ل٤ دا هاتووە.

ڕێنماییەکانی بەشی خوارەوەی ل٤ بخوێننەوە. ڕاهێنانەکانی ل٤ دەرفەت لە بەردەم قوتابییان خۆش دەکات بۆ جێبەجێکردنی بەراوردکردن لە نێوان دوو کۆمەڵەدا.

ئاگاداربە... (١) جووتبوون لەم وانەیەدا جێبەجێ دەکرێت لە نێوان شتێك و شتێکی تر بە ڕێگەی بەستنەوەیان بە یەکتر بەهۆی هێڵێکی خاڵ خاڵ بەبێ زیاد و کەم.
(٢) بەراوردکردن لە نێوان دوو کۆمەڵەدا ئەنجام دەدرێت بە ڕێگەی بەستنەوەی دانەکانی هەردوو کۆمەڵەکە بە هێڵێکی دیاریکراو کە کۆمەڵەی زۆرتر و کەمتر تیایدا دیاردەکەوێت.

٤ هەڵسەنگاندن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- داوا لە ٥ قوتابی بکە بە یەك ڕیز بوەستن.
- داوا لە ٥ قوتابی تر بکە ڕیزێکی تر پێك بهێنن.
- بپرسە **ئایا دوو ڕیزەکە جووت دەبن؟** بەڵێ.
- قوتابییەك زیاد بکە بۆ یەکێك لە ڕیزەکان پرسیارەکە دووبارە بکەوە.
- قوتابییەك بۆ ڕیزەکەی تر زیاد بکە و پرسیارەکە دووبارە بکەوە.

ئەرکی ماڵەوە

داوا لە قوتابییان بکە لە کتێبی ڕاهێنان ئەو ڕاهێنانەی کە لە وانەی ١–١دا هاتووە لە ماڵەوە شیکار بکەن.

ئاگاداربە... هەڵەی باو کاتێ کە قوتابییان شیکاری چالاکی 🐟 دەکەن هەموو پاکەتەکان ڕەنگ دەکەن، کرداری جووتبوون لە نێوان گیانلەبەرەکان و پاکەتەکان پەراوێز دەکەن، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە داوایان لێبکە هۆی ڕەنگکردنی گشتی پاکەتەکان ڕوونبکەنەوە، ئەمە یارمەتیت دەدا لە دیارکردنی کێشەکە، گەر بێت و بەهۆی تێنەگەیشتنی قوتابی بێت لە چەمکی «جووتبوون» یان قوتابی لە بیری کردبوو هەر گیانلەبەرێك جووت بکات بە پاکەتێك، بۆیە پێویستە زیاتر جەخت لەسەر کرداری ڕەنگ کردن بکرێت.

وانەی ٢ پتر، کەمتر

پلانی وانەکە

ئامانج: بەکارهێنانی جووت بوون بۆ بەراورد کردنی دوو کۆمەڵە.

زاراوەکان: پتر، کەمتر، کۆمەڵە، هەمان ژمارە

کەرەستەکان: بۆ هەر یەك لەو دوانییە، تورەکەیەك پەپکەی لە دوو جۆر ڕەنگی تێدابێت ژمارەیان لە نێوان ٣ و ١٠ دا بێت، تۆری چوارگۆشەیی.

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان.
- جەبر
- گەیاندن
- بەستن

ڕۆژانە

داوا لە قوتابیان بکە ژمارەی پێیەکانی وشتر بە چەند گوێزێ بنوێنێت و ژمارەی قاچەکانی هەڵۆ بەچەند گوێزێکی تر بنووێنی. بۆ کام گیاندار گوێزی کەمتر بەکارهێناوە؟

پێشینەی بیرکاری

ریزکردنی شتەکان لە میانەی کرداری ژماردن کار ناکاتە سەر ئەنجامی ژماردن بە مەرجێ هەر شتە یەك جار بژمێردرێت، لەم پۆلەدا. قوتابیان پێویستیان بە یارمەتی هەیە بۆ ڕیزکردنی شتەکان بۆ ئاسانکردنی کرداری ژماردن بۆ بەراوردکردنی دوو کۆمەڵە گرنگ ئەوەیە لە ژمارەی دانەکانی دوو کۆمەڵەکە ووردبینەوە نەك لەسەر پێوانی دانەکان، لە ژیانی ئاسایی‌دا قوتابی ڕووبەڕوی تێگەیشتنی «زۆرتر» دەبێت بە بەردەوامی بە ئاسان تر لە تێگەیشتنی «کەمتر».

چالاکی

دوانیەکان

هەستی – جولەیی

داوا لەهەر یەك لە دوانەکە بکە:

- پەپکەکان پۆلێن بکات بە پێی ڕەنگەکانی.
- پەپکەکان ڕیز بکات لەسەر تۆڕی چوارگۆشەیی بۆ جووتبوون لە نێوان دوو کۆمەڵەدا.
- ئەو کۆمەڵە دیاری بکات ژمارەی پەپکەکانی زۆرترە، داوا لە قوتابیان بکە پەپکەکان بخەنەوە ناو تورەگەکە و چالاکییەکە دووبارە بکەنەوە.

ڕاسپاردەکان ئەم پرسیارەی خوارەوە لەکاتی ئیش کردنی قوتابیان دا باسبکە.

- **چۆن دەزانی کام کۆمەڵە پەپکەی زۆرتری تیایە؟** دوو کۆمەڵەکە جووت دەکەم هەتا ئەو کۆمەڵە دیاری بکەم کە پەپکی زۆرتری تیاماوە.
- **ئەگەر کۆمەڵەیەك پەپکی زۆرتری تێدابێت لە کۆمەڵەیەکی تر، چی دەڵێیت دەربارەی پەپکەکانی تر لە کۆمەڵەیەکی تردا؟** کۆمەڵەکەی تر پەپکی کەمتری تێدایە.
- **چی دەکەیت بە کۆمەڵەیەك ئەگەر پەپکی کەمتری تێدابێت بۆ ئەوەی دوو کۆمەڵەی یەکسان بەدەست بهێنیت؟** ژمارەیەك لە پەپکی تری بۆ زیاد دەکەم.

گەشەپێدانی بیرکردنەوەی جەبری بەراوردکردنی دوو ژمارە بۆ دیاری کردنی کامیان گەورەترە لەوەی دی گەشە بە قوتابی دەدات بۆ تێگەیشتنی لە جیاوازی بڕی شتەکان.



ڕێکخستنی وانەی ٢

پرسیاری ئەمڕۆ

کاغەز بدە بەهەر قوتابیەك وێنەی ڕاستەهێلی لەسەر بکێشێت. داوایان لێبکە وێنەی چەند بازنەیەکی سوور لە جەمسەرێکی هێڵەکە بکێشن. پاشان داوایان لێبکە وێنەی چەند بازنەیەکی شین کەزیاتر بێت لەبازنە سوورەکان لە جەمسەرەی دووەمی هێڵەکە بکێشن.

چۆن دەزانی ژمارەی بازنە شینەکان زیاترە لە ژمارەی بازنە سوورەکان؟

شیکار: داوا لە قوتابیان دەکەم هێلی جووت بوون لەنێوان هەردوو کۆمەڵەکەدا بکێشن.

١ پێشکەشکردن

- ژمارەیەك لە شەش پاڵووی سوور بە دەستێك هەڵگرەو ژمارەیەکی کەمتر لە شەش پاڵووی زەرد بەدەستەکەی تر هەڵگرە بەمەرجێك هەر هەموویان هەمان قەبارەیان هەبێت، داوا لە قوتابیان بکە بەراورد لە نێوان شەش پاڵووەکانی هەردوو دەست بکەی لە ڕووی زۆرییەوە.
- **کام دەست شەش پاڵووی زۆرتری تیایە؟** ئەو دەستەی شەش پاڵووە سورەکانی هەڵگرتووە.
- **چۆنت زانی؟** لەبەرئەوەی شەش پاڵووە سورەکان ڕووبەرێك زۆرتریان لە دەست داپۆشیوە بە بەراوردکردن لەگەڵ شەش پاڵووە زەردەکانی دەستەکەی تر، ئەگەر هەریەکەیان لە ڕیزێکدا ڕیز بکەین دەبینین درێژی شەش پاڵووە سورەکان لە ڕیزەکەدا درێژترە لە درێژی شەش پاڵووە زەردەکان.
- **چی دەڵێیت دەربارەی شەش پاڵووەرە زەردەکان؟** ئەوانە کەمترن لە شەش پاڵووە سورەکان.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

دەست دەکەم بە شیکارکردنی چالاکی یەکەم لە لاپەڕەی ٥ لەگەڵ قوتابییەکان. **چۆن دەزانی کام ڕیز زۆرتری تیایە؟** ئەو ڕیزەی کە زۆرترین وێنەی تیایە بریتییە لەو ڕیزەی کە زۆرترین لەخۆ دەگریت.

سەیری ئەو وێنەیە بکە کە بە هێلی خاڵ خاڵ دەورە دراوە، **چی دەڵێیت دەربارەی وێنەکانی ئەم ڕیزە؟** لەوێدا وێنەی زیاتر هەیە لە ڕیزەکەی تر.



وانەی ١

پتر، کەمتر

ئەو ڕیزە دەور دەدەم کە پتری تێدایە.

ئەو ڕیزە دەور دەدەم کە کەمتری تێدایە.

٥

ئاگاداری... (١) هەردەم دەوردانی شتێك بە چەماوەیەکی داخراو لەسەر شێوەی یەکێك لەم شێوانە دەبێت  ، کە پێیان دەوترێت چەماوە ڕووتەختەکانی سادە، پێویستە یارمەتی قوتابییان بدەی و ڕایانبهێنی لەسەر وێنە کێشانیان، بۆ ئەوەی لەگەڵیان دەست بکەی بە ئەنجامدانی ئەو چالاکیانەی کە لە خوارەوەی لاپەڕەکەدا هەیە، بەڵام چەماوە ڕووتەختە ناسادەکان، یەکتر بڕەکانی یەکتر دەنوێنن.

وەکو:  ، ...

(٢) دەتوانیت بچیتە ناو بابەتی زۆرتر یان کەمتر بە نواندنی بیرۆکەیەك بە دەرهێنانی ژمارەیەك قوتابی پۆل بۆ پێش هاوڕێیەکانی، وە دانانی چەند کورسیەك لە بەرانبەریان بە مەرجێك ژمارەکانیان لە یەکتر جیاواز بن، پاشان داوا لە هەر قوتابییەك بکە لەسەر کورسییەك لە کورسییەکان دابنیشێت.

بپرسیە: ئایا هەر قوتابییەك کورسییەکی دەست کەوت؟

ئایا هەر قوتابییەك لەسەر کورسیەك دانیشت؟

ئایا کورسی هەیە بە بەتاڵی مابێتەوە؟

چالاکییەکە دووبارە بکەوە بە مەرجێك لە چالاکییەکەدا ژمارەی قوتابییان زۆرتربێت، وە لە چالاکیەکی تر ژمارەی قوتابیان زۆرتربێت.

کاتێك کورسی بە بەتاڵی بمێنێتەوە دەڵێین: ژمارەی کورسییەکان زۆرترن لە قوتابییەکان یان ژمارەی قوتابییەکان کەمترە لە کورسییەکان، بەڵام ئەگەر هەموو کورسییەکان پڕبوون و هەموو قوتابییەکان کورسییان دەستکەوت، واتە کورسی بە بەتاڵی نەماوە و هیچ قوتابییەك بە پێوە نەوەستا بوو، دەڵێین ژمارەی کورسییەکان هەندەی ژمارەی قوتابییەکانە، وە قوتابییەکان هەندەی ژمارەی کورسییەکانن یان کۆمەڵەی کورسییەکان جووتە لەگەڵ کۆمەڵەی قوتابییەکان.

٣ ڕاهێنان

داوا لە قوتابییان بکە ئەو ڕاهێنانەی کە لە لاپەڕەی ٦دا هاتووە شیکاری بکەن

ئاگاداربە... هەڵەی باو (هەندێك لە قوتابییان وێنەکان بە یەك دەگەینن لەلای چەپەوە دەست پێدەکەن لەجیاتی ئەوەی لەلای ڕاست دەست پێبکەن، دەتوانی یارمەتیان بدەی بە دەستپێکردن لەلای ڕاستەوە بە دانانی نیشانەیەك لە خانەی یەکەم.

داوا لە قوتابیان بکە با سەیری چالاکی ماسی بکەن کە لە بەشی سەرەوەی لاپەڕە ٦دا هاتووە.

- **چۆن دەتوانی ئەو ڕیزە دیاربکەی کە زۆرترین لەخۆ دەگرێت؟** دەتوانیت جووت بوون لە نێوان هەر جووتێك لەو وێنانە بکەی. داوا لە قوتابیان بکە با چالاکییەکانی لاپەڕە ٦ تەواوبکەن.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی پۆل

- داوا لە قوتابییان بکە ریزێك لە دەنکە فاسولیا و ریزێکی تر لە دەنکەنۆك دابنێن ژمارەیان یەکسان نەبێت بە ژمارەی دەنکە فاسولیایەکان
- داوایان لێبکە ئەو ریزەی کە ژمارەی دەنکەکانی زۆرترە وە ئەو ریزەی ژمارەی دەنکەکانی کەمترە دیاربکەن. ئەم چالاکییە دووبارە بکەوە لەگەڵ شتەکانی تر وەك پێنووس و کتێب.



ڕاهێنان دەکەم

ئەو ڕیزە دەور دەدەم کە پتری تێدایە.

ئەو ڕیزە دەور دەدەم کە کەمتری تێدایە.

چالاکی ماڵەوە • کۆمەڵە شتێك ئامادە بکەو داوا لە منداڵەکەت بکە کۆمەڵەیەك پێك بهێنێت ژمارەی دانەکانی کەمتر بێت.

٦

ئەرکی ماڵەوە

داوا لە قوتابییان بکە ئەو ڕاهێنانەی کە لەوانەی ١ – ٢ دا هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان لە ماڵەوە شیکار بکەن.



ڕاهێنان ١-٢

قوتابخانە.........ناوی قوتابی..........پۆل یەکەم هۆبەی.......بەروار / /

وانەی ١-٢

زۆرتر (پتر)، کەمتر

ئەو ڕیزەی کەمتری تێدایە دەوردەدەم.

ئەو ڕیزەی پتری تێدایە دەوردەدەم.

ل ٢ ڕاهێنان

وانەی ٣

بە ١، ٢، ٣ ئاشنا دەبم

پلانی وانەکە

ئامانج: ١ ،٢ ،٣ دەنوێنێ و دەیان ژمێری و جیایان دەکاتەوە و بەراوردیان دەکات و دەیان نووسێ.

زاراوەکان: یەك، دوو، سێ، گەورەتر، بچووکتر

کەرەستەکان: ٦ شەش پاڵو لەگەڵ کارتی ژمارەکانی ١، ٢، ٣ بۆ هەر قوتابیەك.

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- جەبر
- ڕێنوێنی و سەلماندن
- گەیاندن

ڕۆژانە

- ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە؟
- دوێنێ چ ڕۆژێك بوو؟
- سبەینێ چ ڕۆژێکە؟

گفتوگۆ لەگەڵ قوتابیان بکە و هەڵەکان ڕاست بکەرەوە.

تێبینی لەسەر رۆژانە

ئەگەر بینیت کەوا قوتابییان ئاستەنگ دەبینن لە وەڵامدانەوەی پرسیاری «رۆژانە»، ساڵنامەیەکی بەڵگەداریان بخەرە پێش وە لە پێش قوتابییان بیجوڵێنە تا ناوی ئەمڕۆو دوێنێ و سبەینێ دیار دەکەوێت.

پێشینەی بیرکاری

قوتابی لەم پۆڵەدا زانیاری خۆی دادەڕێژێ بۆ واتای ژمارە بەپێی چالاکی هزری جۆراوجۆر جووت بوون و بەراوردکردنی هەستی کە لە سەرەتادا دێت، لە دوایدا قوتابی بەرەو چالاکی بینین دەچێت تا گەیشتن بەرەو بەکارهێنانی هێما.

هێماکانی ١ – ٢ – ٣ وێنەیەك پێك دێنن بۆ چەسپاندنی واتاکانیان لای قوتابی بەپێی بەستنیان لەگەڵ ئەو کۆمەڵانەی ئەو ژمارانە دەردەبڕن.

چالاکی

هەموو پۆلەکە

هەستی – جوڵەیی

داوا لە هەر قوتابییەك بکە

- پێکهێنانی کۆمەڵە ١ ، ٢ ، ٣ی شەش پاڵو.
- کارتێکی ژمارەی گونجاو بەرامبەر هەر کۆمەڵەیەك دابنێ.
- هەوڵ بدە وێنەی ژمارەکان بکێشێت بە پەنجەکانی.
- لەسەر وێنەی ژمارەکە قسەبکەو بدوێ.

ڕاسپاردەکان: ئەم پرسیارانە ئاراستەی قوتابیان بکە لەکاتی کارکردنیان.

- **چۆن دەزانی کارتی گونجاو بۆ ژمارەکان بدۆزیتەوە؟** ئەزانم ئەوە ١، کارتەکە بەرامبەر شەش پاڵوەکە دادەنێم ئەوە ٢، کارتەکە دادەنێم بەرامبەر دوو شەش پاڵوەکە ئەوە ٣، کارتەکە دادەنێم بەرامبەر سێ شەش پاڵوەکان.
- **ژمارەی دوو شەش پاڵویا پترترە لە ژمارەی یەك شەش پاڵو تەماشای ژمارەکان بکە کامەیان پترترە؟** ٢ **کامەیان کەمترە؟** ١

چاودێری کاری قوتابیان بکە. هەوڵبدە هەموو قوتابیان بەشداری بکەن. داوا لە قوتابی خۆبەخش بکە وێنەی ژمارەی (١ ، ٢ ، ٣) لەسەر تەختە وێنە بکێشن.

ڕێکخستنی وانەی ٣

پرسیاری ڕۆژ

پرسیار لە قوتابیەکان بکە کێ برای هەیە بۆ نموونە (هیوا) داوای لێبکە ناوی براکانی بڵێت. پرسیار بکە کێ سێ برای هەیە؟ بۆ نموونە (ئەحمەد) داوای لێبکە ناوی براکانی بڵێت. پرسیار بکە: کێ برای زۆرتری هەیە هیوا یان ئەحمەد؟ ئەحمەد

کام دوو ژمارە گەورەترە (٢ یان ٣؟) ٣

١ پێشکەشکردن

- شەش قوتابی دابەش بکە بۆ کۆمەڵەکان لە ١، لە ٢، لە ٣
- **چەند قوتابی لە هەر کۆمەڵەیەکدا هەیە؟**
- **هانی قوتابییان بدە لەسەر ژماردن با خۆیان وەڵام بدەنەوە.**

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- لە قوتابییان بگەڕێ با لە بەشی سەرەوەی لاپەڕە ٧ بیر لە کۆمەڵەی کڵاوەکان و ژمارەکانیان بکەنەوە.
- چەند کڵاو لە کۆمەڵەی یەکەمدا هەیە؟ یەك کڵاو
- کام ژمارە ژمارەی کڵاوەکان لەم کۆمەڵەدا دیار دەکات؟ ١
- ئاگاداری قوتابیان بکە کە بۆ یەك کڵاو هێمای «١» نیشان دەدەین و دەخوێنینەوە «یەك»
- پرسیارەکان بۆ هەموو کۆمەڵە کڵاوەکان دووبارە بکەوە، لە دواییدا ڕاهێنانی یەکەم لەگەڵ قوتابیان شیکار بکە، وە داوایان لێبکە ئەو ڕاهێنانەی ماوە شیکاری بکەن.

ئاگاداربە... هەموو ڕەنووسێك ژمارەیە، بەڵام پێچەوانەکەی دروست نییە.


وانەی ٣

بە ١، ٢، ٣ ئاشنا دەبم

یەك

دوو

سێ

١

٢

٣

٢

١

ژمارەکە دەخوێنمەوە. وێنەی چەند کڵاوێك دەکێشم یەکسان بێت بە ژمارەکە.

٧

ئاگاداربە... ئەگەر بۆ قوتابییان ئاستەنگ بوو کڵاوەکان بەو ژمارەی کە دەیاننوێن ببەستنەوە، باشترە هۆیەکانی فێرکردن بەرجەستە بەکاربهێنن وەك پێنووس یان دەبەی ئاوی پلاستیك.. یان هەر شتێك شێوەی ئەوانە بکا، داوایان لێبکە ناوی ژمارە ١ بە شتێك ببەستنەوە وە ناوی ژمارە ٢ بە دوو شت وە ناوی ژمارە ٣ بە سێ شت.

پێشینەی بیرکاری

ژمارە وەك چەمکێکی بیرکاری خۆی لە ژمارە سەرەکییەکانی کۆمەڵە دەنوێنێ بریتیە لە ژمارەیەکی سروشتی، واتە هەموو کۆمەڵە هاوتاکان دەنوێنێ، ژمارە (١)، هەموو کۆمەڵە هاوتاکانی یەك دانەیی دەنوێنێ. وە ژمارە (٢) هەموو کۆمەڵە هاوتاکانی دوو دانەیی دەنوێنێ.. وە هەروەها هەموو ژمارەکان بە هێمایەك ناودەبرێن پێیان دەوترێت ناوی ژمارە یان هێمای ژمارەکە. ئەو هێمایەی بەکاردێت بۆ ژمارە یەك بریتییە لە (١) وە بۆ ژمارە دوو بریتییە لە (٢).. وە هەروەها بە هێماکانی ٠، ١، ٢ ....، ٩ دەوترێت ڕەنووس، وە ئەوانەی لە دوو ڕەنووس و زیاتر پێکدێن، پێیان دەوترێت ژمارە، بەمە دەردەکەوێت وشەی ژمارە پێناسە کراوە بە هەرسێ سیفەتەکەی (چەمك، ناو، هێما)، دەتوانیت ماناکەی بە قسەکردن و دەربڕین بزانیت.



ڕاهێنان دەکەم

ئوتومبێلە شینەکان

ئوتومبێلە زەردەکان

ئوتومبێلە سوورەکان

- ژمارەکە دەنووسم.
- ئەو ئوتومبێلانە دەور دەدەم کە هەمان ڕەنگیان هەیە.
- ژمارەی ئوتومبێلەکان لە هەر ڕەنگێك دەنووسم.

چالاکی ماڵەوە • داوا لە منداڵەکەت بکە ئەو کۆمەڵانەی دوو شتی و ئەو کۆمەڵانەی سێ شتین بدۆزێتەوە.

٨



ڕاهێنان ١–٣

قوتابخانە..........ناوی قوتابی...........پۆل: یەکەم هۆبەی......بەروار / /

بە ١ و ٢ و ٣ ئاشنادەبم

وانەی ١-٣

ژمارەیەکی یەکسان لە ئۆتۆمبیلەکان دەکێشم، ژمارەکە دەنووسم
هێڵێک لە نێوان هەر کۆمەڵە ئۆتۆمبیلێک و ژمارەکەی دەکێشم

٣ ڕاهێنان

داوا لە قوتابییان بکە ئەو ڕاهێنانەی کە لە لاپەڕەی ٨دا هاتووە شیکاری بکەن

داوا لە قوتابییان بکە شیکاری ڕاهێنانەکانی لاپەڕە ٨ بکەن.

- داوا لە قوتابییان بکە سەیری لاپەڕە ٨ بکەن.
- داوایان لێبکە ژمارەکەی دێری یەکەم بخوێننەوە.
- داوایان لێبکە ژمارەکان بنووسن بە ئاراستەی تیراساکە.
- **بپرسە ژمارەی ئۆتۆمبێلە شینەکان چەندن؟** ٣
- **ژمارەی ئۆتۆمبێلە زەردەکان چەندن؟** ١
- **داوا لەقوتابیان بکە با چاو بخەنە سەر چالاکی ئەستێرە.** ٢
- لە یەکێك لە قوتابیەکان بپرسە لە کام دێردا ئۆتۆمبێلی شین هەیە؟ لە دێری یەکەم
- داوا لە قوتابیان بکە لەژێر ئۆتۆمبێلە شینەکان ژمارەی ئۆتۆمبێلە شینەکان بنووسن کە لە چالاکی کیسەڵ دا هەیە.
- داوا لە قوتابیان بکە با چالاکی ئەستێرە تەواو بکەن.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی پۆل

داوا لە قوتابیان بکە چەند کۆمەڵەیەك پێك بهێنن لەو شتانەی کە ژمارەیان لە ١ یان ٢ یان ٣ شتن داوایان لێبکە کۆمەڵەکان بەمشێوەیە وێنە بکەن



داوایان لێبکە لەژێر هەر کۆمەڵەیەك ئەو ژمارەیەی دەیاننوێنێ بنووسن.

ئەرکی ماڵەوە

داوا لە قوتابییان بکە ئەو ڕاهێنانەی کە لەوانەی ١– ٣ دا هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان لە ماڵەوە شیکار بکەن.

ئاگاداربە... بۆ ڕاهێنان کردن لەسەر نووسینی هێمای ژمارەکانی ١ یان ٢ یان ٣ لە لاپەڕی ٨، داوا لە قوتابیان بکە ئەم هێمایانە لە شوێنی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە لە سەرەوەی لاپەڕەکە بنووسن بە پشت بەستن بە خاڵەکان. نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو دەبێت قوتابی بچێتە سەر تەختە لە پێش هاوڕێیەکانی ژمارەکان بنووسێت بە پشت بەستن بە ئاراستەی تیراساکان هەروەکو لە لای سەرەوە ڕوونکرایتەوە.

Star Group
For Math

وانەی
٤

بە ٤ و ٥ ئاشنا دەبم

پلانی وانەکە

ئامانج: بڕە کە(هێندە کە) خۆی دەنوێنی و دەیژمێری وجیایدە کاتەوە لە ڕێکخستنی جیاوازدا. پەیوەندی ژمارە کان لە ١ تا ٥ جیادە کاتەوە و دەنووسی ٤، ٥.

زاراوەکان: **چوار**، **پێنج**.

کەرەستەکان: بۆ هەر قوتابیەك ٥ چوارگۆشەی ڕەنگاو ڕەنگ و پێنووس.

پێوەرەکان

ـ ژمارە کان و کردارە کان.

ـ گەیاندن.

ڕۆژانە

ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە؟

- دوێنێ چ ڕۆژێك بوو؟
- سبەینێ چ ڕۆژێکە؟

گفتوگۆ لەگەڵ قوتابیان بکە و هەڵەکان ڕاست بکەرەوە.

پێشینەی پەروەردەیی

بەشێوەی زانستیانە کرداری ژماردن بەندە لەسەر ناوبردنی ژمارەکان بە دەست پێکردن بە یەك وە بەو ژمارەیەی دواترین دانەیە کۆتایی دێت. پێویستە گرنگی تایەت بەو کردارە بدرێت هەتا قوتابی بتوانێ توانای کارامەیی هەبێت لە ژماردندا.

شێوەی ڕیزکردنی دانەکان لە کۆمەڵەدا هیچ گرنگی نادات بە ژماردنی دانەکان، بەڵام ئەوەی کاری پێویستە ناوبردنی ژمارەکان بەڕیز لە کرداری ژماردندا.

چالاکی

هەموو پۆلەکە

هەستی - جولەیی

داوا لە هەر قوتابیەك بکە:

- کۆمەڵەیەك پێکبهێنێ لە ٣ چوارگۆشە.
- چوارگۆشەیەك زیاد بکات بۆ کۆمەڵەکە.
- چوارگۆشەکان بژمێری لەو کۆمەڵەی بەدەستی هێناوە.

ڕاسپاردەکان: ئەم پرسیارانەی خوارەوە ئاراستە بکە:

- **چی بەدەست دێت کاتێك چوارگۆشەیەك زیاد بکەی بۆ ٣ چوارگۆشە؟** دەبێت بە ٤. لەسەر پەرەکە بنووسە.
- پرسیار بکە **کاتێك چوارگۆشە کان تێکەڵ بکرین ئایا ژمارە (٤) دەمێنێتەوە؟** بەڵێ.

داوا لە هەر قوتابییەك بکە:

- چوارگۆشەیەك بۆ کۆمەڵەکە زیاد بکرێت.
- چی بەدەست دێنێت کاتێك چوارگۆشەیەك زیاد بکرێت بۆ ٤ چوارگۆشە؟ ژمارەکە دەبێت بە ٥، ٥ بنووسە لەسەر پەرەکە.
- **پرسیار بکە کاتێك چوارگۆشە کان تێگەڵ دە کرێت ئایا ژمارە (٥) دەمێنێتەوە؟** بەڵێ.

چاودێری کاری قوتابیان بکە و هەوڵبدە هەموو قوتابیان بەشداری بکەن.

ڕێکخستنی وانەی ٤

پرسیاری ئەمڕۆ

ئایا ژمارەی پەنچەکانی دەستی ڕاست گەورەترە یان بچووکترە لە ٣؟ گەورەترە

هانی هەموو قوتابیەکان بدە پەنچەکانی دەستیان دەربخەن و هەڵستن بە ژماردنی.

١ پێشکەشکردن

داوا لە قوتابیان بکە میوەکان لە چالاکی ماسیدا بژمێرن کە لە بەشی ژێرەوەی لاپەڕە ٩دا هاتووە؟

٤ میوە و ٥ میوە.

داوایان لێبکە هەردوو ژمارەی ٤ و ٥ بنووسن. لەوانەیە ڕووبەڕووی ئاستەنگی قوتابیان ببیەوە لەکاتی نووسینی ژمارەکان داوایان لێبکە وێنەی هێلی چەماوەی کراوە و هێلی خوار بکێشن، بۆ ئەوەی بتوانن ژمارەکان بنووسن، هەروەها لەسەرت پێویستە یارمەتی ئەو قوتابیانە بدەی کە جولەی دەستیان لاوازە و داوایان لێبکە با ئەو دوو خاڵانە بگەینە یەك کە ئەو دوو ژمارە دەنوێنن چاودێری جولەی پێنووسیان بکە بە ئاراستەی دروست.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- داوا لە هەموو قوتابیەکان بکە پەنجە لەسەر چالاکی ماسی دابنێن، **بپرسە چەند میوە لە ریزی یەکەمدا هەیە؟** ٤ میوە
- داوا لە قوتابیان بکە ژمارەی ٤ بنووسن.
- **لە دواییدا بپرسە ژمارەی میوەکان لە ریزی دووەم چەندە؟** ٥ میوە
- **ئەگەر وێنەی میوەیەکمان لە ریزی یەکەم کێشا، ژمارەیان دەبێتە چەند؟** ٥ میوە
- داوا لە قوتابییان بکە ئەو دوو چالاکیەی کە لە لاپەڕە ٩دا ماوە جێبەجێ بکەن بەپێی ئەو ڕێنماییانەی پێیان دەدەی.
- چاودێری کاری قوتابییان بکە.



وانەی ١

بە ٤ و ٥ ئاشنادەبم

٤

٥

٣ ٤ [✓ ٥]   ٣ ٤ [✓ ٥]   ٣ [✓ ٤] ٥

٥   ٤   ٥

- ⬤ دەژمێرم، ژمارەکە دەنووسم.
- ❤ هەر کۆمەڵەیەك دەژمێرم. ژمارە گونجاوەکە دەور دەدەم.
- ★ هەر کۆمەڵەیەك دەژمێرم. ژمارە گونجاوەکە دەنووسم.

٩

پێشینەی پەروەردەیی

لەم وانەیەدا قوتابی ئاشنا دەبێت بە دوو ژمارە ئەوانیش ٤، ٥، پێویستە هەستێت بە هەمان ئەو چالاکیانەی کە لەکاتی فێرکردنی ژمارە (١) پێشکەشی کرابوو، بەتایبەتی لەکاتی دووبارە نووسینەوەی ژمارەکە لەسەر شێوازی ئاراستەی تیراساکان نەك چۆنی پێخۆش بێت ئەوها بینووسیت لە کۆتاییدا قوتابی شارەزایی دەبێت لەسەر هێمای ئەو ژمارەیەی کە دەیەوێت دەوری بدات لەکاتی جێبەجێکردنی چالاکی ئەوە گرنگە قوتابی بزانێت جیاوازی لە نێوان چەمکی هەردوو ژمارەی ٤، ٥ بکات.

ئاگاداربە... (١) ئەگەر دڵنیابوویت کەوا هەندێ لە قوتابیان ئاستەنگ دەبینن لەکاتی نووسینی ژمارەکان لە ١ تا ٥، کاغەزیان بدەرێ ڕەنووسەکانی بە خاڵ لەسەر نووسرابێت، داوایان لێبکە وێنەی ڕەنووسەکان بکێشن.

(٢) دەتوانیت کاغەزێکی بەشکراو بۆ چوار پارچەی یەکسان بە دوو هێڵی ستوون لەسەر یەك بدەیتە قوتابیان، وە ژمارەکانی ٢، ٣، ٤، ٥ لەسەر بنووسیت هەروەك لە وێنەکەدا هاتووە ژمارەیەك لە دەنکە فاسولیا یان نۆك دابەشی سەر قوتابییان بکە، وە داوا لە قوتابییان بکە لەسەر هەر بەشێك بەپێی ئەو ژمارەیەی تیایدا نووسراوە دەنکەکان دابنێن.

٢	٣
٤	٥

٣ ڕاهێنان

داوا لە قوتابییان بکە ئەو ڕاهێنانەی کە لە لاپەڕەی ١٠دا هاتووە شیکاری بکەن

- داوا لە قوتابیان بکە با دارخورمایەکان و پەپولەکانی لاپەڕە ١٠ بژمێرن. کە لە چالاکی ماسی دا هەیە، ٥ دار، ٤ پەپوولە، ٤ دار.
- داوایان لێبکە با هەردوو ژمارە ٤ و ٥ بنووسن.
- ڕێنمایەکانی ئەو چالاکیانەی ماونەتەوە بخوێنەوە، وە لە قوتابیان بگەڕێ با تەواوی بکەن.

ئاگاداربە... هەڵە باو هەندێ لە قوتابیان دەتوانن ژمارەکان لە یەکتر جیابکەنەوە و چەمکەکانیان بناسن، بەڵام ژمارەکان بەشێوەیەکی نادروست دەنووسن بۆ نموونە بە پێچەوانە دەنووسن.
بۆ ئەوەی یارمەتیان بدەیت و ڕزگاریان بێت لەم کێشەیە، داوایان لێبکە لەمیانەی چالاکیەکی جولەکردن ژمارەکە بنوێنن، بۆ نموونە داوایان لێبکە ژمارەکە لە هەوا بنووسن ئینجا لەسەر تەختە.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی پۆل

- هەر قوتابیەك کۆمەڵەیەك لە پەپکەی بدەرێ.
- کارتی ژمارەیەك بەدەست بەرزکەوە، داوا لە قوتابیان بکە ئەو ژمارەیە بڵێن کە لە دوای ژمارە بەرزکراوەکە دێت.
- هانی قوتابیان بدە ئەو ژمارەیە بەهۆی پەپکەکان بنوێنن و لە دواییدا بینووسن.

ئەرکی ماڵەوە

داوا لە قوتابییان بکە ئەو ڕاهێنانەی کە لەوانەی ١ – ٤ دا هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان لە ماڵەوە شیکار بکەن.



ڕاهێنان دەکەم

٥ ٤ ٥

٣ ٤ [✓ ٥] ٣ [✓ ٤] ٥ ٣ [✓ ٤] ٥

٤ ٤ ٤

- هەر کۆمەڵەیەك دەژمێرم. ژمارە گونجاوەکە دەنووسم.
- هەر کۆمەڵەیەك دەژمێرم. ژمارە گونجاوەکە دەور دەدەم.
- وێنەی هەناری زیاتر دەکێشم بۆ ئەوەی ٤ هەنار بەدەست بهێنم، ژمارەکە دەنووسم.
- وێنەی کۆمەڵەیەکی ٤ هەناری دەکێشم و ژمارەکە دەنووسم.

١٠



ڕاهێنان ١–٤

بە ٤ و ٥ ئاشنادەبم

وانەی ١-٤

ئاگاداربە... کارتی ژمارە کارتێکی بچووکە لە کارتۆن یان لە پارچە کاغەزی بچووك دروست دەکرێت هێمای ژمارەیەکی دیاری کراوی لەسەر تۆمار دەکرێت، لەسەر شێوەی چوارگۆشەیان لاکێشە بە دووری گونجاو دەبێت مامۆستا هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی پێش دەستپێکردنی وانە.

وانەی ٥ ژمارەکان ڕیزدەکەم

پلانی وانەکە

ئامانج: ژمارەکان لە یەك تا ٥ دەنوێنێ و ڕیزیان دەکات و دەیان نووسێ.

زاراوەکان: پێش، پاش، نێوان

کەرەستەکان: بۆ هەر قوتابیەك ٥ شەش پاڵوو، کارتی ژمارەکان لە یەك تا ٥ .

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- گەیاندن

ڕۆژانە

- ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە؟
- دوێنێ چ ڕۆژێك بوو؟
- سبەینێ چ ڕۆژێکە؟

گفتوگۆ لەگەڵ قوتابیان بکە و هەڵەکان ڕاست بکەرەوە.

پێشینەی بیرکاری

کرداری ڕیزکردن ئەوە دەردەبڕێت، بەپێی یاسای بیاجیە*، کە یەکەم کردارەکانی ژیربێژیە قوتابی دەتوانێت گەشەیان پێ بکات و شتەکان ڕیز بکات لە بچووکەوە بۆ گەورە کە هەردەم نزیك ترە لە پێچەوانەکەی بۆ تێگەیشتنی قوتابی.

* بیاجیە ـ زانایەکی سوێدیە (١٨٩٦- ١٩٨٠) بیردۆزی پێشخستنی زانینی لەلایەن منداڵانەوە بەرەو پێش بردووە.

چالاکی

هەموو پۆلەکە

هەستی – جوڵەیی

داوا لەهەر قوتابیەك بکە:

- بەریز کۆمەڵەکانی لە یەك تا ٥ بنوێنێ.
- لەلای هەر کۆمەڵەیەك کارتی ژمارەی گونجاو دابنێ.

ڕاسپاردەکان: ئەم پرسیارانە ئاڕاستەی قوتابیان بکە لەکاتی کارکردندا.

- چ ژمارەیە کە زیدەترە لە ٣ بەیەك؟ ٤
- چ ژمارەیە کە لە دوای ٤ دێت؟ ٥
- چ ژمارەیە کە کەمترە لە ٣ بەیەك؟ ٢
- چ ژمارەیە کە کەمترە لە ٢؟ ١
- چ ژمارەیە کە دەکەوێتە نێوان ٣ و ٥؟ ٤، چۆن زانێت؟ وەڵام: لەکاتێ دەژمێرم ١، ٢، ٣، ٤، ٥ ئیتر ٤ ئەو ژمارەیە کە دەکەوێتە نێوان ٣ و ٥.

چاودێری کاری قوتابیان بکە و دڵنیابە لە بەشداری هەموو قوتابیان. کاری قوتابیان کورت بکە و داوایان لێبکە کارتی ژمارەکان لە یەك تا ٥ ڕیزبکەن.

ڕێکخستنی وانەی ٥

پرسیاری ئەمڕۆ

داوا لە ٥ قوتابی بکە راوەستن لە پۆلەکەدا کارتی ژمارەکان دابەش بکە بەسەریان دا لە ١ تا ٥ نەك بەشێوەی ڕیز. داوایان لێبکە بە ریز ڕاوەستن بە مەرجێ یەکەم هەڵگری ژمارە ١ بێت و دووەم هەڵگری ژمارە ٢ بێت و هەروەها داوا لە قوتابی شەشەم بکە کارتی ژمارە (سفر) هەڵبگرێت.

پرسیار بکە دەبێت ئەو قوتابیە لە کوێ ڕاوەستێ؟ لە سەرەتای ڕیزەکە دەوەستی.

١ پێشکەشکردن

- ٥ قوتابی هەڵبژێرە.
- پەپکەکان لە ١ تا ٥ بە ژمارەی جیاواز بەسەریان دابەش بکە.
- داوایان لێبکە هەریەکە ئەو پەپکانەی لە نێو دەستیانە بیژمێرن و بەڕیز یەك لە دوای یەك بەپێی ژمارەی پەپکەکان بە ریز بووەستن.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- داوا لە هەموو قوتابییەکان بکە پەنجە لەسەر هێمای ماسی دابنێن کە دەکەوێتە لای سەرەوەی لاپەڕە ١١.
- داوا لە قوتابیان بکە ژمارەکە بخوێننەوە و بینووسن.
- داوا لە هەموو قوتابییەکان بکە پەنجە لەسەر هێمای کیسەڵ دابنێن کە دەکەوێتە بەشی دووەم لە هەمان لاپەڕە.
- بپرسە چەند ورچ دەبینیت؟
- داوایان لێبکە ژمارەکە بنووسن.
- داوا لە هەموو قوتابیان بکە چالاکیەکانی لاپەڕە ١١ جێبەجێ بکەن، بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە دەیاندەیتێ.
- چاودێری کارەکانی قوتابیان بکە.



وانەی ٥

ژمارەکان ریز دەکەم

🐢 ⭐ ❤ ✿ لە هەر ڕیزێکدا ورچەکان دەژمێرم، ژمارەکە دەنووسم.

١١

ئاگاداربە... هەڵەی باو

(١) بەشێکی زۆر لە لێکۆڵینەوەرەکان دەریان خستەوە بەشێك لەو هەڵە باوانە لەکاتی نووسینی ڕەنووسەکانی ١ تا ٥ دەبێت، بەتایبەتی لەکاتی نووسینی ڕەنووسی ٢ بەم شێوەیە ٦ دەنوسێت وە لەکاتی نووسینی ڕەنووسی ٣ بەم شێوەیە ٣٦ دەنووسێت، بۆیە پێویستە قوتابی بە بەردەوامی چاودێری بکرێت و ڕێنمایی بکرێت بە ئاراستە دروست.

(٢) گرنگە قوتابیان مەشق پێ بکرێن لەسەر ژمارەی دانەکانی ورچەکان لە هەر کۆمەڵەیەکدا بە ڕێگەی نیشاندان دوای بەراوردکردنی ناوی ژمارەکە بە هەر دانەیەك لە دانەکانی کۆمەڵەکە. بۆ زانینی ژمارەی دانەکانی هەموو ورچەکانی ئەم لاپەڕەیە، یەکێك لە قوتابیان پەنجە ئاراستەی ورچی یەکەم دەکات دەڵێ یەك، ئینجا قوتابیەکی تر پەنجە ئاراستەی وێنەی دوو ورچەکە دەکات دەڵێ دوو.. بەم شێوەیە.

کاتێکی قوتابییەکی تر دەڵێ پێنج بە مانای ئەوە دێت کەوا پەنجەی ئاراستەی دوا وێنە کردو لە لاپەڕەکە واتە ژمارەی ورچەکان (٥)ن.



ڕاهێنان دەکەم

وێنەکان دەژمێرم ئەو ژمارەیەی لە دوایەوە دێت دەنووسم .

چالاکی ماڵەوە • چەند کۆمەڵەیەك لە ٥،٤،٣،٢،١ پارچە بێك بهێنە لە پێنج پەرداخی بچووکدا، داوا لە منداڵەکەت بکە پەرداخەکان ڕیز بکات لە ژمارە ١ بۆ ٥.

١٢



ڕاهێنان ١–٥

ژمارەکان ڕیز دەکەم

٣ ڕاهێنان

داوا لە قوتابییان بکە ئەو ڕاهێنانەی کە لە لاپەڕەی ١٢دا هاتووە شیکاری بکەن

- داوا لە هەموو قوتابیان بکە پەنجە لەسەر هێمای ماسی دابنێن لە لاپەڕە ١٢ .
- داوا لە قوتابیان بکە ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان لە هەر کۆمەڵەیەکدا لە هەردوو کۆمەڵە یەکەمەکاندا بڵێن.
- بپرسە کام ژمارە لە دوای ٤ دێت؟ ٥
- چۆنت زانی؟ ژمارە ٥ گەورەترە لە ٤ بە یەك دانە
- کاتێك قوتابیان چالاکییەکانی لاپەڕدە ١٢ بە کۆتایی دێنن، داوایان لێبکە لە هەر چالاکیەك ژمارەکان بە ڕیز بخوێننەوە.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی پۆل

- هەر قوتابییەك ٥ پەپکەی بدەرێ.
- کارتی ژمارە یەك بەرزکەرەوە، داوا لە قوتابیان بکە ئەو ژمارەیەی لە دوای ئەو ژمارەیەی لە کارتەکەدا هەیە بنوێنن و بینووسن. دەتوانن ئەم چالاکیە بە بەکارهێنانی کارتەکان ئەنجام بدەن. چەند کۆمەڵەیەکی وێنەدار کە ژمارەی دانەکانیان ١ ، ٢ ، ٣ ، ٤ ، ٥ بێت بەمەبەستی بەراوردکردنیان دوو دوو دەگەیتە ئەم ئەنجامە.

(١) کۆمەڵەی دوو دانەیی زۆرترە لە کۆمەڵەی یەك دانەیی.

(٢) کۆمەڵەی سێ دانەیی زۆرترە لەکۆمەڵەی دوو دانەیی. بە هەمان شێوە دەگەیتە ئەوەی کە ژمارە ٥ گەورەترە لە ٤ بە یەك بەم شێوەیە قوتابی هەست بە زیادە دەکات و سەر لە نوێ دەگاتە ڕیزکردنی ژمارەکان لە ١ تا ٥ سەر بەرەو ژوور بەم شێوەیە ١ ، ٢ ، ٣ ، ٤ ، ٥ یان سەر بەرەو خوار ٥، ٤، ٣، ٢، ١.

ئەرکی ماڵەوە

داوا لە قوتابییان بکە ئەو ڕاهێنانەی کە لەوانەی ١– ٥ دا هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان لە ماڵەوە شیکار بکەن.

ڕێنمایی... گرنگە لەم وانەیەدا ئەم فەرمانانەی دێت جێبەجێ بکرێت:

١) دڵنیابوون لە چەمکەکانی ژمارە ١ تا ٥ .
٢) خوێندنەوە و نووسینی هێمای ژمارەکان تا ژمارە ٥ .
٣) ژماردن تا ٥ .
٤) بەراوردکردن لە نێوان ژمارەکان لە ١ تا ٥ .
٥) ڕیزکردنی ژمارەکان لە ١ تا ٥ سەر بەرەو ژوور و سەر بەرەو خوار، لەمیانەی بەکارهێنانی کارتەکانی ڕەنووسدار.

وانەی ٦

پرسیارێك شیكار دەكەم: نموونەیەك پێكدەهێنم

پلانی وانەكە

ئامانج: پرسیارەكان شیكار دەكات بە رێگای (نموونەیەك پێكدەهێنم).

زاراوەكان: هەمان ژمارە، كۆمەڵە، چەند

كەرەستەكان: بۆ هەر قوتابیەك ١٠ شەش پاڵووی بچووك لە یەك ڕەنگ، تەختەی كار.

پێوەرەكان

ـ ژمارەكان و كردارەكان	ـ گەیاندن
ـ جەبر	ـ بەیەكەوە بەستن
ـ ئامار و ئەگەرەكان	ـ نواندن
ـ شیكاری پرسیارەكان	

ڕۆژانە

- ئەمڕۆ چ ڕۆژێكە؟
- دوێنێ چ ڕۆژێك بوو؟
- سبەینێ چ ڕۆژێكە؟

گفتوگۆ لەگەڵ قوتابیان بكەو هەڵەكان ڕاست بكەرەوە.

پێشینەی پەروەردەیی

توانای شیكاركردنی پرسیارەكان بەپێی كات پێش دەكەوێت.

دروستكردنی نموونەیەكی گونجاو بۆ شیكار كردنی پرسیارەكان ستراتیژێكی گونجاوە بە پێی توانای هزری قوتابیان لەم ئاستەدا دروست دەكات.

گەشە پێدانی توانای قوتابی بۆ شیكاری پرسیارەكان پێویستە دەرفەتی تەواویان پێ بدرێت بۆ شیكاری پرسیارەكان بە بەكارهێنانی تەنە هەست پێ كراوەكان باشتر وایە قوتابیان لە ناوخۆیان دا بیرۆكەكان و شیكارەكان ئاڵوگۆڕ بكەن.

چالاكی

هەموو پۆلەكە

هەستی - جوڵەیی

چوارگۆشەكان بەسەر قوتابیەكان دابەش بكە بەمەرجێ هەریەكەیان ڕەنگێكی جیاوازی بەركەوێت.

- **پرسیار بكە چۆن دەتوانن دوو كۆمەڵە پێك بهێنن هەمان ژمارەی هەبێت؟** یەكێ لە قوتابیەكان چوارگۆشەكانی خۆی دەژمێرێت، قوتابیەكی تر هەمان چوار گۆشەكان دەژمێرێت پاشان پێكەوە دەژمێرن بۆ ساغ كردنەوەی ئەوەی كە هەردووكیان هەمان ژمارەیان لە لایە.

ڕاسپاردەكان: ئەم پرسیارانە ئاڕاستە دەكەم لەكاتی كاركردنی قوتابیان دا.

- **چی دەكەن؟** دوو كۆمەڵە پێك دەهێنین هەمان ژمارەی هەبێت.
- **كێ یەكەم جار دەست دەكات بە ژماردنی چوار گۆشەكان؟** ئەوەی خۆیان دیاری دەكەن ڕازی دەبم.
- **چۆن دڵنیا دەبن ئێوە كە هەمان ژمارەتان دەست كەوتووە؟**

  وەڵامی چاوەڕوانكراو: دوو كۆمەڵەكە جووت دەكەین، هەر كۆمەڵەیەك دەژمێرین.

چاودێری كاری قوتابیان بكەو دڵنیابە لەبەشداری هەمووان.

ڕێکخستنی وانەی ٦

Star Group
For Math

پرسیاری ئەمڕۆ

چی هاوبەش لەنێوان ئەم کۆمەڵانەدا هەیە؟



هەمان ژمارەیان هەیە. قوتابیان هانبدە بۆ گفتو گۆ کردن لە نێوان خۆیاندا.

١ پێشکەشکردن

- لەسەر مێزەکەت کۆمەڵەیەك لە ٣ کتێب، وە کۆمەڵەیەکی تر لە ٣ تێنووس، وە کۆمەڵەی سێیەم لە ٥ پێنووس پێکهاتبێت دابنێ.
- بپرسە کام دوو کۆمەڵە هەمان ژمارەیان هەیە؟ کۆمەڵەی کتێب و کۆمەڵەی تێنووس
- کام کۆمەڵە گەورەترینیانە؟ کۆمەڵەی پێنووس

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- بوار بۆ قوتابیان بڕەخسێنە با بەخۆیان بیر لە بەشی سەرەوەی لاپەڕەی ١٣ بکەنەوە.
- بپرسە **چەند پەپکی زەردی تیایە؟** ٣
- **چەند پەپکی ترت پێویستە بۆ ئەوەی کۆمەڵەیەکی گەورەترپێك بهێنی؟** پێشوازی لە هەموو وەڵامە دروستەکان دەکەم.
- بوار بدە قوتابیان با پەپکەکان یان دەنکە فاسولیا یان هەردووکیان بەکاربهێنن یان ئەو شتەی لە پۆلدا دەست دەکەوێت بۆ نواندنی کۆمەڵەیەکی گەورەتر.
- بپرسە: **ئایا ژمارەی پەپکەکان یان دەنکە فاسولیاکانی بەکارت هێناوە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەکە گەورەترە لە ژمارەی پەپکە زەردەکان؟** بەڵێ
- بۆچی: چونکە یەك پەپك زیاتر لەخۆ دەگرێت.



پرسیارێك شیكار دەكەم
نموونەیەك پێكدێنم

وانەی ٦

وەڵامەکان جۆراوجۆر دەبن

وەڵامی چاوەڕوانکراو

چەند پەپکەیەك بەکار دەهێنم بۆ ئەوەی کۆمەڵەی پتر پێشان بدەم ،وێنەی دەکێشم و ڕەنگی دەکەم.

١٣

- چۆن دڵنیا دەبیت لە دروستی وەڵامەکەت؟ ژمارەی پەپکە زەردەکان و ژمارەی پەپکەکانی ئەو کۆمەڵەیەی کە پێکم هێنابوو دەژمێرم. بۆم دەردەکەوێت ئەو کۆمەڵەیەی پێکم هێنابوو پەپکێکی زیاترە لەوی تر.
- قوتابیان چالاکی ئەو لاپەڕەیە ئەنجام دەدەن بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە پێیان ڕاگەیەندراوە.

ڕێنمایی... وانەکە دەست پێبکە بە وەستانی ٥ قوتابی لە پێشەوەی پۆل، ٥ قوتابیەکە بژمێرە.

- بپرسە: **چۆن دەتوانی کۆمەڵەیەکی تر لە قوتابیان پێك بهێنی، قوتابیەك زیاتر لەخۆ بگرێت:** لەکاتی پێکهێنانی کۆمەڵەی دووەم هەر قوتابیەك لە کۆمەڵەی یەکەم جووت بکە لەگەڵ هەر قوتابیەك لە کۆمەڵەی دووەم، لە دواییدا قوتابیەکی تر بۆ کۆمەڵەی دووەم زیاد بکە.
- بپرسە: **چۆن دڵنیا دەبیت لە دروستی وەڵامەکەت:** داوا لە قوتابییانی هەر کۆمەڵەیەك دەکەم با دەست بکەن بە ژماردنی خۆیان تا دڵنیا دەبن کەوا ژمارەی قوتابیانی کۆمەڵەی دووەم گەورەترە (زیاترە) بە ١ لە ژمارەی دانەکانی کۆمەڵەی یەکەم.

ئاگادار بە.... هەڵەی باو

هەندێ لە قوتابیان ئاستەنگ دەبینن لە ژماردنی پێکهاتەی جیاواز، پەپکەکان زیاتر لە چەند جارێك دەژمێرن ماوە بدە بە قوتابیان بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دروست بژمێرن، یارمەتیان بدە و لەگەڵیان بژمێرە بۆ ئەوەی بەسەر کێشەکانیان زاڵ بن، وە داوایان لێبکە پەنجە لەسەر پەپکەکان دابنێن و بیانژمێرن، ئاگاداریان بکەوە کە پێکهاتە جیاوازەکان دەکرێت هەمان ژمارەیان هەبێت.

٣ ڕاهێنان

داوا لە قوتابییان بکە ئەو ڕاهێنانەی کە لە لاپەڕەی ١٤دا هاتووە شیکاری بکەن

- قوتابیان هەڵدەستن بە جێبەجێکردنی ئەو چالاکیانەی کە لە لاپەڕە ١٤دا هاتووە بەپێی ئەو ڕێنماییانەی دەیان دەیتێ.
- چاودێری کاری قوتابیان بکە و دڵنیابە لە بەشداربوونی هەمووان.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی پۆل

- هەر قوتابییەك ٥ پەپك یان دەنکە فاسولیای بدەرێ.
- ژمارەیەك بڵێ جگە لە پێنج، داوا لە قوتابیان بکە ژمارەکە بەهۆی پەپکەکانیان (یان دەنکە فاسولیاکانیان) بنوێنن.
- کردارەکە لەگەڵ ژمارەکانی تر دووبارە بکەوە، تا دڵنیا دەبیت کەوا قوتابیان وەك پێویست ژمارەکە دەنوێنن.

ئەرکی ماڵەوە

داوا لە قوتابییان بکە ئەو ڕاهێنانەی کە لەوانەی ١- ٦ دا هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان لە ماڵەوە شیکار بکەن.

ئاگادار بە... ئەگەر پەپکت دەست نەکەوت، دەست بکەبە وێنەکردنی چوار شێوەی سادە لە یەك جۆر لەسەر تەختە، وە داوا لە یەکێك لە قوتابییەکانت بکە شێوەی پێنجەم بکێشێ، لە دواییدا داوا لە هەمووان بکە شتە وێنەکێشراوەکان بژمێرن بەمشێوەیە: یەك، دوو، سێ، چوار، پێنج، ژمارە ٥ لەسەر تەختە بنووسە، چالاکییەکە دووبارەبکەوە بە وێنەکێشانی ٦ شێوە لە جۆرێکی تری جیاواز داوا لە قوتابیان بکە کۆمەڵە گەورەکە و کۆمەڵە بچووکەکە دیار بکەن.



ڕاهێنان دەکەم

وەڵامەکان جۆراوجۆر دەبن

وەڵامی چاوەڕوانکراو

وەڵامەکان جۆراوجۆر دەبن

وەڵامی چاوەڕوانکراو

چەند پەپکەیەك بەکار دەهێنم بۆ خستنە ڕوی کۆمەڵەی کەمتر. وێنەی دەکێشم. ڕەنگی دەکەم.

چالاکی ماڵەوە • کۆمەڵە شتێك لە بەردەم منداڵەکەت دابنێ داوای لێ بکە شێوەی کۆمەڵەی کەمتر پێك بهێنێ بە بەکارهێنانی شتی دی.

١٤



ڕاهێنان ١-٦

قوتابخانە .... ناوی قوتابی .... پۆل: یەکەم هۆبەی ...... بەروار / /

والنەی ١-٦

پرسیارێك شیکاردەکەم: نموونەیەك پێکدەهێنم

شاری یاری

بۆ هەر کوڕێك لەسەر خلیسکێنەرەکە چوار گۆشەیەك بە شین ڕەنگدەکەم.

بۆ هەر کوڕێك لەسەر جۆلانەکە چوارگۆشەیەك بە سوور ڕەنگدەکەم

ل ٦ ڕاهێنان

بەشی ١

جووت بوون و ژماردن

پێداچوونەوە/بەشی ١

ئامانج: دڵنیابە لە تێگەیشتنی چەمکەکان، وەرگرتنی ئەو کارامەییانەی لە بەشی(١) دا هاتووە.

بەکارهێنانی لاپەڕە

- مامۆستا ئامانجی لاپەڕەی (پێداچوونەوە) بۆ قوتابیان ڕووندەکاتەوە.
- نزیکەی ٣٠ خولەك تەرخان دەکات تیایدا داوا لە قوتابیان دەکات لەم ماوەیەدا شیکاری ڕاهێنانەکانی لاپەڕەی (پێداچوونەوە) بکەن.
- دەکرێت مامۆستا یارمەتی ئەو قوتابیانە بدات کە ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە.
- دەکرێت مامۆستا بوار بۆ هاریکاری کردن لە نێوان قوتابیان بڕەخسێنێت بە مەرجێك هێمنی پۆل و یاسای قوتابخانە سنووردار و پارێزراو بێت.
- ئەوکاتە زیادەی لەوانە کە دەمێنێتەوە تەرخان دەکرێت بۆ وەڵامدانەوە و شیکارکردن.

ئامانج لە ئەنجامدانی ئەو چوار چالاکیەی پێشەوە دڵنیابوونە لە تێگەیشتنی چەمکی ژمارەکان و خوێندنەوەیان و کرداری ژماردن.

ئامانج لە چالاکی کۆتایی دڵنیابوونە لە تێگەیشتنی قوتابیان لە کرداری ڕیزکردنی ژمارەکان و نووسینیانە.



پێداچوونەوەی
بەشی ١

ناو ________

٢ ٣ ٤

٣ ٤ ٥

٢ ٣ ٤

٣ ٤ ٥

٣ ٤ ٥

ژمارە گونجاوەکە دەور دەدەم.

سێوەکان دەژمێرم، ژمارەکان دەخوێنمەوە، ئەو ژمارەیەی لە دوایەوە دێت دەنووسم.

١٥

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

ئامانج: ئامانج لە لاپەڕەی «ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە» کە لە کتێبی قوتابی دا هەیە وە لە ناونیشانەکەی دیاردەکەوێت بریتییە لە ئامادەبوونی قوتابی بۆ تاقیکردنەوەی بەش.

ئەم لاپەڕەیە ئەو چەمك و کارامەییانەی کە لەم بەشەدا هەیە بەرجەستە دەکات هەر بەندێك لەم لاپەڕەیە ئامانجیکی پەروەردەیی یان زیاتر بەرجەستە دەکات ئەمە تا رادەیەکی باش ئامانجە پەروەردەییەکانی پەیوەست بەم بەشە بەرجەستە دەکات.

بەکارهێنانی لاپەڕە

- ماموٚستا ئامانجی لاپەڕەی «ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە» بۆ قوتابیەکانی روونندەکاتەوە.
- ماموٚستا داوا لە قوتابیان دەکات لاپەڕەی ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە کە لە کتێبی قوتابیدا هاتووە لە ماڵەوە جێبەجێ بکەن (یان لە پۆل ئەگەر ماموٚستا کاتی گونجاوی هەبێت بۆ جێبەجێکردنی).
- ئەگەر ماموٚستا کاتی هەبوو، داوا لە قوتابیان بکە ورچەکانی هەر کۆمەڵەیەك لە چالاکی ماسی دا بژمێرن
  - **بپرسە چەند ورچ لە کۆمەڵەی یەکەمدا هەیە؟** ١
  - **چەند ورچ لە کۆمەڵەی دووەمدا هەیە؟** ٢
  - **چەند ورچ لە کۆمەڵەی سێیەمدا هەیە؟** ٣

داوا لە قوتابیان بکە کۆمەڵەی گونجاو بۆ ژمارەکە دەور بدەن داوا لە قوتابیان بکە ئەو چالاکیانەی کە لە لاپەڕە ١٦ ماوەتەوە جێبەجێ بکەن بەپێی ئەو رێنماییانەی کە دەیاندەیتێ.



Star Group
For Math

ئامادەبوون بۆ
تاقیکردنەوە
بەشی ١

ناو ______________

🐟 ١ یەك

🐢 ٢ دوو

★ ٣ سێ

♥ ٤ چوار

✿ ٥ پێنج

🐟 🐢 ★ ♥ ✿ ئەو کۆمەڵە ورچە دەور دەدەم کە ژمارەکە دەنوێنێت.

١٦

تاقیکردنەوەی بەش

تاقیکردنەوەی بەش دەکەوێتە چوارچێوەی هەڵسەنگاندنەکانی بەدەستهاتوو

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوەی بەش

- دتوانی ئەم تاقیکردنەوانە وەکو خۆی بەکاربێنی:
- دەتوانی لەم تاقیکردنەوانە پرسیاری دیاریکراو هەڵبژێری و تاقیکردنەوەی تری لەسەر ئامادە بکەی.
- دەتوانی لەم تاقیکردنەوانە پرسیاری دیاریکراو هەڵبژێری بۆ ئەوەی بە خوٚت پرسیاری تری لەسەر ئامادە بکەی.
- دەتوانی خوٚت هەموو پرسیارەکان ئامادە بکەی بە پشتبەستن بەو پرسیارانەی کە لە تاقیکردنەوەی بەشدا هەیە.

مەرجەکانی ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

- پێویستە کات و ماوەی دیاریکراو بدرێتە قوتابیان بۆ تاقیکردنەوەکان (یەك وانە بۆ تاقیکردنەوەی هەر بەشێك).
- پێویستە پرسیارەکانی ئەم تاقیکردنەوانە ئەو ئامانجانەی کە فێری بووە بەبێ کەم و زیاد بەرجەستە بکات.
- پێویستە پرسیارەکانی ئەم تاقیکردنەوانە ئامانجەکان بەشیوەیەکی هاوسەنگ لەگەڵ گرنگی ئامانجەکان بەرجەستە بکات.
- پێویستە تاقیکردنەوەکان پرسیارەکانی جەشنی (أ) و پرسیارەکانی جەشنی (ب) لە خۆ بگرێت، لەگەڵ گرنگیدانی زیاتر بە جەشنی (أ)
- پێویستە تاقیکرنەوەی بەش چاپ کرابێت بەشیوەیەکی روون و ئاشکرا.

جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی بەش

- وانەیەکی تەواو تەرخان بکە بۆ جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی بەش.
- بۆ قوتابیان باس بکە پێویستە لەسەریان دەوری پرسیاری دروست بدەن لە پرسیارەکانی هەڵبژاردنی فرە وەڵام. وە شیکارەکان بە خەتێکی جوان بنووسن و گرنگی بدەنە پرسیارەکانە «چی دەزانی بینووسە».
- لەکاتی بوونی کاتی بەتاڵ لە قوتابخانە یان لە ماڵ تاقیکردنەوەکان بپشکنە و تێبینیەکانت توٚمار بکە. بەتایبەتی ئەو تێبینیانەی کە پەیوەندی بە لایەنە لاوازەکانی قوتابیان هەیە.

بەشی ٢ ژمارەکان لە ٦ تا ٩ ئینجا سفر و دە

پلانی بەش

وانە	ئامانج	زاراوەکان	کەرەستەکان	کاتی خەملێنراو
پێشکەشکردن و ئامادەبوون بۆ بەشەکە				کات/ ١ وانە
٢-١ بە ٦ و ٧ ئاشنا دەبم ل ١٩-٢٠	هیندە کە خۆی دەنوێنێ و دەیژمێری وجیای دە کاتەوە بەپێی شێوەی جیاواز وەپەیوەندی نێوان ژمارە کان لە ١ بۆ ٧ جیادە کاتەوە و ٦ و ٧ دەنووسێت.	شەش _ حەفت	چوار گۆشە ڕەنگ کراوە کان	٢ وانە
٢-٢ بە ٨ و ٩ ئاشنا دەبم ل ٢١-٢٢	هێندە کە خۆی دەنوێنێ و دەیژمێری و جیای دە کاتەوە بەپێی شێوەی جیاواز وە پەیوەندی نێوان ژمارە کان لە ١ بۆ ٩ جیابکاتەوە و ٨ و ٩ دەنووسێت.	هەشت _ نۆ	پەپکە ڕەنگ کراوە کان. کارتی پێووە نووساو. تەلی ئاسنین	٢ وانە
٢-٣ سفر دەناسم ل ٢٣-٢٤	سفر دەناسێت و جیای دە کاتەوە و دەینووسێت	سفر، کەمتر لە یەك	٥ شەش پالّوو کارتی ژمارە کان لە سفر تا ٥ پێنووس	١ وانە
٢-٤ ١٠ دەناسم ل ٢٥-٢٦	هێندە کە خۆی دەنوێنێ و دەیژمێری و جیای دە کاتەوە بەپێی شێوەی جیاواز وە پەیوەندی نێوان ژمارە کان لە ١ بۆ ١٠ جیابکاتەوە و ١٠ دەنووسێت.	دە	پەپکە ڕەنگ کراوە کان، کارتی پێوە نووساو، کارتۆن، پێنووس	٢ وانە
٢-٥ ژمارەکان ڕیزدەکەم ل ٢٧-٢٨	ژمارە کان لە ٦ تا ١٠ ڕیزدە کات	پاش، پێش، نێوان	شەش پالّو و کارتی ژمارە کان، چەند پارچە کارتۆنێ کارتە کانی پێوە نووساو	٢ وانە
٢-٦ پرسیارێك شیکار دەکەم نموونەیەك پێکدەهێنم ل ٢٩-٣٠	پرسیارە کان شیکار دە کات بە بە کارهێنانی ڕێگای (نمونەیەك دروست دە کەم)	گەورەتر لە، بچووکتر لە	شەش پالّووی بچووکی پێکەوە بەستراو	٢ وانە
■ **پێداچوونەوەی ل ٣١**				١ وانە
■ **تاقیکردنەوەی بەش ل ٣٢**				١ وانە

تێبینی: • دابەشکردنی بەشەوانەکان بەسەر وانەکانی ئەم بەشەی سەرەوە دابەشکردنێکی خەملێندراوە دەتوانی دەستکاری بکەی و ڕێکی بخەی و بیگونجێنی لەگەڵ بارودۆخ و ژینگەی قوتابی، کاتی تەرخان کراوی تایبەت بە وانەکان جێگیر نییە، دەتوانیت گۆڕانکاری لێبکەی بەپێی پێویست ڕێکی بکەی و بیگونجێنی.

• لەسەر مامۆستا پێویستە کەرەستە داواکراوەکان ئەوانەی ناویان هاتووە لە پلانی بەش یان هاوشێوەکانیان ئامادە بکات پێش دەستپێکردنی وانەکە.

بیرکاری بەپێی پۆلەکان

پۆلی یەکەم

- ژمارەکان لە ٦ تا ١٠ جیادەکاتەوە و دەیان نوسێ و ڕوونیان دەکاتەوە و ڕیزیان دەکات.
- بەراوردی ژمارەکان دەکات بەپێی کۆمەڵەکان و دەینووسێ، ئەو کۆمەڵە دیاری دەکات کە پتر یان کەمتری تێدایە، وە دوو ژمارە بەراورد دەکات.

پۆلی دووەم

- ژمارەکانی دوو ڕەنووسی و سێ ڕەنووسی دەنوێنی و بەراوردی دەکا و دەینووسێ.

تێڕوانینێك بۆ دواوە زانیارییەکان و کارامەییە داواکراوەکان

ئامادەبوون بۆ خوێندنی ئەم بەشە پێویستە قوتابی ئەم زانیاری و کارامەییانەی خوارەوەی هەبێت

- ژمارەی شتەکانی ناو کۆمەڵەکان بژمێری تا ٥.
- بەراوردکردنی کۆمەڵەکان وە زانینی ئەو کۆمەڵەی پتر یان کەمتری تێدایە.
- ژمارەکان دەناسێت ٥ دەیاننوێنێ و دەیان نووسێ.
- ژمارەکان ڕیز دەکات تا ٥.

تێڕوانینێك بۆ بەشەکە کارامەیە بنچینەییەکان

قوتابی لە ماوەی خوێندنی ئەم بەشەدا ئەم کارامەییانەی خوارەوە وەردەگرێت.

- هەمان هێندە وەك خۆی دیاری دەکاو دەیژمێری و جیایان دەکاتەوە بە پێی شێوەی جیاواز.
- پەیوەندی نێوان ژمارەکان لە سفر تا ١٠ بەراورد دەکات.
- ژمارەکان لە ٦ تا ٩ دەخوێنێتەوە وە دەیاننووسێ و ڕیزیان دەکات. ئینجا سفر لە دواییدا ١٠ .

ڕوانینێك بۆ پێشەوە بوارەکانی جێبەجێکردن

ئەوەی قوتابی فێری بووە لەم بەشەدا جێبەجێدەکات لەسەر چەمکە نوێیەکانی خوارەوە:

- دروستکردنی ژمارەکان و بەراوردکردنیان (بەشی ٣).
- خڕکردنەوەی دەیان (بەشی ٣).
- بەهای خانەیی (بەشی ٣).
- پێوان (بەشی ١١).

بەشی
٢

ژمارەکان لە ٦ تا ٩ ئینجا سفر و ١٠


بەشی ٢
ژمارەکان لە ٦ تا ٩ پاشان سفر و دە
Star Group For Math

پیٚشکەشکردنی بەش

بۆچی ئەم بابەتە فیٚردەبین؟

ئامانج

- ئەم بڕگەیە مامۆستا دەوڵەمەند دەکات بە چەمکێك سوودەکەی فێربوونی چەند ژمارەیەکی نوێیە لەمیانەی لەخۆگرتنی چەند کۆمەڵەیەکی جیاواز لە مێروولە و باڵندە و گوڵ دەتوانێت ئەمە بەکاربێنێت تا سەرنجی قوتابیان رابکێشێت دەربارەی ناوەڕۆکی بەشەکە.
- لەوانەیە قوتابی بپرسێت: بۆچی ئەم بابەتە فێردەبین؟ گرنگی کرداری ژماردن لە ژیانی رۆژانەدا بۆ قوتابیان روونبکەوە، ژمارەی شتەکان وەك ژمارەی کورسیەکان یان پێنووسەکان یان دەفتەرەکان یان ژمارەی دەنکە فاسولیاکان، یان ژمارەی میوەکان، یارمەتیان بدە تا بزانن کرداری ژماردن تا ٥ بەس نییە، بەڵکو دەبێت ژمارەی تری گەورەتر لە ٥ فێرببیت.

لاپەڕەی دەستپیٚکردن

ئامانج

- لەم بڕگەیەدا پرسیارێك هەیە لەسەر وێنەی لاپەڕەی دەستپێکردنی بەش لە کتێبی قوتابی.
- ئەم پرسیارە سەرەتایەکە بۆ ئەوەی قوتابی ئارەزوومەند و ئامادەباش و گەرموگوڕبێت بۆ ئەم بەشە.

داوا لە قوتابیان بکە باس لە وێنەکە بکەن، وێنەکە وێنەی باڵندەکان و پەپولەکان و مێروولەکان لەخۆ دەگرێت، قوتابی لە بەشی رابردوو و فێری چەمکی ژمارەکان لە ١ تا ٥ بووە بە چاوو بە گرتنی شتەکان بەدەست، ژمارەی گوڵەکان لە وێنەکەدا ٧ گوڵن، وە ژمارەی باڵندەکان ٦، و ژمارەی خاڵخاڵۆکەکان ٨. داوا لە قوتابیان بکە باڵندەکان بژمێرن، بەدانانی پەنجەیان لەسەر هەر باڵندەیەك. لەمیانەی کرداری ژماردن.

قوتابیان کە دەگەنە ژمارە ٥ دەوەستن، داوایان لێبکە با پەنجەیان لەسەر باڵندەی شەشەم دابنێت پێیان بلێ کاتێ باڵندەیەکی تر بۆ پێنج باڵندەکان زیاد دەکەین ژمارەی باڵندەکان دەبێتە شەش، وە هێمای ژمارە ٦ لەسەر تەختە بنووسە، ئەم کردارە بۆ وێنەی پەپوولەکان و مێروولەکان دووبارە بکەوە.

دڵنیا بە لە زانیارییەکانت



کەرەستەکان: ١٥ شەش پاڵوو، کاغەز، پێنووس

داوا لە قوتابیان بکە کۆمەڵەیەك لە ١ تا ٥ شەش پاڵوو پێك بهێنن و ریزی بکەن لە کەمەوە بۆ زۆر (پتر) داوایان لێبکە هەر کۆمەڵەیەك لە کۆمەڵەکان بە وێنە دەربڕین و ژمارەی هەر کۆمەڵەیەك بنووسن.

ئاگاداربە... (١) دەتوانیت دەست بەم بەشە بکەی لەمیانەی خستنەڕووی ٥ شتی بەرجەستە کە لە دەوروبەر و ژینگەی قوتابی و قوتابخانە و پۆلدا دەستکەوێت داوا لە یەکێك لە قوتابییەکان بکە بیژمێرێت و هێمای ژمارە (٥) بنووسێت لە دوایيدا شتێکی تری لە هەمان شتەکان بۆ زیاد بکە، داوا لە قوتابیەکی تر بکە، سەر لە نوێ شتەکان بژمێرێ و ژمارەیەکی نوێ کە (شەشە) پێشکەش بکات پاشان بگاتە ئەوەی کە ژمارە نوێیەکە ١ زیاترە لە ژمارە (٥).
(٢) دوو کۆمەڵە مێروو بخە بەردەم قوتابیان بە مەرجێك یەك رەنگ بن و کۆمەڵەی یەکەم (٥) مێروو کۆمەڵەی دووەم (٦) مێروو بێت، بپرسە کام لەم دوو کۆمەڵەیە گەورەترینیانە؟ داوای وەڵامیان لێبکە بەبێ ئەوەی پشت بە ژماردن ببەستن (بەرامبەرکردنی یەك بەکاربێنن) ئینجا داوایان لێبکە هەریەك لە دوو کۆمەڵەکە بژمێرن تا دەگەنە ژمارە ٥ لە کۆمەڵەی یەکەم و ژمارە ٦ لە کۆمەڵەی دووەم.



نامەیەك بۆ کەسوکار

کەسوکاری بەڕێز

ئەمڕۆ دەست دەکەین بە بەشی دوو ژمارەکان لە ٦ تا ٩ وە لەدوایدا سفر پاشان ١٠ دەخوێنین. بەراورد لە نێوان ئەم ژمارانە و کۆمەڵە شتەکان دەکەین. دەزانین کام کۆمەڵە پتر یان کەمتر شتی تێدایە. ئەم لاپەڕەیە هەندێ زاراوەی بیرکاری نوێ وچالاکی لە خۆ دەگرێت بەیەکەوە لە ماڵەوە پێی هەڵدەستین.

لەگەڵ ڕێزدا

زاراوە نوێیەکانم

پترە لە (زیاترە لە)

کەمترە لە

زاراوەکان

پترە لە ٨ پترە لە ٧

کەمترە لە ٧ کەمترە لە ٨

چالاکی

- کۆمەڵەکان کە ٦ یان ٧ یان ٨ یان ٩ شتی تێدایە پێشکەش بە منداڵەکەت بکە. داوای لێبکە شتەکانی هەریەکەیان بژمێرێت.
- دووبارە داوای لێبکە بەراوورد لە نێوان ژمارەی شتەکانی ناو دوو کۆمەڵە بکات. پاشان پرسیاری لێبکە کام کۆمەڵە پتری تێدایە.
- دوو حەلوا بەمنداڵەکەت بدە. داوای لێبکە دانەیەکی بخوات، ئەوەی تریانت بداتێ. پرسیاری لێبکە، چەند پارچە حەلوات لاماوە.

١٨

پەیوەندی لەگەڵ کەسوکار

نامە

ئەو نامەیەی بۆ کەسوکاری دەنێری بۆیان بخوێنە تا بە تەواوی گوێبیستی دەبن، گرنگی هاوکاری و پەیوەندی پەروەردەیی لە نێوان قوتابخانە و ماڵ بۆیان باسبکە داوایان لێبکە واژۆی بکەن، دەکرێت واژۆکە بە هێمایەکی بچووك بکرێت، دەشێت بەشێکی زۆر لە قوتابیان هەمان هێما بەکاربهێنن بۆ واژۆکردن، وە دەشێت قوتابی دوای گەورەبوون و پێشکەوتنی کەسایەتی واژۆکەی بگۆڕێت.

ئاگاداریە... بۆ شرۆڤەکردنی زاراوەی یەکەم بۆ نموونە، پێویستە شتە بەرجەستەکان بەرانبەر یەك بکەی، قوتابی دەست بکات بە ژماردن و نوسینی هێمای ئەو ژمارەیەی کە پەیوەندی بە ژمارەی دانەکانی هەیە، پێویستە وەڵامی یەك لەو پرسیارانە بداتەوە کە یەك لە دوای یەك ئاراستەی دەکرێت: وەك ئەو ژمارەیە کامەیە کە لە دوای ژمارە ٢ دێت ئەو ژمارەیە کامەیە کە لە دوای ژمارە ٣ دێت، بەمشێوەیە تا بۆی دەردەکەوێت کەوا ژمارە ٦ زیاترە لە ژمارە (٥) بە ١ .

ئەم زاراوە نوییانە بە پێی پێویست لەسەر ئەو تەختە تایبەتەی بۆ ئەم مەبەستە دانراوە لە هۆلی پۆل یەك لە دوای یەك زیاد بکە.



شرۆڤەکردنی زاراوەکان

شەش: پترە لە پێنج بە یەك.
حەوت: پترە لە شەش بە یەك.
هەشت: پترە لە حەوت بە یەك.
نۆ: پترە لە هەشت بە یەك.
سفر: واتە هیچ
دە: پترە لە نۆ بە یەك.

Star Group

وانەی ١ بە ٦ و ٧ ئاشنا دەبم

پلانی وانەکە

ئامانج: هێندە کە خۆی دەنوێنێ وە دەیژمێرێ و جیا دەکاتەوە لە ڕێگای ڕێکخستنی جیاوازداو جیاکردنی پەیوەندی نێوان ژمارەکان لە ١ تا ٧ و ٦ و٧ دەنووسێت.

زاراوەکان: شەش، حەفت

کەرەستەکان: بۆ هەر قوتابیەك ٧ شەش پاڵوی ڕەنگ کراو.

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان.
- گەیاندن

ڕۆژانە

ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە؟

لێبگەڕێ با قوتابیەك ناوی ئەو ڕۆژانە بڵێ کە دەیزانیت. لێبگەڕێ با هاوڕێکانی یارمەتی بدەن.

ڕێنمایی... قوتابیان بۆ نووسینی هێمای ژمارەکان ناوە بە ناوە بە بەردەوامی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ پێویستیان بە راهێنان کردن هەیە. هێمای ژمارە بریتیە لەو شێوەیەی کە بۆی دەنووسرێت. هێمای ٧ حەوت نیشانەیە بۆ ژمارە ٧ کە قوتابیان لە کاتی چیرۆکەکان و یارییەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە.

چالاکی

تاك

هەستی – جوڵەیی – بینین

داوا لەهەر قوتابیەك بکە:

- کۆمەڵەیەك لە ٥ چوارگۆشە پێك بهێنێت.
- یەك چوارگۆشەی بۆ زیادبکات، بڵێ ژمارەکە بووە چەند.
- یەك چوارگۆشەی تر زیاد بکات، ژمارەی نوێ بڵێت.
- وەسفی چوارگۆشەکان بە ڕێگای جیاواز بکات.

ڕاسپاردەکان: ئەم پرسیارانە ئاڕاستەی قوتابیان بکە لەکاتی کارکردنیان.

- **ژمارەی چوارگۆشەکانی کۆمەڵەی دواین چەندە؟** ٧. **چۆن دەژمێری؟**
  ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧.
- **ژمارەی شەش چەندی زیاترە لە ژمارەی ٥؟** ١.
  ژمارەی ٧ چەندا زیدەترە لە ژمارا ٦؟ ١.
- **ئایا ژمارەکان دەگۆڕێت کاتی پێك هێنانا کۆمەڵا؟** نەخێر.

چاودێری کاری قوتابیان بکە و هەوڵبدە هەموو قوتابیان بەشداری بکەن. ژمارەکانی ٦ و ٧ لەسەر تەختە بنووسە، کاتێك دەبینیت ئەم کارە گونجاوە.

چالاکییەکە کورت بکەرەوە بە داواکردنی لە یەکێك لە قوتابیان بە پێکهێنانی کۆمەڵەیەك لە ٧ چوارگۆشە و ڕیزیان بکات بە چەند ڕێگەیەکی جیاواز.



ڕێکخستنی وانەی ١

پرسیاری ئەمڕۆ

لەسەر تەختەیەك ٦ بازنە بە ریز وێنە بکێشە لە ژێریدا وێنەی ٧ بازنەی تر وێنە بکێشە. پرسیار بکە **کام کۆمەڵەیان زیاتری تێدایە؟**

دووەم

ڕێگە بدە دوو قوتابی بێن هەریەکە لە کۆمەڵەکان بژمێرێت تۆش هەر بازنەیەك نیشان دەدەیت لەکاتی ژماردندا. ڕێگە بە قوتابیان بدە ئەو کۆمەڵە دیاری بکات کەمترینی تێدایە و ئەو کۆمەڵەی زۆرترینی تێدایە. ٦ لە بەردەم یەکەم داو ٧ لە بەردەم دووەم دەنووسم.

١ پێشکەشکردن

- هەر قوتابیەك ٧ شەش پاڵووی بدەرێ.
- داوا لە هەر یەك لە قوتابیەکان بکە کۆمەڵەیەك پێکبهێنن لە ٥ شەش پاڵوو.
- بڕۆ لای هەموو قوتابیەکان: **هەریەك شەشپاڵوویەکیان بۆ زیاد بکە؟**
- بپرسە ئێستا چەند شەشپاڵووتان لایە؟ ٦
- ٦ لەسەر تەختە بنووسە.
- شەش پاڵوویەکی تریان بۆ زیاد بکە.
- بپرسە ژمارەی شەش پاڵووەکان بوون بە چەند؟ ٧
- ٧ لەسەر تەختە بنووسە.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- داوا لە قوتابیان بکە لە لاپەڕە (١٩) وردبینەوە، وە گوێ لەو ڕێنماییانە بگرن کە لە وانەکانی ڕابردوودا هاتبوو دەربارەی لە یەکتر جیاکردنەوەی ژمارەکان لە ١ تا ٥، وە لەم وانەیە لە نێوان ٦ و ٧ لەمیانەی چەسپاندنی چەمکی ژمارە ٧ لەلای قوتابی و بەراوردکردن لە نێوان هەردوو ژمارەی ٦ و ٧ وە ناساندن و خوێندنەوە و نووسینی هێمای ژمارە ٧.



وانەی ١

بە ٦ و ٧ ئاشنا دەبم

٥ [✓ ٦] ٧

٥ ٦ [✓ ٧]

- 🐟 چۆلەکەکان لە سەرهەر چڵێك دەژمێرم و ژمارەکەی دەنووسم.
- ❤ ★ چۆلەکەکان لە هەر کۆمەڵەیەکدا دەژمێرم و ژمارە گونجاوەکە دەور دەدەم.
- ✿ وێنەی هێلکەی زیاتر دەکێشم بۆ ئەوەی ٦ بەدەست بهێنم. ژمارەکە دەنووسم.
- 🐢 وێنەی هێلکەی زیاتر دەکێشم بۆ ئەوەی ٧ بەدەست بهێنم. ژمارەکە دەنووسم.

١٩

- دەست بکە بە خستنەڕووی ٦ شت وەك پێنووس بۆ نموونە، داوا لە یەکێك لە قوتابیەکان بکە بیانژمێرن، لە دواییدا هێمای ژمارە ٦ بنووسن پاشان پێنووسێکی تری بۆ زیاد بکە وە داوا لە قوتابیەکی تر بکە با سەر لە نوێ هەموویان بژمێرێ بەم جۆرە ژمارە ٧ وەك ژمارەیەکی نوێ پێشکەش دەکرێت، چالاکیەکە دووبارە بکەوە بە بەکارهێنانی شەش شتی تر. ئینجا دەست بکە بە چالاکی لاپەڕە (لاپەڕەی وانە).
- داوایان لێبکە چالاکی ماسی جێبەجێ بکەن ئینجا ئەوانی تر بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە دەیاندەیتێ.

ڕێنمایی... لەمیانەی شیکارکردنی پرسیاری ئەمڕۆ، قوتابیان دەتوانن کۆمەڵە کەمترەکان یان پترەکان دیار بکەن بەبێ ئەوەی ژمارەی دانەکانی هەر کۆمەڵەیەك بژمێرن، ئەوەش لەمیانەی جووت کردنی ژمارەی دانەکانی هەردوو کۆمەڵەکە لە دواییدا یارمەتی قوتابیان دەدات لە دواڕۆژدا کارامەیی خەملاندنی ژمارەی دانەکانی کۆمەڵە گەورەکان بەدەست بێنن.



ڕاهێنان دەکەم

🐟 ٦ ٦ ٦ ٦ ٦

🐢 ٧

★ ٥ [✓ ٦] ٧

❤ ٥ ٦ [✓ ٧]

✿ ٧ ٧ ٧ ٧ ٧

- 🐟 ٦ دەنووسم.
- 🐢 وێنەی باڵندەی زیاتر دەکێشم هەتا ٧ بەدەست بێنم.
- ★ ❤ ژمارە گونجاوەکە دەوردەدەم.
- ✿ ٧ دەنووسم.

🏠 چالاکی ماڵەوە • بەبیر منداڵەکەت بێنەوە کە ڕۆژەکانی هەفتە ٧ ڕۆژن، بەشداری لەگەڵ بکە بۆ ناو هێنانی ڕۆژەکان، داوای لێبکە پەنجەیەکی بەرز بکاتەوە بۆ هەر ڕۆژێك ناوی دێنێت، ئەو پەنجانەی بەرزی کردۆتەوە بیانژمێرێت.

٢٠



ڕاهێنان ٢-١

قوتابخانە..........ناوی قوتابی..........پۆل: یەکەم هۆبەی.......بەروار / /

وانەی ٢-١

بە ٦ و ٧ ئاشنادەبم

🐟 ٦

★ [✓ ٥] ٦

✿ ٥ [✓ ٦]

❤ ٥ ٦ [✓ ٧]

- 🐟 کۆمەڵەی ٦ پێنوس وێنە دەکێشم و ژمارەکەی دەنووسم
- ✿ ★ ❤ دەژمێرم و ژمارەکە دەوردەدەم

ڕاهێنان ل ٧

ئاگاداربە.. هەڵەی باو دەشێ هەندێ لە قوتابیان هەڵە بکەن لە نووسینی هەندێ هێمای ژمارەکان، لای راست بۆ لای چەپ هەڵدەگێڕنەوە وە هەروەها چەپ بۆ راست کاتێك ٢ دەنووسن بەم شێوەیە دەینووسن ٦ بە وردی ڕێنماییان بکە وچاودێری کارەکانیان بە.

٣ ڕاهێنان

داوا لە قوتابییان بکە ئەو راهێنانەی کە لە لاپەڕەی ٢٠دا هاتووە شیکاری بکەن

داوا لە قوتابیان بکە چالاکیەکانی لاپەڕە ٢٠ جێبەجێ بکەن.

ئاگاداربە...

داوا بکە با راهێنانەکانی 🐢، ★، ❤ کە کرداری ژماردنە لەلایەن قوتابیان شیکار بکرێت، ئەگەر بینرا کەوا قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لەکاتی ژماردنیان، چەند تەنێك یان چەند شتێکیان بدەرێ کە لە ژینگە و دەوروبەری قوتابیان هەبێت و ژمارەیان هەندەی ئەو ژمارەیە بێت کە هەڵەیان تیا کردووە، وە داوایان لێبکە تەنەکان بژمێرن بە چەند ریزکراوەیەکی جۆراوجۆر، وە پەنجە لەسەر تەنەکان دابنێن لەکاتی ژماردن وە بڵێن یەك، دوو، سێ... بەم شێوەیە.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی پۆل

داوا لە قوتابیان بکە ژمارە ٦، ٧ بنووسن لەکاتی نووسین دڵنیابە لە پەیڕەوکردنی ڕێنماییەکانی نووسین داوایان لێبکە کۆمەڵەکانی ٦ و ٧ پێکبهێنن، وە ئەو هێمایە بنووسن کە ژمارەی دانەکانی هەر کۆمەڵەیەك دەنوێنێ.

ئەرکی ماڵەوە

داوا لە قوتابییان بکە ئەو راهێنانەی کە لە وانەی ٣-١ دا هاتووە لە کتێبی راهێنان لە ماڵەوە شیکار بکەن.

وانەی ٢ بە ٨ و ٩ ئاشنا دەبم

پلانی وانەکە

ئامانج: هێندە کە خۆی دەنوێنی وە دەژمێری و جیادە کاتەوە بە ڕێگای ڕێکخستنی جیاواز، پەیوەندی نێوان ژمارەکان لە ١ تا ٩ جیادە کاتەوە و ٨ و ٩ دەنووسێ.

زاراوەکان: هەشت، نۆ

کەرەستەکان: بۆ هەر قوتابیەك ٩ شەشپاڵوی ڕەنگکراو، کارتی پێوە نووساو.

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان.
- گەیاندن.

ڕۆژانە

ژمارەی قاچەکانی یەك مێز چەندە؟ ٤

ژمارەی قاچەکانی دوو مێز چەندە؟ ٨

لە قوتابیان بگەڕێ با بیر بکەنەوە.

هانیان بدە لەسەر ژماردن.

پێشینەی بیرکاری

ژمارەی وانەکانی ناو کۆمەڵەیەك ناگۆڕێ، ئەگەر شێوەی ڕیزکردنیان گۆڕا. قوتابیان وا بە باشی دەزانن کە شتەکان ڕیزبکەن لەسەر دوو هێڵ بە شێوەیەکی یەکسان.

ئەم کارە بەرەنگاربوونەوەیان دەکات لەگەڵ ژمارەی ٩ دا. بەزوویی ئاشکرا دەبێت لە لایان کە لە توانایاندایە بە ٣ ڕیز ژمارەی ٩ بەدەست بهێنن.

ئەم چالاکییە پێشەکییەکی باش دروست دەکات لەلای قوتابیان بۆ بیرکردنەوە لە ڕاستییەکانی بیرکاری کە لە ئایندەدا دەردەچێ، وەك چەمکی ژمارە جووتەکان و ژمارە تاکەکان.

چالاکی

هەموو پۆلەکە

هەستی– جولەیی–بینین

داخازا لەهەر قوتابیەك بکە

- کۆمەڵەیەکی ٧ شەشپاڵوی پێك بهێنیت.
- شەش پاڵویەکێ لەسەریان زیادبکات، ژمارە نوێیەکە بڵێت.
- شەشپاڵویەکی تر زیاد بکات، ژمارەکە دەبێتە چەند.

ڕاسپاردەکان: ئەم پرسیارانە ئاراستەی قوتابیان بکە لەکاتی کارکردنیاندا:

- **چۆن کۆمەڵەی ٨ بە دەستمان کەوت؟** شەشپاڵویەکمان زیاد کرد لەسەر کۆمەڵەی حەوت.
- **چۆن کۆمەڵەی ٩ بەدەستمان کەوت؟** شەش پاڵویەکمان زیاد کرد لەسەر کۆمەڵەی هەشت.
- **چۆن دڵنیا دەبین کە ٩ پەپکەمان هەیە؟** دەیژمێرین.
- **ئایا ژمارەی کۆمەڵەی ٩ دەگۆڕێ لە کاتی گۆڕینی ریزکردنیان؟** نەخێر

چاودێری کاری قوتابیان بکە و هەوڵبدە هەموو بەشداری بکەن.
ژمارەی ٨ و ٩ بنووسە لەسەر تەختە لە هەر بۆنەیەکدا.
داخازا لە قوتابیان بکە ڕێگاکانیتری جیاواز دیار بکەن بۆ پێك هێنانی ژمارە ٩ بە بەکارهێنانی کارتی (پێوەنووساو).

ڕێکخستنی وانەی ٢



وانەی ٢

بە ٨ و ٩ ئاشنا دەبم

- پەنجەرەکانی فڕۆکەکە دەژمێرم و ٨ دەنووسم.
- پەنجەرەکانی فڕۆکەکە دەژمێرم و ٩ دەنووسم.
- وێنەی پەنجەرەی زیاتر دەکێشم بۆ ئەوەی ٨ بەدەست بێنم.
- وێنەی پەنجەرەی زیاتر دەکێشم بۆ ئەوەی ٩ بەدەست بێنم.

٢١

ڕێنمایی... دەتوانی دەست بەم وانەیە بکەیت لەمیانەی چالاکیە هاوشێوەکانی فێرکردنی هەردوو ژمارەی ٦ و ٧، واتە بە زیادکردنی ژمارەیەك بۆ ٥ ژمارە ٦ دەست دەکەوێ وە بە زیادکردنی ژمارەیەك بۆ ٦ ژمارە ٧ دەست دەکەوێ، وە ئێستا ژمارەیەك بۆ ٧ زیاد بکە لەمیانەی زیادکردنی ژمارەی دانەکانی کۆمەڵەیەکی دیاریکراو بە یەك دانە بۆ ئەوەی ببێتە ٨، بەمشێوەیە هەمان چالاکی لەسەر ژمارە ٨ دووبارەبکەوە بۆ ئەوەی ژمارەیەکی نوێت دەست کەوێت. ئەویش بریتیە لە ٩ .

پرسیاری ئەمڕۆ

کامِ لەمِ دوو کۆمەڵەیە زۆرترە (پترە) ؟

دووەم



١ پێشکەشکردن

- هەر قوتابیەك ٩ شەش پاڵوو یان شتی تری بدەرێ کە لە ژینگەی قوتابیدا هەبێت.
- لەگەڵ قوتابیان تا ٨ بژمێرە، وە داوا لە قوتابیان بکە شەشپاڵوو لەسەر مێز دابنێن هەر کاتێك ناوی ژمارەیەك هات.
- بپرسە **چەند شەش پاڵوو ئێستا لە پێشتە؟** ٨
- ژمارە ٨ لەسەر تەختە بنووسە.
- داوا لە قوتابیان بکە شەش پاڵوویەکی تر بۆ هەشتەکە زیادبکەن.
- بپرسە **ژمارەکە بوو بە چەند؟** ٩
- بەرەو دوا بگەڕێوە، لە ٩ دەست پێبکە، وە داوایان لێبکە هەر کاتێك ناوی ژمارەیەك هات شەش پاڵوویەك لەسەر مێزەکە هەڵگرن، تا شەش پاڵووەکان بە کۆتا دێت.
- ژمارە ٩ لەسەر تەختە بنووسە.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- داوا لە قوتابیان بکە لە لاپەڕە ٢١ وردببنەوە، وە گوێ لە ڕێنماییەکان بگرن.
- داوایان لێبکە چالاکی ماسی ئینجا چالاکییەکانی تر جێبەجێ بکەن، بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە دەیاندەیتێ.

ئاگاداربە... دەتوانی تەلێکی کانزا جێگیربکە لەسەر تەختەیەك بەشێوەیەکی ستوونی لەگەڵ ٧ ئەڵقە بەکاربهێنیت، دەست بکە بە دانانی ئەڵقەکان یەك لە دوای یەك لەناو تەلەکە، لەم میانەدا کرداری ژماردن بەکاربێنە بۆ ئەوەی جێگیر بێت لەسەر بنچینەکە، لە دواییدا دەربارەی ژمارەی ئەڵقەکان لە هەر جارێکدا بپرسە وە داوا لە یەکێك لە قوتابییەکان بکە ژمارەکە بنووسێت لە هەر جارێکدا تا دەگاتە ژمارە (٧)، وە ئەڵقەیەکی تری بۆ زیاد بکەوە دەربارەی ژمارەی ئەڵقەکان پرسیار لە قوتابیەکی تر بکە و ناوی ژمارە ٨ بهێنە. ئەم چالاکیە دووبارە بکەوە بە زیادکردنی ئەڵقەیەکی تر بۆ ٨ تا دەگەیتە ژمارە ٩ .

٣ ڕاهێنان

داوا لە قوتابییان بکە ئەو ڕاهێنانەی کە لە لاپەڕەی ٢٢دا هاتووە شیکاری بکەن

- داوا لە قوتابیان بکە چالاکی ماسی لە لاپەڕە ٢٢ جێبەجێ بکەن ئینجا دەست بکەن بە جێبەجێکردنی ئەو چالاکیانەی کە ماونەتەوە.

ئاگاداربە... هەڵەی باو هەندێ لە قوتابیان نووسینی هەردوو ژمارەی ٧ و ٨ تێکەڵ بە یەك دەکەن، هێمای ٧ بۆ ژمارە ٨ دەنووسن کە پێچەوانەکەی دروستە بۆ چەسپاندنی هێمای ژمارە لەلایەن ئەم قوتابیانە، داوایان لێبکە بە پەنجە لە هەوادا وێنەی ژمارەکە بکێشن لە دواییدا لەسەر تەختە بەناوهێنانی ژمارەکە بە دەنگێکی بەرز.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی پۆل

- ٩ شەش پاڵوو بدە هەر قوتابییەك، وە داوایان لێبکە ریزێك لە ٧ دانە و ریزێکی تر لە ٢ دانە پێك بهێنن.
- بپرسە ئێستا لە هەر ریزێکدا چەند هەیە؟ ٧ و ٢
- داوا لە قوتابیان بکە هەردوو ریزەکە بکەنە یەك ریز.
- بپرسە چەند شەش پاڵوومان هەیە لەم ریزە؟ ٩
- ئەم چالاکیە لەگەڵ ژمارەکان ٧ و ١، ئینجا ٦ و ٢ ئینجا ٥ و ٤، ئینجا ٦ و ٣ دووبارە بکەوە.

ئەرکی ماڵەوە

داوا لە قوتابییان بکە ئەو ڕاهێنانەی کە لەوانەی ٢ – ٢ دا هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان لە ماڵەوە شیکار بکەن.



ڕاهێنان دەکەم

بڵقەکان لە هەر کۆمەڵەیەکدا دەژمێرم. ژمارەکە دەنووسم.

ژمارە گونجاوەکە دەور دەدەم.

٨ دەنووسم. ٩ دەنووسم.

چالاکی ماڵەوە • داوا لە منداڵەکەت بکە قاپەکانی دوو کورسی بژمێرێت. یارمەتی بدە لەسەر دۆزینەوەی کۆمەڵەیەك کە ٨ شتی تێدا بەرکەوێت.

٢٢



ڕاهێنان ٢–٢

قوتابخانە..........ناوی قوتابی..........پۆل یەکەم هۆبەی ......بەروار / /

بە ٨ و ٩ ئاشنادەبم

وانەی ٢-٤

بخەمەکان دەژمێرم وژمارەیان دەنووسم.

٨ ڕاهێنان

Star Group

وانەی ٣ سفر دەناسم

پلانی وانەکە

ئامانج: سفر دەناسێ وجیایدەکاتەوە و دەینووسێ.

زاراوەکان: سفر، کەمترە بە یەك.

کەرەستەکان: بۆ هەر قوتابیەك ٥ شەش پالۆ، کارتی ژمارەکان لە سفر تا ٥ .

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- جەبر
- گەیاندن

ڕۆژانە

- ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە؟
- دوێنێ چ ڕۆژێك بوو؟
- سبەینێ چ ڕۆژێکە؟

گفتوگۆ لەگەڵ قوتابیان بکەو هەڵەکان ڕاست بکەرەوە.

پێشینەی بیرکاری

شارستانییەت زۆر گەشەی کردووە بە درێژایی مێژوو، سیستەمی ژماردنی جیاواز بەکار هاتووە بۆ سفر. بەڵام سفر دەرنەکەوتووە لە سیستەمی ژماردن لە سەرەتادا و ڕوونکراوەتەوە بە بەکارهێنانی وێنە. لەوانەیە شێوەی نووسین بۆ(سفر)، کە لە شێوەی خاڵدایە هەندێ جار بۆتە کێشە لای قوتابیان .

ژماردنی بەرەوپاش وا دەکات دورخستنەوەی دانەکان لە کۆمەڵەکە دەرفەتێکی باشبێت بۆ هێنانەوەی سفر.

چالاکی

هەموو پۆلەکە

هەستی — جوولەیی

داوا لەهەر قوتابیەك بکە:

- کۆمەڵەیەك پێك بهێنیت لە ٥ شەش پالۆ ولە تەنشتیدا کارتی ژمارە (٥) دابنێ.
- یەك شەش پالۆ لە کۆمەڵەکە کەم بکات، وکارتی ژمارەی گونجاو لە تەنیشت کۆمەڵە تازەکەوە دابنێ.
- شەشپالۆوەکان یەك لە دوای یەك کەم بکات، کارتی ژمارەی گونجاو دابنێ لەهەر جارێك دا لەلای کۆمەڵەکە کەماوەتەوە.
- سفر دابنێ کاتێك هێچ شەش پالۆیەك لەکۆمەڵەکە دا نامێنی.

ڕاسپاردەکان: ئەم پرسیارانەی خوارەوە ئاراستەی قوتابیان بکە لە کاتی کارکردندا.

- چەند شەش پالۆ دەمێنیتەوە لە کۆمەڵەی پێنج، کاتێك شەش پالۆیەکی لێ لادەبەین؟ ٤
- ئیستا لە کۆمەڵەیەکدا یەك شەش پالۆت هەیە، چەند شەش پالۆ دەمێنێتەوە کاتێك شەش پالۆوەکە لا بدەیت؟ سفر
- ئەو ژمارەیە کامەیە بچووکترە لە ١ ؟ سفر

گەشە پێدانی بیرکردنەوەی جەبری:

کرداری بەراوردکردن لە نێوان ژمارەکان دامەزراوە بۆ تێگەیشتنی نایەکسانییەکان



ڕێکخستنی وانەی ٣

پرسیاری ئەمڕۆ

پرسیار بکە چەند ئۆتۆمبێل هەیە لە پۆلدا؟ سفر.
قوتابیان هانبدرێت بۆ ناوهێنانی ئەو شتانەی کە لە پۆلدا نین، هانبدرێن بۆ بەکارهێنانی وشەی سفر.

١ پێشکەشکردن

- بەدەستی راست ٤ پێنووس بگرە. دەستی چەپت با بەتاڵ بێت. بپرسە چەند پێنووس لە دەستی راستدا هەیە؟ ٤
- چەند پێنووس لە دەستی چەپدا هەیە؟ هیچ
- چالاکیەکە لەگەڵ ٣ پێنووس لە دواییدا لەگەڵ ٢ و ١ و تا دەگەیتە هیچ دووبارە بکەوە.

بپرسە **چەند پێنووس لە دەستی راستدا هەیە؟** هیچ
لەناکاو بپرسە: **ئایا یەکێك لە ئێوە فرۆکەی دیوە لە پۆلْ؟**
نەخێر بپرسە: **چەند بەڕێوەبەر لە پۆلەکەتانە؟** هیچ یەکێك

- لێرەدا دووپات بکەوە کە هیچ شت واتای سفر دەگەیەنێ وە هێمای سفر لەسەر تەختە بنووسە.
- ئێستا ٦ کیسەی کاغەز ئامادە بکە.
- لەسەر هەر کیسەیەك ژمارەکان لە ٠ تا ٥ بنووسە (ژمارەیەك لەسەر هەر کیسەیەك).
- لەناو هەر کیسەیەك ژمارەیەك شەش پاڵوو دابنێ لەگەڵ ئەو ژمارەیەی لەسەری تۆمار کراوە جووت بێت.
- کیسەی خاوەن ژمارە (٥) هەڵگرە.

بپرسە **ئەو ژمارەیەی لەسەر کیسەکە نووسراوە چەندە؟** ٥
داوا لە یەکێك لە قوتابیەکان بکە کیسەکە بکاتەوە، وە شەش پاڵووەکانی ناوی بژمێرێ، چالاکیەکە لەگەڵ کیسەکانی تر جگە لە کیسەی سفر دووبارە بکەوە، لە دواییدا لەگەڵ کیسەی سفر دووبارە بکەوە.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

داوا لە هەموو قوتابییەکان بکە پەنجە لەسەر چالاکی ماسی دابنێن لە لاپەڕە ٢٣

- بپرسە **ئایا جۆلانە هەیە هیچ منداڵی لەسەر نەبێت؟** بەڵێ.
- داوا لە قوتابیان بکە نیشانەی × لەسەر ئەو جولانەیە دابنێن.
- ڕێنماییەکانی ئەو چالاکیانەی کە ماونەتەوە بخوێنەوە، وە داوا لە قوتابیان بکە جێبەجێی بکەن.
- ژمارەی سفر لەسەر تەختە بنووسە، وە داوا لە قوتابیان بکە ئەم ژمارەیە بنووسن.



وانەی ٣

سفر دەناسم

٠ ٢ ٠ ٢

٠ ٣ ٠ ٣

- هێمای × لەسەر ئەو جۆلانەیە دادەنێم کە منداڵی تێدا نییە.
- ژمارەی ئەو چۆلەکانە بەور دەدەم کە لە هێلانەکەدان.
- هێمای × لەسەر ئەو هێلانانە دادەنێم کە چولەکەی تێدا نییە.
- ژمارەی پەنجەرەکان لە هەر بەلەمێك دا بەور دەدەم

٢٣

ئاگاداربە... سفر ژمارەیە، بەڵام بە ژمارەکانی ژماردن دانانرێت، واتە لە کۆمەڵەی ژمارەکانی ژماردن دا نییە.

پێشینەی بیرکاری

ئەوانەی بۆ یەکەمجار سفریان ناسی بابلیەکانی دانیشتووی عێراق بوون، پاشان سفر گواستراوە بۆ هیند ئەوان هێمایەکی تایبەتیان بۆ داناو ناویان نا «sunya» بە مانای بۆشایی یان بەتاڵ دێت وە خاڵ بۆ دەربڕینی بەکاردێت بەهای خانەیەکی بەتاڵ بۆ ژمارەیەك دەنوێنێ، بۆ نموونە: سفر سوودی هەیە بۆ نووسینی ژمارە ٦٠٤ کە پێکدێت لە ٦ سەدان و ٤ یەکان و هیچ لە دەیان، لە دواییدا وشەی «sunya» گۆڕا بۆ عەرەبی و ناونرا سفر، پاشان گواستراوە بۆ ئەورووپا بوو بە «cipher» ئینجا «zero» سفر دانەیەکی بێ لایەنە و هیچ ژمارەیەکی تر ئەم سیفەتانەی تیا نییە:

(١) بە ژمارەیەکی سەرەکی دادەنرێت بۆ کۆمەڵەی بەتاڵ، هێمایەك دەنوێنێ یان سیفەتێکی هاوبەشە بۆ هەموو ئەو کۆمەڵانەی هیچ یەکێکیان هیچ دانەیەك لەخۆ ناگرێت.
(٢) سفر نە نیشانەی سالب و نە نیشانەی موجەبی هەیە خاڵی سەرەتای هەڵبژێردراوە لەسەر هێلی ژمارەکان لەوێدا دەکرێت بپێوی بە هەردوو ئاراستەی موجەب یان سالب.

٣ ڕاهێنان

داوا لە قوتابییان بکە ئەو ڕاهێنانەی کە لە لاپەڕەی ٢٤دا هاتووە شیکاری بکەن

داوا لە دوو قوتابی بکە لە نێوان خۆیان گفتوگۆ بکەن و نموونە بهێننەوە لەسەر ژمارە سفر.

ڕێگابە قوتابیان بدە چالاکیەکانی لاپەڕە ٢٤ جێبەجێ بکەن دوای ئەوەی ڕێنمایی تایبەت بە هەر چالاکیەك پێاندەدرێت.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی پۆل

- هەر قوتابیەك ٥ شەش پاڵووی بدەرێ.
- کارتی ژمارەکانی نێوان سفر و پێنج بەرزکەوە و داوا لە قوتابیان بکە کۆمەڵەیەك لە هەمان ژمارە پێکبهێنن.
- داوایان لێبکە کۆمەڵەکە بە وێنە دەرببڕن و ژمارەکە بنووسن.
- دڵنیابە لە بەکارهێنانی سفر ئەگەر بەلای کەمی یەك جاریش بێت.

ئەرکی ماڵەوە

داوا لە قوتابییان بکە ئەو ڕاهێنانەی کە لەوانەی ٢ – ٣ دا هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان لە ماڵەوە شیکار بکەن.

ئاگاداریە... بۆ ئەوەی دڵنیا بیت کەوا قوتابیان ژمارە سفر تێگەیشتینە، پێویستە چەند وێنەی جیاواز لەسەر تەختە هەڵواسی وەك وێنەی (ئۆتۆمبێل و پێنووس..) پێویستە ژمارەی وێنەکانی یەك جۆر لە ٤ وێنە زۆرتر نەبێت) وەك: (٤ ئۆتۆمبێل، ٣ پێنووس..)
داوا لە قوتابیان بکە با هەستن بە بەراوردکردن لە نێوان وێنە و ژمارەکان: ٠، ١، ٢، ٣، ٤ .



ڕاهێنان دەکەم

نوتومبێلەکان دەژمێرم. ژمارەکە دەنووسم.

چالاکی ماڵەوە • لە قاپێکدا (دەفر) ٤ میوە دابنێ داوا لە منداڵەکەت بکە بیانژمێرێ. یەك میوە دەربهێنە و داوای لێبکە ئەوەی ماوە بیژمێرێ. ئەم کردارە دووبارە بکەوە هەتا قاپەکە هیچی تێدا نامێنێ. لەوە دڵنیابە کە منداڵەکەت سفر بەکاردەهێنێ.

٢٤



ڕاهێنان ٢-٣

قوتابخانە..........ناوی قوتابی..........پۆل یەکەم هۆبەی.......بەروار / /

سفر دەناسم

وانەی ٢-٣

سفر

٣ ٤ ٥

٠ ١ ٩

٦ ٧ ٨

٠ ٢ ٦

سەیری وێنەکە دەکەم و ژمارەکە دەخوێنمەوە و دەینووسم.

ژمارە گونجاوەکە دەور دەدەم

ڕاهێنان ل ٩

وانەی ٤ ١٠ دەناسم

پلانی وانەکە

ئامانج: هێندە کە خۆی دەنوێنی و دەیژمێری و جیایدە کاتەوە بەپێی پێکهاتەی جیاواز پەیوەندی نێوان ژمارەکان لە ١ تا ١٠ جیادە کاتەوە، ١٠ دەنووسێت.

زاراوەکان: دە

کەرەستەکان: بۆ هەر قوتابیەك ١٠ پەپکەی ڕەنگکراو، کارتی پێوە نووساو.

پێوەرەکان

– ژمارەکان و کردارەکان.

ڕۆژانە

پەنجەکانی هەردوو دەستت بژمێرە

چەند پەنجەت هەیە؟

قوتابیان ژمارەی دە ڕوون دەکەنەوە بەهۆی پەنجەکانیان.

پێشینەی بیرکاری

ژمارەی ١٠ ژمارەیەکی بنچینەییە لە سیستەمی دەیی دا. بەکاری دەهێنین بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەکان لە دە، ژمارەی ١٠ ژمارەیەکی سەرچاوەیە بەهۆی ژمارەی ١٠ زۆر لە ژمارەکان بەراورد دەکەین.

چالاکی

هەموو پۆلەکە

هەستی – جوڵەیی

داوا لە هەر قوتابیەك بکە:

- کۆمەڵەیەك لە ٩ پەپك پێك بهێنیت.
- یەك پەپك زیاد بکات، ژمارە نوێیەکە دیاری بکات.
- شێوەی کۆمەڵەکە بە چەند ڕێگایەکی جیاواز پێك بهێنی.
- بەراورد بکات لە نێوان شێوەی کۆمەڵەکەی و کۆمەڵەکانی هاوڕێ کانی.

ڕاسپاردەکان: ئەم پرسیارانە ئاراستەی قوتابیان بکە لەکاتی کارکردنیان دا:

- **ژمارەی ١٠ چەندی زیاترە لە ژمارەی ٩؟** یەك.
- **چۆن دڵنیا دەبیت کە ژمارە نوێیەکە ١٠ یە؟** پەپکەکان دەژمێرم.
- **ئایا پتر لە دوو ڕێگە هەیە بۆ پێکهێنانی ژمارە (١٠) یان کەمتر؟** پتر.

ژمارەی ١٠ لەسەر تەختە بنووسە لە هەر بوونەیەکدا.
چاودێری قوتابیان بکە و هەوڵبدە هەموو قوتابیان بەشدار بن.

داوا لە قوتابیان بکە کارتی پێوەنووساو بەکاربهێنن بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەی ١٠ لە دوو ڕیزدا کە هەمان ژمارەیان هەبێت. لێ بگەڕێ با یەکێك لە قوتابیان کە ئەم کارەی چۆن تەواوکردووە لەبەر چاوی قوتابیەکانی تردا دیاربکات.

ڕێکخستنی وانەی ٤

پرسیاری ئەمڕۆ

داوا لە قوتابیان بکە ٩ پەپکە بخەنە ناو کوپێك، پەپکە لە دوای پەپکە و لەگەڵیان بژمێرە (١، ٢، ٣) لەکاتی دانانی هەر پەپکەیەك.

ئێستا پرسیار بکە چەند پەپکە لەناو کوپەکە دایە؟ ٩ چەندی تر زیاد بکەین تاکو ژمارەیان بێت بە ١٠؟ یەك

١ پێشکەشکردن

دەتوانیت دەست بەم وانەیە بکەی هەروەك لە فێرکردنی ژمارە ٦—٩ دا هاتبوو (واتە بە زیادکردنی یەك دانە بۆ کۆمەڵەکە)، وە پێشکەشکردنی ژمارە ١٠ وەك ژمارەیەکی نوێ بە نووسین و خوێندنەوە و هێما.

- داوا لە قوتابیان بکە کۆمەڵەیەك لە دە دانە لە یەك ڕیز، لە دواییدا لە دوو ڕیز پێکبهێنن.
- ١٠ بنووسە لەسەر تەختە.
- لەسەر تەختە کۆمەڵەیەك وێنە بکێشە کە ژمارەی دانەکانی ٩ دانە بێت، وە لە بەرانبەری کۆمەڵەیەکی تر وێنە بکێشە ژمارەی دانەکانی ١٠ دانە بێت وەك ئەو وێنەی هاتووە.
- داوا لە قوتابیان بکە با دەست بکەن بە کرداری جووتبوون لە نێوان دانەکانی هەردوو کۆمەڵەکە بۆ زانینی ئەو کۆمەڵەیەی کە زۆرترین دانە لە خۆ دەگرێت. کۆمەڵەی دووەم
- داوا لە قوتابیان بکە با خۆیان دڵنیا بکەن لە دروستی وەڵامەکانیان بە کرداری ژماردنی دانەکانی هەر کۆمەڵەیەك.
- ئاشکرا دەبێت بۆ قوتابیان کەوا کۆمەڵەی دووەم ژمارەی دانەکانی زیاترە لە کۆمەڵەی یەکەم، لێرەدا دووپات بکەوە کەوا ژمارەی دانەکانی کۆمەڵەی دووەم بریتیە لە ١٠
- ژمارە ١٠ بخوێنەوە و ناوی بێنە و هێمایەکەی بنووسە بێ ئەوەی باس لە بەهای خانەیی بکەی.

کۆمەڵەی یەکەم ○○○○○○○○○

کۆمەڵەی دووەم ○○○○○○○○○○



وانەی

١٠ دەناسم

⑧ ٩ ١٠

- هەنگەکان دەژمێرم ١٠ دەنووسم.
- ★ وێنەی هەنگی زیاتر دەکێشم هەتا ١٠ بەدەست بێنم.
- پەپوولەکان دەژمێرم. ژمارە گونجاوەکە دەوردەدەم.
- ١٠ دەنووسم.

٢٥

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- واز لە قوتابیان بێنە با بیر لەو وێنەیە بکەنەوە کە لە چالاکی ماسی لە لاپەڕە ٢٥دا هەیە.
- بپرسە **چەند هەنگی تێدایە؟** ١٠
- ١٠ لەسەر تەختە بنووسە.
- داوا لە قوتابیان بکە با ژمارە ١٠ لە چالاکی ماسی بنووسن، ئینجا چالاکی لاپەڕە ٢٥ جێبەجێ بکەن بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە دەیاندەیتێ.
- چاودێری کاری قوتابیان بکە.

٣ ڕاهێنان

داوا لە قوتابییان بکە ئەو ڕاهێنانەی کە لە لاپەڕەی ٢٦دا هاتووە شیکاری بکەن

- داوا لە قوتابیان بکە چالاکیەکانی لاپەڕە ٢٦ جێبەجێ بکەن بەپێی ئەو ڕێنماییانەی دەیاندەیتێ.
- داوا لە ژمارەیەك لە قوتابیان بکە ژمارەکانی چالاکی ماسی بخوێننەوە.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی پۆل

- دوو قوتابی هەڵبژێرە، چەند شەش پاڵووی ژمارەکان بدە بە یەکێکیان.
- داوای لێبکە لە شەش پاڵووە یەکەمینەکان ژمارەیەك دیاری بکەن و لە شەش پاڵوو دووەمینەکان ژمارەیەکی تر دیار بکەن بە مەرجێك بە هەردووکیان کۆمەڵەیەکی (١٠)ی بن وەك ٥ و ٥ : ٤ و ٦ : ٦ و ٤ ... بەمشێوەیە.
- لە قوتابییەکەی تر بگەڕێ با دوو کۆمەڵە خاڵ وێنە بکێشێت تیایدا ژمارەی خاڵەکان دە خاڵ بێت، لە دواییدا با هەردوو قوتابییەکە ڕۆڵەکانیان بگۆڕنەوە.

ئەرکی ماڵەوە

داوا لە قوتابییان بکە ئەو ڕاهێنانەی کە لەوانەی ٢ – ٤ دا هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان لە ماڵەوە شیکار بکەن.



ڕاهێنان دەکەم

٨ ٩ ⑩

⑤ ٦ ٧

٨ ٩ ⑩

٦ ⑦ ٨

ژمارە گونجاوەکە دەور دەدەم.

چالاکی ماڵەوە • داوا لە منداڵەکەت بکە پەنجەکانی هەردوو دەستی بژمێرێت و ژمارەکە بنووسێت.

٢٦

ڕێنمایی... ئەگەر قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ بوونەوە لە دیارکردنی ئەو دوو ژمارانەی کە دە پێکدەهێنن، ئەم چالاکیە دەستیەی دێت جێبەجێ بکە.

- ٩ شەش پاڵووی ڕەنگی (سوور بۆ نموونە)، وە ٩ شەش پاڵوو لە ڕەنگەکی تر (شین بۆ نموونە) ئامادە بکە.
- ٩ شەش پاڵووی سوور (یان شین) لەگەڵ یەك شەش پاڵووی شین (یان سوور) لەسەر یەك دابنێ.
- لە قوتابیان بپرسە: **ژمارەی هەموو شەش پاڵووەکان چەندن؟** ١٠
- **ژمارەی شەش پاڵووە سوورەکان چەندن؟** ٩
- **ژمارەی شەش پاڵووە شینەکان چەندن؟** ١
- داوا لە قوتابیان بکە پێکهاتەکانی تری ژمارە ١٠ بدۆزنەوە وەك: ٨ و ٢ ، ٧ و ٣ ، ٦ و ٤ ، ٥ و ٥ ، ١ و ٩ ، ٢ و ٨ ، ٣ و ٧ ، ٤ و ٦ .
- هەروەها دەتوانی داوا لە قوتابیان بکەی پەنجەکانی دەستیان بەکاربهێنن بۆ پێکهێنانی ژمارە ١٠ : ٥ پەنجە لە دەستێك وە ٥ پەنجە لە دەستەکەی تر.



ڕاهێنان ٢–٤

قوتابخانە .... ناوی قوتابی .... پۆل: یەکەم هۆبەی ...... بەروار / /

١٠ دەناسم

وانەی ٢_٤

چاودێری وێنەکانی قوتابیان بکە

وێنەی میوەی زیاتر دەکێشم بۆ ئەوەی لە هەر کۆمەڵەیەك ١٠ بەدەستبهێنم

ل ١٠ ڕاهێنان

وانەی ٥ ژمارەکان ڕیزدەکەم

پلانی وانەکە

نامانج: ژمارەکان ڕیز دەکات لە ٦ تا ١٠

زاراوەکان: پێش، پاش، نێوان

کەرەستەکان: بۆ هەر دووانێك شەش پاڵوو و کارتی ژمارەکان.

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان.
- گەیاندن

ڕۆژانە

ناوی سێ ڕۆژی یەك لە دوای یەك بڵێ.

هەوڵبدە لەگەڵ قوتابیەکان و هەڵەکانیان ڕاست بکەوە.

پێشینەی بیرکاری

هەردوو کرداری بەراوردکردن و ڕیزکردن وا دادەنرێ کە دوو کرداری پێکەوە بەستراو و تەواوکەری یەکترن.

ئێمە ڕیزکردن بۆ بەراوردکردن بەکاردەهێنین هەروەها بە پێچەوانەوە.

پێویستە وشیار بین لەکاتی دانانی چەمکەکانی شوێنی بەستراو بەووشەکانی پێش، پاش، نێوان.

چالاکی

دوانی

هەستی – جولەیی

داوا لە هەر قوتابیەك بکە:

- ٦ شەش پاڵوو لەسەریەك دابنێ و هەروەها بۆ (٧ و ٨ و ٩ و ١٠) و ڕیزیان بکات یەك لە دوای یەك لە ٦ تا ١٠.
- کارتی ژمارەی گونجاو لەبەردەم هەر ڕیزێکدا دابنێ.
- ئەو ژمارەیە بڵێ کە دەکەوێتە نێوان دوو ژمارە.

ڕاسپاردەکان: ئەم پرسیارانە ئاڕاستە بکە لەکاتی کارکردنی قوتابیان:

- کەمترین شەش پاڵۆ لە کام ڕیزدایە؟ ٦.
  درێژترینیان چەندە؟ ١٠.
- چەند شەش پاڵۆ لەو ڕیزەدایە کە دەکەوێتە پێش ڕیزی حەوت؟ ٦. چۆن زانیت؟
  شەش پاڵووەکان دەژمێرم.
- چەند شەش پاڵۆ لەو ڕیزەدایە کە لە دوای ڕیزی حەفت دا دێت؟ ٨.
- ئەو ژمارەی نوسراوە لەسەر کارتی ئەو ڕیزە چەندە؟ ٨.
- ئەو ژمارە کامەیە دەکەوێتە نێوان ٨ و ١٠ ؟ ٩.

ڕێکخستنی وانەی ٥

پرسیاری ئەمڕۆ

چەند تەلارێك لە ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠ شەش پاڵوو پێکبهێنە.

بپرسە چۆن دەتوانین ئەم تەلارانە لە بچووکەوە بۆ گەورە ڕیز بکەین؟

لەسەر قوتابیان پێویستە تەلارەکان لە کورتەوە بۆ درێژ ڕێك بخەن، ئینجا لەسەریانە درێژی هەر تەلارێك بە ژمارەی شەش پاڵووەکان بژمێرن لە دواییدا ڕیزبەتی ژمارەکان بەمشێوەیە ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠ دەدۆزنەوە.

لە یەکی لە قوتابیەکان داوا بکە چۆن کار دەکات کاتێ وشەکانی پێش، پاش، نێوان بەکاردێنێت. ٦ پێش ٧، ٩ لە دوای ٨، ٨ لە نێوان ٧، ٩

١ پێشکەشکردن

پۆلەکە بکە بە دوو کۆمەڵە، هەر کۆمەڵەیەك کارتی ژمارەکانی ٦ تا ١٠ بدەرێ، داوایان لێبکە ئەو ژمارانە بە شەش پاڵووەکان بنوێنن، ئینجا ڕیزیان بکەن لە بچووکەوە بۆ گەورە بپرسە **ئەو ژمارەیەی دەکەوێتە نێوان ٦ و ٨ کامەیە؟** ٧

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- داوا لە هەر قوتابیەك بکە پەنجە لەسەر چالاکی ماسی لە لاپەڕە ٢٧ دابنێ.
- داوایان لێبکە چوارگۆشە ڕەنگاوڕەنگەکان بژمێرن، و ژمارەکەی بنووسن.
- داوایان لێبکە ئەو چالاکیانەی کە لە لاپەڕە ٢٧ ماوە جێبەجێی بکەن.
- چاودێری کارەکانی قوتابیان بکە.



وانەی

ژمارەکان ڕیزدەکەم

🐢 ⭐ ❤ ✿ چوارگۆشەکان دەژمێرم و ڕەنگیان دەکەم. ژمارەکانیان دەنووسم.

٢٧

ئاگاداربە... کاتێك بینیت هەندێ لە قوتابیەکان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لەکاتی جێبەجێکردنی چالاکیەکانی لاپەڕە ٢٧، دەتوانی ئەم چالاکیە دەستیەی دێت جێبەجێ بکەی:

کەرەستەکان: شەش پاڵووە پێکەوە بەستراوەکان وە کارتە ڕەنووسی کراوەکان لە ١ تا ١٠

- هەر جووتێك لە قوتابیان دە شەش پاڵووی پێکەوە بەستراوی بدەرێ، هەر جووتێك لەوان هانبدە بە بەکارهێنانی شەش پاڵووەکان سێ تەلار بە ژمارەی جیاواز لە شەش پاڵووەکان دروست بکەن، ئاگاداری قوتابیان بکە مەرج نییە هەموو ئەو شەش پاڵووانەی کە لاتە بەکاری بهێنی.
- بە قوتابیان بڵێ با تەلارەکان لە بچووکەوە بۆ گەورە یان بە پێچەوانە ڕیز بکەن، وە کارتی ژمارەی گونجاو لەژێر هەر تەلارێك دابنێن.
- هەر جووتێك لە قوتابیان هانبدە لەسەر بەراوردکردنی ژمارەی شەش پاڵووە بەکارهاتووەکان لەو تەلارانەی کە هەیانە، بەمشێوەیە:
  کام تەلار شەش پاڵووی زیاترە؟
  چەند شەش پاڵوو لەم تەلارەدا هەیە؟
  ژمارەی شەش پاڵووەکانی تەلارە گەورەکە چەندی زیاترە لە ژمارەی شەش پاڵووەکانی تەلارە بچووکەکە؟



ڕاهێنان دەکەم

٦

٧

٨

٩

١٠

چوارگۆشەکان دەژمێرم و ژمارەکەیان دەنووسم.

چالاکی ماڵەوە • چەند پارچە میکانۆیەك یان هەرشتێکی تر ڕێك بخە ولەسەریەك دایان بنێ، کۆمەڵەی ٦ و ٧ و ٨ و ٩ و ١٠ ی لێ پێکبهێنە. داوا لەمنداڵەکەت بکە کۆمەڵەکان ڕیزبکات لە کەمترەوە بۆ پتر.

٢٨

ئەرکی ماڵەوە

داوا لە قوتابییان بکە ئەو ڕاهێنانەی کە لەوانەی ٢ – ٥ دا هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان لە ماڵەوە شیکار بکەن.



ڕاهێنان ٢–٥

قوتابخانە..........ناوی قوتابی..........پۆل: یەکەم هۆبەی........بەروار / /

وانەی ٢–٥

ژمارەکان ڕیزدەکەم

٦ ٧ ٧ [✓ ٨] ٩

٨ ٩ ٨ ٩ [✓ ١٠]

٤ ٥ ٤ ٥ [✓ ٦]

٥ ٦ ٦ [✓ ٧] ٨

وێنەی ئەو هەڵمانانە دەکێشم کە ئەو ژمارەیە دەنوێنن لە پاش ژمارەکەوە دێت. ژمارەکە دەوردەدەم

ڕاهێنان ل ٢١

ئاگاداربە... هەندێ لە قوتابیان ئاستەنگ دەبینن لەکاتی ژماردنی پێکهاتە جیاوازەکان. ماوەیان پێبدە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دروست بیانژمێرن.

یارمەتیان بدە و لەگەڵیان بژمێرە بۆ ئەوەی ئەم ئاستەنگە تێبپەڕێنن ئاگاداری قوتابیان بکەوە دەکرێت کەوا پێکهاتە جیاوازەکان هەمان ژمارەیان هەبێت.

٣ ڕاهێنان

داوا لە قوتابییان بکە ئەو ڕاهێنانەی کە لە لاپەڕەی ٢٨دا هاتووە شیکاری بکەن

بە قوتابیان بڵێ چالاکیەکانی لاپەڕە ٢٨ تەواو بکەن بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە دەیاندەیتێ

ئاگاداربە... هەندێ لە قوتابیان هەڵە دەکەن لەمیانەی ژماردنی چوارگۆشەکان، تووشی دڵەڕاوکێ دەبن دەربارەی ئەو چوارگۆشانەی دەیانژمێرن، بۆ ئەوەی ئەم دڵەڕاوکێیە نەمێنێت ئەم چالاکیەی دێت جێبەجێ بکە:

هەر قوتابیەك کارتێکی بدەرێ ٧ خاڵی لەسەر بێت، داوایان لێبکە نیشانەی × لەسەر ئەو خاڵە بدەن کە دەیژمێرن.

بپرسە: **چەند خاڵ لە کارتەکەدا هەیە؟** ٧

- پێنج پەپکی دوو ڕەنگی و کارتێك ٧ خاڵی لەسەر بێت بدە قوتابیەکان، داوایان لێبکە هەر پەپکێك لەسەر ئەو خاڵەی دەیژمێرن دابنێن



بپرسە: **چەند خاڵ هەیە؟** ٥ ئەم دوو چالاکیە لەگەڵ کارتەکانی تر دووبارەبکەوە.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی پۆل

- هەر قوتابیەك کۆمەڵە پەپکێکی بدەرێ.
- بەدەستت کارتی ژمارەکان بەرزکەوە، وە داوا لە قوتابیان بکە ئەو ژمارەیە بڵێن کە ڕاستەوخۆ لە دوای دێت.
- هانی قوتابیان بدە ئەو ژمارەیە بە پەپك بنوێنن و بینووسن.

Star Group

وانەی ٦ پرسیارێك شیكار دەكەم: نموونەیەك پێكدەهێنم

پلانی وانەكە

ئامانج: پرسیارەكان شیكار دەكات بە بەكارهێنانی ڕێگای (نمونەیەك پێكدێنم)

زاراوەكان: گەورەتر لە، بچووكتر لە

كەرەستەكان: شەش پاڵووی بچووك

پێوەرەكان

ـ ژمارەكان و كردارەكان	ـ شیكاری پرسیار
ـ جەبر	ـ گەیاندن
ـ ئامار و ئەگەرەكان	ـ نواندن

ڕۆژانە

كام ڕۆژ دەكەوێتە پێش چوارشەممە؟

كام ڕۆژە بە دوای ڕۆژی شەممەدا دێت؟

لەگەڵ قوتابیان بدوێ و هەڵەكان ڕاستكەوە.

ئاگاداربە... قوتابی توشی چەند بارێكی تایبەت دەبێت كە تیایدا ژمارەكان دەردەكەون لەمیانەی كۆمەڵەكان، كاری تایبەتی تریان هەیە وەك پوولی دۆمینە و زاری تاوڵە دێتە ڕێگەی. ئەمانە كۆمەڵەی بچووك لە ژمارە دروست دەكەم. بەپێی شێوەی خۆیان یان دووبارەبوونەوەیان، كارامەیی لای قوتابی دروست دەبێت بۆ ناسینی ژمارە گەورەكان.

چالاكی

دوانی
هەستی – جوڵەیی

داوا لە هەر قوتابیەك بكە:

- شێوەی شەمەندەفەرێك لە ١٠ شەش پاڵو پێك بهێنیت.
- شەمەندەفەرەكە دەرنەخات و بیكات بە دوو بەشەوە.
- یەكێ لە بەشەكان لەسەر مێزەكە دابنێ لەبەر دەمیدا.
- پرسیار لەهەر دووانەیەك بكە: چۆن دەزانن كێ لە ئێوە شەش پاڵوی زیاتری داناوە؟

داوا لە هەر قوتابیەك بكە شەش پاڵووكانی بەردەمی بژمێری و داوایان لێ بكە بەشی دووەمی شەمەنەفەرەكە لەبەردەم خۆیان دابنێن وەهەمان چالاكی دووبارەبكەنەوە.

ڕاسپاردەكان: ئەم پرسیارانە ئاراستە بكە لە كاتی كاركردنی قوتابیان:

- **چۆن دەزانی كێ لە ئێوە شەش پاڵوی زیاتری لا یە؟** وەڵامی چاوەڕوان كراو: شەش پاڵوكان لەهەر بەشێكدا دەژمێری، دەشێ بە بەراوردكردنی هەردوو بەشەكە ودانانیان لەتەنیشت یەكتر. بەشە درێژەكە شەش پاڵوی زۆرترە.
- **ئەگەر یەكێكیان گەورەترین ژمارەی بەدەست هێنا لە یەكەم جاردا، كێ ژمارەی گەورە لە جاری دووەم بەدەست دێنێت؟** قوتابیەكی تر.
  بۆچی؟ لەبەرئەوەی دەستمان بە دوو شەمەندەفەر كرد كە هەمان ژمارەیان هەیە.

چاودێری كاری قوتابیان بكە وهەوڵبدە هەموو بەشداربن. بە كورتی وا بكە هەر قوتابیەك وێنەی ئەو دوو بەشە بكێشێت كە دەستی كەوتووە و ژمارەی شەش پاڵوەكان لە تەنیشت هەر بەشی بنووسی وداوایان لێ بكە دەوری ژمارە گەورەكە بدات لە هەر جارێك دا.

ڕێکخستنی وانەی ٦

١ پێشکەشکردن

پرسیاری ئەمڕۆ

ئۆتۆمبێلی سوور ٥ منداڵ هەڵدەگرێت و ئۆتۆمبێلێکی سپی ٣ منداڵ هەڵدەگرێت، کام لەو دوو ئۆتۆمبێلە زۆرتر هەڵدەگرێت؟ سوور.
چۆن دەزانی هەموو وەڵامێکی شیاو وەردەگرم.
نواندن لێرەدا دەمانبات بەرەو بەراوردکردن بە بینین و ژماردن دەمانبات بەرەو بەراوردکردن بە بیستن و کات.

- وانەکە دەست پێبکە بە دانانی ٤ شەش پاڵوو لەسەر مێزێك وە شەش پاڵووەکیش لەلای خۆت بهێڵەوە.
- داوا لە یەکێك لە قوتابیەکان بکە با شەش پاڵوویەك ڕاکێشێت و لە تەنیشت خۆی دابنێ.
- بپرسە: ژمارەی شەش پاڵووەکان بوون بە چەند؟ ٣
- ئایا ژمارەی شەش پاڵووەکان زۆرتر بوون یان کەمتر لە ٤ ؟ کەمتر
  - ئەو شەش پاڵوووەی کە ڕاتکێشابوو بیگەڕێنەوە شوێنی خۆی.
  - ئەو شەش پاڵووەی کە لەلای خۆت بوو بیدە بە قوتابیەکە.
  - بپرسە: ئێستا ژمارەی شەش پاڵووەکان بوون بە چەند؟ ٥
- ئایا ئەو ژمارەیە گەورەترە یان بچووکترە لە ٤ ؟ گەورەترە
- لەگەڵ قوتابییان بگەڕێوە بۆ زاراوەکانی گەورەتر و بچووکتر.
  - پۆلەکە دابەش بکە بۆ دوو کۆمەڵە، وە هەر کۆمەڵەیەك کارتێکی ژمارەیی لە نێوان ١ و ١٠ بدەرێ، ئینجا داوا لە هەر کۆمەڵەیەك بکە ژمارەیەك لە تاکەکانی کۆمەڵەکەی هەڵبژێرێ بەپێی ئەو ژمارەیەی کە لە کارتەکەدا تۆمار کراوە.
  - ئاگاداری قوتابیان بکەوە کە بەشێك لەوان لە دەرەوەی کۆمەڵە هەڵبژێردراوەکە دەمێننەوە.
  - دوای ئەوەی کە دوو کۆمەڵەکە پێکهات، لە قوتابیانی دەرەوەی دوو کۆمەڵەکە بپرسە، کام **کۆمەڵە ژمارەی زۆرتری تیایە؟ وە کام کۆمەڵە ژمارەی کەمتری تیایە؟**


وانەی ٦ ________

پرسیارێك شیكار دەكەم
نموونەیەك پێكدێنم

لە ١٠ شەش پاڵو شێوەی شەمەندەفەرێك دروستدەکەم. شەمەندەفەرەکە جیادەکەمەوە بۆ دوو بەش یەکێکیان درێژتربێت لەویتر. هەردوو بەشەکە لەسەر تەختەی کار دادەنێم، وێنەی شەش پاڵووەکان دەکێشم و دەژمێرم لەهەر بەشێك دا وژمارەکە دەنووسم ئەو ژمارەی پتر دەنوێنێ دەوردەدەم.
٢٩

ئاگاداربە... قوتابیان لە بەشی ڕابردوو فێری بەراوردکردن لە نێوان ژمارەی دانەکانی دوو کۆمەڵە بوون بە بەکارهێنانی بنەمای «جووتبوون و ژماردن»، لەم وانەیەدا قوتابیان دەتوانن چەند نموونەیەك لە شەش پاڵووەکانی شەمەندەفەر دروست بکەن بۆ نواندنی دوو کۆمەڵە و بەراوردکردنی دانەکانیان لەمیانەی درێژی شەمەندەفەرەکان.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- لێیان بگەڕێ با بە وردی سەیری بەشی سەرەوەی لاپەڕەی ٢٩ بکەن.
- بۆیان روونبکەوە ئەو وێنەیەی شەمەندەفەرێك لە ١٠ شەش پاڵوو دەنوێنی و کراوەتە دوو بەش
- بپرسە
- **چەند شەش پاڵوو لە بەشی یەکەمی شەمەندەفەرەکە هەیە؟**
  ٤ شەش پاڵوو
- **چەند شەش پاڵوو لە بەشی دووەمدا هەیە؟** ٦ شەش پاڵوو
- **کام ژمارەیان گەورەترە؟** ٦ **ژمارە گەورەکە دەوربدە**
- لە قوتابیان بگەڕێ با چالاکی کیسەڵ جێبەجێ بکەن بەپێی ڕێنماییەکانت

٣ ڕاهێنان

داوا لە قوتابییان بکە ئەو راهێنانەی کە لە لاپەڕەی ٣٠دا هاتووە شیکاری بکەن

- بە بیر قوتابیان بهێنەوە، لەمیانەی شیکارکردنی راهێنانەکانی ئەم لاپەڕەیە، ئەو شەمەندەفەرەی کە پێکهاتووە لە ١٠ شەش پاڵوو بەش بکەن بۆ دوو شەمەندەفەر کە ژمارەی شەش پاڵووەکانی هەر یەکەیان جیاواز بێت لەوەی تر. بە بیریان بێنەوە وێنەی هەر شەمەندەفەرێك لە تەنیشت هێمای راهێنانی 🐢 ، ★ بکێشن وە هەروەها پێیان بڵێ با ژمارەکە لە شوێنی (خانەی) تایبەت بەخۆی بنووسن.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی پۆل

- پۆلەکە بەشبکە بۆ چەند کۆمەڵەیەکی بچووك، وە داوا لە هەر کۆمەڵەیەك بکە. با لە گۆڤارەکاندا بەدوای وێنەی دوو کۆمەڵە کەس بگەڕێن کە ژمارەیان لە نێوان ١ تا ١٠ کەس ببێت.
- داوا لە قوتابیان بکە با کەسەکان لە هەر وێنەیەکدا بە پەپکی دوو رەنگ بنوێنن و، ژمارەکە بدۆزنەوە.
- داوایان لێبکە هێمای ژمارەکە لەژێر هەر کۆمەڵەیەك بنووسن و، ژمارە گەورەکە دەور بدەن.

ئەرکی ماڵەوە

داوا لە قوتابییان بکە ئەو راهێنانەی کە لەوانەی ٢– ٦ دا هاتووە لە کتێبی راهێنان لە ماڵەوە شیکار بکەن.



ڕاهێنان دەکەم

وەڵامەکان جۆراوجۆر دەبن
چاودێری کاری قوتابیان بکە

وەڵامەکان جۆراوجۆر دەبن
چاودێری کاری قوتابیان بکە

شێوەی شەمەندەفەرێك لە ١٠ شەش پاڵوو دروستدەکەم. پاشان دەیکەم بەدوو بەشەوە بەشێکیان درێژتر لەوی دی، هەردوو بەشەکە لەسەر تەختەی کار دادەنێم. شەش پالووەکان لەهەر بەشێکدا دەژمێرم و وێنەیان دەکێشم ژمارەکە دەنووسم. ئەو ژمارەیە دەوردەدەم کە پتر دەنوێنێت.

چالاکی ماڵەوە • داوا لە منداڵەکەت بکە دوو شێوە کۆمەڵەی یەکسان بە بەکارهێنانی ١٠ گوێز نیشان بدات. یەك گوێز لە کۆمەڵە یەکیان لابدات وبیخاتە سەر کۆمەڵەکەی تریان داوای لێبکە کۆمەڵە پترەکەیان دیاریبکات.

٣٠

ڕێنمایی

- کاتێك گۆڤارەکان دەست نەکەوت، دەتوانی دوو کیس لە دەنکە فاسولیا و دوو کارتی بەتاڵ هەر کارتەی بۆ کیسێك دابەشی سەریان بکەی.
- داوا لە قوتابیان بکە با دەنکە فاسولیایەکانی هەر کیسێك بژمێرن.
- لە دواییدا، داوایان لێبکە ژمارەی دەنکە فاسولیایەکان لەسەر ئەو کارتە بنووسن کە تایبەتە بەخۆی.

ڕاهێنان ٢–٦

قوتابخانە..........ناوی قوتابی..........پۆل یەکەم هۆبەی......بەروار / /

وانەی ٢-٦

پرسیارێك شیکاردەکەم :
نموونەیەك پێكدەهێنم

چاودێری کاری قوتابیان بکە

بەشی ٢

ژمارەکان لە ٦ تا ٩ ئینجا سفر و ١٠

پێداچوونەوە/بەشی ٢

ئامانج: بۆ دڵنیابوونە لە تێگەیشتنی چەمکەکان، وەرگرتنی ئەو کارامەییانەی لە بەشی(٢) دا هاتووە.

بەکارهێنانی لاپەڕە

- مامۆستا بۆ قوتابیەکانی ئامانجی لاپەڕەی (پێداچوونەوە) ڕووندەکاتەوە.
- نزیکەی ٣٠ خولەك تەرخان دەکرێت تیایدا داوا لە قوتابیان دەکرێت لەم ماوەیەدا شیکاری ڕاهێنەکانی لاپەڕەی (پێداچوونەوە) بکەن.
- دەکرێت مامۆستا یارمەتی ئەو قوتابیانە بدات کە ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە.
- دەکرێت مامۆستا بوار بۆ هاریکاریکردن لە نێوان قوتابیان بڕەخسێنێت بە مەرجێك هێمنی پۆل و یاسای قوتابخانە سنووردار و پارێزراو بێت.
- دەکرێت مامۆستا وەڵامی پرسیارەکانی قوتابیان بداتەوە.
- ئەو کاتە ئەو ماوەیەی کە دەمێنێتەوە تەرخان دەکرێت بۆ وەڵامدانەوە و شیکارکردن.

ئامانج لە ئەنجامدانی ئەو چوار چالاکیەی پێشەوە دڵنیابوونە لە تێگەیشتنی چەمکی ژمارەکان و خوێندنەوەیان و کرداری ژماردنی ژمارەکانە. ئامانج لە چالاکی کۆتایی دڵنیابوونە لە تێگەیشتنی قوتابیان لە کرداری ڕیزکردنی ژمارەکان و نووسینیانە.



پێداچوونەوەی
بەشی ٢

ناو ______________

🐟 [✓ ٦] ٧ ٨

🐢 ٨ [✓ ٩] ١٠

★ ٧ [✓ ٨] ٩

❤ [✓ ٠] ٨ ٩

🐟 🐢 ★ ❤ ژمارە گونجاوەکە دەور دەدەم.

٣١

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

ئامانج: ئامانج لە لاپەڕەی «ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە» کە لە کتێبی قوتابی دا هەیە وە لە ناونیشانەکەی دیاردەکەوێت بریتییە لە ئامادەبوونی قوتابی بۆ تاقیکردنەوەی بەش.
ئەم لاپەڕەیە ئەو چەمك و کارامەییانەی کە لەم بەشەدا هەیە بەرجەستە دەکات هەر بەندێك لەم لاپەڕەیە ئامانجێکی پەروەردەیی یان زیاتر بەرجەستە دەکات ئەمە تا رادەیەکی باش ئامانجە پەروەردەییەکانی پەیوەست بەم بەشە بەرجەستە دەکات.

بەکارهێنانی لاپەڕە

بگەڕێوە بۆ بەشی رابردوو

جێبەجێکردنی چالاکیەکانی لاپەڕەکە

خاڵەکان بەیەك بگەینە

کەرەستەکان: بۆ هەر قوتابییەك کارتی ژمارەکانی رەنووسکراو لە سفر تا ١٠ قوتابیان لە گرنگی ناسینی ژمارەکان لە ٠ تا ١٠ وشیار بکەوە. داوایان لێبکە کارتی ژمارەکان لە بچووکەوە بۆ گەورە ریز بکەن، لە دواییدا خاڵەکان بەیەك بگەینن بەپێی ریزیەتی ژمارەکان، وە وێنەکە رەنگ بکەن

ئەم پرسیارانەی دێت ئاراستەیان بکە

- **کام دوو خاڵتان لەسەرەتا بەیەك گەیاند؟** خاڵی یەکەم لەگەڵ خاڵی دووەم.
- **خاڵی کۆتایی کامەیە؟** خاڵی ژمارە ١٠
- **خاڵی پێش کۆتایی کامەیە؟** خاڵی ژمارە ٩


ئامادەبوون بۆ
تاقیکردنەوە
بەشی ٢

ناو ____________

خاڵەکان یەك بەدوای یەك دەگەیەنم. وێنەکە ڕەنگدەکەم.

٣٢

تاقیکردنەوەی بەش

تاقیکردنەوەی بەش دەکەوێتە چوارچێوەی هەڵسەنگاندنەکانی بەدەستهاتوو

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوەی بەش

- دەتوانیت ئەم تاقیکردنەوانە وەکو خۆی بەکاربێنی:
- دەتوانی لەم تاقیکردنەوانە پرسیاری دیاریکراو هەڵبژێری و تاقیکردنەوەی تری لەسەر ئامادە بکەی.
- دەتوانی خۆت هەموو پرسیارەکان ئامادە بکەی بە پشتبەستن بەو پرسیارانەی کە لە تاقیکردنەوەی بەشدا هەیە.

مەرجەکانی ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

- پێویستە کات و ماوەی دیاریکراو بدرێتە قوتابیان بۆ تاقیکردنەوەکان (یەك وانە بۆ تاقیکردنەوەی هەر بەشێك).
- پێویستە پرسیارەکانی ئەم تاقیکردنەوانە ئەو ئامانجەی کە فێری بووە بەبێ کەم و زیاد بەرجەستە بکات.
- پێویستە پرسیارەکانی ئەم تاقیکردنەوانە ئامانجەکان بەشێوەیەکی هاوسەنگ لەگەڵ گرنگی ئامانجەکان بەرجەستە بکات.
- پێویستە تاقیکردنەوەکان پرسیارەکانی چەشنی أ و پرسیارەکانی چەشنی ب لەخۆ بگرن، لەگەڵ گرنگی دانانی زیاتر بە پرسیارەکانی چەشنی أ.

جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی بەش

- یەك وانەی تەواو تەرخان بکە بۆ جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی بەش.
- بۆ قوتابیان باس بکە پێویستە لەسەریان دەوری پرسیاری دروست بدەن لە پرسیارەکانی هەڵبژاردنی فرە وەڵام وە شیکارەکان بە خەتێکی جوان بنووسن و گرنگی بدەنە پرسیارەکانی (چی دەزانی بینووسە).
- لەکاتی بوونی کاتی بەتاڵ لە قوتابخانە یان لە ماڵ تاقیکردنەوەکان بپشکنە و تێبینیەکانت تۆمار بکە، بەتایبەتی ئەو تێبینیانەی کە پەیوەندی بە لایەنە لاوازەکانی قوتابیان هەیە.

Star Group

بەشی
٣

ژمارەکان لە ١١ تا ٣٠

پلانی بەش

وانە	ئامانج	زاراوەکان	کەرەستەکان	کاتی خەملێنراو
پێشکەشکردن و ئامادەبوون بۆ بەش				کات/ ١ وانە
٣-١ کۆمەڵەکان لە ١٠ ل ٣٥ – ٣٦	کۆمەڵەکانی دە دەنوێنێت و دەیژمێرێت و دیاری دەکات.	تەختەی دەیی	پەپکەکان تەختەکانی دەیی	١ وانە
٣-٢ ژمارەکان لە ١١ تا ١٥ ل ٣٧ – ٣٨	ژمارەکانی ١١ تا ١٥ دەنوێنێت و دەیژمێرێت و دەینووسێت و دەیناسێت، بە بەکارهێنانی تەختەی دەیی	یانزە، دوانزە، سیانزە، چواردە، پانزە.	پەپکەکان تەختەکانی دەیی کارتی ژمارەکان	٢ وانە
٣-٣ ژمارەکان لە ١٦ تا ٢٠ ل ٣٩ – ٤٠	ژمارەکان لە ١٦ تا ٢٠ دەنوێنێت و دەیژمێرێت و دەینوسێت و دەیناسێت، بە بەکارهێنانی تەختەی دەیی	شانزە، حەڤدە، هەژدە، نۆزدە، بیست.	دەفرە ڕوونەکان، شەش پاڵوو.	٢ وانە
٣-٤ پرسیارێك شیکاردەکەم: دەخەملێنم ل ٤١ – ٤٢	پرسیارێك شیکاردەکات بەڕێگای خەملاندن.	خەملاندن، نزیکەی	تەختەکانی دەیی پەپکەکان، کارتی ژمارەکان	١ وانە
٣-٥ ژمارەکان لە ٢١ تا ٢٥ ل ٤٣ – ٤٤	ژمارەکان لە ٢١ تا ٢٥ دەنوێنێت و دەیژمێرێت و دەینوسێت و دەیناسێت، بە بەکارهێنانی تەختەی دەیی	بیست ویەك، بیست و دوو، بیست وسێ، بیست و چوار، بیست و پێنج.	تەختەکانی دەیی، پەپکەکان، کارتی ژمارەکان.	٢ وانە
٣-٦ ژمارەکان لە ٢٦ تا ٣٠ ل ٤٥ – ٤٦	ژمارەکان لە ٢٦ تا ٣٠ دەنوێنێت و دەیژمێرێت و دەینوسێت و دەیناسێت، بە بەکارهێنانی تەختەی دەیی.	بیست و شەش، بیست و حەوت، بیست و هەشت، بیست و نۆ، سی	تەختەکانی دەیی پەپکەکان، کارتی ژمارەکان	١ وانە
■ پێداچوونەوەی لاپەرە ٤٧				یەك وانە
■ تاقیکردنەوەی بەش لاپەرە ٤٨				یەك وانە

تێبینی:
- دابەشکردنی بەشەوانەکان بەسەر وانەکانی ئەم بەشەی سەرەوە دابەشکردنێکی خەملێندراوە دەتوانی دەستکاری بکەی و ڕێکی بخەی و بیگونجێنی لەگەڵ بارودۆخ و ژینگەی قوتابی، کاتی تەرخان کراوی تایبەت بە وانەکان جێگیر نییە، دەتوانیت گۆڕانکاری لێبکەی بەپێی پێویست ڕێکی بکەی و بیگونجێنی.
- لەسەر مامۆستا پێویستە کەرەستە داواکراوەکان ئەوانەی ناویان هاتووە لە پلانی بەش یان هاوشێوەکانیان ئامادە بکات پێش دەستپێکردنی وانەکە.

Star Group

بیرکاری بەپێی پۆلەکان

پۆلی یەکەم

- ژمارەکان لە ١٠ تا ٣٠ دەناسێ و جیای دەکاتەوە.
- بەراوردی دانەکانی دوو کۆمەڵەکە دەکات. دیاری دەکات ئایا دوو کۆمەڵەکە هەمان ژمارەیان هەیە یان یەکێکیان زۆرتری تێدایە.

پۆلی دووەم

- ژمارەکان تا ژمارەی سێ ڕەنووسی دەناسێت و دەینووسێت و بەراوردی دەکات.

تێڕوانینێك بۆ دواوە زانیاریەکان و کارامەیە داواکراوەکان.

بۆ ئامادەبوونی خوێندنی ئەم بەشە، پێویستە قوتابی ئەم کارامەیانە و زانیارییانەی خوارەوەی هەبێت.

- **ژمارەکان لە سفر تا ١٠:** دەناسێت: چەمك و خوێندنەوە و نووسین.
- **پەیوندییە سەرەتاییەکانی نێوان ژمارەکان:** گەورەتر لە، بچووکتر لە.

تێڕوانینێك بۆ بەشەکە کارامەیە بنچینەییەکان.

قوتابی لەماوەی خوێندنی ئەم بەشەدا ئەم کارامەییانەی خوارەوە وەردەگرێت:

- نواندنی ژمارەکان لە ١١ تا ٣٠ دەنووسێت و دەژمێرێت.
- بەراورد دەکات لەنێوان دوو ژمارە لە ١١ تا ٣٠ بەمەرجێ جیاوازیەکە کەم بێت (یەك یان دوو)
- ژمارەی دانەکانی کۆمەڵە دەخەملێنێ.
- خەملاندن بەکاردەهێنێت بۆ بەراوردکردنی دوو هێندەکە.

تێڕوانینێك بۆ پێشەوە بوارەکانی جێبەجێکردن.

قوتابی لەم بەشەدا ئەوەی فێری بووە جێبەجێدەکات لەسەر ئەم چەمکە نوێیانەی خوارەوە:

- بنیاتنانی ژمارە گەورەکان وبەراورد کردنیان (بەشی ٨).
- پێوانی درێژییەکان (بەشی ١٠).



بەشی ٣

ژمارەکان لە ١١ تا ٣٠

پێشکەشکردنی بەش

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟

ئامانج ئەم برگەیە بیرۆکەیەك دەبەخشێتە مامۆستا سوودەکەی تەواو کردن و ئامادەکردنی قوتابیانە بۆ کرداری ژماردن و خوێندنەوە و نووسینی ژمارەکانە تا ژمارە ٣٠. ئەم کارە لە دواییدا یارمەتیان دەدا لەسەر ژماردنی ئەو شتانەی کە لە دەوروبەریان لە (کۆلانیان و گەڕەکیان و ماڵیان)دا هەیە، دەتوانی مامۆستا ئەم بیرۆکەیە بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی سەرنجی قوتابیان ڕابکێشێت بۆ ناوەڕۆکی بەشەکە ٥ لەوانەیە قوتابیان پرسیاربکەن: بۆچی ئەم بابەتە فێردەبێن؟ بۆیان ڕونبکەوە کە پێویستمان بە بەکارهێنانی ژمارەی گەورەتر لە ١٠ هەیە داوا لە هەندێکیان بکە بەناوی مامۆستایانی قوتابخانەکە مێزەکانی ژووری پۆل بۆ نموونە بژمێرن پرسیاریان لێبکە: ئایا ژمارەکان لە ١ لە ١٠ بەسە بۆ دەربڕینی ژمارەی مێزەکان؟ داوا لە قوتابیان بکە ژمارەیەکی گەورەتر لە ١٠ بلێن، وە چەند بابەتێکی دیاریکراو بلێن کەژمارەکانی گەورەتر لە ١٠ ی تیایدا بەکاربێت.

لاپەڕەیی دەستپێکردن

ئامانج

- لەم برگەیەدا لە لاپەرەی دەستپێکردنی بەش لە کتێبی قوتابی پرسیارێك هەیەلەسەر وێنەکە.
- ئەم پرسیارە سەرەتاو ئارەزوو و ئامادەباشی و گەرم و گوڕی بۆ قوتابیان بەدەست دێنێ.

داوا لە قوتابیان بکە بابیر لە وێنە کە بکەنەوە، وێنەکە وێنەی ئاژەڵەکان وەك مەڕ و مریشك و مراوی لە خۆ دەگرێت، داوایان لێبکە با ئاژەڵەکان لە هەرکۆمەڵەیەك بژمێرن بۆیان دەردەکەوێت کەوا ژمارەی هەریەك لە مریشکەکان و مەڕەکان و مراویەکان بریتیە لە ١٠. پێیان بڵێ چی دەبێت ئەگەر بمانەوێت ئاژەڵەکان هەموو بژمێرن (مەڕ و مریشك و مراوی) پێویستمان بە زانینی ژمارەکانی گەورەتر لە ١٠ هەیە، داوایان لێبکەبا ئاژەڵەکان لە هەرکۆمەڵەیەك بژمێرن.

زانیارەکانت ساغبکەوە

داوای ئەم کارانەی دێت لە قوتابیان بکە:



- وێنەی کۆمەڵەیەك لە ١٠ شەش پاڵوو بکێشن
- کۆمەڵەکە دەوربدەن
- ژمارە ١٠ لە سەرهێڵەکە بنووسن.
- وێنەی شەش پالووەك لەدەرەوەی کۆمەڵەکە بکێشن.
- ژمارە نوێیە کە دیاربکەن.

پێشینەی بیرکاری

قوتابیان لە دواییدا لەم بەشەدا فێربوونی ژماردنی ژمارەکان تا ٣٠ تەواودەکەن ئەمەش لە میانەی ژماردن بەدەستپێکردن لە ژمارە ١٠ دەبێت کە لەبەشی ڕابووردوو وەریان گرتبوو. نووسینی ژمارە بەپیت و ڕەنووس یارمەتی قوتابیان دەدات لەسەر نواندنی ئەو کۆمەڵە شتانەی کەلە دەوروبەریدا ڕووبە ڕووی دەبێتەوە نواندنی ئەم شتانە لەم بەشەدا لە میانەی شێوە بەرجەستەکان و وێنەکان دەبێت لە دواییدا قوتابیان ژمارەکان لە ١١ تا ١٩ فێر دەبن لەسەر شێوەی کۆمەڵەیەك لەیەك دەیی (تەختەی دەیی) و چەند یەکانێك وە ژمارەکانی ٢٠ تا ٢٩ لەسەر شێوەیەك دوو دەیی (دوو تەختەی دەیی) و چەند یەکانێك وە ژمارە ٣٠ لە سەر شێوەی ٣ دەیی (سێ تەختەی دەیی) ئەم کردارە ڕێگا خۆش دەکات بۆ ئەوەی قوتابیان لە دواییدا فێری بنەمای بەهای خانەیی بن.



نامەیەك بۆ کەسوکار

کەسوکاری بەڕێز:
ئەمڕۆ دەست دەکەین بەبەشی ٣. تیایدا ژمارەکان لە ١١ تا ٣٠ دەخوێنین. ئەو ژمارانە لەسەر (تەختەی دە) دەخەینە ڕوو. ئەم لاپەڕەیە زاراوەی بیرکاری نوێی و چالاکی لە خۆدەگرێت،
بەیەکەوە لەماڵەوە پێی هەڵدەستین.

لەگەڵ ڕێزدا

زاراوە نوێیە کانم
تەختەی دە

زاراوەکان

تەختەی دە

١٦ بریتییە لە دە و شەش

تەختەی دە بەکاردەهێنرێت بۆ بنیاتنانی. وێنەیەکی هزریی بۆ دە لەلای قوتابی.

چالاکی

بە دەنگەوە بژمێرە، وابکە منداڵەکەت بەشداری لە ژماردنەکەدا بکات.

٣٤

Star Group

پەیوەندی لەگەڵ کەس وکار

نامە

ئەو نامەیەی ئاراستەی کەس و کار دەکەیت، بۆ قوتابییەکان بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیبیستن وە پێیان بڵێ چیت دەوێت لەوان بۆ ئەوەی بیکەن وە لە دواییدا داوایان لێبکە واژۆی بکەن، دەکرێت ئەم واژۆیە بە هێمایەکی بچووك دەربڕێت وە دەشێت لە قوتابیەك زیاتر هەمان هێما بەکاربهێنێت وە دەبێت قوتابی واژۆکەی لەگەڵ گەورەبوون و پێش کەوتنی کەسایەتی بگۆڕی،

گرنگی بەشداری کەس و کار

لە کرداری فێرکردنی بابەتی بیرکاری خۆی دەنوێنێ لە میانەی:

- پێدانی ئەو زاراوە بیرکاریانەی کە منداڵەکانیان لە کاتی خوێندنی ئەم بەشە لە دواییدا وەری دەگرن: تەختەی دەی، ١٧ بریتیە لەیەك دە و حەوتێك.
- داوایان لێبکرێت بڕگەی (چالاکی) کە پەیوەندی ڕاستە و خۆی هەیە بە چەمکەکان و کارامەییەکانی کە لە دواییدا منداڵەکانیان وەری دەگرن لە میانەی خوێندنی ئەم بەشەدا جێبەجێ ی بکەن.

یەکەم: بۆ ئەوەی ئەو چەمك کارامەییانەی کە لە خوێندنی ئەم بەشە وەری دەگرن لە ماڵەوە گرنگی پێ بدەن.

دووەم: بوار بۆکەس و کار دەرەخسێنی تا هاوکاربن لە پیش کەوتنی منداڵەکانیان کەخۆی دەنوێنێت لە کرداری هەڵسەنگاندنی بەردەوام. داوا لە کەس و کاربکە لە میانەی نامەیەکی تایبەت لە ڕێگای منداڵەکانیان با ئەو لایەنە لاوازەی کە هەیەتی پێت بلێن، لە کاتی هەست پێ کردنیان کاتێك کە(چالاکی) لەگەڵیدا جێبەجێ دەکات بۆ ئەوەی بەزووترین کات هەستێت بەلێپێچانەوەو پالپشتی کردن کەخۆی لە دیاری کردنی چالاکی فێرکردنی پالپشت بۆ قوتابیابی دەنوێنێ لە قوتابخانە یان لە ماڵ.

ئەم زاراوە نوێیانە بە پێ ی پێویست لەسەر ئەو تەختە تایبەتەی بۆ ئەم مەبەستە دانراوە لە هۆلی پۆل یەك لە دوای یەك زیاد بکە.



ئاگاداربە... کاتێك کە ژمارەیەك یان بەهای خانەیەك دەخەملێنی پیوستە لەسەرت ووشەی (نزیکە)ی بۆ زیادبکەی بۆ ئەوەی کەوا خەملاندن بە واتای وەڵامی دروست نایەت

باسکردنی زاراوەکان

خەملاندن:	دیاری کردنی ژمارەکە یان بەهاکەی بە نزیکی.
نزیکەی:	بریتییە لەوەی بەهای ژمارە دیاری کراوەکە وورد نییە.
یانزە:	یەکی زیاترە لە دە.
دوانزە:	دووی زیاترە لە دە.
سیانزە:	سێ زیاترە لە دە.
بیست:	دوو دە.
بیست ویەك:	یەکی زیاترە لە دوو دە.
بیست ودوو:	دووی زیاترە لە دوو دە.
سی:	سێ دە.

وانەی ١ کۆمەڵەکان لە دە

پلانی وانەکە

ئامانج کۆمەڵەکانی ١٠ دەنوێنێ و دەیژمێری و دیاری دەکات

زاراوەکان: دە

کەرەستەکان: بۆ هەر تیپێك (تیم) ٥٠ پەپك وە تەختەی دە.

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- گەیاندن

ڕۆژانە

تەختەی دە نیشانی قوتابیان بدە ئەگەر پەپکێك دابنێن لەهەر چوار گۆشەیەك دا چەند پەپکمان پێویستە بۆ پڕ کردنی هەموو چوارگۆشەکان؟

١٠ پەپك.

بۆچی ئەم شێوە بە تەختەی دە ناسراوە؟

چونکە دە شت دەگرێ.

پێشینەی بیرکاری

کاتێك دانەکانی کۆمەڵەیەك دەژمێرین زیاتر لە دە دانەی تێدابێت دابەشی دەکەین بە پێی سیستەمی ژمارەی دەیی بۆ دە دە، بۆ نموونە بیست و سێ دەڵێین دوو دە و سێ، هەروەها پەنجاو شەش دەڵێین پێنج دە و شەش... هەروەها.

چالاکی

هەموو پۆل

هەستی - جولەیی

داوا لەهەر گروپێك بکە:

- کۆمەڵەکان لە ١٠ بژمێرێ.
- پەپکەکان لەسەر تەختەی ١٠ دابنێت بەپڕکردنەوەی ریزی سەرەوە یەکەمجار پاشان ریزی دواتر.
- کۆمەڵەکانی دە بژمێرە کە ڕەنگی کردووە.

ڕاسپاردەکان:

ئەم پرسیارانەی خوارەوە ئاڕاستەی قوتابیان بکە لەکاتی کارکردندا.

- **چی گرنگە ناوی بێنیت لەکاتی ژماردندا؟** وەڵامی گونجاو هەرپەپکێك بۆ یەك جار، بەکارهێنانی هەموو ژمارەکان.
- **چەند چوارگۆشە لەریزی سەرەوەی تەختەی دە دا هەیە؟** ٥ چوارگۆشە.
- **چۆن دەزانی ٥ چوارگۆشە لە ریزی خوارەوە هەیە لە وێدا؟** بەهۆی جووت بوونی ریزی سەرەوە و ریزی خوارەوە، لەوێدا ٥ چوارگۆشە لە ریزی سەرەوەیە، پێویستە ٥ چوارگۆشە هەبێت لە ریزی خوارەوە.

دەرئەنجام **بۆچی تەختەی چوارگۆشەکان ناسراوە بە تەختەی دە؟** لەبەر ئەوەی لەوێدا دە چوارگۆشە هەیە. **چەند کۆمەڵە لە ١٠ لەلاتە؟** ٥ کۆمەڵە لە ١٠.



ڕێکخستنی وانەی ١

ئامانج

کۆمەڵەکان لە دە دەنوێنێ و دەیانژمێرێت و دیاری دەکات.

١ پێشکەشکردن

ژمارەکان تا نۆ بە بیرقوتابیان بهێنەوە لە دواییدا داوایان لێبکە هەندێك لەو ژمارانە بنوێنین بەهۆی ئەو شتانەی لە ژێر دەستیانە.

- هەر قوتابیەك تەختەکی دەیی و ١٠ پەپکی بدەرێ.
- داوا لە قوتابیان بکە با لەگەڵ یەکتر بژمێرن لەکاتی دانانی هەریەپکێك لەناو هەر چوارگۆشەیەك.
- داوا لە قوتابیان بکە با ٦ پەپك لە ناو تەختەیەکی دەیی دابنێن.
- داوایان لێبکە سەرەتا ڕیزی سەرەوە بەتەواوەتی پڕکەنەوە ئەوەی ماوەتەوە لە ڕیزی دووەم دابنێن.
- بپرسە چەند پەپك لە ڕیزی سەرەوەدا هەیە؟ ٥ چەند پەپك لەڕیزی ژێرەوە هەیە؟ ١
- چالاکیەکە دووبارە بکەوە بە بەکارهێنانی چەند ژمارەیەکی جیاواز لە پەپك: لە ٧ پەپك تا ١٠.
- کاتێك تەختەی دەیی پڕدەبێت لە پەپك، چەند ڕیز پڕدەبێت؟ دوو ڕیز

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- داوا لە قوتابیان بکە باسەیری لاپەڕە ٣٥ بکەن وە هەریەکە پەنجە بخەنە سەر وێنەی ماسیەکەی سەرەوەی لاپەرەکە.
- چەند پەپك پێویستە بۆ پڕکردنی تەختەی دەیی؟ ١٠ پەپك
- چۆنت زانی؟ وەڵامی چاوەڕوانکراو: چوارگۆشەکان دەژمێرم، یان دەزانم کەوا تەختەی دەیی تەواو ١٠ شت دەگرێت.
- چاودێری قوتابیان بکەو ئاراستەیان بکە لەکاتی کارکردنیان لەم لاپەڕەیە.


وانەی ١

کۆمەڵەکان لە دە

- ١٠ پەپکە لەسەر تەختەی دە، دادەنێم. ژمارەکە دەنووسم.
- ئەو کۆمەڵەی لە ١٠ شت پێکهاتووە دەوردەدەم.
- ئەو ژمارەیە دەوردەدەم کە گونجاوە بۆ کۆمەڵەکە.

٣٥

ئاگاداربە ... سەرنجی قوتابیان بۆ گرنگی تەختەی دەیی ڕابکێشە وە چۆن ئەمە لە دوا ڕۆژدا یارمەتیان دەدات لەسەر ئەو ژمارانەی دێن ١٠، ٢٠، ٣٠، ......

پێشینەی بیرکاری

نواندنی ژمارە ١٠ بەبەکارهێنانی تەختەی دەیی لە دوا ڕۆژدا ڕێگە بۆ قوتابیان خۆش دەکات بۆ وەرگرتنی چەمکی پێکهێنانی ژمارە ١٠ لەسەر شێوەی پێنج و پێنج، لەبەر ئەمە هەر ڕیزێك لە تەختەی دەیی پێنج (٥) پێك دەهێنێ، وە تەختەی دەیی لە دوو ڕیز پێك دێت.

ئاگاداربە هەڵەی باو... هەندێ لە قوتابیان تووشی چەند کێشەیەك دەبن لە نووسینی ژمارەکان لەسەر دێرەکان، دەتوانی یارمەتیان بدەیت و وایان لێبکەیت ژمارەکان بنووسن بەدەستی خۆیان لەسەر شریتێك وەك نموونە بەکاری بهێنن.

٣ ڕاهێنان

داوا لە قوتابیان بکە ئەو ڕاهێنانەی کە لە لاپەرە ٣٦ دا هاتووە شیکاربکەن.

- ڕێنماییەکانی خوارەوەی لاپەرە ٣٦ بخوێنەوە و چاودێری کاری قوتابیان بکە.

ئاگاداربە... بۆ بەدەست هێنانی دە پێویست دەکات هەموو چوارگۆشەکانی تەختەکە پڕبکەیتەوە، وە بەبێ ئەمە دە دروست نابێت.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی پۆڵ

- تەختەی دەیان پیشان بدە، ژمارەیەك پەپك لە نێوان ١ تا ١٠ لەسەر تەختەکە دابنێ.
- داوا لە قوتابیان بکە با دستی چەپیان بەرزکەنەوە لە هەر جارێك کە ژمارەی پەپکە دانراوەکانی سەر تەختەکە بوون بە ١٠ پەپك.
- لە دواییدا داوا لە هەر قوتابیەك بکە لەسەر تەختەی دەیی ژمارەیەك هەڵبژێری و بینوێنیٚ وە بە بەدەنگی بەرز چەند جارێك بیلێتەوە.
- چالاکیەکە چەند جارێك دووبارە بکەوە و جەخت لەسەر ژمارە ١٠ بکە.

دەتوانیت کارتۆنەکانی هێلکە بەکار بهێنیت کە هەریەکەیان لە ١٠ خانە پێك هاتبێت بۆ جێبەجێ کردنی ئەم چالاکیە.

ئەرکی ماڵەوە

داوا لە قوتابیان بکە با لە ماڵەوە لە کتێبی ڕاهێنان شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لە وانەی ٣-١ دا هاتووە.



ڕاهێنان دەکەم

١٠ ٩ ٨

١٠ ٩ ٨

- ❤ ئەو کۆمەڵەی لە ١٠ شت پێك هاتووە دەور دەدەم.
- ★ وێنەی دانەی زیاتر دەکێشم بۆ ئەوەی ١٠ بەدەست بێنم.
- ژمارە گونجاوەکە دەور دەدەم.

چالاکی ماڵەوە • تەختەی دە لەسەر کاغەز وێنە بکێشە، ژمارەکان لە یەك تا دە بە شتی بچووك لەسەری بنوێنە. هەموو جارێك پرسیار لە منداڵەکەت بکە، ئایا تەختەکە کۆمەڵەیەك لە دە دەنوێنێت؟

٣٦



ڕاهێنان ٣-١

قوتابخانە.........ناوی قوتابی.........پۆل: یەکەم هۆبەی......بەروار / /

کۆمەڵەکان لە ١٠

وانەی ٣-١

١٠

١٠

٩

١٠

١٠

دەژمێرم و ژمارەکە دەنووسم.

دەژمێرم. ژمارەکە دەنووسم. ئەو کۆمەڵەی ١٠ ی تێدایە دەوری دەدەم.

ڕاهێنان ل ٧٣

Star Group

وانەی ٢

ژمارەکان لە ١١ تا ١٥

پلانی وانەکە

ئامانج ژمارەکان لە ١١ تا ١٥ دەنوێنێ و دەژمێرێ و دەینووسێ و دەیناسێ ،بە بەکارهێنانی کۆمەڵەی دە.

زاراوەکان یانزە، دوانزە، سیانزە، چواردە، پانزە

کەرەستەکان بۆ هەر قوتابیەك ١٥ پەپك ، دوو تەختەی دە، کارتی ژمارەکان لە ١١ تا ١٥ .

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- گەیاندن

ڕۆژانە

یەکەم ڕۆژی هەفتە کامەیە؟

دوا ڕۆژی هەفتە کامەیە؟

لەگەڵ قوتابیان بدوێ هەڵەکان ڕاست بکەوە.

پێشینەی بیرکاری.

تێگەیشتنی قوتابی لەواتای ژمارە ١١ و وێنەی نووسینی و وێنەی دەنگی(یازدە) یارمەتیدەری دەبێت لە ناسینی ژمارەکانی دواتر، بە ئاسانی. ناسینی قوتابی بۆ ژمارە گەورەترەکان لە ١٠ ، لە ڕێگای دەیەوە، لە سروشتی سیستمی دەیی دەستپێدەکات کە دەیەکان لە ژماردن بەکاردێنێت. ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت کە قوتابی، لەدوا ڕۆژدا، زۆر لەو پەیوەندییانە بناسێت کە لە سیستمی ژماردنی دەییدا هەیە.

چالاکی

دوانەیی

هەستی جولەیی

داوا لەهەر قوتابیەك بکە.

- ١٠ پەپکە بژمێرێ و لەسەر یەکەم تەختەی دە دابنێ.
- یەك پەپکە بژمێرێ و لەسەر دووەم تەختەی دە دابنێ وکارتی ژمارەی ١١ دەربخات.
- دوو پەپکە لەسەر دووەم تەختەی دە دابنێ وکارتی ژمارەی ١٢ بخاتە شوێن کارتی ژمارەی ١١ .
- یەك پەپکە زیادبکات و بۆ تەختەی دووەم کارتی ١٣ بخاتە شوێن کارتی ١٢.
- یەك پەپکە زیادبکات و لەسەر دووەم تەختەو کارتی ١٤ بخاتە شوێن کارتی ١٣.
- یەك پەپکە زیادبکات و لەسەر دووەم تەختەو کارتی ١٥ بخاتە شوێن کارتی ١٤ .

ڕاسپاردەکان ئەم پرسیارانەی خوارەوە ئاراستەی قوتابیان دەکەم لەکاتی کارکردندا:

- ئەو ژمارەیە کامەیە کە ١٠ و١ دەنوێنێ؟ ١١.ژمارەی ١١ بنووسە لەسەر تەختە.
- ئەو ژمارەیە کامەیە کە ١٠ و٢ دەنوێنێ؟ ١٢.ژمارەی ١٢ بنووسە لەسەر تەختە.
- ئەو ژمارەیە کامەیە کە ١٠ و٣ دەنوێنێ؟ ١٣.ژمارەی ١٣ بنووسە لەسەر تەختە.
- ئەو ژمارەیە کامەیە کە ١٠ و٤ دەنوێنێ؟ ١٤.ژمارەی ١٤ بنووسە لەسەر تەختە.
- ئەو ژمارەیە کامەیە کە ١٠ و٥ دەنوێنێ؟ ١٥.ژمارەی ١٥ بنووسە لەسەر تەختە.

چاودێری کاری قوتابیان بکە، دڵنیابە لەبەشداری هەموویان، چالاکییەکە کورت بکەوە بەداواکردنی یەکێ لەقوتابیان وێنەی ١٠ میزەڵدان و ٣ بکێشێ وە داوا لەیەکێکی تریان بکە وێنەی ١٠ بفدان و ٤ بفدان بکێشێت.

ڕێکخستنی وانەی ٢

ئامانج ژمارەکان لە ١١ تا ١٥ دەنوێنێت وە دەیانژمێرێت و دەیانوسێت و دەیاناسێت بە بەکارهێنانی تەختەی دەیی.

١ پێشکەشکردن

- تەختەی دەیی بەبیر قوتابیان بهێنەوە، لە دواییدا بپرسە چی دەبێت ئەگەر ژمارەی پەپکەکان زیاتر بوو لە چوارگۆشەکانی تەختەکە؟ ژمارەکە گەورەتر دەبێت لە دە.
- شەمەندەفرێك لە ١٠ شەش پاڵووی زەرد دروست بکە.
- داوا لەیەکێك لە قوتابیەکان بکە چەند شەش پاڵوویەکی شینی بۆ زیادبکەن تا ١١ یان دەست کەوێت، لە دواییدا ١٢، ئینجا ١٣.
- بپرسە چەند شەشپاڵووی تر پێویستە بۆی زیاد بکرێت بۆ ئەوەی ژمارە ١٤ دەست کەوێت؟ یەك شەش پاڵوو.
- بپرسە چۆن ژمارە ١٥ دەست دەکەوێت؟ شەش پاڵوویەکی تری بۆ زیاد دەکەم.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- داوا لە قوتابیان بکە با پەنجەکانیان لەسەر وێنەی ماسی دابنێن لە لاپەرە ٣٧.
- ڕێنماییەکان بخوێنەوە ئینجا داوا لە قوتابیان بکە با ژمارەکە لە شوێنی تایبەت بنووسن.
- بپرسە ئەو ژمارە کامەیە کە ئەو پەپکانە دەنوێنێ کە لە هەردوو تەختە دەییەکەی سەرەوەی لاپەرە ٣٧ دا هەیە؟
- بپرسە چۆن ئەمەت زانی؟ لێرەدا تەختەیەکی پڕ لە پەپك هەیەو پەپکێك لە تەختەکەی تردا هەیە.
- با قوتابیان چالاکی کیسەڵ جێبەجێ بکەن بەپێی ئەو ڕێنماییانەی پێیان دەدەیت.



وانەی ١

ژمارەکان لە ١١ تا ١٥

- ● دە پەپکە لەسەر تەختەی دە دادەنێم
یەك پەپکە لەسەر تەختەی دووەم دادەنێم. ژمارەکە دەنووسم.
- ● وێنەی جووچکەی زیاتر دەکێشم تا دەبێتە ١٢. ژمارەکە دەنووسم.

٣٧

ئاگاداربە... گفتوگۆ لەگەڵ قوتابیان بکە چۆن ژمارە ١١ بریتیە لە ١٠ و ١. وە ژمارە ١٢ بریتیە لە ١٠ و ٢، وە ژمارە ١٣ بریتیە ل ١٠ و ٣ چونکە هەر ژمارەیەك لە ژمارەکانی (١١، ١٢، ١٣) پێویست دەکات تەختەیەکی دەیی تەواوی بۆ پڕبکەیتەوە.

٣ ڕاهێنان

داوا لە قوتابیان بکە ئەو ڕاهێنانەی کە لە لاپەڕە ٣٨ دا هاتووە شیکار بکەن.

ئاگاداریە... هەڵەی باو هەندێ لە قوتابیان لە ڕاهێنانەکانی 🐢 و ❤ و ☽ چوارگۆشەکانی هەردوو تەختەکە بەشێوەیەکی ڕەمەکی ڕەنگ دەکەن بۆ ئەوەی ژمارەیەکیان دەست کەوێ ئاگاداری ئەوانە بکەوە پێویستە سەرەتا تەختەی یەکەم تەواوبکەن، ئینجا لە تەختەی دووەم دەست بکەن بە ڕەنگ کردنی ئەو چوارگۆشانەی کە ژمارەکە تەواو دەکەن.

- داوا لە قوتابیان بکە با پەنجەکانیان لەسەر ڕاهێنانی ماسی لە لاپەرە ٣٨ دا دابنێن وە چوارگۆشە ڕەنگ کراوەکان بژمێرن: تەختەیەکی دەیی واتە دە و ٣ چوارگۆشە، ئینجا بنوسن ١٣.
- ئەگەر قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ بوونەوە لە زانینی ئەوەی کەواتەختەیەکی دەیی ڕەنگکراوی تەواو، سێ چوارگۆشەی ڕەنگکراو، ژمارە ١٣ دەنوێنن، داوایان لێبکە هەموو چوارگۆشە ڕنگکراوەکان بژمێرن.
- قوتابیان هەڵدەستن بە جێبەجێکردنی چالاکیەکانی لاپەرەکە، بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە پێیان دەدەی.



ڕاهێنان دەکەم

- 🐟 چوارگۆشە ڕەنگکراوەکان دەژمێرم. ژمارەکە دەنووسم.
- 🐢 ١٠ چوارگۆشە ڕەنگەکەم پاشان ٣ی دیکە. ژمارەکە دەنووسم.
- ★ ٤ چوارگۆشەی تر ڕەنگەکەم. ژمارەکە دەنووسم.
- ❤ ١٠ چوارگۆشە ڕەنگەکەم پاشان ٤ی دیکە. ژمارەکە دەنووسم.
- ✿ ٥ چوارگۆشەی تر ڕەنگەکەم. ژمارەکە دەنووسم.
- ☽ ١٠ چوارگۆشە ڕەنگەکەم پاشان ٥ی دیکە. ژمارەکە دەنووسم

چالاکی ماڵەوە • وێنەی دوو تەختەی دە لەسەر کاغەز بکێشە. داوا لە منداڵەکەت بکە ژمارەی ١١، ١٢، ١٣، ١٤، ١٥ یەک لە دوای یەک ڕوونبکاتەوە بە بەکارهێنانی دوو تەختەکە و چەند شتێك وەك قۆپچەی کراس.

٣٨



ڕاهێنان ٣-٢

قوتابخانە.........ناوی قوتابی.........پۆل: یەکەم هۆبەی......بەروار / /

◀ وانەی ٣-٢

ژمارەکان لە ١١ تا ١٥

🐟 🐢 ★ ❤ ✿ شتەکان دەژمێرم. ژمارە گونجاوەکە دەوردەدەم، و دەینووسم

ل ١٤ ڕاهێنان

٤ هەڵسەنگاندن

- داوا لە قوتابیان بکە با بە جووتە کاربکەن.
- یەکێك لە قوتابیەکان ژمارەیەك لە نێوان ١٢ و ١٥ هەڵدەبژێرێ. ئەوەی تریان هەڵدەستێت بە نواندنی ژمارەکە لەسەر تەختەی دەیی بەهۆی پەپکەکان.
- هەردوو قوتابیەکە یارمەتی یەکتر دەدەن لە وێنەکردنی پەپکەکان لە سەر تەختەی دەیی ، ژمارەکە دەنووسن.
- هەردوو قوتابیەکان دەتوانن ڕۆڵەکانیان بگۆڕنەوە و چالاکیەکە دووبارە بکەنەوە.

ئەرکی ماڵەوە

داوا لە قوتابیان بکە ئەو ڕاهێنانەی کە لەوانەی ٣-٢ دا هاتووە لە ماڵەوە لە کتێبی ڕاهێنان شیکار بکەن.

Star Group

وانەی ٣

ژمارەکان لە ١٦ تا ٢٠

پلانی وانەکە

ئامانج ژمارەکان لە ١٦ تا ٢٠ دەنوێنێ و دەیان ژمێرێ و دەیان نووسێ و دەیان ناسێ، بەبەکارهێنانی کۆمەڵەی دە.

زاراوەکان شازدە، حەڤدە هەژدە، نۆزدە، بیست.

کەرەستەکان پەپکەکان بۆ هەر قوتابیەك. دوو تەختەی دە، کارتی ژمارەکان لە ١٦ تا ٢٠.

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- گەیاندن

ڕۆژانە

ناوی ڕۆژەکانی هەفتە لە دوو شەممە تا پێنج شەممە بڵێ، گفتوگۆ لەگەڵ قوتابیان بکەو هەڵەکانیان ڕاست بکەوە.

پێشینەی بیرکاری.

بەپێ ی ڕێرەوی مێژوو گەلێك بیرو ڕۆشنبیری گەشەی کردووە و سیستەمی ژماردن (سفر)ی بەکارهێناوە بەڵام هەندی سیستەمی ژماردن بەتایبەتی ئەوانەی تازە سەریان هەڵدابوو هێمای (سفر) یان بەکار نەئەهێنا وەك سیستەمی ژماردنی ڕۆمانی . گرنگ ئەوەیە قوتابی بزانێ کە ژمارەی ٢٠ دوو کۆمەڵە لە دە پیشان دەدات بەبێ زیادکردنی یەکەی تر.

چالاکی

کۆمەڵەی بچووکەکان

هەستی - جوڵەیی

داوا لە هەر قوتابیەك بکە

- ١٦ پەپکە بژمێرێت.
- پەپکەکان لەسەر تەختەی دەیی دابنێ. کاری ژمارە ١٦ دیاری بکات.
- پەپکەکی زێدەبکەت وکارتا ١٧ دانێتە جهێ ١٦.
- پەپکەکی زێدەبکەت وکارتا گونجای دانێتە جهێ ١٧.
- پەپکەکی زێدەبکەت وکارتا گونجای دانێتە ل جهێ پێتڤی.
- پەپکەکی زێدەبکەت وکارتا گونجای دانێتە ل جهێ پێتڤی.

ڕاسپاردە ئەم پرسیارانەی خوارەوە ئاراستەی قوتابیان بکە لە میانەی کارکردنیاندا.

- **چەند پەپکە پێویستە بۆ سەر دە بۆ ئەوەی ١٧ ت دەسکەوێ؟** ٧ پەپکە.
- **چەند زیاد دەکەی لەسەر ١٧ بۆ ئەوەی ١٨ ت دەستکەوێ؟** یەك زیاد دەکەم.
- **چۆن ئەو کارتە دەناسیت کە ژمارە ١٨ دەنوێنێ؟** ١٨ بریتییە لە هەشت و دەیەك کەواتە کارتی ١٨ هەڵدەبژێرم.

چاودێری کاری قوتابیان بکە وە با هەموو قوتابیان بەشداری بکەن داوا لە قوتابیەکی خۆبەش بکە چوار گۆشەکان لەسەر تەختەی دە ڕەنگ بکات بۆ نواندنی ژمارە ١٩ پاشان ژمارە ٢٠ .



ڕێکخستنی وانەی ٣

ئامانج

ژمارەکان لە ١٦ تا ٢٠ دەنوێنێت و دەیانژمێرێت و دەیانووسێت و دەیانناسێت بەبەکارهێنانی تەختەی دەیی.

١ پێشکەشکردن

- کارتی ژمارە ١٥ بەرزکەوە
- داوا لە یەکێك لە قوتابیەکان بکە با ژمارە ١٥ بخوێنێتەوە و لەسەر تەختەی دەیی بینوێنێت بەبەکار هێنانی پەپکەکان یان دەنکە نۆك.
- داوا لە قوتابیەك بکە با پەپکێکی بۆ زیادبکات.
- داوای لێبکە با ئێستا هەموو پەپکەکان بژمێرێت بە دانانی پەنجە لەسەر هەر پەپکێك.
- ئەو ژمارە نوێیەی کە دەستت کەوت دووبارە بکەوە کە بریتیە لە ١٦.
- ئەو کارتە بەرز کەوە کە ژمارە ١٦ لە خۆ دەگرێت، وە کارتێکی تر کە ژمارە ١٦ بەپیت لەسەر نووسرابێت.
- ١٥ شەش پاڵووی زەرد لەناو کوپێك دابنێ بپرسە چەند شەش پاڵووی بۆ زیاد بکەن بۆ ئەوەی ژمارە ١٦ دەست کەوێت؟ یەکێکی بۆ زیاد بکەین.
- چەند شەش پاڵوو بۆ ١٥ دەبێت زیاد بکەین بۆ ئەوەی ژمارە ١٧ دەست کەوێت؟ دوو زیادبکەین.
- داوا لە یەکێك لە قوتابیان بکە با دووشەش پاڵووی بۆ زیاد بکا، وە باهەموو شەش پاڵووەکانی ناوکوپەکە بژمێرێت.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- داوا لە قوتابیان بکە پەنجەیان لەسەر وێنەی ماسی دابنێن لە لاپەرە ٣٩.
- بپرسە چەند پێنووس لە تەختەی دەیی هەیە؟ ١٠
- چەند پێنووس وێنەبکێشین ١٦ دەست دەکەوێت؟ ٦
- داوا لە قوتابیان بکە وێنەی پێنووسەکان بکێشن.
- لەگەڵ قوتابیان گفتوگۆ بکە چۆن ژمارە ١٦ بریتیە لە ١٠ و ٦.
- لێیان گەڕێ چالاکیەکانی لاپەرە ٣٩ جێبەجێ بکەن بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە پێیان دەدەیت.
- لە قوتابیان بگەڕێ با بدۆزنەوە کەوا ژمارە ١٧ بریتیە لە ١٠ و ٧. وە ژمارە ١٨ بریتیە لە ١٠ و ٨. وە ژمارە ١٩ بریتیە لە ١٠ و ٩ وە ژمارە ٢٠ بریتیە لە ١٠ و ١٠.



وانەی ٣ ژمارەکان لە ١٦ تا ٢٠

🐟 ٦ پێنووس زیاتر لە دە وێنە دەکێشم. ژمارەکە دەنووسم. 🐢 وێنەی ١٠ قۆچە پاشان ٧ قۆچە دەکێشم.ژمارەکە دەنووسم.

★ ٨ سێو زیاتر لە دە وێنە دەکێشم. ژمارەکە دەنووسم. ☾ وێنەی ١٠ دڵ پاشان ٩ دڵ دەکێشم.ژمارەکە دەنووسم.

✿ ١٠ ماسی زیاتر لە دە وێنە دەکێشم. ژمارەکە دەنووسم ♥ وێنەی ٢٠ کێك دەکێشم. ژمارەکە دەنووسم.

٣٩

ئاکاداربە... هەندێ لە قوتابیان ژمارەکان لەبەر دەکەن بەشێوەیەکی ڕەمەکی و زنجیرەیی یەك لە دوای یەك (١٦، ١٧، ١٨، ١٩، ٢٠) بەبێ ئەوەی واتای چەمکەکانیان بزانن داوا لە قوتابیان بکە ئەم ژمارانە بەهۆی دوو تەختەی دەیی بنوێنن، ژمارەکان بە شێوەیەکی ڕەمەکی هەڵبژێرن وەك ١٨، ئینجا ١٦، لە دواییدا ٢٠ بەم شێوەیە.



ڕاهێنان دەکەم

١٤
١٢ ١٣ ١٤

١٥
١٤ ١٥ ١٦

١٨
١٦ ١٧ ١٨

١٩
١٨ ١٩ ٢٠

دەژمێرم. ژمارە گونجاوەکە دەور دەدەم. ژمارەکە دەنووسم.

چالاکی ماڵەوە • کارتۆنێکی هێلکە ئامادە بکە دوو پارچەی لێببڕە هەر پارچەیەك (دە) شوێنی هێلکەی پێوە بێت. داوا لە منداڵەکەت بکە جاری یەکەم ژمارەی ١٦ وجاری دووەم ژمارە ١٨ دەربڕێت بە بەکارهێنانی شتی بچووك وەك: (دەنکە نۆك).

٤٠



ڕاهێنان ٣-٣

قوتابخانە..........ناوی قوتابی..........پۆل یەکەم هۆبەی......بەروار / /

ژمارەکان لە ١٦ تا ٢٠

وانەی ٣-٣

١٩
١٨ ١٩ ٢٠

٢٠
١٨ ١٩ ٢٠

١٦
١٦ ١٧ ١٨

١٨
١٦ ١٧ ١٨

١٧
١٦ ١٧ ١٨

شتەکان دەژمێرم. ژمارەی گونجاو دەوردەدەم و دەینووسم.

ڕاهێنان ل ١٥

ئاکاداربە... هەڵەی باو لەکاتی هەبوونی دوو تەختەی دەیی، هەندێ لە قوتابیان بڕوایان وایە کەوا هەر تەختەیەك ژمارەیەك دەنوێنێ. وا دەزانن یەکەم ١٠ دەنوێنێ و دووەم ٨ دەنوێنێ. ئەمانە ئاگاداربکەوە کەوا ئامانجی وانەکە بریتیە لە بەکارهێنانی هەردوو دەختەکە، بۆ نواندنی هەر ژمارەیەك کە دەکەویتە نێوان ژمارەکانی ١٠ و ٢٠.

٣ ڕاهێنان

داوا لە قوتابیان بکە ئەو ڕاهێنانەی کە لە لاپەڕە ٤٠ دا هاتووە شیکار بکەن.

- قوتابیان چالاکیەکانی لاپەرە ٤٠ جێبەجێ دەکەن بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە پێیان دەدەیت.
- چاودێری کاری قوتابیان بکە.

٤ هەڵسەنگاندن

- داوا لە قوتابیان بکە با بەجووتە کاربکەن.
- هەر دوانێك دوو تەختەی دەیی و ٢٠ پەپکیان بدەرێ با وێنەی پەپکەکان لەسەر هەردوو تەختە دەییەکە بکێشن.
- داوا لە قوتابیان بکە با ژمارەکانی ١٦ و ٢٠ بنوێنن، لە دواییدا با وێنەی پەپکەکان لەسەر هەردوو تەختە دەییەکە وێنە بکێشن.
- هەندێکیان هانبدە بابۆ ئەوانی تر چۆنیەتی جێبەجێ کردنی کارەکەی ڕونبکاتەوە.

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با ئەو ڕاهێنانەی کە وانەی ٣-٣ داهاتووە لە ماڵەوە لە کتێبی ڕاهێنان شیکاربکەن.
- دەکرێت داوایان لێبکەی هەر ژمارەیەك لە و ژمارانەی کە دەکەوێتە نێوان ١٦ و ٢٠ لەسەر تەختەی دەیی بنوێنێ.

Star Group
For Math

وانەی ٤ پرسیارێك شیكاردەكەم: دەخەملێنم

پلانی وانەكە

ئامانج پرسیارێك شیكاردەكات بەبەكارهێنانی خەملاندن.

زاراوەكان خەملاندن، نزیكەی

كەرەستەكان بۆ هەركۆمەڵێك دەفرێكی ڕوون پێوەر و ١٠ شەش پاڵوو، ولەسەریان نوسرابێت ١٠، دەفرێكی تری هەمان شێوە لەگەڵ ٥ شەش پاڵوو، وەدەفرێكی تر وەك دەفری یەكەم لەگەڵ ٢٠ شەش پاڵوو.

پێوەرەكان

- ژمارەكان و كردارەكان – گەیاندن
- ئامار و ئەگەرەكان – بەیەكبەستن
- شیكاری پرسیارەكان
- ڕێنوێنی و سەلماندن

ڕۆژانە

ژمارەیەك لە قوتابیان هەڵبژێرە (٣ یان ٤) راوەستن لەلایەك. پاشان ژمارەیەكی تر هەڵبژێرە (٧ یان ٨) ڕاوەستن لەلای تردا. پرسیاربكە كام كۆمەڵە ژمارەكانی گەورەترە؟ داوا لە قوتابیان بكە هەریەك لە كۆمەڵەكان بژمێرن بۆ ساغكردنەوەی وەڵامەكان.

پێشینەی بیركاری.

بەكارهێنانی نیشانە نەگۆڕەكان بۆ بەراوردكردن گرنگی زۆری هەیە بۆكرداری خەملاندن.

كرداری خەملاندن یەكێكە لە ڕێگاكانی هەرە گرنگ بۆ ساغكردنەوەی وەڵامەكان لە شیكاركردنی پرسیارەكانی بیركاری. و ڕاهێنانی قوتابیان لەسەر ئەم ڕێگایە دەبێ لە تەمەنی زوو بێت.

چالاكی

كۆمەڵەی بچووكەكان

هەستی – جووڵەیی

بۆ هەر كۆمەڵەیەك دەفرێك ١٠ شەش پاڵو تێدابێت، و دەفرێكی تر ٥ و دەفرێكی تر ٢٠. پرسیاربكە: **نزیكەی چەند شەش پاڵوو لەناو هەر دەفرێك هەیە؟** داوا لە قوتابیان بكە:

- هەرسێ دەفر (ئامان) بەراورد بكەن و بڕیار بدەن كامیان پتری تێدایە.
- بخەملێنن هەر دەفرێك چەندی تێدایە؟
- پاش ڕێك كەوتنی هەر كۆمەڵەیەك لەسەر خەملاندنەكەی. تەختەی دە بەكاردەهێنێ بۆ دیاركردنی ژمارەكان بەوردی. و ساغكردنی خەملاندنەكەیان.

ڕاسپاردەكان ئەم پرسیارانە ئاڕاستەی قوتابیان بكە لەكاتی كاركردنیان دا:

- **ژمارەی شەش پالووەكانی ناو دەفرەكەتان بە چەند خەملاندووە؟**
  وەلامی چاوەڕێ: بە ١٨ شەش پالو خەملاندمان.
- **چۆن گەیشتن بەم خەملاندنە؟** وەلامی چاوەڕوانكراو: بەراودمان كرد لەنێوان ئەم دەفرە و دەفری پێوەری ئەوەی ١٠ی تێدایە.
- **كەی كرداری خەملاندن بەكەلكە؟** وەلامی چاوەڕوانكراو: هەندێك جار پێویستی مان بە زانینی ژمارەكە نییە بە ووردی، وە هەندێك جار گەیشتن بەزانینی ژمارەكە گرانە «قورسە».

دڵنیابە كە قوتابیان خەملاندنی گونجاو پێش كێش دەكەن. و ئەگەر بینیت هەندێك لەو خەملاندنانە گونجاو نییە وەك (١٠٠ یان ١٠٠٠)، هۆی نەگونجاوبوونی خەملاندنەكانیان بۆ قوتابیان ڕوون بكەوە. داوا لە قوتابیان بكە ڕوونی بكەنەوە بۆهاوڕێكانیان چۆن هەستان بە خەملاندنی خۆیان. و هانیان بدە بۆ بەكارهێنانی ووشەكانی وەك (پترە لە، یان كەمترە لە، یان نزیكەلە).

ڕێکخستنی وانەی ٤

ئامانج: پرسیارێك شیکار دەکات بە بەکارهێنانی خەملاندن.

١ پێشکەشکردن

- سەرەتا واتاو گرنگی خەملاندن لەگەڵ قوتابیان گفتوگۆ بکە. سەرنجیان ڕابکێشە کەوا ئێمە خەملاندن دەکەین کاتێ پێویستیمان بە وەڵامی دروست نەبێت یان کاتی پێویستمان نەبێت بۆ ئەمە، بۆیان باسبکە کەوا خەملاندن گرنگە بۆ زانینی دووریەکان یان ئەو بڕە پارەیەی دەیدەیت لەکاتی کڕیندا یان بۆ زانینی ژمارەی کەسەکانی هۆڵێك زۆرشتی تر دەتوانیت وانەکە دەست پێبکەی بەم چالاکیانەی دێت.
- تورەگەیەك ئامادە بکە (٥) شەش پاڵووی تیابێت، وە چەند تورەگەیەکی تر هەریەکەیان ژمارەیەك شەش پاڵوویان تیا بێت ژمارەیان لە نێوان ٦ و ١٠ بێت.
- ئەو تورەگەیەی کەوا ٥ شەش پاڵووی تیایە بەتاڵ بکە بە ژماردنی شەش پاڵووەکان لەگەڵ قوتابیان.
- پێنج شەش پاڵووەکە بگەڕێنەوە ناو تورەگەکە، وە تورەگەکە لە پێش چاوی قوتابیان دابنێ.
- هەر جووتێك لە قوتابیان تورەگەیەکی لەو تورەگانە بدەرێ کە ژمارەی شەش پاڵووەکانی لە نێوان ٦ و ١٠ بوو.
- داوا لە قوتابیان بکە ژمارەی ئەو شەش پاڵووانەی لە ناوکیسەکەدا هەیە بخەملێنن بە بەراورد لەگەڵ ئەو پێنج شەش پاڵووەی لە پێشتان خستمە ڕوو پاشان لەناوکیسەکەم دا. پێویست ناکات قوتابیان شەش پاڵووەکانیان بژمێرن چونکە ئەم کردارە لێرەدا کرداری خەملاندنە. وە لەسەریان پێویستە، ئەم زاراوانە بەکاربهێنن: کەمتر لە پێنج زۆرتر لە پێنج، یەکسان بە پێنج.
- شووشەکی ڕوون بخەرەپێش قوتابیان ١٧ شەش پاڵووی تیابێت.
- داوایان لێبکە ژمارەی شەش پاڵووەکان بخەملێنن، وە ژمارەکە لەسەر کاغەزێك بنووسن.
- ژمارە خەملێندراوەکان لە ژێریەك دابنێ، ژمارەکان لەگەڵ ژمارەی دروستی ١٧ بەراوردبکە.



پرسیارێك شیکار دەکەم دەخەملێنم

وانەی ٤

- ئەو شووشەیە دەوردەدەم کەنزیکەی ٢٠ میوەی تێدایە.
- ئەو شووشەیە دەوردەدەم کەلە ٢٠ هەڵماتی کەمتری تێدایە.

٤١

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- قوتابیان چالاکیەکانی لاپەرە ٤١ جێبەجێ دەکەن، بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە دەیاندەیتێ.
- بپرسە چۆن دەتوانی بخەملێنی ئەگەر بێت و دەفرێك نزیکەی ٢٠ میوەی تیابێت. وەڵامی چاوەڕوانکراو: سەیری دەفرەکەی لای ڕاستی لاپەرەکەم کرد کە ١٠ میوەی تیایە، ئینجا سەیری هەردوو دەفرەکەی ترم کرد وە هەستام بە کرداری بەراوردکردن ئەمە یارمەتی دام لەسەر خەملاندنی ئەو دەفرەی کە ٢٠ میوە دەگرێت.
- بپرسە کامیان بۆ وەڵامدانەوە خێراترە: ژماردن یان خەملاندن؟ خەملاندن.
- ئەگەر ویستت بەراورد کردن لە نێوان دو کۆمەڵە دابکەی ئایا پێوست دەکات بیانژمێری؟ نەخێر.
- بۆچی: مەرج نیە ژمارەی دانەکانی هەرکۆمەڵەیەك بەووردی بزانم، گرنگ ئەوەیە بزانم کام لە دوو کۆمەڵەکە زیاتر لە خۆ دەگرێت.

ڕۆشنایی پەروەردەیی

خەملاندن گرنگیەکی گەورەی هەیە لە فێرکردنی بیرکاری، لە دواییدا قوتابیی هەست بەگرنگی خەملاندن دەکات کاتێك پۆلەکانیان پێش کەوت و ژمارەکانی فێری بوون گەورە تربوو. گرنگی خەملاندن زیاتر دەبێت لە ژمارە و هەندە گەورەکان، بەتایبەتی کاتێك مرۆڤ دەیەوێت بڕیار بدات دەربارەی ژمارەکان. وەك ئەو دووریەی دەیەوێ بیبڕێت یان ئەو بڕە پارەی خەرجی دەکات. یان ژمارەی دانیشتوانی ناوچەیەك.... وە هەرشتێك لەم شێوەیە.

ئاکاداربە هەڵەی باو... هەندێ لە قوتابیان هەڵدەستن بە ژماردنی تۆپە شووشەییەکانی ناو دەفرەکە لەگەڵ ئەوان جەخت لە چەمکی خەملاندن بکە کە پێویست بە ژماردنی هەموو ئەو دانانەی هەیە ناکات.

٣ ڕاهێنان

داوا لە قوتابیان بکە ئەو ڕاهێنانەی کە لە لاپەڕە ٤٢ دا هاتووە شیکار بکەن.

- قوتابیان چالاکیەکانی لاپەرە ٤٢ جێبەجێ دەکەن بە پێی ئەو ڕێنمایانە کەپێیان دەدەی.
- بۆشیکاری پرسیاری 🐟 بۆ قوتابیان دووپات بکەوە کە پێویستە لەسەریان بەووردی سەیری ئەو دەفرە بکەن کە ٢٠ تۆپی شووشەیی لە خۆ دەگرێت بۆ ئەوەی شێوەیەکی هزری لە لای دروست ببێت دەربارەی قەبارەی ئەو شوێنەی کە تۆپە شووشەییەکان دەگرێت کە ٢٠ تۆپن، پێویستە لەسەریان ئەم دەفرەی کە ٢٠ تۆپ دەگرێت بەکاربێنن وەك پێوەرێك لە میانەی کرداری خەملاندن.
- چاودێری کاری قوتابیان بکە.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی پۆڵ

- پۆلەکە دابەشبکە بۆ چەند کۆمەڵەیەکی بچووك، وە هەر کۆمەڵەیەك دەفرێکی بدەرێ ژمارەیەك لە شت لە خۆبگرێت، داوا لە قوتابیەك بکە ژمارەی شتەکانی ناو ئەو دەفرەی کۆمەڵەکەی خۆی بخەملێنی و بینووسێت، لە دواییدا داوا لە هەر کۆمەڵەیەك بکە گفتوگۆ دەربارەی ژمارەی خەملێندراوەکان بکەن: ئایا شیاوە یان نا؟ لە دواییدا داوا لە هەر کۆمەڵەیەك بکە با ئەو شتانەی ناو دەفرەکەی کە لایەتی بژمێرن. دەکرێت چالاکیەکە دووبارە بکەیەوە بە بەکارهێنانی دەفری تر.

ئەرکی ماڵەوە

داوا لە قوتابیان بکە با ئەو ڕاهێنانەی کە لە وانەی ٣–٤ دا هاتووە لە ماڵەوە لە کتێبی ڕاهێنان شیکاربکە ئەگەر بینیت تا ئێستا هەندێ لە قوتابیان ڕووبە ڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە خەملاندن چەند کۆمەڵەیەك لە شتی بچووکیان بدەرێ (دانەوێلە، گیرەی جل، قەباغ) داوایان لێبکە ژمارەکانیان بخەملێنن، لە دواییدا دڵنیابە لە بەدەستهێنانی چەمکی خەملاندن.



ڕاهێنان دەکەم

- 🐟 ئەو شوشەیەی کە لە ٢٠ هەڵماتی شوشەیی کەمتری تێدایە دەور دەدەم.
- 🐢 ئەو شوشەیەی کە لە ١٠ هەڵماتی شوشەیی کەمتری تێدایە دەور دەدەم.
- ★ ئەو شوشەیەی کە لە ٢٠ هەڵماتی شوشەیی زیاتری تێدایە دەوردەدەم

چالاکی ماڵەوە • داوا لەمنداڵەکەت بکە ١٠ دەنك فاسۆلیا لەکوپێکدا دابنێ و ژمارەیەکی دیاریندەکراو لە دەنك فاسۆلیا لەکوپێکی تردا دابنێ. ژمارەکەی بخەملێنێ پاشان داوای لێبکە ئەو دەنکە فاسۆلیانە بژمێرێت کە خەملاندوویەتی.

٤٢

ڕێنمایی هەندێ لە قوتابیان ئەو خەملاندنانەی پێت دەدا ناژیرانە یە بۆ لابردنی ئەوئاستەنگانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لەکاتی خەملاندن، ئاگاداریان بکەوە کەوا کرداری خەملاندن ناکرێت بەپێدانی ژمارەیەك بەشێوەیەکی ڕەمەکی. کرداری خەملاندن بنیات نراوە لەسەر ئەو بڕانەی کەوا قوتابی بە چاو دەیبینێت، وە لەسەر شێوەی هزری کە لە چەمکی ژمارەدا لەلای دروست بووە گفتوگۆ لەگەڵ ئەو قوتابیە بکە کە لەکرداری خەملاندن هەڵەی کردووە. بۆی ڕونبکەوە بۆچی خەملاندکەی ناژیرانەیە، یارمەتی بدە لەسەر دۆزینەوەی خەملاندنی دروست، ئەویش لەمیانەی پشت بەستن بەو هەندەی کە بینویەتی.

ڕاهێنان ٣–٤

قوتابخانە........ناوی قوتابی..........پۆل: یەکەم هۆبەی......بەروار / /

پرسیارێك شیکاردەکەم: دەخەملێنم

- 🐟 ئەو شووشەی لە ١٠ هەڵمات کەمتری تێدایە دەوردەدەم
- 🐢 ئەو شووشەی لە ٢٠ هەڵمات کەمتری تێدایە دەوردەدەم.
- ★ ئەو شووشەی لە ٢٠ هەڵمات زیاتری تێدایە دەوردەدەم

ل ٤٢ ڕاهێنان

وانەی
٥

ژمارەکان لە ٢١ تا ٢٥

پلانی وانەکە

ئامانج ژمارەکان لە ٢١ تا ٢٥ دەنوێنێ، و دەژمێرێ و دەنووسێ و دەناسێ بەبەکارهێنانی دوو کۆمەڵەی دەیی.

زاراوەکان بیست ویەك، بیست ودوو، بیست وسێ، بیست و چوار، بیست وپێنج.

کەرەستەکان: بۆ هەر قوتابیەك سێ تەختەی دە، ٢٥ پەپکە، کارتی ژمارەکان لە ٢١ تا ٢٥

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان.
- گەیاندن.

ڕۆژانە

١٠ پینووسی سوور و ١٠ پێنووسی شین و یەك پێنووسی زەرد. چەند پێنوست هەیە؟

٢١ پێنووس. هەندێك جار وەڵامەکان بەم شێوەیە دێت. دوو دەو یەك، یان بیست و یەك. هەموو وەڵامە ڕاستەکان وەردەگرم

پێشینەی بیرکاری.

پێکهاتەی زارەکی و وێنەی زارەکی ژمارە ئاوێتەکان(وەك بیست ویەك وبیست وسێ) گونجاوە لەگەڵ ژیربێژی بیرکاری دیارکردنی ئەم ژمارانە ئەمە وادەکات یارمەتی قوتابی دەدات بۆ لەبەرکردنی وێنەی ژمارەکان. تەختەی دە دەبێتە هۆیەکی بینینی چاك کە یارمەتی قوتابی دەدات بۆ پێك هێنانی وێنەیەکی هزری ژمارە دە. و بەکارهێنانی نیشانەیەکی پێوانەیی لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ژمارەکان. سیستەمی ژماردنی دەیی دانراوە لەسەر بیروکەی بەهای خانەکە کاتێ کە بەهای ڕەنووسی لە ژمارە نووسراوەکەدا پەیوندە بە شوێنی ئەو ڕەنووسە لە ژمارەکەدا.

چالاکی

هەموو پۆلەکە

هەستی– جوولەیی– بینین

داوا لە قوتابیان بکە:

- پەپکەکان بەکاردێنن بۆ داپۆشینی بیست چوارگۆشە لەهەردوو تەختەی دە.
- یەك پەپکە زیادبکەن لەسەر تەختەی دەی سێیەم بۆ دەرکەوتنی ژمارە (٢١).
- کارتی ژمارە ٢١ بۆ چەند جارێك دووبارە بکرێتەوە بۆ دەرکەوتنی ژمارەکانی ٢٢ و ٢٣ و ٢٤ و ٢٥.

ڕاسپاردەکان ئەم پرسیارانە ئاڕاستەی قوتابیان بکە لەکاتی کارکردنیان.

- **چەند پەپکەت هەیە لەسەر هەردوو تەختەی دە؟** ٢٠ پەپکە.
- **ئەو ژمارە کامەیە کە ٢٠ پەپکە و دوو پەپکە نیشان دەدات؟** ٢٢
- **چۆن ژمارەی ٢٥ ڕوون دەکەیتەوە؟** هەردوو تەختەی دە بە پەپکە دادەپۆشم، وە ٥ پەپکە لەسەر تەختەی سێیەم دادەنێم.
- **کامەیان گەورەترە ژمارەی ٢٣ یان ٢٥؟ چۆن دەزانیت؟** ژمارەی ٢٥. لە ژمارەی ٢٣ دا هەردوو تەختەی دە پڕدەکەمەوە و ٣ چوارگۆشەش لەتەختەی سێیەم، بەڵام لە ژمارە ٢٥ هەردوو تەختەی دە پڕدەکەمەوە و ٥ چوارگۆشەش لەسەر تەختەی سێیەم دادەنێم. ٥ گەورەترە لە ٣ کەواتە ٢٥ گەورەترە لە ٢٣.

چاودێری کارێ قوتابیان بکە. و هەوڵ بدە کە هەموو قوتابی بەشداری لە چالاکییەکە دا بکەن. دڵنیابە قوتابیان کارتی ژمارەی گونجاویان داناوە لەبەردەم ئەو ژمارەی نواندویانە بە پەپکە. داوا لە یەکێك لە قوتابیان بکە وێنەی ٢٢ سێو لەسەر داری سێو بکێشێت. بیست دانەی یەکەم بە ڕەنگی سوور و دوو سێوە ماوەکە بە ڕەنگی زەرد.



وانەی ٥

ژمارەکان لە ٢١ تا ٢٥

- سەبەتەکان دەژمێرم. وێنەی سەبەتەیەکی زیاتر دەکێشم بۆ ئەوەی ٢١ بەدەست بهێنم. ژمارەکە دەنووسم.
- ئاو پرژێنەکان دەژمێرم. وێنەی ٢ی زیاتر دەکێشم بۆ ئەوەی ٢٢ بەدەست بهێنم. ژمارەکە دەنووسم.
- خۆرەکان دەژمێرم. وێنەی ٣ی زیاتر دەکێشم بۆ ئەوەی ٢٣ بەدەست بهێنم. ژمارەکە دەنووسم.
- شەپقەکان دەژمێرم. وێنەی ٥ی زیاتر دەکێشم بۆ ئەوەی ٢٥ بەدەست بهێنم. ژمارەکە دەنووسم.

٤٣

ئاگاداربە... دوای نواندنی ژمارە ٢٣، بۆ نموونە، لەسەر تەختەکانی دەیی، بە ئەنقەست هەندێ لە قوتابیان لە ژمارە ١ دەست بە ژماردن دەکەن. ئاگاداری ئەمانە بکەوە با کات بەفیرۆ نەدەن دووتەختەی دەیی پڕ دەکاتە ٢٠ وە لەگەڵ ٣ ئاو پڕژێن لە تەختەی سێیەم بۆ نموونە دەکاتە ٢٣.

ڕێکخستنی وانەی ٥

ئامانج

ژمارەکان لە ٢١ تا ٢٥ دەنوێنێت وە دەیانژمێرێت و دەیاننووسێت و دەیانناسێت بەبەکارهێنانی تەختەی دەیی.

١ پێشکەشکردن

- سەرەتا دڵنیابە لەوەی قوتابیان تا چەند ژمارەکان لە ١٦ تا ٢٠ دەناسن.
- وە چۆن دەتوانن لەسەر تەختەی دەیی ئەو ژمارانە بنوێنن بەبەکارهێنانی پەپکەکان.
- بپرسە **چۆن ئەو ژمارەیەی لە دوای ٢٠ دێت بەدەست دێنی؟** پەپکێك بۆ هەردوو تەختەی دەیی زیاد دەکەم.
- ژمارە ٢١ لەسەر تەختەکە بنووسەوە ٢١ پەپکەکە بەدەنگێکی بەرز بژمێرە، بەدانانی پەنجەت لەسەر هەر پەپکێك.
- کردارەکە دووبارە بکەوە لەسەر ژمارەکان تا ٢٥.
- داوا لە قوتابیان بکە با پەنجەکانیان لەسەر وێنەی ماسی لە لاپەرە ٤٣ دابنێن.
- بپرسە **چەند تەختەی دەیی هەیە؟** ٣
- **چەند زەمبیل هەیە؟** ٢٠
- داوا لە قوتابیان بکە وێنەی زەمبیلێکی تر بکێشن بۆ ئەوەی ژمارە ٢١ بەدەست بێنن.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- **چۆن دەستتکرد بە ژماردنی ئاو پرژێنەکان لە ڕاهێنانی؟** دەستمکرد بە ژماردنی ئاو پرژێنەکان لە هەردوو تەختە پڕەکان، ئینجا ژماردنی ئەو ئاو پرژێنەرانەی کە لە تەختە بەتاڵەکە هەیە.
- **ئایا پێویستە لەسەرت هەموو ئاو پرژێنەرەکان بژمێری، یان ڕێگایەکی تر هەیە کە پەیرەوی بکەی؟** وەڵامی چاوەڕوانکراو: لەبەر ئەوەی تەختەیەکی پڕ واتای ١٠ دەگەیەنێ، دەست دەکەم بە ژماردنی دووتەختە کە بەدە دە پاشان ئەو ئاو پرژێنەرانەی کە لە تەختەی سێیەم ماوەتەوە بۆی زیاد دەکەم.
- قوتابیان چالاکیەکانی لاپەرە ٤٣ جێبەجێ دەکەن بەپێی ئەو ڕێنماییانەی پێیان دەدەی.
- چاودێری کاری قوتابیان بکە.

وچانێك لەگەڵ زمان ئاستەنگە، وە لە توانادانیە قوتابیان بەکارهێنانی شێوەی پیتی ژمارەکانی ئاوێتە (تێکەڵ) بە زمانی پاراوی نووسین دەربڕن هانیان بدە لەسەر ئەوەی دەربڕینەکانیان دروست بێت لە ڕووی بیرکاریەوە بەڵام تۆی مامۆستا جەخت لەسەر بەکارهێنانی زمانی پاراو بکە بە شێوەیەکی دروست بەڵام دەتوانی زمانی گشتی بەکاربهێنی کاتێك پێویست بەمە بکات.

٣ ڕاهێنان

داوا لە قوتابیان بکە ئەو ڕاهێنانەی کە لە لاپەڕە ٤٤ دا هاتووە شیکار بکەن.

- قوتابیان چالاکیەکانی لاپەرە ٤٤ جێبەجێ دەکەن بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە دەیاندەیتێ.
- چاودێری کاری قوتابیان بکە.
- **بپرسە ئەو ژمارەیەی وە دەست دێنی کامەیە ئەگەر یەکێك لە تەختەکانی دەیی لە ڕاهێنانی ئەستێرە لابرا.**

لەسەر قوتابیان پێویستە دەیەك بسرنەوە. ئەمەش خۆی لە تەختەی دەیی چەترەکان دەنوێنێ، ئەم پرسیارە یارمەتی قوتابیان لەسەر زانینی چەمکی پێکهێنانی ژمارەکان و تەختەی دەیی.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی پۆل

- ٣ تەختەی دەیی و ژماریەك پێنووس بدە قوتابیان.
- ژمارەیەك بڵێ لە نێوان ژمارە ٢١ و ٢٥.
- داوایان لێبکە ئەو ژمارەیە بنوێنن بە ڕەنگ کردنی تەختە دەییەکان، وە ئەو ژمارەیە بنووسن.

ئەرکی ماڵەوە

داوا لە قوتابیان بکە ئەو پرسیارانەی کە لەوانەی ٣–٥ دا هاتووە لە ماڵەوە لە کتێبی ڕاهێنان شیکاربکەن. ئەگەر بینیت کەوا هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە ناسینی ژمارەکان لە گەڵیان بگەڕێوە بۆ چەمکی ژمارەکەو نواندنی بەهۆی تەختەکانی دەیی، ڕاهێنانیان بدەرێ لەسەر ژمارەکان لە ١٥ تا ٢٥.



ڕاهێنان دەکەم

٢٠ ٢١

٢٣ ٢٢

٢٥ ٢٤

ژمارەی گونجاو دەور دەدەم.

چالاکی ماڵەوە • داوا لە منداڵەکەت بکە ژمارەکانی ٢١، ٢٢، ٢٣، ٢٤، ٢٥ لە لاپەڕەکانی کتێبەکەیدا بناسێتەوە.

٤٤



ڕاهێنان ٣–٥

ژمارەکان لە ٢١ تا ٢٥

وانەی ٣-٥

٢١

٢٣

٢٥

٢٤

٢٢

وانەی
٦

ژمارەکان لە ٢٦ تا ٣٠

پلانی وانەکە

ئامانج ژمارەکان لە ٢٦ تا ٣٠ دەنوێنی و دەژمێری و دەنووسێ و دەناسێ، بە بەکارهێنانی کۆمەڵەکان لە دە.

زاراوەکان بیست و شەش، بیست و حەفت، بیست و هەشت، بیست و نۆ، سی.

کەرەستەکان بۆ هەر جووتێك ٣ تەختەی دە، ٣٠ پەپکە، کارتی ژمارەکان ٢٦ تا ٣٠.

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- گەیاندن

ڕۆژانە

چەند ڕۆژ لەمانگێکدا هەیە بەپێ ی ساڵنامەی کۆچی؟ ٣٠ یان ٢٩ چۆن ئەم ژمارە دەنووسین؟ قوتابی پێشینەیەکی باشی هەیە بۆ نووسینی ژمارەی ٢٩ وژمارەی ٣٠ بەپێی ئەو زانیاریانەی فێربووە لەسەر ژمارەکان تا ئێستا.

ئەم پرسیارە هاندەرێکی باشە بۆ ئامادەکردنی قوتابیان بۆ فێربوونی بابەتی وانەکە.

پێشینەی پەروەردەیی

لەئێستاوە قوتابی دەستدەکات بە دۆزینەوەی دەیان، خڕکردنەوەی شتەکان لەمیانەی کۆمەڵەکانی دە. و ئەم هەنگاوە ڕێگایەکی باشە بۆ کرداری ژماردن. قوتابی دەیان دەژمێرێ لەبری یەکان. وە ئەم دەیانە خۆیان دابەش دەبن لە میانەی دەیان بۆ فێربوونی بیرۆکەی سەدان.

چالاکی

دوانەیی
هەستی - جوڵەیی

داوا لە قوتابیان بکە:

- کە ٢٦ پەپکە بژمێرن.
- پەپکەکان دابنێن لەناو چوارگۆشەکانی هەرسێ تەختەی دەیی.
- کارتی ژمارەکە دابنێن لەبەردەم تەختەکان.
- هەمان چالاکی دووبارە بکاتەوە لەگەڵ ژمارەکانی ٢٧ تا ٣٠.

ڕاسپاردەکان ئەم پرسیارانە ئاڕاستەی قوتابیان بکە لە کاتی کارکردندا:

- چەند پەپکەی تر زیاد دەکەیت لەسەر ٢٠ بۆ ئەوەی ٢٦ پەپکە بەدەست بهێنیت؟ ٦ پەپکە.
- چەند پەپکەت دەبێت ئەگەر یەك پەپکە زیاد بکەی لەسەر ٢٩؟ ٣٠ پەپکە.
- چۆن دەزانی کامە کارت ژمارەکە پیشان دەدات؟ وەڵامی چاوەڕوانکراو: ٢٦ واتا ٦ و بیست.

چاودێری کاری قوتابیان بکەو هەوڵبدە هەموویان بەشداری بکەن.
داوا لە قوتابیان بکە ژمارەی ٢٦ لەسەر تەختەی دە بەڕەنگکردن بنوێنن داوا لە هەندێ قوتابی بکە باس لە کارەکانی خۆیان بکەن لەبەردەم قوتابیەکانیتر.

ڕێکخستنی وانەی ٦

Star Group
For Math

ئامانج

ژمارەکان لە ٢٦ تا ٣٠ دەنوێنن وە دەیانژمێرن و دەیانووسن و دەیاناسن بەبەکارهێنانی تەختەکانی دەیی

١ پێشکەشکردن

سەرەتا دڵنیابە لە تێگەیشتنی قوتابیان لە ژمارەکان تا ٢٥ وە دڵنیابە لە دروستی کارکردنیان لەگەڵ تەختەی دەیی.

- لە میانەی کۆمەڵەکان لە ٢٦ تا ٣٠ چەند وێنەیەکی گۆڤارەکان لەسەر تەختەی کارکردن بنوسێنە (بلکێنە) بە بەکارهێنانی چەند نموونەیەك لە تەختەی دەیی، داوا لە قوتابیان بکە کارتی ژمارەکە لەسەر تەختەی کارکردن دابنێن.
- ژمارەکان لە ٢٦ تا ٣٠ لەسەر تەختەکە بەرە نووس و بەپیت بنووسە وە دەریانببڕە.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستە کراو

- **بپرسە چۆن میوەکان لە ڕاهێنانی** 🐢 **دەژمێرن؟** میوەکان لە تەختەکانی دەیی دانراون، لەبەر ئەوەی هەردوو تەختەی دەیی بڕکراوە لەمیوە، دەست بکە بە ژماردن لە تەختەی سێیەم بەدەست پێکردن بە ٢٠، ٢١، ٢٢، ٢٣، ٢٤، ٢٥، ٢٦، ٢٧.
- **بپرسە ژمارەی میوەکان لە ڕاهێنانی** ❤ **چەندن؟** ٣٠ **چۆن هەستای بە کرداری ژماردن؟** لەبەر ئەوەی میوەکان هەرسێ تەختەکانیان پڕکردۆتەوە، کرداری ژماردن بە دە دە ژماردرا بەم شێوەیە: یەك دە، دوو دە، سێ دە؛ ٣٠.
- قوتابیان چالاکی لاپەرە ٤٥ جێبەجێ دەکەن بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە پێیان دەدەیت.
- چاودێری کاری قوتابیان بکە.
- **پێکەوە بەستن:** داوا لە قوتابیان بکە چەند کارێك بڵێن ژمارەکانی نێوان ٢٥ تا ٣٠ تیایدا دەردەکەوێت.



وانەی ٦

ژمارەکان لە ٢٦ تا ٣٠

- 🐟 ژمارە گونجاوەکە دەور دەدەم.
- 🐢 سەوزەکان دەژمێرم، ٧ی زیاتر وێنە دەکێشم بۆ ئەوەی ٢٧ بەدەست بهێنم.
- ★ سەوزەکان دەژمێرم، ٩ی زیاتر وێنە دەکێشم بۆ ئەوەی ٢٩ بەدەست بهێنم.
- ❤ ژمارە گونجاوەکە دەور دەدەم.

٤٥

ئاکاداربە... لەگەڵ قوتابیان پێکەوە جەخت لە ژمارەی ٣٠ بکەنەوە، وە ئاگاداریان بکەوە کەوا ٣ تەختەی دەیی پڕ ئەم ژمارەیە دەنوێنێ هەرکارێکی لەم شێوەیە لە دوارۆژدا ئاسانکاریان بۆ دابین دەکات بۆ ناسینی ژمارەکانی لە دوای ٣٠ دێن بەتایبەتی ژمارەکانی ٤٠، ٥٠، ٦٠......



ڕاهێنان دەکەم

٢٥ ٢٦ ٢٧

٢٦ ٢٧ ٢٨

٢٧ ٢٨ ٢٩

٢٨ ٢٩ ٣٠

ژمارە گونجاوەکە دەور دەدەم.

چالاکی ماڵەوە • ژمارەکان لە ٢١ تا ٣٠ هەریەکەیان لەسەر کارتی بچووك بە ریزکراوەیی بنووسە. هەر جارێك داوای ژمارەیەکی لێبکە لە نێوان ٢١ تا ٣٠ بۆ ئەوەی بیدۆزێتەوە و بیناسی و هەروەها.

٤٦



ڕاهێنان ٣–٦

قوتابخانە..........ناوی قوتابی..........پۆل یەکەم هۆبەی......بەروار / /

ژمارەکان لە ٢٦ تا ٣٠

وانەی ٣-٦

٢٦

٢٩

٢٧

٣٠

٢٨

قوتووەکان دەژمێرم. ژمارەکە دەنووسم.

ل ٨١ ڕاهێنان

٣ ڕاهێنان

داوا لە قوتابیان بکە ئەو ڕاهێنانەی کە لە لاپەڕە ٤٦ دا هاتووە شیکار بکەن

- قوتابیان چالاکیەکانی لاپەڕە ٤٦ جێبەجێ دەکەن بەپێی ئەو ڕینماییانەی کە دەیاندەیتێ.
- لە قوتابیان بپرسە: ئەو ژمارەیەی کە دەستمان دەکەوێت چەندە ئەگەر بێت و وێنەی هەنارێکی تر بکێشن لە ڕاهێنانی دووەم؟
- چاودێری کاری قوتابیان بکە.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی پۆڵ

- تەختەکانی دەیی و چەند قەڵەمێك بدە قوتابیەکان.
- ژمارەیەك لە نێوان ٢٦ و ٣٠ بڵێ، وە داوا لە قوتابیان بکە ئەو ژمارەیە بنوێنن بەڕەنگکردن، وە لەسەر وێنەکە بینووسن.

ئەرکی ماڵەوە

داوا لە قوتابیان بکە با لەماڵەوە شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لەوانەی ٣–٦ دا هاتووە.

دەبینین هەندێ لە قوتابیان تا ئێستا ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە ناسینی ژمارەکان داوا بکە بابەخۆیان هەستن بەنواندنی ئەو ژمارانە بەهۆی تەختەکانی دەیی وەك ئەوەی وێنەی چەند سێوێك یان ئەستێرەیەك یان هاوشێوەکانیان بۆ نموونە بکێشن، بۆ نواندنی ٢٧ یان ٢٨.....

بەشی ٣

ژمارەکان لە ١١ تا ٣٠

پێداچوونەوەی/بەشی ٣

ئامانج دڵنیابوون لە تێگەیشتنی چەمکەکان و وەرگرتنی ئەو کارامەییانەی کە لە بەشی ٣ دا هاتووە.

بەکارهێنانی لاپەڕە

- ئامانجی لاپەرەی (پێداچوونەوە) بۆ قوتابیان ڕونبکەوە
- نزیکەی ٣٠ خولەك تەرخان بکە تیایدا داوا لە قوتابیان بکە لەم ماوەیە شیکاری ڕاهێنانەکانی لاپەڕەی (پێداچوونەوە) بکەن.
- دەتوانیت یارمەتی ئەو قوتابیانە بدەی کە ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە.
- دەتوانی بوار بۆ هاوکاری کردن لە نێوان قوتابیان بڕەخستنی لەگەڵ پاراستنی یاسای قوتابخانە و هێمنی پۆڵ.
- دەتوانیت وەڵامی پرسیارەکانی قوتابیان بدەیتەوە.
- ئەوکاتەی دەمینێتەوە لە وانەکە تەرخان بکە بۆ پێدانی وەڵامی پرسیارەکان و شیکارەکانیان.
- ئەم لاپەڕەیە پێداچوونەوەی ژمارەکان لە ١١ تا ٣٠ بەدەست دێنێت.
- ئامانج لە چالاکیەکانی ئەم لاپەڕەیە دڵنیابوونە لە چەمکی ژمارەکان لە ١١ تا ٣٠، وەخوێندنەوەیان لە میانەی کرداری ژماردن.
- لەگەڵ قوتابیان جەخت لەوە بکەوە کەوا

تەختەیەکی دەبی تەواو ١٠ دەنوێنی وە دووتەختەی دەبی ٢٠ دەنوێنێ سێ تەختەی دەبی ٣٠ دەنوێنێ لە میانەی ئەم لاپەرەیە دڵنیا دەبێت کەوا قوتابیان تا چەند جیاوازی لە نێوان ژمارەکان دەکەن.



پێداچوونەوەی
بەشی ٣

ناو ____________

[✓ ١٣] ١٤

[✓ ١٧] ١٨

[✓ ٢٥] ٢٤

[✓ ٢٧] ٢٨

[✓ ٣٠] ٢٩

دەژمێرم. ژمارە گونجاوەکە دەور دەدەم.

٤٧


Star Group
For Math

ئامادەبوون بۆ
تاقیکردنەوە
بەشی ٣

ناو ________

	١٦
	١١

ماسییە گەورەکان دەژمێرم.ژمارەکە دەنووسم.
ماسییە بچووکەکان دەژمێرم.ژمارەکە دەنووسم.

٤٨

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

ئامانج ئامانج لە لاپەڕەی (ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە) لە کتێبی قوتابی هەروەك لە ناونیشانەکەی دیارە بریتیە لە ئامادەکردنی قوتابی بۆ تاقیکردنەوەی بەش. ئەم لاپەڕەیە چەمکەکان و کارامەییەکانی لەو بەشەدا هاتووە لە خۆ دەگرێت، وە هەروەها چەمکەکانی تر کە لەبەشەکانی ڕابوردوودا هاتووە لە خۆ دەگرێت هەر بڕگەیەك لەم لاپەڕەیە ئامانجێکی پەروەردەیی یان زیاتر لە خۆدەگرێت. وە ئەمە خۆی لەخۆیدا تاڕادەیەك ئامانجە پەروەردیەکانی پەیوەست بەم بەشە لە خۆ دەگرێت.

بەکارهێنانی لاپەڕە

بگەڕێوە بۆ بەشی ڕابووردوو

ئەنجامدانی چالاکیەکانی لاپەڕە

- **چەند ماسی گەورە لە دەفرەکەدا هەیە؟** ١١
- **چەند ماسی بچووك لە دەفرەکەدا هەیە؟** ١٦

داوا لە قوتابیان بکە ژمارەی ماسیە گەورەکان لە شوێنی تایبەت بنووسن، وە ژمارەی ماسیە بچووکەکان لە شوێنی تایبەت بنووسن.

بپرسە **ژمارەی هەموو ماسیەکان چەندن؟** ٢٧

تاقی کردنەوەی بەش

تاقی کردنەوەی بەش دەکەوێتە چوار جێوەی تاقیکردنەوەکانی بەدەستهاتوو.

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوەی بەش

- دەتوانیت ئەم تاقیکردنەوانە بەکار بێنیت وەکو خۆی.
- دەتوانی لەم تاقیکرنەوانە چەند پرسیارێکی دیاری کراو هەڵبژێری، تیایدا تاقیکردنەوەکانی لێ پێك بهێنی.
- دەتوانی لەم تاقیکردنەوانە چەند پرسیارێکی دیاری کراو هەڵبژێری، لەسەر ئەم پرسیارانە بەخۆت پرسیاری تری لەسەر دابنێی.
- دەتوانی بەخۆت گشت پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی لەسەر دابنێ ی، بە پشت بەستن بەو پرسیارانەی لە تاقیکردنەوەی بەشدا هەیە.

مەرجەکانی ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

- دەبێت کاتی دیاری کراوی تەرخانکراو بۆ تاقیکردنەوەکان گونجاوبێت بۆ قوتابیان.
- پرسیارەکانی ئەم تاقیکردنەوانە دەبێت ئەو ئامانجانەی کە فێرت کردوونە بەبێ کەم و زیاد بەرجەستە بکات.
- پرسیارەکانی ئەم تاقیکرنەوانە دەبێت ئامانجەکان بەشێوەیەکی هاوسەنگ بەرجەستە بکات بەرەچاوکردنی گرنگی ئامانجەکان.
- دەبێت تاقیکردنەوەکەت (پرسیارەکانی شێوەی أ) و (پرسیارەکانی شێوی ب) لە خۆبگرن لەگەڵ گرنگی دانی زیاتر بەشێوەی أ. (بگەڕێوە بۆ ڕێبەری هەڵسەنگاندن).
- دەبێت پرسیارەکانی بەش بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا چاپ کرابێت.

ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی بەش

- وانەیەکی تەواو تەرخان بکە بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی بەش.
- بۆ قوتابیان باسبکە پێویستە لەسەریان وەڵامی دروست دەوربدەن لە پرسیارەکانی هەڵبژاردنی فرە وەڵام وە لە پرسیارەکانی (چی دەزانی بینووسە) شیکارەکانیان بەدەست خەتێکی خۆش و جوان و خاوێن بنووسن.
- لە کاتی بوونی کاتی بەتاڵ چ لە قوتابخانە چ لەماڵەوە تاقیکرنەوەکان بپشکنەو تێبینیەکانت لەسەر تۆمار بکە، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان بە حاڵە لاوەزەکانی قوتابیان هەیە.

Star Group
For Math

بەشی
٤
کۆکردنەوە

پلانی بەش

پێشکەشکردن و ئامادەبوون بۆ بەش — کات/ ١ وانە

وانە	ئامانج	زاراوەکان	کەرەستەکان	کاتی خەملێنراو
٤-١ چەند چیرۆکێك لەسەرکۆکردنەوە ل ٥١ – ٥٢	پرسیارەکانی ڕاستەقینە لەسەر کۆکردنەوە دەنوێنێ و شیکاری دەکات.	هەموو	پەپکەکان لە دووڕەنگی جیاواز.	١ وانە
٤-٢ من کۆدەکەمەوە ل ٥٣ – ٥٤	وێنەکان بەکاردەهێنی بۆ دەربڕینی ڕاستییەکانی کە کۆکردنەوەی تێدابێت و سەرجەم دەدۆزێتەوە.	سەرجەم، کۆکردنەوە (+)، یەکسان (=)		٢ وانە
٤-٣ سفر زیاد دەکەم ل ٥٥ – ٥٦	شیکاری ڕستەی کۆکردنەوە بەزیادکردنی سفر دەکات.	سفر		١ وانە
٤-٤ ژمارەکان پێکدێنم ل ٥٧ – ٥٨	ئەنجامی پێکهاتەکانی ٧، ٨، ٩، ١٠ دەناسێ.	سەرجەم، ڕیزکردن	شەش پالّووی پێکەوە بەستراوی سوور و شین.	٢ وانە
٤-٥ بە ئاسۆیی و بە ستوونی کۆدەکەمەوە ل ٥٩ – ٦٠	ڕستەکانی کۆکردنەوە بەستوونی دەنوسێ.	ڕستەی کۆکردن		٢ وانە
٤-٦ پرسیارێك شیکار دەکەم: ڕستەی کۆکردنەوە دەنووسم ل ٦١ – ٦٢	پرسیارێك شیکاردەکات بەبەکارهێنانی ڕێگاکان «ڕستەیەکی کۆکردنەوە بنووسە»	ڕستەی کۆکردنەوە		١ وانە

- پێداچوونەوەی ل ٦٣ — ١ وانە
- تاقیکردنەوەی بەش لاپەرە ل٦٤ — ١ وانە

تێبینی:
- دابەشکردنی بەشەوانەکان بەسەر وانەکانی ئەم بەشەی سەرەوە دابەشکردنێکی خەملێندراوە دەتوانی دەستکاری بکەی و ڕێکی بخەی و بیگونجێنی لەگەڵ بارودۆخ و ژینگەی قوتابی، کاتی تەرخان کراوی تایبەت بە وانەکان جێگیر نییە، دەتوانیت گۆڕانکاری لێبکەی بەپێی پێویست ڕێکی بکەی و بیگونجێنی.
- لەسەر مامۆستا پێویستە کەرەستە داواکراوەکان ئەوانەی ناویان هاتووە لە پلانی بەش یان هاوشێوەکانیان ئامادە بکات پێش دەستپێکردنی وانەکە.

بیرکاری بەپێی پۆلەکان

پۆلی یەکەم

- شێوەی هاوتای ژمارەیەك دەنوێنی ، ژمارە کە دەنووسێت.

پۆلی دووەم

- ڕاستییەکانی کۆکردن بەکاردێنێت.
- پەیوەندی نێوان کۆکردنەوە و لێدەرکردن بەکاردەهێنێت بۆ شیکارکردنی پرسیارەکان.

تێڕوانینێك بۆ دواوە زانیارییەکان و کارامەییە داواکراوەکان.

ئامادەبوون بۆ خوێندنی ئەم بەشە پێویستە قوتابی ئەم کارامەییانە و زانیارییانەی خوارەوەی هەبێت.

- تێگەیشتنی سەرەتایی بۆ بیرۆکەی زیادبوون.
- خوێندنەوەی هێمای ژمارەکان لە سفر تا ١٠ و نوسینیان وزانینیان.

تێڕوانینێك بۆ بەشەکە کارامەییە بنچینەییەکان.

قوتابی لەماوەی خوێندنی ئەم بەشەدا ئەم کارامەیانەی خوارەوە وەردەگرێت.

- ڕستە ژمارەییەکان دەبەستێت بە نموونە وێنەکراوەکان.
- ئاڵوگۆڕ دەناسێت.
- پێکهاتەی شێوازەکان دەناسێت بۆ گەیشتن بەسەرجەمی ٧،٨،٩،١٠.
- ڕستەی کۆکردنەوە بە ئەستوونی دەنووسێت.
- گەشەکردنی کارامەیی 'ڕستەی کۆکردنەوە دەنووسم" بۆ شیکارکردنی پرسیارەکان.

تێڕوانینێك بۆ پێشەوە بوارەکانی جێبەجێکردن.

قوتابی ئەوەی لەم بەشە فێربووە جێبە جێدەکات لەسەر ئەو چەمکە نوێیانەی خوارەوە:

- بەکارهێنانی کوکردن (بەشی ٦).
- ڕاستییەکانی کۆکردنەوە تا ١٢ (بەشی ٦).
- بەیەکبەستن لە نێوان کۆکردن و لێدەرکردن (بەشی ٧، بەشی ٩).
- ڕاستییەکانی کۆکردنەوەو ستراتیژی کۆکردنەوە تا ٢٠ (بەشی ١٢).
- کۆکردنەوەی دوو ژمارەی دووڕەنووسی (بەشی ١٣).



بەشی ٤ کۆکردنەوە

پێشکەشکردنی بەش

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟ (٥خولەك)

ئامانج

- ئەم بڕگەیە بیرۆکەیەك دەداتە مامۆستا سوودەکەی ئامادەکردنی قوتابیانە بۆ خوێندنی چەمکی کۆکردنەوە بەدەست پێکردن لە چەمکی ژماردنەوە کاتێك قوتابی دەژمێرێت یەك، دوو، سێ.... هەر ژمارەیەك لە دوای ئەوی تربێت گەورەترە لە ژمارەکەی پێشی بە ١، ئەوە مانای ئەوە دەگەیەنێ هەر ژمارەیەك پێك دێت بە زیادکردنی ١ بۆ ژمارەکەی پێشی.... وە هەروەها کەواتە کرداری ژماردن خۆی لە خۆیدا کۆکردنەوە دەگرێتەوە، مامۆستا دەتوانێت ئەم بیرۆکەیە بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی سەرنجی قوتابیان ڕابکێشیت بۆ ناوەڕۆکی ئەم بەشە.
- لەوانەیە قوتابیان بپرسن بۆچی ئەم بابەتە فێردەبین ئاگاداریان بکەوە کەوا لەم بەشەدا فێری چۆنیەتی خستنە پاڵ یەکی دوو کۆمەڵە دەبن، وە فێری دۆزینەوەی کۆی گشتی ژمارەی دانەکانیان دەبن لە میانەی جێبەجێکردنی کرداری کۆکردنەوە وە پێیان بڵێ لێرەدا چەند ڕێگایەك هەیە بۆ هەستان بەکرداری کۆکردنەوە، لێیان بگەڕێ با بدۆزنەوە کاتێك دوو ڕستەی کۆکردنەوە دەبینین کە هەمان ژمارەیان هەیە بەڵام بە ڕیزکراوەیەکی جیاواز ئەنجامی کۆکردنەوەیان هەمان ئەنجام دەبێت. قوتابیان ئەم ڕاستیە بەکاردێنن بۆ جێبەجێکردنی کردارەکانی کۆکردنەوەی جیاواز.

لاپەڕەی دەستپێکرد

- لەم بڕگەیە پرسیارێك هەیە لەسەر وێنەی دەستپێکردنی بەش لە کتێبی قوتابی.
- ئەم پرسیارە سەرەتاو ئارەزوو ئامادەباشی و گەرم وگوڕی بۆ قوتابیان بەدەست دێنێ. قوتابیان هانبدە با لەسەر وێنەکە گفتوگۆ بکەن، وێنەکە وێنەی چەند کۆمەڵەیەکی جیاواز لە ئاژەڵەکان لەخۆدەگرێت، دوو کۆمەڵە لە باڵندە، دوو کۆمەڵە لە مەڕ، کۆمەڵەیەك لە ووشتر، کۆمەڵەیەك لە بزن، داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی پرسیارەکە بدەنەوە، وە ئاراستەیان بکە با دوو کۆمەڵە لە هەمان جۆر بدۆزنەوە، وە هەوڵ بدەن کۆی گشتی ژمارەکانیان بدۆزنەوە، وە ڕستەیەکی کۆکردنەوەی گونجاو بنووسن.

دڵنیابە لە زانیارییەکانت

سەرجەم

هەموو شەش پاڵوەکان دەژمێرم.

١  ٤

٢  ٥

سەرجەم لە میانەی ٦

دەژمێرم و ژمارەکە دەنووسم.

٣  ٦

٤  ٦



نامەیەك بۆ كەسوكار

كەسوكاری بەڕێز

ئەمڕۆ دەست دەكەین بە بەشی ٤. فێری كۆكردنەوە دەبین بە هۆی چیرۆك و وێنەوە. ڕستەی كۆكردنەوە دەنووسین. ئەم لاپەڕەیە هەندێ زاراوەی بیركاری نوێ وچالاكی لە خۆ دەگرێت بە یەكەوە لە ماڵەوە پێی هەڵدەستین.

لەگەڵ ڕێزدا

زاراوە نوێیەكانم

كۆ

سەرجەم

یەكسانە

ڕستەی كۆكردنەوە

زاراوەکان

کۆ

یەکسانە

٤ + ١ = ٥

سەرجەم

٤ + ١ = ٥ واتە ڕستەی کۆکردنەوە

چالاکی

داوا لە منداڵەکەت بکە ڕستەیەکی کۆکردنەوە پێك بێنێت بەبەکارهێنانی کەل وپەلی ناو ماڵ، منداڵەکەت دەتوانێ دوو پێڵاو پاشان دوو پێڵاوی ترت پیشان بدات. ئەمە بە ڕستەی کۆکردنەوە دەردە بڕێت.

٢ + ٢ = ٤

٥٠

پەیوەندی لەگەڵ کەسوکار

Star Group
For Math

نامە

ئەو نامەیەی ئاراستەی کەس و کار دەکەی بخوێنەوە بۆ ئەوەی قوتابیان بیبستن، گرنگیەکەی بۆیان ڕونبکەوە وە داوایان لێبکە با واژۆی بکەن، دەکرێت ئەو واژۆیەی کە دەیکەن، بریتی بێت لە هێمایەکی بچووك وە دەشێت چەند قوتابیەك هەمان هێما بەکاربهێنن، وە دەکرێت قوتابیی واژۆکەی بگۆڕێت لەگەڵ گەورە بوونی و پێشکەوتنی کەسایەتی.

ئەم زاراوە نوێیانە بەپێی پێویست لەسەرئەو تەختە تایبەتەی بۆ ئەم مەبەستە دانراوە لە ژووری پۆڵ یەك لە دوای یەك زیاد بکە.



ئاگاداریە... کەوا ڕستەی کۆکردنەوە بریتیە لە گۆڕینی بارو دۆخێك کە لە دەوروبەری قوتابی وەرگیراوە، داوای کرداری کۆ کردنەوە دەکات و ئەم زاراوانە لە خۆ دەگرێت، کۆ، سەرجەم، یەکسان، هەموو، گۆڕین. دوو جۆرە بارودۆخ هەیە کە داوای کرداری کۆکردنەوە دەکات: (١) خستنە پاڵ، (٢) بەش– بەش– هەموو.

شرۆڤە کردنی زاراوەکان

هەموو: واتا هەموو شتەکان (دەست پێکە بۆ ووشەی سەرجەم).

کۆکردنەوە: ووشەیەکە واتای زیادکردنە و هێماکەی +.

یەکسان: هێمای یەکسان ئەوەیە = دادەنرێت لە نێوان دوو بڕە ژمارەکە هەمان بەهایان هەبێت.

سەرجەم: ئەنجامی کرداری کۆکردنەوە.

ڕستەی کۆکردن: دەستەواژەیەکی ژمارەییە کرداری کۆکردن کورت دەکاتەوە (وەك ٤+٢=٦).

ریزکردن: ریزکردنی ژمارەکان سەرجەم ناگۆڕێ.

وانەی ١

چەند چیرۆکێك لەسەر کۆکردنەوە

پلانی وانەکە

ئامانج پرسیاری ڕاستەقینە لەسەر کۆکردنەوە دەنوێنێ و شیکاریان دەکات.

زاراوەکان هەموو

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- بەیەکبەستن
- ڕێنوێنی و سەلماندن
- نواندن
- گەیاندن

ڕۆژانە

لە ژورێکدا ٣ منداڵ هەیە. ٣ منداڵی کە ئامادە بوون ژمارەی هەموو منداڵەکان چەندە؟ ٦ منداڵ. داوا لە قوتابیان بکە پەپکە بەکاربینن بۆ نواندنی چیرۆکەکە. هەندێك قوتابی وەڵام دەدەنەوە ڕاستەوخۆ. و هەندێکیان پەنا دەبانە بەر ژماردن. کات بدە بە ئەوانی تر تاکو ڕێگای شیکارکردن بدۆزنەوە. هانی ئەو قوتابیانەی شڵەژاون بدە هەستن بە کرداری ژماردن.

پێشینەی بیرکاری

چەمکی کۆکردن لەسەر سێ شت وەستاوە: هێندە بنچینەکە، هێندە زیادکراوەکە، و ئەنجام یان سەرجەم. پرسیارەکانی کۆکردنەوە دەچێتە ژێربالی کردارێك هەمیشە واتای زیادکردنە و یان خستنە سەرە.

ئاگاداربە... پیتی (واو) (و) بە واتای کرداری کۆکردنەوە دێت.

چالاکی

نواندن و ژماردن

دوانەیی

هەستی ـ جوڵەیی

ئامانج: چیرۆکێکی کۆکردنەوە دەنوێنێ.

ووشەکان بۆ هەر دووانەیەك ١٢ پەپکە لە دوو ڕەنگی جیاواز، شەش پاڵوی ژمارەکان.

- داوا لە کۆمەڵەکانی قوتابیان بکە چەند چیرۆکێك بنوێنن لەسەر کرداری کۆکردن وەك: دوو منداڵ یاری دەکەن، دووی تر هاتنە لایان. **ژمارەی ئەو منداڵانەی یاری دەکەن بوون بە چەند ؟** ٤
- هەندێ چیرۆکی تر بگێڕەوە کۆکردنەوەی تێدابێت لەتوانای قوتابیان دا هەبێت ئەم چیرۆکە بنوێنن. و هەر دووانەیەك پەپکەی دوو ڕەنگی بدەرێ داوا لەیەکێ لە قوتابیەکان بکە شەش پاڵوی ژمارەکان فڕێ بدات (بخاتە لاوە) و پەپکەکانی لەیەك ڕەنگ بژمێری بەپێی ژمارەی دیاری کراو لەسەر شەش پاڵووەکە داوا لە قوتابی دووەم بکە یەك شەش پاڵوو فڕێ بدات و پەپکەکانی ڕەنگی تر بژمێرێ بەپێی ژمارەی دیاری کراو لەسەر شەش پاڵوەکە. داوا لەهەردوو قوتابی بکە هەردوو کۆمەڵەی پەپکەکان بکەن بەیەك و ئەوی تێدایە بژمێرن. داوا لە هەندێ قوتابی بکە باسی ئەنجامدانی کارەکانی خۆیان بکەن لەسەر کۆکردنەوەو بەدەست هێنانی ئەنجامی کۆکردنەوە.



تێبینیەك دەربارەی ڕۆژانە

هانی قوتابیان بدە لەسەر پەیرەوکردنی ئەم ڕێگایەی دێت بۆ شیکاری پرسیاری ئەمڕۆ دوای نواندنی چیرۆکەکە بە پەپکەکان، لەسەر قوتابیان پێویستە سەرەتا پەپکەکان بژمێرن کە دانەکانی کۆمەڵەیەك دەنوێنێ کەپێك هاتووە لەو ٣ منداڵەی لە ژوورەکەدا هەیە.



لە دواییدا ئەو پەپکانە بژمێرن کە دانەکانی کۆمەڵەیەك دەنوێنن کە پێك هاتوون لە ٣ منداڵی تر کە لە پاشان ئامادەبوون



لە دواییدا پەپکەکانی هەردووکۆمەڵەکە دەخەنە پاڵ یەك، و دانەکانی هەردووکیان پێکەوە دەژمێرن هەروەك لە وێنەکە دیارە.



ڕێکخستنی وانەی ١

ئامانج: پرسیارەکانی ڕاستەقینە لەسەر کۆکردنەوە دەنوێنێ و شیکاری دەکات.

پرسیاری ئەمڕۆ

تەمەنت ئێستا ٦ساڵە، تەمەنت دەبێتە چەند ساڵ پاش دوو ساڵ؟

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

داوا لە هەندێ قوتابی بکە لە ١ تا ٥ بژمێرن، پاشان لە ٥ تا ٨، پاشان لە ٣ تا ١٠.

بۆچی ئەم بابەتە فێردەبین؟ نواندنی چیرۆك لەسەر کۆکردنەوە یارمەتی قوتابیان دەدات بۆ شیکارکردنی ئەو پرسیارانەی کۆکردنەوەی تێدابێت.

- دەست بەوانە بکە بەنواندنی ئەم چیرۆکەی دێت:
- داوا لە دوو قوتابی بکە با لە گۆشەیەکی پۆڵ دانیشن.
- **بپرسە چەند قوتابی لە گۆشەکە دانیشتن؟ کارتێکی ژمارەیی بەرزکەوە ژمارە ٢ لە خۆ بگرێت.**
- داوا لە ٣ قوتابی تربکە با بچنە لایان.
- **بپرسە چەند قوتابی چوونە لای ئەو دوو قوتابیەی گۆشەکە؟** ٣
- کارتێکی ژمارەیی بەرزکەوە ژمارە ٣ لە خۆبگرێت.
- دووبارەی بکەوە: کۆمەڵەیەکمان هەبوو لە دوو قوتابی کۆمەڵەیەکی تر لە ٣ قوتابی چوونە لایان.
- **چۆن ژمارەی هەموو قوتابیان دەزانی دوای خستنە پاڵ یەکی هەردوو کۆمەڵەکە؟** وەڵامی چاوەڕوانکراو قوتابیان یەك یەك دەژمێرم ئەوەتا ٥ قوتابی.
- کارتێکی ژمارەیی بەرزکەوە ژمارە (٥)ی لەسەربێت.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- یارمەتی قوتابیان بدە لەسەر خوێندنەوەی دەقەکان لە لاپەرە ٥١.
- سەرنجیان ڕاکێشە بۆ چالاکی ژمارە ١، وە داوایان لێبکە چیرۆکی ئەم چالاکیە بنوێنن بە بەکارهێنانی پەپکەکان.
- دوبارەی بکەوە: ئەوەتا چۆلەکەیەك لەسەر دارەکەیە چۆلەکەیەکی تر هاتە سەردارەکە.



وانەی ١ چەند چیرۆکێك لەسەر کۆکردنەوە

بەکاردەهێنم بۆ ئەوە چیرۆکەکە بنوێنم.

وێنەی دەکێشم ژمارەکە دەنووسم.

١

چۆلەکەیەك ١

چۆلەکەیەکی دی هات ١

هەمووی ٢

٢

کۆترێك ١

دوو کۆتر هات ٢

هەمووی ٣

٣

دوو هەنگ ٢

هەنگێك هات ١

هەمووی ٣

باسبکە ■ ڕێنوێنی

چی ڕوودەدات ئەگەر هەندێ شت بۆ کۆمەڵەیەك زیاد بکەیت؟

٥١

- **بپرسە ژمارەی هەموو چۆلەکەکانی سەر دارەکە چەندن؟** ٢
- **چۆنت زانی؟** وەڵامی چاوەڕوانکراو: هەموو چۆلەکەکانی سەردارەکە دەژمێرم، دەزانم ١ و ١ دەکاتە ٢.
- چیرۆکێکی کۆکردنەوە بۆ هەر چالاکیەکی لاپەڕەکە بۆیان بڵێ. قوتابیان چیرۆکەکە دەنوێنن بەهۆی پەپکەکان، وێنەی پەپکەکان دەکێشن، ژمارەکە دەنووسن.
- هانی قوتابیان بدە لەسەر نمایش کردنی چیرۆکێکی کۆکردنەوە، ئینجا نواندنی ئەم چیرۆکە بە پەپکەکان.

٣ ڕاهێنان

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باسبکە ■ ڕێنوێنی داهاتووە

ئاگاداربە... نیشانەی کۆکردنەوە + لەم وانەیە بەکار نایەت، ئامانجی ئەم وانەیە بەدەستهێنان و ناسینی چەمکی کۆکردنەوەیە، پێشکەشکردنی نیشانەی کۆکردنەوە لە وانەی دێت باسدەکرێت.



ڕاهێنان دەکەم

بەکاردەهێنم بۆ ئەوە چیرۆکەکە بنوێنم.

وێنەی ● دەکێشم ژمارەکان دەنووسم.

١

٢	١	٣
دوو شێری گەورە	شێرێکی بچووك	هەمووی

٢

٢	٣	٥
ئەسپ	جوانووی ئەسپ	هەمووی

٣

١	٣	٤
پشیلەیەکی گەورە	بەچکە پشیلە	هەمووی

چالاکی ماڵەوە • داوا لەمنداڵەکەت بکە چیرۆکێك بڵێت لەسەر کۆکردنەوە لەهەر وێنەیەکدا.

٥٢



ڕاهێنان ٤-١

چەند چیرۆکێك لەسەر کۆکردنەوە

وانەی ٤-١

١

١	١	٢
سوور	زەرد	هەمووی

٢

١	١	٢
زەرد	سوور	هەمووی

٣

١	٣	٤
سوور	زەرد	هەمووی

ڕێنمایی... ئەگەر بینیت کەوا قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لەکاتی دۆزینەوەی سەرجەم، داوایان لێبکە بایەکەم جار ژمارەی دانەکانی کۆمەڵەی یەکەم بدۆزنەوە، ئینجا ژمارەی دانەکانی کۆمەڵەی دووەم کە خراونەتەسەر کۆمەڵەی یەکەم بدۆزنەوە لە دواییدا ژمارەی هەموو دانەکان بدۆزنەوە بە ژماردن بەدەست پێکردن بە ١.

داوا لە قوتابیان بکە شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لە لاپەڕە ٥٢ داهاتووە

- قوتابیان ڕاهێنانەکانی لاپەڕە ٥٢ جێبەجێ دەکەن.
- لەگەڵ قوتابیان چەمکی کۆکردنەوە گفتوگۆ بکە بەهۆی چیرۆك، دڵنیابە لە تێگەیشتنتان لە بابەتەکە، وە دڵنیابە لەوەی پرسیارەکان بە شێوەیەکی ئوتوماتیکی شیکارناکەن.

ئاگاداربە... هەڵەی باو سەرنجی هەندێ لە قوتابیان لەکاتی نواندنی چیرۆك بۆ چەند چەمکێکی کۆکردنەوە ڕادەکێشرێت داوایان لێبکە با جەخت لەسەر بنەمای کۆکردنەوە و چۆنیەتی دۆزینەوەی سەرجەم بکەنەوە لە کۆتایی هەرچیرۆکێك.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی پۆل

گفتوگۆ و نووسین ئاگاداری هاوڕێیەکەت بکەوە چۆن ژمارەی هەموو لە چیرۆکی کۆکردنەوە دەدۆزیەوە. هەموو پەپکەکان دەژمێرم.

تاقیکردنەوەی وانە (٥ خولەك)

٥ ٣ منداڵ لە گۆڕەپانێکن، منداڵێکی تر هاتە لایان بۆ ئەوەی یاریان لەگەڵ بکات، ژمارەی هەموو منداڵەکان بوون بەچەند؟

أ ٣ منداڵ [✓ ج ٤ منداڵ]

ب ٥ منداڵ د ٥ منداڵ

داوا لەو قوتابیانە بکە کاتێك ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لەکاتی شیکاری پرسیارەکان با پەپکەکان یان سەرە قەپاغەکان یان هەر شتێکی تر بێنن، لە پاشان باهەستن بە نواندنی چیرۆکێکی کۆکردنەوە کە بەزار (بەقسە) بۆیان باس دەکرێت، لێیان بگەڕێ چەند چیرۆکێکی وەك ئەوە بەبیرخۆیان بهێنەوە و دڵنیابن لە بەدەستهێنانی ئەم چەمکە کەلە داهاتوودا سوودی بۆیان دەبێت.

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە ئەو ڕاهێنانەی کە لە وانەی ٤-١ دا هاتووە لە ماڵەوە لە کتێبی ڕاهێنان شیکار بکەن.

وانەی ٢ من کۆدەکەمەوە

پلانی وانەکە

ئامانج وێنەکان بەکاردەهێنێ بۆ دەربڕین لەسەر ئەو ڕاستییانەی کۆکردنەوەی تێدایە، سەرجەم دەدۆزێتەوە.

زاراوەکان سەرجەم، کۆ(+)، یەکسان(=).

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان _ گەیاندن
- شیکارکردنی پرسیارەکان _ بەستن
- ڕێنوێنی و سەلماندن

ڕۆژانە

لەهەفتەیەکدا چەند ڕۆژ هەیە؟ چەند ڕۆژ لە هەفتەیەکدا دەچیت بۆ قوتابخانە؟

گفتوگۆ لەگەڵ قوتابیان بکەو هەڵەکان ڕاست بکەوە.

پێشینەی پەروەردەیی

وێنەکانی ئەم وانەیە دانەیەکی بینراوە یارمەتی قوتابی دەدات بۆ تەواوکردنی کرداری کۆکردنەوە. هەروەها هەرسێ کۆڵەگەی کرداری کۆکردن دەردەخات: ژمارە – ژمارە – سەرجەم دیار دەکات.

گرنگە قوتابی لە هەر شوێنێکدا هێمای یەکسان بوون (=) بزانێت واتە مانای خۆی دەبەخشێت ئەمەش وا دەکات کە قوتابی دوور بخاتەو لە هەڵەکانی داهاتوو. لە خوێندنی جەبردا.

چالاکی

دوانەیی

بینین _ بۆشایی

نواندنی کۆکردنەوە

ئامانج: نواندنی ئەو پرسیارانەی کۆکردنەوەی تێدایە.

کەرەستەکان بۆ هەر دووانەیەك شەش پالۆیەکی ڕەنوسی کراو، ١٢ شەش پالۆی پێکەوە بەستراو لە دوو ڕەنگی جیاواز (٦ لەهەر ڕەنگێ).

- شەمەندەفەرێکی شەش پالۆیی لە ٦ یان کەمتر بەرزبکەوە، و پرسیار لە قوتابیان بکە دەربارەی ژمارەی شەش پالۆەکان ئەمە دووبارە بکەوە لەگەڵ ژمارەکانی تر.
- قوتابیەك لەهەر دووانەیەك شەش پالۆیەکی ژمارەکراو فڕێ دەدات و شەمەندەفەرێك دروست دەکات لەیەك ڕەنگ بەپێی ئەو ژمارەی لەسەر شەش پالۆی ژمارەکراوەکە دەرکەوتووە. قوتابیەکەی تر شەش پالۆی ژمارەکراو فڕێ دەدات و شەمەندەفرێکی تر بەڕەنگی دی دروست دەکات. لەدواییدا هەردووکیان ژمارەی شەش پالۆی هەردو شەمەندەفەرەکان دەدۆزنەوە.

٦ = ٢ + ٤

Star Group

ڕێکخستنی وانەی ٢

ئامانج وێنەکان بەکار دەهێنێت بۆ نەوەی ڕاستیەکانی کۆکردنەوەی تیایدا دەربڕێت وە سەرجەم دەدۆزێتەوە.

پرسیاری ئەمڕۆ

من ٦ قاچم دی هەندێکیان قاچی پشیلە و هەندێکیان قاچی منداڵ. چەند منداڵ وچەند پشیلە لەژورەکەدان؟ یەك پشیلە ویەك منداڵ.

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

ژمارەی دوای ئەوە کامەیە

١ ١، ٢، ٣
٢ ٥، ٦، ٧
٣ ٣، ٤، ٥
٤ ٧، ٨، ٩

بۆچی ئەم بابەتە فێردەبین؟ بەکارهێنانی وێنەکان یارمەتیت دەدا لەسەر ئاسان کردنی کرداری کۆکردنەوە.

- دەست بەوانەکە بکە بەچیرۆکێك لەسەر کۆکردنەوە وە داوا لە قوتابیان بکە با بینوێنن.
- دەتوانی بەم چیرۆکە دەست پێ بکەی: عەبدولا و ئاراس لە کەناری ڕووبار گوێچکە ماسیان کۆدەکردوە، عەبدولا دووگوێچکە ماسی کۆکردەوە وە ئاراس سێ گوێچکە ماسی کۆکردەوە. ئاراس و عەبدوللە پێکەوە چەند گوێچکە ماسیان کۆکردەوە.
- داوا لە قوتابیان بکە با دەنکە فاسۆلیا بەکاربێنن بۆ نواندنی چیرۆکەکە: دوو دەنکە فاسۆلیا بۆ نواندنی کۆمەڵەی گوێچکە ماسیەکانی کە عەبدوولا کۆی کۆکردۆتەوە، ٣ دەنکە فاسۆلیا بۆ نواندنی کۆمەڵەی گوێچکە ماسیەکانی کە ئاراس کۆی کۆکردۆتەوە.
- چۆن ژمارەی هەموو گوێچکە ماسیەکان دەدۆزیەوە؟ گوێچکە ماسیەکانی هەردوو کۆمەڵەکە دەژمێرم.



وانەی ١

من کۆ دەکەمەوە

٢ + ٣ = ٥
دوو کۆ سێ یەکسانە پێنج

٢ + ٣ = ٥
سەرجەم ٥

کۆدەکەمەوە. سەرجەم دەنووسم.

١ ٤ + ٢ = ٦
٢ ٣ + ٣ = ٦
٣ ٢ + ٢ = ٤
٤ ١ + ٣ = ٤
٥ ٢ + ١ = ٣
٦ ٥ + ١ = ٦

باسبکە ■ ڕێنوێنی

چۆن سەرجەمی ١ + ٤ دەدۆزیتەوە بەبێ بەکارهێنانی وێنە؟ ئەوە ڕوونبکەوە.

٥٣

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- ئەو ڕستە کۆکردنەوەی لەلای سەرەوەی لاپەڕە ٥٣ هاتووە لەسەر تەختەکە بنووسە، داوا لە قوتابیەك بکە بیخوێنێتەوە بە بەکارهێنانی ووشەکانی (وە) و (یەکسانە) واتای هەمان ووشەکەیە لە دوابیدا هێمای + ، = بەکاردێنێت دووبارەی بکەوە کەوا هێمای (+) (کۆ) پیتی (و) دەنوێنێ واتە کرداری کۆکردنەوە، وە هێمای (=) (یەکسان) ووشەکە (هەمان خۆی) دەنوێنێ.
- داوا لە قوتابیەك بکە با کەسەکان بژمێرن، قوتابیەکە کەسەکان لەهەر کۆمەڵەیەك دەژمێرێ و سەرجەم دەنووسیت.

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باسبکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە.

وەڵام: شتەکان بەکار دێنم و هەموویان دەژمێرم بە ژماردنی شتەکان وەڵامی دروستمان دەستدەکەوێت.

داوا لە قوتابیان بکە شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لە لاپەرە ٥٤ دا هاتووە.

ڕاهێنانەکانی لاپەرە ٥٤ بوار بۆ قوتابیان دەڕەخسێنی بۆ ئەوەی ڕاهێنان بکەن و سەرجەم بنووسن بە شێوەیەکی سەربەخۆ. داوا لە قوتابیان بکە با پرسیارەکانی کۆکردنەوە بە دەنگێکی بەرز بخوێنەوە سەرەتا ووشەکانی (و) و (هەمان ژمارە) بەکار بهێنن وە لە دوییدا هێماکانی (+) و (=).

فێرکردنی نموونەیی

ئاستی ئاسایی قوتابی لەم ئاستەدا شەش پاڵوو یان پەپکە بەکاردێنن بۆ نواندنی پرسیارەکان.

ئاستی پێشکەوتوو قوتابیان لەم ئاستەدا هانبدە بۆ شیکارکردنی چالاکییەکان بەهزری. داوایان لێبکە چیرۆکێك بۆ هەر پرسیارێك بگێڕنەوە.

ئاگاداریە... هەڵەی باو هەندێ لە قوتابیان گرنگی نادەنە هەردوو هێمای (+) و (=) پێیان بڵێ کەوا هەر هێمایەك بەشێکی گرنگ لە ڕستەی ژمارەیی پێك دەهێنن، ئەمە چۆنیەتی کارکردن لەگەڵ ژمارەکان لە رستەی ژمارەیی دەگەیەنێ کەواتە هێمای (+) (کۆ) واتە (و) ئەمە کرداری خستنەپاڵیەکی دووکۆمەڵە ژمارە دەنوێنێ، وە هێمای (=) (یەکسان) واتە،هەمان خۆی واتا. ئەمە ئەنجامی خستنە پاڵ یەکی دو کۆمەڵە ژمارە دەنوێنێ. بۆ دڵنیابوون لەمە: ڕستەیەکی کۆکردنەوە لەسەر تەختەکە بنوسە بیایدا هەردوو هێمای (+) بە (و) وە هێمای (=) بە دەستەواژەی (هەمان خۆی) بگۆڕنەوە.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی پۆڵ

گفتوگۆ و نووسین وانەکە کورت بکەوە بەم پرسیارە **کەلە پێشتە دوو کۆمەڵە دەفر هەیە چۆن دەتوانی ژمارەی هەموو دەفرەکان بدۆزیەوە؟** دەفرەکان لەهەر کۆمەڵەیەك دەژمێرم و سەرجەم دەدۆزمەوە، هەموو دەفرەکان دەژمێرم

تاقیکردنەوەی وانە (٥ خولەك)

١ ڕستەی کۆکردنەوە بنووسە.



٣ + ٢ = ٥



ڕاهێنان دەکەم

ڕستەی کۆکردنەوە دەنووسم.

١ ٢ + ٣ = ٥ قرژاڵ

٢ ١ + ٢ = ٣ قرژاڵ

٣ ٤ + ٢ = ٦ قرژاڵ

٤ ١ + ١ = ٢ قرژاڵ

٥ ٣ + ٣ = ٦ ماسی

٦ ٤ + ٢ = ٦ ماسی

دەنووسم

هەندێ وێنە دەکێشم چیرۆکی کۆکردنەوە ڕوونبکاتەوە.
ڕستەیەکی کۆکردنەوە بۆ ئەم چیرۆکە دەنووسم.

چالاکیماڵەوە • داوا لەمنداڵەکەت بکە شتی بچووك بەکار بهێنێت وەك دەنکی فاسۆلیا و قۆیچە... کە نموونە بێت بۆ چیرۆکەکانی کۆکردنەوە لەم لاپەڕەیەدا.

٥٤

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با لەماڵەوە ڕاهێنانەکانی؛ ١، ٢، ٣. کە لە وانەی ٤-٢ دا هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان شیکاربکەن.
- هانی قوتابیان بدە ڕاهێنانەکانی بڕگەی (پێداچوونەوە) لە ماڵەوە شیکاربکەن کەلە وانەی ٤-٢ دا هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان.
- بۆیان ڕونبکەوە کەوا ئەم ڕاهێنانە پێداچوونەوەی کارامەییەکانی پێشوو بەدەست دێنی. ئەگەر بینیت هەندێ لە قوتابیان ڕوو بە ڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لەکاتی شیکاری ڕاهێنانەکان، لەگەڵیان هۆی ئەم ئاستەنگە گفتوگۆ بکە، لە دواییدا دەست بکە بە دووبارە کردنەوەی پرسیارەکە بەچەند ڕێگایەکی جیاواز وەك ئەوەی بۆ نموونە لە ڕاهێنانی ٢ سێ چوارگۆشەی ڕەنگاوڕەنگ و دوو چوارگۆشەی بەتاڵ دابنێ.



ڕاهێنان ٤-٢

قوتابخانە.......... ناوی قوتابی.......... پۆل: یەکەم هۆبەی...... بەروار / /

من کۆدەکەمەوە وانەی ٤-٢

کۆدەکەمەوە سەرجەم دەنووسم

١ ١ + ١ = ٢

٢ ٤ + ١ = ٥

٣ ٢ + ٢ = ٤

٤ ٤ + ٢ = ٦

٥ ٣ + ٢ = ٥

٦ ٢ + ١ = ٣

پێداچوونەوە

ئەو ژمارەیەی دەکەوێتە نێوان دوو ژمارەکە دەنووسم.

٧ ٧ ٨ ٩ ٨ ٣ ٤ ٥ ٩ ٦ ٧ ٨

١٠ ٥ ٦ ٧ ١١ ٨ ٩ ١٠ ١٢ ٤ ٥ ٦

ل ٢٠ ڕاهێنان

وانەی ٣ سفر زیاد دەکەم

پلانی وانەکە

ئامانج رستەی کۆکردن شیکاردەکات بە زیاد کردنی سفر.

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- ڕێنوێنی وسەلماندن
- جەبر
- گەیاندن
- شیکاری پرسیارەکان
- بەستن

ڕۆژانە

لە قاپێکدا ٣ مۆز و ٤ سێو هەیە. دایکت دوو مۆزی تری زیاد کرد. ژمارەی مۆزەکان چەندە؟

٥ مۆز.

ژمارەی سێوەکان بوون بە چەند؟ ٤ سێو.

پێشینەی بیرکاری.

ئەم وانەیە قوتابیان فێری سیفەتی سفر دەکات لە کرداری کۆکردنەوەدا.

لای هەندێ قوتابیان ژمارە سفر گرانییەك پەیدادەکات چونکە پەیوەندی بە کۆمەڵەی بەتاڵەوە هەیە.

سیفەتی سفر ئەوە دەدات لەکرداری کۆکردنەوەدا کاتی سفر بو هەر ژمارەیەك زیاد بکرێت ئەنجامی ژمارەکە ناگۆڕێت. کەواتە سەرجەمی هەر ژمارەیەك لەگەڵ سفر لەلای ڕاستەوە یان لە لای چەپەوە دەکاتە ژمارەکە خۆی.

چالاکی

سفرێك زیاد دەکەم

دووانەیی

هەستی - جوڵەیی

ئامانج: ژمارەیەك لەگەڵ سفر کۆدەکاتەوە.

کەرەستەکان بۆ هەر جوتێك ٦ پەپکە و تەختەی کار.

- پەپکەکان و تەختەکانی کار بەسەر قوتابیان دابەش بکە. یەکێك لە دوو قوتابیەکە پەپکەیەك یان دوو لەسەرەوەی تەختەکە دادەنێت پاشان قوتابی تر ئەو پەپکانەی پێویستە دادەنێت لەخوارەوەی تەختەکە بۆ ئەوەی سەرجەم بکاتە ٣. قوتابیان ئەم چالاکییە دووبارە دەکەنەوە بۆ ژمارەکانی ٤، ٥، ٦. ______
- ئیستا قوتابیان هەردوو بەشی تەختەکە بەکاردەهێنن بۆ شیکارکردنی پرسیارەکە ٤ + ٠ = ______ ، قوتابیان ئاگادار بکە کە هیچ پەپکەیان بەکارنەهێناوە بۆ نواندنی ژمارەی سفر و ژمارەکە ناگۆڕێت کاتێ سفر زیاد دەکەین بۆی.



تێبینی دەربارەی ڕۆژانە

لە قوتابیان بگەڕێ سەرجەم بدۆزنەوە بە بەکارهێنانی هێماکانی (+)، (=) جەخت لەسەر ئەم فەرمانەی دێت بکەوە: لەبەر ئەوەی دایکەکە هیچ سێوی بۆ زیاد نەکرد، ئێمە هێمای سفری بۆ دادەنێین بەم شێوەیە: ٤ + ٠ = ٤
ژمارەی سێوەکان وەك خۆی دەبێت.

ڕێکخستنی وانەی ٣

ئامانج ڕستەیەکی کۆکردنەوە شیکار دەکات بەزیاد کردنێ سفر.

پرسیاری ئەمڕۆ

دەلال ٢ پشیلە ویەك مریشکی هەیە. ئازاد ٣ مریشك و ٢ کەروێشکی هەیە. کامیان گیانداری زیاتریان هەیە؟ ئازاد

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٣ + ٢ = ٥

٢ ١ + ٤ = ٥

٣ ٢ + ٤ = ٦

٤ ١ + ٣ = ٤

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟ ئەگەر قوتابی بەباشی سفری بەکارهێنا ئەو کاتە لەتوانای دایە شیکاری ڕستەی کوکردنەوە بکات. لە سەرەتا لەگەڵ قوتابیان بگەڕێوە لای سفر لە گەڵیان واتاکەی گفتوگۆ بکە، پێیان بڵێ ژووری پۆل کاتێك مامۆستا و قوتابیان دەچنە دەرەوە کەسی تیا نامێنێت. واتە ژمارەی کەسەکان ئەو کات دەبێتە سفر.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئارستەکراو

- پەپکەکان لەسەر قوتابیان دابەش بکە.
- تەختەی کارکردن ئەوەی سێ پەپکەکانی تیادا دیاردەبێت لەلای ڕاست وئەوەی هیچ پەپکی تیانیە واتە بەتاڵە (سفرە) لەلای چەپ بەرزکەوە.
- دووبارەی بکەوە کەوا تەختەی کار بەشکراوە بۆ دووبەش.
- بەشی ڕاستی تەختەکە پیشان بدە بپرسە چەند پەپك لە خۆ دەگرێت؟ ٣
- بەشی چەپ پیشان بدە بپرسە: چەند پەپك لە خۆ دەگرێت. سفر
- چەند پەپك لە هەردوو بەشەکەدا هەیە؟٣
- ئێستا ئەو ڕستە کۆکردنەوەیە بنووسە کە تەختەکەی کار دەینوێنێ: ٣ + ٠ = ٣
- داوا لە قوتابیان بکە با ٣ + ٠ بنوێنن. پەپکەکان بەکاردێنن بۆ ئەوەی دیاربکەن کەوا ٣ + ٠ = ٣
- یارمەتیان بدە لەسەر زانینی سیفەتی سفر لە کۆکردنەوەدا.



وانەی ٣

سفر زیاد دەکەم

٣ + ٠ = ٣

سفرێك زیاد دەکەم. سەرجەم دەنووسم.

١ ١ + ٠ = ١

٢ ٥ + ٠ = ٥

٣ ٤ + ٠ = ٤

٤ ٦ + ٠ = ٦

باسبکە ■ ڕێنوێنی

چ ڕوودەدات کاتێك سفر زیاد بکەین بۆ ژمارەیەك؟ بۆچی؟

٥٥

- بپرسە چۆن بۆ هاوڕێیەکەت دیاردەخەی کەوا چیت دەست دەکەوێ کاتێك سفر بۆ ژمارەیەك زیاد دەکەی؟ یەکێك لە قوتابیەکان باس دەکات زیادکردنی سفر بۆژمارەیەك ژمارەکە ناگۆڕێت.

٣ ڕاهێنان

- داوا لە قوتابیان بکە با چالاکیەکانی لاپەرە ٥٥ تەواوبکەن. قوتابیان پەپکەکان بەکاردێنن بۆ ئەوەی ڕاستیەکان بنوێنن.

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لەبڕگەی باسکە■ ڕێنوێنی دا هەیە.

وەڵام: ژمارەی دانەکان لە کۆمەڵەکەدا بریتیە لە سەرجەم، زیادکردنی سفر بۆ هەر ژمارەیەك ئەم ژمارەیە ناگۆڕێت.

ڕێنمایی... هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە زانینی واتای سیفەتی سفر لە کۆکردنەوەدا لە قوتابیەکان بگەڕێ با تەختەی کارکردن و پەپکەکان بەکاربێنن بۆ نواندنی ڕستەکانی کۆکردنەوە وەك. ٥+٠=٥ وە ٠+٣=٣

ئاگاداربە... سفر ژمارەیەکی سەرەکیە بۆ کۆمەڵەی بەتاڵ.



ڕاهێنان دەکەم

بۆ هەر ژمارەیەك وێنەی بازنەیەك دەكێشم. سەرجەمیش دەنووسم.

١
١ + ٠ = ١ | ١ + ١ = ٢ | ١ + ٢ = ٣

چاودێری کاری قوتابیان بکە.

٢
٣ + ٠ = ٣ | ٣ + ١ = ٤ | ٣ + ٢ = ٥

٣
٤ + ٠ = ٤ | ٤ + ١ = ٥ | ٤ + ٢ = ٦

پرسیارێك شیكار دەكەم ■ ڕێنوێنی

٤ ئەو ڕستە کۆکردنەوەیەی کە سەرجەمەکەی گەورەترین بێت دەوری دەدەم، سەرجەم دەنووسم بۆ ئەوەی ساغیبکەمەوە.

٦ + ١ = ٧ | ٦ + ٢ = ٨ | ٦ + ٠ = ٦

چالاکی ماڵەوە • داوا لەمنداڵەکەت بکە ئاگادارت بکات لە کۆکردنەوەکانی ١ + ٠ تا ٦ + ٠.

٥٦

داوا لە قوتابیان بکە شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لاپەرە ٥٦ دا هاتووە. چالاکیەکانی ئەم لاپەرەیە ڕێگا خۆش دەکات بۆ قوتابیان بۆ دۆزینەوەی سەرجەم لە کاتی زیادکردنی سفر بۆ ژمارەکە.

فێرکردنی نموونەیی

ئاستی ئاسایی داوا لە هەریەك لە قوتابیان بکە لەم ئاستەدا لەگەڵ یەکێ لە هاورێکانیان کاربکەن. یەکێ لە دوو قوتابیەکە دەقی پرسیارێك دادەڕێژێ وە ئەوەی تر وەڵامەکەی ئەداتێ.

ئاستی پێشکەوتوو قوتابیان هانبدە لەم ئاستەدا بۆ شیکارکردنی چالاکیەکان بەبیرکردنەوە

پرسیارێك شیکاردەکەم • ڕێنوێنی قوتابیان گەشە بەبیری خۆیان دەدەن بۆ زانینی مانای ژمارە بۆ دیاری کردنی سەرجەمە گەورەترەکە بە بێ ئەوەی کرداری کۆکردنەوە تەواوبکەن. هانیان بدە بۆ ئەوەی باسیبکەن چۆن زانییان سەرجەمی گەورەترەکە بەبێ تەواو کردنی کرداری کۆکردنەوە بزانن. سەرجەمی گەورە بەدەست دێنم کاتی ژمارەی گەورەتر لەسەر ٦ زیاددەکەم.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی پۆل

گفتوگۆ و نووسین ئاگاداری هاورێیەکەت بکەوە کاتێك ژمارەیەك بۆ سفر زیاددەکەی ئەو ژمارەیە چی بەسەر دێت؟ ژمارەکە وەك خۆی دەمێنێتەوە.
دڵنیابە لەوەی تاچەند قوتابیان چەمکەکەیان بەدەستهێناوە. داوایان لێبکە با بەزار چیرۆکێك باس بکەن تیایدا سفر بۆ ژمارەیەك زیادبکرێت.

ڕستەیەکی کۆکردنەوە هەڵبژێرە ئەمە بنوێنی



أ ٤ + ٠ = ٤
ب ٥ + ٠ = ٥
ج ٦ + ٠ = ٦
د ٠ + ٤ = ٤

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە ڕاهێنانی ٢، ٣، ٤ کە لەوانەی ٤—٣ داهاتووە لە ماڵەوە لە کتێبی ڕاهێنان شیکاربکەن.
- هانی قوتابیان بدە با لەماڵەوە ڕاهێنانەکانی بڕگەی (پێداچوونەوە) کە لەوانەی ٤—٣ داهاتووە شیکاربکەن.
- بۆیان ڕونبکەوە کەوا ئەو ڕاهێنانە پێداچوونەوەی کارامەییەکانی پێشوو بەدەست دێنێ.

پێشینەی بیرکاری

چەمکی کۆکردنەوە هەڵدەقولێ لە چەمکی ژماردن (١، ٢، ٣ ....) کاتێك قوتابی دانەیەك زیاد دەکات بۆ کۆمەڵە دانەیەك ئەمەکرداری کۆکردنەوە دەگەیەنێ ئەمە (خستنەپاڵ) یان (زیادکردن) دەنوێنێ دوو جۆر لە پرسیار هەیە پێویست بەکرداری کۆکردنەوە دەکات: خستنە پاڵ و بەش— بەش — هەموو.

- پرسیارەکانی خستنەپاڵ کرداری یەکگرتنی چەند کۆمەڵەیەك دەگەپەنێ کە دانەکانیان هاوشێوە بن.
- پرسیارەکانی بەش— بەش — هەموو دوو کۆمەڵەی جیاواز دەگەیەنێ، ئەم چۆرە پرسیارانە هیچ کردارێکی جێبەجێ کردن لە خۆناگرێت، نموونەیەك لەسەر ئەمە «ژمارەی هەموو میوەکانی ناو تورەگەیەك بدۆزەوە کە ژمارەیەك لە سێو و ژمارەیەك پرتەقالی تێدایە»



ڕاهێنان ٤-٣

قوتابخانە.......... ناوی قوتابی.......... پۆل یەکەم هۆبەی....... بەروار / /

سفر زیاد دەکەم

وانەی ٤-٣

وێنەی بازنەکان دەکێشم بۆ نواندنی هەر ژمارەیەك. سەرجەم دەنووسم

١
١ + ٠ = ١ | ١ + ٢ = ٣ | ١ + ٣ = ٤

٢
٣ + ٠ = ٣ | ٣ + ٣ = ٦ | ٣ + ٢ = ٥

٣
٤ + ١ = ٥ | ٤ + ٠ = ٤ | ٤ + ٢ = ٦

٤
٢ + ١ = ٣ | ٢ + ٢ = ٤ | ٢ + ٠ = ٢

پێداچوونەوە.

[illegible] ژمارە گونجاوەکە دەنووسم.

٥ ٣، ٤، ٥، ٦
٦ ٥، ٤، ٣، ٢
٧ ٤، ٣، ٢، ١
٨ ٦، ٥، ٤، ٣

ڕاهێنان ل ٢١

ژمارەکان پێکدەهێنم

پلانی وانەکە

ئامانج ئەنجامی پێکهاتەکانی ٧، ٨، ٩، ١٠ دەزانێت.

زاراوەکان سەرجەم، ڕیزکردن.

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- گەیاندن
- جەبر
- نواندن
- شیکاری پرسیارەکان
- ڕێنوێنی و سەلماندن

ڕۆژانە

باوکی هێژا ناتوانێ بە ئۆتۆمبیلەکەی زیاتر لە ٥ قوتابی بگوازێتەوە. باوکی هێژا هەموو بەیانییەك ٢ جار هەڵدەستێ بە گواستنەوەی ٦ قوتابی. چەند قوتابی دەگوازێتەوە یەکەم جار؟ چەند قوتابی دەگەیەنێت لەجاری دووەم دا؟ هەموو ئەو پێکهاتانەی لەتوانا دایە بدە بە قوتابیان. (٥، ١)–(٤، ٢) – (٣، ٣) – (٢، ٤) – (١، ٥). ئەمانە ناوەکانی تری ژمارە (٦)ن.

پێشینەی بیرکاری

قوتابیان لە خوێندنی ئەم وانەدا ڕستەی کۆکردنەوەی جیاواز دەدۆزنەوە کە دەبێتە هۆی دیاریکردنی سەرجەمێکی دیار کراو، لەپشت خوێندنی ئەم بابەتە هزرێکی باش لای قوتابی دروست دەکات بۆ گەشەکردنی هزری جەبری لایان. دەبێت بۆ قوتابیان ڕونبکرێتەوە وەك ٤+٣=٧، ٣+٤=٧ دوو ڕستەی جیاوازن بەڵام سەرجەمیان یەکە. کاتێك هێمای (=) لە ڕستەیەکی کۆکردنەوە دەردەچێت دەبێت ئەوە بزانێت کە ئەمە هاوشێوەی "ژمارەکە خۆیەتی". ڕستەی ٤+٣=٧ مانای ئەوەیە ٤+٣ هەمان ژمارەی (٧) تە.وە هەر ڕستەیەك هێمای(=) لێدەرکەوێت واتای یەکسانە.

چالاکی

دووانەیی

هەستی - جولەیی

چەند پێکهاتەیەکی کۆکردنەوە کە دەکاتە ٥ و ٦

ئامانج: چەند ڕێگایەك دەنوێنی بۆ پێکهاتنی ٥ و ٦.

کەرەستەکان بۆ هەر کۆمەڵەیەك ٧ شەش پاڵوی پێکەوە بەستراوی سوور و ٧ شەش پاڵوی پێکەوە بەستراوی شین، دوو تۆڕی چوارگۆشە، پێنووس سوور و شین.

- شەش پاڵوەکان بەکاربهێنە بۆ نواندنی پێکهاتەکانی گەیاندن بە سەرجەمی ٥ یان ٦، هانی قوتابیان بدە بۆ نواندنی پێکهاتەکانی تر بە بەکارهێنانی ٦ شەش پاڵو. داوا بکە یەك لە تۆڕە چوار گۆشەکان ڕەنگ بکەن بەڕەنگی سوورو شین بۆ نواندی هەریەك لەم پێکهاتانە.
- دوای ئەوە داوا لە قوتابیان بکە یەك شەش پاڵو زیاد بکەن بۆ ئەوەی سەرجەمی هەموو پێکهاتەکانی ژمارە ٧ بدۆزێتەوە پاشان داوایان لێ بکە بەبەکارهێنانی تۆڕی دووەم بەکاربێنن بۆ نواندنی پێکهاتەکان بەریزبەندی کردنیان بۆ ئەوەی شێوەی وێنەی پەیژەیەك بنوێنێ.



تێبینی دەربارەی ڕۆژانە

بۆ زانینی ژمارەی ئەو قوتابیانەی پێویست لە قۆناغی یەکەم بگوازرێتەوە، وە ژمارەی ئەو قوتابیانەی کە پێویستە لە قۆناغی دووەم بگوازرێنەوە، لەسەر قوتابیان پێویستە ژمارە ٦ پێك بهێنن، دڵنیابە کەوا ئۆتومبێلی باوکی هێژا بەزۆری ٥ قوتابی دەگوازێتەوە. لە ژمارە (٥) دەست پێبکە، ئەگەر بێت و باوکی هێژا لە قوناغی یەکەم ٥ قوتابی بگوازێتەوە، چەند قوتابی لەسەریەتی لە قۆناغی دووەم بگوازێتەوە، داوا لە قوتابیان بکە دروستی وەڵامەکانیان ساغبکەنەوە بە کۆکردنەوەی ١ وە. ٥+١=٦ ئەم چالاکیە دووبارە بکەوە بەدەست پێکردن ئەمجارە بەگواستنەوەی ٤ قوتابی لە قۆناغی یەکەم. ئەمە دووبارەبکەوە تا دەگەیتە گواستنەوەی ١ قوتابی لە قۆناغی یەکەم.

ڕێکخستنی وانەی ٤

ئامانج ئەنجامی پێکهاتەکانی ٧، ٨، ٩ و ١٠ دەزانێت

پرسیاری ئەمڕۆ

پاسێکی نەفەر هەڵگر لە گراج دەرناچێت بە کەمتر لە ٩ نەفەر. ٤ نەفەر لە ناو پاسەکەدان. چەند نەفەری پێویستە پاسەکە بۆ ئەوەی لە گەڕاج دەرچێن؟ ٥

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٤ + ٢ = ٦

٢ ٢ + ٥ = ٧

٣ ٢ + ٤ = ٦

٤ ١ + ٦ = ٧

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟ زانینی پێکهاتەکان یارمەتی قوتابی دەدات بۆ لەبەرکردنی سەرجەم. و بەدەست هێنانی کارامەییەکانی ئەژمێرکردنی هزری لە کۆکردنەوەدا.

- دەست بەوانەکە بکە بەدابەشکردنی شەش پاڵووە بەیەك بەستراوەکانی پێکهاتوو لە دوو ڕەنگ: ٤ شەش پالووی سوور و ٤ شەش پالووی شین.
- داوا لە قوتابیان بکە با ٥ شەش پاڵوو لە دوو ڕەنگی جیاواز بەیەکەوە ببەستنەوە.
- لەسەر قوتابیانە بە ٤ شەش پاڵووی سوور (یان شین) وەیەك شەش پاڵووی شین (یان سوور) لە دواییدا ٣ شەش پاڵووی سوور یان (شین) و دوو شەش پاڵووی شین (یان (سوور). لە دوواییدا دوو شەش پاڵووی سوور یان (شین) و ٣ شەش پاڵووی شین یان (سوور) لە دواییدا یەك شەش پاڵووی سوو یان (شین) و ٤ شەش شین یان (سوور) دەست پێبکەن.
- لە قوتابیان بگەڕێ با ڕستەکانی کۆکردنەوەی هەموو بارەکان بنووسن بە بەکارهێنانی هێماکانی «+» و «=».
- تێبینی چیت کرد لە هەموو ڕستەکانی کۆکردنەوە: سەرجەم هەمان خۆیەتی واتە (٥)، چ جیاوازییەك تێبنی دەکەی لەم ڕستانە؟ ئەو ژمارانەی کۆکرانەوە لە هەموو ڕستەکان جیاوازن، بەڵام سەرجەمیان هەمان خۆیانن.
- بپرسە ئایا چەند ڕێگا هەیە بۆ پێکهێنانی ژمارە ٥؟ بەڵێ. ٤+١=٥، ٣+٢=٥، ٢+٣=٥، ١+٤=٥ ئەمانە ناوی ترن بۆ ژمارە ٥.)



وانەی ٤

ژمارەکان پێکدێنم

زیاتر لە ڕێگایەك هەیە بۆ پێکهێنانی ژمارەی ٧

وەڵامەکان جۆراوجۆر دەبن. چاودێری کاری قوتابیان بکە.

🟥 و 🟦 بەکار دەهێنم بۆ پێکهێنانی ٧ . ڕەنگی دەکەم. ڕستەی کۆکردنەوە دەنووسم.

١ ٦ + ١ = ٧

٢ ٣ + ٤ = ٧

🟥 و 🟦 بەکار دەهێنم بۆ پێکهێنانی ٨. ڕەنگی دەکەم. ڕستەی کۆکردنەوە دەنووسم.

٣ ١ + ٧ = ٨

٤ ٧ + ١ = ٨

🔴 و 🟡 بەکار دەهێنم بۆ پێکهێنانی ٩. ڕەنگی دەکەم. ڕستەی کۆکردنەوە دەنووسم.

٥ ٩ + ٠ = ٩

٦ ٨ + ١ = ٩

باسبکە ■ ڕێنوێنی

٣ 🟥 هەیە. چەند 🟦 پێویستە بۆ پێکهێنانی ٧ ؟ بۆ پێکهێنانی ٨؟ بۆ پێکهێنانی ١٠؟

🟥 و 🟦 بەکاربهێنە بۆ دیارکردنی وەڵامەکەت. ٤، ٥، ٧

٥٧

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- ئەم ڕستەیەی لەسەرەوەی لاپەڕەکە هاتووە لەگەڵ قوتابیان بخوێنەوە لێرە دا چەند ڕێگایەك هەیە بۆ پێکهێنانی ژمارە ٧.

  داوا لە قوتابیان بکە باشەش پاڵووە بەیەکەوە بەستراوەکان بەکاربێنن بۆ پێکهێنانی ژمارە٧. قووتابیان شەش پاڵووەکان و چوارگۆشە ڕەنگاو ڕەنگەکان بەکاردێنن بۆ پێکهێنانی ژمارە٧.
- قوتابیان ئاراستەی ئەو ڕاهێنانانە بکە کە لە لاپەڕەکە ماوەتەوە.

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە لە بڕگەی باسبکە ■ ڕێنوێنی داهاتووە.

وەڵام: قوتابیان شەش پالووە بەیەکبەستراوەکان بەکاردێنن بۆ ساغکردنەوەی وەڵامەکانیان.

داوا لە قوتابیان بکە شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لەلاپەرە ٥٨ دا هاتوو

ئاراستەی قوتابیان بکە لە ماوەی کارکردنیان لە چالاکییەکانی ١–٦. وەڵامەکان جوراو جوّر دەبن لە قوتابیەك بۆ قوتابیەکی تر بەپێی پێکهاتەکانی کارکردنیان. پاش تەواو بوونی ئەم چالاکییانە. داوا لە قوتابیان بکە وەڵامەکان بەراورد بکەن. پرسیاربکە: چەند ڕێگا هەیە بۆ پێکهێنانی ١٠، ئایا دوو ڕێگا یان زیاتر؟

پرسیارێك شیکاردەکەم ● بیرکردنەوە بەدیتن

واز لە قوتابیان بێنە با لەسەر وێنەکە گفتوگۆ بکەن، پاشان داوایان لێبکە ڕستەی کۆکردنەوەی گونجاو بنووسن:

٥+٣=٨ یان ٣+٥=٨.

بۆ قوتابیان دووپات بکەوە کەوا هەردوو ڕستەی کۆکردنەوەی ٥+٣=٨ و ٣+٥=٨ ئەوە دوو ڕێگان بۆ پێکهێنانی ژمارە ٨. لێیان بپرسە: ئایا ڕێگای تر هەیە بۆ پێکهێنانی ژمارە ٨. لە قوتابیان بگەڕێ ڕێگاکانی تر بنووسن.

٤ هەڵسەنگاندن

گفتوگۆ و نووسین ئەگەر زانیت کەوا ٥+٢=٧ چۆن بۆت دەردەکەوێت کەوا ٥+٣=٨؟ ١ بۆ ٧ زیاد دکەم.

لە قوتابیان بگەڕێ با ڕستەیەکی کۆکردنەوەی تر بنووسن سەرجەمیان بکاتە ٨.

تاقیکردنەوەی وانە

● یان ○ بەکاربێنە تا ٩ پێك بهێنی سەرجەم بنووسە.



٩=٤+٥

ئەرکیماڵەوە

داوا لە قوتابیان بکە ڕاهێنانەکانی ژمارە ٢، ٤، ١٠، ١١ کە لە وانەی ٤–٤ دا هاتووە لە ماڵەوە لە کتێبی ڕاهێنان شیکاربکەن.

- ئەگەر بینیت هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لەم بابەتە، داوایان لێبکە کۆمەڵەیەك لەشتە بچووکەکانن (وەك ٧ پێنووس) بێنن.
- ئینجا داوایان لێبکە ئەم کۆمەڵەیە بەش بکەن بۆ دوو کۆمەڵە با ئەمە چەند جارێك زیاتر دوو بارەبکەنەوە بە چەند ڕێگایەکی جیاواز.



ڕاهێنان دەکەم

وەڵامەکان جۆراوجۆر دەبن، چاودێری کاری قوتابیان بکە

Star For Math

▰ و ▰ بەکار دەهێنم بۆ پێکهێنانی ٨. ڕەنگی دەکەم. ڕستەی کۆکردنەوە دەنووسم.

١ ٢ + ٦ = ٨

٢ ٥ + ٣ = ٨

● و ● بەکار دەهێنم بۆ پێکهێنانی ١٠. ڕەنگی دەکەم. ڕستەی کۆکردنەوە دەنووسم.

٣ ١٠ + ٠ = ١٠

٤ ٩ + ١ = ١٠

● و ● بەکار دەهێنم بۆ پێکهێنانی ٧. ڕەنگی دەکەم. ڕستەی کۆکردنەوە دەنووسم.

٥ ٥ + ٢ = ٧

٦ ٧ + ٠ = ٧

پرسیارێك شیکار دەکەم ■ بیرکردنەوە بەدیتن.

ڕستەیەکی کۆکردنەوە دەنووسم کە وێنەکە دەردەبڕێت.

٥ + ٣ = ٨

چالاکی ماڵەوە ● داوا لە منداڵەکەت بکە شتی بچووك بەکاربهێنێت، وەك دەنکی فاسۆلیا، هەڵماتی شووشە... بۆ پێك هێنانی ژمارەی ٩ لە ڕێگەی چەند شێوەیەکەوە لەتوانادابێ. داوای لێبکە هەمان چالاکی دووبارە بکاتەوە بۆ ژمارەی ١٠.

٥٨

ئاگاداربە... ئەم وانەیە بوار بۆ قوتابیان دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی ئاگاداربن کەوا چەندها ڕستەی کۆکردنەوەی جیاواز هەمان وەڵامیان هەیە. بەم شێوەیە دەتوانی داوایان لێبکەی چەند چیرۆکێکی کۆکردنەوەی جیاواز پێکبهێنن وەڵامەکەی بکاتە ٧ بۆ نموونە. کاری لەم شێوەیە هزری قوتابیان فرەوان دەکات و زۆر لە کارامەییەکانی کۆکردنەوە بەدەست دێنن لە میانەی جێبەجێ کردنی کرداری ژمێریاری.



ڕاهێنان ٤–٤

ژمارەکان پێکدێنم

وانەی
٥

بە ئاسۆیی و بەستوونی کۆدەکەمەوە

پلانی وانەکە

ئامانج ڕستەکانی کۆکردنەوە بە ئاسۆیی و بە ستوونی دەنووسێت.

زاراوەکان ڕستەی کۆکردنەوە.

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- ڕێنوێنی و سەلماندن
- گەیاندن
- نواندن

ڕۆژانە

داوا لە قوتابیان بکە لە ناو ڕۆژمێری پۆلدا (ئەگەر هەبوو) ئەو ژمارانە هەڵبژێرن کە سەرجەمیان دەکاتە ٩ یان ١٠.

پێشینەی بیرکاری.

لەم وانەدا قوتابیان فێری نوسینی پرسیارەکانی کۆکردنەوە دەبن بەئاسۆیی و ستوونی. هەندێ قوتابی بە زەحمەت تێدەگەن کە ڕستەی ژمارەیی ٥+٢=٧ هەمان ڕستەیە کە $\begin{array}{r}٥\\ ٢+\\ \hline ٧\end{array}$ پێك دێنێت. هێلی ئاسۆیی شوێنی هێمای یەکسان دەگرێتەوە لەکاتی نووسینی رستەی کۆکردنەوە بە ستوونی.

چالاکی

نواندنی ڕستەی کۆکردنەوە

دووانەیی

هەستی - جولەیی

ئامانج: شەش پاڵوەکان بەکاردەهێنێ بۆ نواندنی ڕستەکانی کۆکردنەوە بە ئاسۆیی و ستونی.

کەرەستەکان بۆ هەر دووانی ٩ شەش پاڵوی پێکەوە بەستراوی شین وە ٩ شەش پاڵووی پێکەوە بەستراوی سوور

- داوا لە قوتابیان بکە شەمەندەفەرێك دروست بکەن ئەو ڕستەی کۆکردنەوەی ٦ + ٣ = ٩ بنوێنێ. سەرنجیان ڕابکێشە لەکاتی دانانی شەش پاڵوەکان بەئاسۆیی لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەست پێ بکەن، پاشان داوایان لێ بکە (ستونێك) دروست بکەن و ڕستە ژمارەییەکە دیاربکەن. داوایان لێبکە بە نووسینی ڕستەی کۆکردنەوەکە بە ئاسۆیی و ستوونی.
- داوا لە قوتابیان بکە شەمەندەفەرێك دروست بکەن بۆ نواندنی ٤+٥=٩. پاشان پرسیارەکە بە ئاسۆی و ستونی بنووسن.



$\begin{array}{r}٦\\ ٣+\\ \hline ٩\end{array}$

٩=٣+٦



تێبینی دەربارەی ڕۆژانە

لەسەر قوتابیان پێویستە لەساڵنامە ئەو ژمارانە هەڵبژێرن کە هەردوو ژمارەی ٩ یان ١٠ پێك دەهێنن.

ڕێکخستنی وانەی ٥

ئامانج ڕستەکانی کۆکردنەوە بە ئاسۆیی و بە ستوونی دەنووسێت.

پرسیاری ئەمڕۆ

زانا ٣ پێنووسی هەیە، ٦ پێنووسی تری کڕی. ئالان ٦ پێنووسی هەیە و ٤ پێنووسی تری کڕی چەند پێنووس لای زانا هەیە؟ ٩.
چەند پێنووس لای ئالان هەیە؟ ١٠

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٥ + ٢ = ___٧___
٢ ٥ + ٤ = ___٩___
٣ ٦ + ٤ = ___١٠___
٤ ٣ + ٥ = ___٨___

بۆچی ئەم بابەتە فێردەبین؟ ئەگەر زانیمان چۆن بەستوونی کۆ بکەینەوە ئەوەت بۆ دەردەکەوێ کە ٣+٤ و $\begin{array}{r}٣\\+\ ٤\\\hline\end{array}$ هەمان سەرجەمیان هەیە.

- دەتوانیت دەست بەوانەکە بکەی لە میانەی ئەم چالاکیە: لە کێلگەیەکدا دوو چێل هەیە ٤ چێلی تر هاتە ناو کێلگەکە، ژمارەی هەموو چێلەکان بوون بە چەند؟
- لە قوتابیان بگەڕی با پوولی دۆمینە ئەوەی ٤ خاڵ و ٢ خاڵی تیا دیارە بەکاربهێنن.
- ڕستەی کۆکردنەوەی پەیوەست بە هەرخستنە ڕوویەك لەسەر تەختەکە بنووسە.
- بە قوتابیان ڕابگەینە گۆڕینی شوێنی پوولی دۆمینە بەهەر ئاراستەیەك سەرجەمی خاڵەکانی ناگۆڕێت.

٢ فێرکردن

داوا لە قوتابیان بکە سەیری نموونەکە بکەن و ئەو خاڵانەی هاتووە لای ڕاست بژمێرن، پاشان خاڵەکانی لای چەپی پوولی دۆمینە، پاشان سەرجەم دیاری بکەن. قوتابیان ڕستەکانی کۆکردنی گونجاو لەگەڵ خاڵەکان دەنووسن. ڕوونیبکەرەوە کەنموونەی یەکەم ئاسۆییە لە ڕاستەوە بۆ چەپ بەڵام نموونەی دووەم ئەستونییە لەسەرەوە بۆ خوارەوە. بۆچی ئەنجام وەك یەکە لەهەردوو شێوەکەدا؟ لەبەر ئەوەی هەمان ژمارە بەکاردەهێنن بۆ هەردوو شێوەکە لە ڕستەی کۆکردنەوە.



وانەی ٥ — بە ئاسۆیی و بە ستوونی کۆدەکەمەوە

٣ + ٥ = ٨

٣
٥ +
٨

ژمارەکان دەنووسم. سەرجەم دەنووسم.

١ ٢ + ٤ = ٦

٢
٤ +
٦

٢ ٥ + ٢ = ٧

٥
٢ +
٧

٣ ٥ + ٤ = ٩

٥
٤ +
٩

باسبکە ■ ڕێنوێنی

هەردوو کۆکردنەوەکە لەهەر ڕیزێك دا بەچی لەیەکدەچن؟ بەچی جیاوازن؟ ئەوە دیاریکە.

ئاگاداریە... سەرنجی قوتابیان بۆ کۆکردنەوەی ستوونی ڕاکێشە کە بریتیە لە ڕێگایەکی تر بۆ نووسینی ڕستەی کۆکردنەوە کە گرنگیەکەی لە دواییدا دیار دەکەوێت، لەسەر قوتابیانە کەوا دڵنیا بن لەوەی کە کۆکردنەوەی ستوونی جیاوازی نیە لەگەڵ ئەو کۆکردنەوەی کە پێشوو ناسیبوویان تەنها بەشێوە نەبێت.

٣ ڕاهێنان

باس بکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە لە بڕگەی باسبکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە.

هەمان ژمارە و هێمای کۆکردنەوە بەکار دەهێنرێت لەڕستەی کۆکردنەوەدا. ژمارەکان لەسەرەوە بۆ خوارەوە و هێڵی ئاسۆیی لە جیاتی (=) دادەنرێت.

ڕاهێنان دەکەم

ژمارەکان دەنووسم. سەرجەم دەنووسم.





١

٤
+ ٦
١٠

٤ + ٦ = ١٠





٢

٦
+ ٠
٦

٦ + ٠ = ٦





٣

٥
+ ٥
١٠

٥ + ٥ = ١٠

پێداچوونەوە چاودێری وێنەی قوتابیان بکە

٤ وێنەی بازنەکان دەکێشم بۆ نواندنی هەر ژمارەیەك. سەرجەم دەنووسم.

٥ + ٠ = ٥

٥ + ١ = ٦

٥ + ٢ = ٧

چالاکی ماڵەوە • چەند پرسیارێك بۆ منداڵەکەت بنووسە لەسەر کۆکردنەوەی ستوونی و ئاسۆیی بۆ ئەوەی شیکاری بکات.

٦٠



ڕاهێنان ٤-٥

قوتابخانە.......... ناوی قوتابی.......... پۆل: یەکەم هۆبەی...... بەروار / /

بەستوونی و بە ئاسۆیی کۆدەکەمەوە

وانەی ٤-٥

ژمارەی گونجاو بۆ خاڵەکان دەنووسم. سەرجەم دەنووسم.

١
٢
+ ١
٣

٢ + ١ = ٣

٢
٤
+ ٢
٦

٤ + ٢ = ٦

٣
٣
+ ٤
٧

٣ + ٤ = ٧

پێداچوونەوە.

ژمارە ناسیارەکان دەنووسم

٤ ٥، ٦، ٧

٥ ٨، ٩، ١٠

٦ ٥، ٤، ٣

٧ ١٠، ١١، ١٢

٨ ٠، ١، ٢

٩ ١٠، ٩، ٨

ڕاهێنان ل ٢٣

پێشینەی بیرکاری

سیفەتی جێگۆرکی لە کۆکردنەوە ئەوە دەگەیەنێت کەوا ئەنجامی کۆکردنەوەی دووژمارە ناگۆڕێت ئەگەر ڕیزیەتی دوو ژمارەکە گۆڕا، گرنگی ئەم سیفەتە لەمە دەردەکەوێت کاتێك ژمارەی ڕاستیەکانی کۆکردنەوەکە لە سەر قوتابی پێویستە لەبەری بکات کەم دەکاتەوە بۆ نیوە کاتێ قوتابی ئەم پەیوەندیە هاوجێیە تێدەگات، دەتوانێ هەر ڕاستیەکی کۆکردنەوەی دوو ژمارەی ببەنەلای ڕاستیە کۆکردنەوە هاوجێیەکەی بۆ پێکهێنانی جووتێك لەم ڕاستیانە.

داوا لە قوتابیان بکە شیکاری ئەو ڕاهینانە بکەن کە لە لاپەرە ٦٠ دا هاتووە

ڕونی دەکەمەوە کە نموونەی یەکەم بەشێوەی ئاسۆیییە کە سەرجەم دەنوسرێت پاش هێمای یەکسان. بەڵام لە نموونەی دووەم دا بەشێوەی ئەستوونییە ژمارەکان لە چوارگۆشەی گونجاو دەنووسن و سەرجەم لە ژێر هێلی ئاسۆیی دادەنێن.

ڕێنمایی ئاگاداری قوتابیان بکەوە کەوا کرداری ئاڵ و گۆڕ لە نێوان ئەو دوو ژمارەیەی کۆدەکرێنەوە سەرجەمیان ناگۆڕێت، دەتوانیت شوێنی هەردوو ژمارەکە بگۆڕی لە نموونەکانی ستونی و لە نموونەکانی ئاسۆیی.

٤ هەڵسەنگاندن

گفتوگۆ و نووسین سەیری هەردوو پرسیارەکان لە خوارەوە هاتووە بکە. بەچی وەك یەکن؟ بەچی جیاوازن؟ ٥+٣=٨ وە

٥
+ ٣
٨

لە یەکچووەکان. ژمارەکان، سەرجەم، هێمای کۆ، جیاوازییەکان: یەکێکیان بەشێوەی ئاسۆیییە و ئەوەی تریان بەشێوەی ئەستونییە. هێمای یەکسان لە یەکێکیان دایەو ئەوی تر بەهێڵێك لەژێر ٣ دا یەکسان دەنوێنێت.

تاقیکردنەوەی وانە

کام ڕستەی کۆکردنەوە وێنەکە دەنوێنێ؟



ا
٥
+ ٣
٨

ب
٤
+ ٤
٨

ج
٦
+ ٢
٨

[✓ د]
٧
+ ٢
٨

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با لەماڵەوە ڕاهێنانەکانی ١، ٢، ٣ کەلە وانەی ٤-٥ دا هاتووە شیکاربکەن.
- هانی قوتابیان بدە با لەماڵەوە ڕاهێنانەکانی بڕگەی (پێداچوونەوە) کە لەوانەی ٤-٥ دا هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان شیکاربکەن.
- بۆیان ڕونبکەوە ئەم ڕاهێنانە پێداچوونەوەی کارامەییەکانی پێشوو بەدەست دێنێت.

پرسیارێك شیكاردەكەم: ڕستەی كۆكردنەوە دەنووسم

پلانی وانەكە

ئامانج پرسیارێك شیكار دەكات بەبەكارهێنانی (ڕستەی كۆكردنەوە دەنووسم).

زاراوەكان ڕستەی كۆكردنەوە.

پێوەرەكان

- ژمارەكان و كردارەكان ـ گەیاندن
- شیكاركردنی پرسیارەكان ـ بەستن
- ڕێنوێنی و سەلماندن

ڕۆژانە

یەكەم و دووەم و كۆتایی. كاتێكی گونجاو هەڵبژێرە بۆ ئەوەی لەگەڵ قوتابیان گرنگترین ڕوداوەكانی ڕۆژ لەگەڵیان باسبكەی. لەگەڵ قوتابیان چالاكییە سەرەتاییەكانی كە جێبەجێكراوە لەپۆلدا گفتوگۆ بكە. پاشان چالاكی كۆتایی. هانی قوتابیان بدە بۆ ئەوەی باسی كارو چالاكییەكانی خۆیان بكەن كە لە ڕۆژ دا ئەنجامیان داوە بەبەكارهێنانی ووشەكانی یەكەم و دووەم و كۆتایی.

ڕۆشنایی پەروەردەیی

خوێندنی ئەم وانەیە یارمەتی قوتابیان دەدات پەیوەندی نێوان وێنە و هێماكان هەست پێبكات لەكاتی شیكاركردنی پرسیارەكان. پرسیارەكانی پێشكەش كراو لەم وانەیەدا كۆتایی دێت بە دەستەواژەی "هەموو". گرنگ ئەوەیە قوتابیان چەمكی "هەموو" نەبەستنەوە تەنها بە كرداری كۆكردنەوە.

چالاكی

نواندنی ڕستەكانی كۆكردنەوە

دووانەیی

هەستی - جوڵەیی

ئامانج: ڕستەی كۆكردنەوە لەمیانەی سەرجەمی ٦ دەنوێنێ و شیكاری دەكات.

كەرەستەكان بۆ هەر دووانەیەك ١٠ شەش پاڵوی پێكەوە بەستراوی دوو ڕەنگی جیاواز.

- شەش پاڵوەكان دابەشی سەر قوتابیان بكە. پرسیارێكی كۆكردنەوە بنوێنە بە شەش پاڵویەكان. وە لە سەر تەختەكە ڕستەی كۆكردنەوە بنووسە بە بێ شیكاركردن. داوا لە قوتابیان بكە ئەم پرسیارە شیكاربكەن و ڕستەكە تەواو بكەن.
- هەر قوتابیەك لەگەڵ هەڤاڵی خۆی كار دەكات. یەكێكیان شەمەندەفەرێك دروست بكات لە شەش پاڵوی یەك ڕەنگی. و ئەویتر شەمەندەفەرێكی تر دروست بكات بە ڕەنگێ تر. هەردوو قوتابی شەمەندەفەرەكان دەكەن بەیەك شەمەندەفەر و ڕستەی كۆكردنەوەی گونجاو دەنووسن. و شیكاری دەكەن، وەك ٣ + ٢ = ٥، ٣ + ٣ = ٦





وانەی ٦ ________

پرسیارێك شیكار دەكەم ڕستەی كۆكردنەوە دەنووسم

تێدەگەم | پلان دادەنێم | شیكاردەكەم | ساغدەكەمەوە

ژمارەی هەموو ماسییەكان چەندە.

تێدەگەم

داواكراو چییە؟

پلان دادەنێم

دەتوانم ڕستەی كۆكردنەوە بنووسم بۆ شیكاری پرسیارەكە.

شیكاردەكەم

٥ + ١ = ٦ ماسی

ساغدەكەمەوە

وەڵامەكەم ساغدەكەمەوە بەهۆی ژماردن.

ڕستەی كۆكردنەوە دەنووسم.

١ ژمارەی هەمووی چەندە؟

٥ + ٣ = ٨ ماسی

٢ ژمارەی هەمووی چەندە؟

٢ + ٣ = ٥ ماسی

٣ ژمارەی هەمووی چەندە؟

٢ + ٢ = ٤ ماسی

٤ ژمارەی هەمووی چەندە؟

٤ + ٤ = ٨ ماسی

٦١

ڕێكخستنی وانەی ٦

ئامانج پرسیارێك شیكار دەكات بە بەكارهێنانی ڕێگای «ڕستەیەكی كۆكردنەوە دەنووسم»

پرسیاری ئەمڕۆ

ئەوەتا ٤ منداڵ یاری جۆلانێ دەكەن و (٥) منداڵ یاری بەتۆپ دەكەن، چیرۆكێكی كۆكردنەوە لە میانەی منداڵەكان باس بكە و ڕستەیەكی كۆكردنەوەی بنووسە.

١ پێشكەشكردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ ١ + ١ = ٢

٢ ١ + ٢ = ٣

٣ ٢ + ١ = ٣

٤ ٢ + ٢ = ٤

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟ نووسینی ڕستەی كۆكردنەوە یارمەتی قوتابیان دەدات لەسەر دۆزینەوەی سەرجەم و شیكاری پرسیارەكانی ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە دەورووبەر.

- دەتوانیت دەست بەوانەكە بكەیت بەوێنە كێشانی كۆمەڵەیەك لە ٣ سێوو كۆمەڵەیەكی تر لە ٤ سێو لەسەر تەختە، داوا لە قوتابیان بكە چیرۆكێكی كۆكردنەوە دەربارەی سێوەكان پێكبهێنن.
- ئەگەر قوتابیان پێویستیان بە یارمەتی دان هەبوو ئەم چیرۆكە پێشنیازبكە: لەلای ئاراس ٣ سێوو لەلای شیرین ٤ سێوو هەیە، چەند سێو لەلای شیرین و ئاراس هەیە؟
- داوا لەیەكێك لە قوتابیەكان بكە ڕستەیەكی كۆكردنەوە بنووسن كە چیرۆكەكە دەنوێنێ بەبەكارهێنانی هێماكانی + ، = .

٢ فێركردن

هەنگاوەكانی ئاراستەكراو

- تێدەگەم داوا لە قوتابیان بكە با بۆت ڕونبكەنەوە داواكراوەكە چی‌یە؟ ژمارەی ماسیەكان چەندە؟
- ئایا دەتوانیت چیرۆكێك لەسەر ماسیەكان باس بكەی؟ ئەوتا ٤ ماسی مەلەدەكەن ماسیەكی تر چوونە لایان.
- پلان دادەنێم: داوا لە قوتابیان بكە با بیر لە ڕێگایەك بكەنەوە بۆ شیكاری پرسیارەكە. وەڵامی گونجاو: وێنەكانی هەركۆمەڵەكە دەژمێرم ئینجا ڕستەی كۆكردنەوە دەنووسم.
- شیكاردەكەم: داوا لە قوتابیان بكە با باس لە چۆنیەتی شیكاركردنی پرسیارەكە بكەن. ژمارەی ماسیەكانی ناو هەركۆمەلەیەكم ژمارد ئینجا ژمارەكان و سەرجەمەكەم نووسی.
- ئەم ڕستە كۆكردنەوەیە كامەیە كەچیرۆكی ماسییەكان دەر دەبڕێت؟ ٥+١=٦.
- هەر ژمارەیەكی ئەم ڕستەیە چی دەگەیەنێ؟ ژمارە (٥) ژمارەی ماسیەكان كۆمەڵەی یەكەم وە ژمارە (١) ژمارەی ماسیەكانی كۆمەڵەی دووەم، وە ژمارە (٦) ژمارەی هەموو ماسیەكان دەگەیەنێ.
- هێمای (+) چی دەگەیەنێ؟ كرداری بەیەكگەیشتنی ماسی یەكەم بە پێنج ماسیەكانی تر دەگەیەنێ.
- ساغدەكەوە: چۆن دروستی وەڵامەكەت ساغدەكەیتەوە؟ هەموو ماسیەكانم ژمارد وە هەمان ژمارەم دەست كەوت.

ئاگاداریە... هەڵەی باو شیكاری پرسیارەكان بڕبڕەی پشتی بابەتی بیركاریە، بەبێ شیكاری پرسیارەكان بیركاری بریتی دەبێت تەنها لە جێبەجێ كردنی كردارەكان وە قوتابی ناتوانێت بەرهەم بهێنێت لە شیكاركردنی پرسیارەكانی پەیوەست بە دەوروبەر. هانی قوتابیان بدە لە شیكاركردنی پرسیارەكان و هەنگاوەكانی پەیوەست بەمە بەبەكارهێنانی كەرستە بەرجەستەكان وەك پەپكەكان بۆ نموونە. توانای قوتابیان لەسەر شیكاركردنی پرسیارەكانی ئەم وانەیە دڵنیات دەكات لەسەر تێگەیشتنیان لە كۆكردنەوە و توانایان لەسەر جێبەجێ كردنی چەمكی كۆكردنەوە لە ژیانی ڕۆژانەیان.

٣ ڕاهێنان

داوا لە قوتابیان بکە شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لە لاپەرە ٦٢ داهاتووە

داوا لە قوتابیان بکە ڕاهێنانەکانی ١–٤ جێبەجێ بکەن.

بنووسە: دڵنیابە لەو ژمارانەی کە قوتابیان بەکاریان هێناوە ئایا گونجاوە لەگەڵ ئەو وێنانەی کە کێشاویانە.

٤ هەڵسەنگاندن

گفتوگۆ و نووسین چۆن نووسینی ڕستەکانی کۆکردنەوە یارمەتیت دەدا لە شیکاری پرسیارەکە؟ ڕێگەم پێ بدە با جەخت لەسەر ئەو ژمارانە بکەم کە کۆیان دەکەمەوە، جارێکی تر وێنەکان ناو هەر کۆمەڵەیەك نا ژمێرمەوە.

تاقیکردنەوەی وانە

ڕستەی کۆکردنەوە دەنووسم. سەرجەم دەنووسن.



٢ + ٤ = ٦

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لەقوتابیان بکە ڕاهێنانی ٢، ٣، ٥ کە لەوانەی ٤–٦ داهاتووە لە ماڵەوە لەکتێبی ڕاهێنان شیکاربکەن.



ڕاهێنان دەکەم

ڕستەی کۆکردنەوە دەنووسم. سەرجەم دەنووسم

١ ٢ + ٤ = ٦ مۆز

٢ ٢ + ٣ = ٥ مۆز

٣ ٣ + ٤ = ٧ مۆز

٤ ٤ + ٥ = ٩ مۆز

دەنووسم وەڵامەکان جۆراوجۆر دەبن

چەند وێنەیەك دەکێشم لەسەر چیرۆکی کۆکردنەوە بدوێت کەداتناوە.
ئەو ڕستە کۆکردنەوەیەی یارمەتی شیکارەکە ئەدات دەنووسم.

چالاکی ماڵەوە • داوا لە منداڵەکەت بکە چەند شتێکی بچووك بەکاربهێنێت بۆ نواندنی ئەو چیرۆکانەی کەلەم لاپەڕەیەدان.

٦٢

پێشینەی بیرکاری نووسینی ڕستەی کۆکردنەوە بۆنواندنی ئەو پرسیارانەی کە لەدەوروبەری قوتابی وەرگیراوە بەهۆی هێماکانی +، = کە بەردی بناغەی بنیاتنانی کارامەیی جەبر لەلایەن قوتابیان پێك دەهێنی، لەم پۆلەدا قوتابیان دەست دەکەن بەوەرگرتنی پرسیارەکانی ژیانی ڕۆژانە لەسەر کرداری خستنەپاڵ یەکتر. لەم پۆلەدا پێویستە قوتابیان باس لە بیرۆکەی سەرجەم بکەن وە لەسەریانە هەردوو هێمای +،= بەکاربێنن بۆ ئەوەی ڕستەیەکی کۆکردنەوەی پێ بنووسن گوزارشت لە پرسیارەکانی ژیانی ڕۆژانە کە گوزارشت لە چەمکی کۆکردنەوە بکات، بەکەرەستە بەرجەستەکان دەست پێبکە وەك پەپکەکان و شەش پالووە بەیەکبەستراوەکان و دەنکە فاسولیا و نۆك، لەدوایی دا وێنەکان بەکاربێنە، پاشان یارمەتی قوتابیان بدە لەسەر گۆڕینی ئەم پرسیارانە بۆ ڕستەیەکی کۆکردنەوە ژمارەکان و هێماکان لە خۆبگرێت. هەنگاوەکانی شیکاری پرسیارەکان (تێدەگەم، پلان دادەنێم، شیکاردەکەم، ساغدەکەمەوە) نەخشە ڕێگا بۆ قوتابی پێك دەهێنی یارمەتیان دەدات لەسەر شیکاری پرسیارەکانی ژیان کە ڕەنگ دانەوەی چەمکی کۆکردنەوەیەلەم وانەیە، وە هەروەها کارامەیی شیکاری پرسیارەکانی بیرکاری بەشێوەیەکی گشتی لەلای دروست دەبێ هەنگاوەکانی شیکاری پرسیارەکان کەلەسەرەوە ناویان هاتووە دەگەڕێتەوە بۆ زانای بیرکاری جۆرج بۆلیا کەتوانی بگاتە بەراوردێکی گشتی بۆ شیکاری پرسیارێك لەمیانەی پەیرەوکردنی ٤ هەنگاوی یەك لەدوای یەك، یەکەم بریتیە لە تێنەگەیشتنی قوتابی بۆ پرسیارەکەو دووبارە دارشتنەوەی بەشێوەی خۆی. دووەم، لەسەر قوتابیە پلان دابنێت بۆ دیاری کردنی ڕێگایەکی شیکاری گونجاو بۆ شیکاری پرسیارەکە، سێیەم پێویستە لەسەری ئەو ستراتیژیەتە لە شیکارکردن جێبەجێکات کە لە هەنگاوی دووەم دیاری کرابوو، لە کۆتایدا پێویستە دروستی وەڵامەکە ساغبکاتەوە.



ڕاهێنان ٤–٦

قوتابخانە........ناوی قوتابی........پۆل: یەکەم هۆبەی......بەروار / /

وانەی ٤-٦

پرسیارێك شیکاردەکەم :
ڕستەی کۆکردنەوە دەنووسم

١ ژمارەی هەمووی چەندە؟ ٤ + ٢ = ٦

٢ ژمارەی هەمووی چەندە؟ ٢ + ١ = ٣

٣ ژمارەی هەمووی چەندە؟ ٣ + ٢ = ٥

٤ ژمارەی هەمووی چەندە؟ ١ + ٣ = ٤

٥ ژمارەی هەمووی چەندە؟ ٢ + ٢ = ٤

٦ ژمارەی هەمووی چەندە؟ ١ + ١ = ٢

بەشی
٤

کۆکردنەوە

پێداچوونەوە/بەشی ٤

ئامانج دڵنیابوون لە تێگەیشتنی چەمکەکان و وەرگرتنی ئەوکارامەییانەی کە لەبەشی ٤ داهاتووە.

- ئامانجی لاپەرەی (پێداچوونەوە) بۆ قوتابیان ڕونبکەوە.
- نزیکەی (٣٠) خولەك بۆ قوتابیان تەرخان بکەو تیایدا داوا لە قوتابیان بکە لەم ماوەیەدا شیکاری ڕاهێنانەکانی لاپەرەی (پێداچوونەوە) بکەن.
- دەتوانی یارمەتی ئەو قوتابیانە بدەی کە ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە.
- دەتوانی وەڵامی پرسیارەکانی قوتابیان بدەیتەوە.
- ئەوکاتەی دەمێنیتەوە لەوانەکە تەرخان بکە بۆ پێدانی وەڵامی پرسیارەکان و شیکارکردنیان.
- ئەم لاپەڕەیە هەل بۆ نووسینی ڕستەی کۆکردنەوە بەشێوەیەکی ئاسۆیی و ستوونی بەدەست دێنێت، وە هەروەها بۆ نووسینی ڕستەکانی کۆکردنەوەی جیاواز کەهەمان وەڵامی هەبێت، هەروەها ئەم لاپەڕەیە هەل بۆ دڵنیابوون لە توانای قوتابیان لەسەر شیکاری پرسیاری کۆکردنەوە بەدەست دێنێت.
- ئامانجی ڕاهێنانەکانی ١–٦ بۆ دڵنیابوونە لە زانینی چەمکەکان و کارامەییەکان و زاراوە نوێیەکان.
- بەڵام ئامانج لە ڕاهێنانی ٧ بۆ دڵنیابوونە لە کارامەییەکانی قوتابیان لە جێبەجێکردنی پرسیارەکانی «ڕستەیەکی کۆکردنەوە بنووسە».



پێداچوونەوەی
بەشی ٤

ناو ________

کۆدەکەمەوە.

١

٤ + ٢ = ٦

٢ + ٤ = ٦

٢ + ٣ = ٥

به دوو ڕێگە ژمارەی ٨ پێکدێنم.

وەڵامەکان جۆراوجۆر دەبن

٢ ٨ + ٠ = ٨

٣ ٣ + ٥ = ٨

به دوو ڕێگە ژمارەی ١٠ پێکدێنم.

وەڵامەکان جۆراوجۆر دەبن

٤ ٨ + ٢ = ١٠

٥ ٧ + ٣ = ١٠

ئەو ژمارەیە دەنووسم کەبەرامبەر بەخاڵەکانە.سەرجەم دەنووسم.

٦

٥ + ١ = ٦

٥
+ ١
٦

پرسیارێك شیکاردەکەم ■ ڕستەی کۆکردنەوە دەنووسم

٧ ژمارەی هەمووی چەندە؟

٢ + ٢ = ٤ ماسی

٨ ژمارەی هەمووی چەندە؟

١ + ٣ = ٤ قرژاڵ

٦٣

ئامادەبوون بۆتاقیکردنەوە

ئامانج ئامانج لە لاپەرەی (ئامادەبوون بۆ تاقکردنەوە) کەلە کتێبی قوتابی داهاتووە کە لە ناونیشانەکەی دیارە بریتیە لە ئامادەکردنی قوتابی بۆ تاقیکردنەوەی بەش ئەم لاپەرە چەمکەکان و کارامەییەکانی لەوبەشەدا هاتووە لە خۆدەگرێت، وە هەروەها چەمکەکانی تر کە لەبەشەکانی ڕابووردوو دا هاتووە لە خۆ دەگرێت. وە ئەمە خۆی لە خۆیدا تارادەیەك ئامانجە پەروەردەییەکانی پەیوەست بەم بەشە لە خۆدەگرێت.

بەکارهێنانی لاپەڕە

- ئامانجی لاپەڕەی «ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە» بۆ قوتابیان ڕونبکەوە.
- داوا لە قوتابیان بکە با لاپەڕەی «ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە» (کە لەکتێبی قوتابیدا هەیە) لە ماڵەوە جێبەجێ بکەن (یان لە پۆڵ ئەگەر کاتت هەبوو بۆ جێبەجێکردنیان).



ئامادەبوون بۆ
تاقیکردنەوە
بەشی ٤

ناو ______________

وەڵامی گونجاو هەڵدەبژێرم.

١ کام ڕستەی کۆکردنەوە ژمارەی هەموو ماسییەکان دەنوێنێت؟

٥ = ٤ + ١	٦ = ٣ + ٣	٧ = ٤ + ٣	٨ = ٣ + ٥
○	○	○	●

٢ کام ڕێگا دەمانگەیەنێتە ژمارە ٨؟

١ + ٥	٤ + ٤	٤ + ٦	٢ + ٣
○	●	○	○

٣ کام کۆکردنەوە ڕێگەیەکی تر دەنوێنێ بۆ نووسینی ٨ + ٢ = ١٠

٢ ٦ + ٨	٦ ٢ + ٨	٩ ١ + ١٠	٨ ٢ + ١٠
○	○	○	●

٤ سەرجەمی ٧ + ٠ کامەیە؟

٠	٤	٧	٨
○	○	●	○

٥ هەندێ لە شەش پاڵوەکان بەسوور ڕەنگدەکەم، ئەو بەشەی دەمێنێتەوە بەشین. ڕستەی کۆکردنەوە دەنووسم.

وەڵامەکان جۆراوجۆر دەبن

ڕستەی کۆکردنەوە بۆ هەمان سەرجەم دووبارە دەنووسمەوە.

٦ ___ ◯ ___ ◯ ___

٦ ___ ◯ ___ ◯ ___

٦٤

تاقیکردنەوەی بەش

تاقیکردنەوەی بەش دەکەوێتە چوارچێوەی

تاقیکردنەوەکانی بەدەستهاتووە

- دەتوانیت ئەم تاقیکردنەوانە وەکوخۆی بەکاربێنیت:
- دەتوانی لەم تاقیکردنەوانە چەند پرسیارێکی دیاری کراو هەڵبژێری، تیایدا تاقیکردنەوەکانی لێ پێك بهێنی.
- دەتوانی لەم تاقیکردنەوانە چەند پرسیارێکی دیاری کراو هەڵبژێری، لەسەر ئەم پرسیارانە بەخۆت پرسیاری تری لەسەر دابنێ ی.
- دەتوانی بەخۆت گشت پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی لەسەر دابنێ ی، بەپشت بەستن بەو پرسیارانەی لە تاقیکردنەوەی بەش دا هەیە.

مەرجەکانی ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

- دەبێت کاتی دیاری کراوی تایبەت بە تاقیکردنەوەکان کاتێکی تەواو و گونجاو بێت بۆ قوتابیان.
- پرسیارەکانی ئەم تاقیکردنەوانە دەبێت ئەو ئامانجانەی کە فێرت کردوونە بەبێ کەم و زیاد بەرجەستە بکات.
- پرسیارەکانی ئەم تاقیکردنەوانە دەبێت ئامانجەکان بەشێوەیەکی هاوسەنگ لەگەڵ ڕەچاوکردنی گرنگی ئامانجەکان بەرجەستە بکات.
- دەبێت تاقکردنەوەت (پرسیارەکانی شێوەی أ) و (پرسیارەکانی شێوەی ب) لەخۆ بگرن لەگەڵ گرنگی دان زیاتر بە (شێوەی أ) بگەڕێوە بۆ ڕێبەری هەڵسەنگاندن.
- دەبێت پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بەش بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا چاپ کرابێت.

ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی بەش

- وانەیەکی تەواو تەرخان بکە بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی بەش.
- بۆ قوتابیان باسبکە پێویستە لەسەریان لە پرسیارەکانی هەڵبژاردنی فرە وەڵام وەڵامی دروست دەوربدەن، وە لە پرسیارەکانی (چی دەزانی)پێویستە شیکارەکانیان بەدەست خەتێکی خۆش و جوان و خاوێن بنووسن.
- لەکاتی بوونی کاتی بەتاڵ چ لە قوتابخانە چ لە ماڵەوە تاقیکردنەوەکان بپشکنە و تێبینیەکانت لەسەر تۆماربکەو بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندیان بە خاڵە لاوازەکانی قوتابیان هەیە.

بەشی
٥
لێدەرکردن

پلانی بەش

پێشکەشکردن و ئامادەبوون بۆ بەش کات/ ١ وانە

وانە	ئامانج	زاراوەکان	کەرەستەکان	کاتی خەملێنراو
٥-١ چەند چیرۆکێك لەسەر لێدەرکردن ل ٦٧ – ٦٨	لێدەرکردن دەنوێنێ.	ماوەتەوە		١ وانە
٥-٢ من لێدەردەکەم ل ٦٩ – ٧٠	ئەوەی ماوەتەوە دەستنیشان دەکات	هێمای(ـ) کەم ، جیاوازی	دەفری پلاستیکی	٢ وانە
٥-٣ ڕستەیەکی لیدەرکردن دەنووسم ل ٧١ – ٧٢	جیاوازی دەدۆزێتەوە، ڕستەی لێدەرکردن دەنووسێت.	ڕستەی لێدەرکردن		٢ وانە
٥-٤ هەموو لێدەردەکەم یان هیچی لێدەرناکەم ل ٧٣ – ٧٤	ئەوەی ماوەتەوە دەناسێت لە کاتی لێدەرکردن هەمووی یان هیچ.	هەموو، هیچ، جیاوازی		١ وانە
٥-٥ لە میانەی ١٠ لێدەرکردن دەکەم ل ٧٥ – ٧٦	کردارەکانی لێدەرکردن لەمیانەی ١٠ دەنوێنێ و ڕستەی لێدەرکردن تەواودەکات.		شەش پالووی پێکەوە بەستراو	٢ وانە
٥-٦ پرسیارێك شیکار دەکەم: نموونەیەك پێکدەهێنم ل ٧٧ – ٧٨	پرسیاری لێدەرکردن شیکار دەکات بەبەکارهێنانی (نمونەیەك پێك دەهێنم).		شەش پالووی پێکەوە بەستراو	١ وانە

- ■ پێداچوونەوەی لاپەرە ٧٩ — ١ وانە
- ■ تاقیکردنەوەی بەش ٨٠ — ١ وانە

تێبینی:
- دابەشکردنی بەشەوانەکان بەسەر وانەکانی ئەم بەشەی سەرەوە دابەشکردنێکی خەملێندراوە دەتوانی دەستکاری بکەی و ڕێکی بخەی و بیگونجێنی لەگەڵ بارودۆخ و ژینگەی قوتابی، کاتی تەرخان کراوی تایبەت بە وانەکان جێگیر نییە، دەتوانیت گۆڕانکاری لێبکەی بەپێی پێویست ڕێکی بکەی و بیگونجێنی.
- لەسەر مامۆستا پێویستە کەرەستە داواکراوەکان ئەوانەی ناویان هاتووە لە پلانی بەش یان هاوشێوەکانیان ئامادە بکات پێش دەستپێکردنی وانەکە.

بیرکاری بەپێی پۆلەکان

پۆلی یەکەم

- وێنەکان دەنوێنێ و بەکاریان دێنی بۆ زانینی چەمکی لێدەرکردن.
- هەموو لێدەر دەکات یان هیچ.

پۆلی دووەم

- ڕاستییەکانی لێدەرکردن جێبەجێ دەکات.
- بڕەی ژمارەیی دەناسێ.
- پەیوەندی لە نێوان کۆکردنەوەو لێدەرکردن بەکاردەهێنی بۆ شیکارکردنی پرسیارەکان.

تێڕوانینێك بۆ دواوە زانیارییەکان و کارامەییە داواکراوەکان.

ئامادەبوون بۆ خوێندنی ئەم بەشە پێویستە قوتابی ئەم کارامەییانە و زانیارییانەی خوارەوەی هەبێت.

چەمکی لێدەرکردن:

- شتە هەست پێکراوەکان بەکاردێنێت بۆ نواندن و دورخستنەوەی شتێك یان دوو مەبەست لە کۆمەڵەیەك دەرباز نەبێت لە ٦.
- بەشێك لە کۆمەڵەیەك دووردەخاتەوەو ئەوەی ماوەتەوە دەری دەبڕێت.

ووشەکان:

- ماوە، هێمای کەم (−)، جیاوازی، ڕستەی لێدەرکردن، هەموو، هیچ.

تێڕوانینێك بۆ بەشەکە کارامەییە بنچینەییەکان.

قوتابی لەماوەی خوێندنی ئەم بەشەدا ئەم کارامەییانەی خوارەوە بەدەست دێنێ:

- جیاوازی دەدۆزێتەوە بەهۆی نووسین و ڕستەی لێدەرکردن .
- لەکاتی لێدەرکردنی ٢ یان هەموو یان هیچ ماوە دەناسێت.
- گەشە بەکارامەییەکانی قوتابی دەدات، بۆ شیکارکردنی پرسیارەکان بەبەکارهێنانی ڕێگای «نمونەیەك پێك دەهێنم».

تێڕوانینێك بۆ پێشەوە بوارەکانی جێبەجێکردن.

قوتابی لەم بەشەدا ئەوەی فێری بووە جێبەجێ دەکات لەسەر ئەم چەمکە نوێیانەی خوارەوە:

- بەکارهێنانی ڕاستییەکانی لێدەرکردن و ڕێگاکانی (بەشی ٦، بەشی ١٢).
- بەستنەوە لەنێوان کۆکردنەوە و لێدەرکردن (بەشی ٦، بەشی ١٢).
- لێدەرکردنی دوو ژمارەی دوو ڕەنوسی (بەشی ١٣).



بەشی ٥ لێدەرکردن

پێشکەش کردنی بەش

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟

ئامانج ئەم بڕگەیە بیرۆکەیەکی نوێت پێدەدات سوودەکەی ئامادەکردنی قوتابیانە بۆ شیکارکردنی ئەو پرسیارە پراکتیکیانەی کە لەدەورو بەری قوتابیان وەرگیراوە کە پێویست بە جێبەجێکردنی کرداری لێدەرکردن دەکات لە میانەی بەکارهێنانی شێوەکان و وێنەکان بۆ نواندنی پرسیارەکان پاشان نووسینی ڕستەی لێدەرکردن بۆ شیکار کردنیان، ئەم بەشە لە دواییدا یارمەتیان دەدات لەسەر زانینی واتای هێمای «−» و زاراوەی «جیاوازی» دەتوانی ئەم بیرۆکەیە بەکار بێنیت بۆ ئەوەی سەرنجی قوتابیانی پێ ڕابکێشیت دەربارەی ناوەڕۆکی بەشەکە.

- لەوانەیە قوتابیان بپرسن، بۆچی ئەم بابەتە فێردەبین. ئاگاداری قوتابیان بکەوە کەوا کرداری لێدەرکردن کارامەییەکە زۆرجار بەکاری دێنن هەروەك چۆن لە کرداری کۆکردنەوەدا بەکاریان دەهێنا، زانین و تێگەیشتنی زیاتر دەربارەی لێدەرکردن وا دەکات کەوا وەڵامی پرسیارەکان دیاربکەن و شیکاری پرسیارەکانی ژیانی ڕۆژانەیان ببیننەوە.

لاپەڕەی دەستپێکردن

ئامانج

- لەم بڕگەیەدا پرسیارێك دەربارەی وێنەکە لە لاپەڕەی دەستپێکردنی بەش دا هەیە لە کتێبی قوتابی.
- ئەم پرسیارە سەرەتاو ئارەزوو ئامادە باشی و گەرم و گوڕی بۆ قوتابیان بەدەست دێنێ.
- ئاڕاستەی قوتابیان بکە باگفتوگۆ بکەن دەربارەی وێنەکە و وەڵامەکان بدۆزنەوە وێنەکە وێنەی چەند جۆر لە ئاژەڵ و شتەکان لە خۆدەگرێت. سەرنج بدە کەوا هەر کۆمەڵەیەك لە ئاژەڵەکان یا شتەکان وا دەردەخات کەوا ژمارەیەك لە دانەکانیان کۆمەڵەکە جێ دەهێڵن. بۆ نموونە: چەند جووجەڵەیەك کۆمەڵەکەی خۆیان بەجێ هێشتوو ماونەتەوە (٥) جووجەڵە یارمەتی قوتابیان بدە با کۆمەڵە جیاوازەکان لە لاپەڕەکەدا بناسن، داوایان لێبکە با ئاژەڵەکان لە هەر کۆمەڵەیەکدا بژمێرن و ئەو ژمارەیە لەسەر تەختە بنووسن و لە دواییدا داوایان لێبکە با ئەو ئاژەڵانەی کە کۆمەڵەکەیان جێهێشتووە وە ئەوانەی ماونەتەوە بژمێرن، لێکۆڵینەکە کورت کەرەوە لەڕستەی لێدەرکردنی (٦−١=٥).

ئاگاداربە... قوتابیان لەم بەشەدا فێری لێدەرکردن دەبن، زۆرگرنگە ئەو کۆکردنەوەیەی کە لەبەشی ڕابووردوو فێربووبوون بەبیریان بهێنیەوە، بە تایبەتی نووسینی ڕستەی کۆکردنەوە یارمەتیان دەدات. لەسەر تێگەیشتنی لێدەرکردن، پاشان بەستنەوەی هەردوو چەمکەکە پێکەوە. کوژاندنەوە لە بڕگەی (زانیارەکانت ساغبکەوە) بەسەرەتایەکی گرنگ و ئاسان دادەنرێت بۆ لێدەرکردن.

زانیارییەکانت ساغبکەوە

کوژاندنەوە

وێنەیەك دەکوژێنمەوە، دەژمێرم، چەند ماوەتەوە دەنووسم

١  ٤

٢  ٣

٣  ٣

٤  ٢



نامەیەك بۆ كەسوكار

كەسوكاری بەڕێز:

ئەمڕۆ دەست دەكەین بە بەشی ٥ هەندێ وێنەو شت بەكاردەهێنین بۆ لێدەركردن و ڕستەكانی لێدەركردن دەنووسین. ئەم لاپەڕەیە هەندێ زاراوەی بیركاری نوێ و چالاكی لە خۆدەگرێت. بەیەكەوە لەماڵەوە پێی هەڵدەستین.

لەگەڵ ڕێزم،

زاراوە نوێیەكانم

ڕستەی لێدەركردن
یەكسانە
كەم
جیاوازی

زاراوەكان

ئەم وێنە و هێماو وشانە بەكاربهێنە كاتێك لەگەڵ منداڵەكەتدا ئاخاوتن لەسەر كردارەكانی لێدەركردن دەكەیت.

٣ – ٢ = ١ ڕستەی **لێدەركردن**

چالاكی

داوا لە منداڵەكەت بكە كە لەگەڵت دێت بۆ بازاڕ چەند كردارێكی لێدەركردن بكات، بۆ نموونە دەتوانیت پێی بڵێیت: ٦ سێو لە كیسێكدا دابنێ پاشان دوو سێو لە كیسەكە دەربهێنێت. چەند سێو دەمێنێتەوە؟

٦٦

پەیوەندی لەگەڵ كەسوكار

نامە (بە ئارەزوو)

ئەو نامەیەی ئاراستەی كەس و كار دەكرێت بۆ قوتابیان بخوێنەوە تا گوێ بیستی بن، وە چەمكەكەیان بۆ باس بكە لە دواییدا داوایان لێبكە با واژۆی بكەن وەك دەربڕین لە ڕازیبوونیان لەسەر ئەوەی فێری دەبن لەم بەشە، دەشێت قوتابی واژۆكەی بگۆڕێت بەپێی گەورە بوونی و پێشكەوتنی كەسایەتی.

ئاگاداربە... ئەو زاراوانەی كە لەبەشی سەرەوەی لاپەڕەی قوتابی هاتووە زاراوەی سادەن و ئاشنایە لە لایەن قوتابی زۆر جار گوێ‌ی لە ووشەكانی وەك (ماوە و كەم و جیاوازی) دەبێت ئەوەی گرنگە ئێستا پێناسەكردنی ئەم ووشانەیە بەشێوەیەكی بیركاریانە بەهۆی ڕستەی لێدەركردن.

ئەو زاراوە نوێیانە بەپێی پێوست لەسەر تەختە تایبەتەی بۆ ئەم مەبەستە دانراوە لە ژووری پۆل یەك لە دوای یەك زیاد بكە.



باسكردنی زاراوەكان

ماوە: واتە ئەنجامی لێدەركردن.

كەم(–): هێمای نیشاندانی كرداری لێدەركردن.

جیاوازی: ئەو وەڵامەی دەستمان دەكەوێت لە ئەنجامی كرداری لێدەركرن.

ڕستەی لێدەركردن: دەستە واژەیەكی ژمارەییە بۆ كورت كردنەوەی كرداری لیدەركردن (نموونە ٦–٤ = ٢)

وانەی ١

چەند چیرۆکێك لەسەر لێدەرکردن

پلانی وانەکە

ئامانج لێدەرکردن دەنوێنێ.

زاراوەکان ماوە

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- ڕێنوێنی و سەلماندن
- گەیاندن
- نواندن

ڕۆژانە

لە بەشی سەرەوەی ناوەڕاستی تەختەکە ناوی ئەمرۆ بنووسە بە دەست نوسێکی جوان. بپرسە دوێنێ چ ڕۆژێك بووە؟ لەلای ڕاستی ناوی ئەمرۆ بینووسە. بپرسە سبەینێ چ ڕۆژێکە؟

لەلای چەپی ناوی ئەمرۆ بینووسە گفتوگۆ لەگەڵ قوتابیان بکە وهەڵەکانیان ڕاستبکەوە.

چالاکی

تاك

جەستەیی - هەستی - جوڵەیی

چەند ماوە؟

ئامانج: پرسیاری لێدەرکردن بەکردار جێبەجێدەکات و دەینوێنێ.

کەرەستەکان بۆ هەر قوتابیەك ٦ پەپکە لە دوو ڕەنگ.

- داوا لە چەند قوتابی بکە ڕاوەستن لە پێش پۆلدا بەکردار هەندەك لە چیرۆکی لێدەرکردنی جیاواز جێبەجێبکەن. بۆ نموونە: **لەوێ ٤ شێر هەبوو ٢ شێر ڕۆیشتن. چەند ماوە؟** داوا لە ٤ قوتابی بکە کە ڕۆڵی شێرەکان بنوێنن. دوان دووردەکەون، یەکێك لە قوتابیان دژمێرێت ئەوە ماوە: ١، ٢. ئەمە دووبارە بکەوە بۆ دوو یا سێ چیرۆکی تر تا قوتابیان دڵنیادەبن کە واتای ماوە فێربوون.
- وێنەی ٦ بازنە لەسەر تەختە بکێشە داوا لە قوتابیان بکە بازنەکان بە ٦ پەپکە بنوێنن کە لەسەر مێزەکە دانراوە با وابزانن کە هەر پەپکەیەك پشیلەیەك دەنوێنی. پێیان بڵێ ٦ پشیلە لەباخچەدابوو ٣ پشیلە ڕایان کرد. نیشانە × لەسەر ٣ بازنەی سەر تەختە دابنێ، داوا لە قوتابیان بکە ٣ لە پشیلەکان دووربخەنەوە لە پشیلەکانی تر.



- ئاگاداری قوتابیان بکە کە دەتوانن بەهۆی ژماردن ئەوەی ماوە بدۆزنەوە. لەگەڵ قوتابیەکان بژمێرە بۆ ئەوەی دیار بکەیت ئەوەی ماوە بریتییە لە ٣.

پێشینەی بیرکاری

بیرۆکەی لێدەرکردن کردارێکی پێچەوانەیە بۆ کرداری کۆکردنەوە. قوتابی هەست بەم بیرۆکەیە ناکات تابە کردار ئەنجامی نەدات. لەبەر ئەوە ڕاهێنان لەم وانەیەدا پرسیارەکانی سەربەخۆ پێکدێنێ و لە ژیانی رۆژانەو جولاندن هەڵئەقوولی.

ژمارەی یەکەم هەموو دەنوێنی و بەشێك لە هەموو لێی جیادەبێتەوە و دووردەکەوێتەوە. وەڵام بریتیە لەوەی ماوە. چەندەها دۆخ هەیە داوای کرداری لێدەرکردن دەکات: (١) جیابوونەوە (٢) بەراوردکردن (٣) دۆزینەوەی ژمارەکەمەکە. لەم بەشەدا قوتابی ڕووبەڕووی ئەو شێوە لێدەرکردنە دەبێتەوە کە پێویست بە جیا بوونەوە دەکات، کە پێویستە بە جیا بوونەوەی ژمارەیەك لە دانەکان و دۆزینەوەی ژمارەی ئەو دانانەی کە ماونەتەوە دەکات.

ڕێکخستنی وانەی ١

پرسیاری ئەمڕۆ

کاتێ قوتابیان ریزدەبن بەشێوەی یەك ریزی، قوتابیەك هەلبژێرە و ژمارەیەك بلێ لەنێوان ٢، ٦. داوا لەقوتابیان بکە لەدوای ئەو بژمێرن بەرەو خوارەوە، بۆ ئەوەی هەر قوتابیەك ژمارەیەك بلێت. لەو ژمارەیە دەست پێبکات کە دیارت کردوە. ئەم کردارە دووبارە بکەوە بە ژمارەیەکی نوێ لەگەڵ کۆمەڵێکی تری قوتابیان.

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٤ + ١ = ٥

٢ ٣ + ١ = ٤

٣ ٢ + ١ = ٣

٤ ١ + ١ = ٢

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟ نواندنی چیرۆکی لێدەرکردن یارمەتی قوتابی دەدات بۆ دۆزینەوەی ماوە.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ناراستەکراو

- دەست بەوانەکە بکە بەم چالاکیەی دێت.
- ٦ پێنووس لەسەر مێزەکەت دابنێ.
- بپرسە: **چەند پێنووس لەسەر مێزەکەت هەیە؟** ٦
- ئێستا داوا لە یەکێك لە قوتابیەکان بکە با ٤ پێنووس ببات.
- بپرسە: **قوتابیەکە چەند پێنووسی برد؟** ٤
- بپرسە: **چەند پێنووسی ماوەتەوە؟** ٢ پێنووس
- بپرسە: **چۆنت زانی؟** هەستام بە ژماردنی ئەو پێنووسانەی کە ماونەتەوە.

لێرەدا دووپات بکەوە کەوا کرداری جیاکردنەوەی شتەکان لە کۆمەلەکە کرداری لێدەرکردن دەنوێنێ، لەگەڵ قوتابیان ڕاهێنانی (١) جێبەجێ بکەوە داوایان لێبکە چیرۆکەکە بەهۆی پەپکەکان بنوێنن: با هەرقوتابیەك ٤ پەپك لەسەرمێزەکەی دابنێ و فڕۆکەکان بنوێنێ، با هەریەکەیان دوو پەپك دووربخاتەوە بۆ دەربڕین لە فڕینی دوو فڕۆکە.

بپرسە: **چەند فڕۆکە فڕین؟** دوو



وانەی ١ چەند چیرۆکێك لەسەر لێدەرکردن

بەکار دەهێنم بۆ دەربڕینی چیرۆکەکە

وێنەی دەکێشم، پاشان ئەوەی لێیکەم کراوەتەوە دەکوژێنمەوە، ژمارەکان دەنووسم.

چاودێری کاری قوتابیان بکە

١

فڕۆکە ٤ فڕی ٢ ماوە ٢

٢

سەتڵ ٣ ونبوو ١ ماوە ٢

٣

چۆلەکە ٥ فڕی ٣ ماوە ٢

باسبکە ■ ڕێنوێنی

کاتێك هەندێ شت لە کۆمەڵەیەك ڕادەکێشیت ئایا ژمارەکەی زیاد دەکات، یان کەم دەکات؟ بۆچی؟

بەکاربهێنە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوە.

٦٧

ڕێنمایی... قوتابیان هوشیاربکەوە لە گرنگی بەکارهێنانی نواندن لە بیرکاری، کەئەوە یارمەتیان دەدات لەسەر تێگەیەشتنی چەمکەکان و لە بیرنەکردنیان، جیاوازی بکە لە نێوان نواندن لە لێدەرکردن و نواندن لە کۆکردنەوە، لە هەردوو بارەکەدا نواندن بەوێنە کێشان یان بە پەپکەکان یان هەر شتێکی تر دەبێت. لە میانەی خستنەپاڵ یەکی دوو کۆمەڵە بۆ نواندنی کۆکردنەوە، قوتابی هەڵدەستێت بە ژماردنی دانەکانی کۆمەڵەی یەکەم و ژمارەی دانەکانی کۆمەڵەی دووەم، لە دواییدا ژمارەی دانەکانی هەردوو کۆمەڵەکە دەژمێرێت لەکاتی نواندنی لێدەرکردن بەبەکارهێنانی ڕێگای (جیابوونەوە) قوتابی ژمارەی دانەکانی هەموو کۆمەڵەکە دەژمێرێت، ئینجا ژمارەی دانەکانی کۆمەڵە جیابووەکە دەژمێرێت. وە لە دواییدا ژمارەی دانەکانی کۆمەڵە ماوەکە دەژمێرێت.

بپرسە: **چەند فڕۆگە ماونەتەوە؟** قوتابیان ئەو دوو فڕۆکەیەی کە ماونەتەوە دەژمێرن ١، ٢. لەسەر قوتابیانە پەپکەکان وێنە بکێشن و ژمارەکان بنووسن لەهەر ڕاهێنانێکدا دوای بەکارهێنانی پەپکەکان.



ڕاهێنان دەکەم

● بەکاردەهێنم بۆ نواندنی چیرۆکەکە. ● دەکێشم.
پاشان ئەوەی لێیکەم کراوەتەوە دەکوژێنمەوە، ژمارەکان دەنووسم.

چاودێری کاری قوتابیان بکە

١

کەروێشك ٤ ڕۆیشت ٣ ماوە ١

٢

فرژا ٢ ڕۆیشت ١ ماوە ١

٣

مندا ٥ ڕۆیشت ٢ ماوە ٣

چالاکی ماڵەوە • داوا لە منداڵەکەت بکە چیرۆکێکی لێدەرکردن لەسەر هەر وێنەیەك بڵێت.

٦٨

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ **ڕێنوێنی**

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە لەبڕگەی باسبکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە.

وەڵام: کەم دەکرێتەوە، چونکە ڕاکێشانی شتەکان واتا وەرگرتنی شتەکان و نەمانەوەیان.

داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لەلاپەرە ٦٨دا هاتووە

ئاگاداربە... هەندێ لە قوتابیان ئەوانەی دەیانکوژێننەوە دەژمێرن و بەماوەی نەژمێردەکەن، ئاگاداری ئەوانە بکەوە کەوا ئەوانەی دەمێننەوە بریتین لە پەپکە نەکوژاندراوەکان.

ڕاهێنانەکانی ئەم لاپەڕەیە بوار بۆ قوتابیان دەڕەخسێنێت بۆ تەواوکردنی چیرۆکەکانی لێدەرکردن بەشێوەیەکی سەربەخۆ.

فێرکردنی نموونەیی

أ) **ئاستی ئاسایی** لەگەڵ قوتابیان ئەم ئاستە بژمێرە: یەکەم جار ژمارەی یەکەم، لە دواییدا ژمارە دەرکراوەکە، وە لە کۆتایی دا ئەو ژمارەیەی کە دەمێنێتەوە.

ب) **ئاستی پێشکەوتوو** قوتابیان لەم ئاستەدا دەتوانن چەند چیرۆکێکی لێدەرکردن پێك بهێنن.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ماڵەوە

گفتوگۆ و نووسین ڕوونی دەکەمەوە بۆچی چەند وێنەیەك دەکوژێنیتەوە؟ بۆ ئەوەی بتوانم ئەوانەی ماونەتەوە بژمێرم.

تاقیکردنەوەی وانە

ئەمە ● بەکاردێنم بۆ ئەوەی چیرۆکەکە بنوێنم ئەمە ● وێنە دەکێشم پاشان ئەوەی لێ کەم کرایەتەوە دەکوژێنمەوە، ژمارەکە دەنووسم.

١ ☐ ☐ ☐

چۆلەکەکان فڕی ماوە

چاودێری کاری قوتابیان بکە

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ڕاهێنانەکانی ١، ٢، ٣، بکەن لە ماڵەوە کە لەوانەی ٥ـ١ دا هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان.

ئاگاداربە... ئەگەر بینیت هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە شیکاری ڕاهێنانەکان، چیرۆکێکیان بۆ بنوێنە بە بەکارهێنانی پەپکەکان یان دەنکە فاسولیا، وە دوویات بکەوە کەوا کرداری جیاکردنەوە، چەمکی لێدەرکردن دەنوێنێ لەم وانەیە، کە لە کرداری کوژاندنەوەی شتەکان خۆی دەنوێنێ یان بەم ووشانە: «ڕۆیشت، فڕی...»

ڕاهێنان ٥ـ١

چەند چیرۆکێك لەسەر لێدەرکردن

وانەی ٥ـ١

چاودێری کاری قوتابیان بکە وەڵامەکان جۆراوجۆردەبن

١

مەلەوان ڕۆیشت ماوە

٢

یاریزانی تۆپی پێ ڕۆیشت ماوە

٣

خلیسکێنەر ڕۆیشت ماوە

ڕاهێنان ل ٢٥

Star Group

وانەی ٢ من لێدەردەکەم

پلانی وانە

ئامانج ئەوەی ماوە دیاری دەکات.

زاراوەکان کەم، جیاوازی

کارامەیە داواکراوەکان چەند چیرۆکێك لەسەر لێدەرکردن دەنوێنێ.

پێوەرەکان

- ژماردن و کردارەکان
- ڕێنوێنی و سەلماندن
- گەیاندن

ڕۆژانە

کاتێ داوا لە قوتابیان دەکەیت کتێبەکانیان بەکاربهێنن لەهەر وانەیەکدا. داوایان لێبکە کتێبەکانی ناو جانتاکانیان بژمێرن. پرسیار لەهەر قوتابیەك بکە. چەند کتێب لەناو جانتاکەتدایە؟ چەند کتێبت لێدەرهێنا؟ چەند ماوەتەوە؟ بە بیریان بێنەوە جیاوازی بریتیە لە ژمارەی کتێبەکان کە ماوەتەوە. گفتوگۆ لەگەڵ قوتابیان بکە هەڵەکانیان ڕاستبکەوە.

پێشینەی بیرکاری

لەم وانەیەدا نواندنی لێدەرکردن تەواو دەکەین بەبەکارهێنانی وێنە. لە کتێبی قوتابی سڕینەوە بەکاردەهێنرێ بۆ نواندنی بەشە لادراوەکە لە گشت.

نموونەیەکی دیتنی تر دەتوانرێت بەکابهێنرێت.



چالاکی

نواندنی چەند چیرۆکێکی لێدەرکردن

تاك

جەستەیی - هەستی - جوڵەیی

ئامانج: چیرۆکی لێدەرکردن دەنوێنێ.

کەرەستەکان بۆ هەر قوتابیەك ٥ پەپکە لە دوو ڕەنگ.

- پێداچوونەوە لەگەڵ قوتابیان بکە چۆن پرسیاری لێدەرکردن دەزانێت. نموونە: شیلان ٥ کارتی هەبوو ٣ کارتی ونبوون. چەند مانەوە لەلای؟ سەرنجی قوتابیان ڕابکێشە کە ئەم پرسیارە پرسیارێکی لێدەرکردنە.
- داوا لە قوتابیان بکە ٥ پەپکە لەسەر مێزی خۆی دابنێت پاشان ٢ پەپکەی لێیان دووربخەوە. لەسەر تەختەکە بنووسە ٥−٢. پاشان داوایان لێ بکە ئەو پەپکانەی ماوە بژمێرن. بۆیان ڕوونی بکەوە ئەوەی ماوە ئەنجامی لێدەرکردنی ٥−٢ و یەکسانە بە ٣.

٥ − ٢ = ٣

قوتابی لەم وانەیە نواندنی چیرۆکەکانی لێدەرکردن بەکاردێنت بە بەکارهێنانی ڕێگەی کوژاندنەوە یان جیاکردنەوە، وە چۆنیەتی گۆڕینی چیرۆکەکانی لێدەرکردن بۆ ڕستەکانی لێدەرکردن دەناسێت بە بەکارهێنانی هێمای (−) وە دەزانێت کە هێمای (−) کرداری لێدەرکردن دەنوێنێ.

بەهێزکردنی توانای قوتابی لەسەر شیکاری پرسیارەکان پێویست بەکرداری لێدەرکردن دەکات و گەشە بەکارامەیی شیکاری پرسیارەکان لەلای دەدات کە لەلایەن قوتابیان لەم پۆلەدا جێگیر و شاراوەیە. چونکە قوتابی لەم قۆناغەدا زۆر خۆی هەڵدەقولێنی بۆ دۆزینەوەی ئەو شتانەی کە لەدەوروبەریدا هەیە، بەم شێوەیە هەرکاتێك قوتابی فێری چەمکێکی بیرکاری نوێ دەبێت، لەسەریەتی فێری چۆنیەتی بەکارهێنانی بێت لە ژیانی ڕۆژانەی دا بەبەکارهێنانی ستراتیژیەتی شیکاری پرسیارەکان کە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەوپێش دەچێت.

ڕێکخستنی وانەی ٢

ئامانج ئەوەی دەمێنێتەوە دیار دەکات

پرسیاری ئەمڕۆ

٥ دانە لە شوکۆلاتە هەیە، عەبدولا دووانی خوارد چەند دانە ماوەتەوە؟ وێنەیەك بکێشە بۆ نواندنی پرسیارەکە، ئینجا ڕستەی لێدەرکردن بنووسە.

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ ١ + ٣ = ٤　٢ ٤ + ٢ = ٦

٣ ٥ + ٤ = ٩　٤ ٣ + ٢ = ٥

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟ بەکارهێنانی وێنەکان لە کرداری لێدەرکردن یارمەتی قوتابیان دەدات لەسەر فێربوونی ئەم بابەتە.

وانەکە بەم چالاکیەی دێت دەست پێبکە

- دەفرێکی پلاستێکی و ٩ شەش پاڵوو یان سەرە شووشەکان وە کارتی ژمارەکان و هێماکان ئامادەبکە.
- داوا لە یەکێك لە قوتابیەکان بکە با ٩شەش پالووەکان (یان سەرە شووشەکان) فڕێ دەنە ناو دەفرەکە بەشێوەیەك هەندێکیان بکەونە ناو دەفرەکە و هەندەکەی تربکەوەنە سەر زەوی.
- دووبارەکەوە ئەو شەش پاڵووانەی (یان سەرە شووشانەی) کە کەوتوونەتە سەر زەوی ئەوانەن کە جیابووینەوە یان کوژاندراینەوە لە کۆمەڵەی ٩ شەش پاڵووەکان (یان سەرە شووشەکان).
- ئێستا ڕستەیەکی لێدەرکردن بخەرە ڕوو بەبەکارهێنانی کارتی ژمارەکان و هێماکان، داوا لە یەکێك لە قوتابیەکان بکە با کارتی ژمارە ٩ کەگشت دەنوێنیٚ، وە یەکێکی تر کارتی هێمای «-» بەرزکەنەوە، لێرەدا دووپات بکەوە کەوا ئەم هێمایە هێمای کرداری کوژاندنەوە یان جیاکردنەوە یان لێدەرکردن دەنوێنیٚ وە بایەکێکی تر کارتی (=) بەرزکاتەوە ئەمە ئەوەی دەمێنێتەوە دوای کوژاندنەوە یان لێدەرکردن دەنوێنیٚ، وە یەکێکی تر با کارتی ژمارە ٤ بەرزکاتەوە بۆ نموونە (ژمارەی شەش پالووەکانی کەوتنە سەر زەوی) دەنوێنیٚ. لەو پێنج قوتابیەی کە کارتەکانیان بەرز کردوٚتەوە بگەڕیٚ با بەئاسۆیی ڕیزبن لە پێش برادەرەکانیان.

وانەی ٢

من لێدەردەکەم



٥ کەم ٣ یەکسانە ٢

جیاوازی ٢

٥ − ٣ = ٢



هەندیٚ وێنە دەکوژێنمەوە بۆ لێدەرکردن. جیاوازییەکە دەنووسم.

١



٤ − ٢ = ٢

٢



٦ − ٣ = ٣

٣



٥ − ٢ = ٣

٤



٣ − ١ = ٢

باسبکە ■ ڕێنوێنی

نیشانەی کەم چی دەگەیەنێت؟ نیشانەی یەکسانە چی دەگەیەنێت؟ ڕوونیبکەوە.

---

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- داوا لە قوتابیان بکە با سەیری نموونەیەك لە لاپەرە ٦٩ بکەن.
- **چۆن ژمارەی تۆپەکانی پێویستە بکوژێندرێتەوە دەزانی؟** ژمارەی ٢ لە ڕستەی لێدەرکردنی (٢) کوژاندنەوەی دوو تۆپ دەگەیەنیٚ.
- **چۆن دەزانی کەوا ٣ لە لایەکت داناوە؟** کوژاندرایەوە.
- بۆ قوتابیان ڕوبنکەوە کەوا جیاوازی بریتیە لەو ژمارەی کە وەڵام دەدرێتەوە کاتێك دەپرسین: چەند ماوەتەوە؟ بپرسە جیاوازی نێوان ٥ و ٣ چەندە؟ ٢
- بپرسە: **چۆن رستەی لێدەرکردن دەخوێنیەوە؟** ٩ شەش پاڵوو ٤ لێکەوتە خوارەوە ماوە ٥ یان ٩ کەم ٤ یەکسانەبە ٥.
- بپرسە **ئەو هێمایەکی تری بەکارهێناوە کامەیە؟** هێمای (=) (یەکسان)
- بپرسە **ئەم هێمایە چی دەگەیەنیٚ؟** ئەمە ئەوە دەگەیەنیٚ کەوا ژمارەکان لە هەردوو لادا یەکسانن.

ئاگاداربە... گرنگی دەربڕینی زارەکی لە ڕستەی لێدەرکردن بەبیر قوتابیان بهێنەوە واتە بۆ نموونە با تێبگەن کەوا ٥−٣=٢، بەواتای ٥ کەم ٣ یەکسانە ٢ دێت یان جیاوازی نێوان ٥ و ٣ بریتیە لە ٢. ئەگەر هەندێك کاتت لەبەردەست بوو داوا لە قوتابیان بکە با ڕستەیەکی لێدەرکردن بنووسن و بە وێنە بینوێنن.

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە لە بڕگەی باسبکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە

وەڵام: لێدەربکە، چەند ماوەتەوە.

داوا لەقوتابیان بکە ئەو ڕاهێنانەی کە لە لاپەڕە ٧٠ دا هاتووە شیکاربکەن

ڕاهێنانەکانی لاپەڕە ٧٠ بوار دەخاتە پێش قوتابی بۆ دیاری کردنی ماوە لە کرداری لێدەرکردن.

ئاگاداربە... هەڵەی باو لە جیاتی نووسینی ماوە لە هەموو ڕستەکانی لێدەرکردن کە ژمارەی شتە ماوەکان دەگەیەنێ، هەندێ لە قوتابیان پەنا دەبەنە بەر نووسینی ئەو ژمارەیەی کە ژمارەی گشت دەگەیەنێ.

فێرکردنی نموونەیی

ئاستی ئاسایی داوا لە قوتابیانی ئەم ئاستە بکە شەش پاڵووە پێکەوە بەستراوەکان بەکاربێنن بۆ نواندنی ڕستەی لێدەرکردن بە دووبارە ووتنەوەی ژمارەکان بە دەنگێکی بەرز

ئاستی پێشکەوتوو داوا لە قوتابیانی ئەم ئاستەبکە با شیکاربکەن.

پێداچوونەوە داوا لە قوتابیان بکە با ڕستەکانی لێدەرکردن تەواوبکەن بەپڕکردنەوەی بۆشاییەکان بەوەی بۆی دەگونجێ.

ئاگاداربە... هەندێ لە قوتابیان لە بڕگەی «پێداچوونەوە» هەڵدەستن بە کرداری کوژاندنەوە و نووسینی ڕستەی لێدەرکردن لە جیاتی کۆکردنەوە ئەمە بە هۆی کاریگەری وانەکە لەسەریان، ئەمانە هوشیار بکەوە لە جیاوازی کردن لە نێوان هەردوو کردارەکەو دڵنیا بوون لە تێگەیشتنی هەریەکەیان.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی پۆڵ

گفتوگۆ و نووسین چەند وێنە پێویستە بکوژێنینەوە بۆ شیکاری ڕستەی لێدەرکردنی ٥–٢ = ٣؟ ٢

ئەرکی ماڵەوە



٥–٢ = ٣؟ ٢

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ڕاهێنانەکانی ١، ٣، ٦، ٧ بکەن لە ماڵەوە لە کتێبی ڕاهێنان کە لە وانەی ٥–٢ دا هاتووە.



ڕاهێنان دەکەم

هەندێ لە وێنەکان دەکوژێنمەوە بۆ لێدەرکردن. ئەوەی ماوەتەوە دەینووسم.

١ ٤ – ٣ = ١

٢ ٦ – ٢ = ٤

٣ ٣ – ٢ = ١

٤ ٤ – ١ = ٣

٥ ٦ – ٥ = ١

٦ ٦ – ٤ = ٢

پێداچوونەوە

ڕستەیەکی کۆکردنەوە دەنووسم.

٧ ٢ + ٣ = ٥

٨ ٤ + ١ = ٥

چالاکی ماڵەوە • داوا لە منداڵەکەت بکە چەند وێنەیەک بکێشێت بۆ نواندنی پرسیارێکی لێدەرکردن. پاشان داوای لێبکە ئەوەی دەمێنێتەوە دیاری بکات.

٧٠

ئاگاداربە... ئەگەر بینیت کەوا هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە وە لە شیکاری ڕاهێنانەکان، هەندێ وێنە بکێشە پاشان داوایان لێبکە با بیانژمێرن و هەندێکیان لێ بکوژێننەوە.
بپرسە: ژمارەیان چەند بوو یەکەم جار وە چەند وێنەتان کوژاندیتەوە وە یارمەتیان بدە لەسەر گۆڕینی ئەم بارە بۆ ڕستەیەکی لێدەرکردن.



ڕاهێنان ٥–٢

قوتابخانە........ ناوی قوتابی........ پۆل: یەکەم هۆبەی....... بەروار / /

من لێدەردەکەم

وانەی ٥-٢

١ ٥ – ٢ = ٣

٢ ٢ – ١ = ١

٣ ٣ – ١ = ٢

٤ ٥ – ٤ = ١

٥ ٤ – ٢ = ٢

٦ ٣ – ٢ = ١

٧ ٦ – ٢ = ٤

٨ ٤ – ١ = ٣

٩ ٦ – ٤ = ٢

١٠ ٤ – ٣ = ١

ل ٢٦ ڕاهێنان

وانەی ٣

ڕستەیەکی لێدەرکردن دەنووسم

پلانی وانە

ئامانج جیاوازی دەدۆزێتەوە و ڕستەی لێدەرکردن دەنووسی.

زاراوەکان ڕستەی لێدەرکردن.

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- ڕێنوێنی و سەلماندن
- جەبر
- گەیاندن.
- شیکاری پرسیارەکان

ڕۆژانە

ناوی ڕۆژەکان بڵێ لە چوارشەممە تا یەك شەممە.

لەگەڵ قوتابیان بدوێ و هەڵەکانیان ڕاست بکەوە.

پێشینەی بیرکاری

قوتابیان لەم وانەیەدا هێماکان لەلایەك و لەگەڵ نموونەو وێنەکان لەلایەکی تر بەیەکەوە دەبەستێتەوە. بۆ ئەوەی قوتابی ڕستەی لێدەرکردن بنووسی، پێویستە بە بیرکردنەوە بزانێت: هەر ژمارەیەك واتای چی دەگەیەنێ.

٤ − ١ = ٣

٤ واتای هەموو

١ واتە ئەو ژمارەی دورخراوەتەوە، (دەرکراوە)

٣ ئەوەی کەماوە یان ئەنجام

لێدەرکراو − دەرکراو = ئەنجام

لەگەڵ ئەوەی قوتابی لەم وانەیە دەست دەکات بەنووسینی ڕستەکانی لێدەرکردن، لەگەڵ ئەوەشدا بەکارهێنانی شێوەکان و کەرەستە بەرجەستەکان و وێنەکان هەر گرنگن لەم قۆناغە بۆ بەهێزکردنی هەستی قوتابی دەربارەی چەمکی لێدەرکردن.

چالاکی

نواندنی ڕستەکانی لێدەرکردن

تاك

جەستەیی - هەستی - جوڵەیی

ئامانج: ڕستەی لێدەرکردن دەنوێنێ.

کەرەستەکان بۆ هەر قوتابیەکی ٦ پەپکەی دوو ڕەنگی. کارتی ژمارەکان لە ١ تا ٦. کارتی هێما (−) کەم، و (=) یەکسان.

- بو بیرئینانا قوتابیان لە واتای کرداری لێ دەرکردن، داوا لە قوتابیان بکە هەر تێك ژمارەکا پەپکا دانێتە بەردەمێ خو ل نیوان (١ تا ٦) و پاش هەڵگرتنی ژمارەکی پەپکەکان دیارکری ماوە بدوزیتەوە.
- داوا لە هەر قوتابیەك بکە ل سەر مێزاخو ٥ پەپکە دابنێت، پاشان ٣ یان دوور بکەیتەوە.
- قوتابیان کارتی ژمارەکان و کارتی هێما (−) و کارتی هێمای (=) بەکاردێنێت بۆ پێکهێنانی بەشی یەکەم لە ڕستەی لێ دەرکردن. داخازێ لێ یان بکە ئەو ژمارەی پێویست دابنێتە پاش هێمای (=) بلێت پاشان ڕستەی لێ دەرکردن تەواو بکەت.





وانەی ٣ ـــــــ **ڕستەیەکی لێدەرکردن دەنووسم**

٦ − ٢ = ٤

ئەوە ڕستەی لێدەرکردنە

ڕستەی لێدەرکردن دەنووسم.

١ ٣ − ١ = ٢

٢ ٥ − ٣ = ٢

٣ ٦ − ٤ = ٢

٤ ٢ − ١ = ١

٥ ٣ − ٢ = ١

٦ ٤ − ٢ = ٢

باسبکە ■ ڕێنوێنی

چۆن ئەم ژمارانە بەکاردەهێنیت بۆ نووسینی ڕستەیەکی لێدەرکردن؟
ئایا دەتوانی بەم ژمارانە زیاتر لەیەك ڕستەی لێدەرکردن بنووسیت؟ ئەوە ڕوونبکەوە.

٧١

ڕێکخستنی وانەی ٣

ئامانج: جیاوازی دەدۆزێتەوە، ڕستەیەکی لێدەرکردن دەنووسێت.

پرسیاری ئەمڕۆ

لەسەر مێزێك ٥ جۆر یاری هەیە ٢ لەوان سوورە ئەوانیتر سەوزن ژمارەی سەوزەکان چەندە؟ ٣ ڕستەیەکی لێدەرکردن دەنووسم بۆ ئەوەی ئەنجامم بداتی ٥ ـ ٢ = ٣

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٣ − ١ = ٢

٢ ٤ − ٢ = ٢

٣ ٥ − ٣ = ٢

٤ ٢ − ١ = ١

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟ ڕستەی لیدەرکردن یارمەتیت دەدا بۆ دیارکردنی جیاوازی و شیکارکردنی پرسیارەکان لەسەر لێدەرکردن.

وانەکە بەم چالاکیەی دێت دەست پێبکە:

- ٥ تەباشیر لەسەر مێزەك دابنێ.
- داوا لە یەکێك لە قوتابیەکان بکە با دوو تەباشیر ڕابکێشێت و تەباشیرەکانی ماوەتەوە ئەژمێربکا.
- ٣ ڕستەی ژمارەیی لەسەر تەختە بنووسە: با دوو ڕستەی لێدەرکردن و ڕستەیەکی کۆکردنەوەبێت.

٥−٢ = ٣

٥−٣ = ٢

٢+٣=٥

- داوا لە قوتابیان بکە با دەستەکانیان بەرزکەنەوە بۆ دەنگ دان بە وەڵامی دروست. ٥−٢ =٣

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- بپرسە چەند دەفر هەیە؟ ٦
- چەند دەفر کوژاندرایتەوە؟ ٢ چەند دەفر ماتەوە؟ ٤
- داوا لە قوتابیان بکە با ٦−٢=٤ بەوێنە بنوێنن.
- بۆیان ڕونبکەوە کە بەوە دەوترێت ڕستەی لێدەرکردن ئەوە ژمارەی گشتی و ژمارە دوورکراوەکە و ماوە نیشان دەدات.
- سەر لە نوێ بپرسە: ژمارەی یەکەم لە ڕستەی لێدەرکردن چی دەگەیەنێ؟ ژمارەی هەموو دەفرەکان.
- ژمارەی کۆتایی لە ڕستەی لێدەرکردن چی دەگەیەنێ؟ ئەوەی ماوەتەوە لە دەفرەکان.
- ئەگەر هەموو دەفرەکان کوژێندرایەوە، ژمارەی کۆتایی چەند دەبێت؟ سفر

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باسبکە ■ ڕێنوێنی داهاتووە.

وەڵام ٤−٣=١ یان ٤−١=٣ دەتوانم هەردوو ڕستەکە بنووسم.

ڕێنمایی... ئاستەنگە بۆ قوتابیان ژمارەکان بەکاربێنن لە بڕگەی ڕێنوێنی، بەتایبەتی ئەوان لەسەر وێنە کێشراوەکان و وێنەکان ڕاهاتوون هانیان بدە لەسەر وێنە کێشانی ٤ پەپلك پاشان داوایان لێبکە با ژمارەیەکیان لێ بکوژێننەوە (یەك پەپلك یان ٣ پەپلك) بۆ ئەوەی بتوانن هەردوو ڕستەی لێدەرکردنی: ٤−١=٣ و ٤−٣=١ بنووسن بۆیان باسبکە لەهەر ڕستەیەکدا هەر ژمارەیەك لە ژمارەکان چی دەگەیەنێ.



ڕاهێنان دەکەم

ڕستەیەکی لێدەرکردن دەنووسم.

١ ٦ − ١ = ٥

٢ ٤ − ٢ = ٢

٣ ٥ − ٢ = ٣

٤ ٦ − ٣ = ٣

پرسیارێك شیكار دەكەم ■ بیركردنەوە بە دیتن

٥ وێنەیەك دەكێشم كە كرداری لێدەرکردن ڕوونبکاتەوە. ڕستەی لێدەرکردنەکە دەنووسم.

___ ○ ___ ○ ___

وەڵامەکان جۆراوجۆر دەبن چاودێری کاری قوتابیان بکە

چالاکی ماڵەوە • داوا لە منداڵەکەت بکە هەندێ شت بەکاربهێنێ بۆ گێڕانەوەی چیرۆکێك دەربارەی لێدەرکردن و ڕستەیەکی لێدەرکردنی گونجاو بنووسێت.

٧٢

Star Group

داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لەلاپەڕە ٧٢ دا هاتووە.

ڕاهێنانەکانی ئەم لاپەڕەیە یارمەتی قوتابیان دەدات لەسەر نووسینی ڕستەکانی لێدەرکردن بە شێوەیەکی سەربەخۆ.

ئاگاداربە... هەڵەی باو ئەو ڕستە لێدەرکردنانەی هەندێ لە قوتابیان دەینووسن لەگەڵ وێنەکانیان جووت نابن و ناگونجێن بۆ ئەوەی یارمەتی قوتابیان بدەی لەسەر بنبڕکردنی ئەم ئاستەنگە داوایان لێبکە با باس بکەن هەرژمارەیەك لە وێنەکەدا چی دەنوێنێ!

فێرکردنی نموونەیی

ئاستی ئاسایی داوا لە قوتابیانی ئەم ئاستە بکە با پشت ببەستن بە وێنەکان بۆ دۆزینەوەی وەڵامەکان.

ئاستی پێشکەوتوو هانی قوتابیانی ئەم ئاستە بدە با پەیوەست بن بەکارتی ژمارەکان بۆ پێکهێنانی ڕستەیەکی لێدەرکردنی نوێ بەشێوەیەکی سەربەخۆ.

شیکاری پرسیارەکان ● بیرکردنەوە بەبینین

پێویستە ئەو وێنانەی کە قوتابیان وێنەیان کێشاوە، وە ئەو ڕستە لێدەرکردنانەی کە نووسیویانە ڕەنگ دانەوەی تەواوی هەبێت بۆ زانینی چەمکی لێدەرکردن.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی پۆل

گفتوگۆ و نووسین من بیر لە ڕستەیەك دەکەمەوە کەمانای ماوە ببەخشێت، ئەم ڕستەیە چی پێ دەوترێت؟ ڕستەی لێدەرکردن.

تاقیکردنەوەی وانەکە

کام ڕستەی لێدەرکردن وێنەکە دەنوێنێ



[✓ أ] ٥ − ٢ = ٣ ج ٦ − ٢ = ٤

ب ٥ − ٣ = ٢ د ٦ − ٠ = ٥

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با لە ماڵەوە شیکاری ڕاهێنانەکانی ٢، ٤، ٦ بکەن کە لەوانەی ٥−٣ لە کتێبی ڕاهێناندا هاتووە.
- هانی قوتابیان بدە با لەماڵەوە ڕاهێنانی بڕگەی «پێداچوونەوە» شیکاربکەن کە لە وانەی ٥−٣ لە کتێبی ڕاهێناندا هاتووە.
- بۆیان ڕونبکەوە کەوا ئەم ڕاهێنانانە پێداچوونەوەی کارامەییەکانی ڕابردوو بەدەست دێنێ.

ڕێنمایی... هەندێ لە قوتابیان لەکاتی شیکاری ڕاهێنانەکان لەژێر کاریگەری وانەی ڕابووردوو تووشی دڵە ڕاوکێ و سەر لێ شێوان دەبن، چونکە ڕستەی لێدەرکردن هەبوو وە لەسەریان بوو هەندێ لە وێنەکان بکوژێننەوە و ماوە بزانن. ئەمانە هوشیاربکەوە کە داواکراو ئێستا کە بریتیە لە نووسینی ڕستەیەکی لێدەرکردن کە وێنەکە بنوێنێ، هەندێ لەو وێنانە لە گشت کوژاندراینەوە.



ڕاهێنان ٥−٣

قوتابخانە.......ناوی قوتابی.........پۆل: یەکەم هۆبەی.......بەروار / /

ڕستەیەکی لێدەرکردن دەنووسم

وانەی ٥-٣

ڕستەی لێدەرکردن دەنووسم.

١ ٤ − ٢ = ٢

٢ ٣ − ١ = ٢

٣ ٦ − ٣ = ٣

٤ ٥ − ٤ = ١

٥ ٢ − ١ = ١

٦ ٤ − ١ = ٣

پێداچوونەوە

ژمارە بچووکەکە دەوردەدەم

٧ [✓ ٥] یان ٦ ٨ ٩ یان [✓ ٧] ٩ [✓ ٢] یان ٣

ژمارە گەورەکە دەوردەدەم

١٠ ٥ یان [✓ ٦] ١١ ٨ یان [✓ ٩] ١٢ ٥ یان [✓ ٧]

ڕاهێنان ل ٢٧

وانەی
٤

هەموو لێدەردەکەم یان هیچی لێدەرناکەم

پلانی وانە

ئامانج لەکاتی لێدەرکردنی هەموو یان هیچ دەزانیت چەند دەمێنێتەوە.

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- جەبر
- شیکارکردنی پرسیارەکان
- ڕێنوێنی و سەلماندن

ڕۆژانە

لە بەشی سەرەوەی ناوەڕاستی تەختەکە ژمارە ٩ بە خەتێکی جوان وڕێك بنووسە.

بپرسە ئەو ژمارەیەی ڕاستەوخۆ لە پێش دێت چەندە؟ ٨.

بپرسە ئەو ژمارەیەی ڕاستەوخۆ لە دوای دێت چەندە؟ ١٠

لەگەڵ قوتابیان گفتوگۆ بکەو هەڵەکانیان ڕاست بکەوە.

پێشینەی بیرکاری

ئەم وانەیە چالاکییەکان لەسەر لێدەرکردن پێشکەش دەکات کە سیفەتی سفری تێدایە. ئەم سیفەتە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە کرداری جەبردا. ئەگەر سفر لەهەر ژمارەیەك دەربکەین. ژمارەکە ناگورێت، ٤ − ٠ = ٤. و هەر ژمارەیەك لەخودی ژمارەکە خۆی دەربکرێت ئەنجامەکە هەر سفر دەبێت ٤ − ٤ = ٠.

بەکارهێنانی پرسیارەکانی چیرۆکی و نموونەیی یارمەتی قوتابیان دەدات بەشێوەیەکی گشتی بۆ زانینی بیرۆکەی لێدەرکردن. لەگەڵ قوتابیان گفتوگۆ بکە لەسەر نموونەییەکان نەك لەسەر ڕێسا و سیفەتەکان.

چالاکی

تاك

جەستەیی - هەستی - جوڵەیی

نواندنی دەرکردنی هەموو یان هیچ

ئامانج: کرداری لێدەرکردنی هەموو یان هیچ لە کۆمەڵەدا دەنوێنێ.

کەرەستەکان بۆ هەرقوتابییەك ٦ پەپکە.

- داخازێ لە قوتابیان بکە ٦ پەپکەکە دابنێنە سەر مێزەکەیان. لەسەر تەختەکە ڕستەی لێدەرکرن ٦−٠=٦ بنڤیسە. و داخازێ قوتابیان بکە بە پەپکە ڕستەی لێدەرکردن دەرببڕن. با قوتابیان بێژن چەند پەپکە لەم کردارەدا دوورکراونەتەوە. وە سفر دەور بدە لەسەر تەختەکە. ڕوونی دەکەمەوە بۆیان کە ئەو ژمارەیەی لێرە دایە واتای ئەوەیە کە هیچ پەپکەیەك دور نەخراوتەوە و لە کۆتایی بۆی دەردەکەوێت کە ژمارەی ٦ ئەو ژمارەیە کە دەستمان پێ کرد هەر ئەنجامەکە وەك خۆی ماوە. واتە هەر ژمارەیەك سفری لێ دەربکەین ژمارەکە خۆی دەمێنێتەوە.
- ئەم چالاکییە دووبارەبکەوە لەگەڵ ڕستەی لێدەرکردنی ٥−٥=٠ با قوتابیان بیربکەنەوە بۆ ئەوەی بزانن چەند پەپکیان لەم جاردا دوور خستوەتەوە، ژمارەی ٥ لەسەر تەختەکە بنووسە. بۆیان رونبکەوە کەوا سفر ئەو ژمارەیەیەکە دەمێنێتەوە کاتێك هەموو دوور دەخرێتەوە.

دەتوانن ئەم هەوڵە دووبارە بکەنەوە لەسەر هەردوو ڕستەی لێدەرکردنی:

٤ − ٤ = ٠ ، ٢ − ٢ = ٠

٥ − ٥ = ٠

ئاگاداربە... هیچ ژمارەیەك لە سفر دەرناکرێت سیفەتی ئاڵ گۆڕ لە کرداری لێدەرکردن نیە وەك لە کرداری کۆکردنەوەدا هەیە.

ڕێکخستنی وانەی ٤

ئامانج: لە کاتی لێدەرکردنی هەموو یان هیچ ئەوەی دەمێنێتەوە دەیناسێت.

پرسیاری ئەمڕۆ

داوا لە ٦ قوتابی بکە هەریەك کتێبێك هەڵگرێ و بەیەك ڕیز لە پێش پۆلەکەدا ڕاوەستن. داوا لەهەر قوتابیەکی ناو ئەو ڕیزە بکە کە کتێبی پێ نییە بچێت لەشوێنی خۆی دابنیشێت. پرسیار بکە لەڕیزەکەدا چەند قوتابی مانەوە؟ ٦. داوا لە هەر قوتابیەك بکە کە کتێبی پێیە لەشوێنی خۆی دابنیشێت. پرسیاربکە چەند قوتابی لەڕیزەکە ماوەتەوە؟ کەس نەماوە.

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٦ − ٤ = ٢
٢ ١ + ٣ = ٤
٣ ٥ + ١ = ٦
٤ ٤ − ٢ = ٢

بۆچی ئەم بابەتە فێردەبین؟ سفر ژمارەیەکی گرنگە لە ژمێردندا. دەست بە وانەکە دەکەم و و داوا لە قوتابیان دەکەم با ئەم چیرۆکەی دێت بنوێنن بە بەکارهێنانی پەپکەکان و کارتی ژمارەکان.

- ٤ پشیلە لەسەر مێزێك بوون، هەر چواریان بازیان دا بۆ سەر زەوی، چەند پشیلە لەسەر مێزەکە ماوەتەوە؟ سفر.
- داوا لە ٤ قوتابی بکە با ٣ کارتی ژمارەکان و ٢ کارتی هێماکان بەرزکەنەوە بۆ نواندنی چیرۆکێك لەسەر ڕستەی لێدەرکردن.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- لە قوتابیان بگەڕێ با بەوردی سەیری وێنەی چۆلەکەکان بکەن کە لەلایی ڕاستی بەشی سەرەوەی لاپەڕە ٧٣ دا هەیە. چەند چۆلەکە لەسەر لقەکەدا هەیە؟ ٦ چەند چۆلەکە فڕین؟ هیچ
- ئەو ژمارەیە بنووسە کە ژمارەی ئەو چۆلەکانەی ماونەتەوە دەگەیەنێ.



وانەی ٤ ـــ هەموو لێدەردەکەم یان هیچی لێدەرناکەم

٦ − ٠ = ٦
٦ − ٦ = ٠

دەکوژێنمەوە بۆ ئەوەی روونیبکەمەوە چەند چۆلەکە فڕیون، جیاوازییەکە دەنووسم.

١ ٣ − ٠ = ٣
٢ ٣ − ٣ = ٠
٣ ٤ − ٤ = ٠
٤ ٤ − ٠ = ٤
٥ ٢ − ٠ = ٢
٦ ٢ − ٢ = ٠

باسبکە ■ ڕێنوێنی

چی ڕوودەدات کاتێك هەموو شتەکان لە کۆمەڵەیەك دەربکرێت؟

چی ڕوودەدات کاتێك سفر لە کۆمەڵەیەك دەربکرێت؟

٧٣

- چی دەبێت کاتێك سفر لە ژمارەیەك دەردەکەی؟ لەبەر ئەوەی کەوا هیچیان لە ژمارەکە دەرنەکردووە، ژمارە وەك خۆی دەمێنێتەوە.
- لە قوتابیان بگەڕێ با لە چۆلەکەکانی لای چەپی سەرەوەی لاپەرەکە ووردبینەوە. چەند چۆلەکە لەسەر لقەکەدا دەبینی؟ ٦
- چەند چۆلەکەیان لێ فڕیوە؟ ٦
- ئەو ژمارەیە بنووسە کە ژمارەی ئەو چۆلەکانەی ماونەتەوە دەگەیەنێ.
- چی دەبێت کاتێك ژمارەیەك لە هەمان ژمارەکەی خۆی دەردەکەیت؟ لەبەر ئەوەی هەموومان لە ژمارەکە دەرکرد، هیچ نامێنێتەوە و جیاوازی دەبێتە سفر.

ئەم وانەیە هەلێکی گونجاوە بۆ چەسپاندنی چەمکی سفر لە هزری قوتابیان. ئەمانە هوشیاربکەوە لەکاتی بوونی ٤ چۆلەکە لەسەر لقێك پاشان فڕینی هەرهەموویان ئەوە دەگەیەنێت کەوا هیچ چۆلەکە نەماوەتەوە ئەمە بریتیە لە سفر.

٣ ڕاهێنان

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە لە بڕگەی باسکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە وەڵام: سفر دەمێنێتەوەوە (یان هیچ)، ژمارەکە وەك خۆی دەمێنێتەوە (ژمارەی دانەکانی کۆمەڵەکە ناگۆڕێت).

داوا لە قوتابیان بکە کە شیکاری ئەو ڕاهێنانانە بکەن کە لە لاپەرە ٧٤ دا هاتووە

چالاکیەکانی لاپەرە ٧٤ توانای قوتابی بەهێز دەکات لە نووسینی ماوەدا لەکاتی لێدەرکردنی هەموو یان هیچ.

فێرکردنی نموونەیی

ئاستی ئاسای داوا لە قوتابیانی ئەم ئاستە بکە پەپکەکان بەکاربهێنن بۆ دۆزینەوەی ماوە.

ئاستی پێش کەوتووە داوا لە قوتابیانی ئەم ئاستە بکە کە پارچە کاغەزێك دابەشی ٤ بەشی لاکێشەیی بکەن بەڕێگایی نوشتانەوە پاشان بە ٤ چیرۆك ئەم کارە دەردەبڕێت لە نووسینی ماوە لەکاتی لێدەرکردنی هەموویان یان هیچ.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی پۆڵ

گفتوگۆو نووسین ڕستەیەکی لێدەرکردن بنووسە بۆ ٦ دەفر و ٦ دەفری لێدوورخرابێتەوە ٦−٦=٠ ئێستا ڕستەیەکی لێدەرکردنی تر بنووسە٦ دەفر دەرببڕێت و هیچ دەفرێکی لێدوور نەخراوەتەوە ٦−٠=٦

کام ڕستەی لێدەرکردن وێنەکە دەنوێنێ

★ ★ ★ ★ ★

أ ٥ − ٥ = ٠

[✓ ج] ٥ − ٠ = ٥

ب ٦ − ٠ = ٥

د ٥ − ٢ = ٣

ئەرکی ماڵەوە

داوا لە قوتابیان بکە ڕاهێنانەکانی ٢، ٤، ٧، ٨ کە لەوانەی ٤−٥ داهاتووە با لە ماڵەوە لە کتێبی ڕاهێنان شیکاربکەن.

پێشینەی بیرکاری

قوتابیان لە بەشی چوارەم بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاشنای سیفەتی سفربوون لە کۆکردنەوە، کە ئەوەی دەگەیاند کۆکردنەوەی سفر لەگەڵ هەر ژمارەیەك لە بەهای ژمارەکە ناگۆڕێت.

لەم وانەیەدا قوتابی ئەوە بەدەست دێنێت لێدەرکردنی سفر لە هەر ژمارەیەك لە بەهای ژمارەکە ناگۆڕێت، جەخت لەسەر نواندنی ئەمەبکە بە بەکارهێنانی کەرستە بەرجەستەکان بۆ ئەوەی ئەم سیفەتە لە هزری قوتابی بچەسپێ و جێگیربێت وە هەروەها بۆ ئەوەی قوتابی دوورکەوێتەوە لە دروست بوونی چەمکەکانی هەڵە لە دوا ڕۆژدا کاتێك ڕۆڵی سفر لە کرداری لێکدان دا دەخوێنێت.



ڕاهێنان دەکەم

چەند لەو پەپوولانە فڕیون دەیانژمێرم. جیاوازییەکە دەنووسم.

١ ٥ − ٥ = ٠

٢ ٦ − ٠ = ٦

٣ ٤ − ٤ = ٠

٤ ٢ − ٠ = ٢

٥ ٥ − ٠ = ٥

٦ ٦ − ٦ = ٠

پرسیارێك شیکار دەکەم ■ بیرکردنەوە بەدیتن

٧ ئەو ڕستە لێدەرکردنە دەوردەدەم کە گەورەترین جیاوازی تێدایە. جیاوازییەکە دەنووسم بۆ ساغکردنەوە.

٣ − ٠ = ٣

٣ − ٢ = ١

٣ − ٣ = ٠

چالاکی ماڵەوە • داوا لە منداڵەکەت بکە هەندێ وێنە بکێشێت بۆ ڕوونکردنەوەی دوو کرداری لێدەرکردنی ٣−٣ وە ٣−٠. داوای لێبکە ئاگادارت بکات چۆن جیاوازییەکەی دەرهێناوە لە هەر بارێکدا.

٧٤

ڕێنمایی لەگەڵ قوتابیان بگەڕێوە بۆ ئەو زاراوانەی کە واتای سفر دەبەخشێت نموونە لەسەر ئەمانە زاراوەکانی: «هیچ شتێك»، «هەموویان ڕۆیشتن»، «هیچ شتێك نەماوە»

ڕێنمایی... ئەگەر بینیت هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕوی ئاستەنگ دەبنەوە لە کاتی شیکاری ڕاهێنانەکان چەمکی (هەموو) و (سفر) بەزارەکی (بەقسە) لە گەڵیان گفتوگۆبکە. لە لای یەکێکیان ٣ تێنووس دابنێ و داوای لێبکە با بیداتە هاوڕێیەکەی، وە لێی بپرسە چەندت لەلا ماوە، ئەم چالاکیە لەگەڵ قوتابیەکی تر دووبارەبکەوە ئەمجارە داوای لێبکە باهیچ تێنووس نەداتە هاوڕێیەکەی وە لێی بپرسە چەندت لاماوە.



ڕاهێنان ٥−٤

قوتابخانە.........ناوی قوتابی.........پۆل یەکەم هۆبەی.......بەروار / /

وانەی ٥-٤

هەموو لێدەردەکەم یان هیچ لێدەرناکەم

١ ٤ − ٤ = ٠

٢ ٤ − ٠ = ٤

٣ ٣ − ٣ = ٠

٤ ٣ − ٠ = ٣

٥ ٢ − ٢ = ٠

٦ ٢ − ٠ = ٢

٧ ٦ − ٦ = ٦

٨ ٦ − ٠ = ٠

لە میانەی ١٠ لێدەرکردن دەکەم

پلانی وانە

ئامانج کردارەکانی لێدەرکردن لەمیانەی ١٠ دەنوێنی و ڕستەی لێدەرکردن تەواودەکات.

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- جەبر
- شیکاری پرسیارەکان
- ڕێنوێنی و سەلماندن
- گەیاندن
- بەستن
- نواندن

ڕۆژانە

ژمارەکانی ٣، ٣، ٦ بەکاربهێنە چ ڕستەیەکی کۆکردنەوە یان لێدەرکردن دەتوانیت پێك بهێنیت و بینووسیت؟

٣ = ٣ - ٦، ٦ = ٣ + ٣

پێشینەی بیرکاری

ئەم وانە وادەگەیەنێت تێگەیشتنی قوڵ بۆ زانینی پەیوەندی نێوان: بەش - بەش - هەموو لەوانەی کۆکردنەوەدا دا بەپێی گەڕانی قوتابی بۆ نووسینی (هەموو) کە سەرجەمی دووبڕەکە یە

٧ = __ + __

لەم وانەیەدا قوتابیان ئەم پەیوەندییە چارەسەردەکەن بەشێوەیەکی جیاواز. قوتابی ڕستەی لێدەرکردنی جیاواز بۆ لێدەرکردن لە ژمارەیەکی پێدراو دەنووسێ:

٧ - __ = __.

چالاکی

کۆمەڵە بچووکەکان

بینین - بۆشایی

نواندنی پێکهاتەکانی لێدەرکردن

ئامانج: لێدەرکردن لە ٨ دەناسێت.

کەرەستەکان بۆ هەر کۆمەڵەیەك ٨ پەپکەی بەیەکەوە.



- هەر کۆمەڵەیەك لە قوتابیان ٦ پەپکەی بدەرێ، داوایان لێبکە پەپکەکان بژمێرن و لەسەریەك داینێن . داوایان لێبکە ٢ پەپکە لە پەپکەکان جیابکەنەوە و ئەوانەی ماوە بیان ژمێرن : ١ ،٢ ، ٣ ، ٤ ماوەتەوە (٤).
- بۆ هەر کۆمەڵەیەك لە قوتابیان ٢ پەپکەی زیادیان بدەرێ و داوایان لێبکە هەموو پەپکەکان بکەن بەیەك و بیان ژمێرن (٨). داوایان لێبکە ٣ پەپکە جیابکەنەوە لەپەپکەکان و ئەو پەپکانەی ماوە بیان ژمێرێ ١ ، ٢ ، ٣ ، ٤ ، ٥ ماوەتەو (٥). داوا لە قوتابیان بکە هەندێك لە پێکهاتەکانی لێدەرکردنی تر پێشنیار بکەن و جێبەجێیبکەن.

تێبینی دەربارەی ڕۆژانە

لە کاتی نووسینی ڕستەی کۆکردنەوە، ڕێنمایی قوتابیان بکە با لە ژمارە گەورەکە واتە ٦ دەست پێبکەن، پاشان پێکبهێنن بەبەکارهێنانی هەردوو ژمارەکەی تر، لەکاتی نووسینی ڕستەی لێدەرکردن، قوتابیان هوشیار بکەوە با لە ژمارەگەورەکە (٦) دەست پێبکەن وە ژمارەیەك بۆ لێدەرکردن هەڵبژێرن، پاشان ئەو ژمارەیەی کەماوەتەوە ماوە دەنوێنێ.

ڕێکخستنی وانەی ٥

ئامانج: کردارەکانی لێدەرکردن لەمیانەی ١٠ دەنوێنێ، وە ڕستەکانی لێدەرکردن تەواو دەکات.

پرسیاری ئەمڕۆ

نهێنی شێوازەکە دیاریبکە. بڵێ دوای ئەو چیدێت. وەڵامەکەت ڕوونبکەوە.

١٠ − ٠ ، ١٠ − ١ ، ١٠ − ٢ ، ١٠ − ٣ ، ١٠ − ٤، ١٠ − ٥ ، ژمارەی یەکەم هەمیشە ١٠یە و ژمارەی دەرکراو لە زیادبووندایە .(٠ ، ١ ، ٢) . ئەوەی دوای ئەوەوە بریتیە لە ١٠−٦ .

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٦ − ٢ = ٤

٢ ٥ − ٣ = ٢

٣ ٧ + ٢ = ٩

٤ ٦ + ٢ = ٨

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟

شارەزا بوون لەسەر کردارەکانی لێدەرکردن لە میانەی ١٠ یارمەتی کردارەکانی لێدەرکردنی جیاواز دەدات.

وانەکە دەست پێبکە بەجێبەجێ کردنی ئەم چالاکیانەی دێن.

- پۆلەکە بکە بەچەند کۆمەڵەیەك، وە هەر کۆمەڵەیەك شەمەندەفەرێکی بدەرێ لە ٧ شەش پالووی پێکەوە بەستراو پێك هاتبێت.
- داوا لە هەر کۆمەڵەیەك بکە سفر شەش پاڵوو لە کۆمەڵەی لایەتی دەربکات.
- بپرسە چەند شەش پاڵوو ماوەتەوە؟ ٧
- ڕستەی لێدەرکردن کامەیە؟ ٧−سفر=٧.
- ئیستا داوا لە هەر کۆمەڵەیەك بکە با هەر یەکیان ١ شەشپاڵووکەم بکەنەوە.
- بپرسە چەند شەشپاڵوو ماوەتەوە؟ ٦
- ڕستەی لێدەرکدن کامەیە؟ ٧−١=٦
- ئەم شێوازە لەگەڵ هەرکۆمەڵەیەك دووبارە بکەوە تا هیچ شەش پاڵووی ئەو شەمەندەفەرەی لایانە نامینێتەوە، وە لە هەرجارێك ڕستەی لێدەرکردن بنووسە: ٧−٢=٥، ٧−٣=٤، ٧−٤=٣، ٧−٥=٢، ٧−٦=١، ٧−٧=٠.
- بپرسە ئایا کردارێکی تری لێدەرکردن هەیە لە ٧ دەربکرێت باست نەکردبێت؟ نەخێر بۆچی؟ هەموو ڕێگاکانمان خستە ڕوو وە هەموو ژمارەکانمان لە ٧ دەرکرد، بە دەست پێکردن لە سفر و بەگەیشتن بە ٧



وانەی ٤ ــــــــــ لە میانەی ١٠ لێدەرکردن دەکەم

٧ شەشپاڵۆم هەیە، سفر شەشپاڵۆ دوور دەخەمەوە
٧ شەشپاڵۆم هەیە، یەك شەشپاڵۆ دوور دەخەمەوە

٧ − ٠ = ٧

٧ − ١ = ٦

بەکاردەهێنم بۆ دۆزینەوەی جیاوازی.

١ ٧ − ٣ = ٤

٢ ٧ − ٢ = ٥

٣ ٧ − ١ = ٦

٤ ٧ − ٠ = ٧

٥ ٧ − ٥ = ٢

٦ ٧ − ٧ = ٠

٧ ٨ − ٠ = ٨

٨ ٨ − ٢ = ٦

باسبکە ■ ڕێنوێنی

شێوازەکە تەواو بکە، ئەو ڕستەی لێدەرکردنە کامەیە کە لە دوای دێت، ئەوە ڕوونبکەوە.

٧٥

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- قوتابیان چالاکییەکانی ١ تا ٦ جێبەجێ دەکەن کە لەلاپەڕەی ٧٥ دا هەیە بەبەکارهێنانی شەش پاڵووەکان.
- بپرسە ئایا چەند کردارێکی تری لێدەرکردن هەیە کە لە ٧ دەربکرێت و باس نەکرابێت؟ بەڵێ.
- کامەنە؟ ٧−٤، ٧−٦
- قوتابیان چالاکییەکانی ٧ تا ٨ جێبەجێ دەکەن.
- داوا لە هەندێ لە قوتابیان بکە با کردارەکانی لێدەرکردن لە ٨ بڵێن کە لە چالاکییەکان نەهاتوو
- داوا لە ئەوانی تر بکە با وەڵامی بدەنەوە.

ڕێنمایی... ئەم وانەیە پێداچوونەوەیەکی گونجاو بە دەست دێنێ بۆ گشت وانەکانی پێشوو، ئەگەر بینیت هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە دۆزینەوە ئەنجامی لێدەرکردنی هەموو ژمارەکان لە ژمارەیەك، هانیان بدە با شەش پاڵووەکان بەکاربێنن بۆ نواندنی کردارەکانی لێدەرکردن.

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باسبکە ■ ڕێنوێنی داهاتووە. وەڵام: ٧−٣=٤ : یەك زیادەکەم بۆ ژمارە دەرکراوەکە.

داوا لە قوتابیان بکە با ئەو ڕاهێنانەی کەلە لاپەرە ٧٦ داهاتووە شیکاربکەن

چالاکیەکانی لاپەرە ٧٦ بە دەربرینێکی قووڵ و فراوان دادەنرێت بۆ کردارەکانی لێدەرکردن لە میانە ١٠ دا، قوتابیان ئەم چالاکیانە جێبەجێ دەکەن بە بەکارهێنانی شەش پاڵووەکان.

ئاگاداربە... هەڵەی باو هەندێ لە قوتابیان هەڵەدەکەن لە ئەژمێرکردنی جیاوازی کاتێك ڕستەکانی لێدەرکردنی ژمارە گەورەکان لە خۆ دەگرێت وەك لە ڕاهێنانەکانی ٧، ٨، ٩ دا بەرچاو دەکەوێت، بۆ ئەوەی یارمەتیان بدەی لەسەر نەمانی ئەم کێشەیە، لێیان بگەرێ با کردارە لێدەرکردنە کە لەسەر کاغەزە چوارگۆشەکان بنوێنن بەم شێوەی خوارەوە.

١. ڕەنگ کردنی چوارگۆشەکان بەهەندەی ژمارە لێدەرکراوەکە واتە (هەموو) لە ڕستەی لێدەرکردن.

٢. کوژاندنەوەی چوارگۆشە ڕەنگ کراوەکان بە هەندەی ژمارە دەرکراوەکە.

بنووسە ١١ ڕستەی لێدەرکردن بنووسە، دەست پێدەکەین بە ١٠ − ٠ = ١٠ پاشان ١٠ − ١ و ١٠ − ٢، تا دەگەینە ١٠ − ١٠ = ٠.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی پۆل

گفتوگۆ و نووسین ڕونبکەوە چۆن پێکهاتەکانی لێدەرکردن لە میانەی ١٠ دا دەدۆزیەوە؟ شەش پاڵووەکان بەکاردێنم، هەوڵ دەدەم شێوازەکە بدۆزمەوە.

تاقیکردنەوەی وانەکە

چالاکی پۆل

بەکاربێنە بۆ ئەوەی جیاوازی بدۆزیەوە

٩ − ٢ = ■

[✓ أ] ٧ ج ٩

ب ٨ د ١٠

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با ڕاهێنانەکانی ١، ٢، ٣، ٥، ٦، ٧ کە لە وانەی ٥−٥ دا هاتووە لە ماڵەوە لە کتێبی ڕاهێنان شیکار بکەن.



ڕاهێنان دەکەم

بەکاردەهێنم بۆ دۆزینەوەی جیاوازی.

١ ٩ − ٠ = ٩

٢ ٩ − ١ = ٨

٣ ٩ − ٣ = ٦

٤ ٩ − ٥ = ٤

٥ ٩ − ٩ = ٠

٦ ١٠ − ٥ = ٥

٧ ١٠ − ٧ = ٣

٨ ١٠ − ٨ = ٢

٩ ١٠ − ٩ = ١

دەنووسم

چەند ڕستەی لێدەرکردن لە ١٠ دەتوانم بنووسم. ڕوونی دەکەمەوە.

چالاکی ماڵەوە • داوا لە منداڵەکەت بکە چەند شتێکی بچووك بەکاربهێنێت کە هەموو جۆرە کردارەکانی لێدەرکردن لە ١٠ پیشان بدات.

٧٦



ڕاهێنان ٥−٥

قوتابخانە.......... ناوی قوتابی........... پۆل: یەکەم هۆبەی...... بەروار / /

لە میانەی ١٠ لێدەرکردن دەکەم

وانەی ٥-٥

بەکاردەهێنم ڕستەی لێدەرکردن دەنووسم

جیاوازە ڕیزکردنی وەڵامەکان

١ ٧ − ٠ = ٧

٢ ٧ − ١ = ٦

٣ ٧ − ٢ = ٥

٤ ٧ − ٢ = ٥

٥ ٨ − ٤ = ٤

٦ ٨ − ٥ = ٣

٧ ٨ − ٦ = ٢

٨ ٨ − ٧ = ١

٩ ٩ − ٢ = ٧

١٠ ٩ − ٣ = ٦

١١ ٩ − ٤ = ٥

١٢ ٩ − ٥ = ٤

١٣ ١٠ − ٦ = ٤

١٤ ١٠ − ٧ = ٣

١٥ ١٠ − ٨ = ٢

١٦ ١٠ − ٩ = ١

ڕاهێنان ل ٢٦

وانەی
٦

پرسیارێك شیكار دەكەم: نموونەیەك پێكدەهێنم

پلانی وانە

ئامانج پرسیاری لێدەرکردن شیکاردەکات بەبەکارهێنانی "نمونەیەك پێکدەهێنم.

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- شیکاری پرسیارەکان
- ڕێنوێنی و سەلماندن
- گەیاندن
- نواندن

ڕۆژانە

ناوی ڕۆژەکانی هەفتە بەڕیز بلێ لەڕۆژی شەممەوە. لەگەڵ قوتابیەکان بدوێ و هەڵەکان ڕاست بکەوە.

پێشینەی بیرکاری

لەم وانەیەدا قوتابیان فێری زمانی بەکارهاتووی بیرکاری بۆ کۆکردنەوە و لێدەرکردن دەبن گرنگی لەوەدایە کە قوتابی جیاوازی بزانێت لەنێوان شوێنی بەکارهێنانی کۆکردنەوەو لێدەرکردن. و ئەنجامی فێربوونی ئەم جیاوازییە یارمەتی قوتابی دەدات بەتەواوی بیرۆکەی هەردووکیان تێبگات. ئەو ووشە و ڕستانەی کە نیشانەی کۆکردنەوە ولێدەرکردن دەدات زۆرن و هەندێکیشیان ئاسانە پێویستە قوتابی ئەمانەش بزانێت و لە ئایندەش دا هەندێك دەربڕینی تر هەیە بەکاردێن بۆ ئەم مەبەستە کە لە تواناى پێشەوەچوونی هزری قوتابیان دایە.

چالاکی

نواندنی پرسیارەکانی لێدەرکردن

تاك

جەستەیی - هەستی - جوڵەیی

ئامانج: چیرۆکەکانی لێدەرکردن دەنوێنی.

کەرەستەکان ٦ کارت وێنەی ئوتومبیلی لەسەر بێت، تەختەی کار، پێنووس.

- داوا لە قوتابیان بکە وێنەی ئوتوموبیلێك بکێشن لەناوەڕاستی تەختەی کاردا و هەر ٦ کارتەکەی پێوە بنوسێنێت، بە قوتابیەکان بلێ و پرسیاریان لێبکە: ٦ ئوتوموبێلی وەستاو، ٤ ئوتوموبێلیان دەستیان بە ڕۆیشتن کرد، چەند ماوە ٢
- یارمەتی قوتابیان بدە با بزانن چیان داوا لێکراوە. دۆزینەوەی ئەو ئوتۆمۆبیلانەی کە ماوە. پاشان یارمەتیان بدە بۆ هەڵبژاردنی ڕێگای شیکارکردن. ئەتوانن نیشانەی × لەسەر ئەو ئوتوموبیلانە دابنێن کە دەستیان بە ڕۆیشتن کرد.
- داوا لە قوتابیان بکە پرسیارەکە شیکاربکەن، پاشان وەڵامەکانیان ساغبکەنەوە. پرسیاریان لێبکە چی دەکەن بۆ ساغکردنەوەی وەڵامەکانیان. ٢، ئەتوانن ئەو ئوتوموبیلانەی ماوەتەوە بژمێرن.



ڕێکخستنی وانەی ٦

Star Group
For Math

ئامانج پرسیارێکی لێدەرکردن شیکاردەکات بەبەکارهێنانی «نموونەیەك پێکدەهێنم»

پرسیاری ئەمڕۆ

٩ خانوو لەسەر جادەکە هەیە، ٦ لەو خانووانە سپین و ئەوانی تر زەردن. ژمارەی خانووە زەردەکان چەندە؟ ٣

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٢ + ١ = ٣
٢ ٤ + ٢ = ٦
٣ ٥ − ٣ = ٢
٤ ٣ − ١ = ٢

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟ بەکارهێنانی نموونەکان یارمەتی قوتابی دەدات بۆ دیاری کردنی وەڵامەکە و شیکارکردنی پرسیارەکە.

- وانەکە دەست پێدەکەم بە چەسپاندن و بەهێزکردنی کارامەیی خوێندنەوەی پرسیارەکە کە بە هەنگاوی یەکەم لە هەنگاوەکانی شیکاری پرسیارەکان دادەنرێت کە زانای بیرکاری جۆرج بۆلیا دایناوە..
- پێیان بڵێ کەوا تێگەیشتنی پرسیارەکە زۆر پێویستە بۆ ئەوەی بتوانن شیکاری بکەن.
- دووبارەی بکەوە لەسەرمانە دووبارە پرسیارەکە بە شێوەیەکی تایبەت بەخۆمان دابڕێژین بۆ ئەوەی دڵنیابین لە دروستی تێگەشتنمان بۆ پرسیارەکە.
- دووپات بکەوە کەوا دووبارە کردنەوەی پرسیارەکە واتە هەمان گوتەی شتەکە خۆیەتی.
- پرسیارێك هەڵبژێرە لە وانەی پێشوو وە داوا لە یەکێك لە قوتابیەکان بکە با لەو زانیاریانەی کە پرسیارەکە لە خۆ دەگرێت ئاگادارت بکەنەوە وە داواکاریەکەش دیاربکەن.
- هانی قوتابیان بدە لەسەر بەکارهێنانی ووشەکانی تایبەت بە خۆیان نەوەکو هەمان ئەو ووشانەی لە دەقی پرسیارەکەدا هاتووە.



پرسیارێك شیکار دەکەم
نموونەیەك پێکدەهێنم

وانەی ٦ ________

تێدەگەم ‹ پلان دادەنێم ‹ شیکاردەکەم ‹ ساغدەکەمەوە

٣ پەپوولە لەسەر ڕووەکێکن. یەکێکیان فڕی چەند پەپوولە مایەوە؟

تێدەگەم

داواکراو چییە؟

پلان دادەنێم

نمونەیەك دروست دەکەم بۆ شیکاری پرسیارەکە.

شیکاردەکەم

دوو پەپوولە دەمێنێتەوە.

ساغدەکەمەوە

ئایا وەڵامەکەم شیاوە؟ ئەوە ڕووندەکەمەوە.

● بەکاردەهێنم بۆ ئەوەی کۆبکەمەوە یان لێدەربکەم.
وێنەی ● دەکێشم سەرجەم یان جیاوازی دەنووسم.

چاودێری وێنەی قوتابیان بکە

١ ٤ کوللە لەسەر بەردێکن. دوو کوللە هاتن بۆلایان، بوون بە چەند؟

٦ کوللە

٢ ٥ کیسەڵ لە لێواری ڕووبارێك دەڕۆن. ٢ یان ڕاوەستان، چەن کیسەڵ بەردەوامن لە ڕۆیشتن؟

٣ کیسەڵ.

٧٧

٢ فێرکردن

- **تێدەگەم**: داوا لە قوتابیان بکە با بۆت ڕونبکەنەوە داوا کراوچی‌یە؟ چەند پەپوولە ماوەتەوە.
- **پلان دادەنێم**: داوا لە قوتابیان بکە با بیر لە ڕێگەیەك بکەنەوە بۆ شیکاری پرسیارەکە؟ وەڵامی گونجاو؟ پەپکەکان بەکار دێنم بۆ ئەوەی نموونەیەك پێك بهێنم.
- **شیکاردەکەم**: داوا لە قوتابیان بکە باس لە چۆنیەتی شیکارکردنی پرسیارەکەبکەن. وێنەی ٣ پەپك دەکێشم، پەپێك دەکوژێنەوە بۆ ئەو پەپوولەی فڕی، وە ژمارەی ئەو پەپولانەی ماونەتەوە دەنووسم.
- **ساغدەکەمەوە**: چۆن دەزانیت کەوا پرسیارەکەت شیاوە؟ وەڵامی گونجاو: ٣ پەپوولە لێرەدا هەیە یەك فڕی ٢ ماوەتەوە وەڵامەکە شیاوە چونکە لە ٣ بچووکترە.

ڕێنمایی... لەم وانەیەدا تێدەگەی کەوا قوتابیان توانای جیاوازی کردنیان هەیە لە نێوان کۆکردنەوە و لێدەرکردن. وە هەروەها دەزانی کەوا توانایان لە نواندنی پرسیارەکان هەیە بە هۆی وێنە کیشان. دووپاتی بکەوە کە وا پرسیارەکان ئەو ووشە و دەستەواژانە لە خۆدەگرێت کە کرداری لێدەرکردن دەگەیەنێ وەك: جیابکەوە، بکوژێنەوە، ڕۆیشت، پێی‌دا. وە ووشەو دەستەواژەی تری تیایە کە کرداری کۆکردنەوە دەگەیەنێ وەك: بخەرەپاڵ، پەیوەندی پێوەکرد، هاتەلای.

٣ ڕاهێنان

داوا لە قوتابیان بکە با ئەو ڕاهێنانەی کەلە لاپەرە ٧٨ داهاتووە شیکاربکەن

ئاگاداربە... هەڵەی باو هەندێ لە قوتابیان هەڵدەستن بە ئەنجامدانی لێدەرکردن لە جیاتی کۆ کردنەوە یان بە پێچەوانە ئەم قوتابیانە هۆشیار بکەوە بابەباشی لە پرسیارەکە تێبگەن و بەهێمنی و لەسەرخۆ پرسیارەکە بخووێنەوە، سەرەنجیان ڕاکێشە بۆ ئەو ووشانەی کەواتای لێدەرکردن وە ئەوانەی واتای کۆکردنەوە دەگەیەنین.

چالاکیەکانی لاپەڕە ٧٨ بوارِ لە پێش قوتابیان خۆش دەکات بۆ شیکارکردنی پرسیارەکان لەسەر لێدەرکردن و کۆکردنەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ.

دەنووسم: ڕێنمایی قوتابیان بکە با ئەو چالاکیانەی لەم گۆشەیەدا هەیە جێبەجێ بکەن، ئەوەی پێویستە لەسەریان چیرۆکێکی لێدەرکردن بنووسن کە پەیوەندی بە وێنەکە هەبێت، پاشان ڕستەی لێدەرکردنەکەی بنووسن. لێرەدا ٤ مێرولە هەیە، یەك مێروولە ڕۆیشت چەند مێروولە ماوەتەوە؟ ٤−١=٣.

٤ هەڵسەنگاندن

گفتوگۆ نووسین دیاربکە چۆن نموونەیەك پێکدێنی لە دواییدا بەکاری دێنی بۆ شیکاری پرسیارەکانی ئەم وانەیە. وێنەی چەند پەپکێك دەکێشم وە بەکاری دینم بۆ دیارخستنی وەڵامەکە.

تاقیکردنەوەی وانەکە

لە دەفرێکدا ٦ فەریکەخورما هەیە، ئەحمەد دووانی لێ خوارد چەند فەریکە خورما ماوەتەوە؟

أ ٨ ج ٦
ب ٢ [✓ د] ٤

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با ڕاهێنانەکانی ١، ٣، ٤ کە لە وانەی ٥−٦ کتێبی ڕاهێنان هاتووە لە ماڵەوە شیکاربکەن.



ڕاهێنان دەکەم

● بەکاردەهێنم بۆ ئەوەی کۆیکەمەوە یان لێدەریکەم.
وێنەی ● دەکێشم سەرجەم یان جیاوازی دەنووسم.

چاودێری وێنەی قوتابیان بکە

1. شیلان ٤ بۆقی دی ٣ یان ڕۆیشتن، چەند بۆق مایەوە؟
______ بۆق

2. لە پێش نیوەڕۆ دانا ٣ مراوی بینی، لەپاش نیوڕۆ ٣ مراوی بینی مەلە دەکەن، ئەو ڕۆژە دانا چەند مراوی بینیوە؟
__٦__ مراوی

3. شارا ٥ ماسی ڕاوکرد، ٢ یان کەوتنەوە ئاوەکەوە، چەند ماسی لاماوە؟
__٣__ ماسی

دەنووسم

چیرۆکێکی لێدەرکردن بۆ ئەم وێنەیە بنووسە.
ڕستەی لێدەرکردنەکە بنووسە.

چالاکی ماڵەوە • چەند چیرۆکێکی هاوشێوەی چیرۆکەکانی ئەم وانەیە دارێژە، داوا لە منداڵەکەت بکە شیکاری بکات بە بەکارهێنانی هەندێ شت کە پرسیارەکان بنوێنێت.

٧٨

ئاگاداربە... بۆ ئەوەی دڵنیابیت کەوا قوتابیان کارامەیی شیکاری پرسیارەکانیان بەدەست هێناوە (کارامەییەکانی ژمیریاری جێبەجێکراو) دووبارە چەند پرسیارێکی کۆکردنەوەیان بۆ بنووسەوە وەك پرسیارەکانی لێدەرکردن بێت وە بەپێچەوانە، داوایان لێبکە با شیکاریان بکەن.



ڕاهێنان ٥−٦

قوتابخانە............ناوی قوتابی............پۆل: یەکەم هۆبەی ......بەروار / /

وانەی ٥-٦

پرسیارێك شیكاردەكەم: نموونەیەك پێكدەهێنم

● بەكاردەهێنم بۆ كۆكردنەوە یان لێدەركردن (سەیری نموونەكە بكە) سەرجەم یان جیاوازی دەنووسم.

وێنەی قوتابیان ساغبکەرە

1. ٤ مراوی مەلەدەكەن، یەكێكیان لە ئاوەكە چووە دەرەوە. چەند مراوی ماونەتەوە؟
__٣__

2. ٦ پشیلە یاریدەكەن، ٤ پشیلە ڕایانكرد. چەند پشیلە ماونەتەوە؟
__٢__

3. ٣ هەنگ لەسەر گوڵێك نیشتنەوە، پاشان ٤ هەنگی تر هاتن. ژمارەی هەنگەكان بوون بە چەند؟
__٧__

4. لە نزیك ڕۆژنگارێك ٣ كیسەڵ دەڕۆیشتن، یەكێكیان چووە ناو ڕۆژنگاوەكە. چەند كیسەڵ ماونەتەوە؟
__٢__



پێداچوونەوەی

بەشی ٥

ناو ____________

رستەی لێدەرکردنەکە دەنووسم.

١ ٦ (−) ٤ (=) ٢

٢ ٤ (−) ٢ (=) ٢

جیاوازی دەنووسم.

٣ ٥ − ٠ = ٥

٤ ٦ − ٦ = ٠

ڕستەیەکی لێدەرکردن لە ٨ دەنووسم. وەڵامەکان جۆراوجۆر دەبن

٥ ٨ − ______ = ______

٦ ٨ − ______ = ______

جیاوازی دەنووسم.

٧ ٦ − ٤ = ٢

٨ ٧ − ٢ = ٥

پرسیارێك شیکاردەکەم ■ بیرکردنەوە بەدیتن

● بەکاردەهێنم بۆ ئەوەی کۆبکەمەوە یان لێدەربکەم.

وێنەی ● دەکێشم سەرجەم یان جیاوازی دەنووسم.

چاودێری وێنەی قوتابیان بکە

٩ لەسەر چیلکەدارێك ٦ مێروولە هەیە، ٣ یان ڕۆیشتن، چەند مێروولە لەسەر چیلکەدارەکە ماونەتەوە؟

٣ مێروولە

٧٩

بەشی ٥ لێدەرکردن

پێداچوونەوە

ئامانج دڵنیابوون لە تێگەیشتنی چەمکەکان و وەرگرتنی ئەو کارامەییانەی کەلە بەشی ٥ دا هاتووە.

بەکارهێنانی لاپەرە

- ئامانجی لاپەرەی (پێداچوونەوە) بۆ قوتابیان ڕونبکەوە.
- نزیکەی (٣٠) خولەك تەرخان بکە لەم ماوەیەدا داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ڕاهێنانەکانی لاپەرەی پێداچوونەوە بکەن.
- لەم لاپەرەیە دەتوانی یارمەتی ئەو قوتابیانە بدەی کە ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە.
- دەتوانی بواری هاوکاری کردن لە نێوان قوتابیان بڕەخسێنی لەگەڵ گرنگی دان بەهێمنی پۆل و پاراستنی یاسای قوتابخانە.
- دەتوانی لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم لاپەڕەیە وەڵامی پرسیارەکانی قوتابیان بدەیتەوە.
- ئەوکاتەی دەمێنێتەوە لە دوای تەواو بوونی وانەکە تەرخان بکە بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکان وشیکارەکان.
- لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم لاپەڕەیە دڵنیا دەبیت لە توانای قوتابیەکانت لەسەر نووسینی ڕستەی لێدەرکردن کاتێ بەوێنە دەینوێنن وە لەسەر نواندنی ڕستەی لێدەرکردن بەهۆی وێنەکان، وە لەسەر لێدەرکردن لەمیانەی ١٠دا وە لەسەر شیکاری پرسیاری کۆکردنەوە و لێدەرکردن.
- ئامانجی ڕاهێنانەکانی ١ تا ٨ بۆ دڵنیابوونە لە تێگەیشتن و زانینی چەمکەکان و کارامەییەکان و زاراوە نوێیەکانی ئەم بەشەیە.
- ئامانجی ڕاهێنانی ٩ بۆ دڵنیابوون لە کارامەیی قوتابیانە لە جێبەجێکردنی ڕێگاکانی شیکاری پرسیارەکانە «نموونەیەك پێکبهێنە»

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

ئامانج: ئامانج لە لاپەڕەی «ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە» کە لە کتێبی قوتابی دا هاتووە کەلە ناونیشانی دیارە بریتیە لە ئامادەکردنی قوتابی بۆ تاقیکردنەوەی بەش. ئەم لاپەڕەیە چەمکەکان و کارامەییەکانی لەو بەشەدا هەیە لە خۆ دەگرێت هەر بڕگەیەك لەم لاپەڕەیە ئامانجێکی پەروەردەیی یان زیاتر لە خۆدەگرێت ئەمە خۆی لە خۆیدا تا ڕادەیەك ئامانجە پەروەردەییەکانی پەیوەست بەم بەشە لە خۆدەگرێت.

بەکارهێنانی لاپەڕە

- ئامانجی لاپەڕەی«ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە» بۆ قوتابیان ڕونبکەوە.
- داوا لە قوتابیان بکە لاپەڕەی «ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە» «کە لە کتێبی قوتابیدا هەیە» لە ماڵەوە جێبەجێ بکەن «یان لە پۆڵ ئەگەر کاتت هەبوو بۆ جێبەجێ کردنیی»



ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە
بەشی ٥

ناو ______________

وەڵامی گونجاو هەڵدەبژێرم.

١ کام ڕستەی لێدەرکردن ئەم وێنەیە دەنوێنێ؟

٦ − ٦ = ٠ ○
٦ − ٣ = ٣ ○
٦ − ٤ = ٢ ●
٦ − ١ = ٥ ○

٢ ٨ − ٢

١٢ ○
١١ ○
٦ ●
٥ ○

٣ ٩ − ٢

٦ ○
٧ ●
١٢ ○
١٣ ○

٤ لەسەر دارێك ٥ چۆلەکە هەیە. دووانیان فڕین، چەند چۆلەکە لەسەر دارەکە ماونەتەوە؟

٠ ○
١ ○
٣ ●
٥ ○

٥ جیاوازی چەندە؟

٨ − ٣ = ______

٥ ●
٦ ○
٨ ○
١١ ○

٦ کامیان لەمانەی خوارەوە ڕێگایەکی ترە بۆ نووسینی ٦− ٢=٤ ؟

$$\begin{array}{r} ٨ \\ ٢- \\ \hline ٦ \end{array}$$ ○

$$\begin{array}{r} ٨ \\ ٦- \\ \hline ٢ \end{array}$$ ○

$$\begin{array}{r} ٤ \\ ٢- \\ \hline ٢ \end{array}$$ ○

$$\begin{array}{r} ٦ \\ ٢- \\ \hline ٤ \end{array}$$ ●

٨٠

تاقیکردنەوەی بەش

تاقیکردنەوەی بەش دەکەوێتە چوارچێوەی تاقیکردنەوەکانی بەدەستهاتووە

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوەی بەش:

- دەتوانی ئەم تاقیکردنەوانە وەکوخۆی بەکاربێنیت.
- دەتوانی لەم تاقیکردنەوانە چەند پرسیارێکی دیاری کراو هەڵبژێری، تیایدا تاقیکردنەوەکانی لێ پێك بهێنی.
- دەتوانی لەم تاقیکردنەوانە چەند پرسیارێکی دیاری کراو هەڵبژێری، لە سەر ئەم پرسیارانە بەخۆت پرسیاری تری لەسەر دابنێی.
- دەتوانی بەخۆت گشت پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی لەسەر دابنێ ی، بەپشت بەستن بەو پرسیارانەی لە تاقیکردنەوەی بەشدا هەیە.

مەرجەکانی ئامادە بوون بۆ تاقیکردنەوە.

- دەبێت کاتی دیاری کراوی تایبەت بە تاقیکردنەوەکان کاتێکی تەواو و گونجاو بێت بۆ قوتابیان.
- پرسیارەکانی ئەم تاقیکردنەوانە دەبێت ئەو ئامانجەی کە فێرت کردوونە بەبێ کەم و زیاد بەرجەستە بکات.
- پرسیارەکانی ئەم تاقیکردنەوانە دەبێت ئامانجەکان بەشێوەیەکی هاوسەنگ لەگەڵ ڕەچاوکردنی گرنگی ئامانجەکان بەرجەستەبکات.
- دەبێت تاقیکردنەوەت (پرسیارەکانی شێوەی أ) و (پرسیارەکانی شێوەی ب) لەگەڵ گرنگی دان زیاتر بە (شێوەی أ) و هەروەك لە کتێبی ڕێبەری هەڵسەنگاندن هەیە.
- دەبێت پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بەش بەشێوەیەکی ڕوون و ڕێك و ئاشکرا چاپ کرابێت.

ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی بەش

- وانەیەکی تەواو تەرخان بکە بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی بەش.
- بۆ قوتابیان باسبکە لەسەریان پێوستە لە پرسیارەکانی هەڵبژاردنی فرە وەڵام وەڵامی دروست دەورەبدەن، وە لە پرسیارەکانی «چی دەزانی بینووسە» پێویستە شیکارەکانیان بەدەست خەتێکی جوان و خۆش و خاوێن بنووسن.
- لەکاتی بوونی کاتی بەتاڵ چ لە قوتابخانە چ لە ماڵەوە تاقیکردنەوەکان بپشکنە و تێبینیەکانت لەسەر تۆماربکە بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان بە حاڵە لاوازەکانی قوتابیان هەیە.

بەشی ٦

چەند ڕێگایەك بۆ کۆکردنەوە و لێدەرکردن

پلانی بەش

پێشکەشکردن و ئامادەبوون بۆ بەشەکە کات/ ۱ وانە

وانە	ئامانج	زاراوەکان	کەرەستەکان	کاتی خەملێنراو
٦-١ بەرەو پێش دەژمێرم ل ٨٣ – ٨٤	بەرەو پێش دەژمێرم بۆ دۆزینەوەی سەرجەم	**ژماردن بو پێش**	کوپی کاغەزی و پەپکە	۲ وانە
٦-٢ دوو ئەوەندە ئەنجام دەدەم ل ٨٥ – ٨٦	دوو ئەوەندە بەکار دێنیت بۆ ئەوەی سەرجەمی بدۆزیتەوە لە میانەی ۱۰	**دوو ئەوەندە**	شەش پاڵووی پێکەوە بەستراو	۱ وانە
٦-٣ لە میانەی ١٠ کۆدەکەمەوە ل ٨٧ – ٨٨	ڕاستییەکانی کۆکردنەوە لە میانەی ۱۰ جێبەجێدەکات ولە بەری دەکات.	**ریز کردن**		۲ وانە
٦-٤ بەرەو پاش دەژمێرم ل ٨٩ – ٩٠	بەرەو دواوە دەژمێرم بۆ ئەوەی لێدەربکەم	**هێڵی ژمارەکان** **ژماردن بەرەو دواوە**		۲ وانە
٦-٥ کۆکردنەوەو لێدەرکردن بەیەکەوە دەبەستێتەوە ل ٩١ – ٩٢	پەیوەندی نێوان کۆکردنەوە و لێدەرکردن دەزانێت		شەش پاڵووی پێکەوە بەستراو	۲ وانە
٦-٦ ڕاستیە پێکەوە بەستراوەکانی لێدەرکردن ل ٩٢ – ٩٤	ڕستەکانی لێدەرکردن لە میانەی ۱۰ دەناسێت و هەمان ژمارەکان بەکاردێنێ		شەش پاڵووی پێکەوە بەستراو	۲ وانە
٦-٧ پرسیارێك شیکاردەکەم کردارێکی گونجاو هەڵدەبژێرم ل ٩٥ – ٩٦	پرسیارێك بەبەکارهێنانی کردارێکی گونجاو شیکاردەکات.	**کرداری گونجاو**	پێنووسکان	۲ وانە
■ **پێدچوونەوە ل ٩٧**				۱ وانە
■ **تاقیکردنەوەی بەش ل ٩٨**				۱ وانە

تێبینی: ● دابەشکردنی بەشە وانەکان بەسەر وانەکانی ئەو بەشەی سەرەوە دابەشکراوێکی خەملێنراوە دەتوانیت ڕێکی بخەیت و بیگونجێنی بە پێی بارودۆخ و ژینگەی قوتابیان، ئەوکاتەی کە بۆ وانەکان دانراوە جێگیرنیە، بەڵگو دەگۆڕێت بە پێی پێویست.

● ئەو کەرەستانەی کە ناویان هاتووە یان هاوشێوەکانیان کە پێت گونجاوە ئامادەی بکە پێش دەستپێکردنی وانەکە.

بیرکاری بەپێی پۆلەکان

پۆلی یەکەم

- ڕێگاکانی جیاواز بەکاردێنێت بۆ کۆکردنەوە.
- خشتەی کۆکردنەوە تەواو دەکات.
- بۆ شیکارکردنی پرسیارەکان بە وێنە دەنوێنێ.

پۆلی دووەم

- تێگەیشتنی زیاتر دەبێت لە بارەی ڕاستییەکانی کۆکردنەوە ولێدەرکردن وبەکارهێنانیان.
- پەیوەندی پێچەوانەی نێوان کۆکردنەوە و لێدەرکردن بەکاردێنێت بۆ شیکارکردنی پرسیارەکان.

تێڕوانینێك بۆ دواوە زانیارییەکان و کارامەییە داواکراوەکان.

ئامادەبوون بۆ خوێندنی ئەم بەشە پێویستە قوتابی ئەم زانیاری و کارامەییانەی خوارەوەی هەبێت

- **چەمکی کۆکردنەوە:** سەرجەم دەنوسێ تا ژمارەی ٦
- **چەمکی لێدەرکردن:** جیاوازی لە میانەی ٦دا دەنووسێت
- **زاراوەکان:** لێدەرکردن، کۆکردنەوە

تێڕوانینێك بۆ بەشەکە کارامەییە بنچینەییەکان

قوتابی لە ماوەی خوێندنی ئەم بەشەدا ئەم کارامەییانە ی خوارەوە وەردەگرێت :

- ڕاستییەکانی کۆکردنەوە لە میانەی ١٠ جێبەجێدەکات و لەبەری دەکات.
- ڕێساکانی کۆکردنەوە بەکاردەهێنێ بۆ تەواو کردنی خشتەکان لەسەر کۆکردنەوە لە میانەی ١٠
- نموونەکان و رستە ژمارەییەکان پێکەوە دەبەستێتەوە.
- چەند ڕێگایەکی لێدەرکردنی جیاواز لە میانەی ١٠دا جێبەجێ دەکات.

تێڕوانینێك بۆ پێشەوە بوارەکانی جێبەجێکردن

قوتابی ئەوەی لەم بەشەدا فێری بووە و جێبەجێیان دەکات لەسەر چەمکە نوێیەکانی خوارەوە:

- ڕاستییەکانی کۆکردنەوە لە میانەی ١٢ (بەشی ١٠).
- ڕاستیەکانی کۆکردنەوە و ڕێگاکانی کۆکردنەوە لە میانەی ٢٠ (بەشی ١٣)
- کۆکردنەوەی ژمارەکانی دوو ڕەنووسی (بەشی ١٣)
- بەکارهێنانی ڕستەکانی لێدەرکدن و ڕێگاکانی لێدەرکردن (بەشی ٩، بەشی ١٣)
- بەیەکەوە بەستنەوەی کۆکردنەوەو لێدەرکردن (بەشی ٩، بەشی ١٢)


بەشی ٦
چەند ڕێگایەك بۆ كۆكردنەوە و لێدەركردن
بەدوای دوو كۆمەڵەدا دەگەڕێین بۆ بەدەستهێنانی ١٠
٨١

بەشی ٦ چەند ڕێگایەك بۆ كۆكردنەوە و لێدەركردن

پێشكەشكردنی بەش

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟

ئامانج

- ئەم بڕگەیە بیرۆكەی ناسینی چەند ڕێگایەكی جیاواز دەبەخشێتە قوتابیان بۆ جێبەجێكردنی هەردوو كرداری كۆكردنەوەو لێدەركردن وە یارمەتیان دەدات لەسەر دۆزینەوەی بەهای كۆكردنەوە یان لێدەركردنی دوو ژمارە بەكاتێكی كورت ئەمە بناغەی ئەژمێركردنی هزری لەلایەن قوتابیان دروست دەكات، وە توانایان زیاتر بەهێزدەكات لەسەر لەبەركردنی ڕاستیەكانی كۆكردنەوەو لێدەركردن، یەكێك لەم ڕێگایانە بەرەوپێش دەژمێرم، دوو ئەوەندە دەكەم، بەرەوپاش دەژمێرم. دەتوانیت ئەم بیرۆكەیە بەكاربێنیت بۆ ئەوەی سەرنجی قوتابیان بۆ ناوەرۆكی بەشەكە رابكێشیت.
- لەوانەیە قوتابیان بپرسن بۆچی ئەم بابەتە فێردەبین؟
- گرنگی رونكردنەوەی ئەو زانیاریانەی كە لەو بەشەدا دووبارە دەبێتەوە كە پەیوەندیان بە ژینگەو دەوروبەرەوە هەیە وا لە قوتابیان دەكات كەوا هەڵوێستیان باش بێت دەربارەی مامۆستایەكەی وبابەتەكانی بەشەكە، وەهانیان دەدات لەسەر پێشوازی كردن و بەشداری بوون لە چالاكیە جۆراوجۆرەكان كە تیایدا بەوپەری خۆشەویستی بۆیان دەگێڕێتەوە.

قوتابیان ئاگاداربكەوە كەوا جێبەجێكردنی ڕاستیەكانی كۆكردنەوە یارمەتیان دەدات لەسەر شیكاری پرسیارەكان بە خێرایی و بە شێوەیەكی دروست.

لاپەڕەی دەستپێكردن

ئامانج

- لەم بڕگەیەدا پرسیارێك لەسەر وێنەی دەستپێكردنی بەش لە كتێبی قوتابی هەیە.

- ئەم پرسیارە سەرەتاو ئارەزوو ئامادەباشی و گەرم و گوڕی بۆ قوتابیان بەدەست دێنێ. ئاڕاستەیان بكە با گفتوگۆ دەربارەی وێنەكە بكەن و وەڵامەكان بدۆزنەوە داوایان لێبكە با ئەو دوو كۆمەڵەیەمان نیشان بدەن كاتێ كۆیاندەكەیتەوە سەرجەمیان دەكاتە ١٠ بە هاوكاری لەگەڵ قوتابیان ئەو خشتەیەی دێت دروست بكە.

ئەو ڕاستیە كۆكردنەوانەی كە دەیزانێت			ئەو ڕاستیە كۆكردنەوانەی كە فێری دەبێت		
٣	٢	٤	٥	٦	٧
١ +	٢ +	١ +	٥ +	٢ +	٣ +

دڵنیابە لە زانیارییەكانت

سەرجەم لە میانەی ٦

سەرجەم دەنووسم.

١ ٣ + ٣ = ٦



٢ ٢ + ٣ = ٥



لێدەردەكەم

جیاوازی دەنووسم.

٣ ٥ − ١ = ٤



٤ ٥ − ٣ = ٢



ئاگاداریە... قوتابیان لەم بەشەدا فێری چەند ڕێگایەك بۆ كۆكردنەوەو لێدەركردنەوە دەبن وەك بەرەوپێش دەژمێرم، بەرەوپاش دەژمێرم، دوو ئەوەندە دەكەم... هیتر. قوتابیان لەم بەشەدا كۆكردنەوە و لێدەركردن بەیەكەوە دەبەستێتەوە ئەمە كارێكی زۆر گرنگە، قوتابی لەم میانەدا دەزانێت فێری ئەوە ببێت یەكێك لە كردارەكان بەكاربێنێت بۆ دۆزینەوەی ئەویتریان.



نامەیەك بۆ كەسوكار

كەسوكاری بەڕێز

ئەمڕۆ دەست دەكەین بە بەشی ٦. فێردەبین چۆن بەرەوپێش دەژمێرین، دوو ئەوەندە دەناسین كە هەندێ جار یارمەتیمان دەدات بۆ دۆزینەوەی سەرجەم فێردەبین چۆن بەرەو پاش دەژمێرین، چۆن هێلی ژمارەكان بەكاردەهێنین بۆ دۆزینەوەی جیاوازی نێوان دوو ژمارە.

ئەم لاپەڕەیە هەندێ زاراوەی بیركاری نوێ وچالاكی لە خۆ دەگرێت بەیەكەوە لە ماڵەوە پێی هەڵدەستین.

لەگەڵ ڕێزدا.

____

زاراوە نوێیەكانم

دوو ئەوەندە
ژماردن بەرەوپێش
ژماردن بەرەو پاش
هێڵی ژمارەكان

زاراوەكان

دوو ئەوەندە سەرجەمی دوو ژمارەی یەكسان.

٤ + ٤ = ٨ ٨ **دوو ئەوەندەی** ژمارەی (٤)ە

ژماردن بەرەو پێش ڕێگایەكە بۆ كۆكردنەوە.بۆ ئەوەی ٦، ٢ كۆ بكەیتەوە لە ژمارە گەورەكەی ٦ دەستپێبكە پاشان بەرەو پێش دووجار بژمێرە:٧، ٨.

٦+ ٢ = ٨

ژماردن بەرەو پاش ڕێگایەك بۆ لێدەركردن. ژماردن بەرەو پاش بەكار دەهێنین بەدەستپێكردنی بە ژمارە گەورەكە. ٥ – ٢ = ٣

بە ٥ دەست پێ دەكەم پاشان ٢ دەژمێرم بەرەوپاش ٤، ٣.

هێڵی ژمارەكان بەكاردەهێنم بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدات لەسەر هێڵی ژمارەكان بەرویاش بژمێرین.

چالاكی

چەند پرسیارێك دابڕێژە.كۆكردنەوەی تێدا بێت. ئەو شتانە بەكاربهێنە كە لە ژیانی ڕۆژانەدا لە ماڵەوە یان لە شوێنی تر دەیبینیت.

دوو كۆمەڵە شتی یەكسان لە پێش خۆت دابنێ بە مەرجێك یەكێك لەو كۆمەڵانە لە یەك تا چوار شتی تێدابێ.

هاریكاری منداڵەكەت بكە بۆ ناسینی دوو ئەوەندە. داوای لێبكە سەرجەمەكەت بداتێ.

هەروەها كۆمەڵەیەك لە ١٠ دەنكە بادەم یان مێوژ پێشكەش بە منداڵەكەت بكە داوای لێبكە كە دەنك دوای دەنك بیخوات لەهەر جارێكدا ڕستەی لێدەركردنی گونجاو بنوسێت.

٨٢

پەیوەندی لەگەڵ كەسوكار

نامە

ئەو نامەیەی ئاراستەی كەس و كار دەكەیت بۆ قوتابیان بخوێنەوە با گوێ بیستی بن وە داوایان لێبكە با واژۆی بكەن، ئەو دەرفەتی ئەو نامەیە بە دەست دێنێ بەكاربێنە بۆ ئەوەی باسی داب و نەریتی گشتی لە ژیانیاندا بكەی وەك گوێ گرتن لەوانی تر، زیادڕۆی كاتێك لە ژووری پۆل دەوەستن، یان كاتێك بە دەنگێكی بەرز قسە دەكەن، سەرزەنشتی ئەو قوتابیانە مەكە كە واژووەكەیان دەگۆڕن چونكە ئەمە كارێكی سروشتیە لەگەڵ گەشەكردن و پێشكەوتنی كەسایەتی قوتابی بەرەوپێش دەچێت.

ئەم زاراوە نوێیانە بەپێی پێویست لەسەر ئەو تەختە تایبەتەی بۆ ئەم مەبەستە دانراوە لە ژووری پۆل یەك لە دوای یەك زیادبكە.



شرۆڤەكردنی زاراوەكان

ژماردن بەرەو پێش:	چالاكیەكی هزریە بۆ كۆكردنەو لەگەڵ ١ یان ٢ یان ٣ بەكاردێنێت.
دوو ئەوەندە:	سەرجەمی دوو ژمارەی یەكسانە.
ڕستەی ژمارەیی:	دەستەواژەیەكی ژمارەییە نیشانەی یەكسانی تیادا بەكاردێت بۆ نواندنی یەكسانبوونی هەردوو بڕەكەی دەكەونە هەردوو لای نیشانەكە.
ژماردن بەرەو پاش:	چالاكیەكی هزریە بۆ لێدەركردن ئەگەر ژمارە دەركراوەكە بریتی بوو لە ١ یان ٢ یان ٣.
هێلی ژمارەكان:	هێلێكی ڕاستە ژمارەكان لەسەری بەخاڵ دەنوێنرێت.



Star Group

وانەی ١

بەرەو پێش دەژمێرم

پلانی وانەکە

ئامانج : بەرەو پێش دەژمێرێت بۆ ئەوەی سەرجەم بدۆزێتەوە

زاراوەکان : ژماردن بەرەو پێشەوە

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- جەبر
- ڕێنوێنی وسەلماندن
- گەیاندن
- بەستن
- نواندن

ڕۆژانە

ڕۆژەکانی هەفتە بەریز لە شەممەوە بڵێ لەگەڵ قوتابیان بدویێ وهەڵەکان ڕاستبکەوە.

ڕۆشنایی پەروەردەیی

لەم وانەیدا قوتابیان یەکەم ڕێگای هزری فێردەبێت کە یارمەتیان دەدات بۆ هەڵسان بە کرادی کۆکردنەوە و لەبەرکردنی ڕاستییەکانی پەیوەست بە کۆکردنەوە . ژماردن بەرەو پێش ڕێگایەکی هزرییە قوتابی بەکاری دێنێت لەسەرەتا بۆ زیادکردنی ٣،٢،١ بۆ چارەسەرکردنی ڕوداتێك وەك ٥+٢ قوتابی دەست بە ٥ دەکات و بەرەو پێش دوو هەنگاو دەچێت ٧،٦ کرداری ژماردن بۆ پێشەوە کاریگەر نییە لە هەندێك ڕوداودا وەك ٧+٥ . کاتێك قوتابی بەرەو پێش دەژمێرێ لە ٣ هەنگاو زیاتر تووشی هەڵە دەبێت.

چالاکی

نواندنی بەرەو پێش دەژمێرم

دوانەیی

هەستی-جوڵەی

ئامانج کرداری ژماردن بۆپێشەوە دەنوێنێ بۆ دۆزینەوەی سەرجەم

کەرستەکان بۆ هەر دوانەیەك چەند کوپێکی کاغەز و ١٠ پەپکە لە دوو ڕەنگ

- داخاز لە قوتابیان بکە بەرەو پێش بژمێرن لەهەر ژمارەیەکەوە دەستی پێدەکەن. بۆ نموونە داوایان لێبکە لە ژمارە ٤ بەرەو پێش ٢ هەنگاو بژمێرن . داوایان لێبکە بە ئەسپایی « دەنگی نزم » بڵێن ٥ یان دەنگی ژمارەی ٥ بە خەیاڵەوە بڵێن دوایی ژمارەی ٦ بە ڕوون و ئاشکرا بڵێن . ئەم کارە دووبارە بکەوە لەگەڵ ژمارەیەکی تر.

- کوپەکان و پەپکەکان دابەش بکە بەسەر قوتابیان و داوایان لێبکە ٤ پەپکە لەناو کوپێك دابنێت .پاشان ٢ پەپکەی تر دابنێت لە دەرەوەی کوپەکە . داوایان لێبکە ژمارەی ٤ بڵێن و دوو پەپکەکەی تر یەك لە دوای یەك بکەنە ناو کوپەکە . ئاراستەیان بکە بەرەو پێش بژمێرن هەرکاتێ پەپکەیەك دەخەنە ناو کوپەکە.

ڕێکخستنی وانەی ١

ئامانج : بەرەو پێش دەژمێرێت بۆ ئەوەی سەرجەم بدۆزێتەوە

پرسیاری ئەمڕۆ

دارا ٤ کۆتری بینی، پاشان کۆترێکی تری بینی لە هێلانەکەیدا، کۆترێکی تری بینی لەسەر سەربانی خانوویەك پاشان یەکێکی تری بینی دەفڕی. ئایا دارا چەند کۆتری بینیوە؟ ٧ کۆتر.

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٤ + ٢ = ٦　　٢ ٢ + ٢ = ٤

٣ ٥ + ١ = ٦　　٤ ٣ + ١ = ٤

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟ ژماردن بەرەوپێش ڕێگایەکی هزری پێکدەهێنێت بۆ دۆزینەوەی سەرجەم. ئەگەر ئەمە نەسەپاندرا لەسەر قوتابیانە لە ژمارە ١ دەست بەژماردن بکە.



وانەی ١ بەرەو پێش دەژمێرم

بەکار دەهێنم. بەرەوپێش دەژمێرم. سەرجەم دەنووسم.

١ ٥ + ١ = ٦

٢ ٨ + ١ = ٩

٣ ٤ + ٢ = ٦

٤ ٨ + ٢ = ١٠

٥ ٦ + ١ = ٧

٦ ٧ + ٢ = ٩

باسبکە ■ ڕێنوێنی

چۆن بەرەو پێش دەژمێری بۆ دۆزینەوەی سەرجەمی ٦ + ٢ = ؟

ئایا بەلاتەوە گرنگە بەکام ژمارە دەست پێ بکەیت؟

٨٣

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- ٦ پەپك لەناو کوپێك و دوو پەپك لە دەرەوەی کۆپەکە دابنێ. **بپرسە چەند پەپك لەناو کوپەکەیە؟**
- ژمارە ٦ لەسەر کوپەکە بنووسە؟
- دووبارە بڵێوە: **دوو پەپکی تر لەناو کوپەکە دادەنێم، پاشان ژمارەی گشتی پەپکەکانی ناو کوپەکە دەژمێرم.**
- دووبارەی بکەوە: **دەتوانم بەرەوپێش بژمێرم بۆ ئەوەی ژمارەی گشتی پەپکەکانی ناو کوپەکە بدۆزمەوە.**
- دەست بە ژماردن بکە بەدەست پێکردن لە ژمارە ٦ بە بەشداری کردنی قوتابیان بە دەنگێکی بەرز با لەگەڵتا دووبارە ژمارە ٦ بڵێنەوە پاشان پەپکێك بۆیان زیادبکەو ژمارە ٧ پێکەوە بڵێنەوە لە دواییدا پەپکی تری بۆ زیاد بکەو ژمارە ٨ دووبارە بکەنەوە.
- ئێستا ڕستەی کۆکردنەوەی: ٦+٢=٨ بنووسە.
- ژمارە ٦ی سەر کوپەکە بسڕەوە، وە لە شوێنی ژمارە ٨ بنووسە.
- **بپرسە بۆچی هەستایت بە ژماردن بە دەستپێکردن لە ژمارە ٦ نەوەك لە ژمارە ٢؟** داوا لە یەکێك لە قوتابیەکان بکە با بۆ هاوڕێیەکانی ڕونبکاتەوە کەوا ژماردن بە دەستپێکردن لە ٢ زەحمەت ترە لە بە دەستپێکردن لە ژمارە ٦.
- کوپێکی لە کاغەز دروست کراو و پەپکەکان بەسەر قوتابیەکان دابەشبکە، داوایان لێبکەبا چالاکیەکانی لاپەرەکە بەپێی نموونەکان جێبەجێبکەن.

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باسبکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە

وەڵام: لە ژمارە ٦ دەست بە ژماردن دەکەم وە ٢ دەژمێرم، ژماردن بە دەستپێکردن لە ژمارە گەورەکە ئاسانترە.

ئاگاداربە... سەرنجی قوتابیان ڕاکێشە بۆ ئەوەی کاتێك دەست بە ژماردن دەکەن بەرەوپێش پێویستیان بە نواندن نابێت بە هۆی وێنەکێشان، بەڵام نواندن یارمەتیان دەدات لە ساغکردنەوە لە وەڵامەکانیان، بە تایبەتی لە سەرەتادا.



ڕاهێنان دەکەم

بەرەو پێش دەژمێرم. سەرجەم دەنووسم.

١ ٧ + ٣ = ١٠

٢ ٦ + ٢ = ٨

٣ ٥ + ٢ = ٧

٤ ٨ + ١ = ٩

٥ ٩ + ١ = ١٠　٨ + ٢ = ١٠　٦ + ٣ = ٩

٦ ٧ + ٢ = ٩　٥ + ٣ = ٨　٣ + ٣ = ٦

ڕستەی کۆکردنەوە تەواو دەکەم.

٧ سەرجەم ٨　٦ + ٢ = ٨

٨ سەرجەم ٧　٦ + ١ = ٧

چالاکی ماڵەوە • داوا لە منداڵەکەت بکە شتەکان بژمێرێت لە کۆمەڵەیەکدا. ژمارەی دانەکانی لە ٨ کەمتر بێت. پاشان داوای لێبکە بەرەو پێش بژمێرێت بە زیاد کردنی ٣.

٨٤



ڕاهێنان ٦–١

قوتابخانە..........ناوی قوتابی..........پۆل: یەکەم هۆبەی..........بەروار / /

بەرەو پێش دەژمێرم　وانەی ٦-١

● بەکارهێنانی بەرەوپێش دەژمێرم. سەرجەم دەنووسم.

١ ٧ + ٢ = ٩

٢ ٦ + ١ = ٧

٣ ٤ + ٢ = ٦　٥ + ١ = ٦　٨ + ٢ = ١٠

٤ ٢ + ٢ = ٤　١ + ٢ = ٣　٨ + ١ = ٩

٥ ٥ + ٢ = ٧　٣ + ١ = ٤　٧ + ١ = ٨

٦ ٦ + ٢ = ٨　٤ + ١ = ٥　٣ + ٢ = ٥

پێداچوونەوە

ئەو ژمارەیە دەنووسم کە یەکێ زیاترە

٧ ٦. ٧　٤. ٥　٢. ٣

٨ ٥. ٦　٧. ٨　٩. ١٠

ڕاهێنان ل ٣١

ئاگاداربە... ئەگەر بینیت هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە شیکاری ڕاهێنانەکان، سەرەتا لەگەڵیان چەمکی ژماردن بەرەوپێش بە زارەکی گفتوگۆبکە وە لێیان بگەڕێ با وەڵامەکانیان ساغبکەنەوە بەهۆی نواندن، لە دواییدا چەند ڕاهێنانەکی زیادیان بۆ دیاربکە بۆ شیکارکردن.

ئاگاداربە... هەڵەی باو هەندێ لە قوتابیان کرداری ژماردن بە مسۆگەردەزانن کاتێك لە ژمارە دەست پێکراوەکە دەست پێدەکەن سەرجەم لەلایان یەك زیاد دەکات، هۆشیاریان بکەوە چاودێری کارەکانیان بکە. وە هەروەها هەندێ لە قوتابیان دەست بە ژماردن لە ١ دەکەن لە جیاتی ئەوەی بەرەوپێش بژمێرن، بۆ ئەوەی یارمەتیان بدەی تا ڕزگاریان بێت لەم کێشەیە، کارتێك بەکاربێنە ئەو ژمارەیەی لەسەربێت کە پێویستە لێی دەست بە ژماردن بەرەوپێش بکەی.

داوا لە قوتابیان بکە با ئەو ڕاهێنانانەی کە لە لاپەرە ٨٤ دا هاتووە شیکاربکەن

- داوا لە قوتابیان بکە با ڕاهێنانەکانی ١ تا ٥ جێبەجێ بکەن.
- هەریەك لە چالاکیەکانی ٦ و٧ بوارێکی باش دەرخسێنێ بۆ گەشەکردنی بیرکردنەوەی جەبری لەلایەن قوتابیان ئەویش بە خستنە ڕووی پەیوەندی نێوان بەش – بەش – هەموو، وە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕادە نادیارەکە.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی پۆل

گفتوگۆ و نووسین بۆ یەکێك لە هاوڕێیەکانت ڕوونبکەوە چۆن دەژمێریت بۆ ئەوەی سەرجەمی ٧ + ٢ بدۆزیەوە. دەڵێم ٧ دووجار بەرەوپێش دەژمێرم ٨، ٩.

تاقیکردنەوەی وانەکە

بەرەوپێش دەژمێرم، سەرجەم دەنووسم

٧

٧ + ٢ = ___

أ ٨　ج ٧

[✓ ب] ٩　د ٦

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با ڕاهێنانەکانی ٢، ٣، ٥ کە لە وانەی ٦–١ دا هاتووە لە ماڵەوە لە کتێبی ڕاهێنان شیکاربکەن.
- هانیان بدە با لە ماڵەوە ئەو ڕاهێنانەی کە لە بڕگەی (پێداچوونەوە)دا هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان شیکاربکەن، وە بۆیان ڕوونبکەوە کەوا ئەم ڕاهێنانە پێداچوونەوەی کارامەییەکانی پێشوو بەدەست دێنێ.

وانەی ٢

دوو ئەوەندە ئەنجام دەدەم

پلانی وانەکە

ئامانج: دووئەوەندە بەکاردەهێنێ بۆ دۆزینەوەی سەرجەم لەمیانەی ١٠

زاراوەکان دووئەوەندە

کەرەستەکان شەش پالوو، تەختەکانی کار

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- جەبر
- شیکاری پرسیارەکان
- ڕێنوێنی و سەلماندن
- گەیاندن
- بەستن
- نواندن

ڕۆژانە

هونەر بەم شێوە دەژمێرێ ١، ٢، ٣، ٥، ٦ هەڵەی هونەر لەکوێ دایە؟

ژمارەی ٤ ی ناونەهێنا. ١، ٢، ٣، ٤، ٥.

پێشینەی بیرکاری

لەم وانەیەدا قوتابیان بیرۆکەی دووئەوەندە دەدۆزنەوە. دووئەوەندە بریتییە لە سەرجەمی دوو ژمارەی یەکسان: ٤ دووئەوەندەی ٢ ، ٦ دووئەوەندەی ٣ ، ٨ دووئەوەندەی ٤ . لێرەدا پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لەنێوان بیرۆکەی جووت لەگەڵ بیرۆکەی دووئەوەندە هەرچەند جیاوازیشیان هەیە، یەکەمیان شتومەکی (مادەی) هەست پێکراو و هەست پێ نەکراو نیشاندەدات پێکهاتووە لە ٢ دانە، بەڵام دووەم ژمارەکان دەنوێنێ، لەڕووی تێ ڕوانینەوە دووئەوەندە دۆخێکی تایبەتەو پێشەکیەکی پێویستە بۆ بیرۆکەی دووئەوەندە.

چالاکی

جووتێک

بینین-بۆشایی

نواندنی دووئەوەندەکان

ئامانج: دۆزینەوەی دووئەوەندە بەکردار.

کەرەستەکان بۆ هەردوانەیەك چەند پەپکەیەك، هەرپەپکەیەك لە دوو ڕەنگ.

- داوا لەیەك لەقوتابیان لەهەر دووانە دابکەکە سێ پەپکە بەیەك ڕیز دابنێت پاشان سێ پەپکەی ترلە ریزێکی تر لە ژێر ریزی سەرەوەدا دابنێن. داوا لە قوتابیەکی تر بکە لە دووانەکەدا کە بژمێرێت بۆ پێشەوە بۆ دۆزینەوەی سەرجەم. پرسیاری قوتابیان بکە دەتوانن. چی پێش بینی بکەن لەم دوو ریزەدا؟ هەردوو ریز وەك یەکن ، هەمان ژمارەی پەپکە لەهەر ڕیزێکدا هەیە.
- ئاگاداری قوتابیان بکە کە ژمارە ٦ دووئەوەندەی ژمارە ٣ ـە داوا لەهەردوانێك لە قوتابیان بکە دوو ئەوەندیەکی تر بدۆزنەوە بەبەکارهێنانی پەپکەکان وەك پێشو قوتابیان هان بدە بۆ بەکارهێنانی وشەی دووئەوەندە بەشێوەیەکی دروست.



ڕێکخستنی وانەی ٢

ئامانج: دووئەوەندە بەکاردەهێنیٚ بۆ دۆزینەوەی سەرجەم لەمیانەی ١٠

پرسیاری ئەمڕۆ

دوێنی ٣ لە هاوڕێکانت میوانداریان کردی. هەریەکەیان برایەکی لەگەڵ بوو ژمارەی میوانەکان چەند بوون؟ ٦

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٢ + ٢ = ٤

٢ ٤ + ٤ = ٨

٣ ١ + ١ = ٢

٤ ٣ + ٣ = ٦

بۆچی ئەم بابەتە فێردبین؟ بەکارهێنانی دوو ئەوەندە یارمەتیدەرە بۆ ئاسانکاری کردارە ژمێرەییەکان.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- داوا لە قوتابیان بکە با تەختەکانی کاروشەشپاڵوو بەیەکەوە بەستراوەکان بەکاربێنن بۆ ئەوەی ئەو چالاکیەی لای سەرەوەی لاپەڕەکە جێبەجێ بکەن.
- چۆنیەتی دانانی شەشپاڵووەکان لەسەرتەختەکانی کار بەپێی نموونەکان بۆیان ڕوونبکەوە بۆ ئەوەی ڕستەی کۆکردنەوەکە بنووسن.
- بۆیان ڕوونبکەوە کەوا سەرجەمی دووژمارەی وەکوویەك دوو ئەوەندە پێك دەهێنن.
- بپرسە **بۆچی ٣ و ٣ دوو ئەوەندە پێك دەهێنێت؟** چونکە هەمان ژمارە دووبارە بویتەوە.
- داوا لە قوتابیان بکە با تەختەکانی کاروشەشپاڵووە بەیەکبەستراوەکان بەکاربێنن بۆ جێبەجێکردنی چالاکیەکانی ١ تا ٤.
- لێیان بپرسە **بۆچی سەرجەم لەهەموو چالاکیەکان دوو ئەوەندە پێك دەهێنیٚ؟** پاشان هانیان بدە با چەند دوو ئەوەندەی تر بڵێن.



وانەی ٢ دوو ئەوەندە ئەنجام دەدەم

٣ + ٣ = ٦

به کاردەهێنم.
ڕستەیەکی کۆکردنەوە دەنووسم.

١ ١ + ١ = ٢

٢ ٢ + ٢ = ٤

٣ ٤ + ٤ = ٨

٤ ٥ + ٥ = ١٠

باسبکە ■ ڕێنوێنی
کام ژمارە لەم ژمارانە دوو ئەوەندە نییە؟ دیاریبکە.

٨٥

- چەند شەمەندەفەری شەشپاڵووەکانت پێویستە بۆ نواندنی دووئەوەندەی ٦ + ٦ = ١٢، وە ژمارەی شەشپاڵووەکانی هەر شەمەندەفەرێك چەندە؟ دوو شەمەندەفەرم پێویستە کە ژمارەی شەشپاڵووەکانی هەر شەمەندەفەرێك ٦ شەشپاڵووبێت.

ئاگاداریە... لەگەڵ قوتابیان جەخت لە چەمکی دوو ئەوەندە بکەوە کەوا بریتییە لە کۆکردنەوەی ژمارەیەك لەگەڵ خوٚی. سەرنجیان ڕابکێشە کە لەگەڵ تێپەڕبوونی کات پێویستە هەستن بە دوو ئەوەندەکردن بەبیٚ ئەوەی نواندن ئەنجام بدەن، وە هەروەها پێویستە ئەو ژمارانە بناسن کە دوو ئەوەندە دەنوێنن.

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باسبکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە.

وەڵام: ژمارە (٥) دوو ئەوەندەنیە چونکە سەرجەمی دوو ژمارەی یەکسان نیە.

ئاگاداربە... هەڵەی باو هەندێ لە قوتابیان دوو ئەوەندە و ژمارە ٢ بەیەکەوە دەبەستنەوە، هەندێ جار ژمارە ٢ بۆ ژمارەکە زیاددەکەن لەجیاتی ئەوەی دوو ئەوەندەی بکەن، بۆیان ڕوونبکەوە کەوا دوو ئەوەندە بریتییە لە سەرجەمی دووژمارەی یەکسان.

داوا لە قوتابیان بکە شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لە لاپەڕە ٨٦ دا هاتووە

پرسیارێك شیکاردەکەم ● بیرکردنەوە بە بینین

- وێنەکان یارمەتی قوتابیان دەدات لەسەر چەسپاندنی چەمکی دووئەوەندەو بەستنەوەی ئەم چەمکە بە ژمارە جووتەکان.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی پۆل

گفتوگۆ و نووسین باسبکە ووشەی دووئەوەندە چی دەگەیەنێ وە نموونەیەك لەسەر ئەمە بهێنەوە. دوو ئەوەندە بریتییە لەسەرجەمی دووژمارەی یەکسان وەك ٢+٢=٤

تاقیکردنەوەی وانەکە

دووئەوەندەکان دە دۆزمەوە و دەوریان دەدەم، پاشان کۆیان دەکەمەوە

٣	٣	٤	٤
+ ٤	+ ٣	+ ٥	+ ٤
	٦		٨

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان دەکەم با ڕاهێنانەکانی ١، ٣، ٤ کە لە وانەی ٦–٢ دا هەیە با لە ماڵەوە لە کتێبی ڕاهێنان شیکاربکەن.
- هانیان بدە با لە ماڵەوە ئەو ڕاهێنانەی کە لە بڕگەی (پێداچوونەوە)دا هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان شیکاربکەن. بۆیان ڕوونبکەوە کەوا ئەو ڕاهێنانە پێداچوونەوەی کارامەییەکانی پێشوو بەدەست دینێ.



ڕاهێنان دەکەم

٥	
+ ٥	
١٠	

لە کوێ دوو ئەوەندە ببینم دەوری دەدەم.پاشان کۆی دەکەمەوە.

١	٥ + ٣ ٨	١ + ١ ٢	٢ + ٢ ٤	١ + ٠ ١
٢	٤ + ٤ ٨	٦ + ١ ٧	٩ + ١ ٧	٧ + ٣ ١٠
٣	٥ + ٥ ١٠	٨ + ٢ ١٠	٧ + ٢ ٩	٣ + ٣ ٦

پرسیارێك شیکار دەکەم ■ بیرکردنەوە بە دیتن

رستەیەکی کۆکردنەوە دەنووسم دوو ئەوەندەی تێدا دیار دەکەم.

٤ ٤ + ٤ = ٨

٥ ٥ + ٥ = ١٠

چالاکی ماڵەوە ● داوا لە منداڵەکەت بکە ژمارەیەك هەڵبژێرێت لە نێوان ١، ٥ و بەکاری بهێنێت بۆ نووسینی ڕستەی کۆکردنەوەکە دوو ئەوەندەی تێدادیاربکات.

٨٦

ئاگاداربە... ئەگەر بینیت کەوا هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە شیکاری پرسیارەکان، دوو ئەوەندە بە هۆی تەختەکان بۆیان بنوێنە وەك ⚁⚁ یان ⚂⚂ ، ئەم وێنانە چەمکی دوو ئەوەندە لەلایان بەهێزدەکات وە دەچەسپێنێ.



ڕاهێنان ٦–٢

قوتابخانە .... ناوی قوتابی .... پۆل یەکەم هۆبەی ...... بەروار / /

دووئەوەندە ئەنجام دەدەم

وانەی ٦-٢

ئەو کردارە کۆکردنەوەیە کە دووئەوەندەی تێدایە دەوری دەدەم. کۆیدەکەمەوە

١	٩ + ٩ ١٨	٣ + ٢ ٥	١ + ٥ ٦	٧ + ٠ ٧	٥ + ٣ ٨	٦ + ٦ ١٢
٢	٩ + ١ ١٠	٧ + ٣ ١٠	١ + ٩ ١٠	٢ + ٦ ٨	٥ + ٥ ١٠	٧ + ١ ٨
٣	٥ + ٢ ٧	١ + ١ ٢	٧ + ٢ ٩	٤ + ١ ٥	١ + ٢ ٣	٤ + ٣ ٧
٤	٥ + ٣ ٨	٨ + ١ ٩	٤ + ٠ ٤	٣ + ٣ ٦	١ + ٦ ٧	٤ + ٤ ٨

پێداچوونەوە.

شیکاردەکەم:

٥ ٣ + ٢ = ٥ ٦ ٥ + ٢ = ٧ ٧ ٦ + ١ = ٧

٨ ٤ - ٣ = ١ ٩ ٧ - ٢ = ٥ ١٠ ٤ - ٢ = ٢

ل ٣٦ ڕاهێنان

وانەی
٣

لە میانەی ١٠ کۆدەکەمەوە

ئامانج: ڕاستییەکانی کۆکردنەوەلە میانەی ١٠ جێبەجێدەکات و لەبەری دەکات

زاراوەکان: ریزکردن

پێوەرەکان:

- ژمارەکان و کردارەکان
- شکارکردنی پرسیارەکان
- ڕێنوێنی و سەلماندن.
- گەیاندن

ڕۆژانە

لەبەشی سەرەوەی ناوەڕاستی تەختەکە ناوی ئەمڕۆ بنووسە بە خەتێکی جوان. بپرسە دووێنی چ ڕۆژێك بووە؟ لەلای ڕاستی ناوی ئەمڕۆ بینووسە. بپرسە سبەینێ چ ڕۆژێکە؟ لەلای چەپی ناوی ئەمڕۆ بینووسە. گفتوگۆ لەگەڵ قوتابیان بکەوە هەڵەکانیان ڕاستبکەرەوە.

ڕۆشنایی پەروەردەیی

شارەزابوونی قوتابیان لەکرداری کۆکردنەوە بریتییە لە ئامانجە بنچینەییەکان بۆ پۆلی یەکەم ،قوتابی دەگەێنێتە وەرگرتنی ئەم کارامەیانە بەپێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە:

١– تێگەیشتنی بیرۆکەی کۆکردنەوە. ٢– گەشەپێدان بەڕێگاکانی کاریگەر بۆ کرداری کۆکردنەوە.

٣– دروستکردنی کاردانەوەی خێرا.

پێویستە ئامانجەکانی ڕاهێنان و هەڵسەنگاندن گەشەپێدانێکی خێرا و دروست بێت لای هەر قوتابیەك، ئاڵوگۆڕکردن لە کۆکردنەوەدا ڕێگایەکی باشە قوتابی هەندێ جار پشتی پێ دەبەستێ.

چالاکی

دوانەیی
هەستی –جوڵەیی

نواندنی ڕاستییەکانی کۆکردنەوە

ئامانج: سەرجەم دەدۆزێتەوە تا ژمارەی ١٠

کەرەستەکان بۆ هەر دوانەیەك شەش پاڵوی پیکەوە بەستراو، کارتی کاغەزی بچووك، پێنووسەکان.

- بۆ بیر هێنانەوەی ژماردن بەرەوپێش و دووئەوەندە .ئەم دوو دەستەواژەیە لەسەر تەختە بنووسە و داوا لە دوانەیەك (جوتێك) بکە بە بەکارهێنانی شەش پاڵو نموونەت بداتێ بەبەکارهێنانی یەکێك لەم دوو ڕێگایە بەکاربهێنرێت بۆ کۆکردنەوە چاودێری کاری قوتابیان بکەو یارمەتیان پێش کەش بکە ئەگەر دیتت چەندە لەوان پێویستییان بەبیر هێنانەوەیە.
- داوا لەهەر قوتابیەك بکە لە دوو قوتابیەکە کە ژمارەکان بنووسن لە ١ تا ١٠ لەسەر کارتی کاغەزی ژمارەکان پاشان بە هەڵگەراوەیی لەسەر مێزەکە دای بنێن دوای ئەوە قوتابیەکەی دی یەکێك لەکارتەکان ڕادەکێشێ و هەردووکیان بەیەکەوە ڕاستییەکانی کۆکردنەوە دەنووسن کەدەتگەینێتە ئەو ژمارەیەی کەلەسەر کارتە ڕاکێشراوەکەدا هەیە.

ڕێکخستنی وانەی ٣

ئامانج: ڕاستییەکانی کۆکردنەوەلە میانەی ١٠دا جێبەجێ دەکات و لەبەریان دەکات

پرسیاری ئەمڕۆ

لەسەرداریك ٢ چولەکە هەبوو. یەکێکی تر هاتەلایان. لە باخچەکەدا پشیلەیەك هەبوو، دوو پشیلەی تر هاتەلایان. ژمارەی چۆلەکەکان چەندە؟ ٣ ژمارەی پشیلەکان چەندە؟ ٣

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٤ + ٢ = ٦

٢ ٥ + ١ = ٦

٣ ٢ + ٤ = ٦

٤ ١ + ٥ = ٦

بۆچی فێری ئەم بابەتە دەبین؟ ڕاستییەکانی کۆکردنەوە لە میانەی ١٠ یارمەتی قوتابی دەدات لەسەر کۆکردنەوەی ژمارە گەورەکان.

- دەتوانیت دەست بە وانەکە بکەی بە جێبەجێ کردنی ئەم چالاکیانەی دێن.
- ڕستەی کۆکردنەوەی ٣+٣ لەسەر تەختەکە بنووسە.
- داوا لە یەکێك لە قوتابیان بکە با دەنکە فاسۆلیا بەکاربێنێت بۆ نواندنی ڕستەی کۆکردنەوە.
- داوا لە قوتابیەکی تر بکە با ڕێگای ژماردن بەرەو پێش بەکاربێنێت بۆ ئەوەی ئەنجامی کۆکردنەوە بدۆزێتەوە.
- بپرسە **ئایا ڕێگایەکی تر هەیە بۆ دۆزینەوەی ئەنجامی کۆکردنەوە؟** بەڵێ، دوو ئەوەندە بەکاردێنم چونکە ئەو دوو ژمارەیەی کە کۆیان دەکەمەوە یەکسانن (وەکویەکن) ٣+٣=٦.
- ئایا بە هەردوو ڕێگاکە هەمان سەرجەمت دەست کەوت؟ بەڵێ، چونکە زۆر لە پرسیارەکانی بە زیاتر لە ڕێگایەك شیکاردەبن.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- داوا لە قوتابیان بکە با سەرجەم لە پرسیاری کۆکردنەوەی یەکەم لەسەرەوەی لاپەڕەکە بنووسن ٥+٣=٨.
- پێیان ڕابگەینە کەوا دەتوانن ئاڵ وگۆڕ لە نێوان هەردوو ژمارەی ٥ و ٣ بکەن بە بێ ئەوەی سەرجەم بگۆڕێت، وە داوایان لێبکە سەرجەمی نموونەی دووەم بنووسن ٣+٥=٨.
- لە قوتابیان بپرسە **دەربارەی ئەو ڕێگایانەی کە بەکاریان هێناوە بۆ دۆزینەوەی سەرجەم.** ژماردن بەرەوپێش.



وانەی ٣ ——— **لە میانەی ١٠ کۆ دەکەمەوە**

٥ + ٣ = ٨

٣ + ٥ = ٨

کۆدەکەمەوە. ڕیزەکە دەگۆڕم، پاشان کرداری کۆکردنەوەی نوێ دەنووسم.

١ ٥ + ٢ = ٧ ‏ ٢ + ٥ = ٧ ‏ ٤ + ٣ = ٧ ‏ ٣ + ٤ = ٧ ‏ ١ + ٧ = ٨ ‏ ٧ + ١ = ٨

٢ ٦ + ٢ = ٨ ‏ ٢ + ٦ = ٨ ‏ ٧ + ٠ = ٧ ‏ ٠ + ٧ = ٧ ‏ ١ + ٥ = ٦ ‏ ٥ + ١ = ٦

٣ ٠ + ٢ = ٢ ‏ ٢ + ٠ = ٢ ‏ ٢ + ٣ = ٥ ‏ ٣ + ٢ = ٥ ‏ ٤ + ٢ = ٦ ‏ ٢ + ٤ = ٦

باسبکە ■ **ڕێنوێنی**

سەرجەمی دوو ژمارە چی بەسەر دێت ئەگەر ڕێزبەندییەکەیان بگۆڕین؟

٨٧

- بپرسە **کەی ڕێگای دوو ئەوەندە بەکاردێنیت؟** کاتێك دوو ژمارەی یەکسان (وەکویەك) کۆدەکەمەوە.
- داوا لە قوتابیان بکە با چالاکیەکانی ١ تا ٣ جێبەجێ بکەن.

ئاگاداربە... سەرنجی قوتابیان ڕابکێشە کاتێك ئەوان دوو ژمارەی وەك ٢+٧ کۆدەکەنەوە، دەتوانن لە ژمارە ٧ دەست بە ژماردن بکەن، پاشان ٢ بەرەو پێش بژمێرن، ڕێنماییان بکە کەوا گۆڕینی ڕیزبەتی ژمارەکان لە ئەنجامی کۆکردنەوە ناگۆڕێت.

پێشینەی بیرکاری

سیفەتی ئاڵ و گۆڕ لە کۆکردنەوە ئەوە دەگەیەنێت ئەنجامی کۆکردنەوەی دوو ژمارە ناگۆڕێت ئەگەر ڕیزبەتی ژمارەکان بگۆڕێت، ئەم ڕاستیە ژمارەی ڕاستیەکانی کۆکردنەوە کەم دەکاتەوە بۆ نیوەی ئەو ڕاستیانەی لەسەر قوتابی پێویستە لەبەری بکات، هەروەکو لەم خشتەی بەرامبەر دیاردەکەوێت.

+	٠	١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩
٠	٠	١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩
١	١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩	١٠
٢	٢	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩	١٠	١١
٣	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩	١٠	١١	١٢
٤	٤	٥	٦	٧	٨	٩	١٠	١١	١٢	١٣
٥	٥	٦	٧	٨	٩	١٠	١١	١٢	١٣	١٤
٦	٦	٧	٨	٩	١٠	١١	١٢	١٣	١٤	١٥
٧	٧	٨	٩	١٠	١١	١٢	١٣	١٤	١٥	١٦
٨	٨	٩	١٠	١١	١٢	١٣	١٤	١٥	١٦	١٧
٩	٩	١٠	١١	١٢	١٣	١٤	١٥	١٦	١٧	١٨



ڕاهێنان دەکەم

کۆ دەکەمەوە. سەرجەم دەنووسم.

١ ٩ + ٠ = ٩ ‏ ٠ + ٩ = ٩

٢ ٩ + ١ = ١٠ ‏ ١ + ٩ = ١٠

٣ ٧ + ٢ = ٩ ‏ ٢ + ٧ = ٩

٤ ٨ + ١ = ٩ ‏ ١ + ٨ = ٩

٥ ٦ + ٢ = ٨ ‏ ٢ + ٦ = ٨

٦ ٣ + ٥ = ٨ ‏ ٥ + ٣ = ٨

٧ ٥ + ٢ = ٧ ‏ ٢ + ٥ = ٧

٨ ٨ + ٢ = ١٠ ‏ ٢ + ٨ = ١٠

٩ ١ + ٧ = ٨ ‏ ٧ + ١ = ٨

پێداچوونەوە

هەموو ڕستەکانی کۆکردنەوە دەنووسم کە ٥ بەدەست دەهێنن.

١٠ ١ + ٤ = ٥

١١ ٤ + ١ = ٥

١٢ ٢ + ٣ = ٥

١٣ ٣ + ٢ = ٥

١٤ ٠ + ٥ = ٥

١٥ ٥ + ٠ = ٥

چالاکی ماڵەوە • ژمارەیەك لە نێوان ١ و ١٠ هەڵبژێرە، پاشان داوا لە منداڵەکەت بکە کردارێکی کۆکردنەوەت بداتێ سەرجەمەکەی یەکسان بێت بەو ژمارەی هەڵتبژاردووە ئەم چالاکییە دووبارە بکەوە لەگەڵ ژمارەیەکی دی.

٨٨

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باسبکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە.

وەڵام: ئەگەر شوێنی ڕیزبەنی ژمارەکان گۆڕا سەرجەم ناگۆڕێت.

داوا لە قوتابیان بکە ئەو ڕاهێنانەی کە لە لاپەڕە ٨٨ دا هاتووە با شیکاریکەن

- سەرنجی قوتابیان بۆ ڕاهێنانی ژمارە ١ ڕاکێشە و لێیان بپرسە چی هاوبەشە لە نێوان هەردوو پرسیارەکە؟ ژمارەکان هاوبەشن، هەمان ژمارەکانی خۆیانن.
- چاوەڕوانی چی لەسەرجەم دەکەیت؟ سەرجەم هەمان خۆی دەبێت، چونکە گۆڕینی شوێنی ژمارەکان کاریگەری لەسەر ئەنجام نابێت.
- داوا لە قوتابیان بکە ڕاهێنانەکانی ئەم لاپەڕەیە جێبەجێ بکەن بە سوودوەرگرتن لە کرداری گۆڕینی شوێنی ژمارەکان (ئاڵ و گۆڕ)

پێداچوونەوە ئایا ڕێگاکانی پێکهێنانی ژمارە ٦ زیاترە لە ڕێگاکانی پێکهێنانی ژمارە ٥ یان کەمترە؟ زیاترە

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی پۆل

گفتوگۆ نووسین ڕوونی دەکەمەوە چۆن سەرجەمی ٢ + ٧ دەدۆزمەوە؟ دەژمێرم بە ژماردن بەرەوپێش ٩ دەدۆزمەوە، دەردەکەوێت کەوا ٢+٧=٩.

تاقیکردنەوەی وانەکە

کۆبکەوە، سەرجەم بنووسە.

٥ ٦ + ٤ ‏ ٤ + ٦

أ ٦ ‏ ج ٨

[✓ ب] ١٠ ‏ د ٩

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با لە ماڵەوە ئەو ڕاهێنانانەی کە لە وانەی ٦–٣ دا هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان شیکاربکەن.
- هانیان بدە با لە ماڵەوە ڕاهێنانەکانی کە لە بڕگەی «پێداچوونەوە»دا هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان شیکاربکەن. وە بۆیان ڕوونبکەوە کەوا ئەو ڕاهێنانانە پێداچوونەوە کارامەییەکانی پێشوو بەدەست دێنێت.



ڕاهێنان ٦–٣

وانەی ٦-٣

لە میانەی ١٠ کۆدەکەمەوە

ئاگاداریە... ئەگەر بینیت کەوا هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لەکاتی شیکاری پرسیارەکان لەگەڵیان بگەڕێوە بۆ ڕێگاکانی کۆکردنەوەی کە تاکو ئێستا فێری بوویت، وەك ژماردن بەرەوپێش. دوو ئەوەندە، پێیان بڵێ لەسەریانە پەیڕەوی ڕێگای دوو ئەوەندە بکەن کاتێك دوو ژمارەی یەکسان کۆ دەکەنەوە. وە بە پێچەوانەی ئەمە پێویستە لەسەریان پەیڕەوی ڕێگای ژماردن بەرەوپێش بکەن بە دەست پێکردن لە ژمارە گەورەکەوە وە پێیان ڕابگەیەنە کەوا دەتوانن شوێنی ژمارەکان بگۆڕن. (ئاڵ و گۆڕ بکەن).

وانەی
٤

بەرەو دواوە دەژمێرم

پلانی وانەکە

ئامانج: بەرەوەدواوە دەژمێرێ بۆ ئەوەی لێدەربکات.

زاراوەکان هێلی ژمارە، ژماردن بەرەو دواوە

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- گەیاندن
- شیکار کردنی پرسیارەکان
- گرێدان
- ڕێنوێنی و سەلماندن

ڕۆژانە

لەناوەڕاستی تەختەکە وێنەی دارێك بکێشە وێنەی شەش چۆلەکە بە شێوەیەکی سادە لەسەر دارەکە نیشان بدە، لەلای ڕاستی دارەکە بنووسە سێ چۆلەکە هاتن و لەلای چەپی دارەکە بنووسە سێ چۆلەکە فڕین.

بپرسە چەند چۆلەکە لەسەر دارەکە ماونەتەوە؟

وەڵام لەگەڵ قوتابیان گفتوگۆ بکەو هەڵەکانیان ڕاست بکەوە.

پێشینەی بیرکاری

لە خوێندنی ئەم وانەیەدا قوتابیان یەکێك لە ڕێگاکانی لێدەرکردن دەناسێت:ژماردن بەرەوپاش، ژماردنی بەرەودوا ڕێگایەکی هزرییە قوتابی بەکاری دێنیت لە سەرەتای لێدەرکردندا ١ یان ٢ یان ٣ بۆ چارەسەرکردنی ڕووداوەکان بۆ نموونە ٧–٢ قوتابی لە ٧ دەستپێدەکات ودەژمێری دوو هەنگاو بەرەو پاش، ٦، ٥ وەڵامیش ئەو ژمارەیەکە ناوی دەبات لە کۆتاییدا. ئەم ڕێگایە بە باش دانانرێت لە کرداری لێدەرکردن بۆ ئەو ژمارانەی لە ٣ گەورەترن چونکە قوتابی تووشی هەڵە دەکات لە کاتی ژماردندا کرداری ژماردنی بەرەودوا لە ناوەڕۆکیدا مانای لێدەرکردن لە خۆدەگرێت. بەم مەبەستە یارمەتی ڕوونکردنەوەی چەمکی لێدەرکردن دەدات لەلای قوتابی شێوازێکی هزری لای قوتابی دروست دەکات یارمەتی دەدات هەستێ بە لێدەرکردن.

چالاکی

کۆمەڵەکانی بچووک
بینین – بۆشایی

نواندنی ژماردن بەرەو دواوە

ئامانج کرداری ژماردن بەرەودوا دەنوێنێ بە دەست پێکردنی لە ژمارەی ١٠

کەرەستەکان بۆ هەر کۆمەڵێك ١٠ پەپکە ، وێنەیەکی هێڵی ژمارەکان

- داوا لە قوتابیەکان بکە لەگەڵت بەرەو دواوە بژمێرن بە دەست پێکردن لە ژمارەی ١٠ و لێیان بگەرێ با کرداری ژماردن بەکاربهێنن بۆ ماوەیەك.
- کەرەستەکان دابەشی سەر قوتابیان بکە . داوا لە هەر قوتابیەك بکە لە کۆمەڵەکەدا . پەپکەیەك لەسەر هێڵی ژمارەکان دابنێت بەرامبەر ژمارەی ١٠ داوا لەوانی تر بکە لە کۆمەڵەکەدا بەرەو دواوە بژمێرن لەسەرەتادا ٢ پاشان ٣ . داوایان لێبکە هەر جارێك پەپکە بجولێنن بەرەو دواوە ١ یان ٢ یان ٣ ، و ڕستەی لێدەرکردن بڵێن وەك :

١٠ – ١ = ٩ ، یان ١٠ – ٢ = ٨ ، یان ١٠ – ٣ = ٧



ڕێکخستنی وانەی ٤

Star Group Math

ئامانج: بەرەو دواوە دەژمێرێت بۆ ئەوەی لێی دەربکات.

پرسیاری ئەمڕۆ

٨ پارچە شیرینیت هەبوو: چیرۆکێك لەسەر لێدەرکردن بگێڕەوە بۆ شیرینییەکان. پێویستە قوتابی چیرۆکێ لەسەر لێدەرکردنی ژمارەیەك لە ٨ پارچە شیرینی بکوژێنێتەوە.

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٤ − ٢ = ٢

٢ ٦ − ٢ = ٤

٣ ٥ − ١ = ٤

٤ ٦ − ٣ = ٣

بۆچی ئەم بابەتە فێردەبین؟ ژماردن بەرەو دواوە یارمەتی قوتابی دەدات بە هزری جیاوازی بدۆزێتەوە. دەتوانی وانەکە دەست پێبکەی بە جێبەجێکردنی ئەم چالاکیانەی دێن.

- بە قوتابیان ڕابگەینە سەرەتا دەتوانین ژمارەکان لەسەر هێڵێك بنوێنن کە پێی دەوترێت هێڵی ژمارەکان. هەر چەندە بەرەو ڕاست بڕۆین ژمارەکان گەورەدەبن، وە هەرچەندە بەرەوچەپ بڕۆین ژمارەکان بچوکتردەبنەوە.



- بە دەنگ دووبارەی بکەوە بۆ ئەوەی گوێ بیستی بن: کاتێك بەرەوپێش دەژمێرین بەرەوڕاست دەڕۆین.
- بە دەنگ دووبارەی بکەوە بۆ ئەوە گوێ بیستی بن: لەبەر ئەوەی کرداری لێدەرکردن پێچەوانەی کۆکردنەوەیە بۆیە کاتێك لێی دەردەکەین بەرەو چەپ دەڕۆین.
- داوا لە یەکێك لە قوتابییەکان بکە با هێڵی ژمارەکان بەکاربێنێت بۆ دۆزینەوەی ئەنجامی ٦−١. قوتابی پەنجە لەسەر ژمارە ٦ دادەنێ و پەنجەکەی یەك هەنگاو دەجولێنێ بەرەو چەپ تا پەنجەی لەسەر ژمارە ٥ جێگیردەبێت.
- بە قوتابیان ڕابگەیەنە کەوا هێمای ⌒ بەکاربێنن کاتێك لە هەردووریەك دەچنە دووریەکەی تری تەنیشتی.

ئاگاداریە... قوتابیان ئاگاداربکەوە کەوا ژماردن بەرەو پێش لەگەڵ ژماردن بەرەو دواوە تێکەڵ بەیەك نەکەن جیاوازی لە نێوان هەردوو کردارەکە بکەن، وە بۆیان دیاربکە کەی هەریەکەیان بەکاردێنین بە بەکارهێنانی هێڵی ژمارەکان.



وانەی ٤

بەرەو پاش دەژمێرم

بە ٤ دەستپێدەکەم لەسەر هێڵی ژمارەکان بە ١ بەرەو پاش دەژمێرم. من ئێستا لە کوێم؟

٤ − ١ = ٣

بە ٤ دەستپێدەکەم لەسەر هێڵی ژمارەکان بە بەرەو پاش دەژمێرم. من ئێستا لە کوێم؟

٤ − ٢ = ٢

هێڵی ژمارەکان بەکار دەهێنم وبەرەوپاش دەژمێرم بۆ ئەوەی لێدەربکەم.

١ ٢ − ٢ = ٠

٢ ٣ − ١ = ٢

٣ ٣ − ٢ = ١

٤ ٥ − ٢ = ٣

٥ ١٠ − ١ = ٩

٦ ٨ − ٢ = ٦

باسبکە ■ ڕێنوێنی

بۆ چی بەرەو چەپ دەجولێیت کاتێك هێڵی ژمارەکان بەکاردێنیت بۆ لێدەرکردن.

٨٩

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- سەرنجی قوتابیان بۆ بابەتەکەی بەشی سەرەوەی لاپەڕە ٨٩ ڕاکێشە.
- هەرقوتابیەك با پەنجەی لەسەر یەکەم هێڵی ژمارەکان لەسەر ژمارە ٤ دابنێ وە پەنجەی یەك هەنگاو بۆ لای چەپ بجولێنێ وە بەدەنگ بڵێ ٣.
- ئاگاداری قوتابیان بکەوە کەوا دەتوانن ڕستەی لێدەرکردنی ٤−١ = ___ بە هۆی ژماردنی یەك هەنگاو بەرەو دواوە تەواوبکەن. ٣
- لەگەڵ قوتابیان بڕۆ لای دووەم هێڵی ژمارەکان وە داوایان لێبکە با دوو هەنگاو بەرەو دواوە بژمێرن بە دەستپێکردن بە ژمارە ٤. وە بەبیریان بێنەوە لەسەریانە لە ٤ دەست پێبکەن لە دواییدا هەردوو ژمارەی ٣ و ٢ بەدەنگ بلێنەوە. بەم شێوەیە دەدۆزنەوە کەوا: ٤ − ٢ = ٢

قوتابییەکان چالاکیەکانی ١ تا ٦ لە ژێر چاودێری بەڕێزتان جێبەجێ دەکەن، هانیان بدە با بەهزر بەرەو دواوە بژمێرن.

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە ئەو پرسیارەی کە لە بڕگەی باسبکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە جێبەجێبکەن.

وەڵام: بەرەو چەپ دەڕۆم چونکە لێی دەردەکەم. کاتێك لێی دەردەکەم بەرەو دواوە دەژمێرم.

داوا لە قوتابیان بکە ئەو ڕاهێنانەی کە لە لاپەڕە ٩٠ دا هاتووە با شیکاریکە

ڕاهێنانەکانی ئەم لاپەڕەیە بوارێك بۆ قوتابیان دەڕەخسێنی بۆ ئەوەی ڕاهێنان بکات لەسەر ڕێگای ژماردن بەرەو دواوە بۆ ئەوەی لێی دەربکات.

ئاگاداربە... هەڵەی باو لە کاتی بەکارهێنانی هێڵی ژمارەکان لە ژماردن بەرەودواوە هەندێ لە قوتابیان هەڵە دەکەن لە ژماردنی ئەو ژمارەیەی کە لێیەوە دەست پێدکەن وەك ژمارەیەك یەکی لێ دەرکرابێت ئەژمێری دەکەن. بۆ ئەوەی ئەم ئاستەنگە نەمێنێ داوا لە قوتابیان دەکەم نیشانەی × لەسەر ئەو ژمارەیە بدەن کە لێیەوە دەست بە ژماردن دەکرێت بۆ ئەو ژمارەیەی کە لە دوای دێت بۆ ئەوەی بەبیریان بێتەوە کەوا ئەو ژمارەیە لەکاتی ژماردن بەرەو دواوە ئەژمێر ناکرێت بەڵکو بە دەستپێکردن لەوویەوە دەبێت.

فێرکردنی نموونەیی

ئاستی ئاسایی داوا لە قوتابیانی ئەم ئاستە بکە ژمارەی گەورەتر بناسن لە هەر کردارێکی لێدەرکردنداوە پەنجەیان لەسەر هێلی ژمارەکان دابنێن لەسەر ئەو ژمارەیە پاشان بەرەو دواوە بژمێرن.

ئاستی پێشکەتوو هانی قوتابیانی ئەم ئاستە بدە ژماردن بە هزری بۆ دواوە ئەنجام بدەن.

پرسیارێك شیکاردەکەم • جێبەجێ کردن چۆن دەزانی وەڵام ڕاستە ؟ لەسەر قوتابیان ئەوەیە کە توانای ڕوونکردنەوەیان هەبێت بۆ وەڵامەکانیان


ڕاهێنان دەکەم

هێڵی ژمارەکان بەکاردەهێنم بەرەو پاش دەژمێرم بۆ ئەوەی لێدەربکەم.

١ ٧ − ٣ = ٤

٢ ٨ − ٣ = ٥

٣ ٥ − ١ = ٤

٤ ١٠ − ٢ = ٨

٥ ٥ − ٥ = ٠

٦ ٩ − ٣ = ٦

پرسیارێك شیکار دەکەم ■ جێبەجێکردن

ڕستە یەکی ژمارەیی دەنووسم، هێڵی ژمارەکان بەکاردەهێنم بۆ شیکارکردن

٧ لەوێدا ٧ چۆلەکە هەیە دووانیان فڕین . چەند چۆلەکە مانەوە؟

٧ − ٢ = ٥ چۆلەکە

چالاکی ماڵەوە • داوا لە منداڵەکەت بکە بۆت دیاربکات چۆن ژماردن بەرەو پاش بەکار دەهێنێت بۆ دیتنەوەی جیاوازی ٩−٣

٩٠

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆ و نووسین ڕوونی دەکەمەوە چۆن بەرەوپاش دەژمێرێت بۆ دۆزینەوەی کرداری ١٠ ــ ٣ لە ١٠ دەست پێدەکەم وبەرەوپاش دەژمێرم ٣ جار: ٩، ٨، ٧ وەڵام بریتییە لە ٧.

تاقیکردنەوەی وانەکە

هێڵی ژمارەکان بەکاردێنم وە بەرەو دواوە دەژمێرم بۆ ئەوەی لێی دەربکەم.



٦ − ٣ = ____

أ ٢

ب ٤

ج ٦

[✓ د] ٣

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با لە ماڵەوە ڕاهێنانەکانی ١، ٣، ٤ کە لەوانەی ٦−٤ دا هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان شیکاربکە.
- هانیان بدە لە ماڵەوە ئەو ڕاهێنانەی کە لە بڕگەی «پێداچوونەوە»دا لە هەمان وانەدا هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان شیکاربکەن، بۆیان ڕونبکەوە کەوا ئەو ڕاهێنانە پێداچوونەوەی کارامەییەکانی پێشوو بەدەست دێنێ.

ئاگاداربە... ئەگەر بینیت کەوا هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە ژماردن بەرەو دواوە، هانیان بدە لەسەر نواندنی ڕستەی لێدەرکردن بەهۆی وێنەکان، پاشان دووبارە باسی ژماردن بەرەو دواویان بۆ بکە بە بەکارهێنانی هێڵی ژمارەکان.


ڕاهێنان ٦−٤

قوتابخانە ....ناوی قوتابی............پۆل: یەکەم هۆبەی.......بەروار / /٢٠١٢

بەرەو پاش دەژمێرم

وانەی ٦−٤

هێڵی ژمارەکان بەکاردەهێنم، بەرەوپاش دەژمێرم بۆ ئەوەی لێدەربکەم.

١ ٨ − ٢ = ٦

٢ ٦ − ١ = ٥ ‏ ٩ − ٢ = ٧

٣ ٢ − ٢ = ٠ ‏ ٥ − ٢ = ٣

٤ ١٠ − ١ = ٩ ‏ ٨ − ١ = ٧

پێداچوونەوە

ئەو ڕستانە دەوردەدەم کە لێدەرکردنی سفر یان لێدەرکردنی هەموو دەنوێنێت. لێدەردەکەم. جیاوازی دەنووسم.

٥ ٥ − ٢ = ٣ ‏ ٩ − ٠ = ٩ ‏ ٧ − ٢ = ٥ ‏ ٧ − ٧ = ٠ ‏ ٩ − ٢ = ٧ ‏ ٥ − ١ = ٤

٦ ١٠ − ٠ = ١٠ ‏ ٩ − ١ = ٨ ‏ ٨ − ١ = ٧ ‏ ٧ − ١ = ٦ ‏ ٦ − ٠ = ٦ ‏ ١٠ − ٢ = ٨

ل ٣٩ ڕاهێنان

وانەی
٥

کۆکردنەوە و لێدەرکردن پێکەوە دەبەستم

پلانی وانەکە

ئامانج: پەیوەندی نێوان کۆکردنەوەولێدەرکردن دەناسێت

زاراوەکان ڕاستیە پێکەوە بەستراوەکان

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- شیکاری پرسیارەکان
- ڕێنوێنی و سەلماندن

ڕۆژانە

ناوی ئەو مانگە چیە کە ئێمەی تێداین؟

ناوی مانگی ڕابردوو چیە؟

ناوی مانگی داهاتوو چیە؟

پێشینەی بیرکاری.

لە کۆکردنەوەدا کۆمەڵەیەك دەخرێتە سەر ئەوەی تر،لە لێدەرکردندا کۆمەڵەیەك جیادەکرێتەوە لە کۆمەڵەیەکی تر ئەم پرسیارانە هەمیشە بەرەو ڕوودانی کارێك دەبا لە بەیوەندی بەش–بەش–هەموو کرداری کۆکردنەوە دەمانگەیەنێتە گشت بە پێکەوە بەستنی هەردوو بەشەکە. بەڵام کرداری لێدەرکردن دەمانگەێنێتە بەشی ماوە دوای دوورخستنەوەی لە هەمووی. ئەم پرسیارانە پەیوەندی لە نێوان کۆمەڵە هەموو لەگەڵ دوو بەشەکەی لە خۆ دەگرێتەوە. بۆ قوتابیانی لەم ئاستەدا ڕوانینێکی تەواو هەبێت یا دەربرینێکی ڕاست و دروست لەسەر ئەم جۆرە پرسیارانە. باشتر وایە کە چارەسەری ئەم جۆرەپرسیارانە بکەن بە بیرکردنەوە بە پەیوەندی لە نێوانیاندا وە بە پێچەوانەوە، ئەمە بیری جەبر لای قوتابیان گەشە و بەهێز دەکات.

چالاکی

دوانە
بینین – بۆشایی

نواندنی پێکەوە بەستن لە نێوان کۆکردنەوە و لێدەرکردن.

ئامانج: کرداری کۆکردنەوە و لێدەرکردنی پێوە بەستراو دەنوێنێ.

کەرەستەکان: بو هەر جووتێك شەش پالوی پێکەوە بەستراو لە دوو ڕەنگ

- کەرەستەکان دابەش بکە.دوو ژمارەی ٤ و ٣ لەسەر تەختەکە بنووسە. داوا لە قوتابیان بکە ٤ شەش پالۆ لە ڕەنگێك و ٣ ێن ل رەنگەکێ دی هەڵبژێرن. داوایان لێبکە هەر دوو کۆمەڵەکە بکەن بە یەك کۆمەڵە. باشان ئاگاداریان بکە لە ڕستەی کومکرنێ کەوا ئەوان دەربرینیان کردووە و پێ رابووینە. ڕستەی کومکرنەوە ٤ + ٣ = ٧ بنڤیسە ل سەر تەختەی.
- داوا لە قوتابیان بکە ئێستا ئەو کۆمەڵەی کە پێکهاتووە لە ٣ شەش پالۆ جیابکەنەوە پرسیاربکە چەند شەش پالۆو ماوە؟
  ڕستەی ژمارەیی چیە ئەوەی ئەم کردارە دەنوێنێ؟ لەسەر تەختە بنووسە ٧ – ٣ = ٤. پرسیار بکە چۆن دەتوانی ئەم دوو ڕستەیە بەیەکەوە ببەستی لە هەردوو ڕستەی ژمارەیی دا هەمان ژمارە دیار دەبن. سەرجەم لە ڕستەی کومکرن هەمان ئەو ژمارەیە کە لە ڕستەی لێدەرکرن دا لێ دەردەکەین.



ڕێکخستنی وانەی ٥

ئامانج: بە پەیوەندی تێوان کۆکردنەوەو لێدەرکردن ئاشنادەبێت.

پرسیاری ئەمڕۆ

هێمای کرداری گونجاو لە ناو بازنەکەدا دابنێ:

٧ ○ ٢ = ٥

قوتابیان هێمای لێدەرکردن لەناو بازنەکە دادەنێن ٧ − ٢ = ٥

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

بە هزر بەرەو پاش بژمێرە بۆ ئەوەی لێدەربکەی

١ ٩ − ٣ = ٨، ٧، ٦

٢ ٧ − ١ = ٦

٣ ٨ − ٢ = ٧، ٦

٤ ٥ − ٣ = ٤، ٣، ٢

بۆچی ئەم بابەتە فێردەبین؟ زانینی پەیوەندی تێوان کۆکردنەوە و لێدەرکردن یارمەتیدرێکی باشە بۆ تێگەیشتنی ئەم دوو کردارە. وە لە بەکارهێنانی کۆکردنەوە بۆ دۆزینەوەی لێدەرکردن دەتوانی دەست بەوانەکە بکەی بە جێبەجێکردنی ئەم چالاکیانەی دێن:

- ڕستەی کۆکردنەوەی ٤+٤= ــــ وە ڕستەی لێدەرکردنی ٨−٤= ــــ لەسەر تەختەکە بنووسە.
- داوا لە قوتابیان بکە شەش پاڵووە بە یەکەوە بەستراوەکان یان دەنکە فاسولیاکان بەکاردێنن بۆ نواندنی هەردوو ڕستەکە.
- داوا لە قوتابیان بکە بەراوردی هەردوو ڕستە بکەن.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- سەرنجی قوتابیان بۆ بەشی سەرەوەی لاپەڕە ٩١ ڕابکێشە.
- بۆیان ڕوونبکەوە بە خستنە پاڵ یەکی ٧ شەشپالوو و ٣ شەشپالوو ١٠ شەشپالوومان پێدەدات.
- بۆیان ڕوونبکەوە کەوا نموونەی دووەم کرداری لێدەرکردن دەگەیەنێ.
- بپرسە چۆن زانینی ئەنجامی کۆکردنەوەی ٧+٣ یارمەتیت دەدات لەسەر زانینی ئەنجای لێدەرکردنی ١٠−٣؟ ٧+٣=١٠، کەواتە ١٠−٣=٧، هەردوو ڕستەکە هەمان ژمارەکانی ٣، ٧، ١٠ لە خۆدەگرێت.
- داوا لە قوتابیان بکە چالاکیەکانی ١ تا ٥ جێبەجێ بکەن.

وانەی ٥ ــــ کۆکردنەوە و لێدەرکردن پێکەوە دەبەستم

هەردوو کرداری کۆکردنەوە و لێدەرکردن دوو راستین هەر یەکەیان بەوی تریانەوە بەستراوە

ژمارەکان خۆیان بە کاردەهێنم لە کۆکردنەوە و لێدەرکردندا
٧ + ٣ = ١٠
١٠ − ٣ = ٧

🟥 و 🟦 بەکار دەهێنم بۆ ئەوەی کۆکردنەوە و لێدەرکردن بکەم. خشتەکە تەواو دەکەم

	لامە 🟥	زیاد دەکەم 🟦	سەرجەم دەنووسم	لێ وەردەگرم	جیاوازی دەنووسم
١	٤	٢	٤ + ٢ = ٦	٢	٦ − ٢ = ٤
٢	٥	٣	٥ + ٣ = ٨	٣	٨ − ٣ = ٥
٣	٢	٥	٢ + ٥ = ٧	٥	٧ − ٥ = ٢
٤	٧	٢	٧ + ٢ = ٩	٢	٩ − ٢ = ٧
٥	٨	٠	٨ + ٠ = ٨	٠	٨ − ٠ = ٨

باسبکە ■ ڕێنوێنی

ڕستەی کۆکردنەوەی ٦ + ٣ = ٩ و ڕستەی لێدەرکردنی ٩ − ٣ = ٦ بە چی لە یەکدەچن؟ و بە چی جیاوازن؟ بۆچی دەڵێن یەکتربەستن لە نێوانیان دا هەیە؟

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باسبکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە.

وەڵام: هەردوو ڕستەکان بەیەك دەچن چونکە هەمان ژمارەیان تیادا بەکارهاتووە، جیاوازن لەوەی کە یەکەمیان کۆکردنەوە دەگەیەنێ بەڵام ئەوەی دووەمیان لێدەرکردن دەگەیەنێ، یەکەمیان پێچەوانەی دووەمیانە.

ڕۆشنایی پەروەردەیی

قوتابیان دەست دەکەن بە بنیات نانی ڕاستیەکانی کۆکردنەوە بەبەکارهێنانی نواندن، لە دواییدا ڕاستیە پێکەوە بەستراوەکانی کۆکردنەوە بە بەکارهێنانی سیفەتی ئاڵ وگۆر لە کۆکردنەوەدا بنیات دەنێن.

٣ + ٢ = ٥　　٢ + ٣ = ٥

لە دواییدا، قوتابیان دەست دەکەن بە بنیاتنانی ڕاستیە بەیەکەوە بەستراوەکانی لێدەرکردن (وانەی ٦) بۆ ئەوەی بزانن کەوا ناسینی یەکێك لە ڕاستیەکانی لێدەرکردن یارمەتیان دەدات لەسەر ناسینی ڕاستیەکی تری لێدەرکردنی بەستراو بەوی.

٥ − ٢ = ٣　　٥ − ٣ = ٢

ئەگەر لە هەردوو ڕاستیە بەیەکەوە بەستراوەکانی کۆکردنەوە وە لە هەردوو ڕاستیە بەیەکەوە بەستراوەکانی لێدەرکردن هەمان ژمارەکانت بەکارهێنا. (بۆ نموونە ٢+٣=٥، ٣+٢=٥، ٥−٢=٣، ٥−٣=٢، بەم کۆمەڵە ڕاستیانە دەوترێت ڕاستیە بەیەك بەستراوەکانی ژمارەکان.

داوا لە قوتابیان بکە ئەو ڕاهێنانەی کە لە لاپەڕە ٩٢ دا هاتووە شیکاربکەن

ڕاهێنانەکانی ئەم لاپەڕەیە بوار بۆ قوتابیان دەرەخسێنێ بۆ ئەوەی لێدەرکردن بەبەکارهێنانی کۆکردنەوە ئەنجام بدەن. لە ڕاهێنانی ١ دڵنیابە لەوەی کەوا قوتابیان دەزانن کەوا ژمارە ٥ لە ڕستەی کۆکردنەوە یەکێك لەم دوو ژمارەیە دەگەیەنێ کە کۆ دەکرێتەوە، بەڵام لە ڕستەی لێدەرکردنەکە ئەنجامی جیاوازی دەگەیەنێ.

فێرکردنی نموونەیی

ئاستی ئاسایی قوتابیانی ئەم ئاستە شەش پاڵووی پێکەوە بەستراو بەکاردەهێنن بۆ نواندنی کۆکردنەوە و لێدەرکردن

ئاستی پێشکەتوو داوا لە قوتابیانی ئەم ئاستە بکە ڕستەی کۆکردنەوە و ڕستەی لێدەرکردن کە زیادکراوە بۆ هەر ڕاهێنانێك بنووسن وەك

٥ + ٤ = ٩ ‏ ‏ ‏ ٤ + ٥ = ٩

٩ − ٤ = ٥ ‏ ‏ ‏ ٩ − ٥ = ٤

پرسیارێك شیکاردەکەم • جێبەجێکردن وا بزانە کە قوتابیان ڕستەی کۆکردنەوە و لێدەرکردن بەیەکێك لەم دوو ڕێگایە دەنووسن. وەڵامە ڕاستەکان وەردەگرم.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆ و نووسین ڕاستیەکی لێدەرکردنی پێکەوە بەستراو بڵێ و بنووسە.

٦ + ٣ = ٩. دوو وەڵامی چاوەڕوانکراو: ٩ − ٣ = ٦ و ٩ − ٦ = ٣.

تاقیکردنەوەی وانەکە

کۆبکەوە لە دواییدا لێی دەربکە.

☐☐☐ ☐☐ ‏ ٥+٢= ٧

☐ ☐ ‏ ٧−٢= ٥

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با لە ماڵەوە ڕاهێنانەکانی ١، ٢، ٣ کە لەوانەی ٦–٥ دا هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان شیکاربکەن.

ڕاهێنان

- هانیان بدە با لەماڵەوە ئەو ڕاهێنانەی کە لە بڕگەی «پێداچوونەوە»دا هاتووە لە هەمان وانە لە کتێبی ڕاهێنان شیکاربکەن. بۆیان ڕوونبکەوە کەوا ئەو ڕاهێنانانە پێداچوونەوەی کارامەییەکانی پێشوو بەدەست دێنن.



ڕاهێنان دەکەم

کۆدەکەمەوە پاشان لێدەردەکەم

١ ‏ ٥ + ٤ = ٩

٩ − ٤ = ٥

٢ ‏ ٧ + ١ = ٨

٨ − ١ = ٧

٣ ‏ ٤ + ٣ = ٧

٧ − ٣ = ٤

٤ ‏ ٨ + ١ = ٩ ‏ ‏ ٩ − ١ = ٨

٥ ‏ ٤ + ٤ = ٨ ‏ ‏ ٨ − ٤ = ٤

٦ ‏ ٦ + ٤ = ١٠ ‏ ‏ ١٠ − ٤ = ٦

پرسیارێك شیکار دەکەم ■ جێبەجێکردن

شیکار دەکەم. پاشان ڕستەی کۆکردنەوە، یان ڕستەی لێدەرکردنی گونجاو دەنووسم.

٧ لەسەر ڕەفەیەك ٥ کتێب هەیە، بڵند ٣ کتێبی تری لەسەر دانا. بوونە چەند کتێب لەسەر ڕەفەکە؟

٥ + ٣ = ٨

٨ لەسەر دارێك ٨ چۆلەکە هەیە، ٣ چۆلەکەیان فڕین ،چەند چۆلەکە لەسەر دارەکە ماوەتەوە؟

٨ − ٣ = ٥

چالاکی ماڵەوە • داوا لە منداڵەکەت بکە ١٠ شتی بچووك بەکاربهێنێ بۆ شیکار کردنی پرسیارێکی کۆکردنەوە. داوای لێبکە ڕستەی کۆکردنەوە و ڕستەی لێدەرکردن بنوسێت کە پەیوەندی پێوە هەبێت.

٩٢



ڕێنمایی بۆئەوەی دڵنیا بیت لەوەی کەوا قوتابیان پەیوەندی نێوان کۆکردنەوەو لێدەرکردن تێگەیشتینە، پرسیارێکی کۆکردنەوەیان پێبدە، وە داوایان لێبکە پرسیارێکی لێدەرکردنت پێبدەن هەمان ژمارەکانیان یان پێچەوانەکەیان تیادا بەکارهێنابێ.



ڕاهێنان ٦–٥

قوتابخانە..........ناوی قوتابی..........پۆل یەکەم هۆبەی.......بەروار / /

کۆکردنەوە ولێدەرکردن پێکەوەدەبەستم ◀ وانەی ٦–٥

کۆدەکەمەوە یان لێدەردەکەم. ئەو ژمارانە دەنووسم کە لە ڕاستییە پێکەوە بەستراوەکاندا هاتووە

١ ‏ ٤ + ٢ ‏ ٢ + ٤ ‏ ٦ − ٢ ‏ ٦ − ٤ ‏ ☐ ٤ ‏ ☐ ٢ ‏ ☐ ٦

٢ ‏ ٥ + ٤ ‏ ٤ + ٥ ‏ ٩ − ٤ ‏ ٩ − ٥ ‏ ☐ ٥ ‏ ☐ ٤ ‏ ☐ ٩

٣ ‏ ٥ + ٣ ‏ ٣ + ٥ ‏ ٨ − ٣ ‏ ٨ − ٥ ‏ ☐ ٥ ‏ ☐ ٣ ‏ ☐ ٨

◀ پێداچوونەوە

شیکاردەکەم

٤ ‏ ٧ + ١ = ٨ ‏ ‏ ٢ + ٣ = ٥ ‏ ‏ ٣ + ٤ = ٧

٥ ‏ ٥ − ٢ = ٣ ‏ ‏ ٨ − ١ = ٧ ‏ ‏ ٨ − ٧ = ١

ڕاهێنان ل ٢٥

وانەی
٦

ڕاستییەکانی لێدەرکردنی پێکەوە بەستراو

پلانی وانەکە

ئامانج : ڕستەی لێدەرکردن لە میانەی ١٠ دەناسێت و هەمان ژمارە بەکاردەهێنێت.

پێوەرەکان :

- ژمارەکان و کردارەکان
- شکارکردنی پرسیارەکان
- ڕێنوێنی و سەلماندن .
- گەیاندن

ڕۆژانە

لە ژووری پۆلدا ٨ قوتابی هەبوون هەوار ووتی: "٥ قوتابی چوونە دەرەوە. ڕستەی لێدەرکردن بنووسە کە هەوار گوتویەتی؟ ٨ − ٣ = ٥

کاروان ووتی" ٣ قوتابی ماوەتەوە". ڕستەی لێدەرکردن بنووسە کە کاروان گوتویەتی ٨ − ٣ = ٥. تێبینی چیدەکەیت لەم کارەدا ؟

هەمان ژمارە دەردەکەون لە هەردوو ڕستەدا.

ڕۆشنایی پەروەردەیی

بە دڵنیا بوونی بەردەوامی کارکردن لەسەر بابەتە گرنگەکانی کۆکردنەوە و لێدەرکردن ڕێگایەکی باشی بەخۆ دەگرێت بۆ تێگەیشتنی بابەتەکە بەباشی. باشتر وایە کە ڕاهێنانەکان ئامانج و واتای باش بە خۆیەوە بگرێت بۆ گەشەدان بە دەوڵەمەند کردنی بیری قوتابیان. کاتێ قوتابی دەزانێت ئەنجامی لێدەرکردنی ٧−٥ دەیگەیەنێتە زانینی جیاوازی ٧−٢. بۆیە ئەوانە بەکاردێنێت لە هەندێ شوێنی تردا.

چالاکی

ڕستەی لێدەرکردن

کۆمەڵەکانی بچووک
هەستی - جوولەیی

ئامانج : ڕستەی لێدەرکردن لە میانەی ١٠ دەنوێنێ

کەرەستەکان : بۆ هەر کۆمەڵەیەك ٨ شەش پاڵوی پێکەوە بەستراو لە هەمان ڕەنگ، کارتی ژمارەکان لە ٠ تا ٨.

- شەش پاڵوەکان دابەش بکە، ٨ شەش پاڵو بۆ هەر کۆمەلەیەك. کارتی ژمارەی نێوان ٥ و ٨ ڕابکێشە.داخازێ لە هەر کۆمەڵەیەك بکە شەش پاڵویەکان ریز بکات بە پێی ژمارەکانیان ، کارتێکی تر بۆ ژمارەیەکی تر ڕابکێشە بچووکتر بێت لە ژمارەی یەکەم . داخازی لە کۆمەڵەکان بکە بە پێی ژمارەی سەر کارتەکە شەش پاڵوەکان دووربخەنەوە. ڕستەی لێدەرکردنا گونجاو لەسەر تەختە بنووسن.
- کارتی ژمارەکان دابەشی سەر قوتابیان بکە لە هەر کۆمەڵەیەك ٢ کارت وەرگرەوە و چالاکی ئەنجام بدە وەك چالاکی لەسەرەوە هاتووە . داوا لە هەر کۆمەڵەیەك بکە ڕستەی لێدەرکردنی گونجاو بنووسن.



ئاگاداریە... ڕاهێنانەکانی ١، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨ لە لاپەڕە ٩٣. هەموویان ڕاستییەکانی بنەڕەتی و پێکەوە بەستراو دەنوێنێ لە هەمانکاتدا.

ڕێکخستنی وانەی ٦

ئامانج: ڕستەکانی لێدەرکردن لە میانەی ١٠دا دەناسێت وە هەمان ژمارەکان بەکاردەهێنێت.

پرسیاری ئەمڕۆ

بۆشاییەکانی ئەم شێوازە پڕبکەوە.

١٢،١٤، ___ ، ___ ،٨، ___ ، ___ ،٢ ١٠، ٦، ٤

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٧ − ٢ = ٥ ۲ ٥ − ٢ = ٣

٣ ٦ − ٢ = ٤ ٤ ٤ − ٢ = ٢

بۆچی ئەو بابەتە فێردەبین؟ زانینی ڕستەکانی لێدەرکردنی پێکەوە بەستراو یارمەتی قوتابی دەدات بۆ لەبەرکردنی ڕاستییەکانی لێدەرکردن. بەم شێوەیە تێگەیشتنی کارامەیی لێدەرکردنی هزری بنیات دەنێت. دەتوانیت دەست بە وانەکە بکەیت بە جێبەجێ کردنی ئەم چالاکیانەی دێن:

هەردوو ڕستەی لێدەرکردنی ٩–٦، ٩–٣ لەسەر تەختەکە بنووسە. داوا لە قوتابیان بکە هەریەکە لە ڕستەکانی لێدەرکردن بەبەکارهێنانی دەنکە فاسۆلیاکان بنوێنن بۆ دۆزینەوەی جیاوازی.

بپرسە: **لە هەردوو ڕستەکە تێبینی چیت هەیە؟**

یارمەتی قوتابیان بدە بۆ ئەوەی تێبینی ئەوە بکەن کەوا هەردوو ڕستەکە ڕاستە بەیەك بەستراوەکانی لێدەرکردن دەگەیەنن چونکە هەردووکیان بە هەمان ژمارەی ٩ دەست پێدەکەن. وە ژمارە دەرکراوەکەی ڕستەی یەکەم یەکسانە بە ئەنجامی جیاوازی ڕستەی دووەم. وە پێچەوانەکەی دروستە.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- سەرنجی قوتابیان بۆ بەشی سەرەوەی لاپەڕە ٩٣ ڕاکێشە.
- داوایان لێبکە بەشەشپاڵووە بەیەکە بەستراوەکان نموونەی یەکەم بنوێنن.
- بۆیان ڕوونبکەوە کەوا نموونەی دووەم کرداری لێدەرکردن دەگەیەنێ.



وانەی ٦ — ڕاستییە پێکەوە بەستراوەکانی لێدەرکردن

٨ − ٦ = ٢

٨ − ٢ = ٦

ئەگەر یەکێك لەدوو ڕستەکەم زانی، ئەوەئەوی تریشیان دەزانم

لێدەردەکەم ئەو دوو ڕستەیە دەورە دەدەم کە هەمان ژمارەیان تیدا دەردەکەوێت.

١ ٧ − ٥ = ٢
٧ − ٢ = ٥

٢ ٤ − ٣ = ١
٤ − ١ = ٣

٣ ٥ − ٥ = ٠
٥ − ٠ = ٥

٤ ٧ − ٤ = ٣
٧ − ٣ = ٤

٥ ٩ − ١ = ٨
٩ − ٨ = ١

٦ ٧ − ٧ = ٠
٧ − ٠ = ٧

٧ ٨ − ٦ = ٢
٨ − ٢ = ٦

٨ ٨ − ٣ = ٥
٨ − ٥ = ٣

باسبکە ■ ڕێنوێنی

چەند ڕستەی لێدەرکردن دەتوانی بنووسیت ئەگەر ژمارەکانی ٢ و ٣ و٥ بەکار بهێنیت.ڕوونییکەوە.

٩٣

- بپرسە **ئایا هەردوو ڕستەکانی لێدەرکردنی ٨–٦=٢ و ٨–٢=٦ دوو ڕاستی پێکەوە بەستراون؟** بەڵێ بۆچی؟ چونکە هەردوو ڕستەکە بە ژمارە ٨ دەست پێدەکەن، وە ژمارە دەرکراوەکە و ئەنجامی جیاوازی لە هەردوو ڕستەکەدا هەمان ژمارەکان خۆیانن بەڵام ڕیزکردنیان جیاوازە.
- بۆچی ژمارە ٨ لە هەردوو ڕستەکەدا ژمارەی یەکەمە؟ وەڵامی گونجاو: چونکە ژمارە ٨ بریتیە لەو ژمارەیەی کە لێی دەردەکرێت.
- بپرسە **چۆن ڕستەی لێدەرکردنی ٨ − ٦ = ٢ یارمەتیت دەدات لەسەر نووسینی ڕستەی دووەمی ٨ − ٢ = ٦ ؟** ئەگەر لێدەرکردنی ٨ − ٢ کردو زانیمان وەلامەکەی دەکاتە ٦ ئەوکات دەزانین جیاوازی نێوان ٨ و ٦ دەکاتە ٢.
- ئەگەر زانیت کەوا ٩ − ٣ = ٦، کام ڕستەی لێدەرکردنی دووەم دەتوانی بنوسیت؟ ٩ − ٦ = ٣.
- چەند ڕاستی لێدەرکردنی بەیەکەوە بەستراو دەتوانی پێکبهێنی بە بەکارهێنانی ژمارەکانی ٩، ٣، ٦ ئەو ڕاستییانە کامانەن؟ دەتوانم دوو ڕستەی لێدەرکردنی بەیەکەوە بەستراو بنووسم، دوو ڕاستیە لێدەرکراوەکە ئەمانەن: ٩–٣=٦، ٩–٦=٣.
- داوا لە قوتابیان بکە چالاکیەکانی ١ تا ٨ جێبەجێبکەن.

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باسبکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە.

وەڵام: دەتوانم هەردوو ڕستەی لێدەرکردنی ٥ − ٢ = ٣ ، ٥ − ٣ = ٢ بنووسم.

داوا لە قوتابیان بکە شیکاری ئەو ڕاهێنانانە بکەن کە لە لاپەڕە ٩٤ دا هاتووە.

ڕاهێنانەکانی لاپەڕە ٩٤ بوار بۆ قوتابی دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی کردارەکانی لێدەرکردن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ جێبەجێ بکەن. چاودێری کاری قوتابیان بکە.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆو نووسین بڵێ پاشان هەردوو ڕستەکانی لێدەرکردن بنووسە بە بەکارهێنانی ژمارەکانی ١٠ و ٩ و ١. ١٠−١=٩ و ١٠−٩=١.

تاقیکردنەوەی وانەکە

ئەو دوو ڕستەیە دەور دەدەم کە هەمان ژمارەیان تێدا دیار دەکەوێت

أ ٨ − ٣ = ٥
٨ − ٤ = ٤

ج ٨ − ٥ = ٣
٨ − ٣ = ٥

ب ٦ − ٢ = ٤
٤ − ٢ = ٢

د ٧ − ٢ = ٥
٧ − ٦ = ١

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با لە ماڵەوە ڕاهێنانەکانی ٣، ٤، ٥ کە لە وانەی ٦−٦ دا هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان شیکاربکەن.

ڕاهێنان

- هانیان بدە با لە ماڵەوە ئەو ڕاهێنانانەی کە بە بڕگەی «پێداچوونەوە»دا هاتووە لە کتێبی **ڕاهێنان** شیکاربکەن بۆیان ڕوونبکەوە کەوا ئەو ڕاهێنانانە پێداچوونەوەی کارامەییەکانی پێشوو بەدەست دێنن.

ڕێنمایی... ئەگەر بینیت کەوا هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە شیکاری ڕاهێنانەکانی ٧ و٨ لە کتێبی ڕاهێنان، ئەمەیان بۆ ڕوونبکەوە: لەبەر ئەوەی هەردوو ڕاستیەکانی لێدەرکردن لەهەر ڕاهێنانێك بەیەکەوە بەستراون، هەردووکیان هەمان ژمارەکانی یەکتریان بەکارهێناوە، وە هەردووکیان بەهەمان ژمارە گەورەکە دەستیان پێکردیە کەواتە ژمارەی نادیار لە ڕاستی لێدەرکردنی ☐ − ٦ = ٢ پێویستە ژمارەی یەکەم بێت لە ڕاستی لێدەرکردنی یەکەم ٨ − ٢ = ٦ واتە ژمارە ٨ بێت.



ڕاهێنان دەکەم

لێدەردەکەم پاشان هەر بەشێك بەڕەنگێکی گونجاو بۆ جیاوازییەکە ڕەنگدەکەم

٤ شین ٦ سوور
٥ زەرد ٧ سەوز

چالاکی ماڵەوە • داوا لە منداڵەکەت بکە ڕستەکانی لێدەرکردن لە ٨ − ٠ تا ٨ − ٨ بنووسێت.

٩٤



ڕاهێنان ٦−٦

قوتابخانە........ ناوی قوتابی........ پۆل: یەکەم هۆبەی........ بەروار / /

ڕاستییە پێکەوەبەستراوەکانی لێدەرکردن وانەی ٦−٦

لێدەردەکەم، هەردوو ڕستەکە دەور دەدەم، کاتێك هەمان ژمارەکان دەردەکەوێت.

١ ٧ − ٤ = ٣
٧ − ٢ = ٥

٢ ٩ − ٣ = ٦
٩ − ٦ = ٣

٣ ١٠ − ٣ = ٧
١٠ − ٨ = ٢

٤ ٨ − ٢ = ٦
٨ − ٦ = ٢

٥ ١٠ − ٧ = ٣
١٠ − ٣ = ٧

٦ ٧ − ٧ = ٠
٧ − ٠ = ٧

لێدەردەکەم، ڕاستییە پێکەوە بەستراوی لێدەرکردن تەواو دەکەم

٧ ٨ − ٢ = ٦
٨ − ٦ = ٢

٨ ١٠ − ٦ = ٤
١٠ − ٤ = ٦

◀ پێداچوونەوە

کۆکردنەوە بۆ لێدەرکردن بەکار دەهێنم

٩ ٦ + ٣ = ٩
٩ − ٣ = ٦

١٠ ٤ + ٤ = ٨
٨ − ٤ = ٤

١١ ٣ + ٢ = ٥
٥ − ٢ = ٣

١٢ ٨ + ٢ = ١٠
١٠ − ٢ = ٨

١٣ ٤ + ٣ = ٧
٧ − ٣ = ٤

١٤ ٥ + ١ = ٦
٦ − ١ = ٥

ل٣٦ ڕاهێنان

ڕێنمایی... بۆ ئەوەی دڵنیا بیت لە تێگەیشتنی قوتابیان بۆ ڕاستیە بە یەکەبەستراوەکانی لێدەرکردن، چەند ڕاستیەکی پێکەوە نەبەستراویان بەرێ وەك ئەوەی لە ڕاهێنانی ٨ لە لاپەڕە ٩٣دا هاتووە.
بپرسە ئایا ژمارەکانی ڕستەی دووەم هەمان ژمارەکانی ڕستەی یەکەمن؟ داوایان لێبکە با دووبارە ڕستەی دووەم بنووسنەوە بە بەکارهێنانی ژمارەکانی یەکەم.

وانەی
٧

پرسیارێك شیكاردەكەم: كرداری گونجاو هەڵدەبژێرم

پلانی وانەكە

ئامانج : پرسیارێك شیكار دەكات بە بەكارهێنانی ڕێگای « كردارێكی گونجاو هەڵدەبژێرم »

پێوەرەكان

- ژمارەكان و كردارەكان
- شیكاری پرسیارەكان
- ڕێنوێنی و سەلماندن
- گەیاندن
- بەستن

ڕۆژانە

بینا لە بەخچەكەی دا ١٠ كەروێشكی هەبوو ٣ لەو كەروێشكانە دیار نەمان، چەند كەروێشك لە باخچەكەدا ماوە؟ چ كردارێكی ژمێریاریت بەكارهێنا؟

٧ كەروێشك، لێدەركردن.

ڕۆشنایی پەروەردەیی

پرسیارە هەواڵییەكان خاڵێكی گرنگ وبنچینەیی پێكدێنێت لە پێش خستنی كارامەیی قوتابی بۆ شیكاری پرسیارەكان مەبەست لە پێشكەش كردنی پرسیارەكانی هەواڵی جووتە نییە لە لایەك یارمەتی دەدات لەسەر زانینی بەڵگەی كرداری ژماردن، وە لە لایەكی تر ئامادەكردنی قوتابی بۆ هەڵبژاردنی كردارەكە بە شێوەیەكی دروست.

پرسیارە هەواڵییەكان هەندی ئاستەنگ دروست دەكات لای قوتابیان بە تایبەتی ئەوانەی خوێندنەوەی باشیان نییە، كاتێك پرسیارێكی هەواڵی بۆ قوتابیان دەخوێنێتەوە هانیانبدە لە پرسیارەكە بگەن. ئەویش بە بەكارهێنانی وێنەكان وپەپكەكان. لەوانەیە هەندی لە قوتابیان شیوەیەكی هزری لە لا دروست بێت.

چالاكی

نواندنی پرسیارەكانی كۆكردنەوەو لێدەركردن

دوانە

بینین - هزری

ئامانج پرسیارەكانی كۆكردنەوە و لێدەركردن ڕوونی دەكات و دەینوێنێ.

كەرەستەكان بۆ هەر جووتێك قوتابی ١٠ پەپكە، بۆ مامۆستا سندووقێكی داخراو.

- هەندەك پەپكە لەسەر ئامێری سندووقەكە دابنێ و چیرۆكێك بۆ قوتابیان بگێرەوە لە سەر هەر ژمارەیەك دەست پێدەكەی پرسیارێكی كۆكردن یا لێدەركردن بێت. داوا لە یەكێك لە قوتابیان بكە ئەو كردارە بنوێنێ بە زێدەكردن یان دورخستنەوەی ژمارەیەك لە پەپكەكان.
- دووبارە چیرۆكێك بگێرەوە و داوا لە قوتابیان بكە ژمارەی ڕاستی پەپكەكان زێدە بكەن یان دوورخستنی ساغ بكەنەوە.

داوا لە قوتابیەكی تر بكە بۆ وتنی چیرۆكێكی تر وە بە پەپكەكان بنوێنێت. داوا لە قوتابی سێیەم بكە پرسیارەكە شیكار بكات.

- قوتابیان ئێستا دوو دوو بە یەكەوە كاردەكەن یەكێكیان پرسیارێك دەردە برێ، و قوتابی دووەم هەوڵ دەدات بۆ شیكار كردنی.

ڕێکخستنی وانەی ٧

ئامانج : پرسیارێك شیکار دەکات بە بەکارهێنانی ڕێگای « کردارێکی گونجاو هەڵدەبژێرم »

پرسیاری ئەمڕۆ

شێوازەکە تەواو بکە:

١، ١، ٢، ١، ١، ٣، ١، ١، ٤، ١

١، ٥، ١

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٢ + ٢ = ٤

٢ ٦ + ٢ = ٨

٣ ٤ + ٢ = ٦

٤ ٨ + ٢ = ١٠

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟ هەڵبژاردنی کردارەکان بە باشی توانا بەرز دەکاتەوە بۆ شیکاری پرسیارەکان بەشێوەیەکی ڕاست. دەتوانیت دەست بە وانەکە بکەیت بەوەی کەوا قوتابیان بەبیرت بهێننە بەهۆی ووشەکان وقسەکان و ووتەکان، کە کلیلی دەستپێکردنی هەردوو کرداری کۆکردنەوە و لێدەرکردنن: وەك خستنە پاڵ یەکی دوو کۆمەڵە واتە کرداری کۆکردنەوە یان ژمارەی هەموو شتەکان «سەرجەم» واتە کرداری کۆکردنەوە یان جیاکردنەوە بەشێك لە کۆمەڵەیەك واتە کرداری لێدەرکردن یان چەند ماوەتەوە واتە لێدەرکردن بە بیرهێنانەوەی ئەم ووتانە دەرگای چوونە ناو بابەتەکە والآ دەکات داوا لە قوتابیان بکە چەند نموونەیەکت لەسەر ئەو پرسیارانە بدەنێ کە داوای کرداری کۆکردنەوەو لێدەرکردنت لێ دەکات.

٢ فێر کردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

سەرەنجی قوتابیان بۆ چالاکی یەکەم لە لاپەڕە ٩٥ ڕاکێشە.

- **تێدەگەم** داوا لە قوتابیان بکە بابۆت ڕوونبکەنەوە داواکارییەکەی ڕاهێنانی ١ چییە؟ ژمارەی ئەو سێوانەی لای شیرین ماوەتەوە چەندن.
- **پلان دادەنێم** **ئەو زاراوانەی کە بۆی دەگەڕێیت لە میانەی خوێندنەوەی پرسیارەکە چین؟** بەدوای زاراوەکان یان کلیلە زمانەوانیەکان دەگەڕێم کە تیایەتی، ئەم زاراوانە یان کلیلە زمانەوانیانە بۆت دیاردەکات کە پرسیارەکە کرداری خستنەپاڵیەکە یان جیاکردنەوەیە.



پرسیارێك شیکار دەکەم

کرداری گونجاو هەڵدەبژێرم

وانەی ٧ ________

تێدەگەم ‹ پلان دادەنێم ‹ شیکاردەکەم ‹ ساغدەکەمەوە

وشەی **کۆکردنەوە** یان **لێدەرکردن** دەورە دەدەم. کرداری ژماردن دەنووسم.

سێوەکان کەم بوونەوە پێویستە لێدەرکەم

١ شیرین ١٠ سێوی لایە، ٤ سێوی دایە ڕێڤینی برای چەند سێوی لاماوە؟

کۆدەکەمەوە [✓ لێدەردەکەم]

١٠ − ٤ = ٦

٢ ٧ پارچە شیرینیمان هەیە. کلارا ٤ پارچەی خوارد. چەند پارچە شیرینی ماوە؟

٣ پارچە شیرینی

کۆدەکەمەوە [✓ لێدەردەکەم]

٧ − ٤ = ٣

٣ لەسەر سفرەکە ٣ چەتاڵ هەیە. شنە ٤ چەتاڵی هێنا، هەموو بوو بە چەند ؟

٧ چەتاڵ

[✓ کۆدەکەمەوە] لێدەردەکەم

٣ + ٤ = ٧

٤ سالار ٩ گێزەری دابە کەروێشکەکەی. کەروێشکەکە ٥ گێزەری خوارد. چەند گێزەر ماوەتەوە؟

٤ گێزەر

کۆدەکەمەوە [✓ لێدەردەکەم]

٩ − ٥ = ٤

٩٥

- **ئەو زاراوانە چین؟ وە چیّ دەگەیەنن؟** داویەتی چەند ماوە، ئەمە کرداری جیاکردنەوە دەگەیەنێ.
- **ئەو کردارە گونجاوەی کە هەڵیدەبژێریت چییە؟** لەبەر ئەوەی کرداری جیاکردنەوەی هەیە، کرداری لێدەرکردن هەڵدەبژێرم.
- داوا لە قوتابیان بکە بیر لە ڕێگایەك بکەنەوە بۆ شیکاری پرسیارەکە؟ لێدەردەکەم.
- **شیکاردەکەم** داوا لە قوتابیان بکە با باس لە چۆنیەتی شیکارکردنی پرسیارەکە بکەن؟ لێدەردەکەم. بۆ ئەوەی بزانم چەند سێو لە لای شیرین ماوەتەوە، ڕستەی لێدەرکردنی ١٠−٤ دەنووسم و جیاوازی ئەژمێردەکەم.
- **ساغدەکەمەوە** **چۆن دروستی وەڵامەکەت ساغدەکەیتەوە؟** ئەو سێوانەی کە ماونەتەوە لەگەڵ ئەو سێوانەی کە دراونەتە برای شیرین کۆدەکەمەوە.
- قوتابیان چالاکییەکانی لاپەرەکە جێبەجێ دەکەن.
- **ئەگەر بهاتایە پرسیارەکە کرداری خستنە پاڵ یەکی لە خۆبگرتایە، کام کردارت هەڵدەبژارد؟** کرداری کۆکردنەوە.
- چاودێری کاری قوتابیان بکە.

ڕێنمایی... لەگەڵ قوتابیان چۆنیەتی هەڵبژاردنی کرداری گونجاو گفتوگۆ بکە، لەگەڵیان جەخت لەو وتانەو زاراوانە بکە کە کۆکردنەوە و لێدەرکردن دەگەیەنن، سەرنجیان بۆ گرنگی خوێندنەوەی پرسیارەکە بە هێمنی و لەسەرخۆ بە تێگەیشتنێکی باش ڕاکێشە بۆ ئەوەی بتوانن کردارێکی گونجاو هەڵبژێرن.



ڕاهێنان دەکەم

کۆدەکەمەوە یان لێدەردەکەم

1. لەسەر مێزێك ٥ پارچە شیرینی هەیە . ڕەفەند ٢ پارچەی تری ئامادە کرد . ژمارەی پارچەکان چەندە ؟

٧ پارچە

کۆدەکەمەوە   لێدەردەکەم

٥ ⊕ ٢ ⊜ ٧

2. لە وێدا ٦ سێو هەیە . تۆ و باوکت ٢ سێوتان خوارد . چەند سێو ماوەتەوە ؟

٤ سێو

کۆدەکەمەوە   [✓ لێدەردەکەم]

٦ ⊖ ٢ ⊜ ٤

3. لەبەردەم بڵند دا ٧ کووپ هەیە . ٣ کووپی تری ئامادە کرد . ژمارەی کووپەکان چەندە ؟

١٠ کووپ

[✓ کۆدەکەمەوە]   لێدەردەکەم

٧ ⊕ ٣ ⊜ ١٠

4. لەدەفرێکدا ٨ سەندەویچ هەیە . مێوانەکان ٣ سەندەویچیان خوارد. چەند ماوەتەوە ؟

٥ سەندەویچ

کۆدەکەمەوە   [✓ لێدەردەکەم]

٨ ⊖ ٣ ⊜ ٥

بنووسە

چیرۆکی کۆکردنەوە یان لێدەرکردن دەگێرمەوە.

کرداره ژمارەییەکەی دەنووسم . وێنەیەك دەکێشم بۆ ساغکردنەوە.

چالاکی ماڵەوە • پرسیار لە منداڵەکەت بکە چۆن کردارەکە هەڵدەبژێرێت لە هەر پرسیارێکی ئەم لاپەڕەیە

٩٦

٣ ڕاهێنان

داوا لە قوتابیان بکە با ئەو ڕاهێنانەی کە لە لاپەڕە ٩٦دا هاتووە شیکاربکەن

- ڕاهێنانەکانی لە چالاکیەکانی ئەم لاپەڕەیە هەیە هاندەرن بۆ ئەوەی قوتابی کرداری گونجاو هەڵبژێری.

بنووسە بۆ قوتابیان ئەو داواکراوەی لەسەریانە لە بڕگەی «بنووسە» بۆیان ڕونبکەوە بۆ ئەوەی هەر یەکەیان ئاگاداری کارەکانی ئەوانی تر بێت.

ئاگاداری... هەندێ لە قوتابیان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کاردەکەن وە بە شێوەیەکی ڕەمەکی ووشەکانی «کۆکردنەوە» یان «لێدەردەکەم» دەوردەدەن هەندێ جار وەڵامەکانیان دروست دەبێت دڵنیابە لە تێگەیشتن قوتابیان بۆ پرسیارەکەو دروستی هەڵبژاردنی گونجاو.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆو نووسین باس بکە چۆن نووسینی کرداری گونجاو یارمەتیت دەدا لەسەر شیکاری پرسیارەکە؟ یارمەتیم دەدات بۆ شیکاری پرسیارەکە وە ڕێگەم پێ دەدات ڕێگای شیکارکردن و وەڵامی دروست دەرببڕم.

تاقیکردنەوەی وانەکە

کرداری گونجاو هەڵدەبژێرم: کۆدەکەمەوە یان لێدەردکەم، پاشان پرسیارەکە شیکاردەکەم.

1. لەلای هوشیار ٤ پێنووس هەیە، خوشکەکەی ٣ پێنووسی دایی، پێنوسەکانی بوون بەچەند؟

کۆدەکەمەوە   لێدەردەکەم

٤ ⊕ ٣ ⊜ ٧

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با لە ماڵەوە ڕاهێنانەکانی ٢، ٣، ٤ کە لە وانەی ٦–٧ داهاتووە لە کتێبی ڕاهێنان شیکاربکەن. بۆیان ڕوونبکەوە کەوا ئەو ڕاهێنانە پێداچوونەوەی کارامەیی پێشوو بەدەست دێنن.

ڕێنمایی... هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە دیارکردنی زاراوەکان «ووشەکان» یان لە دیارکردنی کلیلی ئەو ووشانەی کە کرداری کۆکردنەوە یان لێدەرکردن دەگەیەنن، یارمەتیان بدە لەسەر بنبڕکردنی ئەم ئاستنەگە بە نووسینی ئەم ووشانە لەسەرکارتەکان (خستیە پاڵ، پەیوەندی پێوەکرد، وازی هێنا، خواردی، ڕۆیشت، گەڕایەوە، وەری گرت، ڕایکێشا، داوا لە قوتابیان بکە با چەند کۆمەڵەیەکی دووانی پێکبهێنن داوا لە تاکی یەکەمی هەر کۆمەڵەیەك بکە با کارتێك ڕاکێشێ و واتای ئەو ووشەی لەسەری نوسراوە باس بکەن و پرسیارێکی لەسەر دابنێن بە بەکارهێنانی ئەم ووشەیە پاشان داوا لە تاکی دووەمی هەر کۆمەڵەیەك بکە با دژە واتای ووشەکە بلێن وباسی بکەن و پرسیارێکی لەسەر دابنێن و هەر یەکە لە تاکەکان کردارێکی گونجاو هەڵبژێرن بۆ شیکارکردن.



ڕاهێنان ٦–٧

قوتابخانە.......... ناوی قوتابی.......... پۆل: یەکەم هۆبەی...... بەروار / /

وانەی ٦-٧

پرسیارێك شیکاردەکەم :

کرداری گونجاو هەڵدەبژێرم

وشەی کۆکردنەوە یان لێدەرکردن دەور دەدەم، پاشان کرداره ژمارەییەکە دەنووسم.

1. ٦ سەگ لە باخچەیەکدا خواردن دەخۆن. ٣ سەگی تر هاتن بۆ لایان تا لەگەڵیاندا خواردن بخۆن. چەند سەگ لە باخچەکەدا خواردن دەخۆن ؟

[✓ کۆدەکەمەوە]   لێدەردەکەم

٩ سەگ

٦ ⊕ ٣ ⊜ ٩

2. ٤ چۆلەکە لەسەر چڵێك نیشتوون ٢ چۆلەکەیان فڕین چەند چۆلەکە ماونەتەوە لەسەر چڵەکە؟

کۆدەکەمەوە   [✓ لێدەردەکەم]

٢ چۆلەکە

٤ ⊖ ٢ ⊜ ٢

3. ٥ پشیلە لە هۆڵێکدا یاریدەکەن ٤ پشیلەی تر هاتن بۆ لایان چەند پشیلە لە هۆڵەکە دایە ؟

[✓ کۆدەکەمەوە]   لێدەردەکەم

٩ پشیلە

٥ ⊕ ٤ ⊜ ٩

4. ٨ کەروێشك گێزەر دەخۆن. دوو کەروێشکیان ڕۆیشتن. چەند کەروێشك ماونەتەوە؟

کۆدەکەمەوە   [✓ لێدەردەکەم]

٦ کەروێشك

٨ ⊖ ٢ ⊜ ٦

بەشی

٦

چەند ڕێگایەك بۆ کۆکردنەوە و لێدەرکردن

پێداچوونەوەی/ بەشی ٦

ئامانج دڵنیابوون لە تێگەیشتنی چەمکەکان و بەدەستهێنانی ئەو کارامەییانەی کە لە بەشی ٦دا هاتووە.

بەکارهێنانی لاپەڕە

- ئامانجی لاپەڕەی «پێداچوونەوە» بۆ قوتابیان ڕوونبکەوە.
- نزیکەی ٣٠ خولەك بۆ ئەم لاپەڕەیە تەرخان کراوە لەم ماوەیەدا داوا لە قوتابیان دەکرێت ڕاهێنانەکانی لاپەڕەی «پێداچوونەوە» شیکاربکەن.
- لەم لاپەڕەیە دەتوانیت یارمەتی ئەو قوتابیانە بدەیت کە ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە.
- دەتوانیت ڕێگا بە قوتابیان بدەی بۆ ئەوەی یارمەتی یەکتربدەن، لەگەڵ پاراستنی یاسای قوتابخانەو هێمنی پۆل.
- دەکرێت وەڵامی پرسیارەکانی قوتابیان بدەیتەوە.
- ئەو کاتەی کە دەمێنێتەوە لە وانەکە تەرخان بکە بۆ وەڵامەکان و شیکاری پرسیارەکان.
- ئەم لاپەڕەیە گونجاوە بۆ زانینی توانای قوتابی لەسەر کارکردن لەگەڵ کۆکردنەوە ولێدەرکردن لەیەك کاتدا، لە میانەی ئەم لاپەڕەیە دڵنیا دەبێت تا چەند قوتابیان بە تەنیا هەریەکە چەمکەکان فێربوویتە یان تا چەند توانایان هەیە چەمکەکان بەیەکەوە ببەستنەوە.
- ئامانجی ڕاهێنانەکانی ١ تا ٦ بۆ دڵنیابوونە لە زانینی چەمکەکان و کارامەییە نوێیەکان.

بەڵام ئامانجی لاپەڕەی ٧ بۆ دڵنیابوونە لە کارامەیی قوتابی لە جێبەجێکردنی کارامەیی شیکاری پرسیارەکانی (کردارێکی گونجاو هەڵدەبژێرم).



پێداچوونەوەی بەشی ٦

ناو ______________

لێدەردەکەم پاشان دەوری هەردوو کردارەکە دەدەم کەهەمان ژمارەکانی تێدایە.

١ ٩ − ٥ = ٤

٩ − ٤ = ٥

٢ ١٠ − ٨ = ٢

١٠ − ٢ = ٨

هێڵی ژمارەکان بەکار دەهێنم ،وپەرەوپاش دەژمێرم بۆ ئەوەی لێدەربکەم.

٣

٧ − ١ = ٦

١٠ − ٢ = ٨

لەکوێ دوو ئەوەندە ببینم دەورەی دەدەم. کۆدەکەمەوە و سەرجەم دەنووسم.

٤ ٩ + ١ = ١٠

٢ + ٥ = ٧

٤ + ٤ = ٨

٧ + ٢ = ٩

٦ + ٣ = ٩

٢ + ٤ = ٦

بەرەو پێش دەژمێرم. سەرجەم دەنووسم.

٥ ٨ + ١ = ٩

٦ ٧ + ٣ = ١٠

پرسیارێك شیکار دەکەم.

وشەی **کۆدەکەمەوە** یان **لێدەردەکەم** دەورە دەدەم ڕستەیەکی ژمارەیی دەنووسم.

٧ لەوێدا ١٠ گۆزە هەنگوین هەیە ٣ یان شکا. چەند گۆزە ماوەتەوە؟

کۆدەکەمەوە [✓ لێدەردەکەم]

٧ گۆزە

١٠ − ٣ = ٧

٩٧



ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە
بەشی ٦

ناو ________

وەڵامی گونجاو هەڵدەبژێرم.

١ ١٠ − ١

٩ ●   ١٠ ○   ١١ ○   ١٢ ○

٢ ٥ + ٤

٦ ○   ٧ ○   ٨ ○   ٩ ●

٣ هێڵی ژمارەکان چی دەنوێنێ.

٥ − ٣ ○   ٥ − ٢ ●   ٣ + ٢ ○   ٢ + ٣ ○

٤ نیڤین ٩ گوێزی لایە، ٣ گوێزی شکاند و خواردی.چەند گوێزی لاماوە؟

١٢ ○   ٩ ○   ٧ ○   ٦ ●

٥ لە قاپێکدا ٣ مۆز هەیە ٢مۆزی ترمان بۆ زیادکرد .
کام ڕستە لەمانەی خوارەوە ژمارەی مۆزەکانی ناوقاپەکە دەگەیەنێ؟

٣ − ٢ = ١ ○   ٣ − ٣ = ٠ ○   ٣ + ٢ = ٥ ●   ٢ + ٢ = ٤ ○

٦ بەکاربینە. چوار ڕستەی ژمارەیی بنووسە هەمان ژمارەی تێدابێ.

وەڵامەکان جۆراوجۆر

بۆ نموونە

٠ + ٦ − ٦   ٢ + ٤ − ٦

١ + ٥ − ٦   ٣ + ٣ − ٦

٩٨

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

ئامانج ئامانج لە لاپەڕەی (ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە) کە لە کتێبی قوتابی داهاتووە هەروەك ناونیشانەکەی دیاری دەکات بریتیە لە ئامادەکردنی قوتابی بۆ تاقیکردنەوەی بەش.

ئەم لاپەڕەیە چەمکەکان و کارامەییەکانی کە لەم بەشەدا هاتووە لە خۆ دەگرێت، وە لە گەڵیاندا چەمکەکانی تری کە لە بەشەکانی پێشوودا لە خۆدەگرێت.

هەر برگەیەك لەم لاپەڕەیە ئامانجێکی پەروەردەیی یان زیاتر لەخۆدەگرێت ئەمە خۆی لە خۆیدا تارادەیەك ئامانجە پەروەردەییەکانی پەیوەست بەم بەشە لە خۆدەگرێت.

بەکارهێنانی لاپەڕە

- ئامانجی لاپەڕەی «ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە» بۆ قوتابیان ڕوونبکەوە.
- داوا لە قوتابیان بکە لاپەڕەی «ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە» کە لە کتێبی قوتابیدا هاتووە لەماڵەوە یان لە پۆل جێبەجێ بکەن ئەگەر کاتت هەبوو بۆ ئەم مەبەستە.

تاقیکردنەوەی بەش

تاقیکردنەوەی بەش دەکەوێتە چوار چێوەی هەڵسەنگاندنی بەدەستهاتوو

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوەی بەش

- دەتوانی ئەم تاقیکردنەوانە وەکو خۆی بەکاربهێنی.
- دەتوانی لەم تاقیکردنەوانە چەند پرسیارێکی دیاریکراو هەڵبژێری، تیایدا تاقیکردنەویەکی لێ پێك بهێنی.
- دەتوانی لەم تاقیکردنەوانە چەند پرسیارێکی دیاریکراو هەڵبژێری، تیایدا بەخۆت پرسیاری تری لەسەردا دابنێی.
- دەتوانی بەخۆت هەموو پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی لەسەر دابنێی بەسوود وەرگرتن لەو پرسیارانەی کە لە تاقیکردنەوەی بەشەکەدا هەیە.

مەرجەکانی ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

- پێویستە ماوەی ئەو کاتەی تەرخان دەکرێت بۆ تاقیکردنەوەکە گونجاو و تەواوبێت بۆ قوتابیان (یەك وانە بۆ تاقیکردنەوەی بەش) تەرخان بکرێت.
- پێویستە پرسیارەکانی ئەم تاقیکردنەوانە ئەو ئامانجانەی کە فێرت کردونە بەبێ کەم و زیاد لە خۆبگرێت.
- پێویستە پرسیارەکانی ئەم تاقیکردنەوانە ئامانجەکان بە شێوەیەکی هاوسەنگ لەگەڵ ڕەچاوکردنی گرنگی ئامانجەکان لەخۆبگرێت.
- دەبێت تاقیکردنەوەکان پرسیارەکانی (شێوە أ) و پرسیارەکانی (شێوە ب) لە خۆبگرن لەگەڵ گرنگی دانی زیاتر بە شێوەی أ (بگەڕێوە بۆ ڕێبەری هەڵسەنگاندن).
- پێویستە پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بەش بە شێوەیەکی دیار و ڕوون چاپ کرابێت.

جێبەجێ کردنی تاقیکردنەوەی بەش

- وانەیەکی تەواو تەرخان بکە بۆ تاقیکردنەوەی بەش.
- بۆ قوتابیان باسبکە پێویستە لەسەریان وەڵامی دروست لە پرسیارەکانی هەڵبژاردنی فرە وەڵام دەوربدەن.
- لەکاتی بوونی کاتی بەتاڵ لە قوتابخانە یان لە ماڵەوە تاقیکردنەوەکان بپشکنەو تێبینیەکانت لەسەریان تۆماربکە بە تایبەتی ئەو تێبینیانەی پەیوەستە بە لایەنە لاوازەکانی قوتابیان.

Star Group
For Math

تێبینییەکانی مامۆستا

بۆچوونی تر

دەربڕینی پرسیاری باش

سەرچاوەی زیاتر

تێبینی بۆ وانەی داهاتوو

Star Group
For Math

بەشی ٧ ژمارەکان تا ٩٩

پلانی بەش

پێشکەشکردن و ئامادەبوون بۆ بەش کات/ ١ وانە

وانە	ئامانج	زاراوەکان	کەرەستەکان	کاتی خەملێنراو
٧-١ دەیان ل ١٠١ – ١٠٢	کۆمەڵەیەك لە دە دەیی دەنوێنێ. بە دەیان دەژمێری و ژمارەکە دەنوسێت.	دە	شەش پاڵووی پێکەوە بەستراو.	٢ وانە
٧-٢ یەکان ودەیان ل ١٠٣ – ١٠٤	ژمارەکە بەشێوەی یەکان و دەیان دەنووسێت پاشان بە شێوەی ڕەنووسی دەنووسێت.	یەکان	شەش پاڵووی پێکەوە بەستراو ، تەختەی کار.	٢ وانە
٧-٣ ژمارەکان تا ٩٩ ل ١٠٥ – ١٠٦	ژمارەکان تا ٩٩ لەسەر شێوەی یەکان و دەیان دەنووسێ ، وە شێوەی ڕەنووسییەکەی دەنووسێ.	یەکان و دەیان	شەش پاڵووی پێکەوە بەستراو ، تەختەی کار.	٢ وانە
٧-٤ ژمارەکان جیادەکەمەوە ل ١٠٧ – ١٠٨	ژمارەکە دەنووسێت تا ٩٩ لەسەر شێوەی سەرجەمی یەکان و دەیان.	یەکان و دەیان	بژمێری دەیی	٢ وانە
٧-٥ پرسیارێك شیکار دەکەم : دەخەملێنم ل ١٠٩ – ١١٠	پرسیارێك شیکار دەکات بە بەکارهێنانی ڕێگەی « دەخەملێنم ».	دەخەملێنم		٢ وانە
■ پێداچوونەوەی ل ١١١				١ وانە
■ تاقیکردنەوەی بەش ل ١١٢				١ وانە

تێبینی:
- دابەشکردنی بەشەوانەکان بەسەر وانەکانی ئەم بەشەی سەرەوە دابەشکردنێکی خەملێندراوە دەتوانی دەستکاری بکەی و ڕێکی بخەی و بیگونجێنی لەگەڵ بارودۆخ و ژینگەی قوتابی، کاتی تەرخان کراوی تایبەت بە وانەکان جێگیر نییە، دەتوانیت گۆڕانکاری لێبکەی بەپێی پێویست ڕێکی بکەی و بیگونجێنی.
- لەسەر مامۆستا پێویستە کەرەستە داواکراوەکان ئەوانەی ناویان هاتووە لە پلانی بەش یان هاوشێوەکانیان ئامادە بکات پێش دەستپێکردنی وانەکە.

Star Group

بیرکاری بەپێی پۆلەکان

پۆلی یەکەم

• بە ژمارە کان ئاشنا دەبێت لە میانەی کۆمەڵە کان لە ۱۰ تا ۹۹ وە ئەو ژمارانە دەنووسیٚ بە یە کان و دەیان.

پۆلی دووەم

• ژمارە کان تا ۹۹۹ دەنوێنیٚ و پێیان ئاشنا دەبێت و دە ینوسێت.

تێروانینێك بۆ دواوە زانیارییەکان و کارامایيەکانی پێویست

ئامادەبوون بۆ خوێندنی ئەم بەشە ، پێویستە قوتابی ئەم زانیاری و کارامەییانەی خوارەوەی هەبێت:

- **چەمکی ژمارە**: بە کۆمەڵەکانی لە ۱۰ ئاشنا دەبێت و دەیانوێنیٚ.
- **کارامەییەکان**: ژمارەکانی لە میانەی ۳۰ دەخوێنێتەوە و دەیان نووسی.

تێروانینێك بۆ بەشەکە کارامەییە بنەڕەتییەکان.

قوتابی لە میانەی خوێندنی ئەم بەشەدا ئەم کارامەییانە بەدەست دێنیٚ:

- کۆمەڵەکانی لە ۱۰ دەنوێنیٚ ، دە دە دەژمێریٚ ، و ژمارەکان دەنووسیٚ.
- ژمارەکان دەنووسێت لە ۱۰ تا ۹۹ لەسەر شێوەی یەکان ودەیان وشێوەی ڕەنووسی.
- گەشە دەکات بە تواناییەکەی بۆ شیکار کردنی پرسیارەکان بەخەملاندن.

تێڕوانینێك بۆ پێشەوە بوارەکانی جێبەجێکردن

قوتابی ئەوەی فێری بووە لەم بەشەدا جێبە جیٚ دەکات لەسەر ئەم چەمکە نوێیانەی دێت:

- بەراوردکردنی ژمارەکان و ریزکردنیان.(بەشی ۸)

Star Group
For Math

بەشی ٧ ژمارەکان تا ٩٩

پێشکەش کردنی بەش

بۆچی ئەم بابەتە فێردەبین

ئامانج

- ئەم بڕگەیە بیرۆکەیەك دەبەخشێتە قوتابیان کە پەیوەندی بە تەواوکردنی ژمارەکان تا ٩٩ هەیە، لەبەشی پێشوودا فێری چۆنیەتی نواندنی ژمارەکان بوون تا ٣٠ بە بەکارهێنانی تەختەکانی دەیی لەسەر شێوەی کۆمەڵەکان لە دە و چەند یەکانێك، ئەمە بەردی بناغەی بنەمای بەهای خانەیی ژمارەکان تا ٩٩ لەم بەشەدا پێك دەهێنێ. دەتوانی ئەم بیرۆکانە بەکاربێنیت بۆ ئەوەی سەرنجی قوتابیان بۆ ناوەرۆکی ئەم بەشە ڕابکێشیت.
- لەوانەیە قوتابیان بپرسن: بۆچی ئەم بابەتە فێردەبین؟

قوتابیان ژمارەکان بەکاردێنن بۆ دەربڕینی ژمارەی ئەو شتانەی لە کۆمەڵەیەکدا هەیە ئەم بەشە شێوەیەکی کرداری لەسەر ژمارەکان تا ٩٩ پێشکەش دەکات، ئەگەر قوتابی بزانی چۆن کۆمەڵەیەك دابەش دەکاتە سەر دەیان و یەکان. دەتوانی کردارەکانی ژماردن بە شێوەیەکی خێرا جێبەجێ بکات.

لاپەرەی دەستپێکردن

ئامانج

- لەم بڕگەیە پرسیارێك لەسەر وێنەکەی لاپەرەی دەستپێکردنی بەش لە کتێبی قوتابی هەیە.
- وێنەکە وێنەیەك لەخۆدەگرێت کە ژمارەیەك خاڵی تیایە کە پێویستە قوتابیان بیژمێرن لە میانەی خوێندنی بابەتەکانی ئەم بەشە.

ئەم چالاکیە بەرەنگاریەکی گرنگ بۆ قوتابیان پێك دەهێنێ و ئامادەیان دەکات بۆ ئەو بابەتانەی کە لەم بەشەدا دەخوێندرێ.



بەشی ٧ ژمارەکان تا ٩٩

خاڵەکان دەژمێرم لە هەر ستوونی چەند ستوون دەبینم ؟ ژمارەی هەموو خاڵەکان چەندە؟

٩٩

دڵنیابە لە زانیارییەکانت

ژمارەکان تا ١٠

دەژمێرم. ژمارە کە دەور دەدەم.

١



١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠



١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠

ژمارەکان تا ٢٠

ئەژمێرم. ژمارە کە ئەنووسم.

٢



١٢

أ



١٦

ب



١٦

ج

ئاگاداربە ... قوتابیان پێش وەخت چەمکی ژمارەکانی ١١ تا ٣٠ فێربووینە و تێگەیشتینە وەك کۆمەڵەکان لە دە و چەند یەکانێك، ئەمە ڕێگا لە پێش قوتابیان والا دەکات بۆ ئەوەی بنەمای یەکان و دەیان فێربن، لە دوایدا واتای ژمارەی پێك هاتوو لە دوو ڕەنووس دەزانن.



نامەیەك بۆ کەسوکار

کەسوکاری بەڕێز
ئەمڕۆ دەست دە کەین بە بەشی ٧. فێری ژمارە کان تا ٩٩ دەبین، ژماردن و نووسین و خوێندنەوەیان. دەیان فێردەبین ژمارە کان جیادە کەینەوە بۆ یە کان و دەیان. ئەم لاپەڕەیە بەهەندێ زاراوەی بیر کاری نوێ و چالاکی لە خۆدە گرێت پێکەوە لە ماڵەوە پێی هەڵدەستین.

لەگەڵ ڕێزمدا

زاراوە نوێیە کانم
دەیان
یەکان

زاراوەکان

یەکان	دەیان

٥ یەکی و ٣ دەیی = ٣٥
سی و پێنج

٩ دەیی = نەوەد

چالاکی

کاغەزێك لە ناوەڕاستدا بنوشتێنەوە لە نیوەی لای چەپ دەیانی لەسەری نیشان بکە، لە نیوەی لای ڕاستیدا یەکان نیشان بکە .کۆمەڵی شتی بچووکی وەك دەنکی فاسۆلیا بۆ نموونە بدە بە منداڵەکەت، داخوازی لێبکە بەپێی توانا کۆمەڵە شتەکان لە دە کۆ بکاتەوە لە نیوەی لای چەپی کاغەزەکەدا دابنێ پاشان داوای لێبکە (یەکانی) ماوە لە نیوەی لای ڕاست دابنێ لە کۆتایی دا داوای لێبکە ژمارەکان بنووسێ.

١٠٠

پەیوەندی لەگەڵ کەس و کار

نامە

ئەو نامەیەی ئاراستەی کەس و کار کراوە بۆ قوتابیان بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیبستن، وە داوایان لێبکە واژووی بکەن، سوود لەو هەلە وەرگرە بۆ ئەوەی لەو میانەدا باسی داب و نەریتی نان خواردنیان بۆ بکەی ئاگاداریان بکەوە کەوا پێویستە خواردن بە هێمنی بخۆن وە بە باشی بیجوون وە لە کاتی جوینی خواردن هەوڵ بدە دەنگت دەرنەچێت.

وە هەروەها پێیان بڵێ لەکاتی نان خواردن پێویستە قسەنەکەن. سەرزەنشتی ئەو قوتابیانە مەکە کەوا واژۆکانیان دەگۆڕن، چونکە ئەمە سروشتیە لەگەڵ گەورە بوون وپێش کەوتنی کەسایەتیان ڕوودەدات.

ئاگاداریە ... ئەمە جاری یەکەمە قوتابیان فێری «خەملاندن» دەبن زۆر گرنگە خەملاندن بەکاربێنن کاتێ پێوستت بە دۆزینەوەی وەڵامی دروست نابێت. پێویستە ئەو نموونانەی بدەیتێ کە پەیوەندی بە ژینگەو دەوروبەری قوتابی هەیە، بەتایبەتی ئەمانەی لە ماڵەوە ڕووبەڕووی دەبنەوە.

ئەو زاراوە نوێیانە یەك لەدوای یەك بە پێی پێویست بۆ سەر ئەو تەختە تایبەتەی ژووری پۆل زیادبکە.



شرۆڤەکردنی زاراوەکان

دەیان: چەند کۆمەڵەیەکە لەهەر کۆمەڵەیەکدا یەك دەیی هەیە.

یە کان: بریتیە لەو ژمارەیەی کە دەمێنێتەوە لە دوای خڕکردنەوەی ئەو دەیانەی کە تیایەتی بۆ نموونە لە ژمارە ٤٧، ڕەنووسی ٧ ڕەنووسی یەکانە.

دەخەملێنم: بەهایەکی نزیکراوەی بەسوودە بۆ ئەو ژمارەیەی دەدۆزێتەوە، خەملاندن بەکاردێت کاتێك کە پێویستیت بە زانینی ژمارەکە بە دروستی نابێت.

وانەی ١ دەیان

پلانی وانە

ئامانج : کۆمەڵەیەك لە دە دەنوێنی ، دە دە دەژمێرێ ، ژمارەکە دەنووسێ.

زاراوەکان : تاکەکان

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- ڕێنوێنی وسەلماندن
- گەیاندن(بەردەوام بوون)
- نواندن

ڕۆژانە

لە ناوەڕاستی تەختەکەدا ناڤێ مانگێ ئیستا بنڤیسە. پرسیارکە **مانگی ڕابوردوو چ بوو**؟ ناوی مانگەکە لە لای ڕاستی مانگی ئێستا بنڤیسە. پرسیارکە **ناوی مانگی دێت چیە**؟ ناوەکەی لە لای چەپی ناوی مانگی ئێستا بنڤیسە. لەگەڵ قوتابیان بدوێ و هەڵەکان ڕاست بکەوە.

پێشینەی بیرکاری

ئەم وانەیە بیرۆکە گرنگەکان بۆ پێشەوە دەبات کە تایبەتە بە سیستەمی ژماردنی دەیی. ئەم سیستەمە وەستاوە لەسەر دوو خاڵی سەرەکی:

- بنچینە دەیە ، یەکەکان کودەکرێن بۆ دەیی یان هەر کۆمەڵەیەك لە دە تەنها یەك (دە) پێك دێنێ یان دەیەکی. ئەم بیرۆکەیە بنچینەیە بۆ کردارەکانی کۆکردنەوە.
- بەهای خانەیی. شوێنی ڕەنووسەکە لە ژمارەدا بەهای ڕەنووسەکە دیاردەکات.

چالاکی

نموونەی دە

کۆمەڵە بچووکەکان

هەستی-جووڵەیی

ئامانج: کۆمەڵەکانی لە دە دەنوێنی.

کەرستەکان: ٢٠ شەش پاڵۆی پێکەوە بەستراو بۆ هەر کۆمەڵەیەك.

- شەش پاڵۆەکان بەکاربهێنە بۆ کۆکردنەوە لە میانەی ١٠ بۆ قوتابیان ڕوونبکەوە کە دەتوانن ژمارەکانی گەورەتر کۆبکەنەوە وەك دەیان.
- شەش پاڵۆەکان دابەش بکە بەسەر قوتابیان پێیان ڕابگەیەنە ٢٠ شەش پاڵۆیان هەیە. داخازیان لێبکە چەند کۆمەڵەی ١٠ شەش پاڵۆیی بدۆزنەوە کە بتوانن پێکی بهێنن.
- بۆ قوتابیان ڕوون بکەوە چۆن دوو شریتی شەش پاڵۆکان پێکبهێنن لە هەر شریتێکدا ١٠ شەش پاڵۆو هەبن. داخازی بکە ئەم چالاکییە جێبەجێ بکەن بە هۆی شەش پاڵۆەکانی لەبەر دەستیان دایە.



ڕێکخستنی وانەی ١

ئامانج:

- کۆمەڵەکان لە دە دەنوێنی
- بە دە دەژمێرێت و ژمارەکە دەنووسێت

پرسیاری ئەمڕۆ

شێوازەکە تەواوبکە.

١٠، ٢٠، ٣٠، ٤٠، ٥٠

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوە لەگەڵ قوتابیان بکە بە بەکارهێنانی تەختەی دە ١٠، ٢٠، ٣٠

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٨ − ٧ = ١

٢ ٨ − ٣ = ٥

٣ ٧ − ٧ = ٠

٤ ١٠ − ٥ = ٥

بۆچی ئەو بابەتە فێر دەبین؟ ئەگەر قوتابی زانی چۆن کۆمەڵەکان لە ١٠ بنوێنێ. ژمارە گەورەکان تێدەگات. دەتوانیت دەست بە وانەکە بکەیت بە جێبەجێکردنی ئەم چالاکیانەی دێن:

- ٩ کارتی ژمارەکان ئامادە بکە ١٠، ٢٠، ٣٠، ٤٠، ٥٠، ٦٠، ٧٠، ٨٠، ٩٠ لەسەر نووسرابێت.
- هەردوو دەستەکانت لەپێش قوتابیان بەرزکەوە دەست بکە بە ژماردنی پەنجەکانت بە دەنگێکی بەرز بۆ ئەوەی قوتابیان بزانن ژمارەی پەنجەکانی هەردوو دەستت دەیەك پێك دەهێنێ.
- دووبارە بڵێوە: کۆمەڵەیەکم هەیە لە دە پەنجە دەتوانین بە دە دە بژمێرین بۆ دۆزینەوە ژمارەی گشتی کۆمەڵە شتێك کە لەناو دەستەیەکی دەیی دانراوە.
- ئێستا داوا لە ٩ قوتابی بکە با بچنە پێش تەختەکەوە دەستیان بەرزکەنەوە.
- داوا لەو قوتابیانەی کە لە پۆڵ ماونەتەوە بکە با پەنجەکانی ٩ قوتابییەکان بە دە دە بەدەنگێکی بەرز بژمێرن. قوتابیان پەنجەکان بە دە دە دەژمێرن: ١٠، ٢٠، ٣٠، ٤٠، ٥٠، ٦٠، ٧٠، ٨٠، ٩٠.
- کارتی ژمارەکان بۆ ئەو ژمارەیە بەرزکەوە کە قوتابیان ناوی دەهێنن.



وانەی ١ **دەیان**

دەتوانیت شتەکانی ناو کۆمەڵە دەیەکان کۆبکەیتەوە و دە دە بیانژمێری بۆ ئەوەی ژمارەکەیان بدۆزیتەوە
١٠ = یەك دە

بەکار دەهێنم بۆ ئەوەی دەیان کۆبکەمەوە. وێنەی دەیەکان دەکێشم. بە دە دە دەژمێرم وژمارەکە دەنووسم.

١ دوو دەیی کۆدەکەمەوە.

٢٠
بیست

٢ سێ دەیی کۆدەکەمەوە.

٣٠
سی

٣ پێنج دەیی کۆدەکەمەوە.

٥٠
پەنجا

باسبکە ■ ڕێنوێنی

لە ٨٠ دا چەند دەیی هەیە؟ چۆن ئەوە دەزانی؟

١٠١

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- سەرنجی قوتابیان ڕاکێشە بۆ چالاکی ١ لە بەشی سەرەوەی لاپەڕە ١٠١.
- بۆ هەر دوانێك لە قوتابیان ٢٠ شەشپاڵووی پێکەوە بەستراویان بدەرێ.
- داوایان لێبکە دوو کۆمەڵەی لە ١٠ی لێ پێك بهێنن.
- بپرسە **چەند کۆمەڵە لە ١٠ لایە؟** ٢
- **ژمارەی هەموو شەشپاڵووەکان چەندن؟** ٢٠
- **چۆن شەشپاڵووەکانت ژمارد؟** دوو کۆمەڵەم لە دە لایە کەواتە ١٠، ٢٠ ژمارەی هەموو شەشپاڵووەکان دەکاتە ٢٠.
- **ئەگەر هەموو شەشپاڵووەکانت یەك یەك ژمارد، ئایا هەمان وەڵامت دەست دەکەوێت؟** بەڵێ، چونکە ژمارەی هەموو شەشپاڵووەکان بریتییە لە ٢٠.
- کامیان ئاسانترە ژماردنی ٢٠ شەشپاڵووەکان بە دە دە یان بە یەك یەك؟ بە دە دە، چونکە ژمارەکان کەمتر دەژمێرین.
- شەشپاڵووی زیاتر دابەشی سەر قوتابیان بکە بپرسە **چۆن دەتوانی دیاربکەی کەوا ٣ دەیی ژمارە ٣٠ دەگەیەنێت؟** قوتابیان شەشپاڵووەکان دەژمێرن.
- چالاکی ژمارە ٣ لەگەڵ قوتابیان جێبەجێبکە.



ڕاهێنان دەکەم

ژمارەی دەیان دەنووسم، دەدە دەژمێرم، هەموو ژمارەکە دەنووسم.

١ ٣ دەیی ٣٠ سی

٢ ٩ دەیی ٩٠ نەوەد

٣ ٧ دەیی ٧٠ حەفتا

٤ ٤ دەیی ٤٠ چل

٥ ٦ دەیی ٦٠ شەست

چالاکی ماڵەوە • داوا لە منداڵەکەت بکە شتەکان بە دەیان کۆبکاتەوە ،و ژمارەکەشت بداتێ.

١٠٢

ئاگاداربە... ئەگەر بینیت کەوا هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە شیکاری ڕاهێنانەکان یەکەم جار خۆت دڵنیا بکە لەوەی کەوا لە کاتی ژماردن هەڵەنەکەن، پاشان دڵنیابە لەوەی کە لە چەمکی دەیان گەیشتوون دەتوانی داوایان لێبکەی ژمارەکان بنوێنن بە هۆی تەختەکانی دەیی.



ڕاهێنان ٧-١

قوتابخانە............ناوی قوتابی............پۆل: یەکەم هۆبەی......بەروار / /

دەیان وانەی ٧-١

ژمارەی دەیان دەنووسم.
دە دە دەژمێرم، ژمارەکە دەنووسم.

١ ٣ دەیی ٣٠ سی

٢ ٦ دەیی ٦٠ شەست

٣ ٩ دەیی ٩٠ نەوەد

٤ ٤ دەیی ٤٠ چل

٥ ٨ دەیی ٨٠ هەشتا

پێداچوونەوە

شیکاریدەکەم

٦ ٣ + ٣ = ٦ ٧ ٢ + ٣ = ٥ ٨ ٤ + ٤ = ٨

٩ ٥ - ٣ = ٢ ١٠ ٧ - ١ = ٦ ١١ ٥ - ١ = ٤

١٢ ٢ + ٤ = ٦ ١٣ ٤ + ١ = ٥ ١٤ ٦ - ٢ = ٤

ل ٢٨ ڕاهێنان

٣ ڕاهێنان

داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ئەو ڕاهێنانانە بکەن کە لە لاپەڕەی ١٠٢دا هاتووە

چالاکیەکانی لاپەڕە ١٠٢ بوار بۆ قوتابیان دەرخسێنێ بۆ ئەوەی دەیان لە میانەی ٩٩ بژمێرێ، باشترە قوتابیان لە میانەی کۆمەڵەکان کاربکەن لە کاتی شیکاری ڕاهێنانەکان، وا باشترە گفتوگۆ بکەن و بیروڕا ئاڵوگۆڕبکەنەوە دەربارەی شیکاری ڕاهێنانەکان.

ئاگاداربە... هەڵەی باو هەندێ لە قوتابیان دە دەیەکان بە شێوەیەکی ڕاست دەژمێرن بەڵام ژمارەکە بە شێوەیەکی هەڵە تۆماردەکەن.

فێرکردنی نموونەیی

ئاستی ئاسایی هانی قوتابیانی ئەم ئاستە بدە لەسەر تێگەیشتنی چەمکی ژمارە بە بەکارهێنانی شەشپاڵووە بەیەکە بەستراوەکان تا ٢٠.

ئاستی پێشکەوتوو هانی قوتابیانی ئەم ئاستە بدە با ژمارەکانی گەورە تر لە ١٠٠ بهێننە پێش چاوی خۆیان و بیربکەنەوە تا بزانن چەند ١٠ لە هەر ژمارەیەك هەیە.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

- **گفتوگۆو نووسین** بێژە چۆن دەتوانی ٣٠ شەش پاڵوو بە دەیان بژمێری. ١٠، ٢٠، ٣٠

تاقیکردنەوەی وانە

ژمارەی دەیان بنووسە
دەیان دەژمێرم، هەموو ژمارەکە دەنووسم.



أ ٣ دەیان، ٣٠
ج ٦ دەیان، ٦٠
[✓ ب] ٤ دەیان، ٤٠
د ٢ دەیان، ٢٠

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با لە ماڵەوە ڕاهێنانەکای ١، ٢، ٥ شیکاربکەن کە لە وانەی ٧-١ لە کتێبی ڕاهێنان هاتووە.

ڕاهێنان

- هانیان بدە با لە ماڵەوە ئەو ڕاهێنانەی کە لە بڕگەی «پێداچوونەوە»دا هاتووە لە هەمان وانە لە کتێبی ڕاهێنان شیکاربکەن. بۆیان ڕوونبکەوە کەوا ئەم داهێنانە پێداچوونەوەی کارامەییەکانی پێشوو بە دەست دێنن.

وانەی ٢ یەکان و دەیان

پلانی وانە

ئامانج : ژمارە بە شێوازی یەکان و دەیان دەنوسیت. و بە شێوازی ڕەنووسی دەینووسێت.

زاراوەکان :یەکان

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- گەیاندن
- شیکارکردنی پرسیارەکان
- نواندن
- ڕێنوێنی وسەلماندن

ڕۆژانە

ئالان لە بالاخانەیەکی ٣ نهۆمی دایە. نهۆمی یەکەم ١٠ ژووری تێدایە. نهۆمی دووەم ١٠ ژوورن نهۆمی سێیەم ٦ ژوورن، چەند ژوور لە باڵەخانەکە هەیە؟ ٢٦

پێشینەی بیرکاری

لەم وانەیەدا بیرۆکەی بەشکردنی ژمارە بۆ کۆمەڵەی دەیان و چەند یەکانێك پێشکەش دەکات. کۆمەڵە دەییەکان ناویان لێدەنرێت دەیان بەڵام یەکەکانی ماوەتەوە پێیاندەڵێن یەکان. دانانی ناوە ئاوێتە کراوەکان بۆ ژمارەکانی نێوان ١١ و ٢٠ قوتابیان لەم ئاستەدا بێزار دەکات. بەڵام مایەی دڵخۆشیە کە ئەم ناوانە ناودەنێت بە زارەکی بە شێوەی ژیربێژی لەسەر وێنە شێوە بیرکارییەکان خۆیان کە بابەتەکە خۆی چارەسەر دەکات.

چالاکی

یەکان و دەیان

کۆمەڵە بچووکەکان
هەستی-جوولەیی

ئامانج: جیاوازی دەکات لە نێوان کۆمەڵەکانی لە دە.

کەرستەکان: بۆ هەر کۆمەڵەکێ ٢٠ شەش پالویی گرێدای ، تەختەی کار.

- بۆ هەر تیمێك ٢٠ شەش پالوو ، داخازێ لیانبکە ١٠ شەش پالوو کۆم بکەن ل یەك شریت دا و ببێژە وان نووکە وە کۆمەڵێن ١٠ هەنە.
- داوا لە قوتابیان بکە شەریتی شەش پالوەکانی (دە) دابنێن لە ستوونی خانەی دەیان لەسەر تەختەی کار. پاشان داوایان لێبکە هەندێك لەم شەش پالوویانەی ماوەتەوە دابنێن لە ستوونی یەکان لەسەر تەختەی کار.
- با قوتابیەك ل هەر کۆمەڵەیەك ژمارەی یەکان و دەیانی هەیتی بە قوتابیانی تر ڕابگەینێ. نموونە: ئێمە هەمانە ٣ یەکان و ١ دەیان.



ڕێکخستنی وانەی ٢

ئامانج: ژمارەیەك لەسەر شێوەی یەکان و دەیان دەنووسێت، ژمارەکان لەسەر شێوەی ڕەنووسی دەنووسێت.

پرسیاری ئەمڕۆ

ئەو ژمارەیە چییە کە لەدوای ئەم ژمارانە دێت؟

٢، ١٢، ٢٢، ٣٢، ٤٢.

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٣ دەیی = ٣٠   ٢ یەك دەیی = ١٠

٣ ٥ دەیی = ٥٠   ٤ دوو دەیی = ٢٠

بۆچی ئەم بابەتە فێردەبین؟ دابەشکردنی ژمارە بۆ کۆمەڵەکان یارمەتی قوتابی دەدات بۆ تێگەیشتن لە ژمارە گەورەکان و نووسینیان. دەتوانی دەست بە وانەکە بکەیت بە جێبەجێ کردنی ئەم چالاکیانەی دێن:

- داوا لە قوتابیان بکە ژمارە ١٣ بنوێنن بە بەکارهێنانی تەختەی دەیی و پەپکەکان.
- بپرسە **چەند تەختەی دەییت پڕکردووە وە چەند پەپکت لە تەختە دەییە پڕنەکراوەکە داناوە؟** یەك تەختە و ٣ پەپك
- ئێستا داوا لە قوتابیان بکە با شەشپاڵووە بەیەکە بەستراوەکان بەکاربێنن و کۆمەڵەکانی لە دە پێك بهێنن بۆ نواندنی ژمارە ١٣. قوتابیان یەك دەیی پێك دەهێنن و ٣ شەشپاڵووی تاك دەمێنێتەوە.
- دووبارە بڵێوە سێ شەشپاڵووە تاکەکان پێیان دەوترێت ٣ یەکان.
- ئاگاداری قوتابیان بکەوە کەوا نووسینێکی تر بۆ ژمارە ١٣ بریتیە لە ٣ یەکان و ١ دەیان.



یەکان و دەیان

وانەی ١

١٠ یەك کۆمەڵەیە بەبێ یەکان

١١ کۆمەڵەیە کە لەدەو یەکی تاك

یەکان	دەیان

٠ یەکی ١ دەیی = ١٠

یەکان	دەیان

١ یەکی ١ دەیی = ١١

نیشانە لەسەر کۆمەڵەی دە و لەسەر یەکان دەکەم ڕەنووسی یەکان و ڕەنووسی دەیان دەنووسم، ژمارەکە دەنووسم.

١ ٨ یەکی ١ دەیی = ١٨

٢ ٢ یەکی ١ دەیی = ١٢

٣ ٤ یەکی ١ دەیی = ١٤

٤ ٦ یەکی ١ دەیی = ١٦

باسبکە ■ ڕێنوێنی

ئەم دوو ژمارە بەچی لەیەك دەچن ؟بەچی جیاوازن؟

■ بەکاردەهێنم بۆ دیاریکردنی وەڵامەکە.

١٥ ٥

١٠٣

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاڕاستەکراو

- بۆ هەرتیپێك شەریتێك دابەش بکە لە ١٠ شەشپاڵوو پێك هاتبێت.
- **ئەم شەریتە لە کام ستوونی سەرتەختەی کار دادەنرێت؟** لە ستوونی دەیانی دادەنێم.
- **بۆچی لەوێ دادەنێی؟** لەبەر ئەوەی کۆمەڵەیەك لە ١٠ پێك دەهێنێ.
- هەر کۆمەڵەیەك لە قوتابیان یەك شەشپاڵوویان بدەرێ.
- بپرسە **دەتوانی لە کام ستوونی سەرتەختەی کار دابنێی؟** لە ستوونی یەکانی دادەنێم.
- بپرسە **ئێستا کە چەند دەیان و چەند یەکانت هەیە و ئەو ژمارەیەی دەستت دەکەوێ کامەیە؟** یەك یەکان و یەك دەیان، قوتابیان شەشپاڵووەکان دەژمێرن تا ژمارە ١١ دەدۆزنەوە.
- بپرسە **ئایا دەکرێت زیاتر لە ٩ یەکانت لە ستوونی یەکان هەبێت؟** نەخێر، کاتێك زیاتر لە ٩ یەکانم دەبێت ١٠ یەکان خردەکەمەوە و دەیکەمە یەك دەیی و لە ستوونی دەیانی دادەنێم.
- داوا لە قوتابیان بکە هەردوو ژمارەی ١٢ و ٢١ بنوێنن بەهۆی شەشپاڵووەکان. وە ژمارەی یەکان و دەیانی هەر یەکەیان بنووسن؟ ١٢: ٢ یەکان و ١ دەیان، ٢١: ١ یەکان و ٢ دەیان.
- بپرسە **چۆن هەردوو ژمارەی ١٢ و٢١ لەیەك دەچن و چۆن لەیەك جیاواز دەبن؟** لەیەك دەچن چونکە هەردوو ژمارەکان هەمان ڕەنووس لەخۆ دەگرن وە لە یەك جیاوازن چونکە ریزیەتی ئەم دوو ڕەنووسە جیاوازن ئەوان دوو بڕی جیاواز دەنوێنن.

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باسبکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە.

وەڵام: ٥ یەکان لەهەر یەك لە دوو ژمارەکە هەیە بەڵام یەك دەیی لە ژمارە ١٥ هەیە.

- داوا لە قوتابیان بکە چالاکیەکانی ١ تا ٤ جێبەجێبکەن.

داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ئەو ڕاهێنانانە بکەن کە لە لاپەڕەی ١٠٤ دا هاتووە

- بەبیر قوتابیان بهێنەوە کەوا شەریتی شەشپاڵووەکانی ئەم ڕاهێنانانە دەیان دەنوێنێ.
- ئاگاداریان بکەوە کەوا پێویست ناکات هەر هەموو شەشپاڵووەکان بژمێری.
- پێویستە لەسەریان بە دە دە بژمێرن، پاشان دەستبکەن بە ژماردنی یەکەکان واتە (شەشپاڵووە تاکەکان).
- شەشپاڵووەکان بەکاردێنم، بۆ ئەوەی بۆیان ڕونبکەمەوە چۆن وەڵامی ڕاهێنانی ٢ دەنووسرێت.

پرسیارێك شیکاردەکەم ● واتای ژمارە

یارمەتی قوتابیان بدە بۆ تێگەیشتن لە دەقەکە. ئەگەر هەستت کرد لەلایان گرانە، ئاراستەیان بکە بیربکەنەوە لە ڕەنووسی دەیان یەکەم جار. پاشان ڕەنووسی یەکان و وەلامەکە بنووسن. ١١

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆ و نووسین روونی بکەوە چەند(دە) و چەند (یەك) لە ژمارەی ١٧ دا هەیە؟ ڕەنووسی ١ لەلای چەپ ئەوە دەنوێنێ کە یەك دە هەیە ، و ٠ ڕەنووسی ٧ژمارەی یەکان دەنوێنێ؟

تاقیکردنەوەی وانەکە

ژمارەی یەکان و ژمارەی دەیان دەنووسم.
ژمارەکە دەنووسم.



[✓ أ] ٣ یەکان و ٢ دەیان = ٢٣
ب ٢ یەکان و ٢ دەیان = ٢٢
ج ١ یەکان و ٢ دەیان = ٢١
د ٢ یەکان و ١ دەیان = ١٢

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با لە ماڵەوە ڕاهێنانەکانی ١ ، ٤، ٥، ٧ کە لە وانەی ٧-٢ دا هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان شیکاربکەن.

ڕاهێنان

- هانیان بدە با لە ماڵەوە ئەو ڕاهێنانانەی کە لە برگی «پێداچوونەوە»دا هاتووە لە هەمان وانە لە کتێبی ڕاهێنان شیکاربکەن. بۆیان ڕوونبکەوە کەوا ئەو ڕاهێنانانە «پێداچوونەوەی» کارامەییەکانی پێشوو بەدەست دێنن.



ڕاهێنان دەکەم

ڕەنووسی یەکان و دەیان دەنووسم، ژمارەکە دەنووسم .

١ ٠ یەکی ٢ دەیی = ٢٠

٢ ٩ یەکی ١ دەیی = ١٩

٣ ١ یەکی ١ دەیی = ١١

٤ ٣ یەکی ١ دەیی = ١٣

پرسیارێك شیکار دەکەم ■ واتای ژمارە .

من کام ژمارەم ؟

٥ من ژمارەیەکم لە ١٠ پترو لە ٢٠ بچووکتر، ڕەنووسی یەکانم یەکسانە بە ڕەنووسی دەیانم من کام ژمارەم ؟ ١١

چالاکی ماڵەوە • داوا لە منداڵەکەت بکە شتێکی بچووك بەکار بهێنێت بۆ نواندنی ژمارەکان لە نێوان ١٠ و ٢٠ ؟ داوای لێبکە کۆمەڵەی یەکان ودەیان پێکبهێنێت وداوای لێبکە ڕەنووسی یەکان و ڕەنووسی دەیانت بداتێ لەگەڵ ژمارەی دەستکەوت.

١٠٤

ڕێنمایی... ئەم وانەیە پیشەکیەك بۆ چەمکی بەهای خانەیی پێك دەهێنێ، زانینی قوتابی بۆ ئەو ژمارانەی کە لە دوو ڕەنووس پێك دێن، کە بریتین لە کۆمەڵەکانی دەیی و چەند یەکاتێك یارمەتیان دەدات لەسەر زانینی واتای ئەو ژمارانەی کە لە دوو ڕەنووس پێك دێن. بەم شێوەیە بیرو باوەری تێگەیشتن و وەرگرتنی واتای بەهای خانەیی لە لای قوتابیان بە هێزتر دەکات، ئەمە ڕەنگ دانەوەکی باشی لەسەر توانای کۆکردنەوە و لێدەرکردنی ژمارەکانی دوو ڕەنووسی دەبێت لە دوا ڕۆژدا.



ڕاهێنان ٧-٢

قوتابخانە..........ناوی قوتابی..........پۆل: یەکەم هۆبەی......بەروار / /

یەکان و دەیان

وانەی ٧-٢

ژمارەی یەکان و ژمارەی دەیان دەنووسم
ژمارەکە دەنووسم

١ ٥ یەکی ١ دەیی = ١٥

٢ ٢ یەکی ١ دەیی = ١٢

٣ ٠ یەکی ٢ دەیی = ٢٠

٤ ٧ یەکی ١ دەیی = ١٧

٥ ٨ یەکی ١ دەیی = ١٨

٦ ٣ یەکی ١ دەیی = ١٣

٧ ٣ یەکی ٢ دەیی = ٢٣

٨ ٠ یەکی ٥ دەیی = ٥٠

پێداچوونەوە

شیکاردەکەم

٩ ٦ - ٤ = ٢
١٠ ٨ + ٢ = ١٠
١١ ٧ - ٤ = ٣
١٢ ٩ - ٤ = ٥
١٣ ٨ + ١ = ٩
١٤ ٦ + ٣ = ٩

ڕاهێنان ل ٣٩

وانەی ۳ ژمارەکان تا ۹۹

پلانی وانە

ئامانج : ژمارەکان هەتا ۹۹ لەسەر شێوەی یەکان و دەیان دەنووسێت و بە شێوەی ڕەنووسی دەنوسێت.

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- ڕێنوێنی وسەلماندن
- بەردەوام بوون (گەیاندن).
- نواندن

ڕۆژانە

ناوی ئەو مانگەی کە تیایدا لەدایك بووی بڵێ لەسەر تەختە ناوی ئەو مانگانە بنووسە کە قوتابیان دەیڵێن.

ڕێنمایی

کاتێك کە قوتابی کۆمەڵەکانی(دە) دەناسێ ، دەیانژمێری ، ١(دە) ، ٢(دە) ، ٣(دە) ، هتد. پێویستە لای قوتابی بچەسپێنرێ کە ١ لێرە مانای ١٠ـە ، و ٢ مانای ٢٠ و هەروەها. پێش ئەوەی قوتابی بچێت بۆ قۆناغی دەربڕینی هێندەکان. پێویستە قوتابی بزانێت کە چۆن کۆمەڵەی یەکان و دەیان دەژمێرێت ، و چۆن دەبەستێتەوە بە هێندەکانی دەربڕینە ژمارەییەکانی ، پێش چوونی بۆ بابەتی بەهای خانەیی.

چالاکی

دەیان و یەکان

کۆمەڵە بچووکەکان

هەستی -جوولەیی

ئامانج: کۆمەڵەکانی یەکان و دەیان دەنوێنێ.

کەرستەکان: بۆ هەر کۆمەڵەیەك ٥٠ شەش پالۆی پێکەوە بەستراوە. تەختەی کار.

- بۆ هەر تیمێك بەشێکی گەورە لە شەش پالۆ زیاتر لە (٢٠) بدە. داوا لە هەر تیمێك بکە چەند لە توانایدایە شریتی دەیی پێك بهێنن بە هۆی یەکەکان وە هەر تیمێك ژمارەی یەکان و ژمارەی دەیان کە بەدەستیان هێناوە بڵێت.
- بەشێکی دووەم لە ٥٠ شەش پاڵووکە بدە بەهەر تیمێك. داخازیٚ لێیان بکە چەند لە توانایان دایە شریتی دە پێك بهێنن. وە ئەم شریتانە لە دەیان دابنێن لەسەر تەختەی کار.
- قوتابیان ئەو شەش پاڵوویانەی ماوەتەوە لە ستوونی خانەی یەکان لەسەر تەختەی کار دادەنێن. داوایان لیٚ بکە بەراوردبکەن لە نێوان ژمارەی یەکان و ژمارەی دەیان کە هەر تیمێك دەستی کەوتووە.



ڕێکخستنی وانەی ٣

ئامانج : ژمارەکان تا ٩٩ لەسەر شێوەی یەکان و دەیان دەنووسێت، شێوە ڕەنووسییەکەی دەنووسێت.

پرسیاری ئەمڕۆ

بەلای زانا ٦٥ شەشپاڵوو بە یەکبەستراوەکان هەیە، چەند شەریتی دەیی زانا دەتوانێت لەم شەش پاڵووانە پێك بهێنێ، وە چەند شەش پاڵووی یەکانی لە لا دەمێنێتەوە؟ ٦ شەریتی دەیی پێك دەهێنێ وە ٥ شەش پاڵووی یەکانی لە لا دەمێنێتەوە

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ ١٥ = ٥ یەکان ١ دەیان

٢ ١١ = ١ یەکان ١ دەیان

٣ ١٢ = ٢ یەکان ١ دەیان

بۆچی ئەم بابەتە فێردەبین؟ چونکە یارمەتیت دەدات لەسەر دابەشکردنی ژمارەکان بۆ یەکان و دەیان وە لەسەر تێگەیشتنی ژمارە گەورەکان و نووسینیان. دەتوانیت ئەم وانەیە دەست پێبکەی بە جێبەجێ کردنی ئەم چالاکیانەی دێن:

- قوتابیان دابشبکە بۆ چەند کۆمەڵەیەك، وە لەسەر کۆمەڵەیەك ١٣ شەش پاڵووی پێکەوەبەستراو دابەشبکە. ١٣ : ٣ یەکان و ١ دەیان.
- داوا لە قوتابیان بکە کۆمەڵەکان لەشەش پاڵووەکانی دەیی پێك بهێنن، وە با ژمارەکە لەسەر شێوەی یەکان و دەیان بنووسن.
- بپرسە چەند شەش پاڵوت پێویستە بۆ پێکهێنانی دەیەك؟ دە شەش پاڵوو
- بە قوتابیان بڵێ بە شەش پاڵووە تاکەکان دەوترێت یەکان.
- بپرسە چەند دەیی دەتوانیت پێك بهێنی لە ٦٨ یەکان؟ ئایا یەکانت بە تاك لەلا ماوەتەوە کە ناکرێت لە دەییەك خریان بکەیتەوە؟ ٦ دەیان، بەڵێ ٨ یەکان

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

ڕاسپاردەکان

- ٢٤ و ٤٢ لەسەر تەختەکە بنووسە.
- بپرسە ئەم دوو ژمارەیە بە چی لێك دەچن؟ هەمان ڕەنووسیان هەیە.
- بەچی لەیەك جیاوازن؟ بە گۆڕینی شوێنی هەردوو ڕەنووسی ٤ و ٢.
- ئاگاداری قوتابیان بکەوە کەوا ٢٤ و ٤٢ هەمان ژمارە نانوێنن.



وانەی ٣

ژمارەکان تا ٩٩

٢٤ بریتییە لە دوو دەیی و ٤ یەکی

٤٢ بریتییە لە چوار دەیی و دوو یەکی

یەکان	دەیان

٤ یەکی ٢ دەیی = ٢٤

٢ یەکی ٤ دەیی = ٤٢

نیشانە لەسەر کۆمەڵەکانی دە و نیشانە لەسەر یەکان دەکەم، ڕەنووسی یەکان و ڕەنووسی دەیان دەنووسم . ژمارەکە بە تەواوی دەنووسم .

١ ١ یەکی ٥ دەیی = ٥١

٢ ٨ یەکی ٢ دەیی = ٢٨

٣ ٠ یەکی ٥ دەیی = ٥٠

٤ ٥ یەکی ٠ دەیی = ٥

باسبکە ■ ڕێنوێنی

سفر لە ژمارەی ٣٠ دا چی دەگەیێنێ ؟

■ بەکاردەهێنم بۆ ڕوونکردنەوەی وەڵام .

١٠٥

- چۆن ئەمە ڕوونکەیەوە؟ ٢٤ بریتیە لە ٤ یەکان و دوو دەیی، بەڵام ٤٢ بریتیە لە ٢ یەکان و ٤ دەیی (قوتابیان دەتوانن شەش پاڵووەکان بەکاربهێنن).
- داوا لە قوتابیان بکە چالاکیەکانی ١ تا ٤ جێبەجێ بکەن.

ئاگاداربکە... قوتابیان لە چالاکی ٤ ڕووبەڕووی شلەژان دەبنەوە، کاتێ دەیانی تیا نابینن، بەبیریان بێنەوە کە ئەوان لەسەرەتا فێری ژمارەکان لە سفر تا ٩ بووبوون، وە دەکرێت ئەو ژمارانە بە شتە بچووکەتاکەکان بنوێنرێن، واتە هەریەك لەو ژمارانە دەیان لەخۆ ناگرن، واتە ژمارەی ئەو دەیانەی کە تیایەتی دەکاتە سفر.

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە لە بڕگەی باسبکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە. وەڵام: سفر ئەوە دەگەیەنێ کەوا لە ژمارەکەدا هیچ یەکانی تاك نیە، ژمارە ٣٠ پێك دێت لە هیچ یەکان و ٣ دەیان.



ڕاهێنان دەکەم

ڕەنووسی یەکان و ڕەنووسی دەیان دەنووسم، ژمارەکە دەنووسم .

١ — ١ یەکی ٦ دەیی = ٦١

٢ — ٦ یەکی ٦ دەیی = ٦٦

٣ — ٥ یەکی ٧ دەیی = ٧٥

٤ — ٥ یەکی ٩ دەیی = ٩٥

پرسیارێك شیكار دەكەم ■ ڕێنوێنی بەدیتن

ژمارەكە ڕوون دەكەمەوە بەشێوەی جیاواز .

چاودێری كاری قوتابیان بكە

چالاكی ماڵەوە • داوا لە منداڵەكەت بكە ئەو ژمارەیە بڵێ كە لە ٣ یەكی و ٧ دەیی پێك هاتووە، كردارەكە دووبارە بكەوە لەگەڵ چەند ژمارەیەكی تر.

١٠٦

داوا لە قوتابیان بکە ئەو ڕاهێنانەی کە لە لاپەڕە ١٠٦ دا هاتووە شیکاریکەن.

فێرکردنی نموونەیی(جودا)

ئاستی ئاسایی: قوتابیانی ئەم ئاستەدا دەتوانن شەش پالووەکان بەکاربهێنن بۆ نواندنی ژمارەکان.

ئاستی پێشکەوتوو: قوتابیانی ئەم ئاستەدا دەتوانن کۆکردنەوەی دەیەکان بنوێنن. بۆ نموونە دەکرێ ٣ شریت بۆ(دە) و ٤ شریت بۆ دە وەرگرین و پرسیارێکی کۆکردنەوە بنووسین کە پەیوەندی پێوە هەبێت

ئاگاداربە... هەڵەی باو

هەندێ لە قوتابیان هەڵە دەکەن لە کاتی تۆمارکردنی ژمارەی دەیانی ژمارەیەك کە لە دوو ڕەنووس پێك هاتبێت، بۆ نموونە هەندێ لە قوتابیان بڕوایان وایە ژمارەی دەیەکانی ژمارە ٨٧ بریتیە لە ٨٠ دەیی نەك ٨ دەیی.

بۆ ئەوەی یارمەتیان بدەی لەسەر بنبڕکردنی ئەم کێشەیە، شەش پاڵووە بەیەکبەستراوەکان بەکاربێنە بۆ نواندنی ٨ دەیان و ٧ یەکان، وە لەسەر تەختەی کار تۆماری بکە، وە بپرسە **ژمارەی دەیەکان چەندن؟** ٨ ئەم فەرمانەی دێت دووپات بکەوە: لەگەڵ ئەوەی بەهای ٨ دەیان بریتیە لە ٨٠، ژمارەی دەیان لە ژمارەی ٨٧ بریتیە لە ٨ کە خۆی لە ٨ کۆمەڵە لە شەش پاڵووە بەیەکبەستراوەکان دەنوێنێ، کە هەر کۆمەڵەیەك لە ١٠ شەش پاڵوو پێك دەهێنێ.

پرسیارێك شیكاردەكەم ● ڕێنوێنی بەبینین

گرنگ ئەوەیە قوتابیان تێبینی ئەوە بکەن کەوا دە شەش پاڵووە بەیەکەوە نەبەستراوەکانیش شریتی دەیی پێك دەهێنن.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆ و نووسین هەردوو ژمارەی ٣٨ و ٨٣ بەچی لەیەك جیاوازن؟ ٣٨ بریتیە لە ٨ یەکان و ٣ دەیان، وە ٨٣ بریتیە لە ٣ یەکان و ٨ دەیان.

تاقیکردنەوەی وانەکە

ژمارەی یەکان و دەیان بنووسە.
ژمارەکە بنووسە.



١ یەکان ٤ دەیان = ٤١

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با لە ماڵەوە ڕاهێنانەکانی ٢، ٣، ٦، ١٠ کە لە وانەی ٧–٣ دا هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان شیکاربکەن. بۆیان ڕوونبکەوە کەوا ئەو ڕاهێنانانە پێداچوونەوەی کارامەییەکانی پێشوو بەدەست دێنن.



ڕاهێنان ٧–٣

قوتابخانە........ناوی قوتابی..........پۆل: یەکەم هۆبەی......بەروار / /

وانەی ٧-٣

ژمارەکان تا ٩٩

ژمارەی یەکان و ژمارەی دەیان دەنووسم
ژمارەکە دەنووسم

١ — ٧ یەکی ١ دەیی = ١٧

٢ — ٨ یەکی ٤ دەیی = ٤٨

٣ — ١ یەکی ٣ دەیی = ٣١

٤ — ٩ یەکی ٢ دەیی = ٢٩

٥ — ٤ یەکی ٨ دەیی = ٨٤

٦ — ٨ یەکی ٥ دەیی = ٥٨

٧ — ٣ یەکی ٦ دەیی = ٦٣

٨ — ١ یەکی ٩ دەیی = ٩١

٩ — ٦ یەکی ٨ دەیی = ٨٦

١٠ — ٧ یەکی ٧ دەیی = ٧٧

ل ٤٠ ڕاهێنان

وانەی ٤

ژمارەکان جیا دەکەمەوە

پلانی وانە

ئامانج : ژمارەکان تا ٩٩ دەنوسێ بە شێوەی سەرجەمی یەکان و دەیان.

زاراوەکان : یەکان، دەیان

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- بەردەوامبوون
- شیکاری پرسیارەکان
- بەستنەوە
- ڕێنوێنی و سەلماندن

ڕۆژانە

ناوی ڕۆژەکانی هەفتە بژمێرە یەك لە دوای یەك لە ڕۆژی شەممە دەست پێ بکە؟

لەگەڵ قوتابیان بدوێ و هەڵەکانیان ڕاست بکەوە.

پێشینەی بیرکاری

پێشکەشکردن لەم وانەدا بەردەوام دەبێت بۆچەمکی بەهای خانەیی. شوێنی ڕەنووسەکە لە ژمارەدا نیشانە بە بەهای ئەو ڕەنووسە دەدات. بەهای خانە ١٠ جار زیاد دەکات ئەگەر لە خانەیەکەوە بچینە خانەیەکی تر لە ڕاستەوە بۆچەپ. بۆ ئەوەی ژمارەیەکمان دەست بکەوێت، پێویستە بەهایەکان کۆ بکەینەوە کە هەر یەك لە ڕەنووسەکانی تێدایە. بۆ نموونە: ٤٧ = ٧ + ٤٠.

چالاکی

یەکان و دەیان

کۆمەڵە بچووکەکان

هەستی - جووڵەیی

ئامانج: ژمارەکان تا ٩٩ دەنووسێ بە شێوەی سەرجەمی یەکان و دەیان.

کەرەستەکان: بۆ هەر کۆمەڵەیەك. ژمارەیەك لە ئامێری بژمێری دەیی وەك (١٠ لە شریتی دەیی و ١٠ شەش پاڵووی یەکی).

- بۆ هەر تیمێك ژمارەیەك لە شریتی دە دابەش بکە. داوایان لێبکە هەریەکەیان چەند شریتی لایەبڵێت و ژمارەی هەموو شەش پاڵووەکان چەندە. پاشان لەسەر هەر تیمێك ژمارەیەکی دی زیاد دابەش بکە کەمتر بێت لە ١٠ شەش پاڵوو داوایان لێبکە ئەو ژمارەیە نوێیەی بەدەستیان کەوتووە بیێژن.
- لەسەر تەختەکە بنووسە ڕستەیەك لەسەر ئەم ڕودانە دیار بکەن وەك ٣ یەکی + ٤ دەیی= ٤٣ .
ئاگاداری قوتابیان بکە کە ژمارەی ٤٠ ڕێگایەکی ترە بۆ نووسینی ٤ دەیی.



ڕێکخستنی وانەی ٤

ئامانج: ژمارەکان تا ٩٩ لەسەر شێوەی یەکان و دەیان دەنووسێت.

پرسیاری ئەمڕۆ

هەر لە کۆنەوە هەندێ لە گەلان هێمای جیاوازیان بەکارهێناوە بۆ نووسینی ژمارەکان. ئەگەر وا دابنێین کە I هێمای ١ بێت و VI هێمای ژمارە ٦ بێت، V هێمای چ ژمارەیە؟

هێمایە بۆ ژمارە ٥.

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ ١٠ + ٥ = ١٥

٢ ٧ + ٨ = ١٥

٣ ١٠ + ١ = ١١

٤ ١٠ + ٣ = ١٣

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟ بیرکردنەوە لە ژمارە بەچەند ڕێگای جیاواز یارمەتی قوتابی دەدات بۆ تێگەیشتن لە ژمارە گەورەکان.

دەتوانیت دەست بە وانەکە بکەیت بە جێبەجێ کردنی ئەم چالاکیانەی دێن:

- ٥ شەریتی دەیی بخەرە پێش قوتابیان.
- **بپرسە چەند دەییم لایە؟** ٥
- **بپرسە ئەو ژمارەیەی ئەم شەریتانە دەنوێنن چەندە؟**
یارمەتی قوتابیان بدە لەسەر ژماردنی دەیەکان ١٠، ٢٠، ٣٠، ٤٠، ٥٠.
- ٤ شەش پاڵوو بۆ شەریتەکان زیاد بکە. بپرسە **ژمارەی یەکەکان چەندن؟** ٤
- **ئەو ژمارە نوێیەی دەستت کەوت چەندە؟** ٤ یەکان و ٥ دەیان، واتە ٤ + ٥٠، واتە ٥٤
- بۆ قوتابیان ڕوونبکەوە کەوا ئێمە دەتوانین ژمارەکان بە چەندەها ڕێگا بنووسین، لەوانە ٤ یەکان و ٥ دەیان یان ٤+٥٠ یان ٥٤.
- بۆ قوتابیان دووپات بکەوە کەوا ڕستەی ژمارەیی ٤+٥٠ کۆکردنەوەی یەکان و دەیانی ژمارە ٥٤ دەنوێنێ کە خۆی لە خۆیدا بەهای ژمارە ٥٤ دەنوێنێ.



وانەی ٤

ژمارەکان جیادەکەمەوە

لێرەدا چەند ڕێگەی جیاواز هەیە بۆ نووسینی ژمارە.

٥ یەکی ٩ دەیی = ٩٥

٥ + ٩٠

ڕەنووسی یەکان و ڕەنووسی دەیان دەنووسم ژمارەکە بە ڕێگەیەکی جیاواز دەنووسم.

١ ٧ یەکی ٤ دەیی = ٤٠

٧ + ٤٠

٢ ٤ یەکی ٧ دەیی = ٧٤

٤ + ٧٠

٣ ٦ یەکی ٦ دەیی = ٦٦

٦ + ٦٠

٤ ٠ یەکی ٨ دەیی = ٨٠

٠ + ٨٠

باسبکە ■ ڕێنوێنی

ڕەنووسی ٨ چی دەنوێنێ لە هەریەکە لەو دوو ژمارەیەدا.

▬ و ■ بەکاردەهێنم بۆ ڕوونکردنەوەی وەڵامەکە.

١٠٧

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- سەرنجی قوتابیان بۆ بەشی سەرەوەی لاپەڕە ١٠٧ ڕاکێشە.
- **بپرسە نموونەکە کام ژمارە دەنوێنێ؟** ٩٥
- **بپرسە چەند یەکی و چەند دەیی لە ژمارە ٩٥دا هەیە؟** ٥ یەکان و ٩ دەیان
- **چۆنت زانی کەوا ٥ یەکان و ٩ دەیان نووسینێکی ترە بۆ ژمارە ٥+٩٠؟** ٥ یەکان واتە ٥ وە ٩ دەیان واتە ٩٠ ئەگەر ٥ و ٩٠ کۆبکەیتەوە ژمارە ٩٥ دەست دەکەوێ
- دوا لە قوتابیان بکە ڕستە ژمارەییەکان تەواوبکەن، وە سەر لە نوێ بەراورد لە نێوان نموونەکان وڕستەکان بکەن.

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە لە بڕگەی باسبکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە بدەنەوە. وەڵام: لە ژمارە ٨٤ ڕەنووسی ٨ ژمارە ٨٠ دەنوێنێ، بەڵام لە ژمارە ٤٨ ڕەنووسی ٨ تەنها ٨ دەنوێنێ.

داوا لە قوتابیان بکە شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لە لاپەڕە ١٠٨دا هاتووە

قوتابیان لەم وانەیەدا ڕاهێنان دەکەن لەسەر نووسینی ژمارەکان بە دوو شێوەی جیاواز

ئاگاداربکە... هەڵەی باو هەندێ لە قوتابیان هەڵە دەکەن لە نووسینی ژمارەکان کاتێك سەرجەمی یەکان و دەیان کۆدەکەنەوە بۆ نموونە کاتێك ٣٠ + ٥٠ کۆدەکەنەوە دەنووسن ٥٣، بۆ ئەوەی یارمەتیان بدەی لەسەر بنبڕکردنی ئەم ئاستەنگە، لێیان بگەڕێ با ژمارەکە بنوێنن بە بەکارهێنانی شەش پاڵووە بەیەکبەستراوەکان، وە با ژمارەی یەکان و دەیانیان لەسەر تەختەی کار تۆماربکەن، بۆ ئەوەی بزانن کەوا ٥ دەیان بریتیە لە ٥٠ یەکی.

پرسیارێك شیكاردەكەم • ڕێنوێنی بۆئەوەی یارمەتی قوتابیان بدەم لەسەر تێگەیشتنی پرسیارەکە، وێنەیەك دەکێشم لەسەر تەختەکە ٣ لاپەڕە بنوێنێ وە ٣٧ هێل دەکێشم بۆ ئەوەی شریتەکانی پێ بنوێنم، پاشان داوا لە قوتابیان دەکەم یەکەم لاپەڕە بە ١٠ هێل پڕبکەنەوە، و داوا لە قوتابیەکی تر دەکەم لاپەڕەی دووەم پڕکاتەوە پاشان لاپەڕەی سێیەم ... بەم جۆرە.



ڕاهێنان دەکەم

ڕەنووسی یەکان و ڕەنووسی دەیان دەنووسم ژمارەکە بە ڕێگەیەکی جیاواز دەنووسم.

١
٨ یەکی ٨ دەیی = ٨٨
٨ + ٨٠

٢
٢ یەکی ٥ دەیی = ٥٢
٢ + ٥٠

٣
٠ یەکی ٩ دەیی = ٩٠
٠ + ٩٠

٤
٥ یەکی ٣ دەیی = ٣٥
٥ + ٣٠

پرسیارێك شیكار دەكەم ■ ڕێنوێنی

▬ و ■ بەکاردەهێنم بۆ شیکار

٥ هیوا ٣٧ شریتی پێوە نوساوی لایە هەر ١٠ وێنەی لەم شریتە نوساند بە پەڕەی دەفتەرەکەی.
چەند پەڕەی پڕکردۆتەوە؟ ٣ لاپەڕە
چەند شریتی لا ماوە؟ ٧ شریت

چالاکی ماڵەوە • ژمارەیەك بە منداڵەکەت لە نێوان ١٠ و ١٠٠ بدە، داوای لێبکە ڕەنووسی یەکان و دەیان بنووسێت پاشان داوای لێبکە بینوسێتەوە لە شێوەی کۆ بۆ نموونە: ٣٤ بریتییەلە ٤ یەکی و ٣ دەیی ئەویش بریتییە لە (٤ + ٣٠).

١٠٨

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆ و نووسین باسبکە و وێنە بکێشە بۆ ئەوەی دیاربکەی ژمارە ٤٥ چییە؟ چل و پێنج بریتیە لە ٥ یەکان و ٤ دەیان، قوتابی شەریتەکانی دەیی و شەش پاڵووەکان بەکاردێنێت.

تاقیکردنەوەی وانەکە

کام لەمانە ژمارەکە دەنوێنێ؟



أ ٦ + ٤
ج ٦ + ٦٠
ب ٤ + ٦
[✓ د] ٤ + ٤٠

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با لە ماڵەوە شیکاری ڕاهێنانەکانی ٢، ٣، ٥ بکەن کە لەوانەی ٧-٤ لە کتێبی ڕاهێنان هاتووە.

ڕاهێنان

- هانیان بدە با لە ماڵەوە ئەو ڕاهێنانەی کە لە برگەی «پێداچوونەوە»دا هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان شیکابکەن.

ڕۆشنایی پەروەردەیی

نووسینی ژمارە بە شێوەی درێژی یارمەتی قوتابیان دەدات بۆ ئەوەی بزانن پایەی ڕەنووسی ژمارەکە بەهای ڕاستی ئەو ژمارەیە دەنوێنێ، وە هەروەها ئەم جۆرە نووسینە ئەوە دەگەیەنێت سەرجەمی یەکان و دەیان ژمارەکە بەهای ژمارەکە دەگەیەنێ.



ڕاهێنان ٧-٤

قوتابخانە.........ناوی قوتابی.........پۆل: یەکەم هۆبەی.......بەروار / /

ژمارەکان جیادەکەمەوە وانەی ٧-٤

ژمارەی یەکان و دەیان دەنووسم
ژمارەکە بە ڕێگەیەکی جیاواز دەنووسم

١
٣ یەکی ٢ دەیی = ٢٣
٣ + ٢٠

٢
٦ یەکی ٥ دەیی = ٥٦
٦ + ٥٠

٣
٨ یەکی ٩ دەیی = ٩٨
٨ + ٩٠

٤
٧ یەکی ٧ دەیی = ٧٧
٧ + ٧٠

٥
٩ یەکی ٦ دەیی = ٦٩
٩ + ٦٠

٦
١ یەکی ٣ دەیی = ٣١
١ + ٣٠

پێداچوونەوە

بەدوایدا چی دێت؟ وێنە دەکێشم.

ڕاهێنان ل ٤١

وانەی ٥

پرسیارێك شیكار دەكەم: دەخەمڵێنم

پلانی وانە

ئامانج : پرسیارە کە شیکار دەکات بەبەکارهێنانی ڕێگەی « دەخەملێنم ».

زاراوەکان : دەخەملێنم.

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- شیکارکردنی پرسیارەکان
- ڕێنوێنی وسەلماندن
- گەیاندن
- بەستنەوە

ڕۆژانە

ڕۆژمێر بەکاربهێنە بۆ دیارکردنی ژمارەی هەفتە تەواوەکان و ژمارەی هەفتە نا تەواوەکان لەم مانگەدا. لەگەڵ قوتابیان بدوێ و هەڵەکان ڕاست بکەوە.

پێشینەی بیرکاری

کاربە خەملاندن دەکرێت بە شێوەیەکی گشتی، کاتێ پێویست ناکات ژمارەکە بە وردی بزانێت، زاراوەی «نزیکەی» بەکاردێت بۆ چەسپاندنی ئەم بیرۆکەیە لەلای قوتابیان.

خەملاندن: بریتییە لە شێوەیەکی سەرەتایی لە شێوەکانی پێوان هەروەها کرداری بەراوردکردن لەخۆ دەگرێت کە خەیاڵییە، کاتێ ئەم کارامەییە گەشە پێ دەدەین لەلای قوتابی. ئامانجمان پێکهێنانی هەستێکی پێوانەیی دروست و کاریگەرە.

چالاکی

خەملاندن

کۆمەڵە بچووکەکان
هەستی - جوولەیی

ئامانج: دەخەملێنێ بە بەکارهێنانی نموونەکان.

کەرەستەکان: بۆ هەر کۆمەڵەیەك ٥٠ شەش پاڵوی بچووك بۆ ژماردن.

- داوا لە قوتابییەك بکە لە هەر کۆمەڵەیەك مشتێك لە شەش پاڵووەکان وەربگرێت. پرسیار بکە لە قوتابییەکانی تر ئەوەی لە مشتی هاوڕێکەیاندایە لە شەش پاڵوو بخەملێنن. ئایا نزیکە لە ١٠ یان نزیکە لە ٩٠. دەکرێ ١٠ شەش پاڵوو لەسەر مێزەکەت دابنێ ی و ٩٠ شەش پاڵووی تر لە نزیکی دابنێیت بۆ ئەوەی کرداری بەراوردکردن ئاسان بکەیت.
- بە نۆرە داوا لە ژمارەیەك لە قوتابیان بکە ڕوون بکەنەوە چۆن توانیان وەڵام بدەنەوە. هەموو وەڵامێکی گونجاو وەربگرە.
- پرسیار لە یەکێ لە قوتابییەکان بکە **چۆن ساغی دەکاتەوە کە وەڵامەکەی شیاوە؟**

وەڵامی چاوەڕوانراو: شەش پاڵووەکانی دەستم دەژمێرم.

رێکخستنی وانەی ٥

ئامانج : پرسیارێك شیكاردەكات بەبەكارهێنانی ڕێگەی « دەخەملێنم ».

پرسیاری ئەمڕۆ

ئایا ژمارەی کورسیەکانی پۆل نزیکە لە ٣ کورسی یا لە ٣٠ کورسی؟

هەموو پرسیارە گونجاوەکان وەردەگرم.

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

بۆشاییەکان پڕکەرەوە.

١ ٢٧، ٢٨، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٢

٢ ٣٨، ٣٩، ٤٠، ٤١، ٤٢

بۆچی ئەم بابەتە فێردەبین؟ خەملاندن یارمەتیت دەدا لەسەر شیکاری پرسیارەکان و پێدانی بڕیارەکان، خەملاندن بەکاردێت کاتێك پێویستیت بە وەڵامی تەواو نابێت یان کاتێك کاتی پێویستیت نابێت بۆ دۆزینەوەی وەڵامی تەواو.
دەتوانی دەست بە وانە بکەی بەوەی داوا لە یەکێك لە قوتابیان بکەی هەنگاوەکانی شیکاری پرسیارەکان بەبیرت بێنێتەوە.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- **تێدەگەم** داوا لە قوتابیان بکە با ڕوونبکەنەوە داواکراو چییە؟ دەتوانم چەند کتێبێك هەلگرم.
- **پلان دادەنێم** داوا لە قوتابیان بکە پێشبینی ڕێگایەك بکەن بۆ شیکاری پرسیارەکە؟ کتێبێك بە دەست هەڵدەگرم، وە بەخەیاڵ بیردەکەمەوە چەند کتێب دەتوانم هەلگرم.



وانەی ٥

پرسیارێك شیكار دەكەم

دەخەملێنم

تێ دەگەم
پلان دادەنێم
شیکاردەکەم
ساغدەکەمەوە

چەند کتێب لەتواناتدایە هەڵبگریت.

کاتێ پێویستم بە زانینی ژمارەکە نیە بەوردی. هەڵدەستم بە خەملاندنی
نزیکەی ٥
نزیکەی ٥٠

خەملاندنی گونجاو دەور دەدەم.

١ چەند لە ژووری پۆلدایە ؟

نزیکەی ٣ [✓ نزیکەی ٣٠]

٢ دەتوانیت چەند بەیەك دەست هەڵبگری ؟

[✓ نزیکەی ٥] نزیکەی ٥٠

٣ چەند بچووك لە تواناتدایە بە یەك دەست هەڵبگری ؟

نزیکەی ١٠ [✓ نزیکەی ٤٠]

٤ چەند لە تواناتدایە لە دەفرێك دابنێت؟

[✓ نزیکەی ٥] نزیکەی ٥٠

١٠٩

- **شیکاردەکەم** داوا لە قوتابیان بکە با باس لە چۆنیەتی شیکارکردنی پرسیارەکەت بۆ بکەن؟ وەڵامی چاوەڕوانکراو: ناتوانم ٥٠ کتێب هەلگرم لەبەر ئەوە وەڵامەکەم بریتیە لە ٥ کتێب هەڵدەگرم.
- **ساغدەکەمەوە** چۆن دڵنیا دەبیت لەوەی کەوا وەڵامەکەت گونجاوە؟ وەڵامی چاوەڕوانکراو: هەوڵ دەدەم چەند کتێبێك هەلگرم، چاودێری کاری قوتابیان بکە.

ڕۆشنایی پەروەردەیی

سەرنجی قوتابیان بۆ گرنگی بەکارهێنانی خەملاندن لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ڕاکێشە، ئەم گرنگیە لەگەڵ تێپەڕبوونی کات هەرکاتێك پۆلەکانیان بەرەوپێش بچێت و ژمارەکانی کە فێری دەبن گەورەتربن ئەم گرنگیە زیاتر دەردەکەوێت بە تایبەتی کاتێك مرۆڤەکان ناچاردەبن بڕیاربدەن پەیوەندی بە ژمارەکان هەبێت وەك ئەو دووریەی کە دەیبڕێت یان ئەو بڕە پارەیەی کە خەرجی دەکات یان ژمارەی دانیشتوانی ناوچەیەك یان کێشی شتەکان.



ڕاهێنان دەكەم

خەمڵاندنی گونجاو دەور دەدەم.

١ چەند 🍎 لە تواناتدایە لەسەر سینیەك هەڵبگری؟
[✓ نزیكەی ١٠] نزیكەی ٨٠

٢ چەند ✏ لە تواناتدایە بەیەك دەست هەڵبگری؟
[✓ نزیكەی ١٠] نزیكەی ٧٠

٣ چەند 👟 لە ژووری پۆلدایە؟
نزیكەی ١٠ [✓ نزیكەی ٦٠]

٤ چەند ● پێویستە بۆ داپۆشینی لاپەڕەیەكی كتێبەكەت؟
نزیكەی ١٠ [✓ نزیكەی ٩٠]

٥ چەند ▭ لە كاغەزی كتێب پێویستە بۆ داپۆشینی مێزەكەت لە پۆلدا؟
[✓ نزیكەی ٨] نزیكەی ٨٠

٦ چەند 🍬 لە تواناتدایە بە دەستێك هەڵبگری؟
[✓ نزیكەی ١٠] نزیكەی ٤٠

بنووسە

پرسیارێك دروست بكە پاشان داوا لە هەڤاڵەكەت بكە خەمڵاندنی گونجاو هەڵبژێری.

چالاكی ماڵەوە • داوا لە منداڵەكەت بكە بخەملێنێت چەند هەڵماتی شوشەیی دەتوانێ بە یەك دەست هەڵبگرێ، نزیكەی ١٠ یان نزیكەی ٩٠ هەڵمات، داوای لێبكە ئەوە ساغبكاتەوە.

١١٠

٣ ڕاهێنان

داوا لە قوتابیان بكە با شیكاری ئەو ڕاهێنانانە بكەن كە لە لاپەڕە ١١٠ دا هاتووە

بۆ ئەوەی یارمەتی قوتابیان بدەی لەسەر دۆزینەوەی خەملاندنێكی گونجاو لە ڕاهێنانەكانی ١ تا ٦، داوایان لێبكە با پشت بەو شتانە ببەستن كە لە پۆلەكەیان دەست دەكەوێت بۆ نواندنی هەر پرسیارێك.

دەنووسم بۆ قوتابیان ڕووندەكەمەوە كە پێویستە لەسەریان پرسیارێك پێك بهێنن وەك ئەو پرسیارانەی لە لاپەڕەكەدا هەیە، وە پێیان بڵێ دەتوانن ئەو شتانەی لە ژووروری پۆڵ یان لە ماڵیان دا هەیە بەكاربێنن.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاكی ناو پۆل

گفتو گۆو نووسین كتێبێك لەسەر مێزەكەت دابنێ، بخەملێنە چەند كتێبت پێویستە بۆ ئەوەی هەموو مێزەكە داپۆشی، ڕوونبكەوە چۆن وەڵامەكەت ساغدەكەیتەوە؟ وەڵامەكان جۆراو جۆردەبن.

تاقیكردنەوەی وانەكە

خەملاندنی گونجاو دەوردەدەم

١ چەند قوتابی لە ژووری پۆلدا هەیە؟
[✓ نزیكەی ٣٠] نزیكەی ٧٠

٢ چەند كتێب لەناو جانتاكەت دادەنێیت؟
نزیكەی ٦٠ [✓ نزیكەی ٦]

ئەركی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بكە با لە ماڵەوە شیكاری ڕاهێنانەكانی ٢، ٣، ٦ بكەن كە لە وانەی ٧–٥دا لە كتێبی ڕاهێنان هاتووە.
- هانیان بدە با لە ماڵەوە ئەو ڕاهێنانەی كە لە برگەی «پێداچوونەوە» هاتووە لە هەمان وانە لە كتێبی ڕاهێنان شیكاربكەن. بۆیان ڕوونبكەوە كەوا ڕاهێنانەكان پێداچوونەوەی كارامەییەكانی پێشوو بە دەست دێنن.



ڕاهێنان ٧–٥

پرسیارێك شیكاردەكەم – دەخەملێنم وانەی ٧–٥

▶ **پێداچوونەوە**

شیكاردەكەم

٧ ٥ + ٥ = ١٠ ٨ ١٠ - ٧ = ٣ ٩ ٧ + ٢ = ٩

١٠ ٥ + ٣ = ٨ ١١ ١٠ - ٦ = ٤ ١٢ ٥ + ٥ = ١٠

١٣ ٥ + ١ = ٦ ١٤ ١٠ - ٥ = ٥ ١٥ ٣ + ٢ = ٥

ئاگاداریە... ئەگەر بینیت كەوا هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لەكاتی شیكاری پرسیارەكان، ئاگاداریان بكەوە كەوا كرداری خەملاندن بە پێدانی ژمارەیەكی ڕەمەكی ناكرێت، گفتوگۆیان لەگەڵ بكە و بۆیان ڕونبكەوە كەی خەملاندنەكانیان نا ژیرانە و جێگای بڕوانابێت، یارمەتیان بدە لەسەر دۆزینەوەی خەملاندنی دروست لە میانەی پشت بەستنیان بە هەندێ لە شتەكان وەك: پێنووسەكان و دانەوێلەكان وسەرە شووشەكان یان هەرشتێكی تر.

بەشی ٧ ژمارەکان تا ٩٩

پێداچوونەوەی/ بەشی ٧

ئامانج دڵنیابوون لە تێگەیشتنی چەمکەکان و بەدەستهێنانی ئەو کارامەییانەی کە لە بەشی ٧دا هاتووە.

بەکارهێنانی لاپەڕە

- ئامانجی لاپەڕەی «پێداچوونەوە» بۆ قوتابیان ڕوونبکەوە.
- نزیکەی ٣٠ خولەك بۆ ئەم لاپەڕەیە تەرخان کراوە لەم ماوەیەدا داوا لە قوتابیان دەکرێت ڕاهێنانەکانی لاپەڕەی «پێداچوونەوە» شیکاربکەن.
- لەم لاپەڕەیە دەتوانیت یارمەتی ئەو قوتابیانە بدەیت کە ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە.
- دەتوانیت ڕێگا بە قوتابیان بدەی بۆ ئەوەی یارمەتی یەکتربدەن، لەگەڵ پاراستنی یاسای قوتابخانەو هێمنی پۆل.
- دەکرێت وەڵامی پرسیارەکانی قوتابیان بدەیتەوە.
- ئەو کاتەی کە دەمێنێتەوە لە وانەکە تەرخان بکە بۆ وەڵامەکان و شیکاری پرسیارەکان.
- ئەم لاپەڕەیە گونجاوە بۆ زانینی توانای قوتابی لەسەر کارکردن لەگەڵ کۆکردنەوە ولێدەرکردن لەیەك کاتدا، لە میانەی ئەم لاپەڕەیە دڵنیا دەبێت تا چەند قوتابیان بە تەنیا هەریەکە لە چەمکەکان فێربووینە یان هەیە چەمکەکان بەیەکەوە بەستنەوە.
- ئامانجی ڕاهێنانەکانی ١ تا ٦ بۆ دڵنیابوونە لە زانینی چەمکەکان و کارامەییە نوێیەکان.

بەڵام ئامانجی ڕاهێنانی ٧ بۆ دڵنیابوونە لە کارامەیی قوتابی لە جێبەجێکردنی کارامەیی شیکاری پرسیارەکانی (کردارێکی گونجاو هەڵدەبژێرم).



پێداچوونەوەی بەشی ٧

ناو ____________

ڕەنووسی دەیان دەنووسم. ژمارەکە دەنووسم

١ ٨ دەیی = ٨٠

٢ ٥ دەیی = ٥٠

ڕەنووسی یەکەکان و ڕەنووسی دەیەکان دەنووسم. ژمارەکە دەنووسم.

٣ ٧ یەکی ٤ دەیی = ٤٧

٤ ٩ یەکی ٢ دەیی = ٢٩

ڕەنووسی یەکەکان و ڕەنووسی دەیەکان دەنووسم، ژمارەکە بە ڕێگەیەکی جیاواز دەنووسم.

٥ ١ یەکی ٤ دەیی = ٤١
٤٠ + ١

٦ ٥ یەکی ٧ دەیی = ٧٥
٧٠ + ٥

پرسیارێك شیکار دەکەم.

خەمڵاندنی گونجاو دەور دەدەم.

٧ چەند 🟦 لە تواناتدایە لە کوپێکدا دابنێت؟

[✓ نزیکەی ١٠ 🟦] نزیکەی ٩٠ 🟦

١١١



ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە
بەشی ٧

ناو ____________

وەڵامی گونجاو هەڵدەبژێرم.

١ ئەم وێنەیە چی پیشاندەدات؟

٦ دەیی ○ ٤ دەیی ○
٥ دەیی ● ٧ دەیی ○

٢ کام ژمارە ئەم وێنەیە دەردەخات؟

٧٠ ○ ٧٦ ●
٧٧ ○ ٦٧ ○

٣ کام نووسین ٤ یەکی و ٨ دەیی دەنوێنێ ؟

٠ + ٨٠ ○ ٤٠ + ٨٠ ○ ٤٠ + ٨ ○ ٤ + ٨٠ ●

٤ چەند کەس بەیەکەوە ئەتوانن سواری ئۆتومبیلێکی تایبەتی بن ؟

نزیکەی ٤ ● نزیکەی ١٤ ○ نزیکەی ٤٠ ○ نزیکەی ٩٠ ○

٥ ژمارەیەك دەنووسم یەکان ودەیانی تێدابێت

☐

▬ و ■ بەکار دەهێنم
بۆ نواندنی ئەو ژمارە یە.

چاودێری کاری قوتابیان بکە

١١٢

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

ئامانج ئامانج لە لاپەڕەی (ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە) کە لە کتێبی قوتابی داهاتووە هەروەك ناونیشانەکەی دیاری دەکات بریتیە لە ئامادەکردنی قوتابی بۆ تاقیکردنەوەی بەش.

ئەم لاپەڕەیە چەمکەکان و کارامەییەکانی کە لەم بەشەدا هاتووە لە خۆ دەگرێت، وە لە گەڵیاندا چەمکەکانی تری کە لە بەشەکانی پێشوودا لە خۆدەگرێت.

هەر بڕگەیەك لەم لاپەڕەیە ئامانجێکی پەروەردەیی یان زیاتر لەخۆدەگرێت ئەمە خۆی لە خۆیدا تارادەیەك ئامانجە پەروەردەییەکانی پەیوەست بەم بەشە لە خۆدەگرێت.

بەکارهێنانی لاپەڕە

- ئامانجی لاپەڕەی «ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە» بۆ قوتابیان ڕوونبکەوە.
- داوا لە قوتابیان بکە لاپەڕەی «ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە» کە لە کتێبی قوتابیدا هاتووە لە ماڵەوە یان لە پۆل جێبەجێ بکەن ئەگەر کاتت هەبوو بۆ ئەم مەبەستە.

تاقیکردنەوەی بەش

تاقیکردنەوەی بەش دەکەوێتە چوار چێوەی هەڵسەنگاندنی بەدەستهاتوو

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوەی بەش

- دەتوانی ئەم تاقیکردنەوانە وەکو خۆی بەکاربهێنی.
- دەتوانی لەم تاقیکردنەوانە چەند پرسیارێکی دیاریکراو هەڵبژێری، تیایدا تاقیکردنەویەکی لێ پێك بهێنی.
- دەتوانی لەم تاقیکردنەوانە چەند پرسیارێکی دیاریکراو هەڵبژێری، تیایدا بەخۆت پرسیاری تری لەسەردا دابنێی.
- دەتوانی بەخۆت هەموو پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی لەسەر دابنێی بەسوود وەرگرتن لەو پرسیارانەی کە لە تاقیکردنەوەی بەشەکەدا هەیە.

مەرجەکانی ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

- پێویستە ماوەی ئەو کاتەی تەرخان دەکرێت بۆ تاقیکردنەوەکە گونجاو و تەواوبێت بۆ قوتابیان (یەك وانە بۆ تاقیکردنەوەی بەش) تەرخان بکرێت.
- پێویستە پرسیارەکانی ئەم تاقیکردنەوانە ئەو ئامانجانەی کە فێرت کردونە بەبێ کەم و زیاد لە خۆبگرێت.
- پێویستە پرسیارەکانی ئەم تاقیکردنەوانە ئامانجەکان بە شێوەیەکی هاوسەنگ لەگەڵ ڕەچاوکردنی گرنگی ئامانجەکان لەخۆبگرێت.
- دەبێت تاقیکردنەوەکان پرسیارەکانی (شێوە أ) و پرسیارەکانی (شێوە ب) لە خۆبگرن لەگەڵ گرنگی دانی زیاتر بە شێوەی أ (بگەڕێوە بۆ ڕێبەری هەڵسەنگاندن).
- پێویستە پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بەش بە شێوەیەکی دیار و ڕوون چاپ کرابێت.

جێبەجێ کردنی تاقیکردنەوەی بەش

- وانەیەکی تەواو تەرخان بکە بۆ تاقیکردنەوەی بەش هەڵبژاردنی فرە وەڵام دەوربدەن.
- لەکاتی بوونی کاتی بەتاڵ لە قوتابخانە یان لە ماڵەوە تاقیکردنەوەکان بپشکنەو تێبینیەکانت لەسەریان تۆماربکە بە تایبەتی ئەو تێبینیانەی پەیوەستە بە لایەنە لاوازەکانی قوتابیان.

تێبینییەکانی مامۆستا

بۆچوونی تر

دەربڕینی پرسیاری باش

سەرچاوەی زیاتر

تێبینی بۆ وانەی داهاتوو

بەشی ٨

بەراوردکردنی ژمارەکان و ریزکردنیان

پلانی بەش

وانە	ئامانج	زاراوەکان	کەرستەکان	کاتی خەملێنراو
پێشکەشکردن و ئامادەبوون بۆ بەش				کات/ ١ وانە
٨-١ گەورەتر لە، بچووکتر لە ل ١١٥ – ١١٦	دوو ژمارەی دوو ڕەنووسی دەنوێنێ و بەراوردیان دەکات.	گەورەترە لە ، بچووکترە لە	بژمێری دەبی	١ وانە
٨-٢ پێش، پاش، نێوان ل ١١٧ – ١١٨	ئەو ژمارە دیاری دەکات کە لەپێش ژمارەکە دێت ڕاستەوخۆ یان لە دوایەوە «پاش» دێت ڕاستەوخۆ یان لە نێوان دوو ژمارەکە.	پێش، پاش، نێوان		٢ وانە
٨-٣ یەك یان دە ل ١١٩ – ١٢٠	ئەو ژمارە دیار دەکات کە بەیەك یان بە دە کەمترە لە ژمارەیەك و زۆرترە لە ژمارەیەك بە یەك یان دە	کەمتر بەیەك، زۆرتر بە یەك کەمتر بە دە، زۆرتر بە دە	بژمێری دەبی	٢ وانە
٨-٤ یەکەم، دووەم، سێیەم ل ١٢١ – ١٢٢	ئاشنا دەبێت بە ژمارە ریزکراوەکان تا ١٠	شێواز	پێنووسەکان	١ وانە
٨-٥ شێوازەکان لەسەر تەختەی سەد ل ١٢٣ – ١٢٤	دوو دوو ، پێنج پێنج، دە دە دەژمێرێ بۆ تەواوکردنی شێوازە ژمارەییەکان لەسەر تەختەی سەد.			٢ وانە
٨-٦ بە بازدان دەژمێرم ل ١٢٥ – ١٢٦	بە بازدان دوو دوو، پێنج پێنج ، دە دە دەژمێرێ.	بە بازدان دەژمێرم		١ وانە
٨-٧ پرسیارێك شیکار دەکەم: نموونەیەك پێکدەهێنم ل ١٢٧ – ١٢٨	پرسیارێك شیکاردەکات بە بەکارهێنانی ڕێگەی «نموونەیەك دروست دەکەم».	یەکسانە، گەورەترە لە، بچووکترە لە	بژمێری دەبی، تەختەی کار	١ وانە
پێداچوونەوە ل ١٢٩				١ وانە
تاقیکردنەوەی بەش ل ١٣٠				١ وانە

تێبینی: • دابەشکردنی بەشەوانەکان بەسەر وانەکانی ئەم بەشەی سەرەوە دابەشکردنێکی خەملێندراوە دەتوانی دەستکاری بکەی و ڕێکی بخەی و بیگونجێنی لەگەڵ بارودۆخ و ژینگەی قوتابی، کاتی تەرخان کراوی تایبەت بە وانەکان جێگیر نییە، دەتوانیت گۆڕانکاری لێبکەی بەپێی پێویست ڕێکی بکەی و بیگونجێنی.

• لەسەر مامۆستا پێویستە کەرستە داواکراوەکان ئەوانەی ناویان هاتووە لە پلانی بەش یان هاوشێوەکانیان ئامادە بکات پێش دەستپێکردنی وانەکە.

بیرکاری بەپێی پۆلەکان

پۆلی یەکەم

- بەراورد لە نێوان دوو ژمارە دەکات و ژمارەی گەورەتر بە یەك و بچووکتر بە یەك و گەورەتر بە دە و بچووکتر بە دە دەناسێ. ئەو ژمارەی لە پێش یان لە پاش یان لە نێوان دوو ژمارە دێت دەناسێت.

پۆلی دووەم

- ژمارەی دوو ڕەنووسی و سێ ڕەنووسی دەنوێنێ و بەراووردیان دەکات.

تێڕوانینێك بۆ دواوە زانیارییەکان و کارامایيه داواکراوەکان

ئامادەبوون بۆ خوێندنی ئەم بەشە ، پێویستە قوتابی ئەم زانیاری و کارامەییانەی خوارەوەی هەبێت:

- **چەمکی ژمارە:** نموونەی کۆمەڵەکانی لە ١٠ دانە یان کەمتر بەراورد دەکات بۆ دیارکردنی گەورەتر و بچووکتر. ژمارەکان ریز دەکات لە میانەی ١٠.
- **زاراوەکان:** پتر، کەمتر.

تێڕوانینێك بۆ بەشەکە کارامەییە بنچینەییەکان.

قوتابی لە ماوەی خوێندنی ئەم بەشەدا ئەم کارامەییانەی بەدەست دێنێ:

- گرێدان لەنێوان نموونەکان و ڕستەی ژمارەییەکان بەیەکەو دەبەستێتەوە.
- دوو ژمارەی دوو ڕەنووسی دەنوێنێ و بەراوردیان دەکات.
- ئەو ژمارەیە دیار دەکات کە ڕاستەوخۆ لە پێش یان لەپاش یان لەنێوان دوو ژمارە دێت.
- پرسیارێك شیکار دەکات بەبەکارهێنانی ڕێگەی « نموونەیەك دروست دەکەم».

تێڕوانینێك بۆ پێشەوە بوارەکانی جێبەجێکردن

قوتابی ئەوەی فێری بووە لەم بەشەدا جێبەجێدەکات لەسەر ئەم چەمکە نوێیانەی دێت:

- ژماردنی دراوەکان «پارەکان» و بەکارهێنانی (بەشی ١٢).

بەشی ٨

بەراوردکردنی ژمارەکان و ریزکردنیان

پێشکەشکردنی بەش

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟

ئامانج

- ئەم بڕگەیە بیرۆکەیەکت پێدەبەخشێ سوودەکەی بریتییە لە گەشەپێدانی تواناکانی قوتابیان لەسەر دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان ژمارەکان لەمیانەی بەراوردکردنی ئەو ژمارانەی لە دوو ڕەنووس پێکدێن و ریزکردنیان لەسەر هێڵی ژمارەکان یان بەپێی شێوازێکی دیاریکراو. قوتابی سوود لە بەهای خانەیی وەردەگرێ کە پێشتر فێری بووە بۆ هەڵسان بە بەراوردکردن لە نێوان ژمارەکان. دەتوانی ئەم بیرۆکانە بەکاربێنی بۆ وروژاندنی ئارەزووی قوتابیان دەربارەی ناوەڕۆکی بەشەکە.
- زۆرجار قوتابی دەپرسێ بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟ بە بیر قوتابیان بێنەوە زانینی ریزکردنی ژمارەکان لە بچووکترینەوە بۆ گەورەترین بەشێوەیەکی دروست یارمەتیان دەدات لەسەر شیکارکردنی پرسیارەکانی کۆکردنەوە ولێدەرکردن وە بەراوردکردنی هێندەکان کارامەییەك پێکدەهێنێ زۆر بەکاری دەهێنن لە ژیانی رۆژانە.

لاپەڕەی دەستپێکردن (٥ خ)

ئامانج

- لەم بڕگەیەدا پرسیارێك هەیە دەربارەی تابلۆکەی لاپەڕەی دەستپێکردنی بەشەکە لە کتێبی قوتابی.
- تابلۆکە چوار کۆمەڵەی جیاواز لە ماسی لەخۆ دەگرێت: کۆمەڵەیەك پێکهاتووە لە ٥ ماسی زەرد، وە کۆمەڵەیەك پێکهاتووە لە ١١ ماسی پرتەقاڵی وە کۆمەڵەیەك پێکهاتووە لە ٧ ماسی شین.



بەشی ٨

بەراوردکردنی ژمارەکان و ڕیزکردنیان

سەیری کۆمەڵەی ماسییەکان بکە

کام کۆمەڵە پتری تێدایە؟

کام کۆمەڵە کەمتری تێدایە؟

- ئەم پرسیارە سەرەتایەك و ئارەزوویەك و ئامادەکارییەك و دەوڵەمەندکردنێك بۆ قوتابییان دابین دەکات. دوو کۆمەڵە ماسی دەستنیشان بکە، وە داوا لە قوتابیان بکە کە ژمارەی هەر کۆمەڵەیەك بدۆزنەوە. بپرسە کام کۆمەڵەی زیاتری تێدایە؟ کارەکە لەگەڵ دوو کۆمەڵەی تر دووبارە بکەوە، وە بپرسە کام کۆمەڵە کەمتری تێدایە؟

زانیارییەکانت ساغبکەوە

بەراورکردنی ژمارەکان

١ کامیان پترە؟ دەوری کۆمەڵە کە دەدەم.



٢ کامیان کەمترە؟ کۆمەڵە کە دەور بدە.



پێش، پاش، نێوان



٣ کام ژمارە ڕاستەوخۆ پێش ١٠ دێت؟ ٩

٤ کام ژمارە دەکەوێتە نێوان ٤ و ٦ ؟ ٥

٥ کام ژمارە ڕاستەوخۆ پاش ٨ دێت؟ ٩

ئاگاداربە... سەرنجی قوتابیان ڕاکێشە بۆ هەردوو زاراوەی گەورەترە و بچووکترە کە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە ژیانی ڕۆژانەیاندا. وە بەکاردێنن لە بەراوردکردنی ئەو ژمارانەی کە تەمەن یان درێژیەکان یان ڕووبەرەکان دەنوێنن. وە کارەکە بە هەمان شێوە جێبەجێ دەبێت لەسەر هەردوو زاراوەی زۆرترە و کەمترە کە بەکاردەهێنرێ بۆ بەراوردکردنی دانەکانی دوو کۆمەڵە.

پەیوەندی لەگەڵ کەسوکار

نامەکە

ئەو نامەیەی ئاراستەی کەسوکار کراوە بە دەنگێکی بەرز بۆ قوتابیان بخوێنەوە وە داوایان لێبکە واژۆی بکەن.

سوود لەو کاتە وەربگرە کە نامەکە دەیڕەخسێنێ بۆ ئەوەی قسە بۆ قوتابیان بکەی دەربارەی چۆنیەتی ڕۆیشتن لەسەر ڕێگە. ئاگاداریان بکەوە کە تەنها پێویستە لەو شوێنانە بڕۆن کە تەرخان کراوە بۆ ڕۆیشتن (بۆ نموونە شۆستە) و تێکەڵ نەبن لەگەڵ ئۆتۆمبێل. وە هەروەها ئاگاداریان بکەوە کە لە شەقام نەپەڕنەوە تاکو ڕۆیشتنی ئۆتۆمبێل و نیشانەی تایبەت بە راوەستان رادەوەستێ.

سەرزەنشتی هیچ قوتابیەك مەکە کە واژۆکەی دەگۆڕێ، چونکە ئەمە سروشتییە لەگەڵ گەشە و پێشکەوتنی کەسایەتی ڕوودەدات.

ئاگاداربە... ئاگاداری قوتابیان بکەوە لە وشەی یەکسان (=) کە لە پێشوودا لە رستەکانی کۆکردنەوە و لێدەرکردن بەکارت هێناوە، ئەمە(=) (هەمان خۆی) دەگەیەنێ، لە هەردوو ژمارەیەکی نا یەکسان ژمارەیەکیان گەورەتر دەبێت لەوی تریان بە پێچەوانەوە ژمارەی دووەم بچووکتر دەبێت لە ژمارەی یەکەم.



نامەیەك بۆ کەسوکار

کەسوکاری بەڕێز
ئەمڕۆ دەست بە بەشی ٨ دەکەین. تێدا فێردەبین چۆن بەراوردی ژمارەکان لە میانەی ١٠٠ بکەین وە چۆنیەتی ڕیزکردنیان. و ژمارە ڕیزبەندییەکان وبەکارهێنانیان فێردەبین. ئەم لاپەڕەیە زاراوەی بیرکاری نوێ و چالاکی لە خۆ دەگرێت پێکەوە لەماڵەوە پێی هەڵدەستین.
لەگەڵ ڕێزدا..

زاراوە نوێیەکانم
بچووکترە لە
یەکسانەبە
پێش
نێوان
پاش
گەورەترەلە

زاراوەکان

$٢٦ > ٢٤$
٢٤ بچووکترە لە ٢٦
$٢٤ < ٢٦$
٢٦ گەورەترە لە ٢٤
$٢٤ = ٢٤$
٢٤ یەکسانە بە ٢٤
٢٤ ٢٥ ٢٦
٢٤ دەکەوێتە پێش ٢٥ لە سەر هێڵی ژمارەکان
٢٥ دەکەوێتە نێوان ٢٤ و ٢٦
٢٦ دەکەوێتە پاش ٢٥

چالاکی

لەسەر پارچە کاغەزی بچووك ژمارەکان لە ٥٠ تا ٦٠ و هێماکانی < ، > ، = بەجیا بنووسە، ئەو پارچە کاغەزانەی ژمارەکانی لەسەرە هەڵیان دەگێڕمەوە وتێکەڵیان دەکەم بۆ ئەوەی ئەو ژمارانەی لەسەریانە دەرنەکەون. داوا لە منداڵەکەت بکە دووپارچە هەڵبژێرێ لە پارچەکان بیکاتەوە و بۆ دەرکەوتنی دوو ژمارەی نوسراو لە سەریان، پاشان داوای لێبکە ئەو کاغەزی هێمای گونجاوی لەسەرە لە نێوانیان دابنێ.

١١٤

زاراوەکان و ڕاڤەکردنیان

گەورەترە لە :	شێوەی بەراوردکردنە و هێماکەی >.
بچووکترە لە :	شێوەی بەراوردکردنە و هێماکەی < .
یەکسانە بە :	واتای هەمان ژمارەیە.
پێش :	لەپێش دێت بەکات یان بە شوێن.
پاش :	لەدواوە دێت بەکات یان بە شوێن.
نێوان :	ژمارەیەك لە نێوان دوو ژمارە دا.
گەورەتر بە یەك (بە دە) :	هەندێکە یەك یان دەی زیاترە.
بچووکتر بە یەك (بە دە) :	هەندێکە یەك یان دەی کەمترە.

ئەم زاراوە نوێیانە یەك لەدوای یەك بە پێی پێویست زیادبکە، بۆ سەر ئەو تەختەی کە تایبەتە بە ژووری پۆلەکە.



وانەی ۱ گەورەترە لە، بچووکترە لە

پلانی وانەکە

ئامانج : دوو ژمارەی دوو ڕەنووسی دەنوێنێ و بەراورد لە نێوانیان دەکات.

زاراوەکان: گەورەترە لە، بچووکترە لە.

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- ڕێنوێنی و سەلماندن
- جەبر
- گەیاندن
- شیکارکردنی پرسیارەکان
- نواندن

ڕۆژانە

ناوی مانگەکانی زاینی لەسەر تەختە بنووسە. داوا لە قوتابیەك بکە ناوی ئەو مانگەی تێدا لە دایك بووە دیاری بکات. چالاکییەکە دووبارە بکەوە لەگەڵ ئەوانی تر.

پێشینەی بیرکاری

بەراوردکردن پەیوەندیەکی بنچینەیی بەردەوام دروستدەکات بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ژمارەکان، وە تا ڕادەیەك بەشداری دەکات لە ناسینی سیفەتەکانی و جیاکەرەوەکانی سیستمی ژمارەکان لە داهاتوودا.
لەلای قوتابیان زانینێکی سەرەتایی هەیە بۆ دەستەواژەکانی "گەورەترە" و "بچووکترە" و "گەورەترە لە" و بچووکترە لە" بەڵام ئەم زانینە مادییە لە سەرەتادا لەسەر هەستی بینین و دەست لێدان دارێژراوە. گواستنەوەی بەراوردی سەرەتایی بۆ بەراوردی تیۆری «نظري» لە نێوان ژمارەکاندا بازدانێکی جۆرییە لەلای قوتابیان. یەکێك لە ڕێگاکانی بەکارهاتووە لەم بەشەدا پشت دەبەستێت بە هەردوو شێوەی ڕەنووسی و درێژی ژمارەکە. واتە دیارکردنی خانەی یەکان و دەیان لە ژمارەکەدا.

چالاکی

کامیان مەزنترە (گەورەترە)؟

تاکی

هەستی-جوولەیی

ئامانج: بەراورد کردنی دوو ژمارەی بچووکتر لە ۲۰ بۆ ئەوە ژمارەی گەورەتر بدۆزێتەوە.

کەرەستەکان: بۆ هەر قوتابیەك بژمێری دەیی و تەختەی کار.

- داوا لە قوتابیان بکە دوو ژمارەی (۱۱ و ۱۹) بنوێنن بۆ نموونە لەسەر تەختەی کار. لێیان گەڕێ با ژمارە گەورەکە بناسن، بەبیریان بهێنەوە دەبێ یەکەم جار سەیری ستوونی دەیان بکەن بۆ هەر ژمارەیەك بۆ بەراوردکردنی ژمارەی دەیان. ئەگەر هات و ژمارەی دەیان وەك یەك بوون. داوایان لێبکە سەیری ستوونی یەکان بکەن. بنووسە ۱۹ > ۱۱ لەسەر تەختەکەدا. ئەم ڕستەیە بۆیان بخوێنەوە.





ڕێکخستنی وانەی ١



وانەی ١ گەورەترە لە >، بچووکترە لە <

کامیان گەورەترە (٤٣ یان ٤٧)؟ کامیان بچووکترە؟

٤٣ بچووکترە لە ٤٧

٤٣ < ٤٧

٤٧ گەورەترە لە ٤٣

٤٧ > ٤٣

▬ و ■ بەکار دەهێنم بۆ نواندنی ژمارەکان ژمارە گەورەکە دەور دەدەم، پاشان ژمارەکان لە شوێنی گونجاو دەنووسم.

١ ٥٣ گەورەترە لە ٣٥

٥٣ > ٣٥

٢ ٥٦ گەورەترە لە ٤٦

٥٦ > ٤٦

ژمارە بچووکەکە دەور دەدەم پاشان ژمارەکان لە شوێنی گونجاو دەنووسم.

٣ ١٣ بچووکترە لە ٣٠

١٣ < ٣٠

٤ ٢٩ بچووکترە لە ٦٢

٢٩ < ٦٢

باسبکە ■ ڕێنوێنی

بۆ ئەوەی ژمارە گەورەکە دیاری بکەیت ،ئایا بەراورد لە نێوان دەیان دەکەی یەکەم جار یان لەنێوان یەکان؟

١١٥

پرسیاری ئەمڕۆ

ئەو ژمارانە کامانەن کە گەورەترن لە ٥ و بچووکترن لە ٩؟ ٦، ٧، ٨

ئەو ژمارانە کامەنە کە گەورەترن لە ١٥ و بچووکترن لە ١٩؟ ١٦، ١٧، ١٨

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٣ + ٩ = ١٢
٢ ٧ + ٤ = ١١
٣ ٨ + ٢ = ١٠
٤ ٦ + ٣ = ٩

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟ کاتێك قوتابیان بەراوردکردنی نێوان ژمارەکان دەزانن. هەڵبژاردنی باشی دەبێت لە زۆر شوێندا.

دەتوانین دەست بە وانەکە بکەی بەم چالاکیانەی دێن:

- داوا لە قوتابییەکانت بکە با هەردوو ژمارە ٦ و ٤ بنوێنن بە شەش پاڵووەکان.
- بپرسە **کامیان گەورەترە ٦ یان ٤ ؟** ٦
- بپرسە **بۆچی؟** چونکە ٦ شەش پاڵوو زۆرترن لە ٤ شەش پاڵوو.
- داوا لە قوتابیان بکە با هەردوو ژمارەی ١٦ و ٢١ بنوێنن بە شەش پاڵووەکان.
- بپرسە **کامیان ژمارەی دەیانیان زیاترە ١٦ یان ٢١؟** ژمارە ٢١ دوو دەیانی هەیە، لە هەمان کاتدا ژمارە ١٦ یەك دەیی هەیە.
- لە قوتابیان بگەڕێ با بسەلمێنن کەوا ژمارە ٢١ گەورەترە لە ژمارە ١٦.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- داوا لە قوتابییان بکە بە وردی بیر لە نموونەکەی بەشی سەرەوەی لاپەڕە ١١٥ بکەنەوە.
- بپرسە **کام لەم دوو ژمارەیە گەورەترن ٤٧ یان ٤٣ ؟** ٤٧
- داوا لە قوتابیان بکە با ژمارەی دەیان و ژمارەی یەکانی هەردوو ژمارەکە بدۆزنەوە؟
- بپرسە **چی تێبینی دەکەیت؟** ژمارەی دەیانی هەردوو ژمارەکە هەمان ژمارەکانی خۆیانن، لە هەمانکاتدا ژمارەی یەکانیان جیاوازن، ژمارەی یەکانی ژمارە ٤٧ گەورەترە لە ژمارەی یەکانی ژمارە ٤٣
- لەسەر تەختەکە بنووسە ٤٧ > ٤٣ ، وە بە قوتابیان رابگەیەنە کەوا ئەم رستەیە بە واتای ٤٧ گەورەترە لە ٤٣ دێت.
- ئاگاداریان بکەوە کەوا گۆشەکراوەکەی هێمای > هەردەم کراوەیە بە رووی ژمارە گەورەکە.
- داوا لە قوتابیان بکە چالاکیەکانی ١ - ٤ جێبەجێ بکەن

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باس بکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە، وەڵام: پێویستە قوتابی بزانێت کەوا لەسەریانە سەرەتا دەیان بەراورد بکەن.

ڕێنمایی... قوتابی لە بەشەکانی پێشوو فێری کارامەیی ژماردن و کارامەیی جووتبوون بووە بۆ بەراوردکردنی دوو کۆمەڵە، وە دیارکردنی کامیان ژمارەی دانەکانی زیاتر یان کەمتر لەخۆ دەگرێت، بە کارامەیی ژماردن دەتوانیت بدۆزێتەوە کەوا هەر ژمارەیەك کە دەست دەکەوێت بە زیادکردنی ١ بۆ ژمارەکەی پێشی دەبێت. لە دواییدا قوتابییان فێری چۆنیەتی بەکارهێنانی بنەمای بەهای خانەیی دەبێت لە بەراوردکردنی دوو ژمارە بە بەکارهێنانی بژمێری دەیی وەك نواندنی هەست پێکراو. پاشان تەنها پشت بە نواندن بە بینین دەبەستێت ئەویش بە ناسینی ژمارەی یەکان و دەیانی هەر ژمارەیەك، بۆ ئەوەی دڵنیابیت کەوا قوتابیەکانت لە بابەتەکە تێگەیشتوونە، ژمارەیەکی بە یەکان و بە دەیانیان بدەرێ وەك (٣یەکان و ٤ دەیان بۆ نموونە)، پاشان داوایان لێبکە با ژمارەیەکی گەورەتر و ژمارەیەکی بچووکتر لەو ژمارەیە ناو بهێنن.



راهێنان دەکەم

ژمارە گەورەکە دەور دەدەم
ژمارەکان لە شوێنی گونجاودا دەنووسم.

١ ٢٤ ٤٢
٤٢ گەورەترە لە ٢٤
٤٢ > ٢٤

٢ ٧٦ ٧٨
٧٨ گەورەترە لە ٧٦
٧٨ > ٧٦

٣ ١٥ ٥١
٥١ گەورەترە لە ١٥
٥١ > ١٥

٤ ٩٨ ٦٨
٩٨ گەورەترە لە ٦٨
٩٨ > ٦٨

ژمارە بچووکەکە دەور دەدەم .ژمارەکان لە شوێنی گونجاو دەنووسم.

٥ ٣٥ ٣٧
٣٥ بچووکترە لە ٣٧
٣٥ < ٣٧

٦ ٥٤ ٤٥
٤٥ بچووکترە لە ٥٤
٤٥ < ٥٤

پرسیارێک شیکار دەکەم.

٧ ژمارەکان لە ٥٠ زیاتر دەور دەدەم

١٤ ٨٣ ٩٤ ٤٤ ٦٢ ٧٠

چالاکی ماڵەوە • دوو ژمارە بدە منداڵەکەت لە ١٠٠ کەمتر بێ. داوای لێبکە دوو ژمارە بنووسی وهێمای > لە نێوانیان دابنێ.

١١٦

داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ئەو راهێنانە بکەن کە لە لاپەڕە ١١٦دا هاتووە.

Star Group

ئاگاداریە... هەندێك لە قوتابیان هەڵە دەکەن لە بەراوردکردن کاتێك شەش پاڵووەکان و شریتەکانی دەیی بەکارناهێنن. لەگەڵیان بگەڕێوە بۆ شیکارکردنی ژمارەکە بۆ یەکان ودەیان وە دڵنیابە لەوەی کە لەم بابەتە تێگەیشتوونە.

قوتابیان ئاگادار بکەوە کەوا دەتوانن شەش پاڵووەکان و شریتی دە بەکاربهێنن بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکان.

چالاکییەکانی لاپەڕەی ١١٦ رێگە خۆش دەکات بەرامبەر قوتابی بۆ بەراوردکردنی ژمارەکان.

پرسیارێك شیکار دەکەم • واتای ژمارە.

بۆ قوتابیان روونکەوە چی داواکراوە لێیان.

چاودێری کاری قوتابیان بکە.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆ و نووسین لەم دوو

ژمارانە کامدیان گەورەترە ٣٦ یان ٦٣؟ ٦٣

همموو وەڵامە راستەکان پەسند دەکەم.



راهێنان ٨-١

قوتابخانە........ ناوی قوتابی .... پۆل: یەکەم هۆبەی .... بەروار / /

گەورەترەلە، بچووکترەلە وانەی ٨-١

ژمارە گەورەکە دەوردەدەم
ژمارە بچووکەکان لە شوێنی گونجاو دەنووسم

١ ٦٠ ١٦
٦٠ گەورەترە لە ١٦
٦٠ > ١٦

٢ ٣٧ ٧٣
٧٣ گەورەترە لە ٣٧
٧٣ > ٣٧

٣ ١٩ ٩١
٩١ گەورەترە لە ١٩
٩١ > ١٩

٤ ٩٣ ٣٦
٩٣ گەورەترە لە ٣٦
٩٣ > ٣٦

ژمارە بچووکەکە دەوردەدەم. ژمارەکان لە شوێنی گونجاو دەنووسم.

٥ ٥٦ ٦٥
٥٦ بچووکترە لە ٦٥
٥٦ < ٦٥

٦ ٤٤ ٤٥
٤٤ بچووکترە لە ٤٥
٤٤ < ٤٥

٧ ٦١ ١٩
١٩ بچووکترە لە ٦١
١٩ < ٦١

٨ ١٣ ٣١
١٣ بچووکترە لە ٣١
١٣ < ٣١

پێداچوونەوە

شیکاردەکەم.

٩ ١٠ - ٨ = ٢ ١٠ ١٠ - ٧ = ٣ ١١ ١٠ - ٩ = ١

١٢ ٦ + ٣ = ٩ ١٣ ٧ + ٢ = ٩ ١٤ ٧ + ٣ = ١٠

راهێنان ل ٩٢

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە راهێنانەکانی (١، ٣، ٥، ٧) لە ماڵەوە شیکار بکەن کە لە وانەی (٨-١) هاتووە لە کتێبی راهێنان.
- قوتابییان هانبدە بۆ ئەوەی لە ماڵەوە راهێنانەکانی برگەی پێداچوونەوە شیکار بکەن کە لە هەمان وانە هاتووە لە کتێبی راهێنان.
- بۆ قوتابییان روونبکەوە کە ئەم راهێنانە دابینکردنی پێداچوونەوەیە بۆ کارامەییەکانی پێشوو.

تاقیکردنەوەی وانەکە

وەڵامی دروست هەڵبژێرە.

أ ٥٣ گەورەترە لە ٦٣
ب ٥٣ بچووکترە لە ٤٠
[✓ ج] ٥٣ گەورەترە لە ٥١
د ٥٣ < ٤٧

وانەی ٢ پێش، پاش، نێوان

پلانی وانەکە

ئامانج : ئەو ژمارەیەی کە ڕاستەوخۆ دێت لە پێش یان لە پاش یان لە نێوان دوو ژمارەدا دیاردەکات.

زاراوەکان : پێش، پاش، نێوان

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- شیکارکردنی پرسیارەکان
- ڕێنوێنی و سەلماندن
- گەیاندن

ڕۆژانە

سامان درێژترە لە شایان ، ڕامان کورتترە لە سامان. کێ درێژترە لە هەموویان؟ سامان

پێشینەی بیرکاری

بینینی ژمارەکان یەك لەدوای یەك لەسەر هێڵی ژمارەکان بیری گەورەترە و بچووکترە لە هزری قوتابیان دەچەسپێنێ. هەروەها بەشداری دەکات لە زانینی قوتابی بۆ کرداری بەراوردکردن و لەبەر کردنی هەندێك لە ڕاستییەکان کە دەبێتە سەرچاوە لەم بوارەدا.

هەڵدانی قوتابی بۆدیارکردنی ژمارەیەك کە ڕاستەخۆ دێت لەپێش یان پاش هەر ژمارەیەك، چالاکییەکی هزری پێشکەوتوو لەلای ئەو قوتابیە دەورژێنێ کە تێپەڕ دەبێت بەسەر کرداری بەراورکردندا و شێوەیەکی زۆر و باشتر و تەواوتر دروست دەکات لە ژمارەکە، دروستکردنی پەیەیوەندییەکانی بە شێوازێکی ڕووتەنی« مجرد» و ژیربێژی لە هزری قوتابیەکەدا.

چالاکی

کۆمەڵە بچووکەکان
هەستی - جووڵەیی

لەسەر هێڵی ژمارەکان

ئامانج: هێلا ژمارەیی بەکاردەهێنێت بۆ دۆزینەوەی ژمارە دەکەوێتە پێش هەر ژمارەیەك ڕاستەوخۆ یان لە دواوەیەوە ڕاستەوخۆ.

کەرستەکان: بۆ مامۆستا هێڵی ژمارەکان بە گەورەیی.

- داوا لە یەکێ لە قوتابیان بکە لەبەردەم تەختەکە نزیك هێڵی ژمارەکان ڕاوەستێت وە پەنجە دابنێت لەسەر ژمارەیەك (١٤ کە تۆ هەڵیدەبژێری). داوا لە قوتابیان بکە ناوی ئەو ژمارە بڵێن کە دەکەوێتە پێش ١٤ ڕاستەوخۆ. ١٣. پاشان داوا لە قوتابیەکە بکە ناوی ئەو ژمارەیە بڵێت کەڕاستەوخۆ دەکەوێتە دوای ژمارە ١٤. ١٥.
- دوو ژمارە هەڵبژێرە وەك ١٧و ١٩. داوا لە قوتابیەك بکە ئەو ژمارەیەی دەکەوێتە نێوانیان دیابکات. ١٨. دەتوانی ئەم چالاکییە دووبارە بکەیتەوە.



ڕێکخستنی وانەی ٢

Star Group

ئامانج: ئەو ژمارەیەی ڕاستەوخۆ لە پێش ژمارە یەك یان لە دوایەوە یان لە نێوان دوو ژمارە دێت دیار دەکات.

پرسیاری ئەمڕۆ

ژمارەیەك دەکەوێتە نێوان ٧٠ و ٩٠ ئەو ژمارەیە گەورەترە لە ٨٠، ڕەنووسی یەکانی ٨. ئەو ژمارەیە کامەیە؟ ٨٨

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٤ + ٦ = ١٠

٢ ١٠ − ٦ = ٤

٣ ٦ + ٤ = ١٠

٤ ١٠ − ٤ = ٦

بۆچی ئەو بابەتە فێردەبین؟ ڕیزکردنی ژمارەکان یارمەتی دەدات بۆ تێگەیشتن لە بەهای ئەو ژمارانە. دەتوانیت دەست بە وانەکە بکەی بە جێبەجێکردنی ئەم چالاکیانەی دێن:

- داوا لە قوتابیان بکە با ژمارە ٤٦ بنوێنن بە بەکارهێنانی شەش پاڵووەکان و شەریتەکانی دەی.
- یەك شەش پاڵوو لابدە لە یەکانەکان.
- **بپرسە ئەو ژمارەیە نوێیەی بەدەستمان هێنا چییە؟** ٤٥
- ٤٥ لەسەر تەختە بنووسە، وە هەروەها لەسەر شێوەی یەکان و دەیانیش بینووسە.
- ڕوونبکەوە کەوا چۆن ٤٥ بە ١ کەمترە لە ٤٦.
- لەگەڵ قوتابیان بگەڕێوە بۆ هێڵی ژمارەکان وە هەردوو ژمارەی ٤٥ و ٤٦ لەسەر هێڵەکە بنوێنە.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- لە قوتابیان بگەڕێ با بیر لە نموونەکەی بەشی سەرەوەی لاپەڕە ١١٧ بکەنەوە، داوایان لێبکە با پەنجەکانیان لەسەر ژمارە ٣٦ دابنێن.
- بپرسە ئەو ژمارەیە کامەیە کە ڕاستەوخۆ لە پێش ٣٦ دێت؟ ٣٥
- بپرسە ئەو ژمارەیە کامەیە کە ڕاستەوخۆ لە دوای ٣٦ دێت؟ ٣٧
- بپرسە ئەو ژمارەیە کامەیە کە دەکەوێتە نێوان ٣٥ و ٣٧؟ ٣٦



وانەی

پێش، پاش ، نێوان

٤٠ ٣٩ ٣٨ ٣٧ ٣٦ ٣٥ ٣٤ ٣٣ ٣٢ ٣١ ٣٠

ژمارە ٣٥ ڕاستەوخۆ دەکەوێتە پێش ژمارە ٣٦.
ژمارە ٣٦ دەکەوێتە نێوان ژمارە ٣٥ و ٣٧.
ژمارە ٣٧ ڕاستەوخۆ دەکەوێتە پاش ژمارە ٣٦

ئەو ژمارەیە دەنووسم کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە پێش دوو ژمارەکە.

١ ٤٩ ٤٨ ٤٧

٢ ٦١ ٦٠ ٥٩

ئەو ژمارەیە دەنووسم کە دەکەوێتە نێوان دوو ژمارەکە.

٣ ٩٠ ٨٩ ٨٨

٤ ٦٨ ٦٧ ٦٦

ئەو ژمارەیە دەنووسم کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە پاش دوو ژمارەکە.

٥ ٧٤ ٧٣ ٧٢

٦ ٩٩ ٩٨ ٩٧

باسبکە ■ ڕێنوێنی

چۆن ئەو ژمارەیە دەنووسی کە ڕاستە و خۆ دەکەوێتە دوای ژمارە ٩٠؟
باسی بکە چۆن ئەوەت زانی؟ ٩١

١١٧

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باس بکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە، وەڵام: ٩١، ژمارە ٩١ ڕاستەوخۆ لە دوای ٩٠ دێت، یەك بۆ ٩٠ زیاد دەکەم.

ڕێنمایی... دوای ئەوەی قوتابیان توانیان بەراورد لە نێوان دوو ژمارە بکەن و ژمارە گەورەکە یان ژمارە بچووکەکە دیار بکەن، لە دواییدا لەم وانەیە دەتوانن کارامەیی بەراوردکردن بۆ ڕیزکردنی ژمارەکان جێبەجێ بکەن، هەندێ لە قوتابیان بەشێوەیەکی ڕەمەکی ژمارەکان دەژمێرن (١، ٢، ٣ ...) بەبێ ئەوەی چۆنیەتی یەك لە دوای یەکی ژمارەکان بزانن. زانینی وشەکانی (پێش) و (نێوان) و (لە دوای) یارمەتیان دەدات لەسەر تێگەیشتن و ناسینی شوێنی ڕاستەقینەی ژمارەکان. وە هەروەها فێربوونی ئەم وشانە گرنگیەکی تایبەتی هەیە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، ئاگاداری قوتابیان بکەوە لە گرنگی هێلی ژمارەکان وە ئاگاداریان بکەوە کەوا پێویستە شوێنی ژمارەکان لەسەر هێڵەکە بە باشی بناسن و تێبگەن.

داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ئەو ڕاهێنانانە بکەن کە لە لاپەڕەی ١١٨ دا هاتووە

ڕاهێنانەکانی ئەم لاپەڕەیە یارمەتی قوتابیان دەدات لەسەر ناسینی ژمارەکان لەمیانەی شوێنەکانیان بەپێی ژمارەکانی تر.

فێرکردنی نموونەیی

ئاستی ئاسای: یارمەتی ئەو قوتابیانە بدە کە ڕووبەڕووی کێشە دەبن و ئاگاداریان بکەوە کەوا دەتوانن ژماردن بەکاربهێن بۆ دۆزینەوەی وەڵامەکان.

ئاستی پێشکەوتوو: قوتابیانی ئەم ئاستە هانبدە کە زیاتر لە ژمارەیەك بدۆزنەوە پێش ئەو ژمارەی پێی دراوە و زیاتر لە ژمارەیەك لە دوایدا بدۆزنەوە. بەبیریان بهێنەوە کە ڕاستەوخۆ لەپێش یان ڕاستەوخۆ لەپاش تەنها بە واتای یەك ژمارە دێت.

پرسیارێك شیکار دەکەم • بیر کردن بە دیتن

قوتابیان گەشە پێدەدات لەمیانەی زانین یان ناسینی ئەو ژمارانەی نووسراوە و نووسینی ژمارە نادیارەکان.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆ و نووسین ژمارەیەك لەسەر تەختەکە بنووسە. **داوا لە قوتابیان بکە ئەو ژمارەیە بنووسن کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە پێش یان پاشی ژمارەکە.**

تاقیکردنەوەی وانەکە

ئەو ژمارەیە کامەیە کە دەکەوێتە نێوان ١٩ و ٢١

أ ٢٢ ب ٢٣ [✓ ج ٢٠] د ١٨



ڕاهێنان دەکەم

ئەو ژمارەیە دەنووسم کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە نێوان دوو ژمارەکە.

١ ٨٨ ٨٩ ٩٠

٢ ١١ ١٢ ١٣

٣ ٣٩ ٤٠ ٤١

٤ ٥٤ ٥٥ ٥٦

ئەو ژمارەیە دەنووسم کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە پێش یان پاشی ژمارەکە.

٥ ٣٠ ٣١

٦ ٤٤ ٤٥

٧ ١٩ ٢٠

پرسیارێك شیکار دەکەم ■ **بیرکردنەوە بەدیتن**

٨ ژمارە نادیارەکان دەنووسم.

٢٠ ٢١ ٢٢ ٢٣ ٢٤ ٢٥ ٢٦ ٢٧ ٢٨

چالاکی ماڵەوە • ژمارەیەکی دوو ڕەنووسی هەلبژێرە، داوا لە منداڵەکەت بکە ئەو ژمارەیەت بداتێ کەڕاستەوخۆ دەکەوێتە پاش ژمارەکە وئەو ژمارەیەش کە دەکەوێتە پێشی، داوای لێبکە وشەی (نێوان) بەکاربهێنێ بۆ ڕیزکردنی سێ ژمارەکە.

١١٨



ڕاهێنان ٨-٢

قوتابخانە.........ناوی قوتابی.........پۆل: یەکەم هۆبەی......بەروار / /

پێش، پاش، نێوان ◄ وانەی ٨-٢

ئەو ژمارەیە کە دەکەوێتە نێوان ئەم دوو ژمارەیە دەنووسم.

١ ١٦ ١٧ ١٨

٢ ٥٤ ٥٥ ٥٦

٣ ٧٥ ٧٦ ٧٧

٤ ٨٩ ٩٠ ٩١

ئەو ژمارەیەی کە ڕاستەوخۆ پاش یان پێش ئەم ژمارانە دێن دەنووسم.

٥ ١٧ ١٨ ١٩

٦ ٣٧ ٣٨ ٣٩

٧ ٢٩ ٣٠ ٣١

٨ ٤٥ ٤٦ ٤٧

◄ **پێداچوونەوە**

شیکاردەکەم.

٩ ٥ + ١ = ٦ ١٠ ٨ + ٢ = ١٠ ١١ ٧ + ٣ = ١٠

١٢ ١٠ - ٣ = ٧ ١٣ ١٠ - ٢ = ٨ ١٤ ١٠ - ١ = ٩

١٥ ٣ + ٣ = ٦ ١٦ ٤ + ٤ = ٨ ١٧ ٥ + ٥ = ١٠

ل ٤٤ ڕاهێنان

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە ڕاهێنانەکانی (١، ٢، ٥، ٦) لە ماڵەوە شیکار بکەن کە لە وانەی (٨-٢) هاتووە. لە کتێبی قوتابی
- قوتابیان هانبدە بۆ ئەوەی لە ماڵەوە ڕاهێنانەکانی برگەی پێداچوونەوە شیکار بکەن کە لە هەمان وانە هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان.
- بۆ قوتابیان ڕوونبکەوە کە ئەم ڕاهێنانە دابینکردنی پێداچوونەوەیە بۆ کارامەییەکانی پێشوو.

ئاگاداریە... ئەگەر بینیت کەوا هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە شیکارکردنی پرسیارەکان، دڵنیابە لەوەی کەوا لەم وشانە تێگەیشتوون: پێش و پاش (دواوە) و نێوان، لێیان بگەڕێ با هێڵی ژمارەکان بکێشن، وە هەندێ لە ژمارە یەك لە دوای یەکەکان لەسەر هێڵەکە دیار بکەن بێ ئەوەی هاوکاریان بکەی. لە دوای ئەمە گفتوگۆیان لەسەر واتای وشەکانی سەرەوە لەگەڵ بکە، بەهۆی ئەو ژمارانەی کە نووسیبوویان.

Star Group

وانەی ٣

یەك یان دە

پلانی وانەکە

ئامانج : ئەو ژمارەی کەمترە لە ژمارەیەکی تر بەیەك یان بەدە دیار دەکات یان ئەو ژمارەی زیاترە بەیەك یان دە دیاردەکات.

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان	- گەیاندن
- شیکارکردنی پرسیاکان	- نواندن
- ڕێنوێنی و سەلماندن	

ڕۆژانە

ناوی ئەو مانگە بڵێ کە لە پێش و لە پاش مانگی ئادارەوە دێت؟

لەگەڵ قوتابیان بدوێ و هەڵەکان ڕاست بکەوە.

دەوڵەمەندکردن

قوتابیەکان واتای زۆرتر و کەمتر هەست پێدەکەن بەشێوەی خۆرسك « فطري» وە ئەم هەست کردنە گەشە دەکات کاتێ دەست دەکەن بەکرداری ژماردن، ئەم وانەیە قوتابیان ئاراستە دەکات بۆ یەکان و دەیان.

گواستنەوەی بیرۆکەی زۆرتر و کەمتر لە خانەی یەکان بۆ دەیان ئامانجی بەکارهێنانی کرداری بەراوردکردنە بۆ پێشکەشکردنی بیرۆکەی بەهای خانەیی لەمیانەی جەختکردن لە بەهای دە. و هەروەها چاودێری گۆڕان لە بەهای ژمارەکە کاتێ ڕەنووسی یەکان یان دەیان دەگۆڕێت.

چالاکی

کەمتر بە یەك، زۆرتر بە یەك

تاکی

هەستی - جوولەیی

ئامانج: ژمارەیەك دەنوێنێ و ژمارەکە کەمتر بە یەك و زۆرتر بە یەك دیاردەکات.

کەرەستەکان: بۆ هەر قوتابیەك بژمێری دەیی و تەختەی کار.

- ژمارەیەك لە دوو ڕەنووس پێکهاتبێ لەسەر تەختە بنووسە بۆ نموونە ٢٤ . داوا لە قوتابیان بکە بە بەکارهێنانی شەش پالووکان لەسەر ئەو تەختانەی کار کە هەیانە ئەو ژمارە بنوێنن. داوایان لێبکە ئەو ژمارەیەی کەمترە بە یەك لە ٢٤ ڕوونبکەنەوە پاشان ئەو ژمارەی زیاتر بە یەك لە ٢٤ .
- بواریان پێبدە بۆ گفتوگۆ لە پۆلەکەدا. یەکێك لە قوتابیەکان ژمارەیەك دەڵێت ئەوانی تر هەوڵدەدەن ئەو ژمارەی کەمتر یان زیاتر بە یەك بڵێن.



ڕێکخستنی وانەی ٣

پرسیاری ئەمڕۆ

تەمەنی ئاکۆ ٦ ساڵە مامۆستا پرسیاری لێ کرد پاش یەك ساڵ تەمەنت دەبێتە چەند؟ ئاکۆ نووسی ١٦ ساڵ هەڵەی ئاکۆ ڕوونبکەوە و وەڵامە ڕاستەکە بنووسە. ٧

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٣ + ٦ = ٩
٢ ٦ + ٣ = ٩
٣ ١٠ − ٣ = ٧
٤ ١٠ − ٧ = ٣

بۆچی ئەو بابەتە فێردەبین؟ ئەگەر قوتابی زانی چۆن ١ یان ١٠ زیاد یان کەم دەکات. بە باشی فێری ژمارەکان دەبێت و هەردوو کرداری کۆکردن و لێدەرکردن جێبەجێ دەکات.

لەگەڵ قوتابیان بگەڕێوە بۆ ناساندنی وشەکانی: پێش و پاش (دواوە) و نێوان.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- داوا لە قوتابیان بکە با هەردوو ژمارەی ٥٢ و ٥٣ لەسەر تەختەکانی کار بنوێنن.
- بپرسە ئایا ٥٢ بە یەك کەمترە یان بە یەك زیاترە لە ٥٣؟ بە یەك کەمترە.
- داوا لە قوتابیان بکە با ژمارەکانی ٣٣ و ٤٣ و ٥٣ بنوێنن.
- **بپرسە بەچی ئەم ژمارانە لە یەکتر جیاوازن؟** بە دەیان، ژمارە دەیانیان جیاوازە.
- **ژمارەی ٥٣ چەندی زیاترە لە ژمارە ٤٣؟** ١ دەیی، بە ١٠ زیاترە.
- **ژمارە ٣٣ چەندی کەمترە لە ژمارە ٤٣؟** ١ دەیی، بە ١٠ کەمترە.
- داوا لە قوتابیان بکە با چالاکیەکانی ١ – ٤ جێبەجێ بکەن.



وانەی ٣

یەك یان دە

٥٢ یەکی کەمترە لە ٥٣

٥٤ یەکی زیاترە لە ٥٣

یەکان
دەیان
٥٢
یەکان
دەیان
٥٣
یەکان
دەیان
٥٤

٣٣، دەی کەمترە لە ٤٣

٥٣، دەی زیاترە لە ٤٣

یەکان
دەیان
٣٣
یەکان
دەیان
٤٣
یەکان
دەیان
٥٣

ژمارە نادیارەکان دەنووسم.

	یەکی کەمترە		یەکی زیاترە
١	٤٦	٤٧	٤٨
٢	٩٧	٩٨	٩٩
٣	٣١	٣٢	٣٣
٤	١٩	٢٠	٢١

	دەی کەمترە		دەی زیاترە
٥	٢٩	٣٩	٤٩
٦	٣٠	٤٠	٥٠
٧	٣١	٤١	٥١
٨	٣٢	٤٢	٥٢

باسبکە ■ ڕێنوێنی

کام ژمارە، یەکی زیاترە لە ٩٨؟
کام ژمارە، دەی کەمترە لە ١٠؟

١١٩

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باس بکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە.

وەڵام: ٩٩، سفر

ئاگاداربە... هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە چالاکی ژمارە نادیارەکان لە چالاکی ١ بۆ نموونە، پێیان ڕابگەیەنە کە ٤٧ دەکەوێتە نێوان ٤٦ و ٤٨، وە ٤٦ دەکەوێتە پێش ٤٧ بەڵام ٤٨ دەکەوێتە دوای ٤٧.
لە بابەتی بە دە پتر و بە دە کەمتر دەتوانیت پشت بە نواندن و هێڵی ژمارەکان ببەستی.



ڕاهێنان دەکەم

ژمارە نادیارەکان دەنووسم.

	یەکی کەمترە		یەکی زیاترە
١	٦١	٦٢	٦٣
٢	٤٠	٤١	٤٢
٣	٣٥	٣٦	٣٧
٤	١٤	١٥	١٦
٥	٨٧	٨٨	٨٩
٦	٢٢	٢٣	٢٤
٧	٨١	٨٢	٨٣
٨	٦١	٦٢	٦٣

	دەی کەمترە		دەی زیاترە
٩	١٧	٢٧	٣٧
١٠	٤٣	٥٣	٦٣
١١	٧٩	٨٩	٩٩
١٢	٢٥	٣٥	٤٥
١٣	٥١	٦١	٧١
١٤	٤٠	٥٠	٦٠
١٥	٦٧	٧٧	٨٧
١٦	٢	١٢	٢٢

پرسیارێك شیكار دەكەم ■ **ڕێنوێنی**

ژمارەی ئەو سەدەفانەی کە هەر کوڕێك هەڵیدەگری دەنووسم.

١٧ سەرمەد ١٠ سەدەف پتر لە مازن هەڵدەگرێ.
یوسف ١٠ سەدەف کەمتر لە مازن هەڵدەگرێ.
مازن یەك سەدەف پتر لە ٤٣ هەڵدەگرێ.

یوسف	مازن	سەرمەد
٣٤	٤٤	٥٤

چالاكی ماڵەوە • ژمارەیەکی دوو ڕەنووسی بدە بە منداڵەکەت، پاشان داوای لێبکە ژمارەیەکی کەت بداتێ دەی زیاتربێ وەژمارەیەکی دی یەکی کەمتربێت.

١٢٠

Star Group

داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لە لاپەڕە ١٢٠دا هاتووە

ڕاهێنانەکانی لاپەڕەی ١٢٠ ڕێگە خۆش دەکات لە بەردەمی قوتابیاندا بۆ دیارکردنی ژمارەکانی کەمتر بە یەك یان بە دە لە هەر ژمارەیەك یان ژمارەکانی زیاتر بە یەك یان بە دە لە هەر ژمارەیەك.

ئاگاداربە... هەڵەی باو هەندێ لە قوتابیان لەکاتی شیکارکردنی ڕاهێنانەکانی ٩ تا ١٦ هەڵە دەکەن لەجیاتی ئەوەی دەیان بگۆڕن هەڵدەستن بە گۆڕینی یەکان، بۆ ئەوەی یارمەتیان بدەی لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە داوایان لێبکە با ژمارەکان بە بەکارهێنانی بژمێری دەیی بنوێنن پاشان شریتێکی دەیی کەم بکەنەوە یان زیاد بکەن بۆ دۆزینەوەی ژمارەی کەمتر یان پتر بە دە لە ژمارەکە، لێیان بپرسە: ئایا ژمارەی یەکانی ژمارەکە گۆڕانکاری بەسەرهات.

پرسیارێك شیكار دەكەم • ڕێنوێنی دڵنیابە لە تێگەیشتنی قوتابیان لە پرسیارەکە. ئەگەر زانیت قوتابییەکان کێشەیان هەیە ئاراستەیان بکە بۆ شیکارکردنی پرسیارەکە بە دەستپێکردن لە ڕستەی سێیەم بۆ ئەوەی بیدۆزنەوە کە مازن چەندی هەڵگرتووە. ٤٤. وەڵامەکە لەسەر ناوی مازن بنووسن پاشان چالاکییەکە تەواو بکەن.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆ و نووسین ڕوونبکەوە چۆن ئەو ژمارە کە ١٠ زیاترە لە ١٥ دەدۆزیتەوە؟ لە ژمارەی ١٥ دەستپێدەکەم بەرەو پێش ١٠ دەژمێرم یان بە دە دەژمێرم.

تاقیکردنەوەی وانەکە

کام ژمارە لەم ژمارانە بە یەك کەمترە لە ٣٠

[✓ أ] ٢٩   ب ٣١   ج ٣٩   د ٢١

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە ڕاهێنانەکانی (٢، ٣، ٥، ٧، ٩، ١٢، ١٤، ١٨) لە ماڵەوە شیکار بکەن کە لە وانەی (٨–٣) هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان.
- قوتابییان هانبدە بۆ ئەوەی لە ماڵەوە ڕاهێنانەکانی بڕگەی پێداچوونەوە شیکار بکەن کە لە هەمان وانە هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان.
- بۆ قوتابییان ڕوونبکەوە کە ئەم ڕاهێنانە دابین کردنی پێداچوونەوەیە بۆ کارامەییەکانی پێشوو.



ڕاهێنان ٨–٣

قوتابخانە.........ناوی قوتابی.........پۆل یەکەم هۆبەی.......بەروار / /

یەك یان دە

وانەی ٨–٣

خشتەکە تەواو دەکەم.

	یەك کەمتر		یەك زیاتر
١	٤٤	٤٥	٤٦
٣	٥٩	٦٠	٦١
٥	٨٦	٨٧	٨٨
٧	٢٢	٢٣	٢٤
٩	٥٨	٥٩	٦٠
١١	١٠	١١	١٢
١٣	٣٥	٣٦	٣٧
١٥	٩٧	٩٨	٩٩
١٧	٦٩	٧٠	٧١

	دە کەمتر		دە زیاتر
٢	٦	١٦	٢٦
٤	٧٤	٨٤	٩٤
٦	٤٦	٥٦	٦٦
٨	٣١	٤١	٥١
١٠	٣٩	٤٩	٥٩
١٢	٦٥	٧٥	٨٥
١٤	٧٧	٨٧	٩٧
١٦	١٣	٢٣	٣٣
١٨	٣٠	٤٠	٥٠

پێداچوونەوە

ئەو ژمارەیە کە یەکێ کەمترە لەویتر دەوردەدەم.

١٩ ١٩ [✓ ١٨] | [✓ ٤٥] ٤٦ | ٨٨ [✓ ٨٧]
٢٠ [✓ ٢٨] ٢٩ | [✓ ١٥] ١٦ | ٥٨ [✓ ٥٧]

ئەو ژمارەیە کە دەی کەمترە لەویتر دەوردەدەم.

٢١ [✓ ٧٧] ٨٧ | [✓ ٥] ١٥ | [✓ ٢٩] ٣٩
٢٢ [✓ ١٤] ٢٤ | ٦٠ [✓ ٥٠] | [✓ ٦٤] ٧٤

ڕاهێنان ل ٥٥

وانەی ٤

ڕیزدەکەم: یەکەم ، دووەم ، سێیەم

پلانی وانەکە

ئامانج: ژمارەی ڕیزکراو تا دەیەم دەناسێ.

زاراوەکان: شێواز

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- شیکاری پرسیارەکان
- ڕێنوێنی وسەلماندن
- گەیاندن
- بەستنەوە

ڕۆژانە

لە ناوەڕاستی تەختەکەدا ناوی ڕۆژەکە بنووسە. پرسیاربکە. دوێنێ چ ڕۆژێك بوو؟ ناوی ڕۆژەکە لەلای ڕاستی ناوی ڕۆژەکە بنووسە. پرسارکە سبەینێ چ ڕۆژێکە؟ ناوی ڕۆژەکە لەلای چەپی ناوی ڕۆژەکە بنووسە.

لەگەڵ قوتابیان بدوێ و هەڵەکان ڕاست بکەوە.

دەوڵەمەندکردن

چەمکی ژمارەی ڕیزکراو لەلای قوتابی گرانییەکی کەم پێك دێنێت ئەوە ئاستێکی رووت (تجريد) و بەهێز لەخۆ دەگرێت هەرچەند قوتابی بنچینەیەکی هزری کەمی هەیە بۆ وەرگرتنی ئەم چەمکە. لێرەدا پێویستە کاربکرێت بۆ دروست کردنی ئەم بنچینەیە بەپێی تاقیکردنەوە بە بەکارهێنانی هەستپێکراوەکان. خۆش بەختانە دارشتنی زارەکی ناوەکان بۆ ژمارە ریزکراوەکان (یەکەم ، دووەم ، سێیەم) یارمەتی قوتابی دەدات بۆ لە بەرکردنی ئەم ناوانە چونکە پەیوەندیەکی ژیربێژی و ئاشکرای هەیە بە ژمارەی هێندی (یەك، دوو ، سێ).

چالاکی

کۆمەڵە بچووکەکان

هەستی - جوولەیی

نواندنی ژمارە ڕیزکراوەکان

ئامانج: ژمارەی ڕیزکراو بەکاردەهێنرێ بۆ نیشان دانی شوێنەکەی.

کەرەستەکان: بۆ هەر کۆمەڵەکێ ١٠ تشتێت بچیك.

- داوا لە چەند قوتابیەك بکە بە ڕیزێك بووەستن لەبەردەم هۆڵەکەدا. پرسیارکە کێ یەکەم قوتابی یە ڕاوەستاوە؟ کێ پاش نالی ڕاوەستاوە، کێ چوارەمە؟ داوا لە هەر کۆمەڵەیەك بکە شتە بچووکەکانیان لەسەر یەك هێل دابنێن بەرێز داوا لە قوتابییەك بکە لە هەر کۆمەڵەیەك دا ژمارەیەکی بەریز هەڵبژێرێ وەك (چوارەم یان حەوتەم).
- لەسەر قوتابیانی تر لەکۆمەڵەکەدا پێویستە ئەو شتەی گونجاوە لەگەڵ ژمارەی ڕیزکراوەکان نیشان بدات. ئاڵوگۆری قوتابیان بکە لە کاتی دووبارەکردنەوەی تاقی کردنەوەکە.

ڕێکخستنی وانەی ٤

ئامانج: ژمارە ریزکراوەکان تا ١٠ دەناسێت.

پرسیاری ئەمڕۆ

من قوتابی شەشەمم لە ڕیزدا. چەند قوتابی لە پێش من ڕاوەستاینە؟ ٥

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

بۆشاییەکان پڕبکەوە

١ چ ژمارەیە کە پێشی ٩؟ ٨

٢ چ ژمارەیە کە پاش ١٥؟ ١٦

٣ چ ژمارەیە کە لە نێوان ٢٣ و ٢٥؟ ٢٤

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟ ژمارە ریزکراوەکان یارمەتی قوتابی دەدات بۆ شیکارکردنی زۆر لە پرسیاری ڕۆژانە کە دەکەوێتە بەردەمی. نموونە لە دەرگای سێیەم دەچمە ژوورەوە، دەچمە نهۆمی دووەم، لەسەر کورسی سێیەم دادەنیشم.

دەتوانیت دەست بە وانەکە بکەی بە جێبەجێکردنی ئەم چالاکیانەی دێن:

- داوا لە قوتابیان بکە با بۆت باس بکەن چی دەکەن کاتێك لە خەو هەڵدەستن یان کاتێك خۆیان ئامادە دەکەن بۆچوون بۆ قوتابخانە لێیان بگەڕێ با ئەم وشانە بەکاربێنن: یەکەمجار، دووەمجار، سێیەم جار. وەڵام چاوەڕوانکراو: یەکەمجار: دەست و دەم و چاو دەشۆم. دووەم جار: جلەکانم لەبەر دەکەم. سێیەم جار: خواردن دەخۆم. چوارەم جار: دەڕۆم بۆ قوتابخانە.
- داوا لە ١٠ قوتابی بکە لە پێش ژووری پۆل بوەستن. بپرسە: کێ یەکەم کەسی لای دەرگاکەیە؟
- لە هەموو قوتابیەکان بگەڕێ با هەریەکە شوێنی خۆی لە ریزەکە دیاربکات.
- ئێستا لە قوتابیان بگەڕێ با بە ئاراستەی پێچەوانە بوەستن.
- گرنگی دیارکردنی یەکەم لە ریزێکدا گفتوگۆ بکە.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- سەرنجی قوتابیان بۆ ئەو وێنەیەی بەشی سەرەوەی لاپەڕە ١٢١ ڕاکێشە.
- بۆیان ڕوونبکەوە کەوا ژمارە ریزکراوەکان شوێنی منداڵەکان دیار دەکات.



وانەی ــــــــ ریزدەکەم: یەکەم، دووەم، سێیەم

دەور دەدەم بۆ دیاریکردنی ڕیزبەندی.

١
یەکەم
دووەم سێیەم هەشتەم

٢
یەکەم
یەکەم چوارەم دەیەم

٣
یەکەم
سێیەم حەفتەم نۆیەم

٤
یەکەم
دووەم پێنجەم شەشەم

باسبکە ■ ڕێنوێنی

ئەگەر تۆ هەشتەم کەس بیت لە ریزێکدا، چەند کەس دەکەوێتە پێشت؟ ڕوونیبکەوە.

١٢١

- داوا لە قوتابیان بکە با پەنجەکانیان بخەنە سەر وێنەی منداڵی چوارەم (چاودێری کاری قوتابیان بکە)
- بپرسە: **چۆن دەزانی ئەمە منداڵی چوارەمە؟** چوار جار دەژمێرم بە دەستپێکردن لە یەکەم.
- بۆ قوتابیان ڕوونبکەوە لەو ڕاهێنانەی کە ماونەتەوە دەبێت چی بکەن.
- چاودێری کاری قوتابییان بکە.

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باس بکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە.

وەڵام: ٧ کەس لە پێشم هەیە

ئاگاداریە... سەرنجی قوتابیان بۆ ئەوە ڕاکێشە کەوا ریزکردنی شتەکان یان کەسەکان کارێکە لە ژیانیاندا هەیە وەك لە ریز وەستان پێش چوونە ژووری پۆل یان وەستانی ئۆتۆمبێلەکان یەك لە دوای یەك یان ریزکردنی دەفرەکان و ریزکردنی ئەو کەلوپەلانەی کە دایکت لەماڵەوە پێی هەڵدەستێت، یان پێدانی ئاراستەی شتەکان. بەدەستهێنانی ئەم جۆرە کارامەییە لەلایەن قوتابییان کارامەیی شیکاری پرسیارەکان لەلایان پێش دەخات.

داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لە لاپەڕە ١٢٢دا هاتووە

دوو ڕاهێنانەکەی لاپەڕەی ١٢٢ ڕێگە خۆش دەکات لە بەردەمی قوتابیان بۆ دیارکردنی ژمارە ڕیزکراوەکان.

پرسیارێك شیکار دەکەم • ڕێنوێنی

هەبوونی وێنەی شانەی هەنگ یارمەتی قوتابیان دەدات بۆ ئەوەی هەست بکەن کەوا ژمارە ڕیزکراوەکان سوودی هەیە بۆ دەستنیشانکردنی شوێنەکە. داوا لە قوتابیان بکە یەکەم هەنگ لەلای خانەی هەنگ دا نیشان بدەن.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆ و نووسین کارەکەت ڕوونبکەوە بۆ ئەوەی بزانی منداڵی هەشتەم کامەیە؟ دەست دەکەم بە ژماردن لە یەکەمەوە. ١، ٢، ٣، ... ٨.

تاقیکردنەوەی وانەکە

چوارگۆشەی پێنجەم دەور دەدەم



ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە ڕاهێنانەکانی (١، ٢، ٣) لە ماڵەوە شیکار بکەن کە لە وانەی (٨-٤) هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان.
- قوتابییان هانبدە بۆ ئەوەی لە ماڵەوە ڕاهێنانەکانی برگەی پێداچوونەوە شیکار بکەن کە لە هەمان وانە هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان.
- بۆ قوتابییان ڕوونبکەوە کە ئەم ڕاهێنانە دابین کردنی پێداچوونەوەیە بۆ کارامەییەکانی پێشوو.



ڕاهێنان دەکەم

چاودێری کاری قوتابیان بکە

١ ڕەنگیدەکەم بۆ دیاریکردنی ڕیزبەندی.

یەکەم دووەم سێیەم پێنجەم هەشتەم دەیەم

پرسیارێك شیکار دەکەم ■ ڕێنوێنی

چاودێری کاری قوتابیان بکە

٢ دووەم هەنگ کە دەکەوێتە لای خانەی هەنگەکان ڕەنگدەکەم

چوارەم هەنگ کە دەکەوێتە لای خانەی هەنگەکان ڕەنگدەکەم

چالاکی ماڵەوە • داوا لە منداڵەکەت بکە پەپوولەی چوارەمت نیشان بدات.

١٢٢

Star Group



ڕاهێنان ٨-٤

قوتابخانە..........ناوی قوتابی..........پۆل: یەکەم هۆبەی........بەروار / /

ڕیزدەکەم: یەکەم، دووەم، سێیەم وانەی ٨-٤

یەکەم دووەم سێیەم چوارەم پێنجەم شەشەم حەوتەم هەشتەم نۆیەم دەیەم

[illegible]

١ یەکەم شەشەم نۆیەم

٢ دووەم پێنجەم دەیەم

٣ سێیەم چوارەم پێنجەم

٤ حەوتەم هەشتەم نۆیەم

پێداچوونەوە

[illegible]

٥ ١٧ ○ ٧١ ٦ ٣٨ ○ ٢٩ ٧ ٤٦ ○ ٤٦

ئاگاداربە... هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە دیارکردنی شوێنی شتەکان بەهۆی شوێنی یەکەم. ئەمانە تووشی دڵەڕاوکێ دەبن بەهۆی بوونی شوێنی یەکەم جارێك لەلای ڕاست و جارێکی تر لەلای چەپ. ئاگاداریان بکەوە کەوا شوێنی یەکەم دیاردەکرێت بەپێی بارودۆخ و چۆنیەتی ڕیزکراوەکە. دەتوانیت پەپك بەکاربێنی و لەسەر شوێنی یەکەمی دابنێی وەك نیشانەیەکی دیاریکراو ئەمە یارمەتی قوتابیان دەدات لەسەر دیارکردنی شوێنی یەکەم.

وانەی ٥ شێوازەکان لەسەر تەختەی سەدی

پلانی وانە

ئامانج: دوو دوو و پێنج پێنج و دە دە دەژمێرێت بۆ تەواوکردنی شێوازی ژمارەیی لە سەر تەختەی سەدی.

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- ڕێنوێنی و سەلماندن
- جەبر
- گەیاندن (بەردەوام بوون)
- شیکارکردنی پرسیارەکان
- گرێدان (بەستنەوە)

ڕۆژانە

کاروان ژمارەیەك تۆپی دەستی هەیە. کۆی کردینەوە لە ٧ کۆمەڵە و لەهەر کۆمەڵەیەك ٥ دانە، پاشان دەستی کرد بەژماردنیان: ٥، ١٠، ژماردنەکە تەواو بکە بزانە کاروان چەند تۆپی هەیە. ٣٥

دەوڵەمەندکردن

کارکردن بە شێوازەکان لەسەر تەختەی سەدی یارمەتی قوتابی دەدات بە باشی شارەزایی پەیدابکات لە کرداری ژماردن پێویستە قوتابیان هان بدرێن بە بەردەوامی هەر کاتێك بواری هەبوو بۆ کرداری ژماردن.

گرنگ ئەوەیە قوتابی چەند شێوازی ژمارەیی بخاتە ڕوو، ئەمە تەواوکەری شێوازە ئەندازەییەکانە.

شێوازە ئەندازەییەکان قوتابی هەستیان پێدەکات بە بینین، بەڵام شێوازە ژمارەییەکان دادەمەزرێت لەسەر ڕێسای ژماردندا.

چالاکی

نواندنی شێوازە ژمارەییەکان

کۆمەڵە بچووکەکان
هەستی - جوولەیی

ئامانج: لەسەر تەختەی سەدی کرداری ژمارتن دوو دوو و پێنج پێنج و دەه دەه دەنوێنی.

کەرەستەکان: بۆ هەر کۆمەڵەکێ پارچەیێت ڕەنگ کری (٥٠) سوور (٢٠) زەرد (١٠) شین.

- داخازێ لە قوتابیێن ل هەر کۆمەڵەکێ دابکە بەشداری بکەن بۆ دانانا پارچەیێت ڕەنگ کری ل ناڤ کۆمەڵێن دەهی (١٠) پاشان پارچەکان بە دەه دەه بژمێرن بۆ ئەوەی ژمارا هەموویان بدۆزنەوە.
- داخازی لە قوتابیان بکە دەه دەه بژمێرن و دەهان داپۆشن ل سەر تەختەی سەدیی بە پارچە شینەکان پاشان پێنج پێنج و داپۆشن ب پارچێن زەرد پاشان دوو دوو و داپۆشن بە پارچە سوور.
- دگەل قوتابیان باخڤە ل سەر شێوازێن ژمارێن داپۆشی و داخازێ لێیان بکە بژمێرن دوو دوو و پێنج پێنج و دەه دەه.



ڕێکخستنی وانەی ٥

پرسیاری ئەمڕۆ

٥ قوتابی چەند پەنجەی دەستیان هەیە؟ ٥٠

چۆن دەتوانی پەنجەکان بژمێری؟ یەك یەك یان پێنج پێنج یان دە دە.

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

وێنەی ٧ شت لەسەریەك هێل بکێشە. پێنجەمیان کتێب بێت شتەکانی تری ماوە تۆپ بن. چاودێری وێنەکێشانی قوتابییان بکە.

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟

دۆزینەوەی شێوازەکان لەسەر تەختەی سەدی یارمەتی قوتابی دەدات بۆ جێبەجێکردنی کرداری ژماردن بەخێرایی.

دەتوانیت دەست بە وانەکە بکەی بە جێبەجێکردنی ئەم چالاکیانەی دێن:

- پۆلەکە بکە چەند کۆمەڵەیەك هەر کۆمەڵەیەك ١٠ شەش پاڵووی بەیەکەوە بەستراویان بدەرێ.
- داوا لە قوتابیان بکە شەش پاڵووەکان جووت جووت (دوو دوو) بەیەکەوە ببەستنەوە و دوو دوو بیانژمێرە بە بەکارهێنانی ژماردن بە بازدان، لە دوراییدا قوتابییان بەم شێوەیە دەیانژمێرن!! ٢، ٤، ٦، ٨، ١٠، ١٢، ١٤، ١٦، ١٨، ٢٠.
- بپرسە: **کامیان ئاسانترە ژماردن بە یەك یەك یان ژماردن بە دوو دوو؟ کامیان خێراترە؟** ژماردن بە دوو دوو، چونکە بە دوو دوو ئاسانترە، چونکە ژمارەی جارەکانی دوو دوو دەژمێری کەمترە لە ژمارەی جارەکانی کە یەك یەك دەژمێری.
- داوا لە قوتابییان بکە با ئەم چالاکییە بەیەکەوە بەستنەوە شەش پاڵووەکان پێنج پێنج دووبارە بکەنەوە، پاشان هەموو شەش پاڵووە بەیەکەوە بەستراوەکان پێنج پێنج بژمێرە بە بەکارهێنانی ژماردن بە بازدان.



وانەی شێوازەکان لەسەر تەختەی ژمارەکان

دە دە دەژمێرم ژمارە نادیارەکان دەنووسم.

بەکار دەهێنم بۆ ڕەنگکردنی ئەو ژمارانەی کە دەیانووسم.

١

١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩	١٠
١١	١٢	١٣	١٤	١٥	١٦	١٧	١٨	١٩	٢٠
٢١	٢٢	٢٣	٢٤	٢٥	٢٦	٢٧	٢٨	٢٩	٣٠
٣١	٣٢	٣٣	٣٤	٣٥	٣٦	٣٧	٣٨	٣٩	٤٠
٤١	٤٢	٤٣	٤٤	٤٥	٤٦	٤٧	٤٨	٤٩	٥٠
٥١	٥٢	٥٣	٥٤	٥٥	٥٦	٥٧	٥٨	٥٩	٦٠
٦١	٦٢	٦٣	٦٤	٦٥	٦٦	٦٧	٦٨	٦٩	٧٠
٧١	٧٢	٧٣	٧٤	٧٥	٧٦	٧٧	٧٨	٧٩	٨٠
٨١	٨٢	٨٣	٨٤	٨٥	٨٦	٨٧	٨٨	٨٩	٩٠
٩١	٩٢	٩٣	٩٤	٩٥	٩٦	٩٧	٩٨	٩٩	

٢ پێنج پێنج دەژمێرم

بەکاردەهێنم بۆ ڕەنگکردنی ئەو ژمارانەی دەیبێژم.

باسبکە ■ ڕێنوێنی

ئەو ژمارانە بنووسە کە لە ڕاهێنانی یەکەمدا نووسیوتە، ١٠، ٢٠،....

چۆن دەچیت لە ژمارە یەکەوە بۆ ئەو ژمارەی دوای ئەو دێت؟

- بپرسە: **ئەو شێوازەی تێبینیت کرد چی بوو کاتێك پێنج پێنج بە بازدان دەتژمارد؟** هەر ژمارەیەك گەورەترە بە ٥ لەو ژمارەی پێشی.
- بپرسە: **ئایا لێرەدا ڕێگەیەك هەیە بۆ ژماردنی پەنجەکانی قوتابییان پۆل؟** وەڵامی چاوەڕوانکراو: بەڵێ ژماردن پێنج پێنج بە بازدان.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- داوا لە قوتابیان بکە با ژمارەکانی هێلی یەکەمی وێنەکەی سەرەوە بخوێننەوە.
- بپرسە **کام ژمارە لە چوارگۆشەکەی کۆتایی ئەم هێلە دەنووسرێت؟** ١٠
- بپرسە **ئەو ژمارانەی کە لەژێر ژمارە ١٠ دەنووسرێن کامانەن؟** قوتابییان بە دە دە دەژمێرن و ژمارەکان دەنووسن.
- بە قوتابییان رابگەیەنە کەوا ئەو شێوازەی دەستکەوت پێی دەوترێت شێوازی دەیان.
- بپرسە **ئەگەر ژمارەیەك زۆرت لە شتەکان هەبوو ئایا بە بازدان دوو دوو یان پێنج پێنج یا دە دە دەیانژمێری؟** دە دە دەیانژمێرم، چونکە ئەمە خێراترە.
- بپرسە **بۆچی ژماردن بە دە دە خێراترە لە ژماردن بە دوو دوو، وە لە ژماردن بە پێنج پێنج؟** چونکە ژمارەی دانەکانی کۆمەڵەکانی کە دەیانژمێرن گەورەترن واتە (١٠) دانەن وە ژمارەی کۆمەڵەکانیان کەمترن لەکاتی ژماردن.



ڕاهێنان دەکەم

١ دوو دوو دەژمێرم ژمارە نادیارەکان دەنووسم.

بەکار دەهێنم بۆ ڕەنگکردنی ئەو ژمارانەی ناوی دەهێنم.

١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩	١٠
١١	١٢	١٣	١٤	١٥	١٦	١٧	١٨	١٩	٢٠
٢١	٢٢	٢٣	٢٤	٢٥	٢٦	٢٧	٢٨	٢٩	٣٠
٣١	٣٢	٣٣	٣٤	٣٥	٣٦	٣٧	٣٨	٣٩	٤٠
٤١	٤٢	٤٣	٤٤	٤٥	٤٦	٤٧	٤٨	٤٩	٥٠
٥١	٥٢	٥٣	٥٤	٥٥	٥٦	٥٧	٥٨	٥٩	٦٠
٦١	٦٢	٦٣	٦٤	٦٥	٦٦	٦٧	٦٨	٦٩	٧٠
٧١	٧٢	٧٣	٧٤	٧٥	٧٦	٧٧	٧٨	٧٩	٨٠
٨١	٨٢	٨٣	٨٤	٨٥	٨٦	٨٧	٨٨	٨٩	٩٠
٩١	٩٢	٩٣	٩٤	٩٥	٩٦	٩٧	٩٨	٩٩	

پرسیارێک شیکار دەکەم ■ جێبەجێکردن

شیکار دەکەم .خشتەکە تەواو دەکەم.

٢ ڕۆژانە سەعید ١٠ سەموون دەکرێت بۆ ماڵەوە .ئایا تا ڕۆژی سێشەممە چەند سەموونی کڕیوە بۆ ماڵەوە؟

٤٠ سەموون

شەممە	یەکشەممە	دووشەممە	سێشەممە
١٠	٢٠	٣٠	٤٠

چالاکی ماڵەوە • داوا لە منداڵەکەت بکە بۆت باس بکات چۆن تەختەی سەدی بەکار دەهێنێ بۆ ژماردنی پێنج پێنج.

١٢٤



ڕاهێنان ٨–٥

قوتابخانە..........ناوی قوتابی............پۆل: یەکەم هۆبەی......بەروار / /

شێوازەکان لەسەر تەختەی سەدی

◀ وانەی ٨–٥

خشتەکە بە ژمارەی گونجاو تەواودەکەم

دوو دوو دەژمێرم و ئەو ژمارانەی ناویاندەهێنم ڕەنگیاندەکەم بە سوور

دە دە دەژمێرم و ئەو ژمارانەی ناویاندەهێنم ڕەنگیاندەکەم بە شین

چەند خانەیەک دوو جار ڕەنگکراون.

١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩	١٠
١١	١٢	١٣	١٤	١٥	١٦	١٧	١٨	١٩	٢٠
٢١	٢٢	٢٣	٢٤	٢٥	٢٦	٢٧	٢٨	٢٩	٣٠
٣١	٣٢	٣٣	٣٤	٣٥	٣٦	٣٧	٣٨	٣٩	٤٠
٤١	٤٢	٤٣	٤٤	٤٥	٤٦	٤٧	٤٨	٤٩	٥٠
٥١	٥٢	٥٣	٥٤	٥٥	٥٦	٥٧	٥٨	٥٩	٦٠
٦١	٦٢	٦٣	٦٤	٦٥	٦٦	٦٧	٦٨	٦٩	٧٠
٧١	٧٢	٧٣	٧٤	٧٥	٧٦	٧٧	٧٨	٧٩	٨٠
٨١	٨٢	٨٣	٨٤	٨٥	٨٦	٨٧	٨٨	٨٩	٩٠
٩١	٩٢	٩٣	٩٤	٩٥	٩٦	٩٧	٩٨	٩٩	١٠٠

◀ پێداچوونەوە

ژمارە گەورەترەکە دەوردەدەم

١ [✓ ٢٨] ١٨ ٢ [✓ ٦٥] ٥٦ ٣ ٨٩ [✓ ٩٨]
٤ ١٦ [✓ ٦٠] ٥ [✓ ٣٢] ١٣ ٦ [✓ ٤٧] ٤٢
٧ ٢٠ [✓ ٢٢] ٨ ٢٠ [✓ ٧٦] ٩ ٢٣ [✓ ٣٢]

ڕاهێنان ل ٤٧

داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لە لاپەڕە ١٢٤دا هاتووە

دڵنیابە لە تێگەیشتنی قوتابیان ئەوەی داوایان لێکراوە لە چالاکی (١)دا.

پرسیارێك شیکار دەکەم • ڕێنوێنی

چیرۆکەکە باس دەکات کەوا سەعید ١٠ کولێرە دەکات هەموو ڕۆژێك. لێرەدا لەسەر خشتەکە کرداری ژماردن بە دەیان دەردەکەوێت. دەتوانی پەپکەکان و یان دەنکە فاسولیا بەکاربێنیت بۆ یارمەتی قوتابیان لە سەر ژماردنی کولێرەکان.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆ و نووسین ڕوونبکەوە چۆن ئەم پرسیارە شیکار دەکەیت، ٩ قوتابی لەسەر مێزێك دانیشتوون هەریەکەیان ١٠ پێنووسی پێیە، هەموو قوتابییەکان چەند پێنووسیان پێیە؟ (دە دە) دەژمێرم بۆ ئەوەی بگەمە وەڵامی دوایی ٩٠ پێنووس؟

تاقیکردنەوەی وانە

مستەفا ڕۆژانە ٥ میوە دەخوات مستەفا تا ڕۆژی چوارشەمم چەند میوە دەخوات؟

یەکشەممە	دووشەممە	سێشەممە	چوارشەممە
٥	١٠		

أ ١٥ [✓ ب] ٢٠ ج ٢٥ د ١٠

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با لە ماڵەوە شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لە وانەی (٨–٥) لە کتێبی ڕاهێنان دا هاتووە.
- قوتابییان هانبدە بۆ ئەوەی لە ماڵەوە ڕاهێنانەکانی بڕگەی پێداچوونەوە شیکار بکەن کە لە هەمان وانە هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان.
- بۆ قوتابیان ڕوونبکەوە کە ئەم ڕاهێنانە داین کردنی پێداچوونەوەیە بۆ کارامەییەکانی پێشوو.

Star Group
For Math

وانەی ٦ بە بازدان دەژمێرم

پلانی وانە

ئامانج: دوو دوو و پێنج پێنج و دە دە بە بازدان دەژمێرم.

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- ڕێنوێنی و سەلماندن
- گەیاندن (بەردەوام بوون)
- شیکاری پرسیارەکان

ڕۆژانە

لە باخچەی گیانداران. فارس ٥ شێری ژمارد ، ئارام ٥ فیلی ژمارد ، تۆش ٥ ورچت ژمارد. چەند گیاندارتان ژماردووە؟ ١٥

دەوڵەمەندکردن

ئەم وانە ئامانجی وانەی پێشوو تەواو دەکات وە تووشی ژماردن بە بازدان دەبێت ئامادەکردنی قوتابییان دەبێت بۆ وەرگرتنی چەمکی لێکدان. هەنگاونان لە ژماردن بە دوو دوو بۆ قسەکردن لەسەر بەهای ٥ دوویی یان ٥ × ٢، هەنگاوناتێکی ئاسان و سروشتییە. تا ئێستا قوتابیان هەڵدەستن بە کرداری کۆکردن بە ژماردن بە بازدان ئەم کۆکردنەوە دووبارەییە بنچینەی کرداری لێکدان پێك دەهێنێ. هەندێ قوتابی کرداری ژماردن بەبازدان جێبەجێدەکەن لەکاتی یاری کردندا و هەندێکیان پێیان خۆشە ئەم چالاکییە ئەنجام بدەن لەسەر شێوازی دەنگی گۆرانییەك یان جوڵانەوەیەکی دیاری کراو. پێویستە دەرفەت بدرێتە قوتابیان بۆ ئەم چالاکیانە و سوود وەرگرتن لێیان بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی بۆی دانراوە.

چالاکی

ژماردن بەبازدان

دوانییەکان

هەستی - جوولەیی

ئامانج: بە بەکارهێنانی شتەکان ژماردن بەبازدان دەنوێنی.

کەرەستەکان: بۆ مامۆستا ٣٠ کتێب ، بۆ هەر دوانەیەك (جوتێك) ٣ تورەگەی بچووك ، لەهەر یەکێکیان دا ژمارەیەك لە شتوومەکی بچووك (نێوان ١٠ و ١٠٠). دەکرێ کۆبکرێنەوە دە دە.

- ئەو سی کتێبە بەشێوەی کۆمەڵەی دوو کتێب لەسەر مێزەکەت دابنێ. داوا لە قوتابییەك بکە دەستی خۆی لەسەر هەر کۆمەڵەیەك دابنێ بەڵام قوتابیانی تر کتێبەکان دەژمێرن دوو دوو واتا (دەبێژن دوو، چوار، شەش تا ٣٠) ئەم کرداره دووباره بکە وە لەگەڵ کۆمەڵەکانی ٥ کتێبی و ١٠ کتێبی.
- تورەگەکان دابەشی سەر قوتابیان بکە داوا لە هەر جوتێك بکە تورەگەیەك لەم سێ تورەگانە وەرگرێت. ئەوەی تێدایە دابەشی سەر کۆمەڵەکانی لە دوو بکات پاشان دوو دوو بژمێرێت تا ژمارەی شتەکان دەدۆزێتەوە. ئەو ژمارەیە لەسەر تورەگەکە دەنووسێت پاشان هەر جووتێك کاردەکەن لەسەر تورەگەی دووەم و ژماردن پێنج پێنج بەکاردەهێنن و پاشان لەسەر تورەگەی سێیەم دە دە بەکاردەهێنن.

ڕێکخستنی وانەی ٦

پرسیاری ئەمڕۆ

ژمارەی نادیار لە هەر شێوازێك دا بنووسە

٥، ١٠، ١٥، ٢٠، ٢٥.

١٠، ٢٠، ٣٠، ٤٠.

٦٠، ٦٥، ٧٠، ٧٥.

٧٠، ٨٠، ٩٠، ١٠٠.

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

بۆشاییەکان پڕبکەوە:

١ ٢، ٤، ٦، ٨

٢ ٢٢، ٢٤، ٢٦، ٢٨

٣ ١٢، ١٤، ١٦، ١٨

٤ ٣٠، ٣٢، ٣٤، ٣٦

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟

ژماردن بە بازدان یارمەتی قوتابی دەدات بۆ ژماردنی کۆمەڵە شتێك بەشێوەیەکی خێرا.

دەتوانیت دەست بە وانەکە بکەی بە جێبەجێکردنی ئەم چالاکیانەی دێن:

- قوتابییان بکە چەند کۆمەڵەیەك و تەختەی ژمارەکان و چەند پەپکێکیان بەسەر دابەش بکە.
- بپرسە: **تێبینی چی دەکەیت دەربارەی ستوونەکانی تەختەی ژمارەکان؟** لە هەر ستوونێك لە ستوونەکانی تەختەی ژماردن هەر ژمارەیەك گەورەترە (زۆرترە) بە ١٠ لەو ژمارەی پێش خۆی.
- داوا لە چەند کۆمەڵە قوتابییەك بکە با دوو دوو بە بازدان بژمێرن و پەپك لەسەر هەر ژمارەیەك دابنێن کە ناوی دەهێنن.
- داوا لە قوتابییان بکە با ئەو ژمارانەی کە ناویان هێناوە لەسەر تەختە بنووسن وە سیفەتەکانی ئەو شێوازەی پەیڕەو کراوە گفتوگۆ بکەن. هەر ژمارەیەك زۆرترە بە ٢ لەو ژمارەیەی کە لە پێشی دێت.
- ئەم چالاکییە بە ژماردنی بە بازدان پێنج پێنج و دە دە دووبارە بکەوە.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- لە چالاکی ٢دا بە قوتابییان بڵێ کەوا لە هەر دەستێك ٥ پەنجە هەیە.
- **بپرسە چۆن بە خێرایی هەموو پەنجەکان دەژمێری؟** پێنج پێنج دەژمێرم.



وانەی ٦ بەبازدان دەژمێرم

١ بە بازدان دەژمێرم. دەست کێشەکانی دوو دوو دەژمێرم.ژمارەیان دەنووسم.

٢ ٤ ٦ ٨ ١٠

١٢ ١٤ ١٦ ١٨ ٢٠ دەست کێش

٢ بە بازدان دەژمێرم. پەنجەکان پێنج پێنج دەژمێرم.ژمارەیان دەنووسم.

٥ ١٠ ١٥ ٢٠ ٢٥ ٣٠

٣٥ ٤٠ ٤٥ ٥٠ ٥٥ ٦٠ پەنجە

٣ بە بازدان دەژمێرم، پەنجەکانی پێ دەدە دەژمێرم.ژمارەیان دەنووسم.

١٠ ٢٠ ٣٠ ٤٠ ٥٠

٦٠ ٧٠ ٨٠ ٩٠ پەنجە

باسبکە ■ ڕێنوێنی

کاتێك پێنج پێنج دەژمێری چۆن لە ژمارە یەکەوە بۆ ژمارەیەکی تر دەچیت کە لە دوایەوە دێت؟

١٢٥

- بپرسە: **لەم شێوازە تێبینی چی دەکەیت؟** هەر ژمارەیەك لەم ژمارانە بە پێنج یان بە سفر کۆتایی دێت.
- لە چالاکی ٣دا بپرسە بۆچی بە دە دە لەجیاتی پێنج پێنج دەژمێریت؟ چونکە کرداری ژماردن خێراترە.
- تێبینی چی دەکەیت لەم شێوازە؟ هەر ژمارەیەك بە سفر کۆتایی دێت.

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باس بکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە.

وەڵام: ٧ کەس لە پێشم هەیە

ڕۆشنایی پەروەردەیی

ئەم وانەیە چەمکی وانەی پێشوو لەلایەن قوتابییان بەهێز دەکات (شێوازەکان لەسەر تەختەی ژمارەکان) و وە هەروەها یارمەتیان دەدات لەسەر دۆزینەوەی ئەو سیفەتانەی کە لە ژمارەکاندا هەیە: کاتێك بە بازدان پێنج پێنج دەژمێرین هەر ژمارەیەك بە پێنج یان بە سفر کۆتایی دێت. وە لەکاتی ژماردن بە بازدانی دە دە، هەر ژمارەیەك بە سفر کۆتایی دێت، وە هەروەها ئەو وانەیە گەشە بە کارامەیی بیرکردنەوەی جەبری لەلایەن قوتابیان دەدات وە تواناکانیان لە دوارۆژدا لەسەر دۆزینەوەی شێوازەکانی ژمارەیی پێش دەخات.

داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لە لاپەڕە ١٢٦دا هاتووە

فێرکردنی نموونەیی(جیا)

ئاستی ئاسای: ئەگەر هەستت کرد قوتابیان کێشەیان هەیە ، لێیان بگەڕێ با تەختەی سەدی بەکاربهێنن لە کرداری ژماردندا.

ئاستی پێشکەوتوو: قوتابیانی ئەم ئاستەدا دەتوانن شێوازەکان تەواوبکەن دوورتر لە چوارچێوەی ڕاهێنانەکان. پرسیاریان بدەرێ لەسەر وێنەکانی لاپەڕەکە. ڕاهێنانی لاپەڕەی ١٢٦ ڕێگە خۆش دەکات لەبەردەم قوتابیاندا بۆ شیکارکردنی پرسیارەکان سەبارەت ژمارەی نادیار.

پرسیارێك شیكار دەكەم • بیر كردنەوەی بەدیتن.

بۆ قوتابیان ڕووندەکەمەوە چیان لێ داواکراوە هانیان بدە بژمێرن بە بازدان.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆ و نووسین ڕونبکەوە بۆچی ژماردن بەبازدان کرداری ژماردن ئاسان دەکات؟

وەڵامی چاوەڕوانکراو: لە ژماردن بەبازدان هەموو شتەکان ناژمێرن، کۆمەڵەکان دەژمێرێت.

تاقیکردنەوەی وانەکە

ژمارە تەواوە نادیارەکان هەڵبژێرە ٥، ١٠ ، ___ ، ___ ، ___ ، ٣٠

أ ١٥، ٢٥، ٣٠

ب ٢٠، ٣٠، ٤٠

ج ١٥، ٣٠، ٣٥

[✓ د] ١٥، ٢٠، ٢٥

ئەرکیماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە ڕاهێنانەکانی (١ ، ٢، ٣) لە ماڵەوە شیکار بکەن کە لە وانەی (٨-٦) هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان.
- قوتابییان هانبدە بۆ ئەوەی لە ماڵەوە ڕاهێنانەکانی بڕگەی پێداچوونەوە شیکار بکەن کە لە هەمان وانە هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان.
- بۆ قوتابییان ڕوونبکەوە کە ئەم ڕاهێنانە دابین کردنی پێداچوونەوەیە بۆ کارامەییەکانی پێشوو.



ڕاهێنان دەکەم

بە بازدان دەژمێرم . ژمارەکە دەنووسم.

١ ٢ ، ٤ ، ٦ ، ٨ ، ١٠ ، ١٢ ، ١٤

٢ ٥ ، ١٠ ، ١٥ ، ٢٠ ، ٢٥ ، ٣٠ ، ٣٥

٣ ١٠ ، ٢٠ ، ٣٠ ، ٤٠ ، ٥٠ ، ٦٠ ، ٧٠

بە بازدان دەژمێرم. ژمارە نادیارەکان دەنووسم.

٤ ٢، ٤، ٦، ٨ ، ١٠ ، ١٢ ، ١٤، ١٦ ، ١٨

٥ ١٠، ٢٠ ، ٣٠، ٤٠ ، ٥٠ ، ٦٠، ٧٠، ٨٠ ، ٩٠

پرسیارێك شیكار دەكەم ■ بیركردنەوە بە دیتن.

٦ بە بازدان دەژمێرم

ژمارەی پەنجەکانی یەك دەست ٥ ە.

چەند پەنجە لەوێنە کەدایە ؟

٣٠ پەنجە

چالاکی ماڵەوە • وێنەی ٢٠ ئەستێرە لەسەر کاغەزێك بكێشە. داوا لە منداڵەکەت بکە دوو دوو دەوری بدات ،پاشان داوای لێبکە دوو دوو بیانژمێرێت هەتا ژمارەی ئەستێرەکان ئەدۆزێتەوە . ئەم چالاکییە بە دووبارەبکەوە بۆ کۆمەڵەکانی ٥ ئەستێرەیی.

١٢٦

ئاگاداربە... ئەگەر بینیت کەوا هەندێ لە قوتابییان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە شیکارکردنی ڕاهێنانەکان دڵنیابە لە تواناکانیان لەسەر ژماردن بە بازدان، ئەمانە کار لەسەر ژماردنی هەموو دانەکان دەکەن و کاتەکانیان بە فیڕۆ دەدەن و زۆر بە ئاسانی تووشی هەڵە دەبن. سەرنجیان ڕاکێشە بۆ گرنگی ژماردن بە بازدان بۆ بەدەستهێنانی وەڵامی خێرا، وە بۆ بەدەستهێنانی کات و نەژماردنی ژمارەکان بە دەستپێکردن لە ١.



ڕاهێنان ٨-٦

قوتابخانە .... ناوی قوتابی .... پۆل یەکەم هۆبەی .... بەروار / /

بە بازدان دەژمێرم

وانەی ٨-٦

بە بازدان دەژمێرم. ژمارەکە دەنووسم.

١ ٢ ، ٤ ، ٦ ، ٨ ، ١٠

٢ ٥ ، ١٠ ، ١٥ ، ٢٠ ، ٢٥ ، ٣٠

٣ ١٠ ، ٢٠ ، ٣٠ ، ٤٠ ، ٥٠ ، ٦٠

پێداچوونەوە

ژمارە بچووکترەکە دەوردەدەم.

٤ ٨٩ ٩٨

٥ ٥٤ ٣٤

٦ ٣٩ ٣٦

٧ ٤٤ ٣٤

٨ ٨٣ ٩٢

٩ ٤٣ ٤٤

١٠ ٦١ ٦٣

١١ ٤٨ ٢٤

١٢ ٢٦ ٦٢

ل ٤٨ ڕاهێنان

وانەی ٧

پرسیارێك شیكار دەكەم: نموونەیەك پێكدەهێنم

پلانی وانەكە

ئامانج: پرسیارێك شیكار دەكات بە بەكارهێنانی ڕێگەی (نموونەیەك پێكدەهێنم).

زاراوەكان: یەكسانن

پێوەرەكان

- ژمارەكان و كردارەكان
- جەبر
- شیكاركردنی پرسیارەكان
- نواندن

ڕۆژانە

لەسەر تەختە ڕۆژانی هەفتە بنووسە داوا لە قوتابیەك بكە ناوی ئەمڕۆ بلێ، داوا لە قوتابییەكی تر بكە ناوی دوێنی بدات، قوتابیان بدوێنەو هەڵەكانیان ڕاستبكەوە.

دەوڵەمەندكردن

ئەم وانەیە هەرسێ پەیوەندی بەراوردكردن لە نێوان ژمارەكاندا كورت دەكاتەوە. سەرەرای ئەوەی لەوانەی یەكەمی ئەو بەشەدا یارمەتی قوتابیان دەدات لە پێش خستنی هزری جەبری لە میانەی پەیوەندییەكانی نێوان ژمارەكاندا. بچووكترە لە (<) گەورەتر لە (>) ؛ یەكسانە (=)، ئەو دەستە واژانە وهێمایانە بەكاردێن بۆ دروستكردنی ڕستەكانی ژمارەیی وڕاستییەكان بیركاری ٣ < ٥ و ٦ > ٢ هێمای یەكسانە. ئەو ڕاستییانە بۆ نموونە ٣+٢=٥ بەكار دێت بۆ دیاركردنی هاوتایی، واتا (بریتییە لە خوّی).

چالاكی

نواندن بۆ بەراوردكردن

تاكی

هەستی- جولەیی

ئامانج: دوو ژمارەی دوو ڕەنووسی دەنوێنێت و بەراوردیان دەكات كامەیان گەورەترە و كامەیان بچووكترە دیاردەكات.

كەرەستەكان: بۆ هەر قوتابییەك شریتی دەهی و ٩ شەش پالوو ، تەختەی كار.

- داوا لە قوتابیان بكە ٣ ژمارە (١٤ ، ٢١ ، ٣٢) بۆ نموونە لە سەر تەختەی كار بنوێنن. داوا لە قوتابیەكی بكە بێژێت ژمارا مەزنتر لە ٢١ ێ. ل سەر تەختەی بنڤیسە ٣٢ > ٢١ ێ. داوا لە قوتابیەكێ دی بكە ژمارا گچكەتر بێژێت لە ٢١ ێ. ل سەر تەختەی بنڤیسە ١٤ < ٢١ ێ پاشان داخازێ لێ یان بكە كامە ژمارە وەك هەڤن (هاوتانە) بنڤیسە ٢١ = ٢١.
- ئاگاداریا قوتابیان بكە هێمای < و > و = بەكاردێت بۆ نووسینی ڕستەی ژمارەیی. قوتابیان ووشیاربكەوە كە گۆشە لە هێمای < یان هێمای > هەردەم گۆشەیەكا كراوەیی یە بۆ ژمارا گەورەتر بەرێ وێ دكەڤیتە وێ.



٧ رێكخستنی وانەی

پرسیاری ئەمڕۆ

ژمارەكان لە ١ تا ٨ بنووسە. ئەو دوو ژمارەی بچووكترە لە ٣ بسڕەوە بە (×) ژمارەكانی گەورەتر لە ٥ بسڕەوە بە (×) من ژمارەیەكی گەورەم لە نێوان ئەو ژمارانەی كە ماوە. من چ ژمارەیەكم؟ ٥

١ پێشكەشكردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٩ − ٧ = ٢
٢ ١٠ − ٨ = ٢
٣ ١١ − ٥ = ٦
٤ ١٢ − ٤ = ٨

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟ ئەگەر زانیت چۆن هێماكانی >، =، < بەكاربهێنیت، ئاستی زانینت بۆ كردارەكانی جەبری باشتر دەبێت.
دەتوانیت دەست بە وانەكە بكەی بە جێبەجێكردنی ئەم چالاكیانەی دێن: دەربارەی بەراوردكردنی دووژمارەی دوو ڕەنووسی

- لەسەر تەختە ٣١ ☐ ٢٨ بنووسە.
- داوا لە قوتابییان بكە با بژمێری دەیی بەكاربێنن بۆ نواندنی هەردوو ژمارەی ٢٨ و ٣١ .
- بپرسە: **ئایا ژمارەی دەیان لە هەردوو ژمارەكە هەمان ژمارەنە؟** نەخێر: جیاوازن.
- بپرسە: **كامیان ژمارەی دەیانی گەورەترە؟** ٣١ ژمارەی دەیانی گەورەترە ٣ دەیانی هەیە.
- ئەمە دووپات بكەوە: لەبەرئەوەی ٣ دەیان گەورەترە لە دوو دەیان كەواتە ٣١ گەورەترە لە ٢٨.
- داوا لە قوتابیان بكە با هێمای گونجاو لە چوار گۆشەكەی سەرەوە بنووسن. ٣١ > ٢٨ .
- **بپرسە ئایا لێرەدا پێویست دەكات ژمارەی یەكانی هەردوو ژمارەی ٢٨ و ٣١ بەراورد بكەین؟** نەخێر، لەبەرئەوەی ژمارەی دەیانی هەردوو ژمارەكە جیاوازن، پێویست بە بەراوردكردنی یەكانیان ناكات.

ئاگاداربە... دڵنیابە لەوەی كەوا قوتابیان ژمارەی یەكان و دەیان تێگەیشتوونە، وە دڵنیابە لە تواناكانیان لەسەر نواندنی ژمارە بەهۆی شریتەكانی دەیی و شەش پاڵووەكان.



پرسیارێك شیكار دەكەم

نموونەیەك پێكدێنم

وانەی ٧ ________

تێدەگەم | پلان دادەنێم | شیكاردەكەم | ساغدەكەمەوە

كام ژمارە بچووكترە لە(<)یان گەورەترە لە(>)یان یەكسانە بە(=)٢٥؟

٢٣ < ٢٥
٢٣ بچووكترە لە ٢٥

٢٥ = ٢٥
٢٥ یەكسانەبە ٢٥

٢٦ > ٢٥
٢٦ گەورەترە لە ٢٥

و بەكار دەهێنم بۆ نواندنی هەر ژمارەیەك
و وێنە دەكێشم.

كام ژمارە بچووكترە لە یان گەورەترە لە یان یەكسانە بە ٥٦ ؟

چاودێری كاری قوتابیان بكە

١ ٥٢ ......بچووكترە لە...... ٥٦
٥٢ < ٥٦

٢ ٥٦ ......یەكسان...... ٥٦
٥٦ = ٥٦

٣ ٣٦ ......بچووكترلە...... ٥٦
٣٦ < ٥٦

٤ ٦٥ ......گەورەترلە...... ٥٦
٦٥ > ٥٦

٢ فێركردن

هەنگاوەكانی ئاراستەكراو

تێدەگەم داوا لە قوتابیان بكە روونبكەنەوە **داواكراو چییە؟** كامە ژمارە بچووكترە لە ٢٥ یان گەورەتر لە ٢٥ یان یەكسانە بە ٢٥.

پلان دادەنێم **داوا لە قوتابییان بكە پێشبینی هزری بكەن بۆ شیكاركردنی پرسیارەكە.** دەتوانم نموونەیەك پێڵ بهێنم (دروست بكەم).

شیكاردەكەم داوا لە قوتابییان بكەبا باس بكەن چۆن پرسیارەكە شیكار دەكەن.

ساغ دەكەمەوە **چۆن ساغی دەكەیتەوە كەوا وەڵامەكەت گونجاوە؟** هەموو وەڵامێكی گونجاو وەردەگرم (بۆ نموونە: لەبەرئەوەی ژمارەی دەیەكان هەر خۆیەتی، بەسە بۆ ئەوەی بەراوردی یەكان بكەم.

ئاگاداربە... هەڵەی باو بەشێكی زۆر لە قوتابییان كاتێك هەردوو هێمای > و < بەكادێنن تووشی شۆك دەبن، پێیان رابگەیەنە كەوا ئەو گۆشەیەی كە لەم دوو هێمایەدا هەیە هەردەم روو كراوەكەی بە ئاراستەی ژمارە گەورەكە دەبێت. بۆ ئەوەی یارمەتیان، بدەی لەسەر جیاكردنەوەی ئەم دوو هێمایە لە یەكتر، ئەم دوو هێمایە لەسەر دوو كارت بنووسە و كارتە گونجاوەكە لە پێش قوتابییان بەرزكەوە كاتێك دوو ژمارە بەراورد دەكەی، ئەو قوتابیانەی بە شێوازی فێركردنی بە بینین فێردەبن سوود لەم رێگەیە وەردەگرن.



ڕاهێنان دەکەم

< ، مانای بچووکترە لە
> ، مانای گەورەترە لە
= ، مانای یەکسانە

▬ و ■ بەکار دەهێنم بۆ نواندنی هەر ژمارەیەك وێنەی ▬ و ■ دەکێشم

کام ژمارە بچووکترە لە یان گەورەترە لە یان یەکسانە بە ٤٢؟

١ ٦٢ گەورەترە لە ٤٢
٤٢ < ٦٢

٢ ٤٠ بچووکترە لە ٤٢
٤٢ > ٤٠

چاودێری کاری قوتابیان بکە

٣ ٤٢ یەکسان ٤٢
٤٢ = ٤٢

٤ ٤٢ گەورەترە لە ٢٤
٢٤ < ٤٢

جەبر

هێمای گونجاو لەم هێمایانە>، <، = لە بازنەکەدا دادەنێم

٥ ٤ یەکی و ٦ دەیی (=) ٤ + ٦٠	٦ ٢ یەکی ٢ دەیی (<) ٥ + ٣٠
٧ ٨ یەکی و ٢ دەیی (>) ٩ + ٢٠	٨ ٣ یەکی ٤ دەیی (=) ٣ + ٤٠

جاڵاکی ماڵەوە • دوو ژمارە هەڵبژێرە لە ١٠٠ کەمتر بێت، داوا لە منداڵەکەت بکە بیانووسێت بە بەکارهێنانی هێماکانی بەراوردکردنی کە فێری بووە (< ، > ، =).

١٢٨



ڕاهێنان ٨-٧

قوتابخانە .... ناوی قوتابی .... پۆل یەکەم هۆبەی ...... بەروار / /

وانەی ٨-٧

پرسیارێك شیکاردەکەم : نموونەیەك پێکدێنم

> یان < یان = بەکاردەهێنم

▬ و ■ بەکاردەهێنم بۆ نواندنی هەر ژمارەیەك.
▬ و ■ دەکێشم. وێنەکان و ژمارەکان دەنووسم.

لەبیرتبێت
٣ < ٥ بە ٣ بچووکترە لە ٥ دەخوێنرێتەوە
٧ > ٢ بە ٧ گەورەترە لە ٢ دەخوێنرێتەوە
= یەکسانە

١ ٣٦ گەورەترە لە ١٩
٣٦ (>) ١٩

٢ ١٢ بچووکترە لە ٣٢
١٢ (>) ٣٢

چاودێری کاری قوتابیان بکە

٣ ٢٤ بچووکترە لە ٤٢
٢٤ (>) ٤٢

٤ ١٧ یەکسانە لە ١٧
١٧ (=) ١٧

پێداچوونەوە

شیکاردەکەم.

٥ ٧ - ٣ = ٤
٦ ١٠ - ٤ = ٦
٧ ٩ - ٣ = ٦
٨ ١٠ - ٦ = ٤
٩ ٩ - ٧ = ٢
١٠ ٨ - ٣ = ٥

پێشینەی بیرکاری

ئەگەر قوتابیان توانیان دوو ژمارە بەراورد بکەن، ئەمە دەبێتە گەشەکردنی کارامەیی ریزکردنی ژمارەکان لەلایان، ئەمە لە دواییدا تواناکانیان لەسەر جیاکردنەوەی شێوازەکانی ژمارەکان پێش دەخات و ژمارە نادیارەکان تیایدا دەدۆزنەوە. هەر هەموو ئەمانە گەشەکردنی توانای قوتابیان لە نووسینی ژمارەکانی شێوازدار بەدەست دێنێ.

٣ ڕاهێنان

داوا لە قوتابییان بکە ئەو ڕاهێنانەی کە لە لاپەڕەی ١٢٨دا هاتووە شیکاری بکەن

جەبر: چۆن دەزانی چ هێمایەك لەناو بازنەکەدا دادەنێت؟ بەراوردی خانەی دەیان دەکەم پاشان خانەی یەکان بۆ دۆزینەوەی ژمارە گەورەکە.

ئاگاداربە... بڕگەی جەبر دەرفەتێکی باشت پێدەبەخشێت بۆ ئەوەی بزانی کەوا قوتابیان تا چەند چەمکی بەراوردکردنیان بەدەستهێناوە، چونکە نووسینی ژمارە بە دوو ڕێگەی جیاواز بەشێوەیەکی دروست نیشانەیەکی باشە لەسەر ئەوەی کەوا قوتابیان چەمکی بەهای خانەییان بەدەستهێناوە، وە هەروەها لەسەر تواناکانیان لە بە بەراوردکردنی ژمارەکان.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆ و نووسین وێنەکان بەکاربهێنە بۆ روونکردنەوەی کام لە ژمارەکان گەورەترە: ٨٦، ٢٥، ٦٠. ٨٦ ژمارەی دەیان (٨ دە) لە ٨٦ گەورەترە لە ژمارەی دەیانی هەریەکە لە ژمارەکانی ٢٥، ٦٠ .

تاقیکردنەوەی وانەکە

کام ژمارە گەورەترە لە ٢٧؟
[✓ أ] ٣١   ب ٢٥   ج ٢٦   د ١٩

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە ڕاهێنانەکانی (١، ٢، ٣) لە ماڵەوە شیکار بکەن کە لە وانەی (٨-٧) لە کتێبی ڕاهێنان دا هاتووە.
- قوتابییان هانبدە بۆ ئەوەی لە ماڵەوە ڕاهێنانەکانی بڕگەی پێداچوونەوە شیکار بکەن کە لە هەمان وانە هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان.
- بۆ قوتابییان ڕوونبکەوە کە ئەم ڕاهێنانە دابین کردنی پێداچوونەوەیە بۆ کارامەییەکانی پێشوو.

بەشی

٨

بەراوردکردنی ژمارەکان و ریزکردنیان

پێداچوونەوە/ بەشی ٨

ئامانج: دڵنیابوون لە فێربوونی قوتابییە لە چەمکەکان و بەدەستهێنانی کارامەییەکانی هاتووە لە بەشی (٨).

بەکارهێنانی لاپەڕە

- ئامانجی لاپەڕەی پێداچوونەوە بۆ قوتابیان روون بکەوە.
- نزیکەی ٣٠ خولەك تەرخان بکە بۆ ئەوەی قوتابیان راهێنانەکانی لاپەڕەی پێداچوونەوە شیکار بکەن.
- دەتوانی یارمەتی ئەو قوتابیانە بدەیت کە رووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە.
- دەتوانی رێگا بە قوتابیان بدەیت یارمەتی یەکتر بدەن بە جۆرێك تا رادەیەکی باش ئارامی بپارێزن.
- دەتوانی وەڵامی پرسیاری قوتابیان بدەیتەوە.
- ئەو ماوەیەی دەمێنێتەوە لە وانەکە تەرخان بکە بۆ وەڵامدانەوە و شیکارکردن.
- ئەم لاپەڕەیە بوار دەڕەخسێنێ بۆ بەراوردکردنی ژمارەکان و ریزکردنیان. قوتابی راهاتووە لەسەر بەکارهێنانی وشەکانی لە پێش، لە پاش، لە نێوان، شتەکان رێکدەخات وە ژمارە نادیارەکان دەنووسێت وە بە بازدان دەژمێرێت ئەگەر دیت هەندێ قوتابی رووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە هەندێ بڕگە پێداچوونەوەی ئەم بڕگەیە بکە کە قوتابیان لەگەڵ چۆنیەتی جێبەجێکردنیان.



پێداچوونەوەی

بەشی ٨

ناو ______

ئەو ژمارەی ڕاستەوخۆ دەکەوێتە پێش یان پاش یان نێوان دەنووسم.

١ ٢٩ ٣٠ ٣١

٢ ٤٣ ٤٤ ٤٥

٣ ٩٧ ٩٨

٤ ٥٨ ٥٩

٥ ٥٠ ٥١

دەور دەدەم بۆ دیاریکردنی ڕیزەکە. چاودێری کاری قوتابیان بکە

٦ یەکەم

دووەم پێنجەم نۆیەم دەیەم

٧ ژمارە نادیارەکان دەنووسم، یەك یەك دەژمێرم. چاودێری کاری قوتابیان بکە

ئەو خانانە ڕەنگ دەکەم کە ژمارەی تێدا دەنووسم.

١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩	١٠
١١	١٢	١٣	١٤	١٥	١٦	١٧	١٨	١٩	٢٠
٢١	٢٢	٢٣	٢٤	٢٥	٢٦	٢٧	٢٨	٢٩	٣٠

٨ تەواوی دەکەم ٢، ٤، ٦، ٨ ، ١٠ ، ١٢ ، ١٤ ، ١٦

٩ تەواوی دەکەم ١٥، ٢٠، ٢٥، ٣٠ ، ٣٥ ، ٤٠ ، ٤٥ ، ٥٠

١٠ تەواوی دەکەم ٩٠، ٨٠، ٧٠، ٦٠ ، ٥٠ ، ٤٠ ، ٣٠ ، ٢٠

١٢٩

- ئامانجی راهێنانی (١-١٠) دڵنیابوونە لە توانای قوتابی لەسەر خوێندنەوەی شێواز و تەواوکردنی.



ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوەی
بەشی ٨

ناو ______________

وەلامی گونجاو هەڵدەبژێرم.

١ کام ژمارە گەورەترە لە ٦٥ ؟

٥٦ ٦٦ ٦٥ ٦١

○ ● ○ ○

٢ ____ < ٦

٥ ٣ ٦ ٧

○ ○ ○ ●

٣ کام ژمارە بچووکترە لە ٢٤؟

٣٤ ٢٤ ٢٣ ٣٠

○ ○ ● ○

٤ > ١٢

٢ ٢٢ ١٢ ٣٢

● ○ ○ ○

٥ ____ = ٧٣

٣٧ ٦٣ ٧٣ ٨٣

○ ○ ● ○

٦ کام ژمارە دەکەوێتە نێوان ٢٩ و٣١؟

٢٩ ☐ ٣١

٢٨ ٣٠ ٣٢ ٤٠

○ ● ○ ○

٧ کام مێروو پێنجەمە ؟

یەکەم

● ○ ○ ○

٨ ژمارەی نادیار کامەیە؟

٥، ١٠، ١٥، ٢٠،   ٣٠، ٣٥، ٤٠

١٥ ٢٢ ٢٤ ٢٥

○ ○ ○ ●

١٣٠

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

ئامانج: ئامانجی لاپەڕەی «ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە» کە لە کتێبی قوتابی هاتووە هەروەك ئەوەی ناونیشانەکەی ئاماژەی پێدەکات بریتییە لە ئامادەکردنی قوتابی بۆ تاقیکردنەوەی بەشەکە.

ئەم لاپەڕەیە چەمکەکان و کارامەییەکانی لەم بەشە هاتووە لە خۆدەگرێت هەروەها چەمکەکانی تری پێشەوەش لەخۆ دەگرێت.

هەر بەندێك لەم لاپەڕەدا ئامانجێکی فێربوون یان زیاتر لەخۆ دەگرێت وە بەگشتیش تا رادەیەك ئامانجەکانی فێربوونی ئەم بەشە لەخۆ دەگرێت کە پیویستە.

بەکارهێنانی لاپەڕەکە

- ئامانجی لاپەڕەی «ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە» بۆ قوتابییان روونبکەوە.
- داوا لە قوتابییان بکە لاپەڕەی «ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە» کە لە کتێبی قوتابی هاتووە لەماڵەوە یان «لە پۆل» شیکار بکەن ئەگەر کات رێی پێدای بۆ ئەنجامدانی.

تاقیکردنەوەی بەش

تاقیکردنەوەی بەش دەکەوێتە چوارچێوەی هەڵسەنگاندنەکانی بەدەستهاتوو

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوەی بەش

- دەتوانیت ئەم تاقیکردنەوانە وەکو خۆی بەکاربێنی.
- دەتوانی لەم تاقیکردنەوەیە چەند پرسیارێکی دیاریکراو هەڵبژێری و تاقیکردنەوەیەکی لێ پێکبهێنی.
- دەتوانی لەم تاقیکردنەوەیە چەند پرسیارێکی دیاریکراو هەڵبژێری و خۆشت چەند پرسیارێکی تر پێکبهێنی.
- دەتوانی خۆت هەموو پرسیارەکانی تاقیکردنەوە پێکبهێنی بە پشتبەستن بە پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بەش.

مەرجەکانی ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

- ئەوکاتەی دیار دەکرێت بۆ تاقیکردنەوەی بەش دەبێت بەس بێت بۆ قوتابیان «وانەیەکی تەواو بۆ تاقیکردنەوەی بەش»
- دەبێت پرسیارەکانی ئەم تاقیکردوانە هەموو ئامانجەکان بگرێتەوە بێ زیاد و کەم.
- دەبێت پرسیارەکانی ئەم تاقیکردنەوانە هەموو ئامانجەکان بگرێتەوە بەشێوەی هاوسەنگ لەگەڵ رەچاوکردنی ئامانجەکان.
- دەبێت تاقیکردنەوەکەت پرسیارەکانی جۆری أ لەخۆ بگرێت وە پرسیارەکانی جۆری ب لەخۆ بگرێت بە زیاتر هێنانەوەی جۆری أ لە کتێبی رێبەری هەڵسەنگاندن.
- پێویستە تاقیکردنەوەکانی بەش چاپ بکرێت بەشێوەیەکی روون.

ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی بەش

- وانەیەکی تەواو تەرخان بکە بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی بەش.
- بۆ قوتابیان باس بکە کە لەسەریان پێویستە وەڵامی راست لە پرسیارەکانی هەڵبژاردن لە هەمەجۆر دەوربدەن.
- لەو کاتەی ماوەت هەیە لە قوتابخانە «یان لە ماڵ» تاقیکردنەوەکانت بپشکنە وە تێبینیەکان تۆمار بکە بەتایبەتی ئەو تێبینیانەی بەندن بە خاڵە لاوازەکانی قوتابیان.

تێبینییەکانی مامۆستا

بۆچوونی تۆ

دەربڕینی پرسیاری باش

سەرچاوەی زیاتر

تێبینی بۆ وانەی داهاتوو

بەشی ٩ کۆکردنەوە و لێدەرکردن

پلانی بەشەکە

وانە	ئامانج	زاراوەکان	کەرەستەکان	کاتی خەملێنراو
پێشکەشکردن و ئامادەبوون بۆ بەش:				کات ١ وانە
٩-١ بەرەو پاش دەژمێرم ل ١٣٣ – ١٣٤	بەرەو پاش دەژمێرێ ١ و ٢ و ٣ بۆ دۆزینەوەی جیاوازی.	ژماردن بەرەو پاش، هێڵی ژمارەکان.		٢ وانە
٩-٢ بە چەند پترە؟ ل ١٣٥ – ١٣٦	پرسیارەکان شیکار دەکات لەسەر بەراورد کردن بە لێدەرکردن.	زۆرتر، کەمتر		١ وانە
٩-٣ کۆدەکەمەوە و لێدەردەکەم ل ١٣٧ – ١٣٨	پەیوەندی نێوان ڕاستی کۆکردنەوە و ڕاستی لێدەرکردن دەناسێت کە لێیان ئەنجامدراوە.	ڕاستییەکانی پێکەوەبەستراو	شەش پاڵووە پێکەوە بەستراوەکان	٢ وانە
٩-٤ پرسیارێك شیکار دەکەم: وێنەیەك دەکێشم ل ١٣٩ – ١٤٠	پرسیارێك شیکاردەکات بەرێگەی « وێنەیەك دەکێشم».			٢ وانە
■ پێداچوونەوە ل ١٤١				١ وانە
■ ئامادە بوون بۆ تاقیکردنەوە ل ١٤٢				١ وانە

تێبینی:
- دابەشکردنی بەشەوانەکان بەسەر وانەکانی ئەم بەشەی سەرەوە دابەشکردنێکی خەملێندراوە دەتوانی دەستکاری بکەی و ڕێکی بخەی و بیگونجێنی لەگەڵ بارودۆخ و ژینگەی قوتابی، کاتی تەرخان کراوی تایبەت بە وانەکان جێگیر نییە، دەتوانیت گۆڕانکاری لێبکەی بەپێی پێویست ڕێکی بکەی و بیگونجێنی.
- لەسەر مامۆستا پێویستە کەرەستە داواکراوەکان ئەوانەی ناویان هاتووە لە پلانی بەش یان هاوشێوەکانیان ئامادە بکات پێش دەستپێکردنی وانەکە.

بیرکاری بەپێی پۆلەکان

پۆلی یەکەم

- بەرەو پاش دەژمێریٚ بۆ دۆزینەوەی جیاوازی لە میانەی ١٢.
- بەراورد دەکات بۆ دۆزینەوەی جیاوازی.
- ڕستەی لێدەرکردن دەنووسیٚ بە زانینی ڕستەی کۆکردنەوە.
- پرسیارێك شیکاردەکات بەبەکارهێنانی وێنەکان.

پۆلی دووەم

- ڕستەی لێدەرکردن بەکاردەهێنێت.

تێڕوانینێك بۆ دواوە زانیارییەکان و کارامەییە داواکراوەکان

بۆ ئامادەبوون بۆ خوێندنی ئەم بەشە پێویستە قوتابی ئەم زانیاری و کارامەییانەی خوارەوەی هەبێت:

- **چەمکی لێدەرکردن**: جیاوازی دەدۆزێتەوە لەمیانەی ١٠ بەبەکارهێنانی وێنە و هێما. هێماکان بەکاردەهێنێت بۆ شیکارکردنی پرسیاری لێدەرکردن بە بەراوردکردن.
- زاراوەکان: پتر، کەمتر.

تێڕوانینێك بۆ بەشەکە کارامەییە بنچینەییەکان

قوتابی لەمیانەی خوێندنی ئەم بەشە ئەم کارامەییانەی خوارەوە بەدەست دێنێت:

- بەرەو پاش دەژمێریٚ ١، ٢، ٣ بۆ دۆزینەوەی جیاوازییەکان.
- پرسیاری لێدەرکردن شیکاردەکات بە بەراوردکردن.
- هەستکردن بە پەیوەندییەکانی نێوان دانەکانی پرسیارێك لەسەر لێدەرکردن.
- پرسیارەك شیکار دەکات بەڕێگای(وێنەیەك دەکێشم).

تێڕوانینێك بۆ پێشەوە بوارەکانی جێبەجێکردن

قوتابی ئەوەی فێریبووە لە خوێندنی ئەم بەشە لەسەر چەمکە نوێیەکانی خوارەوە جێبەجێیدەکات.

- پەیوەندی نێوان کۆکردنەوە و لێدەرکردن «بەشی ١٢»
- چەند ڕێگایەك بۆ کۆکردنەوەو لێدەرکردن «بەشی ١٣»
- کۆکردنەوەی ژمارەکانی دوو ڕەنووسی«بەشی ١٣»

بەشی ٩ کۆکردنەوە و لێدەرکردن

پێشکەشکردنی بەشەکە

بۆچی ئەم بابەتە فێردەبین؟

ئامانج

- ئەم بڕگەیە بیرۆکەیەکت پێدەبەخشێ سوودەکەی بریتییە لەبەهێزکردنی کارامەیی لێکدەرکردن لەلای قوتابییان لەمیانەی هەڵوێستە نوێیەکانی پێویستی بە کرداری لێکدەرکردنە، وەك بەراوردکردنی وانەکانی دوو کۆمەڵە، وە لەمیانەی ڕاهێنانی قوتابیان لەسەر ژماردن بەرەو پاش بێ ئەوەی هێڵی ژمارەکان بەکاربێت ئەمەش بە ژماردن بەرەو پاش بە هزری. وە هەروەها لەم بەشەدا بەهێزکردنی کارامەیی پێکەوە بەستن لە نێوان کۆکردنەوە و لێدەرکردن دەکرێت. دەتوانی ئەم بیرۆکانە بەکاربهێنی بۆ وروژاندنی ئارەزووی قوتابی دەربارەی ناوەڕۆکی ئەم بەشە.
- زۆرجار قوتابیان دەپرسن بۆچی ئەم بابەتە فێردەبین؟ ئاگاداری قوتابییان بکە بە بوونی کارامەییەکانی لێدەرکردن و شارەزابوونیان لە ڕاستییە بنەڕەتییەکان، یارمەتیان بدە بۆ کارکردن لەسەر ژمارەکان بە وردی و خێرایی، بەکارهێنانی ڕێگەکانی گونجاو بۆ شیکارکردن گەشە بە توانایان دەدات و باوەڕبوونیان بەخۆ زیاد دەکات لەکاتی شیکارکردنی پرسیارەکان.

لاپەڕەی دەستپێکردن

ئامانج

- لەم بڕگەیەدا پرسیارێك هەیە دەربارەی وێنەکە لە لاپەڕەی دەستپێکردنی بەشەکە لە کتێبی قوتابی.
- وێنەکە وێنەی کۆمەڵە باڵندەیەك و کۆمەڵە گوڵێك لەخۆ دەگرێ کۆمەڵە باڵندەکە لە ١٢ باڵندە پێکدێت کە ٧ یان لەسەر چلی دارەکە نیشتینەوە ٥یان فڕیون وە کۆمەڵەی گوڵەکان لە ١٢ گوڵ پێکدێت ٨ لەناو گوڵدان دانراوە وە ٤ کەروێشکەکە بردوویەتی.



- ئەم پرسیارە سەرەتایەك و ئارەزوویەك و ئامادەکاریەك و دەوڵەمەندکردنێك بۆ قوتابیان دابین دەکات.

با قوتابیان وردببنەوە لە کۆمەڵە گوڵەکان، وە داوایان لێبکە چیرۆکێکی لێدەرکردن پێکبهێنن دەربارەی هەر کۆمەڵەیەك. هانیانبدە لەسەر دۆزینەوەی چەندکۆمەڵەیەکی تر لە وێنەکەدا، وە داوایان لێبکە چیرۆکێکی لێکدەرکردن پێکبهێنن لەسەر هەر کۆمەڵەیەك.

دڵنیابە لە زانیارییەکانت

سەرجەم لەمیانەی ١٠

سەرجەم دەنووسم

١ ٢ + ٦ = ٨



٢ ٤ + ٣ = ٧



ژمارەی پەرتووکەکان چەندە؟ بەرەو پێش دەژمێرم بۆ ئەوەی کۆیکەمەوە

٣ ٤، ٥، ٦

٤ + ٢ = ٦



لێدەرکردن

هێڵەکان رادەکێشم بۆ بەراوردکردن، وەڵام دەنووسم.

٤ ٩ − ٦ = ٣



٥ ٦ − ٢ = ٤



ئاگاداریە... سەرنجی قوتابیان ڕاکێشە بۆ گرنگی جووت بوون لە نێوان دانەکانی دوو کۆمەڵە. بۆیان ڕوونبکەوە کە جووت بوون بەکاردەهێنرێ بۆ بەراوردکردنی دانەکانی دوو کۆمەڵە ئەمەش شێوەیەکی نوێ دەنوێنێ لە شێوەکانی لێکدەرکردن کە لەم بەشەدا دەیبینن.



نامەیەك بۆ كەسوكار

كەسوكاری بەڕێز

ئەمڕۆ دەست دەكەین بە بەشی ٩، پەیوەندی نێوان كۆكردنەوەولێدەركردن تیایدا دەخوێنین. ڕاستییەكانی لێدەركردن كەبەستراوە بە ڕاستییەكانی كۆكردنەوە فێردەبین، ئەم لاپەڕە هەندێ زاراوەی بیركاری نوێ و چالاكی لە خۆ دەگرێ بەیەكەوە لەماڵەوە پێی هەڵدەستین.

لەگەڵ ڕێزم

زاراوە نوێیەكانم

ژماردن بەرەو پاش

ڕاستییە بەیەكبەستراوەكان

زاراوەكان

بۆ ئەوەی لێدەركردن بەجێ بێنی دەتوانی **بەرەوپاش** بژمێری لەسەر هێڵی ژمارەكان. ١٢ – ٣ = ٩

بە ١٢ دەست پێ دەكەم پاشان ٣ بەرەوپاش دەژمێرم ١١، ١٠، ٩

ئەم **ڕاستییە بیركارییە بەستراوانە** هەموو ڕاستییەكی كۆكردنەوە دەبەستێتەوە بەدوو ڕاستی لێدەركردن

٣ + ٩ = ١٢

١٢ – ٣ = ٩   ١٢ – ٩ = ٣

چالاكی

دوو كۆمەڵە لە دوو پۆلینی جیاواز (جوداكردن) بە منداڵەكەت بدە. پاشان پرسیاری لێبكە دانەكانی كۆمەڵە گەورەكە چەندی زیاترە لە دانەكانی كۆمەڵەكەی تر. داوای لێبكە ڕستەی لێدەركردن بنووسێت.

١٣٢

پەیوەندی لەگەڵ كەسوكار

نامە

نامەكەی ئاراستەی كەسوكار كراوە بە دەنگێكی بەرز بۆ قوتابیان بخوێنەوە و، داوایان لێبكە واژۆی بكەن. سوود لەو كاتە وەربگرە كە نامەكە دەیرەخسێنێ بۆ ئەوەی سەرنجی قوتابییان رابكێشی بۆ گرنگی وەرزش لە ژیانیاندا.

ئاگاداریان بكەوە كە ئەنجامدانی راهێنانی وەرزشی لەسەرخۆ هەموو رۆژێك وە بەشێوەیەكی بەردەوام دەبێتە هۆی جوانكردنی لەش وە یارمەتیان دەدات لەسەر هەناسە وەرگرتنێكی ساغ و رێكخستنی سووڕی خوێن وە هەروەها دەبێتە هۆی بیركردنەوەیەكی دروست، سەرزەنشتی ئەو قوتابیانە مەكە كە واژۆكانیان دەگۆڕن، چونكە ئەمە كارێكی سروشتییە لەگەڵ گەشە و پێشكەوتنی كەسایەتی.

ئەم زاراوە نوێیانە یەك لەدوای یەك بە پێی پێویست زیادبكە، بۆسەر ئەو تەختەی كە تایبەتە بە ژووری پۆلەكە.

تەختەی زاراوەكان

ژماردن بەرەو دواوە

راستیە پێكەوە بەستراوەكان

زاراوەكان و شرۆڤەكردنیان

ژماردن بەرەو دواوە	ژماردن بەرەو دواوە لەسەر هێڵی ژمارەكان بۆ ئەوەی لێ دەربكەین
راستیە پێكەوە بەستراوەكان	هەر راستیەكی كۆكردنەوە دەبەسترێتەوە بە دووڕاستی لێدەركردن

ئاگاداریە... راستیە پێكەوە بەستراوەكان رۆڵێكی گرنگیان هەیە لە گەشەكردنی كارامەییەكانی قوتابی لە كۆكردنەوە لێكدەركردن ئەگەر یەكێ لەم دوو كردارە نەزانرا. ئەوا هیچ واتایەكی نابێت بێ ئەوی تر. بەتایبەتیش كە دوو كرداری پێچەوانەن. راستیە پێكەوە بەستراوەكان دەبێتە هۆی گەشەكردنی ئەژمێركردنی هزری لەلای قوتابی.

Star Group

وانەی ١

بەرەو دواوە (پاش) دەژمێرم

پلانی وانەکە

ئامانج: بەرەو دواوە دەژمێرێ ١ ، ٢ ، ٣ بۆ دۆزینەوەی جیاوازی. .

زاراوەکان: ژماردن بەرەو دواوە، هێڵی ژمارەکان

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- ڕێنوێنی و سەلماندن
- گەیاندن «بەردەوام بوون»
- بەستنەوە

ڕۆژانە

ئەگەر ڕۆژی دووشەممە بکەوێتە ١٥ی مانگی ئەیلوول. ئەو ڕۆژە چ ڕۆژێکە دەکەوێتە ١٣ ئەیلوول؟ شەممە.

پێشینەی بیرکاری

کرداری ژماردن بەرەو پاش واتای لێدەرکردن و کەم کردن هەڵدەگرێت لەوانەیە ئامانجە نزیکەکانی پێدانی زانیاری بە قوتابی بە ڕێگەیەك بۆ لێدەرکردن و چەسپاندنی پەیوەندی نێوان ژمارەکان کە قوتابی فێری بووە تا ئێستا. جگە لەمە ئامانجێکی دوورتری هەیە ئەویش دروستکردنی پەیوەندی ئایندەیی و بەرهەم دار و پێویست لە نێوان ژمارەکاندا، هەروەها ئامادەکردنە بۆ چەمکی ژماردن بەرەو خوارەوە. پاشان بۆ چەمکی کەمکردنەوەی نەخشەکان و یەك لە دوای یەکەکان.

چالاکی

لەسەر هێڵی ژمارەکان

دوانی

هەستی-جولەی

ئامانج بەرەو پاش دەژمێرێ لەسەر هێڵی ژمارەکان.

کەرەستەکان بۆ هەر دوانەیەك دوو پەپکەی دوو ڕەنگی، هێڵی ژمارەکان.

- داخاز لە قوتابیەك بکە لە هەر دوانەیەك پەپکێك دابنێ لەسەر ژمارە ٨ لەسەر هێڵی ژمارەکان. قوتابییەکە بەرەو پاش دەژمێرێت و دەبێژێت ٧، بەڵام ئەوی تر پەپکێك لەسەر ژمارەی ٧ دادەنێت.
- شەش پاڵووەکان دابەش بکە بەسەر قوتابییەکاندا. بێژە وان ٢٠ شەش پاڵووتان هەیە و داخازی لێیان بکە دەتوانن چەند کۆمەڵەیەك لە ١٠ شەش پاڵوو پێك بهێنن.
- داوا لە قوتابیان بکە چالاکییەکە دووبارە بکەنەوە ئەوان بەرەو پاش بژمێرن دووجار. داوا لە قوتابیان بکە بەرەوپاش بژمێرن ٣، لە ژمارە ٨ دەست پێ بکەن پەپکە بەکاربهێنن لە حاڵی دەستپێکردن و کۆتایی پرسیاریان لێبکە لە ڕستەی لێدەرکردن کە لەم چالاکییە دەتوانن بینووسن. ٨ − ٣ = ٥.



ڕێکخستنی وانەی ١

پرسیاری ئەمڕۆ

ڕێکان چووە سەرپەیژە تا پایەی نۆیەم، پاشان ٣ پایە هاتە خوارێ، ڕێکان گەیشتە کام پایە؟

شەشەم.

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ ١٠ − ٣ = ٧

٢ ٩ − ١ = ٨

٣ ١٠ − ٢ = ٨

٤ ٩ − ٢ = ٧

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟ ژماردن بەرەو پاش یارمەتی قوتابی دەدات بۆ نووسینی ڕاستییەکانی لێدەرکردن.

- دەست بە وانەکە بکە بە بیر هێنانەوەی قوتابیان بە هێڵی ژمارەکان.
- **بپرسە چۆن دەجولێین لەسەر هێڵی ژمارەکان کاتێ بەرەو پێش دەژمێرین؟ لەبەرچی؟** بۆ ڕاست، چونکە هەڵدەستین بە کرداری کۆکردنەوەی ئەمەش مانای بەدەستهێنانی ژمارەیەکی گەورەترە.
- **بپرسە چۆن دەجولێین لەسەر هێڵی ژمارەکان کاتێ بەرەو پاش دەژمێرین؟ بۆچی؟** بۆ چەپ، چونکە هەڵدەستین بە کرداری لێکدەرکردن، ئەمەش مانای بەدەستهێنانی ژمارەیەکی بچووکترە.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- بۆ قوتابییان ڕوونبکەوە کە چۆن لەسەر هێڵی ژمارەکان بەرەوپاش دەژمێرن.
- داوا لە قوتابییان بکە، پەنجەی خۆیان لەسەر ژمارە ١١ دابنێن بەرەو پاش دوو هەنگاوە بژمێرن.
- قوتابیان دەڵێن ١١ پاشان پەنجەکانیان دوو جار بەرەو پاش دەبەن دەڵێن ١٠، ٩ و ڕستەکە دەنووسن. ١١ − ٢ = ٩



وانەی ١ **بەرەو پاش دەژمێرم**

١١ − ٢ = ٩

هێڵی ژمارەکان بەکاردەهێنم وبەرەو پاش دەژمێرم بۆ ئەوەی لێدەرکردن بکەم.

١ ١٢ − ٢ = ١٠

٢ ٩ − ٣ = ٦

٣ ١٠ − ٢ = ٨

٤ ١٢ − ١ = ١١

باسبکە ■ ڕێنوێنی

چۆن جیاوازی ١٠−٣ بەبێ بەکارهێنانی هێڵی ژمارەکان هەژماردەکەیت؟

١٣٣

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باس بکە ■ ڕێنوێنی هاتووە، وەڵام: بەرەو پاش دەژمێرم بە دەستپێکردن لە ١٠ وە دەڵێم ٩، ٨، ٧ جیاوازی بریتییە لە ٧.

ڕێنمایی... ئەگەر دیتت هەندێ قوتابی ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لەکاتی ژماردن بەرەو پاش لەسەر هێڵی ژمارەکان دەتوانی داوای نواندی ڕستەیەکی لێکدەرکردنیان لێبکەی بەهۆی چەند وێنەیەکەوە وە دانانی لەژێر هێڵی ژمارەکان، وە بەستنەوەی کرداری ژماردن بەرەو پاش بە کوژانەوە.



ڕاهێنان دەکەم

بە ١٢ دەست پێ دەکەم بەرەو پاش ٣ جار دەژمێرم ١١، ١٠، ٩.

١٢
٣ −
٩

بەرەو پاش دەژمێرم بۆ ئەوەی لێدەرکردن بکەم. جیاوازی دەنووسم.
دەتوانم هێڵی ژمارەکان بەکاربهێنم.

١	١٠	١١	١٠	٩	٧	٨
	٢ −	٣ −	٣ −	٢ −	٢ −	٢ −
	٨	٨	٧	٧	٥	٦
٢	١٠	١١	٩	٧	٦	١١
	١ −	٢ −	١ −	٣ −	٣ −	١ −
	٩	٩	٨	٤	٣	١٠

پێداچونەوە

بەڕەنگە گونجاوەکان تەواوی دەکەم.

٣ 🟡 🟢 🟢 🟡 🟢 🟢 🟡 🟢 🟢 ○ ○ ○

زەرد کەسك کەسك

چالاکی ماڵەوە • یارمەتی منداڵەکەت بدە لەسەر بەکارهێنانی هێڵی ژمارەکان بۆ ئەنجامدانی کرداری لێدەرکردن.

١٣٤



ڕاهێنان ٩-١

بەرەوپاش دەژمێرم

وانەی ٩-١

١	١٢	٩	١١	٧	١١	١٢
	٣−	٣−	٢−	٢−	٣−	٢−
	٩	٦	٩	٥	٨	١٠
٢	٧	٨	١٠	٩	٦	١٢
	١−	٣−	٣−	٢−	٢−	١ −
	٦	٥	٧	٧	٤	١١
٣	١٢	١٠	٨	٧	١٠	٩
	١−	١−	٢−	٣−	٢−	١−
	١١	٩	٦	٤	٨	٨

پێداچوونەوە

ژمارە بچووکەکە دەوردەدەم.

٤	[✓ ٤]	٧	٥	[✓ ٨]	١٠	٦	[✓ ٣]	٦
٧	٥	[✓ ٣]	٨	٩	[✓ ٦]	٩	[✓ ٨]	٩
١٠	[✓ ٩]	١٠	١١	[✓ ١]	٤	١٢	٥	[✓ ٣]

ڕێنمایی... ئەگەر دیتت هەندێ قوتابی رووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە شیکاری پرسیارەکان یەکەمجار جەخت بکەوە کەوا بۆیان باشترە هێڵی ژمارەکان بەکاربێنن. ئینجا ئاگاداریان بکەوە کە لە کوێ دەست پێ دەکەن بە ژماردن بەرەو پاش وە چۆن؟

ئاگاداربە... هەڵەی باو لە کرداری لێدەرکردنی ١٢ − ٣ = ٩ هەندێك لە قوتابیان دەست بە ژماردن دەکەن لە ١٢ و دەڵێن ١٢، ١١، ١٠. ئەنجامەکە دەبێتە ١٠ ئاگاداری قوتابیان بکە کە کرداری ژماردن دەست پێ دەکات لە ١١ دەڵێت ١١، ١٠، ٩.

داوا لە قوتابیان بکە ئەو ڕاهێنانەی کە لە لاپەڕە ١٣٤دا هاتووە شیکاریکەن

ڕاهێنانەکانی لاپەڕە ١٣٤ بوار بۆ قوتابیان دەڕەخسێنێ بۆ دۆزینەوەی جیاوازی بەبەکارهێنانی هێڵی ژمارەکان.
بە قوتابیان رابگەێنە کە هەردوو راهێنانی ١، ٢ کە بەشێوەی ستوونی دانراوە ژمارەی سەرەوە واتای ئەو ژمارەیە دەگەێنێ کە لێی دەستپێدەکەی لەمیانەی کرداری لێکدەرکردن بەرەو پاش وە ژمارەی ژێرەوە واتای ژمارەی هەنگاوەکانە کە لێی دەجولێت بەرەو چەپ.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆ و نووسین روونبکەوە چۆن بەرەو پاش دەژمێرێ بۆ دۆزینەوەی جیاوازی ١١ـ٢؟ لە هزری خۆم دا دەڵێم ١١ پاشان بەرەو پاش دەچم دوو هەنگاو ١٠، ٩ دەنووسم: ١١ − ٢ = ٩.

تاقیکردنەوەی وانەکە

بەرەو پاش دەژمێرم
جیاوازی هەڵدەبژێرم

١٢
٣ −

أ ١٠ ج ٨
[✓ ب] ٩ د ٧

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە راهێنانەکانی (١ − ٣) لە ماڵەوە شیکار بکەن کە لە وانەی (٩ − ١) هاتووە لە کتێبی راهێنان.
- قوتابییان هانبدە بۆ ئەوەی لە ماڵەوە راهێنانەکانی بڕگەی پێداچوونەوە شیکار بکەن کە لە هەمان وانە هاتووە لە کتێبی راهێنان.
- بۆ قوتابییان روونبکەوە کە ئەم راهێنانە دابین کردنی پێداچوونەوەیە بۆ کارامەییەکانی پێشوو.

وانەی ٢ بە چەند پترە؟

پلانی وانەکە

ئامانج: پرسیارەکانی لێدەرکردن شیکار دەکات بە بەراورد کردن.

زاراوەکان: زۆرتر، کەمتر

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- شیکارکردنی پرسیارەکان
- ڕێنوێنی و سەلماندن
- گەیاندن
- بەستنەوە

ڕۆژانە

لەسەر تەختە ڕۆژەکانی هەفتە بنووسە داوا لە قوتابیەك بکە ناوی ئەمڕۆ دیاربکات. داوا لە قوتابیەکی تر بکە سبەی دیاربکات. لەگەڵ قوتابیان بدوێ و هەڵەکانیان ڕاست بکەوە.

پێشینەی بیرکاری

کاتێك قوتابی بەراورد دەکات لە نێوان دوو کۆمەڵەدا پێش هەموو شتێك دیاردەکات کامیان گەورەترە. زانینی جیاوازی لە نێوان ژمارەی دانەکانی ناو کۆمەڵە ناوەرۆکی کرداری لێدەرکردنە. لەم وانەیەدا قوتابی دانەیەك لە کۆمەڵەی یەکەم دەگەیەنێت بە دانەیەکی تر لە کۆمەڵەی دووەم. واتە جووت بوون دروست دەکات لە نێوان کۆمەڵەکە لەگەڵ بەشێکی کۆمەڵەی دووەم. جووت بوون بەکاردێنێت لە نێوان جووتەکان لە ڕیزەکانی سەرەوەدا بۆ بنیاتنانی ڕاستییە گرنگەکانی بیرکاری.

چالاکی

بەراوردکردن

دوانی
هەستی-جولەی

ئامانج لە پرسیارەکانی لێدەرکردن بەراورد کردن دەنوێنێ.

کەرەستەکان بۆ هەر جووتێك «دوانەیەك» ٢١ پەپکە لە دوو ڕەنگ.

- ٦ بازنە وێنە بکێشە و ڕەنگی بکە پاشان ٥ چوارگۆشە لە ژێر بازنەکاندا بکێشە و ڕەنگی بکە بەڕەنگێکی تر. داوا لە قوتابیان بکە پەپکەکانیان بەکاربهێنن بۆ نواندنی ئەو وێنە کێشراوە پاشان داوایان لێبکە بیدۆزنەوە کە ژمارەی بازنەکان چەندی زیاترە لە ژمارەی چوارگۆشەکان؟ ١.
- داوا لە قوتابیان بکە لە دوو ڕیزدا ١١ پەپکەی سوور و ٩ پەپکەی زەرد دابنێن. لێیان بگەرێ با ئاگادارت بکەنەوە کە ژمارەی پەپکە سوورەکان چەندی زیاترە لە پەپکە زەردەکان. ٢. پاشان داوایان لێبکە ڕستەی گونجاوی لێدەرکردن بنووسن ١١ − ٩ = ٢.



ڕێکخستنی وانەی ٢

پرسیاری ئەمڕۆ

سامان ٨ پەرتووکی هەلگرتووە، ئاسۆ ٣ پەرتووك کەمتری هەلگرتووە لە سامان. ئاسۆ چەند پەرتووکی هەلگرتووە؟ ٥ پەرتووك

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ ١٠ - ٩ = ١
٢ ٨ - ٦ = ٢
٣ ٩ - ٧ = ٢
٤ ١٠ - ٤ = ٦

بۆچی ئەو بابەتە فێردەبین؟ بەراوردکردن لە نێوان دوو ژمارە یارمەتی قوتابیان دەدات بۆ هەژمارکردنی جیاوازی نێوان دوو ژمارە.

دەتوانیٚ دەست بە وانەکە بکەی بە جێبەجێکردنی ئەم چالاکیەی دێت:

- پۆلەکە بۆ چەند کۆمەڵەیەك دابەش بکە وە هەر کۆمەڵەیەك ٦ دەنکە فاسولیا و ١٠ سەرە شووشەی بەسەر دابەشبکە.
- داوا لە قوتابیان بکە جووت بوون بەکاربێنن یەك بۆ یەك لە نێوان دەنکە فاسولیاکان و سەرە شووشەکان بۆ دۆزینەوەی ژمارەی سەرە شووشەکان چەندی زیاترە لە دەنکە فاسولیاکان، سەرشووشەکان ٤ ی زیاترە لە دەنکە فاسولیاکان.



٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- داوا لە قوتابیان بکە نێوان جووتە ژمارەکان بگەێنیٚ بە یەکتر و ئەوەی ماوەتەوە بیانژمێرن.
- پێیان بڵیٚ کە کرداری جووتکردنی نێوان دانەکانی دوو کۆمەڵە بۆ دۆزینەوەی ژمارەی سێوەکان چەند زیاترە لە ژمارەی پرتەقاڵەکان، کرداری لێکدەرکردن دەنوێنیٚ.
- ئەمەیان بە بیربێنەوە: یەکەمجار ژمارەی دانەکانی ئەو کۆمەڵە دەنووسرێت کە زۆرتری تێدایە (واتا ژمارەی سێوەکان وە ژمارەی دانەکانی ئەو کۆمەڵەیەی کەمتری تێدایە لێی دەردەکرێت واتا (ژمارەی پرتەقاڵەکان).

وانەی ١ بەچەند پترە؟

ژمارەی سێوەکان چەندی زیاترە لە ژمارەی پرتەقاڵەکان؟

ژمارەی سێوەکان بە دوو زیاترە لە ژمارەی پرتەقاڵەکان



١١
٩ -
٢

هێڵەکان دەکێشم بۆ جووت بوون. لێدەرکردن دەکەم.

١ ژمارەی گێلاسەکان چەندی کەمترە لە ژمارەی مۆزەکان؟



١٢
٨ -
٤

٢ ژمارەی شلیگەکان چەندی زیاترە لە ژمارەی هەرمێکان؟



١٠
٧ -
٣



باسبکە ■ ڕێنوێنی
کام کۆمەڵە لە سێوەکان ژمارەیان زیاترە؟
چۆن ئەوە ڕوون دەکەیتەوە.

١٣٥

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ **ڕێنوێنی**

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باس بکە ■ ڕێنوێنی هاتووە،

وەڵام: هەردوو کۆمەڵە هەمان دانەیان هەیە، وەڵامی گونجاو سێوەکان دەژمێرم ٧ سێو دەبینم لە هەر کۆمەڵەیەك وەڵامی گونجاوی تر: سێوەکانی هەردوو کۆمەڵە بە یەك دەگەێنم هیچ سێو نامێنێتەوە «قوتابی لەم جالاکیەدا تێبینی دەکات کە ژمارەکە لە کۆمەڵەکە ناگۆڕێت ڕێگەی دابەشبوونی دانەکانی هەر چۆنیەك بێت.

ڕێنمایی... ئەو بارانەی کە پێویستە بۆ بەراوردکردنی دانەکانی دوو کۆمەڵە بۆ بەدەرخستنی، ژمارەی یەکێکیان چەند زیاترە لەوی تر لەوانەیە هەندیٚ جار قوتابی تووشی شلەژان بکات، پاش نواندنی دانەکانی هەردوو کۆمەڵە لەوانەیە هەندیٚ قوتابی ئارەزووی بیر لە کۆکردنەوە بکات، وە بەستنەوەی دانەکانی کۆمەڵەی بە دانەکانی کۆمەڵەی دووەم بە گرنگ دادەنرێت لە بارێکی وەك ئەمەدا قوتابی دەبینیٚ ئەو دانانەی نەبەستراوەتەوە جیاوازی دەنوێنیٚ.

- پرسە چۆن ڕستەی لێدەرکردن دەنووسی؟
١١−٩= ٢ . قوتابیان ڕاهێنانەکانی ماوەتەوە لە لاپەڕەکەدا جێبەجێ دەکەن.

داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لەلاپەڕەی ١٣٦دا هاتووە

ڕاهێنانەکانی ئەم لاپەڕەیە بوار لەبەردەم قوتابیان دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی پرسیارەکانی دەربارەی بەراوردکرن شیکار بکات بە بەکارهێنانی لێدەرکردن.

بۆ شیکارکردنی ڕاهێنانەکانی ئەم لاپەڕەیە دڵنیابە لە قوتابیان بۆ دۆزینەوەی جیاوازی تەنها ئەو دانانە ئەژمێرن کە نەبەستراونەتەوە.

فێرکردنی نموونەیی

ئاستی ئاسایی: نموونەیەك دروست دەکەم بۆ قوتابیان لەم ئاستەدا لە چالاکی دا، قوتابیان ڕیزی یەکەم و دووەم دەژمێرن، پاشان مێوە زیادەکان جیادەکەنەوە لە ڕیزی یەکەم بۆ دۆزینەوەی جیاوازی.

ئاستی پێشکەوتوو: داوا لە قوتابیان دەکەم لەم ئاستەدا پرسیارێك دابنێ و پێشکەشی بکات بە هاوڕێکەی تاکو شیکاری بکات.

پرسیارێك شیکار دە کەم • جێبەجێکردن

پێویستە وێنەی قوتابیان ڕەنگدانەوەیان هەبێت لەسەر تێگەیشتنیان بۆ پرسیارەکە. و چۆنیەتی گەیاندن لە نێوان جووتەکان بۆ دۆزینەوەی جیاوازی زیادەکە.



ڕاهێنان دەکەم

هێڵەکان دەکێشم بۆ جووت بوون. لێدەرکردن دەکەم بۆ ئەوەی ژمارە زیادەکە بدۆزمەوە.

١ ١٠ − ٨ = ٢

٢ ١١ − ٧ = ٤

٣ ١٢ − ٩ = ٣

٤ ١٢ − ٧ = ٥

پرسیارێك شیکار دەکەم ■ جێبەجێکردن

شیکاری دەکەم پاشان وێنەی دەکێشم بۆ ساغکردنەوەی.

٥ دنیا ١٠ قۆخی لایە
دڵنیا ٦ قۆخی لایە
دنیا چەند قۆخی زیاترە لە دڵنیا

٤ قۆخ «خوخ»

چاودێری کاری قوتابیان بکە

چالاکی ماڵەوە • دوو کۆمەڵە شت لەبەردەمی منداڵەکەت دابنێ. شتەکانی یەکەمیان لەدووەمیان زیاتربێ داوای لێبکە باس بکات چۆن لێدەرکردن بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی بیدۆزێتەوە کە کۆمەڵەی یەکەم چەندی زیاترە لە کۆمەڵەی دووەم؟

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆ و نووسین لە هۆڵەکەدا ١١ کورسی و ٦ قوتابی هەیە. ژمارەی قوتابییەکان چەندی کەمترە لە ژمارەی کورسییەکان؟ ڕوونبکەوە چۆن دەزانی. ٥. وێنە دەکێشم و نێوان جووتەکان بە یەك دەگەیەنم. ئەو کورسیانەی ماونەتەوە دەیانژمێرم.

تاقیکردنەوەی وانەکە

زیادەکە چەندە؟

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★
☼ ☼ ☼ ☼

أ ٨ − ٥ = ٣
ب ٧ − ٣ = ٤
[✓ ج] ٧ − ٤ = ٣
د ٧ − ٥ = ٢

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە ڕاهێنانەکانی (١، ٣، ٤) لە ماڵەوە شیکار بکەن کە لە وانەی (٩−٢) هاتووە. لە کتێبی قوتابی.
- قوتابیان هانبدە بۆ ئەوەی لە ماڵەوە ڕاهێنانەکانی بڕگەی پێداچوونەوە شیکار بکەن کە لە هەمان وانە هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان.
- بۆ قوتابیان ڕوونبکەوە کە ئەم ڕاهێنانە دابینکردنی پێداچوونەوەیە بۆ کارامەییەکانی پێشوو.



ڕاهێنان ٩−٢

قوتابخانە..........ناوی قوتابی..........پۆل یەکەم هۆبەی.......بەروار / /

بە چەند زۆرترە (پترە)؟

وانەی ٩-٢

چەند هێڵێك دەکێشم بۆ بەرامبەرکردن لێدەرکردن دەکەم بۆ زانینی جیاوازی

١ ١١ − ٧ = ٤

٢ ١٠ − ٨ = ٢

٣ ١١ − ٩ = ٢

٤ ١٢ − ٨ = ٤

پێداچوونەوە

شیکار دەکەم

٥ ٨ + ٣ = ١١
٦ ١١ − ٣ = ٨
٧ ٧ + ٤ = ١١
٨ ٦ + ٤ = ١٠
٩ ٦ − ٤ = ٢
١٠ ١٠ − ٤ = ٦
١١ ٧ + ٥ = ١٢
١٢ ٣ + ٩ = ١٢
١٣ ١٢ − ٩ = ٣

وانەی ٣ کۆدەکەمەوە و لێدەردەکەم

پلانی وانەکە

ئامانج: پەیوەندی نێوان ڕاستی کۆکردنەوە و ڕاستی لێدەرکردن و دەرئەنجامەکەی دەناسێت.

زاراوەکان: ڕاستییە پێکەوە بەستراوەکان.

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- جەبر
- شیکارکردنی پرسیارەکان
- ڕێنوێنی و سەلماندن
- گەیاندن
- بەستنەوە
- نواندن

ڕۆژانە

تۆ ٥ هەزار دینارت پێیە. باوکت ٣ هەزار دیناری دا پێت. ئێستا چەندت پێیە؟ ٨ هەزار. چەند هەزارت پێ بوو پێش ئەوەی باوکت ٣ هەزارت بداتێ؟ ٥ هەزار.

پێشینەی بیرکاری

پەیوەندی نێوان کۆکردنەوە ولێدەرکردن لەو پەیوەندییە سەرەتایی وبنچینەییانەیە لە نێوان ئەو پەیوەندییانە کە قوتابیان دیانزانن. ئەم پەیوەندییە یەکێکە لە بنچینەکانی گەیشتن بە چەمکی بینای جەبری.

لەبەرئەوەی لێدەرکردن کردارەکی پێچەوانەیە بۆکرداری کۆکردن. ئەگەر قوتابی ئەم پەیوەندیانە بزانێ ئەوا نووسینی هەندێ لە ڕاستیەکانی بۆ ئاسان دەبێت بەدەست پێکردن بە ڕاستییەکانی تر کە لە هزری خۆیدا هەڵی گرتوون.

چالاکی

ڕاستییە بەیەکەوە بەستراوەکان

دوانی

هەستی-جولەی

ئامانج ڕاستییە بەیەکەوە بەستراوەکانی کۆکردنەوە و لێدەرکردن دەنوێنێ.

کەرەستەکان بۆ هەر جووتێك ٢٠ شەش پاڵوو لە دوو ڕەنگ.
بۆمامۆستاش ١٠ شەش پاڵوو لە دوو ڕەنگ.

- شەش پاڵووەکان بەکاربهێنە بۆ ئەوەی بۆ قوتابیان ڕاستی کۆکردنەوەی ٥ + ٣ = ٨ بنوێنێ(٥شەش پاڵوو لە ڕەنگێك و ٣ شەش پاڵوو لە ڕەنگێکی تر). ڕستەی کۆکردنەوەکە لەسەر تەختە بنووسە. ٣ شەش پاڵووەکەی تر لابە و پرسیار لە قوتابیان بکە: **چەند ماوە؟** ٥.
- داوا لە قوتابیان بکە ڕستەیەکی گونجاوی لێدەرکردن بنووسن، پاشان ئەو ڕستەیە لەسەر تەختەکە بنووسە. ئاگاداریان بکەوە کە ئەو دوو ڕاستییە هەمان ژمارەیان بەکارهێناوە. پرسیار بکە **دوو ڕستە کە بەچی لەیەك دەچن؟** ژمارەکان لە هەردوو ڕستەکەدا دەردەکەون. **دوو ڕستە کە بەچی لەیەك جیاوازن؟** ڕستەی یەکەم کۆکردنەوەیە و ڕستەی دووەم ڕستەی لێدەرکردنە.



ڕێکخستنی وانەی ٣

پرسیاری ئەمڕۆ

هەموو ڕستەکانی کۆکردنەوە بنووسە کە

سەرجەمەکەی ٥ بێت ٠+٥=٥، ١+٤=٥

٢+٣=٥، ٣+٢=٥، ٤+١=٥،

٥+٠=٥

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٤ + ١ = ٥

٢ ٣ + ٣ = ٦

٣ ٥ − ١ = ٤

٤ ٦ − ٣ = ٣

بۆچی ئەو بابەتە فێردەبین؟ ئەگەر پەیوەندی نێوان ڕستەی کۆکردنەوە و ڕستەی لێدەرکردن زانرا، نووسینی ڕستەی لێدەرکردن ئاسان دەبێت.

دەتوانی دەست بە وانەکە بکەی بەم چالاکیەی دێت:

- لەسەر تەختە بنووسە ٧+٨ =
- داوا لە یەکێ لە قوتابیەکان بکە ڕستە کۆکردنەوەکە بنوێنی بە بەکارهێنانی شەشپاڵوو پێکەوە بەستراوەکان.
- **بپرسە سەرجەم چەندە؟**
- داوا لە قوتابییەکە بکە ڕاستی لێکدەرکردنی پێکەوە بەستراو بە ڕاستی کۆکردنەوەی ٧+٨ =١٥، ٨ شەشپاڵوو لە ١٥ شەشپاڵوو دەردێنم: ١٥−٨=٧
- داوا لە قوتابیان بکە بگەڕێنەوە بۆ هەنگاوەکانی ڕاستی کۆکردنەوەکە بۆ نووسینی ڕاستی لێکدەرکردنی پێکەوە بەستراو پێی.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- سەرنجی قوتابیان ڕابکێشە بۆ نموونەکە بەشی سەرەوەی لاپەڕەی ١٣٧ .
- بۆ قوتابیان ڕوون بکەوە ئەگەر زانیان کە ٨+٤=١٢، ئەوا نووسینی ڕستەی لێدەرکردنی ١٢−٤=٨ بۆیان ئاسان دەبێت.
- **بپرسە ئەو دوو ڕاستییە پێکەوە بەستراوەی لە ڕاهێنانی ٢ دایە کامەیە؟** ٧+٥=١٢ وە ١٢−٥=٧.
- با قوتابیان چالاکییەکانی تری لاپەڕەکە جێبەجێ بکەن.



وانەی ٣

کۆدەکەمەوەو لێدەردەکەم

🟥 و 🟦 بەکاردەهێنم بۆ ئەوەی کۆبکەمەوە یان لێدەرکردن بکەم.

خشتەکە تەواو دەکەم.

	بەکاردەهێنم 🟥	زیاددەکەم 🟦	سەرجەم دەنووسم	لادەبەم 🟥	ڕستەی لێدەرکردن دەنووسم
١	٦	٣	٦ + ٣ = ٩	٣	٩ ⊖ ٣ ⊜ ٦
٢	٧	٥	٧ + ٥ = ١٢	٥	١٢ ⊖ ٥ ⊜ ٧
٣	٤	٦	٤ + ٦ = ١٠	٦	١٠ ⊖ ٦ ⊜ ٤
٤	٣	٨	٣ + ٨ = ١١	٨	١١ ⊖ ٨ ⊜ ٣
٥	٦	٦	٦ + ٦ = ١٢	٦	١٢ ⊖ ٦ ⊜ ٦

باسبکە ■ ڕێنوێنی

ڕاستی کۆکردنەوە چۆن یارمەتیت دەدات بۆ نووسینی ڕاستی لێدەرکردن؟

١٣٧

ڕێنمایی... بۆ دڵنیابوون لە تێگەیشتنی قوتابیەکان بۆ وانەکە، سێ ژمارەیان بدەرێ پاشان داوایان لێبکە دوو ڕاستیە پێکەوە بەستراوەکانی کۆکردنەوەو لێدەرکردن بنووسن. دەتوانی ڕستەیەکی لێدەرکردن بنووسی (٨ − ٣ = ٥ بۆ نموونە) پاشان داوایان لێدەکەی ڕستەی کۆکردنەوەی پێکەوەبەستراو بنووسن.

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باس بکە ■ ڕێنوێنی هاتووە.

وەڵام: هەموو وەڵامێکی شیاو پێی ڕازیم. ڕازیم بە وەڵامەکانی بونیاتنراوە لەسەر نموونەکان بۆ نموونە ئەگەر زانیم کە ٨+٤=١٢ ئەوا دەنووسم ١٢−٤=٨

پێشینەی بیرکاری

لەکاتی دەرهێنانی ڕاستیەکی لێدەرکردنی پێکەوە بەستراو بە ڕاستیەکی کۆکردنەوە ئەو دژە کۆکردنەوە جێبەجێ دەکرێت.



ڕاهێنان دەکەم

سەرجەم یان جیاوازی دەنووسم، ڕاستییە بەیەکەوە بەستراوەکان لەهەردێڕێك دا دەوردەدەم.

١ ٧ + ٢ = ٩ ، ٥ + ٢ = ٧ ، ٩ − ٢ = ٧

٢ ٨ + ٤ = ١٢ ، ١٢ − ٤ = ٨ ، ١٠ − ٤ = ٦

٣ ١١ − ١ = ١٠ ، ٩ + ١ = ١٠ ، ١٠ + ١ = ١١

٤ ١٠ − ٧ = ٣ ، ٣ + ٧ = ١٠ ، ٧ + ٤ = ١١

پرسیارێك شیكار دەكەم ■ ڕێنوێنی

٥ ٣ ژمارە دەوردەدەم بۆ ئەوەی دوو ڕاستییە پێکەوە بەستراوەکە بنووسم ڕستە ژمارەییەکە دەنووسم.

٧ + ٥ = ١٢

١٢ − ٥ = ٧

چالاكی ماڵەوە • ڕستەیەکی کۆکردنەوە لەبەردەم منداڵەکەت دابنووسە وەك ٤ + ٥ ، داوای لێبکە سەرجەمت بداتێ. وە دوای ئەوە داوای لێبکە ڕاستییە پێکەوە بەستراوی لێدەرکردن بنووسێ لەگەڵ (٩ − ٥ = ٤) یان (٩ − ٤ = ٥).

١٣٨



ڕاهێنان ٩-٣

قوتابخانە.............ناوی قوتابی.............پۆل: یەکەم هۆبەی.......بەروار / /

کۆدەکەمەوە و لێدەردەکەم

وانەی ٩-٣

سەرجەم یان جیاوازی دەنووسم.
ڕاستییە پێکەوەبەستراوەکان لە هەر ڕاهێنانێکدا دەوردەدەم.

١ ٤ + ٣ = ٧ ، ٣ + ٣ = ٦ ، ٧ − ٣ = ٤

٢ ٨ + ٣ = ١١ ، ١١ − ٣ = ٨ ، ٧ + ٤ = ١١

٣ ٦ + ٤ = ١٠ ، ٦ − ٤ = ٢ ، ١٠ − ٤ = ٦

٤ ٧ + ٥ = ١٢ ، ٣ + ٩ = ١٢ ، ١٢ − ٩ = ٣

٥ ٤ + ٨ = ١٢ ، ٥ + ٦ = ١١ ، ١١ − ٦ = ٥

٦ ٢ + ٩ = ١١ ، ١١ − ٩ = ٢ ، ١١ − ٤ = ٧

پێداچوونەوە

شیکاردەکەم

٧ ١٠ − ٨ = ٢ ، ٨ ٩ + ٢ = ١١ ، ٩ ٩ − ٥ = ٤

١٠ ١١ − ٨ = ٣ ، ١١ ٧ + ٣ = ١٠ ، ١٢ ٧ − ٢ = ٥

١٣ ١٠ − ٤ = ٦ ، ١٤ ٨ + ٢ = ١٠ ، ١٥ ١٢ − ٦ = ٦

[illegible]

ڕێنمایی... لەوانەیە هەندێ قوتابی تووشی ئاستەنگ بن لە فێربوونی دوو ڕاستی کۆکردنەوە و لێکدەرکردنی پێکەوە بەستراو. بۆ لابردنی ئەم ئاستەنگانە دوو کارت بە قوتابیان بدە لەسەر یەکیان ڕاستی کۆکردنەوە نووسرابێ وەك ٧+٨ وە لەسەر دووەمیان ڕاستی لێکدەرکردنی پێکەوە بەستراو پێی (١٥−٨) با قوتابیان پەپکەکان یان دەنگە فاسولیا بەکاربێنن بۆ نواندنی ڕاستی کۆکردنەوەکە و دۆزینەوەی سەرجەم ئینجا وازیان لێبێنە با پەپکەکان و دەنکە فاسولیەکان بەکاربێنن بۆ نواندنی ڕاستی لێدەرکردن و دۆزینەوەی جیاوازی. پێیان بڵێ ئەم ڕاستییە پێکەوە بەستراون، چونکە هەردووکیان هەمان ژمارە بەکاردێنن.

ئاگاداریە... هەندێ لە قوتابیەکان هەڵە دەکەن لە تاقیکردنەوەی ڕاستییەکانی پێکەوە بەستراو. ئەم قوتابیانە ئاگادار بکەوە کە ئەم جۆرە ڕاستییانە هەمان ژمارە لە خۆ دەگرن.

داوا لە قوتابییان بکە ئەو ڕاهێنانە شیکار بکەن کە لە لاپەڕە ١٣٨ هاتووە

ڕاهێنانەکانی ئەم لاپەڕەیە بوار دەڕەخسێنێ لەبەردەم قوتابیان بۆ ئەوەی ئەو ڕاستییە لێکدەرکردنەی دەرچووە جیابکاتەوە لە ڕاستییە کۆکردنەوەکە.

فێرکردنی نموونەیی

ئاستی ئاسایی قوتابییانی ئەم ئاستە ئاڕاستە بکە و یارمەتیان بدە، تا هەست بە داواکراو بکەن.

ئاستی پێشکەوتوو داوا لە قوتابیانی ئەم ئاستە بکە ڕاستییە پێکەوە بەستراوەکان بنووسن کە ژمارەی ٩ تیا دەردەکەوێت.

پرسیارێك شیكار دەكەم • ڕێنوێنی ئەم چالاکییە قوتابیان هان دەدات لەسەر بیرکردنەوە و ناسینی سێ ژمارەکەی کە دەکرێت بەکاربهێنرێت لە نووسینی دوو ڕاستی پێکەوە بەستراو.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆ و نووسین ڕاستییەکانی پێکەوە بەستراوەکان بڵێ و وێنە بەکاربهێنە بۆ ڕوونکردنەوەیان.

تاقیکردنەوەی وانەکە

ئەو ڕاهێنانەی کە ڕاستییەکانی پێکەوە بەستراوی تیا دەردەکەوێ دەور بدە

[✓ أ] ٦ + ٤ = ١٠ ، ١٠ − ٤ = ٦
ب ٦ + ٤ = ١٠ ، ١٠ − ٣ = ٧
ج ٥ + ٤ = ٩ ، ٩ − ٣ = ٦
د ٥ + ٤ = ٩ ، ٩ − ٧ = ٢

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە ڕاهێنانەکانی (١، ٣، ٤، ٥) لە ماڵەوە شیکار بکەن کە لە وانەی (٩−٣) هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان.
- قوتابییان هانبدە بۆ ئەوەی لە ماڵەوە ڕاهێنانەکانی بڕگەی پێداچوونەوە شیکار بکەن کە لە هەمان وانە هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان.
- بۆ قوتابییان ڕوونبکەوە کە ئەم ڕاهێنانە دابین کردنی پێداچوونەوەیە بۆ کارامەییەکانی پێشوو.

وانەی ٤ پرسیارێك شیكاردەكەم: وێنەیەك دەكێشم

پلانی وانەکە

ئامانج: پرسیارێك شیكاردەكات بە بەكارهێنانی ڕێگەی « وێنەیەك دەكێشم»

پێوەرەکان

- ژمارەكان و كردارەكان
- شیكاركردنی پرسیارەكان
- ڕێنوێنی و سەلماندن
- گەیاندن
- بەستنەوە
- نواندن

ڕۆژانە

ناوی مانگەکان لەسەر تەختە بنووسە. داوا لە قوتابیەك بکە ناوی ئەم مانگەی ئێستا نیشان بدات. پاشان داوا لە قوتابیەکی تر بکە ناوی مانگی ڕابوردووت پێ نیشان بدات. پاشان قوتابیەکی تر ناوی مانگی داهاتوو نیشان بدات. لەگەڵ قوتابیان بدوێ و هەڵەکان ڕاست بکەوە.

ڕۆشنایی پەروەردەیی

ئەو وێنانەی کە قوتابی وێنەی دەکێشێت و جێبەجێی دەکات ڕێگەیەکی کاریگەرە و یارمەتی قوتابیان دەدات بۆشیکارکردنی پرسیارەکان، لەبەر ئەوەی لە خودی قوتابیدا هەڵدەقوڵێ و پەیدادەکات و پاڵی پێوەدەنێت بۆ شیکارکردنی پرسیارەکە. ڕێگەی « وێنە دەکێشم» هەنگاوێکی پێویستە کە قوتابی لە نواندن بە شەشپاڵووەکان یان ئەو شتانەی هەستی پێ دەکات دەگوازێتەوە بۆ نواندن بە وێنە. ئەمەش گەشە بە قوتابی دەدات لە ئاست بیر کردنەوەی هەستی و جوڵەیی بۆئاستی بیرکردنەوەی تیۆری .

چالاکی

شیکارکردنی پرسیارەکان بە وێنە

هەموو پۆل

هەستی-جوڵەی

ئامانج وێنە بەكاردەهێنێ بۆ شیكاركردنی پرسیارێك.

- ئەو چیرۆکە بۆقوتابیان بگێرەوە: **١٢ مراوی بەیەكەوە بوون ٣ مراوی دووركەوتنەوە بە مەلەكردن، ٤ مراوی چونە ناو كولانەوە، چەند مراوی ماوەتەوە؟**
- یارمەتی قوتابیان بدە بۆ ئەوەی بزانن کە پێویستە لەسەریان ژمارەی ئەو مراویانەی ماونەتەوە بدۆزنەوە. بۆیان ڕوون بکەوە کە لە توانایاندایە وێنەی مراویەکان بکێشن بۆشیکارکردنی پرسیارەکە. دەتوانی وێنەی مراویەك بکێشی بۆ یان لەسەر تەختە.
- دوای ئەوەی قوتابیان لە وێنە کردن تەواو بوون داوایان لێبکە ئەو مراویانەی مەلەیان کرد بسرنەوە بە هێمای (×) و هەروەها ئەوانەش کە چوونە ناو کولانەکەوە. ئاگاداریان بکەوە ئەو مراویانەی کە نەسراونەتەوە وەڵامەکەیە. داوا لە قوتابیان بکە ڕستەیەکی ژمارەیی گونجاو بنووسن.



ڕێکخستنی وانەی ٤

Star Group

پرسیاری ئەمڕۆ

تەمەنی ئەژی ٦ ساڵە بەڕێز ٢ ساڵ گەورەتر لە ئەژی. لازۆ ٣ ساڵ گەورەترە لە بەڕێز. تەمەنی لازۆ چەندە؟ ١١

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٥ + ٧ = ١٢ **٢** ٨ + ٤ = ١٢

٣ ٦ + ٦ = ١٢ **٤** ٣ + ٩ = ١٢

بۆچی ئەو بابەتە فێردەبین؟ بەکارهێنانی وێنەکان بۆ شیکارکردنی پرسیار زۆر ئاسترە بۆ قوتابییان لە پێکهێنانی نموونەکان.

- دەست بە وانەکە بکە بە داواکردن لە یەکێك لە قوتابییەکان کە هەنگاوەکانی شیکاری پرسیارەکانت بۆ بڵێ تێدەگەم- پلان دادەنێم- شیکار دەکەم- ساغدەکەمەوە.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- **تێدەگەم** داوا لە قوتابییان بکە پرسیارەکە بخوێننەوە و ئاگادارت بکەنەوە لەوەی لێی تێگەیشتوون. ئالان ١٢ کێکی هەیە ٢ی دا بە خوشکەکەی ئینجا ٣ی دا بە براکەی.

داوا لە قوتابیان بکە روون بکەنەوە داواکراو چییە؟ ئالا چەند کێکی پێیە؟

- **پلان دادەنێم** **داوا لە قوتابیان بکە پێشبینی ڕێگەیەك بکەن بۆ شیکارکردنی پرسیارەکە.** دەکرێ وێنەیەك بکێشم بۆ نواندنی ١٢ کێك ئینجا ئەو کێکانەی ئالان دایتیە خوشکەکەی و براکەی دەکوژێنمەوە.

- **بپرسە ئەو کردارە چییە کە پرسیارەکە دەربارەی دەریدەبڕێ؟ لەبەرچی؟** لێکدەرکردن، چونکە پرسیارەکە قسە دەکات لەبارەی ئەو دوو کێکەی ئالان دایتیە خوشکەکەی و ئەو ٣ کێکەی دایتیە براکەی و دەربارەی ئەژمێرکردنی ئەوەی لای ماوەتەوە.



پرسیارێك شیکار دەکەم
وێنەیەك دەکێشم

وانەی ٤

تێ دەگەم | پلان دادەنێم | شیکاردەکەم | ساغدەکەمەوە

ئالا ١٢ کێکی لایە ٢ کێکی دا بە خوشکەکەی و ٣ کێکی دا بە براکەی ، چەند کێکی لاماوە؟

تێ دەگەم

داواکراو چییە؟

پلان دادەنێم

لە توانام دایە وێنەیەك بکێشم بۆ شیکاری پرسیارەکە.

شیکاردەکەم

٧ کێك

ساغکردنەوە

ئایا وەڵامەکەم شیاوە؟
ئەوە ڕوون دەکەمەوە.

وێنەیەك بۆ شیکاری پرسیارەکە دەکێشم.

١ ١١ سێو لەسەر قاپێك دانراوە. ئالان دوو سێوی خوارد، و هۆزان وخوشکەکەی ٥ سێویان خوارد. چەند سێو ماوەتەوە؟
٤ سێو

٢ دایکم ٩ سەندەویجی دروست کرد. من و خوشکەکانم ٧ سەندەویجمان خوارد باوکم ٢ ی خوارد ، چەند سەندەویج ماوەتەوە؟
٠ سەندەویج

چاودێری کاری قوتابیان بکە

- **شیکار دەکەم** داوا لە قوتابییان بکە بڵێن چۆن پرسیارەکەیان شیکار کرد. وێنەی ١٢ کێك دەکێشم: دوانیان دەسڕمەوە بە (×)، پاشان ٣ی لێ دەسڕمەوە، ماوە ٧.
- **بپرسە ڕێگەی « وێنەیەك بکێشە» چۆن یارمەتیت دەدات بۆ شیکارکردنی پرسیارەکە.**

وێنەکێشانی ژمارەی هەموو کێکەکان وە کوژاندنەوەی ئەوانەی دایتیە خوشکەکەی و براکەی یارمەتی ئەژمێرکردنی ماوەی دا.

- **ساغدەکەمەوە** **چۆن ساغدەکەیتەوە کە وەڵامەکەت گونجاوە؟** وێنە دەکێشم و دەژمێرم.

ڕێنمایی... گرنگی وێنە لە شیکارکردنی پرسیارەکان بۆ قوتابییان باس بکە. وێنە بریتییە لە نواندنی پرسیارەکە و ئاسانکردنی، وە یارمەتی تێگەیشتنی پرسیارەکە و یارمەتی شیکارکردنی دەدات لەمیانەی کوژاندنەوەی وێنەکان، بۆ نموونە، وە مانای لێدەرکردن دەدات، ئەم وانەیە بوار بۆ قوتابیان دەڕەخسێنێ بۆ شیکارکردنی ئەو پرسیارانەی پێویستیان بە زیاتر لە هەنگاوێك هەیە بێ ئەوەی ناویان بهێنرێ.

٣ ڕاهێنان

داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لە لاپەڕە ١٤٠دا هاتووە

- پێویستە قوتابیان ئاگادار بن کە چالاکییەکانی ئەم لاپەڕەیە کرداری لێدەرکردنی تێدایە. چاودێری کاری قوتابیان بکە.

لەکاتی شیکارکردنی ڕاهێنانەکانی ئەم لاپەڕەیە دڵنیابە لەوەی کە قوتابیەکان پرسیارەکەیان بە دروستی نواندووە بەهۆی وێنەوە.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆ و نووسین ڕوونبکەوە چۆن وێنەکان بەکاردەهێنی بۆ شیکارکردنی پرسیارەکە؟ وێنە بەکاردەهێنم بۆ ئەوەی سەرجەمەکە بژمێرم یان ئەوەی ماوەتەوە.

تاقیکردنەوەی وانەکە

دانا ١٠ پێنووسی لابوو ٢ ی بزرکردووە ٣ دایە خوشکەکەی.

چەند پێنووسی لاماوە؟

أ ٨   ج ٦
ب ٧   [✓ د ٥]

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە ڕاهێنانەکانی (١، ٣، ٤) لە ماڵەوە شیکار بکەن کە لە وانەی (٩–٤) هاتووە لە کتێبی ڕاهێنان.

ئاگاداربە... ئەگەر بینیت هەندێ قوتابی ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبن لە شیکارکردنی پرسیارەکان، یەکەمجار دڵنیابە لە تێگەیشتنیان لە پرسیارەکە و لە داواکراو چییە. داوایان لێبکە پرسیارەکە بە شێوازی خۆیان دابڕێژنەوە و داواکراو دیاربکەن. پاش ئەمە دڵنیابە لە وێنەکان بۆ ڕاستی ژمارەی شتەکانی یەکەمجار دراوە لە پرسیارەکە. ئینجا چاودێری کردارەکانی کۆژاندنەوە بکە کە پێی هەڵدەستن.



ڕاهێنان دەکەم

وێنەیەك دەکێشم بۆ شیکارکردنی پرسیارەکە.

١ نازدار ١٢ کێکی کڕی. ٣ی دایە هاوڕێکەی و ٦ ی لەگەڵ خێزانەکەی خوارد، چەند کێکی لاماوە؟

٣ کێك

٢ هۆگر ١٠ شەکرۆکەی کڕی، بەیانی ٢ شەکرۆکەی خوارد و ئیوارە ٥ شەکرۆکەی خوارد چەند شەکرۆکەی ماوەتەوە.

٣ شەکرۆکە

چاودێری کاری قوتابیان بکە

٣ محەمەد ١٢ هێلکەی کڕی. بەیانی دوو هێلکەی خوارد، ٤ی بەکارهێنا بۆ دروست کردنی کێکێك.
چەند هێلکەی لاماوە؟

٦ هێلکە

بنووسە

وێنەی ١٠ دەنکە ترێ دەکێشم، هەندێکیان دەکوژێنمەوە بەپێنوسی شین، وە هەندێکی تریان بە سوور،
چیرۆکێك دەنووسم.دەربارەی وێنەکە.
ڕوونیبکەوە چۆن پرسیارەکە شیکاردەکرێت.

چالاکی ماڵەوە • داوا لە منداڵەکەت بکە باس بکات چۆن وێنە بەکاردەهێنێ بۆ شیکاری پرسیاری ژمارەی ١.

١٤٠

ڕاهێنان ٩–٤

قوتابخانە.........ناوی قوتابی.........پۆل یەکەم هۆبەی ......بەروار / /

وانەی ٩–٤

پرسیارێك شیکاردەکەم : وێنەیەك دەکێشم

وێنەیەك دەکێشم بۆ شیکارەکە

چاودێری کاری قوتابیان بکە

١ لارا ١١ پێنووسی لایە
٣ ی دایە شارا پاش ئەوە
٢ ی دایە تارا،
چەند پێنووسی لا ماوەوە

٦ پێنووس

٢ باوکم ١٠ سێوی هێنا
٥ سێومان خوارد. پاشان مامم
٢ ی خوارد، چەند سێو ماوە؟

٣ سێو

٣ ٩ کوڕ یاری تۆپێن دەکەن
٣ یان لەسەرەتاوە کشانەوە
پاشان ١ی تر کشایەوە
چەند کوڕیان ماوە کە یاریدەکەن؟

٥ کوڕ

٤ شیلان ١٠ لاپەڕە لە
تێنووسەکەی بە پووڵ پڕکردەوە
٢ لاپەڕەی دا بەخوشکەکەی،
٣ لاپەڕەی دا بە براکەی،
چەند لاپەڕەی لاماوە؟

٥ لاپەڕە

ڕاهێنان ل ٦٣

پێداچوونەوە/ بەشی ٩

ئامانج: دڵنیابوون لە فێربوونی قوتابی لە چەمکەکان و بەدەستهێنانی کارامەییەکانی هاتووە لە بەشی (٩).

بەکارهێنانی لاپەڕە

- ئامانجی لاپەڕەی پێداچوونەوە بۆ قوتابیان روون بکەوە.
- نزیکەی ٣٠ خولەك تەرخان بکە بۆ ئەوەی قوتابیان راهێنانەکانی لاپەڕەی پێداچوونەوە شیکار بکەن.
- دەتوانی یارمەتی ئەو قوتابیانە بدەیت کە رووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە.
- دەتوانی ڕێگا بە قوتابیان بدەیت یارمەتی یەکتر بدەن بە جۆرێك تا رادەیەکی باش ئارامی بپارێزن.
- دەتوانی وەڵامی پرسیاری قوتابیان بدەیتەوە.
- ئەو ماوەیەی دەمێنێتەوە لە وانەکە تەرخان بکە بۆ وەڵامدانەوە و شیکارکردن.
- ئەم لاپەڕەیە بوار دەڕەخسێنێ بۆ دڵنیابوون لە هەبوونی قوتابییەکان لە کارامەییەکانی داواکراو: ژماردن بەرەوپێش و بەرەو پاش، بەراوردکردن، راستیە پێکەوە بەستراوەکان، کێشانی وێنە بۆ شیکارکردنی پرسیار. ئەگەر تێبینیت کرد لە هەندێ کەموکوڕی لای یەکێك لە قوتابیەکان لە هەبوونی کارامەییەك، دەتوانی داوایان لێبکەیت بەو وانەیەدا بچنەوە کە بەندە بەم کارامەییە.



پێداچوونەوەی
بەشی ٩

ناو ________

ژمارە گەورەکە دەوردەدەم. لەسەر هێڵی ژمارەکان بەرەوپێش دەژمێرم بۆ ئەوەی کۆ بکەمەوە سەرجەم دەنووسم.

٠ ١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨ ٩ ١٠ ١١ ١٢

١

٤	٩	٣	٩
٣ +	٢ +	٦ +	٣ +
٧	١١	٩	١٢

بەرەو پاش دەژمێرم بۆ ئەوەی لێدەکردن بکەم. جیاوازی دەنووسم.

٢

١١	١٢	٩	١٠
٣ −	٢ −	١ −	٣ −
٨	١٠	٨	٧

چەند هێڵێك دەکێشم بۆ جووتبون. ژمارەی پرتەقاڵەکان چەندی زیاترە لە ژمارەی سێوەکان؟

٣

١٢
٨ −
٤

٤ سەرجەم یان جیاوازی دەنووسم. ڕاستییە بەیەکەوە بەستراوەکان بۆ هەر دێڕێك دەوردەدەم.

٤ + ٧ = ١١
١١ − ٧ = ٤
١٠ + ٢ = ١٢
١٢ − ٢ = ١٠

* * *

پرسیارێك شیکاردەکەم.

وێنەیەك دەکێشم بۆ شیکاری پرسیارەکە.

٥ زیرەك ١٢ یاری منداڵانی کڕی.
٣ی دا بە براکەی و ٣ی دا بە خوشکەکەی.
چەندی لاماوەتەوە؟
٦ یاری منداڵان.

چاودێری کاری قوتابیان بکە

١٤١

- ئامانجی راهێنانی (١−٤) دڵنیابوونە لە هەبوونی چەمکەکان و کارامەییەکان، بەڵام ئامانجی راهێنانی ٥ بۆ دڵنیابوونە لە کارامەیی قوتابی لە جێبەجێکردنی ڕێگەی شیکاری پرسیارەکانی «وێنەیەك دەکێشم».

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

ئامانج: ئامانجی لاپەڕەی «ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە» کە لە کتێبی قوتابی هاتووە هەروەك ئەوەی ناونیشانەکەی ئاماژەی پێدەکات بریتییە لە ئامادەکردنی قوتابی بۆ تاقیکردنەوەی بەشەکە.

ئەم لاپەڕەیە چەمکەکان و کارامەییەکانی لەخۆ دەگرێت کە لەم بەشەدا هاتووە. هەروەها چەمکەکانی تر لە بەشەکانی پێشەوە لەخۆ دەگرێت.

هەر بەندێك لەم لاپەڕەدا ئامانجێکی فێربوون یان زیاتر لەخۆ دەگرێت وە بەگشتیش تا ڕادەیەك ئامانجەکانی فێربوونی ئەم بەشە لەخۆ دەگرێت کە پێویستە.

بەکارهێنانی لاپەڕەکە

- ئامانجی لاپەڕەی «ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە» بۆ قوتابییان ڕوونبکەوە.
- داوا لە قوتابییان بکە لاپەڕەی «ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە» کە لە کتێبی قوتابی هاتووە لە ماڵەوە یان «لە پۆل» شیکار بکەن ئەگەر کات ڕێی پێدای بۆ ئەنجامدانی.


ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە
بەشی ٩

ناو ______________

وەڵامی شیاو هەڵدەبژێرم.

١
١٢
٣ −

○ ٥ ● ٩ ○ ١١ ○ ١٥

٢
٤
٤ +

○ ٠ ○ ٤ ● ٨ ○ ١٦

٣ دایکم ١٢ پارچە شیرینی دروست کرد ٥ پارچەمان لەوانە خوارد، چەند پارچەمان لاماوەتەوە؟

○ ١٧ ● ٧ ○ ٥ ○ ٢

٤
٣
٢ +

○ ١ ● ٥ ○ ٦ ○ ٨

٥ ژمارەی سێوەکان چەندیان زیاترە لە ژمارەی هەرمێیەکان؟

● ٢ ○ ٣ ○ ٨ ○ ١٤

١٤٢

تاقیکردنەوەی بەش

تاقیکردنەوەی بەش دەکەوێتە چوارچێوەی هەڵسەنگاندنەکانی بەدەستهاتوو

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوەی بەش

- دەتوانیت ئەم تاقیکردنەوانە وەکو خۆی بەکاربێنی.
- دەتوانی لەم تاقیکردنەوەیە چەند پرسیارێکی دیاریکراو هەڵبژێری و تاقیکردنەوەیەکی لێ پێکبهێنی.
- دەتوانی لەم تاقیکردنەوەیە چەند پرسیارێکی دیاریکراو هەڵبژێری و خۆشت چەند پرسیارێکی تر پێکبهێنی.
- دەتوانی خۆت هەموو پرسیارەکانی تاقیکردنەوە پێکبهێنی بە پشتبەستن بە پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بەش.

مەرجەکانی ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

- ئەوکاتەی دیار دەکرێت بۆ تاقیکردنەوەی بەش دەبێت بەس بێت بۆ قوتابیان «وانەیەکی تەواو بۆ تاقیکردنەوەی بەش»
- دەبێت پرسیارەکانی ئەم تاقیکردنەوانە هەموو ئامانجەکان بگرێتەوە بێ زیاد و کەم.
- دەبێت پرسیارەکانی ئەم تاقیکردنەوانە هەموو ئامانجەکان بگرێتەوە بەشێوەی هاوسەنگ لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئامانجەکان.
- دەبێت تاقیکردنەوەکەت پرسیارەکانی جۆری أ لەخۆ بگرێت وە پرسیارەکانی جۆری ب لەخۆ بگرێت بە زیاتر هێنانەوەی جۆری أ لە کتێبی ڕێبەری هەڵسەنگاندن.
- پێویستە تاقیکردنەوەکانی بەش چاپ بکرێت بەشێوەیەکی ڕوون.

ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی بەش

- وانەیەکی تەواو تەرخان بکە بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی بەش.
- بۆ قوتابیان باس بکە کە لەسەریان پێویستە وەڵامی ڕاست لە پرسیارەکانی هەڵبژاردن لە هەمەجۆر دەوربدرێن.
- لەو کاتەی ماوەت هەیە لە قوتابخانە «یان لە ماڵ» تاقیکردنەوەکانت بپشکنە وە تێبینیەکان تۆمار بکە بەتایبەتی ئەو تێبینییانەی بەندن بە خاڵە لاوازەکانی قوتابیان.

بەشی ١٠ پێوان و ئەندازە

پلانی بەشەکە

پێشکەشکردن و ئامادەبوون بۆ بەش کات/ ١وانە

وانە	ئامانج	زاراوەکان	کەرەستەکان	کاتی خەملێنراو
١٠-١ بەراورد لە نێوان درێژییەکان دەکەم ل ١٤٥ - ١٤٦	شتەکان بەپێی درێژی ریزدەکات.	درێژترە لە، کورترەلە، درێژترین، کورترین.	شەش پاڵوی پێکەوە بەستراو، شریتی کاغەزی جیواز لە درێژی دا.	١ وانە
١٠-٢ بەچی دەپێوم ل ١٤٧ - ١٤٨	درێژیەکان دەخەملێنی و دەیان پێوێ بەبەکارهێنانی یەکەکانی پێوانی ڕەمەکی.		کاغەزگرەی بچووك، کاغەزگرەی گەورە	٢ وانە
١٠-٣ تەنە ئەندازەییەکان ل ١٤٩ - ١٥٠	شەش پاڵوو و هەرەم و لوولەك دەناسێ وە گرێ دەدات بەشتەکانی دەوروبەری.	شەش پاڵوو، هەرەم، لوولەك	تەنە ئەندازەییەکان، پێنووس	١ وانە
١٠-٤ شێوە ئەندازەییەکان ل ١٥١ - ١٥٢	بازنە و چوارگۆشە و سێگۆشە دەناسێ.	شەش پاڵوو، هەرەم، لوولەك	تەنە ئەندازەییەکان، پێنووس	٢ وانە
١٠-٥ سەرەکان و لاکان ل ١٥٣ - ١٥٤	شێوە ئەندازییەکان پۆلیندەکات بەپێی ژمارەی سەرەکان و ژمارەی لاکان.	سەر، لا	شێوە ئەندازەیەکان، پێنووس، دەنکە شەکاتە، کەتیرە (سیکۆتین)	١ وانە
١٠-٦ پرسیارێك شیکار دەکەم: دەرئەنجامی ژیریێژی بەکاردەهێنم ل ١٥٥ - ١٥٦	تەنە ئەندازییەکان پۆلین دەکات بەپێی سیفەتەکانیان بەبەکارهێنانی دەرئەنجامی ژیریێژی.	لەسەریێك دانان، ڕاکیشان، خلۆرکردن.	تەنە ئەندازەییەکان، پێنووس.	١ وانە
■ پێیاچوونەوە ل ١٥٧				١ وانە
■ ئامادەبوون بۆ بەش ل ١٥٨				١ وانە

تێبینی • دابەشکردنی بەشەوانەکان بەسەر وانەکانی ئەو بەشەی سەرەوە دا بەشکردنێکی خەملێندراوە، دەتوانیت ڕێکی بخەیت بەپێی بارودۆخ و ژینگەی قوتابیان، ئەوکاتەی تەرخان کراوە بۆ هەروانەیەکی ئەم بەشە جێگیرنیە، بەڵکو دەتوانیت بیگۆڕیت بەپێی پێویست.

• لەسەر مامۆستا پێویستە ئەو کەرەستانەی ناویان هاتووە یان هاوشێوەکانیان کە پێی گونجاوە ئامادەی بکات پێش چوونە ناو وانەکە.

بیرکاری بەپێی پۆلەکان

پۆلی یەکەم

- شتەکان ڕیز دەکات بەپێی درێژیان، درێژەییەکان دەخەملێنێ و دەیانپێوێ بەبەکارهێنانی ڕەمەکی * .
- تەنە ئەندازەییەکان دەناسێ.
- شێوە ئەندازەییەکان دەناسێ.
- شێوە ئەندازەییەکان پۆلێن دەکات بەپێی ژمارەی سەرەکان و ژمارەی لایەکان.

پۆلی دووەم

- درێژی پێوانە دەکات بە سەنتیمەتر.
- پارچەیەکی ڕاست وێنە دەکێشێ کە درێژییەکەی زانراو بێت.

تێڕوانینێك بۆ دواوە زانیارییەکان و کارامەییە داواکراوەکان.

بۆ خۆئامادکردن بۆ خوێندنی ئەم بەشە پێویستە قوتابی ئەم زانیارییانەو کارامەییانەی خوارەوەی هەبێت:

قوتابی لەم بەشەدا فێری چەمکەکانی پێوان و هەندێ کارامەیی دەبێت بەبێ ئەوەی لەوەوپێش زانیاری هەبێت لەم بوارەدا. بەڵام هەندێك لە چەمکە سەرەتاییەکانی لە دەورویشتی خۆی وەرگرتووە، دەتوانین بڵێن داواکراو لە قوتابی ئەوەیە توانای هەبێت درێژی دیار بکات لە نێوان دوو شت دا.

زۆر لە قوتابیان شارەزاییان هەیە لەم بوارەدا لەسەرەتای چوونە قوتابخانە، بۆیە ڕێنماییت دەکەین تا دڵنیابیت لەو شارەزاییە و یارمەتی قوتابیان بدەیت لەو کاتەی تووشی کێشە و گیروگرفت دەبن.

قوتابی دەست دەکات بەم بەشە بەبێ ئەوەی زانیاری هەبێت لەسەر ئەندازە، بەڵام زۆر لە شتەکان دەناسێ لە تەنە ئەندازەییەکان دەچن بە پێچەوانەی ئەوەی زاراوەی شێوەی ئەندازەیی «ئەوەی رووتەختە» پێویست بە هەندێك لە رووتەنی هەیە «تجريد»، بیرکردنەوەی منداڵ سێ دووریە بە سروشتی، چونکە تێدا دەژی. لێرەدا دەبێت بچێتە ناو ئەندازەییەکان بەدەستپێکردن بە ناسینی رووتەختەکان بۆ تەنە ئەندازەییەکان.

تێڕوانینێك بۆ بەشەکە کارامەییە بنچینەییەکان

قوتابی لەمیانەی خوێندنی ئەم بەشە ئەم کارامەییانەی خوارەوە بەدەست دێنێت:

- شەش پاڵوو و هەرەم و لوولەك دەناسێ و گرێی دەدات «دەییەستێتەوە» بە شتوومەکەکانی دەورووپشتی خۆی.
- بازنە و چوارگۆشە و سێگۆشە دەناسێ و پۆڵێنیان دەکات بەپێی ژمارەی سەرەکان یان ژمارەی لایەکانیان.
- پرسیارەکە شیکار دەکات بە بەکارهێنانی دەرئەنجامی ژیربێژی.
- درێژییەکان دەخەملێنێ و ریزیان دەکات.
- درێژییەکان دەخەملێنێ و پێوانی دەکات بە بەکارهێنانی یەکەی پێوانەی رەمەکی.

تێڕوانینێك بۆ پێشەوە بوارەکانی جێبەجێکردن

قوتابی ئەوەی فێربووە لە خوێندنی ئەم بەشە لەسەر چەمکە نوێیەکانی خوارەوە جێبەجێی دەکات لەسەر زاراوە نوێیەکان لە پۆلی دووەم دا.

بەشی ١٠ پێوان و ئەندازە

پێشکەشکردنی بەش

بۆچی ئەم بابەتە فێردەبین؟

ئامانج

- ئەم بڕگەیە بیرۆکەیەکی نوێ پێشکەش بە مامۆستا دەکات سوودەکەی خۆئامادەکردنی قوتابییانە بۆ ناسینی شێوەکانی (بازنە، چوارگۆشە، سێگۆشە» و تەنە ئەندازەییەکانی (تۆپ، هەرەم، لوولەك) کە هەڵقوڵاون لەو شتانەی کە لە ژیانی رۆژانەیاندا دەیبینن، وە هەروەها قوتابییان لەم بەشەدا فێری چەمکی پێوانەکانی درێژی دەبن بۆ ریزکردنی شتەکان بەپێی درێژیان و پاشان خەملاندنی درێژییەکان و پێوانیان بە چەند یەکەیەکی رەمەکی. دەتوانیت ئەم بیرۆکەیە بەکاربێنیت بۆ ئەوەی سەرنجی قوتابیانی دەربارەی ناوەڕۆکی ئەم بەشەی پێ رابکێشیت.
- لەوانەیە قوتابییان بپرسن. بۆچی ئەم بابەتە فێردەبین؟ قوتابییان ئاگاداربکەوە کەوا پێوان یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی بزانین کە شتێك درێژترە یان کورترە لە شتێکی تر، هەر تاکێك لە ئێمە لە ژیانی رۆژانەیدا، کاتێك بیەوێت ئەم پێوانە بخەملێنی یان ئەژمێری بکات بە بەکارهێنانی یەکەکانی پێوان پێویستی بەم کارامەییە هەیە. لەگەڵ قوتابیان گفتوگۆ بکە چی روودەدات کاتێ هەڵە بکرێت لە پێوانەکانی دروستکراوەیەك (بینایەك) لەم بەشەدا فێری ئەو تەنانە و شێوە ئەندازەییانە دەبین خانووەکان و پێداویستییەکانی خۆمانی پێ دروست دەکەین.

لاپەڕەی دەستپێکردن

ئامانج

- لەم بڕگەیەدا پرسیارێك لەسەر وێنەکە لە لاپەڕەی دەستپێکردنی بەش لە کتێبی قوتابی هەیە.



بەشی ١٠ پێوان و ئەندازە

بەدوای بازنەکانی
ئۆتۆمبێل بگەڕێ
بەدوای چوارگۆشە
کان بگەڕێ درێژی
ئۆتۆمبێلەکان بپێوە

- وێنەکە وێنەی ئەو ئۆتۆمبێلانە و بارهەڵگرانەی شێوەکان و تەنە ئەندازەییەکانی تێدایە لەخۆ دەگرێت، لەسەر قوتابییانە ناوی ئەو شێوانە و ئەو تەنە ئەندازەییانە بێنن کاتێك لە بابەتەکانی ئەم بەشەدا دەیخوێنن، وە هەروەها لەسەریانە درێژی ئۆتۆمبێلەکان بپێون.
- ئەم پرسیارە سەرەتاو ئارەبوو ئامادەباشی و گەرموگوڕی بۆ قوتابیان بەدەست دێنێ.
- داوا لە قوتابیان بکە گفتوگۆ لەسەر وێنەکە بکەن و وەڵامی پرسیارەکە بدەنەوە.

زانیارییەکانت ساغبکەوە

بەراوردکردنی شتەکان

کامیان درێژترە؟ دەوری کۆمەڵە کە دەدەم.

١



٢



شێوە ئەندازەییەکان

٣ بە شین ○ رەنگ دە کەم
بە سوور □ رەنگ دە کەم
بە سەوز △ رەنگ دە کەم



پەیوەندی لەگەڵ کەس و کار

نامە

ئەو نامەیەی بۆ کەسوکار دەینێریت بۆ قوتابیان بخوێنەوە، وە داوایان لێبکە با واژۆی بکەن، سوود لەم بوارەی ئەو نامەیە بەدەست دێنی وەرگرە بۆ ئەوەی لەم میانەدا باس لە گرنگی بایەخدانی قوتابیان بە ددانەکانیان بۆیان بکەی هۆشیاریان بکەوە کەوا پێویستە دوای هەر ژەمێکی خواردن ددانەکانیان بە فڵچە خاوێن بکەنەوە، وە لە دوای خواردنی شتەکان لە نێوان ژەمەکان پێویستە دەمیان پاك بکەنەوە، ئاگاداریان بکەوە کەوا ددانی ساغ کاریگەری باشی هەیە لەسەر تەندروستیان، وە هەروەها سەرنجیان ڕاکێشە کەوا پێویستە سەردانی پزیشکی ددان بکەن بۆ چاککردنەوەی ئەو کەموکوڕیانەی لە ددانەکانیان بەدی دەکرێت، سەرزەنشتی ئەو قوتابیە مەکە کاتێك واژۆکەی دەگۆڕێ ئەمە کارێکی سروشتییە لەگەڵ گەشەکردن و پێشکەوتنی کەسایەتیەکەی ڕوودەدات.



نامەیەك بۆ کەسوکار

کەسوکاری بەڕێز

ئەمرۆ دەست بە بەشی ١٠ دەکەین. تێدا چۆنیەتی بەراورد کردن لە نێوان درێژییەکان وخەملاندنیان و پێوانەکانیان فێردەبین لەگەڵ ناسینی تەنە و شێوە ئەندازەییەکان و جیاکردنەوەیان لەگەڵ خوێندنەوەی سەرەکان و لایەکان. ئەم لاپەڕەیە زاراوەی نوێی بیرکاری تێدایە لەگەڵ ئەو چالاکییانەی کە لە ماڵەوە لەگەڵ کەسوکارێ هەڵئەستین.

لەگەڵ ڕێزدا.

زاراوە نوێ یەکانم

درێژترە لە
کورتترە لە
بازنە
سێگۆشە
چوارگۆشە
درێژتر
کورتتر
لوولەك
هەرەم
شەشپاڵو

زاراوەکان

درێژترە لە
کورتترە لە

پێنووسە سەوزەکە درێژترە لە پێنووسە سورەکە.

پێنووسە سەوزەکە کورتترە لە پێنووسە شینەکە.

درێژتر
کورتتر

پێنووسە شینەکە درێژترە لە نێوان هەرسێکیان.

پێنووسە سورەکە کورتەکەیانە.

شێوە و تەنە ئەندازەییەکان

لوولەك
بازنە

شەشپاڵو
چوارگۆشە

هەرەم
سێگۆشە

چالاکی

داوا لە منداڵەکەت بکە درێژی ژووری میوان بخەملێنێ. هەنگاو بۆ خەملاندن بەکاربهێنێ پاشان داوای لێبکە ئەو درێژییە بپێوێت بە بەکارهێنانی هەنگاوەکانی وە ڕاستی خەملاندنەکەی ساغبکاتەوە.

تەنێکی ئەندازەیی هەڵبژێرە و داوا لە منداڵەکەت بکە چەند شتێکت نیشان بدات هەمان شێوەی تەنە ئەندازییەکەی هەبێت.

١٤٤

ئەم زاراوە نوێیانە یەك لەدوای یەك بە پێی پێویست زیادبکە، بۆ سەر ئەو تەختەی کە تایبەتە بە ژووری پۆڵەکە.



زاراوەکان و شرۆڤەکردنیان

درێژترە لە:	هێلە پچڕ پچڕ کراوەکە درێژترە لە هێلە بەیەکەوە بەستراوەکە.
کورتترە لە:	هێلە بەیەکەوە بەستراوەکە کورترە لە هێلە پچڕ پچڕ کراوەکە.
درێژترین:	هێلە پچڕ پچڕ کراوەکە درێژترینە.
کورتترین:	هێلە بەیەکەوە بەستراوەکە کورترینە.





وانەی ١

بەراورد لە نێوان درێژییەکان دەکەم

پلانی وانەکە

ئامانج: شتەکان ڕیز دەکات بەپێ ی درێژییەکانیان.

زاراوەکان: درێژتر لە، کورترلە، درێژترین، کورترین.

پێوەرەکان

- پێوان
- شیکارکرنا پرسیارا
- ڕێنوێنی و سەلماندن
- گەیاندن
- بەستنەوە
- نواندن

ڕۆژانە

داوا لە قوتابیان بکە درێژی ژووری پۆلەکەیان بخەملێنن بە ژمارەی هەنگاوەکانیان، پاشان وەڵامەکەیان ساغبکەنەوە.

دەوڵەمەندکردن

ئەم وانەیە چەمکی پێوانی درێژی دەگەیەنی بەداواکردن لە قوتابیان بۆ ڕیزکردنی شتەکان لە کورترین بۆ درێژترین. قوتابیان فێردەبن چۆن درێژی بپێون بە بەستنی شەش پالۆوە پێکەوە بەستراوەکان.

قوتابیان فێری پێوان دەبن بە بەکارهێنانی یەکەی پێوانەی ڕەمەکی کاتی درێژی دەپێوێ بە بەکارهێنانی شەش پاڵووەکان بۆ ئەوەی وەرگرتنی سەنتیمەتر ئاسان تر بێت لە پۆلەکانی سەروتر. ئاگاداری پێویستی هەڵبژاردنی شەریتی کاغەز کە درێژییەکانیان یەکسان بن بە ژمارەی تەواو لەشەش پالووەکان، بۆ ئەوەی قوتابیان گومانیان لا دروست نەبێت.

چالاکی

دوانیەکان
هەستی - جوڵەیی

بەراوردکردنی درێژییەکان بە هەستپێکراو

ئامانج ڕاستەخۆ بەراورد بەکاردێنێت بۆ بەراوردکردنی درێژییەکان.

کەرەستەکان بۆ هەر تیمێك شەش پالووە پێکەوە بەستراوەکان و ٣ شریت لە کارتۆن.

- ژمارەکا شریتێن کارتۆن پارچە پارچە بکە کە درێژییەکانیان لەنێوان ٣ و ٨ شەش پاڵوو بن. بۆ هەر تیمەك سێ لەوانە بدە پێیان.
- گفتوگۆ لەگەڵ قوتابیان بکە چۆن ڕاستەوخۆ بەراورد دەکەن بۆ بەراوردکردنی درێژی شریتەکان. داوا لە قوتابیان بکە شریتەکان نزیك بەیەکتر بن لەگەڵ شەش پاڵووەکاندا. گفتوگۆیان لەگەڵ بکە لەسەر ئەوەی دەیبینن.
- ڕوونی بکەوە بۆقوتابیان چۆن شەش پاڵووەکان بەکاردەهێنن بۆ پێوانی درێژی شریتەکان. داخازێ لێیان بکە شریتەکان لە کورترین بۆ درێژترین بەڕیز دابنێن.



ڕێکخستنی وانەی ١

پرسیاری ئەمڕۆ

داوا لە قوتابیان بکە ژمارەی هەنگاوەکان لە نێوان کورسی دانیشتن تا دەرگەی ژووری پۆلەکە بخەملێنن. پاشان داوایان لێبکە پێوانی دوورییەکە بکەن بە بەکارهێنانی هەنگاوەکانیان بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی خەملاندنیان.

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ هێڵێك بکێشە پاشان هێڵێکی کورتتر.

٢ هێڵێك بکێشە پاشان هێڵێکی درێژتر.

دڵنیابە لە وێنەکێشانی قوتابیان

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟ ئەگەر یەکەی پێوانە نەبوو. دەتوانی بە ریزکردنی شتەکانی هاوشێوە و یەك لەدوای یەك بۆ بەراوردکردنی دێژییەکان بەکاربهێنی.

دەتوانیت دەست بە وانەکە بکەی بە جێبەجێکردنی ئەم چالاکیانە

- پێنووسەك لە پێش چاوی هەموو قوتابیان بەرزکەوە.
- داوا لە قوتابیان بکە با سەیری دەورووبەری پۆلەکە بکەن و شتێکی درێژتر لە پێنووس بدۆزنەوە.
- داوا لە قوتابیان بکە با پێنووسێك وەرگرن و لە تەنیشت ئەو شتەی دابنێن کە هەڵیان بژاردبوو بۆ ئەوەی دڵنیابن لە دروستی وەڵامەکانیان.
- هەمان چالاکی دووبارە بکەوە ئەمجارە داوا لە قوتابیان بکە شتێکی کورتتر لە پێنووسەکە بدۆزنەوە.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- چەند شریتێکی جیاواز لە درێژی بە قوتابیان پیشان بدە.
- لەگەڵ قوتابیان ژمارەی ئەو شەش پاڵوویانەی کەوا پێویستن بۆ پێوانی درێژی هەریەکەیان بەراورد بکە.
- لەکاتی هەڵسانی قوتابیان بە شیکاری پرسیارەکان ڕێنماییان بکە.
- بپرسە **چۆن کورتترین شریت دەناسی؟** بەو شەریتەی کە پێویستی بە کەمترین ژمارە لە شەش پاڵووەکان هەیە لەکاتی پێوانی.
- **چۆن درێژترین شریت دەناسی؟** بەو شریتەی کە پێویستی بە زۆرترین ژمارە لە شەش پاڵووەکان هەیە لەکاتی پێوانی.



وانەی ١ بەراورد لە نێوان درێژییەکان دەکەم

ئەم پارچە کاغەزانە ریزکراوە لە **کورتترینەوە** بۆ **درێژترینیان**.

٣ پارچە شریتی جیاواز لە درێژیدا وەردەگرم، ڕیزیان دەکەم لە کورتترەوە بۆ درێژتر. وێنەیان دەکێشم و 🟦 بۆ پێوانی درێژی هەریەکەیان بەکاردەهێنم.

١ کورتترین

چاودێری کاری قوتابیان بکە

نزیکەی 🟦 ______

٢ هەمان درێژییان هەیە

نزیکەی 🟦 ______

٣ درێژترین

نزیکەی 🟦 ______

باسبکە ■ ڕێنوێنی

چۆن دەتوانی 🟦 بەکاربهێنی بۆ پێوانی درێژی باڵێکت.

- داوا لە قوتابیان بکە با چالاکیەکانی ١–٣ جێبەجێ بکەن.
- قوتابیان ئاگادار بکەوە لە واتای وشەی (نزیکەی) سەرنجیان ڕاکێشە کەوا دەتوانن کەرەستەکانی وەك پێنووس بەکاربێنن بۆ پێوانی هەندێ لە درێژییەکان.

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باسبکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە. وەڵام: وەڵامەکان جۆراوجۆرن بۆ نموونە دەتوانم شەش پاڵووەکان لەسەر باڵم بەیەکەوە ببەستمەوە و درێژی باڵمی پێ بپێوم.

ڕۆشنایی پەروەردەیی

بەکارهێنانی کەرەستەکانی پێوانی ڕەمەکی، یارمەتی قوتابیان دەدات لەسەر بەدەستهێنانی چەمکی پێوان، لەگەڵ قوتابیان جەخت لەسەر گرنگی ریزکردنی کەرەستەکانی ڕەمەکی بەشێوەیەکی ئاسۆیی بکەوە لە تەنیشت ئەو شتانەی کە دەتەوێ درێژییەکانیان بەراورد بکەی.



ڕاهێنان دەکەم

٣ جیاواز لە درێژیدا وەردەگرم، ڕیزیان دەکەم لە کورتترینەوە بۆ درێژترین.
وێنەیان دەکەم بۆ پێوانی درێژی هەریەکەیان ■ بەکاردەهێنم.

١ کورتترین

چاودێری کاری قوتابیان بکە

نزیکەی ■ ______

٢ هەمان درێژی

نزیکەی ■ ______

٣ درێژترین

نزیکەی ■ ______

پرسیارێک شیکاردەکەم ■ بیرکردنەوە بەدیتن

٤ پەتە درێژەکە دەور دەدەم.
پاشان دەزوو بەکاردەهێنم بۆ ساغکردنەوە.

چالاکی ماڵەوە • ٣ شتی جیاواز لە درێژیدا بدە بە منداڵەکەت و داوای لێبکە ڕیزیان بکات لە کورتترینەوە بۆ درێژترین.

١٤٦



ڕاهێنان ١٠-١

قوتابخانە..........ناوی قوتابی..........پۆل یەکەم هۆبەی......بەروار / /

بەراورد لە نێوان درێژییەکان دەکەم وانەی ١٠-١

سێ ▭ دادەنێم لە کورتترەوە بۆ درێژتر.
وێنەی دەکێشم ▣ بەکاردەهێنم بۆ پێوانی درێژی هەریەکەیان.

چاودێری کاری قوتابیان بکە
وەڵامەکان جۆراوجۆر دەبن

١ کورتتر

نزیکەی ▣ ______

٢ یەکسان

نزیکەی ▣ ______

٣ درێژتر

نزیکەی ▣ ______

تەماشای وێنەکە بکەو تەواوییکە

٤ نزیکەی ٢ نزیکەی ٥ نزیکەی ٧

٥ نزیکەی ٢ نزیکەی ٤ نزیکەی ٦

٦ نزیکەی ٣ نزیکەی ٢ نزیکەی ٥

ڕێنمایی... ئەگەر بینیت کەوا هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لەکاتی شیکاری ڕاهێنانەکان، یەکەمجار دڵنیابە لە تێگەیشتنیان لە چۆنیەتی بەکارهێنانی شەش پاڵووەکان یان کاغەزگرەکان وە هەروەها لە زانینی چەمکی «کورتتر» و «درێژتر»، داوایان لێبکە با ئەو شتانەی کە دەیانەوێت درێژییەکانیان بەراورد بکەن لەسەر هێڵێکی ئاسۆیی دابنێن بۆ ئەوەی ئەنجامی دروست بە دەست بێنن، لێیان بگەڕێ با لە پێشت هەندێ درێژییەکان بپێون بە بەکارهێنانی ئەو یەکانەی بۆیان دیاری دەکەی.

ئاگاداربە.. هەڵەی باو ئاگاداربە کە هەندێ لە قوتابیان بۆشاییەك لە نێوان شەش پاڵووەکاندا بەجێ دەهێڵن کاتێ هەڵدەستن بە پێوان. ڕێنماییان بکە لەکاتی بەکارهێنانی شەش پاڵووەکاندا بۆ پێوان بۆشایی جێنەهێڵن لە نێوان شەش پاڵووەکاندا.

داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لە لاپەڕە ١٤٦دا هاتووە

ڕاهێنانەکانی لاپەڕە ١٤٦ ڕێگە خۆش دەکات بۆ قوتابیان بۆ ئەوەی بە تەنیا ڕاهێنان بکەن لەسەر ڕیزکردنی شتەکانی ناو پۆلەکە بەپێی درێژییان.

پرسیارێك شیکار دەکەم • بیرکردنەوە بە بینین

پێویستە قوتابیان تێبینی ئەوە بکەن کەوا شەریتی (داوی) پێچاوپێچ هەردەم درێژترە لەوەی کەوا دیاردەکەوێت، پێویستە لەسەریان شەریتێکی (داوێکی) ڕاست بەکاربێنن و لەسەر شەریتە پێچاوپێچەکەی دابنێن و پاشان بەیەکەوە بیبەستنەوە بۆ ئەوەی بیرۆکەیەك لەسەر درێژییە ڕاستیەکەی بنیات بنێن.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆ و نووسین ٣ شریتی کاغەزی جیاواز لە درێژی بدە بە قوتابیان لەگەڵ شەش پاڵووەکان. داوایان لێبکە ئەو شریتانە ڕیز بکەن لە کورتترین بۆ درێژترین. وە شەش پاڵووەکان بە کاربهێنن بۆ ساغ کردنەوەی ڕاستی کرداری خۆیان.
چاودێری کاری قوتابیان بکە و دڵنیابە لە کارەکانیان.

تاقیکردنەوەی وانەکە

شریتە کورتترەکە دەور دەدەم



ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ڕاهێنانەکانی ٣، ٤، ٥ لە ماڵەوە بکەن کە لە وانەی ١٠-١ لە کتێبی قوتابی دا هاتووە.

Star Group

وانەی ٢ بەچی دەپێوم

پلانی وانەکە

نامانج: درێژییەکان دەخەملێنێت بەبەکارهێنانی یەکەی پێوانەی ڕەمەکی. «غیر مقنن».

پێوەرەکان

- پێڤان
- شیکارکردنی پرسیارەکان
- ڕێنوێنی و سەلماندن
- گەیاندن
- بەستنەوە
- نواندن

پرسیاری ئەمڕۆ

پرسیار لە قوتابیان بکە ئەو مانگە چییە کە ئێمە تێیداینە؟ ژمارەی ڕۆژەکانی بژمێری بە بەکارهێنانی ڕۆژژمێری سەر دیواری پۆل.

پێشینەی بیرکاری

لە ڕووی جێبەجێکردنەوە پێوان باشترین بوارە بۆ کارپێ کردن لەگەڵ ژمارەکاندا. پێوان ئەو بوارەیە کە پەیوەندی نێوان ڕووداوی «هەست پێکراوی» مادە و ڕووداوی تیۆری بەیەکەوە دەبەستێ. واتە نێوان تەنەکان و ژمارەکان. ئالێرەدا گرنگی پێوان دەدۆزنەوە. کە هەلێکی باشە و بەنرخە یارمەتی ڕوونکردنەوەی چەمکە ژمارەییەکان دەدات هەروەها یارمەتی چەسپاندنی ڕاستییەکانی بیرکاری دەدات لەلای قوتابی.

چالاکی

دوانی

هەستی- جولەیی

درێژی

نامانج قوتابی ڕاهێنان دەکات لەسەر بەکارهێنانی یەکەی پێوانەی ڕەمەکی بۆ پێوانەی درێژی.

کەرەستەکان بۆ هەرتیمێك ١٠ شەش پاڵووی پێکەوە بەستراو بۆ پێوانی درێژی و ١٠ کاغەزگر و ٥ پارچە داوی «داڤ» یەکسان لە درێژی و ٣ تشتێت ناڤ ژوورا پۆلێ دا وەك پێنڤیس، پەراو، تۆپی تێنس.

- بۆ قوتابیان ڕوونبکەوە چۆن درێژییەکان دەپێون بەبەکارهێنانی شەش پاڵوو. کاغەزگر، داڤ.
- داخاز لە قوتابیان بکە درێژی پێنووس و پەڕاو بپێڤن بەبەکارهێنانی شەش پاڵوو و کاغەزگر.
- داخازێ لە قوتابیان بکە دەوراو دەوری تۆپی تێنس بپێون.
- پرسیار لە قوتابیان بکە لە یەکەی پێڤانی باشتر بۆ پێوانی هەرسێ شتەکە.

ڕێکخستنی وانەی ٢

پرسیاری ئەمڕۆ

٩ مریشك لە قەفەزێك دایە ٢ لەوان ڕەشن و ٣ سپی. ئەوەی ماوە قاوەییە، چەند مریشکی قاوەیی لە ناو قەفەزەکە دان؟ ٤ مریشك

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

درێژترین دەور بدە:

١



کورترین دەور بدە:

٢



بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟ بۆ ئەوەی قوتابی بزانێت کە بەکارهێنانی ئەو یەکانەی کەهەمان پێوانەیان هەیە باشترین پێوانەت پێدەدات.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- بۆ قوتابیان ڕوونبکەوە کەوا دەتوانین کاغەزگرەکان یەك لە دوای یەك بەکاربێنین بۆ پێوانی درێژی شتێك.
- ڕێنمایی قوتابیان بکە کاتێك هەڵدەستن بە شیکاری پرسیارەکان.
- بپرسە **چۆن درێژیەك دەخەملێنی پێش ئەوەی بیپێوی؟** کاغەزگرەیەك یان دوو کاغەزگرە لەژێر وێنەکە یەك لە دوای یەك دادەنێم بۆ ئەوەی یارمەتیم بدات لە خەملاندنی درێژییەکە.
- **کاغەزگرەی یەکەم لە کوێ دادەنێی کاتێك درێژی فڕۆکەکە دەپێوی؟** لە خاڵی سەرەتا دادەنێم
- داوا لە قوتابیان بکە با چالاکیەکانی (١–٤) جێبەجێبکەن.

ئاگاداربە... دڵنیابە لەوەی کەوا قوتابیان بە دروستی کاغەزگرەکان بەکاردێنن واتە یەك لە دوای یەك دادەنێن بۆ ئەوەی بتوانن درێژییەکە بخەملێنن، هەندێك لەوانە کاغەزگرەکان بەشێوەیەکی نادروست دادەنێن یان یەك لەسەر یەکی دادەنێن ئەمە ئامانجەکە ساغ ناکاتەوە.

وانەی ١

بەچی دەپێوم



نزیکەی ٤ 📎

📎 بچووك بۆ پێوانەی درێژی بەکاردەهێنم.

چاودێری کاری قوتابیان بکە

١



نزیکەی ______ 📎

٢



نزیکەی ______ 📎

چاودێری کاری قوتابیان بکە

٣



نزیکەی ______ 📎

٤



نزیکەی ______ 📎

باسبکە ■ ڕێنوێنی

چۆن ئەنجامی پێوان دەگۆڕێت ئەگەر 📎 گەورە بەکاربهێنیت؟

📎 گەورەکە بەکاربهێنە بۆ سەلماندنی ڕاستی وەڵامەکەت.

١٤٧

---

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باسبکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە.

وەڵام: قوتابیان دەردەبڕن کەوا بەکارهێنانی یەکەکانی پێوانی گەورە دەمانگەیەنێتە ئەوەی کەوا ژمارەیەی کەمتر لە یەکەکان بەکاردێت.

ڕێنمایی... سەرنجی قوتابیان ڕاکێشە کەوا دەتوانن کەرەستەی پێوانی جیاواز لە کاغەزگرە بەکاربێنن، وەك شەش پاڵووەکان، کاتێك کەرەستەی پێوانی جیاواز بەکاردێنیت ئەمە دەتگەیەنێتە پێوانی جیاوازی.

پێشینەی بیرکاری

کرداری پێوان پێویست بە سێ هەنگاو دەکات:

یەکەم: دیارکردنی نیشانەیەك بۆ دەستکردن بە پێوان (درێژی، بەرزی)

دووەم: دیارکردنی یەکەی پێوان (کاغەزگرە، شەش پاڵوو..).

سێیەم: ژماردنی یەکەکانی پێوان.

ئاگاداربە... هەڵەی باو هەندێ قوتابی هەڵدەستن بەپێوانی دوورییەکی تر نەك ئەو دوورییەی داواکراوە، وەك پێوانی بەرزی لەجیاتی پێوانی درێژی. ڕێنمایان بکە بۆ ئەوەی بزانن کە داواکراوەکە ئەوەیە زانینی درێژییەکەی چەندە نەك ئەوشتە درێژە یان نا.

داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لە لاپەڕە ١٤٨دا هاتووە

چالاکی ئەم لاپەڕەیە بوار بۆ قوتابیان بەدەست دێنێ بۆ خەملاندنی درێژی شتەکان و پێوانەکانیان.

پرسیارێك شیکاردەکەم ● ڕێنوێنی

دەکرێ قوتابیان کاغەزگر و شەش پاڵووەکان کە هەیانە بەکاری بهێنن بۆ پێوانەی وێنە. وەڵامەکان جۆراوجۆر دەبن.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆو نووسین چی بەکاردێنی و چۆن ڕوونی دەکەیتەوە کە تەختەکە درێژترە لە مێزەکە. وەڵامەکان جۆراوجۆر دەبن.

تاقیکردنەوەی وانەکە

درێژی دەخەملێنم

أ ٢ 📎 نزیکەی

[✓ ب] ٣ 📎 نزیکەی

ج ٤ 📎 نزیکەی

د ٦ 📎 نزیکەی

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با لە ماڵەوە ڕاهێنانەکانی ١، ٢، ٣ شیکار بکەن کە لە وانەی ١٠-٢ لە کتێبی ڕاهێناندا هاتووە.
- هانی قوتابیان بدە با لە ماڵەوە ئەو ڕاهێنانانەی کە لە برگەی (پێداچوونەوە) هەمان وانەدا هاتوە لە کتێبی ڕاهێنان شیکاربکەن بۆیان ڕوونبکەوە کەوا ئەم ڕاهێنانانە پێداچوونەوەی کارامەییەکانی پێشوو بەدەست دێنێ.



ڕاهێنان دەکەم

چاودێری کاری قوتابیان بکە

درێژی دەخەملێنم، پاشان 📎 بچووك بۆ پێوانەکەی بەکاردەهێنم.

١

دەخەملێنم: نزیکەی ______ 📎 دەپێوم: نزیکەی ______ 📎

٢

دەخەملێنم: نزیکەی ______ 📎 دەپێوم: نزیکەی ______ 📎

٣

دەخەملێنم: نزیکەی ______ 📎 دەپێوم: نزیکەی ______ 📎

پرسیارێك شیکاردەکەم ■ ڕێنوێنی

٤ وەڵامە ڕاستەکە دەور دەدەم .

خونچە درێژی کرمەکەی پێوا بەبەکارهێنانی 📎 بچووکە پاشان پێوانەی کردەوە بەبەکارهێنانی 🟥.

ئایا 🟥ی زۆرتر بەکارهێناوە یان 📎 بچووك ؟

🟥

یان

📎

چالاکی ماڵەوە • کۆمەڵە شتی بچووك کە هەمان درێژیان هەبێ، بدە بە منداڵەکەت پاشان داوای لێبکە بەکاریان بهێنێ بۆ پێوانەی درێژییەکانی هەندێ شتی ناوماڵ.

١٤٨

ڕێنمایی... ئەگەر بینیت کەوا هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە شیکاری پرسیارەکان، یەکەمجار دڵنیابە لەوەی کەوا کاغەزگرەکان بە باشی بەکاردێنن، پاشان هەندێ وێنەی تریان بدەرێ وە داوایان لێبکە با پێکەوە کار لەسەر خەملاندنی درێژییەکەی و پێوانەکەی بکەن، هۆشیاریان بکەوە کەوا دەتوانن یەکەکانی تر جگە لە کاغەزگرەکان بۆ پێوان بەکاربێنن.



ڕاهێنان ١٠-٢

قوتابخانە............ناوی قوتابی............پۆل: یەکەم هۆبەی.......بەروار / /

بەچی دەپێوم وانەی ١٠-٢

دەخەملێنم: 📎 بەکاردەهێنم بۆ پێوان

چاودێری کاری قوتابیان بکە وەڵامەکان جۆراوجۆر دەبن

١

دەخەملێنم: ______ 📎 بەنزیکی دەپێوم: ٣ 📎 بەنزیکی

٢

دەخەملێنم: ______ 📎 بەنزیکی دەپێوم: ٥ 📎 بەنزیکی

٣

دەخەملێنم: ______ 📎 بەنزیکی دەپێوم: ٢ 📎 بەنزیکی

پێداچوونەوە : ژمارەکە دەنووسم

٤ ٤ یەکی ٣ دەیی = ٣٤ ٥ ٦ یەکی ٦ دەیی = ٦٦ ٦ ٧ + ٧٠ = ٧٧

٧ ٥ + ٦٠ = ٦٥ ٨ ٢ + ٨٠ = ٨٢ ٩ ٩ + ٩٠ = ٩٩

ڕاهێنان ل ٥٥

Star Group

وانەی
٣

تەنە ئەندازەییەکان

پلانی وانەکە

ئامانج: شەش پاڵوو و هەرەم و لوولەك دەناسێ و گرێ دەدات بە شتەکانی دەوروپشتی.

زاراوەکان: شەش پاڵوو، هەرەم، لوولەك.

پێوەرەکان

- تەنە ئەندازە
- ڕێنوێنی و سەلماندن
- گەیاندن
- بەستنەوە
- نواندن

پرسیاری ئەمڕۆ

بڕێك لە سەرە شووشە بدەرە چەند کۆمەڵەیەك لە قوتابییان، داوایان لێبکە لەسەر یەك داینین. پاشان پرسیاریان لێبکە: ئەو تەنە ئەندازەییەی دەسیان دەکەوێت چییە؟ لوولەك.

پێشینەی بیرکاری

جووت بوون لە نێوان تەنەئەندازەییەکان و ئەو شتانەی لە دەوروپشتی قوتابیانە، بۆیان هەیە یارمەتی قوتابیان بدەن بۆبینینی هەندێ لە جێبەجێکراوەکانی کرداری بیرکاری لە ژیانی ڕۆژانەدا.

ژمارەی بنکەکانی تەنە ئەندازەییەکان کە لەسەری دەوەستن ڕۆڵێکی گرنك دبینن لە پۆلینکردنی تەنەکان لە نێوان ئەو تەنانەی کە پتر لە بنکەیەکیان هەیە (لوولەك، شەش پاڵوو) وە ئەوانەی کە یەك بنکەیان هەیە وەك هەرەم.

چالاکی

گەڕان بە دوای تەنە ئەندازەییەکان

دوانی
هەستی – جولەیی

ئامانج شتەکانی دەوروبەری خۆی دەبەستێت بە تەنە ئەندازەییەکان.

کەرەستەکان تەنی ئەندازەیی بۆ مامۆستا (شەش پاڵوو و لوولەك و هەرەم) و کاغەز و پێنووس بۆ قوتابیان.

- هەرسێ تەنە ئەندازەییەکان لەسەر مێزەکە دابنێ. پاشان داوا لە هەر کۆمەڵەیەك لە شەش قوتابی بکە کە هەریەکەیان وێنەیەك بکێشێ کە لەیەکێك لە تەنە ئەندازەییەکان بچێت. چاودێری کاری قوتابیان بکە.
- شەش پاڵوویەك نیشانی قوتابیان بدە و بەرزی بکەرەوە و پێیان بڵێ کە ئەوانیش ئەو وێنەی کە لە شەش پاڵوو دەچێت دەری بخەن. گفتوگۆ بکە لەگەڵیان سەبارەت بەو وێنانەی کێشاویانە. چاودێری کاری قوتابیان بکە.
- بڕۆ بۆ تەنێکی تر و پرسیارەکە دووو بارە بکەوە تا هەرسێ تەنەکە بەکاردەهێنی.



٣ ڕێکخستنی وانەی

پرسیاری ئەمڕۆ

هەندێ پارچە کارتۆنی چوارگۆشەیی بێنە و لەسەر یەکتریان دابنێ و داوا لە قوتابیان بکە با ئەو تەنە ئەندازەییەی دروست بووە ناوبنێن؟ شەش پاڵوو

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٣ شریتی شەش پاڵووی ٥ دانەیی دەکاتە چەند ١٥ شەش پاڵوو

٢ ٤ شریتی شەش پاڵووی ١٠ دانەیی دەکاتە چەند؟ ٤٠ شەش پاڵوو

بۆچی ئەو بابەتە فێردەبین؟ ریزکردنی ژمارەکان یارمەتی دەدات بۆ تێگەیشتن لە بەهای ئەو ژمارانە.

دەتوانیت دەست بە وانەکە بکەی بە جێبەجێکردنی ئەم چالاکیانەی دێن:

دەتوانیت دەست بە وانەکە بکەی بە جێبەجێکردنی ئەم چالاکیە

- قووتویەکی نۆك ببە پۆل و بە قوتابییان نیشان بدە.
- داوا لە قوتابییان بکە با باسی شێوەی ئەندازەیی قووتووەکە بکەن، یارمەتیان بدە با پەنجەیان لەسەر رووبەرە چەماوەکان و رووبەرە تەختەکانی قووتوە نۆکەکە دابنێن.
- ئێستا تەنەکانی لوولەك و شەش پاڵوو هەرەم لە تەنیشت قووتوە نۆکەکە دابنێ.
- بپرسە **کام تەن لەم تەنانە بە پاکەتی نۆکە کە دەچێت؟** لوولەك.

ڕۆشنایی پەروەردەیی

سەرنجی قوتابیان راکێشە بۆ ئەو تەنە ئەندازەیيانەی کە لە ژیانیاندا هەیە وە هەروەها بۆ چۆنیەتی فێربوونی ئەندازە، چونکە ئەو تەنانەی پێشکەشکراون بۆ ناسینی شێوە ئەندازییەکانە داوا لە قوتابییان بکە با ناوی هەندێ لەو تەنە ئەندازەيیانە بێنن کە لە دەورووبەردا دەیبینن کە هاوشێوەن لەگەڵ ئەوانەی لە وانەکەدا هەنە، سەرنجیان راکێشە کەوا وێنەی تەنەکە زۆر زۆر بچووکترە لە شێوە راستەقینەکەی ئەم تەنە.



وانەی ٣ **تەنە ئەندازەییەکان**

لوولەکەکان بە ڕەنگی شین دەور دەدەم.
هەرەمەکان بە ڕەنگی سوور دەور دەدەم.
شەشپاڵوەکان بە ڕەنگی سەوز دەور دەدەم.

باسبکە ■ ڕێنوێنی
ئەم تەنانە بە چی هاوشێوەن؟
بەچی جیاوازن .

١٤٩

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- پەنجە بخەرە سەر ئەو شەش پاڵووەی بەشی سەرەوەی لاپەڕەکە، وە پرسیار لە تەنەکانی تری ئەم لاپەڕەیە بکە کە بە شەش پاڵووەکە دەچن.
- داوا لە قوتابیان بکە با ئەم شەش پاڵووانە رەنگ بکەن بە رەنگی شەش پاڵووەکەی سەرەوە.
- هەمان شت لەگەڵ تەنەکانی تر دووبارە بکەوە.

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باس بکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە. وەڵام: وەڵامەکان جۆراوجۆرن، گشت وەڵامە گونجاوەکان وەردەگرم.



ڕاهێنان دەکەم

لوولەك
شەشپاڵو
هەڕەم

لوولەکەکان بەڕەنگی شین دەور دەدەم .
هەڕەمەکان بەڕەنگی سوور دەور دەدەم .
شەش پاڵوەکان بە ڕەنگی سەوز دەور دەدەم .

سوور
شین
سەوز
سەوز
شین

چالاکی ماڵەوە • داوا لە منداڵەکەت بکە وێنەکانی ئەم لاپەڕەیەت بەبەکارهێنانی ووشەکانی شەشپاڵو، هەڕەم، لوولەك نیشان بدات.

١٥٠



ڕاهێنان ١٠-٣

تەنە ئەندازەییەکان

وانەی ١٠-٣

داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لە لاپەڕە ١٥٠دا هاتووە

ڕاهێنانەکانی لاپەڕە ١٥٠ ڕێگە خۆش دەکات لەبەردەم قوتابیان بۆ ئەوەی بە تەنیا ڕاهێنان بکەن لەسەر ناسینی ئەو تەنە ئەندازەییانەی کە لە دەورووبەردا هەیە.

بەشێکی زۆر لە قوتابیان ڕووبەڕووی دڵەڕاوکێ دەبنەوە لە ناسینی هەرەم، چونکە وێنەکەی وەکو وێنەی تەنەکانی تر ڕوون و ئاشکرا نییە. هەوڵ بدە لەگەڵ خۆت تەنێك ببەیتە پۆل بە هەرەم بچێت، یان لەگەڵ قوتابیان هەڵبستیت بە دروستکردنی هەرەمێك بە بەکارهێنانی کارتۆن.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆ و نووسین ڕابگەیەنە بە هاوڕێیەکانت چۆن هەڵدەستی بە وەسف کردنی هەریەك لە تەنە ئەندازەییەکان کە ناتوانن ببینن قوتابیان بۆیان هەیە هەر تەنێك وەسف بکات بەپێی سیفەتێك یان زیاتر.

تاقیکردنەوەی وانەکە

لوولەکەکە دەوردەدەم



ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با لە ماڵەوە شیکاری ڕاهێنانەکانی ٢، ٤، ٥ بکەن کە لە وانەی ١٠-٣ لە کتێبی ڕاهێناندا هاتووە.

ڕێنمایی... ئەگەر بینیت کەوا هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە شیکارکردنی ڕاهێنانەکان، داوایان لێبکە با چەند تەنێکی هاوشێوەی هەرەم و شەش پاڵوو لوولەك بێنن یان هەڵبستن بە پێکهێنانی شێوەی ئەو تەنانە بە بەکارهێنانی هۆیە سادەکان و ساکارەکان، لەگەڵ قوتابیان جەخت لەسەر ئەو سیفەتانە بکە کە لوولەك لە هەرەم و شەش پاڵوو جیادەکاتەوە، کەوا لوولەك پێکدێت لە دوو ڕووبەری تەخت یەکێکیان لەسەرەوەیە ئەویتریان دەکەوێتە خوارەوە و هەروەها ڕووبەرێکی تری چەماوەیی لەخۆ دەگرێت.

وانەی ٤

شێوە ئەندازەییەکان

پلانی وانەکە

ئامانج: چوارگۆشە و سێگوشە و بازنە دەناسێت.

زاراوەکان: چوارگۆشە، سێگوشە، بازنە.

پێوەرەکان

- جەبر
- پێوان
- شیکارکردنی پرسیارەکان
- ڕێنوێنی و سەلماندن
- گەیاندن
- بەستنەوە
- نواندن

پرسیاری ئەمڕۆ

ئامانج هەموو ڕۆژێکی هەینی دەچێت بۆیانەی وەرزشی، یەکەم جار لە ١ مانگی کانوونی دووەم دا ڕۆیشت بۆیانە. بەرواری ڕۆژەکانی تر کە چووە بۆیانە تا کۆتایی مانگ چییە؟

٨، ١٥، ٢٢، ٢٩.

دەوڵەمەندکردن

لەم پۆلەدا دەست دەکرێت بە بنیات نانی تۆڕێکی بنچینەیی لە وێنە ئەندازەییەکان لە هزری قوتابی دا. لێرەدا قوتابی دەست دەکات بە ناسینی ڕاستییە ئەندازەییەکانی جیاواز لە ئایندەدا. قوتابی شێوە ئەندازەییەکان دەناسێت بە دەستپێکردن لە تەنە ئەندازەییەکان. لەبەر ئەوە پێویستە قوتابی تەنە ئەندازەییەکان بەدەست بگرێت و هەڵیگرێت و داینێت و یاری پێ بکات و بی بینێت.

چالاکی

دوانی

هەستی – جولەیی

چەند ڕووی تەختە؟

ئامانج ڕووە تەختەکانی تەنێکی ئەندازەیی دەناسێت.

کەرەستەکان شەش پاڵوو و لوولەك و هەرەم بۆهەر تیمێك.

- شەش پاڵووەکان دابەشی سەر تیپەکان بکە، پرسیار بکە **ئایا شەش پاڵوو گلۆر دەبێتەوە یان ڕادەکێشرێت؟** ڕادەکێشرێت. **ئایا دەتوانرێت شەش پاڵووەکان لەسەریەك دابنرێن؟** بەڵێ.
- بە قوتابیان ڕابگەیەنە هەر کاتێ شەش پاڵووەکان لەسەر یەك دابنێن یان ڕایبکێشین ئەوا ڕوویەك لە ڕووەکانی بەکاردەهێنین. داخازی لێیان بکە ڕووەکانی تەختە بژمێرن کە دەکاتە ٦ ڕوو بە قوتابیان ڕابگەیەنە شێوەی هەر ڕوویەك چوارگۆشەییە.
- ئێستا لوولەك و هەرەم دابەشی سەر قوتابیان بکە و داخاز لێیان بکە کە ڕووەتەختەکانی هەرەم بژمێرن، ٤. بە قوتابیان ڕابگەیەنە کە یەکێك لە ڕووەتەختەکانی هەرەم شێوەی سێگۆشەییە. یارمەتیان بدە بۆ ئەوەی تێبینی بکەن کە لوولەك یەك لە ڕووەکانی ڕووتەخت نییە، پاشان پرسیاریان لێبکە چەند ڕووتەخت لە لوولەك دا هەیە؟ وەڵام ٢ بە قوتابیان ڕابگەیەنە شێوەی ڕووە تەختی لوولەك بازنەییە.





وانەی ١

شێوە ئەندازەییەکان

ئەو تەنە ئەندازەییە کە بازنەی تێدا دیارە دەورە دەدەم.

چاودێری کاری قوتابیان بکە

١

ئەو تەنە ئەندازەییە کە چوارگۆشەی تێدا دیارە دەورە دەدەم.

٢

ئەو تەنە ئەندازەییە دەورە دەدەم کە سێگۆشەی تێدا دیارە.

٣

باسبکە ■ ڕێنوێنی

ئەو شێوە ئەندازەییانە کە لە هەرەم دا دەردەکەوێت چییە؟ سێگۆشە

١٥١

٤ ڕێکخستنی وانەی

پرسیاری ئەمڕۆ

پارچەیەك هەویری «قوڕ»ی دەستکرد بێنە و بەکاری بهێنە بۆ دروستکردنی لوولەکێ، پاشان لوولەکەکە بکە بە دوو بەشەوە. چیت دەست دەکەوێت؟ ٢ لوولەك.

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

ناوی شتێك بڵێ لەم تەنە ئەندازەییانە بچێت.

١ 

٢ 

٣ 

وەڵام جۆراوجۆر دەبن

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟ زانینی سیفەتەکانی تەنەکان و شێوە ئەندازەییەکان توانا بە قوتابیان دەدات لە شیکارکردنی پرسیارەکانی کە پەیوەندی پێوە هەیە.

دەتوانیت دەست بە وانەکە بکەیت بە جێبەجێکردنی ئەم چالاکیانە:

- تەنە ئەندازەییەکانی هەرەم و شەش پاڵوو لوولەك بخەرەوە پێش قوتابیان.
- لوولەکەکە بە دەست بگرەو داوا لە قوتابیان با سیفەتەکانی بڵێن لوولەك ڕووبەرێکی چەماوەیی و دوو ڕووبەری تەختی هەیە (یەکێکیان دەکەوێتە ژێرەوە ئەویتریان لەسەرەوەیە).
- پەنجەت لەسەر یەکێك لە ڕووبەرە تەختەکە دابنێ.
- بڵێ: ڕووبەرە تەختەکەی لوولەك شێوەیەکی ئەندازەیی دەنوێنێ پێی دەوترێت بازنە.
- ئەم چالاکیە لەگەڵ شەش پاڵوو هەرەم دووبارە بکەوە بە ناساندن و بەستنەوەیان بە چوارگۆشە و سێگۆشە.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- داوا لە قوتابیان بکە با سەیری ڕاهێنانی ١ بکەن.
- **چۆن دەزانی کام تەن لەم تەنە ئەندازەییانەی کە لە ڕاهێنانی ١ دا هەیە پێویستە دەور بدرێت؟** وەڵامی چاوەڕوانکراو بەدوای ئەو تەنە دەگەڕێم کە شێوەی بازنەیی تێدایە پاشان ئەو تەنە دەور دەدەم کە ئەم شێوەی تێدایە.
- ناوی ئەو شێوە ئەندازەییە چییە؟ لوولەك
- داوا لە قوتابیان بکە با هەردوو چالاکیەکانی ٢، ٣ جێبەجێ بکەن.
- ئەگەر بینیت کەوا هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە شیکاری ڕاهێنانەکان لێیان بگەڕێ با تەنە ئەندازەییەکان بەدەست بەکاربێنن لەمیانەی شیکارکردنی ڕاهێنانەکان.

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باس بکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە. وەڵام: چوارگۆشە، سێگۆشە.

ڕێنمایی... دووبارە لەم وانەیە جەخت لەسەر گرنگی تەنە ئەندازییەکان بکەوە. داوایان لێبکە با ئەو شێوە ئەندازەییانەی کە لەو تەنانەی لەگەڵ خۆیان دەیهێننە پۆل یان ئەوانەی داوایان لێدەکەی لەگەڵ خۆیان بهێننە پۆل با بیانناسێنن.

ئاگاداربە... هەڵەی باو هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی دڵەڕاوکێ دەبن لە جیاکردنەوەی چوارگۆشە کاتێك ئەم چوارگۆشە بە ٩٠° پلە دەسوڕێتەوە، بۆ ئەوەی یارمەتیان بدەی لە داپۆشینی ئەم کێشەیە، چەند شێوەیەکی ئەندازەیی وەك چوارگۆشە لەگەڵ خۆت ببە پۆل، داوا لە قوتابیان بکە با هەستن بە سووڕاندنەوەی ئەم شێوەیە بۆ ئەوەی بزانن کە شێوەکە ناگۆڕێت کاتێك کرداری سوڕانەوە ئەنجام دەدەیت وە هەردەم شێوەکە چوارگۆشەیە.

داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لە لاپەڕەی ١٥٢ دا هاتووە

هەندێ لە قوتابیان لەکاتی ڕەنگ کردنی چوارگۆشەی یەکەم لە ڕاهێنانی ١ هەڵە دەکەن، کاغەزێکیان لە شێوەی چوارگۆشە بدەرێ وە داوایان لێبکە با بە چەند بارێکی جیاواز لە چەند شوێنێك دایبنێن، هەردەم لەسەر شێوەی چوارگۆشەیی دەمێنێتەوە.
ڕاهێنانەکانی ئەم لاپەڕەیە ڕێگە لەبەردەم قوتابیدا خۆش دەکات بۆ ئەوەی ڕاهێنان بکات لەسەر جیاکردنەوەی شێوە ئەندازەییەکان.

فێرکردنی نموونەیی

ئاستی ئاسایی داوا لە هەر قوتابیەك بکە لەم ئاستەدا کە ڕاهێنانەکان شیکار بکات لەگەڵ هاوڕێ‌کەیدا.

ئاستی پێشکەوتوو داوا لە قوتابیانی ئەم ئاستە بکە کە سێگۆشەکان و چوارگۆشەکان و بازنەکان لەناو پۆلدا دیاری بکەن.

پرسیارێك شیکاردەکەم ● ڕێنوێنی وێنەی کۆمەڵێ خاڵ لەسەر تەختە بکێشە و پاشان خاڵەکان بەیەك بگەیەنە، بۆ ئەوەی بۆ قوتابیان ڕوون بکەیتەوە دەتوانرێت خاڵەکان بەیەك بگەیەنین تا شێوەیەکی ئەندازەیی بەدەست بهێنین.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆ و نووسین **لەسەر تەختە وێنەی بازنەکان و سێگۆشەکان و چوارگۆشەکان بکێشە کە لە پێوانە و ئاراستەدا جیاواز بن و پاشان داوا لە قوتابیان بکە ناوی هەر شێوەیەك لە شێوەکان بڵێن و وێنەی بکێشن.** چاودێری کاری قوتابیان بکە.

تاقیکردنەوەی وانەکە

سێگۆشەکە ڕەنگ دەکەم

▲ □ ○ ⬭

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با لە ماڵەوە شیکاری ڕاهێنانەکانی ١، ٢، ٤، ٥ بکەن کە لە وانەی ١٠–٤ لە کتێبی ڕاهێناندا هاتووە.

ڕێنمایی... ئەگەر بینیت کەوا هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە شیکارکردنی ڕاهێنانەکان یەکەمجار دڵنیابە لەوەی کە بازنە و سێگۆشە و چوارگۆشە بە باشی دەناسن، داوایان لێبکە ئەو شێوانە وێنە بکێشن مەرج نیە ئەو وێنانەی دەیکێشن ورد و ڕێك بن.



ڕاهێنان دەکەم

١ چوارگۆشەکان ڕەنگ دەکەم .

٢ سێگۆشەکان ڕەنگ دەکەم .

٣ بازنەکان ڕەنگ دەکەم .

پرسیارێك شیکار دەکەم ■ بیرکردنەوە بەدیتن چاودێری کاری قوتابیان بکە

٤ چوارگۆشەیەکی بچووك وێنە دەکێشم .

٥ سێگۆشەیەکی گەورە وێنە دەکێشم .

چالاکی ماڵەوە • داوا لە منداڵەکەت بکە بەهۆی تەنێکی ئەندازەیی وەك قوتوی تەماتە پەستان بخاتە سەر هاڕاوەی ورد وەك ئارد یان شەکر، پاشان داوای لێبکە ئەو شێوە ئەندازەییەی دەستی دەکەوێت ناوی لێبنێ؟

١٥٢



ڕاهێنان ١٠–٤

قوتابخانە..........ناوی قوتابی..........پۆل یەکەم هۆبەی......بەروار / /

شێوە ئەندازەییەکان ◀ وانەی ١٠–٤

١ لە هەر تەنێکی ئەندازەییدا بازنە و چوارگۆشە و سێگۆشە ڕەنگدەکەم.

٢ سێگۆشەکان ڕەنگدەکەم.

٣ چوارگۆشەکان ڕەنگدەکەم.

٤ بازنەکان ڕەنگدەکەم.

هەمان ئەو شێوانە بەکاردەهێنم بۆ دروستکردنی شێوازی جیاواز.

٥ چاودێری کاری قوتابیان بکە

٦ چاودێری کاری قوتابیان بکە

ڕاهێنان ل ٥٢

وانەی ٥ سەرەکان و لایەکان

پلانی وانەکە

ئامانج: شێوە ئەندازەییەکان پۆلین دەکات بەپێی ژمارەی سەرەکانیان و ژمارەی لایەکانیان.

زاراوەکان: سەر، لا.

پێوەرەکان

- جەبر
- ئەندازە
- شیکارکردنی پرسیارەکان
- ڕێنوێنی و سەلماندن
- گەیاندن
- بەستنەوە
- نواندن

پرسیاری ئەمڕۆ

ژمارەی ڕۆژەکان کە جیامان دەکاتەوە لە ڕۆژی هەینی چەندن؟ وەڵامەکان جۆراوجۆر دەبن بەپێی ئەو ڕۆژەی ئەم وانەیەی تێدا دەخوێنین.

پێشینەی بیرکاری

دەکرێ شێوە ئەندازەییەکان پۆلین بکرێن بەپێی ژمارەی سەرەکان و ژمارەی لایەکان. دەتوانین شێوە ئەندازەییەکان وێنە بکێشین کە سەرەکان و ٤ لایان هەیە.

هەر دوو توێژەرەوەی ئەڵمانی «بیار و داین فۆن هایل» توێژینەوەیەکیانکرد لەبارەی پێشکەوتنی بیرکردنەوەی ئەندازەیی.

دەرکەوت بۆیان لەسەر خۆ پێش دەکەوێت لەگەڵ کات دا بە ئەندازەی ئەوەی قوتابی هەڵدەستێ بە تاقیکردنەوە سەبارەت بە شێوەکانی ئەندازەیی و پەیوەندییەکانی نێوانیان.

چالاکی

سەرەکان و لایەکان لە کوێن؟

دوانی
هەستی – جولەیی

ئامانج سەرەکان و لایەکانی تەنە ئەندازەییەکان دەناسێ و جیایان دەکاتەوە.

کەرەستەکان بۆ هەر تیمێك لە ٣ قوتابی، بازنەیەك و چوارگۆشەیەك و سێگۆشەیەك.

- ئەندامانی تیمەکە هەر سێ شێوەکان دابەشی دەکەن و دادەنیشن لەسەر زەوی و شێوەکان هەڵدەگرن کە دابەشیان کردووە.
- کاتێ مامۆستا نیشانەی دەست پێکردن دەدات، هەر قوتابیەك لە وانەی دانیشتوون شێوە ئەندازەییەکەی خۆی دەدات بە هاوڕێیەکەی کە لەلای ڕاستی دانیشتووە.
- کاتێ مامۆستا نیشانەی کۆتایی دەدات ئەو قوتابیەی کە شێوە ئەندازەییەکەی هەڵگرتووە و هیچ سەری نییە بە پێوە دەوەستێت.
- لە دوای ئەوە قوتابیەکانی تر بە پێوە دەوەستن، هەریەکەیان ئەو شێوەی پێیە بەرزی دەکاتەوە و ناوی و ژمارەی سەرەکانی دەڵێت.

ڕێکخستنی وانەی ٥

پرسیاری ئەمڕۆ

ناوی تەنێکی ئەندازەیی بڵێ کە نە لەسەر یەك دادەنرێ و گلورنابیتەوە: هەرەم.

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

ناوی ئەو تەنە ئەندازەییە چییە کە لەوەدەچێت

١ یەك قالب تەباشیر؟ لوولەك

٢ پاکەتی چوارگۆشە؟ شەش پاڵو

٣ هەرەمەکانی میسر؟ هەرەم

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟ فێربوونی لایەکان و سەرەکان یارمەتی قوتابیان دەدات بۆ تێگەیشتن لە شێوە ئەندازەییەکان.

دەتوانیت دەست بە وانەکە بکەیت بە جێبەجێکردنی ئەم چالاکیانە:

- پۆلەکە بکە بە چەند کۆمەڵەیەکی جیاواز ژمارەیەك لە دەنکە شەقارتە و کەتیرە دابەشی سەر قوتابیان بکە.
- داوا لە هەر کۆمەڵەیەك بکە بە دەنکە شەقارتەکان سێگۆشەیەك دروست بکەن.
- بپرسە **ژمارەی ئەو دەنکە شەقارتانەی بەکارت هێنا بۆ دروستکردنی سێگۆشەکە چەندن؟** ٣، لێرەدا جەخت لەوە بکەوە هەر دەنکە شەقارتەیەك لایەکە بۆ سێگۆشەکە کە بریتییە لە هێلێکی راست، وە هەروەها جەخت لەوەش بکەوە کەوا هەردوو لایەك کە بە یەك دەگەن سەرێك پێکدەهێنن.
- بپرسە: **سێگۆشە کە چەند سەری هەیە؟** ٣
- ئەم چالاکیە بۆ چوارگۆشەیەك دووبارەبکەوە؟

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- داوا لە قوتابیان بکە با بە دەستەکانیان چوارگۆشەیەك بگرن.
- بپرسە **ئەم چوارگۆشەیە چەند سەرو چەند لای هەیە؟** ٤ سەر و ٤ لا
- پێشنیار بۆ قوتابیان بکە با ئەو شێوە ئەندازەییانەی کە لەلایەن هەیە بەکاری بهێنن بۆ شیکارکردنی راهێنانەکانی ئەم لاپەڕەیە.



وانەی ٥ سەرەکان و لاکان

شێوەیەك دەکێشم پاشان ناوەکەی دەنووسم.

چاودێری کاری قوتابیان بکە

١ شێوەیەك دەکێشم کە ٤لاو ٤ سەری هەبێت.

چوارگۆشە

٢ شێوەیەك دەکێشم ٣ لاو ٣ سەری هەبێت.

سێگۆشە

٣ شێوەیەك دەکێشم بەبێ لاو بەبێ سەر.

بازنە

٤ هێلێك دەکێشم بۆ ئەوەی دوو سێگۆشە بەدەست بهێنم.

باسبکە ■ ڕێنوێنی

ئایا دەشێ شێوازێك بکێشی بێجگە لە چوارگۆشە ٤ سەرو ٤ لای هەبێت؟ ئەوە ڕوونبکەوە.

ڕێنمایی... ئەگەر بینیت کەوا هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی کێشە دەبنەوە لە وێنەکێشان، دەتوانیت داوایان لێبکەی پێنووسەکان یان دەنکە شەقارتەکان بەکاربێنن بۆ نواندنی شێوە ئەندازەییەکان.

هەندێ لە قوتابیان لە چالاکی ٤دا ڕووبەڕووی کێشە دەبنەوە، دەتوانیت کاغەزێکی چوارگۆشەیی بهێنی و پاشان بینووشتێنیەوە بۆ ئەوەی دوو سێگۆشە بەدیار کەوێت، نواندنی هەستپێکراو بۆ شێوە ئەندازەییەکان یارمەتی قوتابیان دەدات لەسەر تێگەیشتنی قووڵ و فرەوان.

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باس بکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە.

وەڵام: بە هەموو وێنە گونجاوەکان رازی دەبم. لەوانەیە قوتابییەك لاکێشەیەك یان هەر شێوەیەکی تری کە ٤ سەر و ٤ لای هەبێت بکێشێت.



ڕاهێنان دەکەم

بەکاردەهێنم بۆ وێنە کێشانی لایەکان

بەکاردەهێنم بۆ دەوردانی سەرەکان.

ژمارەی سەرەکان و ژمارەی لایەکان دەنووسم.

١
لا ٤
سەر ٤

٢
لا ٣
سەر ٣

٣
لا ٤
سەر ٤

٤
لا ٦
سەر ٦

٥
لا ٤
سەر ٤

٦
لا ٥
سەر ٥

پرسیارێك شیكار دەكەم ■ بیركردنەوە بەدیتن

٧ هێڵێك لە ناو هەر شێوەیەك دا دەكێشم بۆ بەدەست هێنانی دوو سێگۆشە .

چالاكی ماڵەوە • داوا لە منداڵەكەت بكە شێوەیەكی ئەندازەیی بكێشێ ٣ لا و ٣ سەری هەبێت (سێگۆشەیەك).
پاشان داوای لێبكە شێوەیەكی ئەندازەیی تر بكێشێ كە ٤ لا و ٤ سەری هەبێت.

١٥٤



ڕاهێنان ١٠–٥

قوتابخانە..........ناوی قوتابی..........پۆل: یەکەم هۆبەی.......بەروار / /

سەرەکان و لایەکان

وانەی ١٠-٥

بەکاردەهێنم بۆ کێشانی هەر لایەک.

بەکار دەهێنم بۆ دەوردانی هەر سەرێک.

ژمارەی سەرەکان و لایەکان دەنووسم

١ سەر ٤ لا ٤

٢ سەر ٣ لا ٣

٣ سەر ٦ لا ٦

٤ سەر ٤ لا ٤

٥ سەر ٥ لا ٥

٦ سەر ٤ لا ٤

پێداچوونەوە

ژمارە نادیارەکان دەنووسم.

٧

بە یەک کەمتر		بەیەک زیاتر
١٧	١٨	١٩
٦٤	٦٥	٦٦

٨

بە دە کەمتر		بە دە زیاتر
٤٠	٥٠	٦٠
٥٢	٦٢	٧٢

ل ٥٨ ڕاهێنان

ڕێنمایی... ئەگەر بینیت کەوا هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە شیکارکردنی راهێنانەکان چەند شیوەیەکی ئەندازەیی راستەقینەیان بدەرێ پاشان داوایان لێبکە سەرەکان و لایەکانیان بژمێرن، دەتوانیت داوایان لێبکەی بەپێی پێدانی ژمارەی سەرەکان و لاکان وێنەی شێوەکە بکێشن.

ئاگاداربە... هەڵەی باو ئاگاداری ئەو قوتابیانە بە کە سەرەکان و لاکان لە یەکتر جیاناکەنەوە کاتێك وێنەی شێوەیەکی ئەندازەیی دەکێشن سەرەکان و لاکانی هەبێت، داوایان لێبکە با لاکان ڕەنگ بکەن و سەرەکان دەوربدەن.

داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ئەو راهێنانە بکەن کە لە لاپەڕەی ١٥٤ دا هاتووە

ڕاهێنانەکانی لاپەڕە ١٥٤ ڕێگە خۆش دەکات لەبەردەم قوتابیدا بۆئەوەی ڕاهێنان بکات بۆ زانینی سەرەکان و لایەکانی شێوە ئەندازەییەکان و وە بۆ ئەوەی لە یەکیان جیا بکاتەوە

پرسیارێك شیکاردەکەم ● بیرکردنەوە بە دیتن

نموونەیەك پێکلەهێنم بۆشیکارکردنی ئەم پرسیارە لە ڕێگەی وێنە کێشانی یەکێ لەم شێوە ئەندازەییانە و هەوڵدان بۆ کێشانی وێنەی هێڵێك بۆئەوەی دوو سێگۆشەم دەست بکەوێت.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆ و نووسین وێنەی شێوەیەکی ئەندازەیی بکێشە کە سەرەکان و لایەکانی هەبێت، و ژمارەی سەرەکان و لایەکان بنووسە.

چاودێری کاری قوتابیان بکە.

تاقیکردنەوەی وانەکە



لەم وێنەیەدا هەیە

أ ٤ سەروو ٤ لا

[✓ ب] ٣ سەروو ٣ لا

ج ٣ سەروو ٥ لا

د ٣ سەروو ٤ لا

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با لە ماڵەوە شیکاری راهێنانەکانی ٣، ٥، ٦ بکەن کە لە وانەی ١٠–٥ لە کتێبی راهێنان دا هاتووە.
- هانی قوتابیان بدە با لە ماڵەوە شیکاری ئەو راهێنانە بکەن کە لە بڕگەی (پێداچوونەوەی) وانەی ١٠– ٥ لە کتێبی راهێناندا هاتووە.
- بۆیان ڕوونبکەوە کەوا ئەم راهێنانە پێداچوونەوەی کارامەییەکانی پێشوو بەدەست دێنێ.

وانەی ٦ پرسیارێك شیكار دەكەم: دەرئەنجامی ژیربێژی بەكاردەهێنم

پلانی وانەكە

ئامانج: تەنەئەندازەییەكان پۆلین دەكات بەپێی سیفەتەكانیان «لەسەر یەك دانان، ڕاكێشان، خلۆركردن» بە بەكارهێنانی دەرئەنجامی ژیربێژی.

زاراوەكان: ل سەر ئێك دانان، ڕاكیشان، گلۆركردن.

پێوەرەكان

- ئەندازە
- شیكاركردنی پرسیارەكان
- ڕێنوێنی و سەلماندن
- گەیاندن
- بەستنەوە
- نواندن

پرسیاری ئەمڕۆ

ئەگەر ٢٩ ی مایس ڕۆژی چوارشەممە بێت.

چ ڕۆژێك ڕۆژی یەكەمی مایسە؟

ڕۆژی چوارشەممە

دەوڵەمەندكردن

دەتوانین تەنە ئەندازەییەكان بەپێی ژمارەی سەرەكان و لایەكان یان ڕووەكانیان پۆلین بكەین. دەتوانین پۆلینیان بكەین بەپێی سیفەتەكانیان. پۆلینكردنی تەنە ئەندازەییەكان بەپێی سیفەتەكانیان (ڕاكێشان، لە سەر یەك دانان، خلۆربوون) یارمەتی قوتابیان دەدات بۆ جیاكردنەوە لە نێوان سەرەكان و ڕووەكان دا. هەروەها یارمەتیان دەدات بۆ ناسینی ڕووتەختەكان و ڕووە نا تەختەكان و جیاكردنەوەیان.

چالاكی

دوانی

هەستی – جولەیی

لەسەر یەك دادەنێم، ڕادەكێشم، خلۆر دەكەم.

ئامانج تەنە ئەندازەییەكان پۆلین دەكات بەپێی سیفەتەكانیان بەبەكارهێنانی دەرئەنجامی ژیربێژی.

كەرەستەكان تەنە ئەندازەییەكان و هێندێك كاغەز كە ناوی تەنە ئەندازییەكانی لێنووسراوە.

- تەنە ئەندازەییەكان لەسەر مێزەكەت دابنێ هەروەها پارچە كاغەزەكان كە ناوی تەنە ئەندازەییەكانی لەسەر نووسراوە دابنێ لەسەر تەختەی زاراوەكان.
- داوا لە سێ قوتابی بكە لەپێش مێزەكەدا بوەستن. و هەر یەكەیان كاغەزێك كە ناوی تەنێكی ئەندازەیی هەلگرتووە ڕابكێشن ولە بەردەم تەنی گونجاو داینێ.
- دووبارە ناوی تەنە ئەندازەییەكان تێكەڵاو بكەوە. داوا لە تیمەكی دی بكە كە هەمان كردار ئەنجام بدەنەوە.
- قوتابی پۆلەكەت بكە بە سێ كۆمەڵە. هەر كۆمەڵەیەك تەنێكی ئەندازەیی بدەرێ و لێیان بگەڕێ ئەندامانی كۆمەڵەكە پشكنینی تەنەكە بكەن.
- لێیان بگەڕێ ئەندامانی هەر كۆمەڵەیەك پشكنینی تەنە ئەندازەییەكە بكەن و دیاری بكەن چۆن دەیجولێنن.
- داخازی ل یەك قوتابی بكە لە هەر تیمەك شلۆڤە بكەن بۆ قوتابیێن دیێ ل ناڤ پۆلێ دا ئەوەی كە كۆمەڵەكەیان پێی گەیشتوون لەسەر سیفەتی تەنە ئەندازەییەكان. و بەدەرفەت وەرگرتن لەكاتی ئەنجامدانی چالاكی زاراوە نوێیەكان پێكێش بە قوتابیان بكە « ل سەر ئێك دانان، ڕاكێشان، گلۆركردن».

ڕێکخستنی وانەی ٦

پرسیاری ئەمڕۆ

ئەم شێوازە تەواو بکە؟



هەرەم ، شەش پاڵو ، لوولەك

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

ناوی تەنێکی ئەندازەیی بڵێ بگونجێ لەگەڵ سیفەتەکەی:

١ ڕادەکێشرێت هرەم، لوولەك، شەشپالوو

٢ گلۆر دەبێتەوە لوولەك

٣ لەسەر یەکدادەنرێ لوولەك، شەش پالوو

٤ لەسەر یەك دانانرێ هەرەم

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟ ئەگەر قوتابی فێربوو چۆن تەنە ئەندازەییەکان دەجولێن. بەڕێکی و بەباشی بەکاریان دەهێنن.

دەتوانیت دەست بە وانەکە بکەیت بە جێبەجێکردنی ئەم چالاکیانە:

- پاکەتێك لەسەر شێوەی لوولەك و چەند پاکەتێك لەسەر شێوەی شەش پاڵوو دوو هەرەم لەگەڵ خۆت ببە پۆل.
- داوا لە قوتابیان بکە با لوولەکە گلۆر بکەنەوە و شەش پاڵووەکان لەسەر یەکتر دابنێن.
- **بپرسە چۆن توانیت شەش پاڵووەکان کەڵەکە بکەی؟** لەبەرئەوەی شەش پاڵوو زۆرترین ڕووبەری پانتایی هەیە توانیم شەش پاڵووەکان لەسەر یەکتر دابنێم.
- بپرسە: **چۆن توانیت لوولەکە گلۆر بکەیتەوە؟** چونکە ڕووبەرێکی چەماوەیی هەیە.
- بپرسە: **ئایا دەتوانیت دوو هەرەمەکە لەسەر یەکتر کەڵەکەی بکەی؟** نەخێر، چونکە هەرەم یەك ڕووبەری تەختایی و یەك خاڵی هەیە.



پرسیارێك شیکار دەکەم
دەرئەنجامی ژیربێژی بەکاردەهێنم

وانەی ٦

تێدەگەم · پلان دادەنێم · شیکاردەکەم · ساغدەکەمەوە

چۆن دەتوانی تەنە ئەندازەییەکان پۆلێن بکەیت؟

لەسەر یەك دایان دەنێم

«خلۆر» گلۆری دەکەمەوە

ڕایدەکێشم

تەنە ئەندازەییەکان بەکاردەهێنم
بەڵێ یان نەخێر دەنووسم.

	ئایا لەسەر یەك دادەنرێت	ئایا گلۆر دەبێتەوە	ئایا ڕادەکێشرێت
١ شەشپاڵو	بەڵێ	نەخێر	بەڵێ
٢ لوولەك	بەڵێ	بەڵێ	بەڵێ
٣ هەرەم	نەخێر	نەخێر	بەڵێ

٤ گۆڤەند ٨ شەشپاڵوی هەیە، ئایا دەتوانێت لەسەر یەکیان دابنێت بۆ دروست کردنی شەشپاڵویەك؟
تاقیدەکەمەوە و ڕوونیدەکەمەوە. بەڵێ

١٥٥

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

تێدەگەم داوا لە قوتابیان بکە ڕوونیبکەنەوە **داواکراو چییە؟** بە بەڵێ یان بە نەخێر وەڵام دەدەمەوە لەسەر یەك دادەنرێت یان گلۆر دەبێتەوە یان ڕادەکێشرێت.

پلان دادەنێم **داوا لە قوتابیان بکە پێشبینی ڕێگایەك بکەن بۆ شیکارکردنی پرسیارەکە.** لەسەر یەك دانان و گلۆرکردن و ڕاکێشان تاقیدەکەمەوە لەسەر تەنەکان.

شیکاردەکەم باسی چۆنیەتی شیکارکردنی پرسیارەکە لە قوتابیان بکە. قوتابیەکە وەسفی ئەو ڕێگایە دەکات کە پێی گەیشتووە بۆ شیکارکردنی پرسیارەکە خشتەکە پڕ دەکاتەوە بە وشەی گونجاو.

ساغدەکەمەوە **چۆن دەزانی وەڵامەکەت شیاوە؟** وەڵامی چاوەڕوانکراو: بینیم کە دەشێت شەش پاڵوو لەسەر یەکەدادەنرێن و ڕادەکێشرین، بەڵام گلۆر ناکرێن.

> **ڕێنمایی...** دەتوانیت تەنەکانی بەرجەستە و بەدەست گیراو بەکاربێنی بۆ ئەوەی دڵنیابیت لەوەی کەوا قوتابیان لە وانەکە تێگەیشتوون. داوایان لێبکە هەندێك لەم تەنانە لەگەڵ خۆیان بێنن یان لە کارتۆن دروستی بکەن.

٣ ڕاهێنان

داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لە لاپەڕە ١٥٦دا هاتووە

فێرکردنی نموونەیی

ئاستی ئاسایی داوا لە قوتابیانی ئەم ئاستە بکە لەگەڵ تۆدا کار بکەن یان لەگەڵ قوتابیەکی پێشکەوتوو.

ئاستی پێشکەوتوو داوا لە هەر قوتابیەکی لەم ئاستەدا بیت بکە بگەڕێن لەناو پۆلدا بەدوای ئەو شتانەی لەتەنە ئەندازەییەکان دەچێت، بچیتە سەر هێڵ ڕاهێنانەکانی لاپەڕە ١٥٦ ڕێگا خۆش دەکات لەبەردەم قوتابیاندا بۆ جیاکردنەوەی تەنە ئەندازەییەکان ئەوانەی کە گلۆر دەبنەوە و لەسەر یەك دادەنرێن یان ڕادەکێشرێن.

پرسیارێك شیکاردەکەم ● ڕێنوێنی ڕادەکێشرێت

قوتابی هەموو سیفەتەکانی دەخاتە ڕوو بۆ هەر سێ تەنە ئەندازەییەکە. دەبینین کە ڕاکێشان سیفەتی هاوبەشی نێوان هەرسێ تەنەکەیە.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆ و نووسین داوا لە قوتابیان بکە مانای ئەم زاراوانە ڕوونبکەنەوە «لە سەر یەك دانان، ڕاکێشان، گلۆربوون». ڕاکێشان: بریتییە لە توانای جوڵانەوەی تەنەکان لەسەر ڕووێکی تەخت بەبێ ئەوەی ئاڕاستەکەی بگۆڕێ. لە سەر یەك دانان: بریتییە لە توانای دانانی تەنێك لەسەر تەنێکی تر کە بگونجێت. گلۆرکردن: بریتییە لە توانای جولانەوەی تەنەکان بە سوڕانەوە.

تاقیکردنەوەی وانەکە

ئەو تەنەی کەڵەکە دەبێت و گلۆر دەبێتەوە دەور دەدەم



ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با لە ماڵەوە شیکاری ڕاهێنانەکانی ٢، ٣، ٤ بکەن کە لە وانەی ١٠–٦ کتێبی ڕاهێنان دا هاتووە.
- هانی قوتابیان بدە با لە ماڵەوە شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لە بڕگەی (پێداچوونەوە) لە وانەی ١٠–٦ لە کتێبی ڕاهێنان دا هاتووە.
- بۆیان ڕوونبکەوە کەوا ئەم ڕاهێنانە پێداچوونەوەی کارامەییەکانی پێشوو بەدەست دێنێ.



ڕاهێنان دەکەم

١ ئەو تەنانەی لەسەر یەك دادەنرێت ڕەنگدەکەم .

٢ ئەو تەنانەی گلۆر دەبنەوە ڕەنگدەکەم .

٣ ئەو تەنانەی ڕادەکێشرێن ڕەنگدەکەم .

٤ ئەو تەنانەی لەسەریەك دادەنرێن و گلۆر دەبنەوە ڕەنگ دەکەم .

٥ ئەو تەنانەی لەسەر یەك دادەنرێن و ڕادەکێشرێن ڕەنگدەکەم .

پرسیارێك شیکار دەکەم ■ ڕێنوێنی

٦ سیفەتی هاوبەشی ئەم تەنانە دەوردەدەم .

چالاکی ماڵەوە • ئەو شتانە ئامادە بکە کە هاوشێوەی تەنە ئەندازەییەکانی ئەم لاپەڕەیەن، هاوبەشی بکە لەگەڵ منداڵەکەت بۆ دیاریکردنی ئەو تەنەی لەسەر یەك دادەنرێ یان گلۆر دەبێتەوە یان ڕادەکێشرێت .

١٥٦

ئاگاداری... ئەگەر بینیت کەوا هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە شیکارکردنی پرسیارەکان، یەکەمجار دڵنیابە لەوەی کەوا قوتابیان واتای کەڵەکە بوون و ڕاکێشان و گلۆربوونەوە بە باشی تێگەیشتوونە، پاشان داوایان لێبکە با هەندێ لەو تەنانە بهێنن کە چەند سیفەتێك لەم سیفەتانەیان تێدایە.



ڕاهێنان ١٠–٦

قوتابخانە..........ناوی قوتابی..........پۆل یەکەم هۆبەی.......بەروار / /

پرسیارێك شیکاردەکەم :

دەرئەنجامی ژێربێژی بەکاردەهێنم

وانەی ١٠–٦

تەنە ئەندازەییەکان بەکاردەهێنم

١ ئەو تەنەی کەڵەکە دەکرێت «لەسەر یەك دانان» ڕەنگدەکەم.

٢ ئەو تەنەی ڕادەکێشرێت ڕەنگدەکەم.

٣ ئەو تەنەی دەخولێتەوە «گلۆر» دەبێتەوە ڕەنگدەکەم.

٤ ئەو تەنەی دەخولێتەوە وکەڵەکە دەکرێت ڕەنگدەکەم.

پێداچوونەوە

ژمارە نادیارەکە دەنووسم

٥ ٧٧، ٧٨، ٧٩

٦ ٤٤، ٤٥، ٤٦

٧ ٣١، ٣٢، ٣٣

٨ ٥٦، ٥٧، ٥٨

٩ ٨٨، ٨٩، ٩٠

١٠ ٩٠، ٩١، ٩٢

ڕاهێنان ل ٥٩

بەشی ١٠

پێوان و ئەندازە

پێداچوونەوە/ بەشی ١٠

ئامانج: دڵنیابوون لە زانینی چەمکەکان و بەدەستهێنانی ئەو کارامەییانەیە کە لە بەشی ١٠دا هاتووە.

بەکارهێنانی لاپەڕە

- ئامانجی لاپەڕەی پێداچوونەوە بۆ قوتابیان روون‌بکەوە.
- نزیکەی ٣٠ خولەك تەرخان بکە بۆ ئەوەی قوتابیان راهێنانەکانی لاپەڕەی پێداچوونەوە شیکار بکەن.
- دەتوانیت لەکاتی بەکارهێنانی ئەم لاپەڕەیە یارمەتی ئەو قوتابیانە بدەی کە رووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە.
- لەکاتی بەکارهێنانی ئەم لاپەڕەیە دەتوانی رێگەی هاوکاریکردن لە نێوان قوتابیان خۆش بکەی بەمەرجێك تا رادەیەکی باش یاساکان و هێمنی قوتابخانە پارێزراوبێت.
- دەتوانیت وەڵامی پرسیارەکانی قوتابیان بدەیتەوە.
- ئەو کاتەی دەمێنێتەوە لە وانەکە تەرخان بکە بۆ ئەوەی وەڵامەکان و شیکارەکانیان بدەیتەوە.
- ئامانجی راهێنانەکانی ١–٦ بۆ دڵنیابوونە لە تێگەیشتنی چەمکەکان و زاراوە و وشە نوێیەکانە.
- لەم لاپەڕەیە دڵنیا دەبیت لەوەی تا چەند قوتابیان چەمکەکانی پێوان و بەراوردکردن لە نێوان درێژییەکان دەزانن دوای ئەوەی تەنەکان و شێوە ئەندازەییەکان دەناسن و لە یەکتر جیایان دەکەنەوە و بەپێی سیفەتەکانیان ریزیان دەکەن.
- ئاگاداری قوتابیان بکەوە کەوا پێنووسەکان شێوەی لوولەکیان هەیە.



پێداچوونەوەی
بەشی ١٠

ناو ________

پێنووسە درێژەکە دەور دەدەم.

١

بچووکەکە بەکاردەهێنم بۆ پێوانەی درێژی پاپۆڕەکە.

چاودێری کاری قوتابیان بکە

٢

نزیکەی ____

٣ ئەو تەنانە ڕەنگدەکەم کەدەتوانرێ لەسەریەك دابنرێ ئەو تەنە دەور دەدەم کە ٦ ڕووەکەی تەختە.

٤ بەکاردەهێنم بۆ ڕەنگکردنی سێگۆشەکە.
بەکاردەهێنم بۆ ڕەنگکردنی بازنەکە.
بەکاردەهێنم بۆ ڕەنگکردنی چوارگۆشەکە.

چاودێری کاری قوتابیان بکە

ژمارەی لایەکان و ژمارەی سەرەکان دەنووسم.

٥
لا ٤
سەر ٤

٦
لا ٣
سەر ٣

١٥٧

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

ئامانج: ئامانجی لاپەڕەی «ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە» کە لە کتێبی قوتابی هاتووە هەروەك ئەوەی ناونیشانەکەی ئاماژەی پێدەکات بریتییە لە ئامادەکردنی قوتابی بۆ تاقیکردنەوەی بەشەکە.

ئەم لاپەڕەیە چەمکەکان و کارامەییەکانی لەخۆ دەگرێت کە لەم بەشەدا هاتووە. هەروەها چەمکەکانی تر لە بەشەکانی پێشەوە لەخۆ دەگرێت.

هەر بەندێك لەم لاپەڕەدا ئامانجێکی فێربوون یان زیاتر لەخۆ دەگرێت وە بەگشتیش تا رادەیەك ئامانجەکانی فێربوونی ئەم بەشە لەخۆ دەگرێت کە پێویستە.

بەکارهێنانی لاپەڕەکە

- ئامانجی لاپەڕەی «ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە» بۆ قوتابییان روونبکەوە.
- داوا لە قوتابییان بکە لاپەڕەی «ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە» کە لە کتێبی قوتابی هاتووە لە ماڵەوە یان «لە پۆل» شیکار بکەن ئەگەر کات رێی پێدای بۆ ئەنجامدانی.



ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە
بەشی ١٠

ناو ______________

وەڵامی گونجاو هەڵدەبژێرم.

١ کام شت لە لوولەك دەچێت؟

○ ○ ● ○

٢ کام تەنە تەنها دووڕووی تەختی هەیە؟

○ ○ ● ○

٣ کام شێوە سێگۆشە دەنوێنێت؟

● ○ ○ ○

٤ کام شێوە «٦» سەری هەیە .

○ ○ ● ○

٥ کام پێنووس کورتترە.

● ○
○ ○

١٥٨

تاقیکردنەوەی بەش

تاقیکردنەوەی بەش دەکەوێتە چوارچێوەی هەڵسەنگاندنەکانی بەدەستهاتوو

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوەی بەش

- دەتوانیت ئەم تاقیکردنەوانە وەکو خۆی بەکاربێنی.
- دەتوانیت لەم تاقیکردنەوەیە چەند پرسیارێکی دیاریکراو هەڵبژێری و تاقیکردنەوەیەکی لێ پێکبهێنی.
- دەتوانیت لەم تاقیکردنەوەیە چەند پرسیارێکی دیاریکراو هەڵبژێری و خۆشت چەند پرسیارێکی تر پێکبهێنی.
- دەتوانیت خۆت هەموو پرسیارەکانی تاقیکردنەوە پێکبهێنی بە پشتبەستن بە پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بەش.

مەرجەکانی ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

- ئەوکاتەی دیار دەکرێت بۆ تاقیکردنەوەی بەش دەبێت بەس بێت بۆ قوتابیان «وانەیەکی تەواو بۆ تاقیکردنەوەی بەش»
- دەبێت پرسیارەکانی ئەم تاقیکردنەوانە هەموو ئامانجەکان بگرێتەوە بێ زیادو کەم.
- دەبێت پرسیارەکانی ئەم تاقیکردنەوانە هەموو ئامانجەکان بگرێتەوە بەشێوەی هاوسەنگ لەگەڵ رەچاوکردنی ئامانجەکان.
- دەبێت تاقیکردنەوەکەت پرسیارەکانی جۆری أ لەخۆ بگرێت وە پرسیارەکانی جۆری ب لەخۆ بگرێت بە زیاتر هێنانەوەی جۆری أ لە کتێبی رێبەری هەڵسەنگاندن.
- پێویستە تاقیکردنەوەکانی بەش چاپ بکرێت بەشێوەیەکی روون.

ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی بەش

- وانەیەکی تەواو تەرخان بکە بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی بەش.
- بۆ قوتابیان باس بکە کە لەسەریان پێویستە وەڵامی راست لە پرسیارەکانی هەڵبژاردن لە هەمەجۆر دەوربدرێن.
- لەو کاتەی ماوەت هەیە لە قوتابخانە «یان لە ماڵ» تاقیکردنەوەکانت بپشکنە وە تێبینیەکان تۆمار بکە بەتایبەتی ئەو تێبینییانەی بەندن بە خاڵە لاوازەکانی قوتابیان.

بەشی ١١ کەرتەکان و کات

پلانی بەش

وانه	ئامانج	زاراوەکان	کەرەستەکان	کاتی خەملێنراو
پێشکەشکردن وئامادەبوون بۆ بەش				کات/ ١ وانه
١١-١ نیو ل ١٦١ – ١٦٢	نیو دەناسێ.	**نیو،** $\frac{١}{٢}$		١ وانه
١١-٢ چارەك ل ١٦٣ – ١٦٤	چارێك دە ناسێت.	**چارێك،** $\frac{١}{٤}$		١ وانه
١١-٣ کاتژمێر دەخوێنمەوە ل ١٦٥ – ١٦٦	بەشە کانی کاتژمێر دەناسێت و کات دەخوێنێتەوە لەسەر کاتژمێرە کە.	**میلەکانی دەمژمێر**	دەمژمێر	١ وانه
١١-٤ پرسیارێك شیکاردەکەم: نموونەیەك هەڵدەبژێرم ل ١٦٧ – ١٦٨	پرسیارێك شیکاردە کات بە بە کارهێنانی ڕێگای « نموو نەیەك هەڵدەبژێرم»			١ وانه
■ **پێداچوونەوە ل ١٦٩**				١ وانه
■ **ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە ل ١٧٠**				١ وانه

تێبینی: ● دابەشکردنی بەشەوانەکان بەسەر وانەکانی ئەم بەشەی سەرەوە دابەشکردنێکی خەملێندراوە دەتوانی دەستکاری بکەی و ڕێکی بخەی و بیگونجێنی لەگەڵ بارودۆخ و ژینگەی قوتابی، کاتی تەرخان کراوی تایبەت بە وانەکان جێگیر نییە، دەتوانیت گۆڕانکاری لێبکەی بەپێی پێویست ڕێکی بکەی و بیگونجێنی.

● لەسەر مامۆستا پێویستە کەرەستە داواکراوەکان ئەوانەی ناویان هاتووە لە پلانی بەش یان هاوشێوەکانیان ئامادە بکات پێش دەستپێکردنی وانەکە.

Star Group

بیرکاری بەپێی پۆلەکان

پۆلی یەکەم

- بەشە یەکسانەکان دەناسێ.
- نیو و چارەك دەدۆزێتەوە.
- بەشەکانی دەم ژمێر دەناسێ و کات لەسەر دەم ژمێر دەخوێنێتەوە.

پۆلی دووەم

- دەناسێ و ناوی دەنێت $\frac{١}{٢}$، $\frac{١}{٣}$، $\frac{١}{٤}$، $\frac{٢}{٣}$، $\frac{٣}{٤}$.
- کەرتەکان لەسەر هێلی ژمارەکان دەنوێنێ.
- کەرتەکان لەگەڵ یەکتر بەراورد دەکات و لەگەڵ یەکدا.
- کات دەخوێنێتەوە لەسەر کاتژمێرەکە و نیو، کاتژمێرێك، چارەکێك.

تێڕوانینێك بۆ دواوە زانیارییەکان و کارامەییە داواکراوەکان

ئامادەبوون بۆ خوێندنی ئەم بەشە پێویستە قوتابی ئەم زانیاری وکارامەیانەی خوارەوەی هەبێت:

قوتابی لەم بەشەوە دەستپێدەکات بە فێربوونی چەمکی کەرت بێئەوەی کە هیچ زانیارییەکی هەبێت لەم بوارەدا لە پێشوو. بەڵام هەندێ چەمکی سەرەتایی هەیە کە لە دەورووبەری خۆی وەریگرتووە. لێرەدا پێویستە بڵێین ئەوەی لە قوتابی داوا دەکرێت ناسینی دوو بەشی یەکسانە بۆ هەمان شت، زۆر لە قوتابیان دڵخۆش دەبن بەم کارامەییە کاتێ دێنە قوتابخانە. لەبەرئەوە ڕێنماییت دەکەین کە دڵنیایی لەوە و یارمەتی قوتابی بدەی لەکاتی بەرەنگاربوونی هەر تەنگەژەو زەحمەتێك لەم بوارەدا.

تێڕوانینێك بۆ بەشەکە کارامەییە پنچینەییەکان

قوتابی لە ماوەی خوێندنی ئەم بەشەدا ئەم کارامەیانەی خوارەوە بە دەست دێنێ:

- نێو دەناسێ.
- چارەك دەناسێ.
- $\frac{١}{٢}$ ی کۆمەڵە و $\frac{١}{٤}$ ی کۆمەڵە دەناسێ.
- بەشەکانی کاتژمێر دەناسێ.
- پرسیارەکان شیکاردەکات بە ڕێگەی «نموونەیەك هەڵدەبژێرم».

تێڕوانینێك بۆ پێشەوە بوارەکانی جێبەجێکردن

قوتابی ئەوەی فێری بووە لەم بەشە جێبەجێیدەکات لەسەر چەمکە نوێیەکان لە پۆلی دووەم.

بەشی ١١ کەرتەکان و کات



پێشکەشکردنی بەشەکە

بۆچی ئەم بابەتە فێردەبین؟

ئامانج

- ئەم بڕگەیە بیرۆکەیەکی نوێ پێشکەش بە مامۆستا دەکات سوودەکەی ناساندنی قوتابیانە بە هەردوو چەمکی کەرتەکان و کات لەمیانەی بەکارهێنانی نموونە هەستپێکراوەکانی شێوە ئەندازەییەکان، دەتوانێت مامۆستا ئەم بیرۆکەیە بەکاربێنێت بۆ ئەوەی سەرنجی قوتابیان دەربارەی ناوەڕۆکی ئەم بەشەی پێ رابکێشێت.
- لەوانەیە قوتابیان بپرسن: بۆچی ئەم بابەتە فێردەبین.

قوتابیان لەمانە ئاگاداربکەوە: زۆرجار لەسەرتانە شتێك دابەش بکەنە سەر دوو بەشی یەکسان یان زیاتر. نموونە لەسەر ئەمە: هاوبەش بوونت لەگەڵ هاوڕێیەکەت لە پاکەتێ پێنوس یان شیرینەك یان کولێرەیەکی بیتزا. لێرەدا فێربوونتان بۆ دابەشکردنی شتەکان بۆ چەند بەشێکی یەکسان بەشێوەیەکی کارامەیی کە لە ماڵەوە یان لە قوتابخانە بەکاری دەهێنن.

لاپەڕەی دەستپێکردن

ئامانج

- لەم بڕگەیە لە کتێبی قوتابی پرسیارێك لەسەر وێنەی لاپەڕەی دەستپێکردنی بەش هەیە.
- ئەم پرسیارە سەرەتا و ئارەزوو و ئامادەباشی و گەرم و گوڕی دەبەخشێتە قوتابیان.
- وێنەکە وێنەی چوار جۆر پیتزا لە خۆ دەگرێت، یەکەمیان دابەشکراوە بۆ دوو بەشی یەکسان وە دووەمیان دابەشکراوە بۆ ٣ بەشی یەکسان وە سێیەمیان دابەشکراوە بۆ چواربەشی یەکسان وە چوارەمیان دابەشکراوە بۆ ٣ بەشی نایەکسان. داوا لە قوتابیان بکە با گفتوگۆ لەسەر وێنەکە بکەن و وەڵامی پرسیارەکە بدەنەوە، وە داوایان لێبکە با روونبکەنەوە چۆن ئەو پیتزایەیان ناسی کە دوو هاوڕێیەکە توانیبوویان لە نێوان خۆیان بیکەنەوە دوو بەشی یەکسان.

دڵنیابە لە زانیارییەکانت

بەشێك لە هەموو

١ ئەم شێوانەی کە بەشە یەکسانەکان روونئەکاتەوە دەور دەدەم.



کاتژمێر

٢ ژمارە نادیارەکان لەسەر دەمژمێرەکە بنووسە.



یەکەم، دواتر، کۆتایی

٣ ١ یان ٢ یان ٣ دەنووسم بۆ ئەوەی ئەو چالاکیە دیاربکەم کەوا یەکەمجار یان لە دواتر یان لە کۆتایی روودەدات.



ئاگاداربە... تۆمارکردنی کەرتەکان و کات لە یەك بەشدا بە رێکەوت نییە، دەربڕینەکانی وەك چارەکە کاتژمێرێك و نیو کاتژمێر و شتی تری لەم شێوەیە پەیوەندیەکی بەهێزی هەیە بە کەرتەکان قوتابی گرنگی ئەمە دەدۆزێتەوە لەگەڵ پێشکەوتنی بواری فێرکردن.



نامەیەك بۆ كەسوكار

كەسوكاری بەڕێز

ئەمڕۆ دەست بە بەشی ١١ دەكەین. تێدا فێری دابەشكردنی شتێك دەبین بۆ چەند بەشی یەكسان. فێری نیو وچارەك وهەروەها كات دەبین. ئەم لاپەڕەیە زاراوەی نوێی بیركاری تێدایە لەگەڵ ئەو چالاكیانەی كە لە ماڵەوە لەگەڵ كەسوكاری پێی هەڵدەستن.

لەگەڵ ڕێزدا

زاراوە نوێیەكانم

$\frac{١}{٢}$ نیو

$\frac{١}{٤}$ چارەك (چواریەك)

زاراوەكان

ئەگەر شتێكمان دابەشكرد بۆ دوو بەشی یەكسان هەربەشێكیان نیوە پێك دێنێ .

نیو $\frac{١}{٢}$

ئەگەر شتێكمان دابەشكرد بۆ ٤ بەشی یەكسان هەربەشێك لەوان شێوەی چارەك پێك دێنێ .

چارەك $\frac{١}{٤}$

چالاكی

داوا لە منداڵەكەت بكە شتێك وەك (سێوێك ، لیمۆیەك ، نانێك) بۆ دوو بەشی یەكسان بەش بكات.

١٦٠

پەیوەندی لەگەڵ كەسوكار

نامە

ئەم نامەیەی ئاراستەی كەسوكار دەكرێت بۆ قوتابیان بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیبیستن، وە داوایان لێبكە با واژۆی بكەن، سوود لەم بوارەی ئەم نامەیە بەدەست دێنێ وەرگرە بۆ ئەوەی لەم میانەدا باس لە گرنگی كات لە ژیانی مرۆڤ بۆ قوتابیان بكەی، پێیان رابگەیەنە كەوا پێویستە رێز لە كات بگرن لەهەر بابەتێك بێت.

وەك چوون بۆ قوتابخانە لەكاتی دیاریكراوی خۆی وە هەروەها پابەندبون بە كاتەكانی تایبەت بە ژمەكانی خواردن. ئاگاداری قوتابیان بكەوە كەوا رێز نەگرتن لە كات دەبێتە هۆی زاڵ بوونی ئاژاوە بەسەر ژیانیان وە دەبێتە نارێكی لە جێبەجێكردنی كاروباری كارەكانیان. سەرزەنشتی قوتابیان مەكە ئەوانەی واژۆكانیان دەگۆڕن ئەمە زۆر سروشتیە لەگەڵ گەشەكردنی و گەورەبوون و پێشكەوتنی كەسایەتیان روودەدات.

ئەم زاراوە نوێیانە بەپێی پێویست یەك لەدوای یەك زیاد بكە لەسەر ئەو تەختە تایبەتەی لە ژووری پۆل دایە.



زاراوەكان و شرۆڤەكردنیان

نیو: نیوەی شتێك، بریتیە لەو بەشەی لە دابەشكردنی شتێك بۆ دوو بەشی یەكسان بەدەست دێت.



چارەك: چارەكە شتێكە، بریتیە لەو بەشەی لە دابەشكردنی شتێك بۆ چوار بەشی یەكسان بەدەست دێت.



میلەكانی كاتژمێر: میلە درێژەكە خولەكەكان دەگەیەنێ میلە كورتەكان كاتژمێرەكان دەگەیەنێ.

Star Group

وانەی ١

نیو

پلانی وانەکە

ئامانج نیو دەناسێت.

زاراوەکان: نیو، $\frac{١}{٢}$

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- ئەندازە
- شیکارکردنی پرسیارەکان
- ڕێنوێنی و سەلماندن
- گەیاندن
- نواندن
- بەستنەوە

ڕۆژانە

خولی تۆپی پێی هەرێمی کوردستان دەستیپێکرد لە ڕۆژی یەکشەممە بۆ ماوەی دە ڕۆژ. لە چ ڕۆژێك خولەکە تەواو دەبێت؟

لەگەڵ قوتابیان بدوێ و هەڵەکان ڕاست بکەوە.

پێشینەی بیرکاری

کەرتەکان بەشێکی بنچینەییە لەتاقیکردنەوەکانی بیرکارییانەی قوتابی. زۆر لە ئاریشەکان (تەنگەژە) بەرەنگاری قوتابی دەبێتەوە لە پۆلەکانی سەرەوەدا لەبەر ئەوەی بەباشی چەمکی کەرتەکان لەپۆلە سەرەتاکاندا وەرنەگرتووە. خوێندنی کەرتەکانی گرێیدە بەژیانی ڕۆژانەی قوتابی. کەل و پەلی خواردن بەکاربێنە ئەوە دەکرێت بە دوو بەش بۆسەرنج ڕاکێشانی قوتابی. چەخت بکە لەسەر ئەوە دەبێت دوو نیوەکە جووت بن.

چالاکی

دوانی

هەستی-جولەی

نیوەکەی تر لەکوێیە؟

ئامانج بەشە یەکسانەکان و بەشە نایەکسانەکان دەناسێ.

کەرەستەکان: بۆ هەر دوانەیەك شێوە ئەندازەییەکان لە کارتۆن بە پێوانی جیاواز : بازنەکان، سێگۆشەکان، چوارگۆشەکان، لاکێشەکان.

- بۆ قوتابیان ڕوونبکەوە چۆن دەتوانن هەر شێوەیەك دابەشبکەن بە دوو بەشی یەکسان.
- بۆهەر دوانەیەك کۆمەڵەیەك لە شێوە ئەندازەییەکان بە پێوانەی جیاواز دابەشبکە بەسەریاندا، داخاز لە هەردووکیان بکە هەر شێوەیەك دابەشی دوو شێوەی یەکسان بکەن.
- یەکێك لەو دوو قوتابیە نیوەی شێوەکە لەسەر مێزەکە دادەنێ داخازێ لەهەڤاڵێ خۆ دکەت نیڤادی تر ببینتەوە. ئەگەر دۆزیەوە هەردوو نیوەکە دەبات، ئەگەر نا قوتابی یەکەم نیوەکەی سەرمێزەکە دەگەڕێنێتەوە.
- هەردوو قوتابییەکە ئاڵووگۆڕی ئیشەکانیان دەکەن.

١ ڕێکخستنی وانەی

پرسیاری ئەمڕۆ

نەوزاد و ئازاد پارچەیەك كێكیان دابەش كرد لەنێوان خۆیاندا. نەوزاد نیوەی كێكەكەی خوارد. چەند ماوە لە كێكەكە بۆ ئازاد؟ نیوەکەی تر

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

ناوی شێوە ئەندازەییەکە بڵێ:

١ ▲ سێگۆشە

٢ ● بازنە

٣ ■ چوارگۆشە

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟ قوتابی هەمیشە پێویستی هەیە بە دابەشکردنی شتێك بۆ دوو بەشی یەکسان یان بۆ دوو نیوە.

دەتوانیت دەست بە وانە بکەی بە جێبەجێکردنی ئەم چالاکیانە:

- چەند کاغەزێك دابەشی سەر قوتابیان بکە وێنەی لاکێشەیەك لەخۆ بگرێت دابەش کرا بێت بۆ دوو بەشی یەکسان.
- داوا لە قوتابیان بکە با بەشی سەرەوەی لاکێشەکە بە رەنگی سوور و بەشی خوارەوەی بە رەنگی سەوز رەنگ بکەن.
- پێیان بڵێ: بەشی یەکەم نیوە دەگەیەنێ، هەروەها بەشی دووەمیش نیو دەگەیەنێ.
- **بپرسە بەشی یەکەم و بەشی دووەمی لاکێشەکە بەچی لەیەك دەچن؟** هەردووکیان هەمان پێوان و هەمان شێوەیان هەیە.

ئاگاداربە... بۆ ئەوەی دڵنیابیت کەوا قوتابیان چەمکی نیوەیان بەدەست هێناوە، کاغەزێکیان بدەرێ و داوایان لێبکە با بینوشتێننەوە بۆ ئەوەی دوو نیوەی یەکسان دەرکەوێت، نواندنی هەست پێکراو چەمکەکان لە بیری قوتابیان دەچەسپێنێ وە وایان لێدەکات لە نواندندا بە توانا بن.



وانەی ١

نیو

کێکێکی تەواو

هێڵەکە کێکەکە لەت دەکات بەدوو بەشی یەکسان «جووتبوو»، هەر بەشێك شێوەی $\frac{1}{2}$ ی یان نیوەی کێکەکەیە، هەردوو نیوەکە بەیەکەوە شێوەی کێکە تەواوەکەیە.

ئەو شێوانەی نیو دیار دەکەن دەوردەدەم.

١

٢

٣

٤

باسبکە ■ ڕێنوێنی

ئایا دەشێت نیوەی شتێك گەورەتربێ لە نیوەکەی تری؟ ڕوونیبکەوە.

١٦١

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- بۆ قوتابییان باس لە وێنەکەی لاپەڕەکە بکە. یارمەتیان بدە بۆ ئەوەی تێبگەن چۆن $\frac{١}{٢}$ واتای یەك بەش لە ٢ بەش دەگەیەنێ، سەرەی کەرتەکە بە ١ ببەستەوە و ژێرەی کەرتەکە بە ژمارەی بەشە یەکسانەکان ببەستەوە.
- لەکاتی شیکارکردنی ڕاهێنانەکان سەرنجی قوتابیان بۆ شیکارەکە ڕاکێشە.
- چۆن دەتوانی بڕیار بدەی کەوا شێوەیەك لە شێوەکان کراوەتە دوو نیو؟
- دەبێ قوتابی بزانی کاتێ شێوەیەك دەکرێتە دوو نیو ئەوە دەگەیەنێ کەوا شێوەکە کراوەتە دوو بەشی یەکسان.
- ئایا هەردەم بەش نیو دەگەیەنێ؟ نەخێر، نیو بریتیە لە بەشێك لە دوو بەشی یەکسان.
- ئایا نیو لە چوار گۆشەیەکی بچووك هەمان پێوانەی نیوە لە چوارگۆشەیەکی گەورە؟ نەخێر، نیو لە چوارگۆشەیەکی گەورە، گەورەترە لە نیو لە چوارگۆشەیەکی بچووك.

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باس بکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە، وەڵام: نەخێر، چونکە دوو نیوەی شتێك هەردەم یەکسان دەبن.



ڕاهێنان دەکەم

ئەو شێوانەی نیو دەنوێنن دەست نیشان دەکەم پاشان ڕەنگی یەکێك لە نیوەکان دەکەم.

١

٢

٣

٤

پرسیارێك شیکار دەکەم ■ جێبەجێکردن

٥ هێلێك لەسەر هەر کێکێك دەکێشم بەمەرجێ دابەشی بکات بۆ دوو نیوە بەدوو ڕێگای جیاوان.

وەلامەکان جوراوجۆر دەبن

چالاکی ماڵەوە • ٣ پارچە کاغەز بە پێوانەی جیاواز بدە بە منداڵەکەت، پاشان داوای لێبکە هەر پارچە کاغەزێك بنوشتێنێتەوە بۆ دوو بەش و بە نوسینی $\frac{1}{2}$ لەسەر یەکێ لە بەشەکان بنوسێ.

١٦٢

ئاگاداربە... هەڵەی باو ئاگاداربە کە هەندێ لە قوتابیان نازانن کەبەشەکان دەبێت هەردەم یەکسان بن. جەخت بکە لەسەر ئەوە کە $\frac{1}{2}$ واتا بەشێکە دەستمان دەکەوێت کاتێك شتێك دابەش دەکەین بۆ دوو بەشی یەکسان.

داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لە لاپەڕە ١٦٢دا هاتووە.

ڕاهێنانەکانی لاپەڕە ١٦٢ دەرفەت خۆش دەکات لەبەردەم قوتابی بۆ ئەوەی بەتەنیایی ڕاهێنان بکات لەسەر زانینی شێوە دابەشکراوەکان بۆ دوو بەشی یەکسان.

پرسیارێك شیکاردەکەم • جێبەجێکردن

دەکرێ قوتابیان هێڵی ستونی یان ئاسۆیی یان تیرەیی بکێشن بۆ دابەشکردنی کێکێك بۆ دوو بەشی یەکسان.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆ و نوسین **چوارگۆشەیەك بکێشەو پاشان دابەشی بکە بە دوو بەشی یەکسان $\frac{1}{2}$ لەسەر هەر بەشێك بنووسە پاشان نیوەی چوارگۆشەکە ڕەنگ بکە.** چاودێری کاری قوتابیان بکە.

تاقیکردنەوەی وانەکە

ئەو شێوەیەی نیو دیار دەکات دیاردەکەم.



ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با لە ماڵەوە شیکاری ڕاهێنانەکانی ١ ، ٢ ، ٤ بکە کە لە وانەی ١١–١ لە کتێبی ڕاهێنان دا هاتووە.
- هانیان بدە با لە ماڵەوە شیکاری ڕاهێنانەکانی بڕگەی (پێداچوونەوە) بکەن کە لە هەمان وانەی کتێبی ڕاهێنان دا هاتووە.

بۆیان ڕوونبکەوە کەوا ئەم ڕاهێنانە پێداچوونەوەی کارامەییەکانی پێشوو بەدەست دێنێ.

ئاگاداربە... ئەگەر بینیت کەوا هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە شیکاری پرسیارەکان، سەرەتا لە ڕێگەی گفتوگۆکردن دڵنیابە لەوەی کەوا چەمکی نیو یان بەدەستهێناوە، داوایان لێبکە با چەند نموونەیەکت پێبدەن لەسەر نیو وەك دابەشکردنی لەفەیەك بۆ دوو بەشی یەکسان. پاشان چەند وێنەیەکیان بدەرێ وەك چوارگۆشە یان بازنە یان سێگۆشە وە داوایان لێبکە با هێلێك بکێشن و وێنەکە بەش بکەن بۆ دوو نیو.



ڕاهێنان ١١–١

وانەی ١١–١

نیو

١

٢

٣

٤

پێداچوونەوە

ژمارە بچووکترەکە دەوردەدەم.

٥	(٢٧)	٣٥	(٤٨)	٥٨	١٩	(١٦)
٦	(٣٧)	٨٢	٧١	(٦٧)	٦٤	(٤٦)
٧	٩٢	(٨١)	٧٧	(٦١)	٩١	(٨٩)
٨	(٢٣)	٦٣	(٤٠)	٨٢	٥٤	(٤٥)

ل ٦٠ ڕاهێنان

Star Group

وانەی ٢ چارەك

پلانی وانەکە

ئامانج چارەك دەناسێ.

زاراوەکان: چارەك، $\frac{١}{٤}$

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- ئەندازە
- شیکاری پرسیارەکان
- ڕێنوێنی و سەلماندن
- گەیاندن
- بەستنەوە
- نواندن

ڕۆژانە

لە چ مانگێك دا قوتابخانەکان دەستیان بە خوێندن کرد؟ لە چ مانگێك کۆتایی بە دەوام دێت ئەگەر خوێندن دە مانگ بێت؟ لەگەڵ قوتابیان بدوێ و هەڵەکان ڕاست بکەوە.

پێشینەی بیرکاری

قوتابیان بەردەوام دەبن لەفێربوونی کەرتەکان لەم وانەیەدا چارەکەکان دەخوێنن. هەردوو دەستەواژەی سەرەو ژێرە بەکاربهێنە و نیشانیان بدە لە کەرتەکان بۆ ئەوەی قوتابیان هەر لە پۆلی یەکەمەوە ڕابێن لەسەر ئەم دوو وشە و ماناکانیان.

قوتابیان سەرسام دەبن چۆن کە ژێرە زیادەکان ڕەنگ دانەوەی دەبێت لەسەر کەم بوونەوەی ئەو بەشەی کە کەرتەکە دەنوێنێ. بۆیان ڕونبکەوە ئەو ژمارەی دیارە لە ژێرەی کەرت ئەوە ژمارەی بەشەکانی پێویستە و بە دەست بێت لەکاتی بەشکردنی شتێك. هەرچەند ژمارەی بەشەکان زۆرتربێت ئەو شتانە بچووك دەبنەوە. پێویستە بە فراوانی کەرەستەکان کە یارمەتی تێگەیشتنی کەرتەکان دەدات بەکاربێن.

چالاکی

بەراوردکردنی چارەکەکان

کۆمەڵە بچووکەکان

هەستی-جوڵەی

ئامانج چەند نموونەیەك لە چارەك دروستدەکات.

کەرەستەکان بۆ هەر کۆمەڵەیەك شێوە ئەندازەییەکان لەکاغەز: بازنەکان، سێگۆشەکان، چوارگۆشە، لاکێشەکان، زەمق (کەتیرە)، کارتەکان.

- شێوەکان بکە بەچواریەك و دابەشی بکە بەسەر قوتابیاندا.
- یەکێ لە قوتابییەکان هەڵدەستێ بە نوساندنی یەکێ لە چارەکەکان بە گۆشەیەکی کارتەکەوە، پاشان قوتابییەکی تر چارەگێکی یەکسان بە چارەکی یەکەم دەنوسێنێ بەکارتەوە و هەروەها تا هەر ٤ چارەکەکە تەواو دەبێت.
- قوتابی پێنجەم هەڵدەستێ بەکۆکردنەوەی هەر چوار کارتەکە، بۆ ئەوەی شێوەیەکی ئەندازەیی دەست کەوێت.



ڕێکخستنی وانەی ٢

پرسیاری ئەمڕۆ

سامان نیوە پیتزایەکی خوارد، بەڵام میرزا نیوەی هەمان پیتزای خوارد. چەند ماوەتەوە لە پیتزاکە؟ هیچ شتێك لە پیتزاکە نەماوەتەوە لەبەر ئەوەی هەردوو نیوەکە پیتزایەکی تەواو پێکدەهێنێ.

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

ژمارەی سەرەکانی هەر شێوەیەك بنووسە:

١  ٤

٢  ٣

٣  ٠

بۆچی ئەو بابەتە فێردەبین؟ زۆر جار قوتابی پێویستی دەبێت بە دابەشکردنی شتێك بۆ ٤ بەشی یەکسان یان چارەکەکان (چواریەکەکان). دەتوانی دەست بە وانەکە بکەی بە جێبەجێکردنی ئەم چالاکیەی دێت:

- لەگەڵ قوتابیان بگەڕێوە بۆ چەمکی نیو.
- کاغەزێکی لاکێشەیی بخەرە پێش قوتابیان.
- بڵێ: چۆن دەتوانین ئەم کاغەزە دابەش بکەین بۆ چوار بەشی یەکسان.
- ڕێنمایی قوتابیان بکە با کاغەزەکە بنووشتێننەوە بۆ دوو بەشی یەکسان بۆ ئەوەی دوو نیو بنوێنن، پاشان سەر لە نوێ بینووشتێننەوە بۆ ئەوەی هەر نیوێك دوو نیوی تری نوێ بنوێنن.
- بپرسە: **هەر بەشێك لە بەشەکانی ئەولا ئەولای هێلی نووشتاندنەوە چی دەنوێنێ؟** ڕێنمایی قوتابیان بکە کەوا هەر بەشێك لە چوار بەشە یەکسانەکان چارەك دەنوێنێ.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- لەگەڵ قوتابیان باس لەم وێنانە بکە کە دەکەوێتە ناو ئەو چوارچێوەی بەشی سەرەوەی لاپەڕەکە، یارمەتیان بدە بۆ ئەوەی تێبگەن و بزانن کەوا چۆن کەرتی $\frac{١}{٤}$ واتای یەك بەش لە چوار بەشی یەکسان دەگەیەنێ.



چارەك

وانەی

کاغەزێکی تەواو

هەر بەشێك لەو چوار بەشە یەکسانە بریتییەلە $\frac{١}{٤}$ یان چارەکی کاغەزەکە. ٤ چارەك یەك شێوەی تەواو پێکدێنێ.

ئەو شێوانەی چارەك دەنوێنن دیاری دەکەم پاشان $\frac{١}{٤}$ ڕەنگ دەکەم.

١

٢

٣

٤

باسبکە ■ ڕێنوێنی

چۆن دەتوانی چارەکێ لە کاغەزی دەفتەرەکەت بە دەست بێنی؟ کاغەزی دەفتەرەکەت بەکاربێنە بۆ ڕوونکردنەوەی وەڵامەکەت.

١٦٣

- لەکاتی شیکارکردنی ڕاهێنانەکان ئاراستەی قوتابیان بۆ شیکارەکە ڕاکێشە.
- بپرسە: **چۆن شێوەکانی بەشکراو بۆ چوار بەش دەدۆزیەوە؟** شێوەی بەشکراوە بۆ ٤ چواریەك. بریتییە لەو شێوەیەی کە دابەشکراوە بۆ ٤ بەشی یەکسان.
- بۆ شیکارکردنی ڕاهێنانی یەکەمی لاپەڕە ١٦٣، بپرسە: **کام شێوە نیوەکان دیار دەکات؟** هیچ شێوە لە شێوەکان نیوەکان دیار ناکات.
- بپرسە: **کام شێوە چواریەکەکان دیار دەکات؟** شێوەی یەکەم و دووەم.
- داوا لە قوتابیان بکە با چواریەك ڕەنگ بکەن لەهەر شێوەیەك لەو شێوانەی چواریەك دیار دەکەن.
- پرسیارەکان دووبارە بکەوە بۆ هەموو ئەو ڕاهێنانەی کە ماونەتەوە.
- بپرسە: **کەرتی $\frac{١}{٢}$ و کەرتی $\frac{١}{٤}$ بەچی لە یەك جیاوازن؟** کەرتی $\frac{١}{٢}$ بە واتای یەك بەش لە دوو بەشی یەکسان، بەڵام کەرتی $\frac{١}{٤}$ بە واتای یەك بەش لە چوار بەشی یەکسان دێت.

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باس بکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە

وەڵام: کاغەزەکە دوو جار لەسەر یەك دەنووشتێنمەوە و ٤ بەشی یەکسان بەدەست دێنم.

ئاگاداربە... هەڵەی باو ئاگاداربە هەندێ لە قوتابیان جیاوازی ناکەن لە نێوان ٤ بەشی یەکسان و ٤ بەشی نایەکسان. بیریان بخەرەوە کە چارەك بریتییە لە یەك بەش لە چوار بەشی یەکسان.

داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لەلاپەڕەی ١٦٤دا هاتووە

ڕاهێنانەکانی ئەم لاپەڕەیە بواری ڕاهێنان کردن لەسەر ناسینی چارەك (چواریەك) دەخاتە پێش قوتابیان.

پرسیارێك شیکاردەکەم • بیرکردنەوە بەدیتن

قوتابیان بۆیان هەیە وێنەی چەند هێڵێك بەستونی یان بە ئاسۆیی یان بەلاری بکێشن کاتێ کە هەڵدەستن بە دابەشکردنی شتێك بۆ ٤ بەشی یەکسان.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆ و نووسین ڕوونبکەوە یان وێنە بکێشە بۆ ئەوەی مانای کەرتی $\frac{١}{٤}$ دیاربکەی.

ئەگەر شتێك دابەشکرابوو بۆ ٤ چارەك، کەواتە ٤ بەشی یەکسانی هەیە. ژمارەی ١ لە کەرتی $\frac{١}{٤}$ نیشانەیە بۆ یەك بەش. و ژمارەی ٤ نیشانەیە بۆ ژمارەی بەشە یەکسانەکان. $\frac{١}{٤}$ نیشانەی یەك بەشە لە ٤ بەشی یەکسان.

تاقیکردنەوەی وانەکە

ئەو شێوەیەی چواریەك (چارەك) دیاردەکات دەوردەدەم



ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ڕاهێنانەکانی ١، ٢، ٣ لە ماڵەوە بکەن کە لە وانەی ١١–٢ لە کتێبی ڕاهێنان دا هاتووە.
- هانیان بدە با لە ماڵەوە شیکاری ڕاهێنانەکانی برگەی (پێداچوونەوە) بکەن کە لە هەمان وانەی کتێبی ڕاهێنان هاتووە.
- بۆیان ڕوونبکەوە کەوا ئەم ڕاهێنانە پێداچوونەوەی کارامەییەکانی پێشوو بەدەست دێنێ.



ڕاهێنان دەکەم

بەشێك ڕەنگ دەکەم. پاشان کەرتی گونجاو دەور دەدەم.

١ $\frac{١}{٢}$ [✓ $\frac{١}{٤}$]

٢ $\frac{١}{٢}$ [✓ $\frac{١}{٤}$]

٣ [✓ $\frac{١}{٢}$] $\frac{١}{٤}$

٤ [✓ $\frac{١}{٢}$] $\frac{١}{٤}$

٥ $\frac{١}{٢}$ [✓ $\frac{١}{٤}$]

٦ [✓ $\frac{١}{٢}$] $\frac{١}{٤}$

٧ $\frac{١}{٢}$ [✓ $\frac{١}{٤}$]

٨ [✓ $\frac{١}{٢}$] $\frac{١}{٤}$

٩ $\frac{١}{٢}$ [✓ $\frac{١}{٤}$]

پرسیارێك شیکار دەکەم ■ بیرکردنەوە بەدیتن

١٠ چۆن ٤ بەشی یەکسان بە دەست دێنم؟ ٣ ڕێگای جیاواز وێنە دەکێشم.

چالاکی ماڵەوە • داوا لە منداڵەکەت بکە نانێك بکات بە ٤ چارەك، پاشان داوای لێبکە کەرتی $\frac{١}{٤}$ بنووسێت.

١٦٤

ئاگاداربە... ئەگەر بینیت کەوا هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە شیکارکردنی ڕاهێنانەکان، لەگەڵیان بە زارەکی بگەڕێوە بۆ چەمکی نیو و چارەك سەرەتا دڵنیابە لە تواناکانیان لەسەر جیاکردنەوەیان. کاغەزێکی چوارگۆشەییان بدەرێ داوایان لێبکە با بیان نووشتێننەوە و پاشان ببڕن بۆ چوار بەشی یەکسان. هەروەها دەتوانی نموونە هەستپێکراوەکانی شێوە ئەندازەییەکان بەکاربێنیت بۆ بەدەستهێنانی چەمکی چارەك (چواریەك).



ڕاهێنان ١١–٢

قوتابخانە........ناوی قوتابی........پۆل یەکەم هۆبەی......بەروار / /

وانەی ١١–٢

چارەك

یەك بەش ڕەنگدەکەم و کەرتە گونجاوەکە دەوردەدەم

١ $\frac{١}{٢}$ [✓ $\frac{١}{٤}$] | [✓ $\frac{١}{٢}$] $\frac{١}{٤}$ | [✓ $\frac{١}{٢}$] $\frac{١}{٤}$

٢ [✓ $\frac{١}{٢}$] $\frac{١}{٤}$ | [✓ $\frac{١}{٢}$] $\frac{١}{٤}$ | $\frac{١}{٢}$ [✓ $\frac{١}{٤}$]

٣ [✓ $\frac{١}{٢}$] $\frac{١}{٤}$ | $\frac{١}{٢}$ [✓ $\frac{١}{٤}$] | [✓ $\frac{١}{٢}$] $\frac{١}{٤}$

پێداچوونەوە

کۆدەکەمەوە یان لێدەردەکەم.

٤ ٣ + ٥ = ٨   ٥ ٦ + ٦ = ١٢   ٦ ٦ + ٥ = ١١

٧ ٩ − ٢ = ٧   ٨ ١٢ − ٣ = ٩   ٩ ٤ + ٤ = ٨

١٠ ٥ + ٧ = ١٢   ١١ ٧ − ٣ = ٤   ١٢ ١١ − ٤ = ٧

ڕاهێنان ل ٩٠

وانەی ٣

کاتژمێر دەخوێنمەوە

پلانی وانە

ئامانج بەشەکانی کاتژمێر دەناسێ و کات لەسەر کاتژمێرەکە دەخوێنێتەوە.

زاراوەکان: میلەکانی دەمژمێر.

پێوەرەکان

- پێوان
- شیکارکردنی پرسیارەکان
- ڕێنوێنی و سەلماندن
- گەیاندن
- بەستنەوە
- نواندن

ڕۆژانە

سەرنجی قوتابیان ڕاکیشە بۆ ئەو دەمژمێرەی لەسەر دیواری پۆلەکە هەڵواسراوە. ژمارەی کاتژمێرەکان چەندە کە لەسەر کاتژمێرەکە دەرکەوێت؟ ١٢ با پێکەوە بژمێرین لە (١)ەوە دەستپێ بکەین.

پێشینەی بیرکاری

لەم وانەیەدا قوتابی فێری بەشەکانی کاتژمێر و خوێندنەوەی کاتژمێر دەبێت. گرنگ ئەوەیە قوتابی شوێنی میلەکانی کاتژمێر دیاری دەکات بۆ خوێندنەوەی کات.

هەندێك لە قوتابیان تێکەڵی دەکەن لە نێوان میلەکانی کاتژمێر و میلەکانی خولەك و جیاوازی درێژی نێوانیان ناکەن. گرنگ ئەوەیە وشەکانی میلی کاتژمێر بەکاربهێنرێ لەجیاتی میلە بچووکەکە و میلی خولەك بەکاربهێنێ لەجیاتی میلە گەورەکە.

چالاکی

ژمارەکان لەسەر دەمژمێر؟

تاکی

هەستی-جولەی

ئامانج بەشەکانی کاتژمێر دیار دەکات.

کەرەستەکان بۆ هەر قوتابیەك کاتژمێرێك لەکاغەز لەگەڵ میلی کاتژمێر و میلی خولەك.

- داوا لە قوتابیەکان بکە بەراورد بکەن لە نێوان کاتژمێری کاغەز کە هەیانە لەگەڵ ئەو کاتژمێرەی هەڵواسراوە لەسەر دیواری پۆلەکە.
- هەر قوتابیەك لە قوتابیەکان کاغەزێکی بدەرێ نموونەی کاتژمێر بێ، داخاز لێیان بکە ژمارەی کاتژمێرەکان بنووسن بەدەست پێکردن لە ١. پاشان داوایان لێبکە میلی کاتژمێرەکە لەسەر ٢ دابنێن و میلی خولەك لەسەر ١٢. پاشان بۆیان ڕوونبکەوە ئەو کاتەی کە کاتژمێرەکە دەینوێنی کاتژمێر دووە.

12
1
2
3
4
5
6
7
8
9
10
11

ڕێکخستنی وانەی ٣

پرسیاری ئەمڕۆ

بنار کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ گەیشتە ماڵەوە و پاش ٤ کاتژمێر دەستی بەنان خواردن کرد، بنار لە کام کات نانی ئێوارەی خوارد؟ کاتژمێر حەوت ئێوارە.

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

1. ١٥، ٢٠، ٢٥، ٣٠، ٣٥، ٤٠
2. ٢٠، ٢٥، ٣٠، ٣٥، ٤٠، ٤٥
3. ٣٥، ٤٠، ٤٥، ٥٠، ٥٥، ٦٠

بۆچی ئەو بابەتە فێردەبین؟ فێربوونی کاتژمێر و چۆنیەتی نوسینی کات بە کاتژمێر، یارمەتی قوتابی دەدات بۆ ئەوەی فێری دیارکردنی کات ببیت.

دەتوانی دەست بە وانەکە بکەی بە داواکردن لە یەکێك لە قوتابییەکان باسی کاتژمێرت بۆ بکا.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- داوا لە قوتابیان بکە با سەیری ئەو کاتژمێرە بکەن کە لە بەشی سەرەوەی لاپەڕەکەدا هەیە.
- **میلی خولەك دەکەوێتە کوێ؟ میلی کاتژمێر دەکەوێتە کوێ؟** میلی خولەك دەکەوێت سەر ١٢ وە میلی کاتژمێر دەکەوێتە سەر ٤.
- **کەوتنی میلی خولەك لەسەر ١٢ چی دەگەیەنێ؟** ئەوە دەگەیەنێ کەوا کات بریتیە لە کاتژمێری تەواو.
- **میلی کاتژمێر چی دەگەیەنێ؟** ژمارەی کاتژمێرەکان چەند بن ئەوە دەگەیەنێ.
- **کات لەسەر کاتژمێرە کە چەندە؟** کاتژمێر ٤ .
- **بپرسە چۆن میلی کاتژمێر بەکاردێنیت بۆ ئەوەی کاتژمێری ١٢ بنوێنی؟** میلی کاتژمێر و میلی خولەك لەسەر ١٢ دادەنێم.



وانەی ٣

کاتژمێر دەخوێنمەوە

ژمارە نادیارەکان لەسەر کاتژمێر دەنووسم.

بەکاردەهێنم بۆ دیاریکردنی کات. میلی کاتژمێر دیاریدەکەم. کاتەکە دەنووسم.

1. کاتژمێر یەکە
2. کاتژمێر حەوت
3. کاتژمێر نۆ

باسبکە ■ ڕێنوێنی

میلی خوولەك ومیلی کاتژمێر بە چی هاوشێوەن؟

بە چی لەیەکتر جیاوازن؟

١٦٥

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باس بکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە.

وەڵام: هاوشێوەن، چونکە هەردووکیان کات دەگەیەنن، جیاوازن، چونکە میلی کاتژمێر ژمارەی کاتژمێرەکان دیار دەکات وە میلی خولەك ژمارەی خولەکەکان دیار دەکات.

ئاگاداربە... سەرنجی قوتابیان بۆ گرنگی دیارکردنی کات لە ژیانی مرۆڤ رابکێشە، چونکە ناتوانن ژیانیان ڕێك بخەن بەبێ زانین و دیارکردنی کات، کاتی خەیاندنی قوتابخانە لە کاتێکی دیاریکراو دەبێت وە هەر بەشەوانەیەك لەکاتێکی دیاریکراو دەستپێدەکات و کۆتایی دێت وە هەروەها پشووەکان، وە هەروەها کات گرنگە بۆ قوتابیان بۆ کەسوکاریان و بۆ مامۆستاکانیان و بۆ هەموو کەسێك.



ڕاهێنان دەکەم

بەکاردەهێنم بۆ دیاریکردنی کات.
میلی کاتژمێر دیاریدەکەم. کاتەکە دەنووسم.

١ کاتژمێر پێنج

٢ کاتژمێر شەش

٣ کاتژمێر چوار

٤ کاتژمێر دە

٥ کاتژمێر سێ

٦ کاتژمێر یانزە

پرسیارێك شیكار دەكەم ■ بیرکردنەوە بە دیتن

کاتەکە دەنووسم.

٧ کاتژمێر دوو

٨ کاتژمێر هەشت

چالاکی ماڵەوە • داوا لە منداڵەکەت بکە کە میلی خولەك ومیلی کاتژمێری نیشان بدات لە کاتەکانی کاتژمێرەکە.

١٦٦

ئاگاداربە... ئەگەر بینیت کەوا هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە شیکارکردنی پرسیارەکان، کاتژمێرێك لەسەر شێوە کاتژمێری ڕاستەقینە پێکبهێنە وە لێیان بگەڕێ با میلەکان و کاتەکان لە یەك جیابکەنەوە، دەتوانیت داوایان لێبکەی وێنەی میلەکان بکێشن بەشێوەیەك کاتژمێری تەواو بنوێنن بۆ ئەم مەبەستە کاتێکیان پێبدە بۆ نموونە با کاتژمێر چوار بێت.



ڕاهێنان ١١-٣

قوتابخانە.........ناوی قوتابی.........پۆل: یەکەم هۆبەی......بەروار / /

کاتژمێر دەخوێنمەوە. وانەی ١١-٣

بەکاردەهێنم . کات دیاریدەکەم.
کات دەنووسم.

١ کاتژمێر یەك

٢ کاتژمێر پێنج

٣ کاتژمێر نۆ

٤ کاتژمێر سێ

٥ کاتژمێر دوانزە

٦ کاتژمێر چوار

پێداچوونەوە

شیکاردەکەم کۆدەکەمەوە یان لێدەردەکەم.

٧ ٥ - ٣ = ٢
٨ ٧ - ٣ = ٤
٩ ٥ + ٣ = ٨
١٠ ٧ + ٣ = ١٠
١١ ٦ - ٤ = ٢
١٢ ٥ - ٤ = ١
١٣ ٦ + ٤ = ١٠
١٤ ٥ + ٤ = ٩
١٥ ٤ + ٢ = ٦
١٦ ٨ + ٢ = ١٠
١٧ ٨ - ٢ = ٦
١٨ ٤ - ٢ = ٢

ل ٣٤ ڕاهێنان

Star For Math

ئاگاداربە... هەڵەی باو چاودێری قوتابیەکان بکە ئەوانەی جیاوازی ناکەن لە نێوان میلی خولەك و میلی کاتژمێر. سەرنجی قوتابیان ڕابکێشە کە میلی کاتژمێر ژمارەکان داناپۆشن.

داوا لە قوتابییان بکە ئەو ڕاهێنانە شیکار بکەن کە لە لاپەڕە ١٦٦ هاتووە

ڕاهێنانەکانی لاپەڕەی ١٦٦ دەرفەت دەڕەخسێنێ لە بەردەم قوتابیدا بۆ ئەوەی ڕاهێنان بکەن لەسەر خوێندنەوەی کات لەسەر کاتژمێر.

پرسیارێك شیکاردەکەم • بیر کردنەوە بە بینین

ئاگاداری قوتابیان بکە لە تواناییاندایە ژمارە نادیارەکان دیاری بکەن لەسەر کاتژمێرەکە، ئەوەش بە ژماردنی نیشانەکانی کە خولەکان دیار دەکەن.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆ و نووسین کاتژمێرێك بخە بەردەستی قوتابیان کە کاتژمێر ١١ بنوێنێ و داوایان لێبکە کات دیاربکەن و بینوێنن. کاتژمێر ١١؛ میلی کاتژمێر لەسەر ١١ و میلی خولەك لەسەر ١٢.

تاقیکردنەوەی وانەکە

کاتێکی دروست هەڵدەبژێرم



أ کاتژمێر دوانزە
ب کاتژمێر سێ
ج کاتژمێر هەشت
[✓ د] کاتژمێر نۆ

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با لە ماڵەوە شیکاری ڕاهێنانەکانی ١، ٢، ٣ بکەن کە لە وانەی ١١-٣ لە کتێبی ڕاهێنان دا هاتووە.
- هانیان بدە با لە ماڵەوە شیکاری ڕاهێنانەکانی برگەی (پێداچوونەوە) بکەن کە لە هەمان وانەی کتێبی ڕاهێنان دا هاتووە.
- بویان ڕوونبکەوە کەوا ئەم ڕاهێنانانە پێداچوونەوەی کارامەییەکانی پێشوو بەدەست دێنێ.

وانەی
٤

پرسیارێك شیكار دەكەم: نموونەیەك هەڵدەبژێرم

پلانی وانە

ئامانج پرسیارێك شیكاردەكات بەبەكارهێنانی ڕێگەی « نموونەیەك هەڵدەبژێرم ».

پێوەرەكان

- ژمارەكان و كردارەكان
- شیكاركردنی پرسیارەكان
- ڕێنوێنی و سەلماندن
- گەیاندن (بەردەوام بوون)

ڕۆژانە

وێنەی كاتژمێرێكی میلدار بكێشە لەسەر تەختەكە داوا لە قوتابیەك بكە ئەو كاتەی دەخەوێت وێنەی میلە بچووكەكە بكێشێت بۆ ئەو كاتە. لەگەڵ قوتابیان بدوێ و هەڵەكان ڕاست بكەوە.

پێشینەی بیركاری

ئەم وانەیە لە هزری قوتابی دا ناسینی كەرتەكان لە شتەكاندا دەچەسپێنێ بەپێی ئەو پرسیارەی كە دابەشكردنی گونجاو هەڵدەبژێرێ.
كاتی فێركردنی كەرتەكان پێدادەگرن لەسەر پێویستی ئەوەی كە بەشەكان یەكسان بن.
لەبەرئەوەی هەندێ قوتابی وادەزانن كە دابەشكردنی پیتزایەك بۆ ٤ بەشی نایەكسان ٤ چارەكمان پێ دەدات.
كەواتە دابەشكردنی شتێك بۆ چوار بەشی یەكسان پێشەكیەك پێك دێنێ بۆ چەمكی دابەشكردن لە داهاتوودا.

چالاكی

گێڕانەوەی پێكهاتە

دوانی
هەستی-جولەی

ئامانج بەشەكان بەراورد دەكات بۆ گێڕانەوەی پێكهاتەی شتێك.

كەرەستەكان بۆ هەر تیمێك دوو بازنەی كاغەزی یەكسان.

- $\frac{١}{٢}$ لە بازنەی یەكەم ببڕە و $\frac{١}{٤}$لە بازنەی دووەم ببڕە. یەكێ لە دوو قوتابییەكە بەشە بڕاوەكان دەبات و ئەوی تریان بەشەكانی ماوەتەوە.
- قوتابی دووەم هەڵدەستێ بە دانانی یەكێ لەو پارچانەی ماوەتەوە لەسەر مێزەكە، داوا لە هاوڕێیەكەی دەكات كە ئەو بەشەی نادیارە ناوی بنێت (نیوە یان چارەك).
- هەردوو قوتابی پێكەوە هەڵدەستن بە زیادكردنی ئەو بەشە كەمە (نادیارە) بۆ گێڕانەوەی پێكهاتەی بازنەكە.



ڕێکخستنی وانەی ٤

Star Group
For Math

پرسیاری ئەمڕۆ

داوا لە قوتابیەك بکە پارچە کاغەزێکی لاکێشەیی ڕەنگ بکات بە ٤ ڕەنگی جیاواز و بەمەرجێك و هەر یەکێك لە ٤ هاوڕێکەبەشێك لە یەك ڕەنگ لەم بەشە یەکساننە بەدەست بێنی.

قوتابیەکە هەڵدەستێ بە دابەشکردنی پارچە کاغەزەکە بۆ چارەکەکان و هەر چارەکێك بەڕەنگێك ڕەنگ دەکات.

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

ناوی ئەو شێوە ئەندازەییە بڵێ کە چواریەك دیاری دەکات.



چوارگۆشە

بۆچی ئەو بابەتە فێردەبین؟ هەڵبژاردنی نموونەکان و دابەشکردنیان یارمەتی قوتابی دەدەن بۆ دیارکردنی بەشەکەی یان بەشی هاوڕێکەی بەشێوەیەکی یەکسان.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

تێبگە داوا لە قوتابیان بکە کە ڕونییکەنەوە **داواکراو چییە.** چۆن پیتزایەك دابەش دەکەیت بۆ ٤ بەشی یەکسان؟

بپرسە کلیلی ئاخاوتن لە پرسیارەکە چییە؟
(دابەشکردن)ی پیترایەك لەلایەن چوار هاوڕێ، ئەمە دابەشکردنی پیتزایەك بۆ چوار بەشی یەکسان دەگەیەنێ.

پلان دادەنێم **داوا لە قوتابیان بکە پێش بینی ڕێگەیەك بکەن بۆ شیکارکردنی پرسیارەکە.** نموونەیەك پێك دەهێنم بۆ شیکارکردنی پرسیارەکە.

شیکاردەکەم داوا لە قوتابیان بکە باس بکەن لە چۆنیەتی شیکارکردنی پرسیارەکە. پیترایەك دابەشکراو بۆ چوار ژمارەی تەواو لەبەشە یەکسانەکان هەڵدەبژێرم.



پرسیارێك شیکار دەکەم
نموونەیەك هەڵدەبژێرم

وانەی ٤

تێدەگەم | پلان دادەنێم | شیکاردەکەم | ساغدەکەمەوە

٤ هاورێ ئارەزوو دەکەن پیتزایەك دابەش بکەن بۆ ئەوەی هەموویان بەشی یەکسانیان بەدەست بکەوێت.
چۆن ئەو پیتزایەیان بری؟

تێدەگەم

داواکراو چییە؟

پلان دادەنێم

نمونەیەك هەڵدەبژێرم بۆ شیکاری پرسیارەکە.

شیکاردەکەم

ساغدەکەمەوە

ئایا وەڵامەکەم شیاوە؟ ئەوە ڕوون دەکەمەوە.

ئەو وێنەیەی شێوەی وەڵامەکە دەنوێنێ دەور دەدەم.

١ ئارام و سیهان ویستیان پیتزایەك بەش بکەن، بەجۆرێ کە دوو بەشی یەکسانیان دەست بکەوێت.پێویستە چۆن پیتزاکە لەت بکرێ؟

٢ ٤ کەس ویستیان پیتزایەك بەش بکەن بەمەرجێ ئەو بەشەی بەدەستی دەهێنن یەکسان بن. کام لەم شێوانە بەشی هەریەکەیان دەنوێنێ؟

١٦٧

ساغدەکەمەوە **چۆن وەڵامەکەت ساغدەکەیتەوە؟** بەراورد دەکەم لە نێوان ژمارەی هاوڕێکان و ژمارەی بەشەکان. دڵنیا دەبم لەوەی کە بەشەکان یەکسانن.

بپرسە ئەو کەرتەی هەر بەشێك دەنوێنێ کامەیە؟ $\frac{١}{٤}$

داوا لە قوتابیان بکە با هەردوو چالاکی ١ و ٢ جێبەجێ بکەن:

ئاگاداربە... هەڵەی باو هەندێ لە قوتابیان بڕوایان وایە هەر ژمارەیەك لە دەقی پرسیارەکە هاتووە پەیوەندی بە چۆنیەتی دابەشکردنی کولێرە بیتزایەکە هەیە. لەسەر قوتابیانە هەموو پرسیارەکە بە باشی بخوێننەوە تا بە تەواوەتی لە داواکراوەکە تێبگەن.

ئاگاداربە... پێشینەی بیرکاری ئاگاداری قوتابیان بکە کەوا پێویستە هەموو بەشەکان یەکسان بن بۆ ئەوەی هەموویان بەشە یەکسانەکانیان دەستکەوێ، دەتوانی ئەمە بنوێنی بە دابەشکردنی شتە هەستپێکراوەکان بەسەر قوتابیان وەك پەپکەکان یان پێنووسەکان بۆ چەسپاندنی چەمکی بەشە یەکسانەکان، دابەشکردنی شێوەکان بۆ بەشە یەکسانەکان چەمکی دابەشکردن بنیات دەنێ.

٣ ڕاهێنان

داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لە لاپەڕە ١٦٨دا هاتووە

ڕاهێنانەکانی لاپەڕەی ١٦٨ ڕێگە خۆش دەکەن لەبەردەم قوتابی بۆ ئەوەی ڕاهێنان بکات لەسەر دابەشکردنی یەکەیەك بۆ چەند بەشێکی یەکسان.

دەنووسم پێویستە قوتابیان وێنەی هەندێ قاڵبی چوارگۆشەیی لە شیرینیەکی دابەشکراو بۆ چارەکەکان بکێشن، دەکرێ ڕێگەی دابەشکردن جۆراوجۆر بێت چونکە بەشەکان کە دەستمان دەکەوێت یەکسانن.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆ و نووسین به هەر بەشێك دەڵێن چی ئەگەر پیتزاکە دابەش کرابێت بۆ دوو بەشی یەکسان؟ نیوە. چی ناو دەنێیت ئەگەر پیتزایەکە دابەشکرابێت بۆ ٤ بەشی یەکسان؟ چارەك.
وەڵامەکە ڕوونبکەوە بە هۆی وێنەوە.

تاقیکردنەوەی وانەکە

کام لەم بەشکراوانە دابەشکردنی کولێرەیەکی پیتزا بەسەر چوار کەس بە یەکسانی دەگەیەنێ؟



ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با لە ماڵەوە شیکاری ڕاهێنانەکانی ١، ٣، ٤ بکەن کە لە وانەی ١١–٤ لە کتێبی ڕاهێنان دا هاتووە.
- هانیان بدە با لە ماڵەوە، شیکاری ڕاهێنانەکانی بڕگەی (پێداچوونەوە) بکەن کە لە هەمان وانەی کتێبی ڕاهێنان دا هاتووە.
- بۆیان ڕوونبکەوە کەوا ئەم ڕاهێنانە پێداچوونەوەی کارامەییەکانی پێشوو بەدەست دێنێ.



ڕاهێنان دەکەم

بیردەکەمەوە بە بەشکردنی پیتزایەك.
ئەو وێنەیە دەور دەدەم کە وەڵامەکە دەنوێنێت.

١ دوو هاوڕێ پیتزایەکیان دابەشکرد بۆ دوو بەشی یەکسان.
چۆن دابەش بوونەکە کرا؟

٢ ٤ هاوڕێ پیتزایەکیان بەیەکسانی بەش کرد.
چۆن دابەش بوونەکە کرا؟

بنووسە

کێکێکی چوارگۆشەیی وێنە دەکێشم.
چەند ڕێگایەك وێنە دەکێشم، ڕێگە بدات بە دابەشبوونی بەسەر هەر ٤ کەسەکە بە یەکسانی.
لەسەر وێنەکە بنووسە.

چالاکی ماڵەوە • داوا لە منداڵەکەت بکە بە وێنە ڕونبیکاتەوە چۆن پیتزایەك دابەش دەکات بۆ ٣ بەشی یەکسان.

١٦٨

ئاگاداربە... ئەگەر بینیت کەوا هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە شیکارکردنی پرسیارەکان، دەتوانیت داوایان لێبکەی پارچە پیتزایەك یان کولێرەیەك لەسەر شێوەی بازنە ئامادە بکەن پاشان دابەشی بکەنە سەر دوو یان چوار بەشی یەکسان.



ڕاهێنان ١١–٤

قوتابخانە..........ناوی قوتابی..........پۆل یەکەم هۆبەی......بەروار / /

وانەی ١١–٤

پرسیارێك شیکاردەکەم: نموونەیەك هەڵدەبژێرم

بیردەکەمەوە چۆن پیتزایەك دابەشبکەم
ئەو وێنە کە وەڵامە ڕاستەکە دەنوێنێت دەوردەدەم.

١ ٤ کوڕ پیتزایەك بەیەکسانی دابەشدەکەن.
چۆن ئەو (پیتزا) بە پارچە پارچە دەکەن ؟

٢ دوو کوڕ بەیەکسانی پیتزایەك دابەشدەکەن.
چۆن پارچە پارچەی دەکەن ؟

٣ ٤ کوڕ پیتزایەك بەیەکسانی دابەشدەکەن.
کام وێنە بەشی هەریەکەیان دەنوێنێت ؟

٤ دوو کوڕ پیتزایەك بەیەکسانی دابەشدەکەن.
کام وێنە بەشی هەریەکەیان دەنوێنێت ؟

پێداچوونەوە

ژمارە گونجاوەکە دەنووسم.

٥ ٤٥، ٤٦، ٤٧
٦ ٧٤، ٧٥، ٧٦
٧ ٤١، ٤٢، ٤٣
٨ ٣٩، ٤٠، ٤١
٩ ٦٢، ٦٣، ٦٤
١٠ ٨٣، ٨٤، ٨٥

ڕاهێنان ل ٦٣

بەشی
١١

کەرتەکان و کات



ناو ____________

پێداچوونەوەی
بەشی ١١

١ $\frac{١}{٢}$ ڕەنگ دەکەم

٢ $\frac{١}{٤}$ ڕەنگ دەکەم

یەك بەش ڕەنگ دەکەم پاشان کەرتی گونجاو دەور دەدەم.

٣ $\frac{١}{٢}$ [✓ $\frac{١}{٤}$]

٤ [✓ $\frac{١}{٢}$] $\frac{١}{٤}$

بەکاردەهێنم بۆ ڕوونکردنەوەی کات. کاتەکە دەنووسم.

٥ کاتژمێر پێنج

٦ کاتژمێر یانزە

٧ کاتژمێر حەوت

٨ تەواو بکە.

$\frac{١}{٢}$ ، $\frac{١}{٢}$ ، $\frac{١}{٤}$ ، $\frac{١}{٢}$ ، $\frac{١}{٢}$ ، $\frac{١}{٤}$ ، $\frac{١}{٢}$ ، $\frac{١}{٢}$ ، $\frac{١}{٤}$.

١٦٩

پێداچوونەوە/ بەشی ١١

ئامانج: دڵنیابوون لە زانینی چەمکەکان و بەدەستهێنانی ئەو کارامەییانەیە کە لە بەشی ١١ داهاتووە.

بەکارهێنانی لاپەڕە

- ئامانجی لاپەڕەی پێداچوونەوە بۆ قوتابیان روونبکەوە.
- نزیکەی ٣٠ خولەك تەرخان بکە بۆ ئەوەی قوتابیان راهێنانەکانی لاپەڕەی پێداچوونەوە شیکار بکەن.
- دەتوانی یارمەتی ئەو قوتابیانە بدەیت کە رووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە.
- دەتوانی رێگا بە قوتابیان بدەیت یارمەتی یەکتر بدەن بە جۆرێك تا رادەیەکی باش ئارامی بپارێزن.
- دەتوانی وەڵامی پرسیاری قوتابیان بدەیتەوە.
- ئەو ماوەیەی دەمێنێتەوە لە وانەکە تەرخان بکە بۆ وەڵامدانەوە و شیکارکردن.
- دڵنیابە لەوەی کەوا قوتابیەکانت هەردوو چەمکی نیو و چارەکیان بەدەستهێناوەو لە یەکتر جیایان دەکەنەوە.
- دەتوانیت ئەو وێنانەیان پێبدەی کە نیوە یان چواریەك (چارەك) نەنوێنن وەك (☐☐☐ بۆ نموونە) بۆ ئەوەی دڵنیابیت لەوەی لەوانەکە تێگەیشتینە.
- ئامانجی راهێنانەکانی ١–٨ بۆ دڵنیابوونە لەوەی تا چەند قوتابیان چەمکەکان دەزانن و فێربووینە و کارامەییەکان و زاراوەکانیان بەدەستهێناوە.

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

ئامانج: ئامانجی لاپەڕەی «ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە» کە لە کتێبی قوتابی هاتووە هەروەك ئەوەی ناونیشانەکەی ئاماژەی پێدەکات بریتییە لە ئامادەکردنی قوتابی بۆ تاقیکردنەوەی بەشەکە.

ئەم لاپەڕەیە چەمکەکان و کارامەییەکانی لەخۆ دەگرێت کە لەم بەشەدا هاتووە. هەروەها چەمکەکانی تر لە بەشەکانی پێشەوە لەخۆ دەگرێت.

هەر بەندێك لەم لاپەڕەدا ئامانجێکی فێربوون یان زیاتر لەخۆ دەگرێت وە بەگشتیش تا رادەیەك ئامانجەکانی فێربوونی ئەم بەشە لەخۆ دەگرێت کە پێویستە.

بەکارهێنانی لاپەڕەکە

- ئامانجی لاپەڕەی «ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە» بۆ قوتابییان روونبکەوە.
- داوا لە قوتابییان بکە لاپەڕەی «ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە» کە لە کتێبی قوتابی هاتووە لە ماڵەوە یان «لە پۆل» شیکار بکەن ئەگەر کات رێی پێدان بۆ ئەنجامدانی.



Star Group
For Math

ئامادەبوون بۆ
تاقیکردنەوە
بەشی ١١

ناو ____________

وەلامی گونجاو هەڵدەبژێرم.

١ کام وێنە نیوە ڕوون دەکات.

● ○ ○ ○

٢ ٤ منداڵ کێکێکیان بەشکرد، پارچەی یەکسانیان دەست کەوت.
چۆن ئەو دابەش بوونە کراوە؟

○ ○ ○ ●

٣ لەکام وێنەیاندا $\frac{١}{٤}$ ی گێلاسەکان بەڕەنگی سوور دەردەکەوێت؟

● ○ ○ ○

٤ کات دیار دەکەم

● دوو
○ یەك
○ سێ
○ دوانزە

٥ وێنەیەك دەکێشم کەرتەکە بنوێنێ.

چاودێری کاری قوتابیان بکە

$\frac{١}{٢}$ | $\frac{١}{٤}$

١٧٠

تاقیکردنەوەی بەش

تاقیکردنەوەی بەش دەکەوێتە چوارچێوەی هەڵسەنگاندنەکانی بەدەستهاتوو

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوەی بەش

- دەتوانیت ئەم تاقیکردنەوانە وەکو خۆی بەکاربێنی.
- دەتوانیت لەم تاقیکردنەوەیە چەند پرسیارێکی دیاریکراو هەڵبژێری و تاقیکردنەوەیەکی لێ پێکبهێنی.
- دەتوانیت لەم تاقیکردنەوەیە چەند پرسیارێکی دیاریکراو هەڵبژێری و خۆشت چەند پرسیارێکی تر پێکبهێنی.
- دەتوانیت خۆت هەموو پرسیارەکانی تاقیکردنەوە پێکبهێنی بە پشتبەستن بە پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بەش.

مەرجەکانی ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

- ئەوکاتەی دیار دەکرێت بۆ تاقیکردنەوەی بەش دەبێت بەس بێت بۆ قوتابیان «وانەیەکی تەواو بۆ تاقیکردنەوەی بەش»
- دەبێت پرسیارەکانی ئەم تاقیکردنەوانە هەموو ئامانجەکان بگرێتەوە بێ زیادو کەم.
- دەبێت پرسیارەکانی ئەم تاقیکردنەوانە هەموو ئامانجەکان بگرێتەوە بەشێوەی هاوسەنگ لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئامانجەکان.
- دەبێت تاقیکردنەوەکەت پرسیارەکانی جۆری أ لەخۆ بگرێت وە پرسیارەکانی جۆری ب لەخۆ بگرێت بە زیاتر هێنانەوەی جۆری أ لە کتێبی رێبەری هەڵسەنگاندن.
- پێویستە تاقیکردنەوەکانی بەش چاپ بکرێت بەشێوەیەکی روون.

ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی بەش

- وانەیەکی تەواو تەرخان بکە بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی بەش.
- بۆ قوتابیان باس بکە کە لەسەریان پێویستە وەڵامی راست لە پرسیارەکانی هەڵبژاردن لە هەمەجۆر دەوربدرێن.
- لەو کاتەی ماوەت هەیە لە قوتابخانە «یان لە ماڵ» تاقیکردنەوەکانت بپشکنە وە تێبینیەکان تۆمار بکە بەتایبەتی ئەو تێبینیانەی بەندن بە خاڵە لاوازەکانی قوتابیان.

بەشی ١٢ دەیان کۆدەکەمەوە و لێدەردەکەم

پلانی بەش

وانە	ئامانج	زاراوەکان	کەرەستەکان	کاتی خەملێنراو
پێشکەشکردن و ئامادەبوون بۆ بەش				کات/ ١ وانە
١٢-١ دە تەواو دەکەم ل ١٧٣ - ١٧٤	ڕێگای تەواوکردنی دە بەکاردێنێت بۆ ئەوەی کۆبکات.	تەواوکردنی دە	تەختەی دە، دوو جۆر پەپکەی ڕەنگ کراو. دەنکە فاسولیا، سەرە شووشەکان	٢ وانە
١٢-٢ ٣ ژمارە کۆدەکەمەوە ل ١٧٥ - ١٧٦	ڕێگاکانی کۆکردن بەکاردێن بۆ ئەوەی ٣ ژمارە کۆبکەن.	دوو ئەوەندە	پێنووس، شەش پالۆی پێکڤە گرێدراو.	٢ وانە
١٢-٣ دەیان کۆدەکەمەوە ل ١٧٧ - ١٧٨	دەیان کۆ دەکات.	دەیان	بژمێری دەیی	١ وانە
١٢-٤ دەیان لێدەردەکەم ل ١٧٩ - ١٨٠	دەیان لێدەردەکەت.	دەیان	بژمێری دەیی	١ وانە
١٢-٥ کۆدەکەمەوە بۆئەوەی لێدەرکردن ئەنجام بدەم ل ١٨١ - ١٨٢	ڕاستییەکانی کۆکردن بەکاردێنێت بۆ ئەوەی کرداری لێدەرکردن ئەنجام بدات.	ڕاستییەکانی پێکەوە بەستراو		٢ وانە
١٢-٦ پرسیارێك شیکاردەکەم: کردارێك هەڵدەبژێرم ل ١٨٣ - ١٨٤	پرسیارەکان شیکاردەکات بەبەکارهێنانی ڕێگای «نموونەیەك هەڵدەبژێرم».			١ وانە
■ پێداچوونەوە ل ١٨٥				١ وانە
■ تاقیکردنەوەی بەش ل ١٨٦				١ وانە

تێبینی: • دابەشکردنی بەشەوانەکان بەسەر وانەکانی ئەم بەشەی سەرەوە دابەشکردنێکی خەملێندراوە دەتوانی دەستکاری بکەی و ڕێکی بخەی و بیگونجێنی لەگەڵ بارودۆخ و ژینگەی قوتابی، کاتی تەرخان کراوی تایبەت بە وانەکان جێگیر نییە، دەتوانیت گۆڕانکاری لێبکەی بەپێی پێویست ڕێکی بکەی و بیگونجێنی.

• لەسەر مامۆستا پێویستە کەرەستە داواکراوەکان ئەوانەی ناویان هاتووە لەپلانی بەش یان هاوشێوەکانیان ئامادە بکات پێش دەستپێکردنی وانەکە.

بیرکاری بەپێی پۆلەکان

پۆلی یەکەم

- دە تەواو دە کەت، ٣ ژمارە کوم د کەت.
- دەیان کۆدە کات و لێدەردە کات.
- ڕاستییە کانی کۆکردن بە کاردێنێت بۆ لێدەر کردنێ.
- پرسیارە کان شیکار دە کات بەڕێگای « کردارێك هەڵدەبژێرم».

پۆلی دووەم

- ڕێگا کانی کۆکرد نەوەو لێدەر کردن دووبارە دە کاتەوە.

تێڕوانینێك بۆ دواوە زانیارییەکان و کارامەییە داواکراوەکان

ئامادەبوون بۆ خوێندنی ئەم بەشە، پێویستە قوتابی ئەم زانیارییانە و کارامەییانەی خوارەوەی هەبێت:

- چەمکی کۆکردنەوە و لێدەرکردن.
- کۆکردنەوەی ژمارەکان و لێدەرکردنیان لەمیانەی ١٩.

تێڕوانینێك بۆ بەشەکە کارامەییە بنچینەییەکان

قوتابی لە ماوەی خوێندنی ئەم بەشەدا ئەم کارامەییانەی خوارەوە بە دەست دێنێ:

- ڕێگای تەواوکردنی دە بەکاردێنێت بۆ ئەوەی کۆبکات.
- ٣ ژمارە کۆدەکاتەوە.
- دەیان کۆدەکات و لێدەردەکات.
- ڕاستییەکانی کوم کرن بەکاردێنێت بۆ ئەوەی لێدەرکردن بکات.
- پرسیارێك شیکاردەکات بە بەکارهێنانی ڕێگای «کردارێك هەڵدەبژێرم».

تێڕوانینێك بۆ پێشەوە بوارەکانی جێبەجێکردن

قوتابی ئەوەی فێر بووە لەم بەشەدا لە چەمکە نوێیەکانی خوارەوەدا جێبەجێیدەکات:

- کۆکردنی دوو ژمارەی دوو ڕەنووسی ولێدەرکردنیان(بەشی١٣).

بەشی ١٢ کۆکردنەوە و لێدەرکردنی دەیان



بەشی ١٢ کۆکردنەوەی دەیان و لێدەرکردنیان

لە کوێ دوو ئەوەندە دەدۆزمەوە؟

چیرۆکەکانی کۆکردنەوە لەسەریان دەگێڕمەوە.

١٧١

پێشکەشکردنی بەش

بۆچی ئەم بابەتە فێردەبین؟

ئامانج

- ئەم بڕگەیە بیرۆکەیەك دەداتە مامۆستا سوودەکەی بەهێزکردنی هەردوو کارامەیی کۆکردنەوە و لێدەرکردنە لەلایەن قوتابیان وەك تەواوکردنی دە و کۆکردنەوەی سێ ژمارە بەیەکەوە بە بەکارهێنانی دوو ئەوەندە یان تەواوکردنی دە، وە کۆکردنەوە و لێدەرکردنی دەیان، هەر هەموو ئەمانە کۆکردنەوە و لێدەرکردنی هزری بنیات دەنێ دەتوانیت ئەم بیرۆکانە بەکاربێنیت بۆ ئەوەی سەرنجی قوتابیان دەربارەی ناوەڕۆکی ئەم بەشەی پێ رابکێشیت.
- لەوانەیە قوتابیان بپرسن: بۆچی ئەم بابەتە فێردەبین؟ بە قوتابیان رابگەیەنە بەدەستهێنانی کارامەییەکانی کۆکردنەوە و لێدەرکردن و ئاشنابوونیان بە راستیە بنەڕەتییەکان یارمەتیان دەدات لەسەر کارکردن لەگەڵ ژمارەکان بە وردی و بەخێرایی. وە هەروەها بەکارهێنانی رێگەکانی شیکاری گونجاو گەشە بە تواناکانیان دەدات و متمانەیان بەخۆیان زیاتر دەبێت لەکاتی شیکارکردنی پرسیارەکان.

لاپەڕەی دەستپێکردن

ئامانج

- لەم بڕگەیەدا پرسیارێك لەسەر وێنەکەی لاپەڕەی دەستپێکردنی بەش لە کتێبی قوتابی هەیە.
- ئەم وێنەیە وێنەی سێ کۆمەڵە لە گوڵ لەخۆ دەگرێت، کۆمەڵەی یەکەم لە ١٢ گوڵ پێکهاتووە، ٦ لەمانە رەنگیان زەردە، وە (٦)کەی تریان رەنگیان سوورە، وە کۆمەڵەی دووەم لە ٢٠ گوڵ پێکهاتووە، ١٠ لەمانە رەنگیان زەردە، وە (١٠)کەی تریان رەنگیان وەنەوشەییە (مۆرە). وە کۆمەڵەی سێیەم لە ١٤ دەنکە قوڕاوە پێکهاتووە بەشکراوە بۆ دوو بەش، هەر بەشەی ٧ دەنك لەخۆ دەگرێت داوا لە قوتابیان بکەبا ئەم وێنانە بەکاربێنن بۆ باس کردنی چەند چیرۆکێکی کۆکردنەوە. دوو ئەوەندەکان لەخۆ بگرێت.
- داوا لە قوتابیان بکە با گفتوگۆ دەربارەی وێنەکە بکەن، وەڵامی پرسیارە دەربڕاوەکە بدەنەوە. وە داوایان لێبکە با ناوی ئەو وێنانە بهێنن کە دوو ئەوەندەکان لەخۆ دەگرن، وە با چەند چیرۆکێك بڵێن دوو ئەوەندەکان لەخۆ بگرێت.

دڵنیابە لە زانیارییەکانت

کۆبکە:

١ ئەو کردارەی کە پێویستی بە تەواوکردنی دە هەیە دەوربدە.

[✓ ٤ + ٦] [✓ ٦ + ٥] [✓ ٢ + ٨] ٣ + ٥ [✓ ٣ + ٧]

[✓ ٩ + ٤] [✓ ٢ + ٨] [✓ ٩ + ٢] [✓ ٣ + ٨] ٧ + ١

راستییە پێکەوە بەستراوەکان

٢ تەواو بکە.

٤ + ٢ = ٦ ٦ − ٢ = ٤

٢ + ٤ = ٦ ٦ − ٤ = ٢

لێدەردەکەم

٣ هێڵی ژمارەکان بەکاردێنم بۆ ئەوەی لێدەربکەم.

٨ − ٤ = ٤ ٤ − ٢ = ٢

٩ − ٨ = ١ ١٠ − ٥ = ٥

٧ − ٠ = ٧ ١١ − ٧ = ٤

٥ − ١ = ٤ ٨ − ٨ = ٠

رێنمایی... قوتابیان ئاگاداربکەوە لە گرنگی تەواوکردنی دە لە کۆکردنەوەدا، ئەمە یارمەتییەکی زۆری کۆکردنەوەو ئەژمێرکردنی هزری دەدات، وە هەروەها سەرنجیان بۆ گرنگی راستیيە بەیەکەوە بەستراوەکان رابکێشە، چونکە زانینی راستییەکی کۆکردنەوە یارمەتی قوتابی دەدات لەسەر زانینی راستیەکی لێدەرکردن پەیوەست بەخۆی. نابێت گرنگی هێڵی ژمارەکان لە تەواوکردنی کۆکردنەوە و لێدەرکردن لەبیر بکەی.



نامەیەك بۆ کەسوکار

کەسوکاری خۆشەویست:

ئەمرۆ دەست دەکەین بە بەشی ١٢ چەند ڕێگایەکی کۆکردنەوەی ژمارەکان لە میانەی ٢٠ فێردەبین و هەروەها لێدەرکردنیان و فێری کۆکردنەوە و لێدەرکردنی دە دە دەبین، ئەم لاپەرەیە هەندێ زاراوەی بیرکاری نوێ و چالاکی لە خۆ دەگرێت بەیەکەوە لەماڵەوە پێی هەڵنەستین.

لەگەڵ ڕێزدا

زاراوە نوێیەکانم

دوو ئەوەندە

تەواوکردنی دە

زاراوەکان

٨ + ٨ = ١٦ ، ئەوە راستی کۆکردنەوەیە **دوو ئەوەندەی** تێدایە.

بۆ ئەوەی ٩ + ٥ ، کۆیکەینەوە یەکەم جار دە تەواو دەکەین پاشان ئەوەی ماوەتەوە دەیخەینە سەر دە.

١٤ = ٥ + ٩

١٤ = ٤ + ١٠

چالاکی

دوو ژمارە بدە بە منداڵەکەت کە سەرجەمیان لە دە زیاتر نەبێ داوای لێبکە کە ژمارەی سێیەم هەڵبژێرێت، و هەر سێ ژمارەکە کۆیکاتەوە. داوای لێبکە سەرجەمت بداتێ.

١٧٢

پەیوەندی لەگەڵ کەسوکار

نامە

ئەو نامەیەی ئاراستەی کەسوکار دەکرێت بۆ قوتابیان بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیبیستن، وە داوایان لێبکە با واژۆی بکەن، سوود لەو هەلە وەرگرە کە ئەو نامەیە بە دەستی دێنێت بۆ ئەوەی بۆ قوتابیان باس لە گرنگی نووسین لە ژیانی مرۆڤ بکەی، پێیان رابگەیەنە کەوا لەشی ئادەمیزاد پێویستی بە ژمارەیەك کاتژمێری دیاریکراو بۆ نووستن هەیە بە پێی تەمەن بۆ ئەوەی توانای وەبەرهێنان و بیرکردنەوەی تەواوی هەبێت، داوایان لێبکە با شەوان زوو بنوون بۆ ئەوەی بەیانیان زوو لە خەو هەستن ئەمە تەندروستیەکی ساغ و لەشێکی چالاك و هزرێکی فرەوانیان پێ دەبەخشێ.

ئەم زاراوە نوێیانە بە پێی پێویست لەسەر ئەو تەختە تایبەتەی بۆ ئەم مەبەستە دانراوە لە هۆڵی پۆل یەك لە دوای یەك زیاد بکە.



زاراوەکان و ڕوونکردنەوەیان

تەواو کردنی دە: ٩+٥=٩+١+٤=١٠+٤=١٤

دوو ئەوەندە: کوم کرنا ژمارەیەکی دگەل خوی ٦+٦=١٢

ڕاستییە پێکەوە بەستراوەکان: واتە ڕاستییەکانی کۆکردن و لێدەرکردن کە هەمان ژمارە (خۆی) بەکاردێنێت:

٤+٧=١١ ٧+٤=١١

١١−٧=٤ ١١−٤=٧

ئاگاداربە... ئاگاداری قوتابیان بکەوە بۆ گرنگی دوو ئەوەندە، کۆکردنەوەی ژمارەیەك لەگەڵ هەمان ژمارەکە خۆی کارێکی هزری ئاسانە یارمەتی قوتابی دەدات لەسەر جێبەجێکردنی کرداری کۆکردنەوەی زۆر گران.

Star Group

وانەی ١

دە تەواو دەکەم

پلانی وانە

ئامانج ڕێگای تەواوکردنی دە بەکاردێنێ بۆ ئەوەی کۆ بکاتەوە.

زاراوەکان تەواوکردنی دە.

پێوەرەکان

- ڕێنوێنی و سەلماندن
- ژمارەکان و کردارەکان
- گەیاندن
- جەبر
- نواندن
- شیکارکردنی پرسیارەکان

ڕۆژانە

ئەگەر ڕۆژی یەکەمی مانگی ئادار ڕۆژی پێنج شەممە بێت. ئایا یەکەم ڕۆژی جەژنی نەورۆز چ ڕۆژێکە؟ لەگەڵ قوتابیان بدوێ و هەڵەکان ڕاست بکەوە.

پێشینەی بیرکاری

ئەم وانەیە یەکێك لە ڕێگاکانی کۆم کردن لەخۆ دەگرێ ئەویش تەواوکردنی دەیە. یەکێك لەشێوەکانی ئەم ڕێگەیە لە کۆکردنەوەدا گواستنەوەی کرداری کۆکردنەوە بۆ کردارێکی ئاسانتر بۆ شیکارکردن. قوتابیان هانبدە بۆ بەکارهێنانی تەختەی دەیی بۆ چەسپاندنی ئەم ڕێگەیە لەکاتی جێبەجێکردنیان. قوتابیانی شارەزای ئەم ڕێگەیە هانبدە بۆ ئەنجام دانی ئەم کردارە بەهزری. زانینی قوتابیان بۆ ڕاستیەکانی کۆکردنی جیاواز ئەوەی (دە) پێك دێنێت یارمەتی زۆر دەدات بۆ فێربوونی ئەم ڕێگایە. لێرەدا پێویستە دڵنیابین کە قوتابیان ڕاستییەکانی کۆکردنەوەیان لەبەر کردووە.

چالاکی

(دە) پێکبهێنە و پاشان کۆبکەوە

دوانی

بینین

ئامانج تەختەی دە بەکاردێنێت بۆ نواندنی کرداری کۆکردنەوە.

کەرەستەکان بۆ مامۆستا و بۆ هەر قوتابیەك: تەختەی دە، ١٠ پەپکە لە یەك ڕەنگ، ١٠ پەپکە لە ڕەنگێکی تر.

- لەسەر تەختەکە کردارێکی کۆکردنەوەی کە دەکاتە ١٢ بنووسە وەك ٧+٥. پەپکەکان بەکاربێنە بۆ نواندنی ژمارەی یەکەم و دووەم بەدوو ڕەنگی جیاواز.
- داخاز لە قوتابیان بکە بیر بکەنەوە لە کردارێك بیان گەینێتە ١٤ و هەردوو ژمارەکە بنوێنن بە پەپکەکان لە دوو ڕەنگی جیاواز.
- تەختەی دە بەکاربهێنە بۆ نواندنی کرداری کۆمکردن کە لەسەر تەختەت نووسیوە، داوا لە قوتابیان بکە کە بیریان لێکردۆتەوە. قوتابیان ئاگاداربکەوە کە تۆ ژمارە گەورەکە لەسەر تەختەی دە دادەنێت پاشان دە تەواو دەکەیت (کاری قوتابیان ساغ بکەوە).
- کردارا کۆکردنێ ٦+٨ بنڤیسە لەسەر تەختە. داخازێ لە قوتابیان بکە هەردوو ژمارێن ٦ و ٨ بنوێنن بە پەپکێن دوو ڕەنگێن جیاواز، پاشان داخازێ لێیان بکە ڕێگا تەواوکردنا دە جێبەجێبکەن بۆ هەندێ سەرجەمی بدۆزنەوە. پرسیاریان لێبکە لەسەر ئەنجامەکە؟ ١٤.



١ ڕێکخستنی وانەی

ئامانج ڕێگەی تەواوکردنی دە بەکاردێنێت بۆ ئەوەی کۆبکاتەوە.

پرسیارا ئەمڕۆ

ناوی ڕۆژەکانی هەفتە بلێ و بژمێرە چەند ڕۆژ لە دوو هەفتدا هەیە؟ ١٤

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٨ + ٣ = ١١

٢ ٩ + ٤ = ١٣

٣ ٧ + ٥ = ١٢

٤ ٨ + ٦ = ١٤

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟ کۆکردن بە ڕێگای تەواوکردنی دەیان یارمەتی قوتابی دەدات بۆ جێبەجێکردنی کرداری کۆکردن بە ئاسانی و خێرایی. دەتوانی دەست بە وانەکە بکەی بە جێبەجێکردنی ئەم چالاکیانە:

- چۆنیەتی بەکارهێنانی تەختەی دەیی بە بیر قوتابیان بهێنەوە.
- لەسەر تەختەی ٨+٧ بنووسە، ئەم رستە ژمارەییە بنوێنە بە دانانی ٨ پەپکی زەرد یان (دەنکە فاسولیا) لە خانەکانی تەختە دەییەکە، وە دانانی ٧ پەپکی سوور یان (سەرە شووشە) لە دەرەوەی تەختە دەییەکە.



- **بلێ چی دەبێت ئەگەر هەندێ لە پەپکەکان یان سەرە شووشەکان بجولێنی بۆ ئەوەی تەختە دەییەکە پڕ کەیتەوە؟** تەختە دەییەکە تەواو دەبێت (پڕ دەبێت) و کرداری کۆکردنەوە ئاسان دەبێت.
- دوو پەپکی سوور یان دوو سەرە شووشە لەناو تەختە دەییەکە دابنێ بۆ ئەوەی رستەیەکی ژمارەیی نوێت دەستکەوێ ١٠+٥



- **ئایا کرداری کۆکردنەوەی ئاسانتر بوو؟** بەڵێ، چونکە تەختە دەییەکە تەواو بوو (پڕبوو)، دەتوانم بەرەو پێش بژمێرم و بە دە دەستپێبکەم و پێنج جار بژمێرم بۆ دۆزینەوەی سەرجەم.
- بپرسە **کاتێك رستە ژمارەییەکەت گۆڕێ (جێگۆڕکێ کرا) ئایا سەرجەم دەگۆڕێت؟** نەخێر

ئاگاداریە... بە قوتابیان بڵێ کاتێك تەختەی دەیی پڕ دەبێت، مانای بوونی دە پەپك لە ناو تەختەکە دەگەیەنێ، ئەمە خۆی لە خۆیدا پێویست بە ژماردنی پەپکەکان ناکات، بەڵکو ژماردنی پەپکەکانی دەرەوە بەسە بۆ نواندنەکە.



وانەی

دە تەواو دەکەم

سەرجەمی ٩ + ٥ دەدۆزمەوە.
٩ و ٥ دیاری دەکەم

٩
٥ +
١٤

دە تەواو دەکەم
تەختەکە پڕ بکەوە

١٠
٤ +
١٤

● و تەختەی دەی بەکار دەهێنم
کۆ دەکەمەوە بە تەواوکردنی دە.

١
٩
٧ +
١٦

١٠
٦ +
١٦

٢
٨
٥ +
١٣

١٠
٣ +
١٣

باسبکە ■ ڕێنوێنی

چۆن دەزانی کە ٩ + ٣ = ١٠ + ٢؟

● بەکار بهێنە بۆ دیاری کردنی وەڵامەکەت.

١٧٣

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- سەرنجی قوتابیان بۆ تێگەیشتنی نموونە دیارەکەی سەرەوەی لاپەڕەکە رابکێشە.
- ٩ پەپکی سوور لەناو تەختەیەکی دەیی دابنێ، پاشان ٥ پەپکی زەرد لەژێر تەختە دەییەکە دابنێ.
- ئەم پرسیارە ئاراستە بکە: **چۆن دەتوانین دە تەواو بکەین؟** پەپکەکی زەرد بۆ سەر تەختە دەییەکە زیاد دەکەم.
- بپرسە **بۆچی ٤مان بۆسەر ١٠ زیاد کرد؟** ٤ ژمارەی ئەو پەپکە زەردانەیە کە لە دوای پێکهێنانی دە ماونەتەوە.

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باس بکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە، وەڵام: ١ لە ٣ وەردەگرم و بۆ ٩ زیاد دەکەم و ١٠+٢ بەدەست دێنم

ڕێنمایی... ڕێنمایی قوتابیان بکە بۆ پڕکردنەوەی تەختەی دەیی پێویستە سەرەتا لەلای ڕاستی ڕیزی سەرەوە دەستپێبکەی، پاشان لە لای ڕاستی ڕیزی دووەم دەست بە پڕکردنەوە بکە هانی ئەوانەبدە کە کارامەیی پێکهێنانی دەیان بە هزر بەدەست دێنن.



ڕاهێنان دەکەم

و تەختەی دە بەکار دەهێنم بۆ کۆکردنەوە بە ژمارەی گەورە دەست پێ دەکەم

١ ٦ / ٨+ / ١٤

٢	٩ ٦+ ١٥	٣ ٨+ ١١	٥ ٧+ ١٢	٨ ٩+ ١٧
٣	٦ ٧+ ١٣	٧ ٨+ ١٥	٧ ٩+ ١٦	٢ ٩+ ١١

پرسیارێك شیكار دەكەم ■ ڕێنوێنی

ڕێگایەك دیاری دەكەم بۆ شیكاركردن.

٤ سیروان ویستی ١٥ دەنك تۆوی گوڵە بە ڕۆژە بچێنێت، ٨ دەنكی لایە. چەند دەنكی تری پێویستە؟

٧ تۆو

چاودێری كاری قوتابیان بكە

چالاكی ماڵەوە . داوا لە منداڵەكەت بكە چۆن شیكاری پرسیارێك لە پرسیارەكانی ئەم لاپەڕەیە دەكات بە تەواوكردنی دە بۆ نموونە ٨ + ٤ = ١٠ + ٢.

١٧٤

داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لە لاپەڕە ١٧٤دا هاتووە

ڕاهێنانەکانی ئەم لاپەڕەیە دەرفەت لە پێش قوتابیان خۆش دەکات بۆ ئەوە بە تەنیا ڕاهێنان بکات لەسەر ڕێگەی تەواوکردنی دە لەکاتی ئەنجامدانی کردارەکانی کۆکردنەوە.

ئاگاداربە... هەڵەی باو هەندێ لە قوتابیان هەڵدەستن بە تەواوکردنی تەختەی دەیی و پەپکەکان وەك خۆی لە دەرەوە دەهێڵنەوە، بۆ نموونە کاتێك قوتابي ٨+٦ کۆدەکاتەوە، تەختە دەییەکەی ٨ پەپکەکانی تیایە پڕدەکاتەوە بەبێ ئەوەی ٢ پەپك لە ٦ پەپکەکان وەرگرێت بەمە ١٠+٦ دەست دەکەوێت لەجیاتی ١٠+٤ بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە داوایان لێبکە پەپکەکان بەکاربێنن و بە دەست بیجوڵێنن لەکاتی تەواوکردنی تەختەی دەیی.

فێرکردنی نموونەیی

ئاستی ئاسایی: داوا لە قوتابیانی ئەم ئاستە بکە با تەختەی دەیی و پەپکەکان بەکاربێنن بۆ نواندنی کردارەکان و دۆزینەوەی سەرجەم.

ئاستی پێشکەوتوو: داوا لە قوتابیانی ئەم ئاستە بکە با کردارەکان بە هزر جێبەجێ بکەن بۆ دۆزینەوەی سەرجەم.

پرسیارێك شیكار دەكەم • بیر كردن بە دیتن

قوتابی دەزانیت دەبێ لێدەرکردن ئەنجام بدات بۆ دۆزینەوەی وەڵام ٧ .

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆ و نوسین باسبکە چۆن پەپکە کان و تەختەی دەیی بە کاردێت بۆ جێبەجێکردنی ڕێگەی تەواو کردنی (دە) بۆ دۆزینەوەی سەرجەمی ٨+٧؟ دەستپێدەکەم بە دانانی ٨ پەپکە لەسەر تەختەی دە و ٧ پەپکە لە تەنیشت وان. دوایی ئەوە هەڵدەستم بە وەرگرتنی ٢ پەپکەی دەرەوی تەختەکە و دایدەنێمە ناو تەختە دەییەکە بۆ تەواوکردنی (دە). ٥ پەپکەم دەمێنێتەوە لە دەرەوەی تەختەی دە. پاشان هەڵدەستن بە کۆکردنی ١٠ وە لەگەڵ ٥ سەرجەم ١٥ ـەم بەدەستدەکەوێت.

تاقیکردنەوەی وانەکە

تەختە دەییەکە تەواو دەکەم (پڕدەکەمەوە) بۆ ئەوەی کۆبکەمەوە



ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با لە ماڵەوە شیکاری ڕاهێنانەکانی ١، ٣، ٥ بکەن کە لە وانەی ١٢–١ لە کتێبی ڕاهێنان دا هاتووە.
- هانیان بدە با لە ماڵەوە شیکاری ڕاهێنانەکانی بڕگەی (پێداچوونەوە) بکەن کە لە هەمان وانەی کتێبی ڕاهێنان دا هاتووە.
- بۆیان ڕوونبکەوە کەوا ئەم ڕاهێنانە پێداچوونەوەی کارامەییەکانی پێشوو بەدەست دێنێ.



ڕاهێنان ١٢–١

دە تەواودەکەم

١	٩ ٧+ ١٦	١٠ ٦+ ١٦
٢	٩ ٣+ ١٢	١٠ ٢+ ١٢
٣	٩ ٦+ ١٥	١٠ ٥+ ١٥

٤	٩ ٥+ ١٤	٩ ٨+ ١٧	٩ ٢+ ١١	٩ ٩+ ١٨	٩ ٤+ ١٣	٩ ٧+ ١٦
٥	٤ ٩+ ١٣	٨ ٣+ ١١	٦ ٧+ ١٣	٩ ٨+ ١٧	٥ ٧+ ١٢	٩ ٣+ ١٢

پێداچوونەوە

٦ [✓ ١/٢] ١/٤

٧ [✓ ١/٢] ١/٤

٨ [✓ ١/٤] ١/٢

وانەی
٢

٣ ژمارە کۆدەکەمەوە

پلانی وانەکە

ئامانج چەند ڕێگایەکی کۆکردنەوە بەکاردەهێنی بۆ ئەوەی ٣ ژمارە کۆ بکاتەوە.

زاراوەکان دوو ئەوەندە.

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان	- گەیاندن
- ئەندازە	- بەستنەوە
- شیکارکردنی پرسیارەکان	- نواندن
- ڕێنوێنی و سەلماندن	

ڕۆژانە

ڕۆژمێرێك بەکاربهێنە با هەر مانگێك لەخشتەیەك دا دەربخات. و قوتابیان فێری ڕۆژمێر بکە. داوا لە قوتابیان بکە چەند خشتە لە ڕۆژمێرەکە دا هەیە؟ داوا لە قوتابیەك بکە ڕۆژەکانی ئەم مانگەی کە تێایداین بژمێرێ لەسەر ڕۆژمێرەکە.

پێشینەی بیرکاری

قوتابی لەم ئاستەدا ڕاهێنان دەکات لەسەر بەجێهێنانی کرداری کۆکردنەوە بە بەکارهێنانی ئاڵوگۆڕ و پێکەوە بەستن. ئەم کردارە دەرفەت دەداتە قوتابی بۆ هەڵبژاردنی ئەو دوو ژمارەی کە کۆیان دەکاتەوە یەکەمجار و لەمیانەی هەر ڕیزکردنێك کە دەیبینێت گونجاوە. دەستپێکردن بەدانانی ئەم شێوازە و بەردەوام دەبێت بۆ ناسین و فێربوونی سیفەتی تر بزانێت لە ئایندەدا بۆ ئەنجامدانی هەندێ کرداری تر لەسەر ژمارەکان.

چالاکی

چۆن ٣ ژمارە کۆدەکەمەوە؟

پوولە کە هەموو
هەستی -جولەیی

ئامانج **فێربوونی ڕێگاکانی کۆکردنەوە یارمەتیدەرە بۆ کۆکردنەوەی ٣ ژمارە.**

کەرەستەکان بۆ هەر تیمێك شەشپاڵوی پێکەوە بەستراو لە ٣ ڕەنگ.

- لەسەر تەختەکە بنووسە ١+٢= ــــ و ٢+١= ــــ . داوا لە قوتابیان بکە وەڵام بدەنەوە. ٣. پاشان داوا لە قوتابیان بکە تێبینی ئەوە بکەن ئەو دوو ژمارە داواکراوەی کۆدەکرێنەوە لە هەر جارێك نەگۆڕن تەنها ئەوەی دەگۆڕێت ریزکردنیانە. گفتوگۆ لەگەڵ قوتابیان بکە گۆڕینی ریزیەتی ئەو ژمارە داواکراوەی کۆدەکرێنەوە لە هەر جارێك نەگۆڕن تەنها ئەوەی دەگۆڕێت ریزکردنیانە. گفتوگۆ لەگەڵ قوتابیان بکە گۆڕینی ریزیەتی ئەو ژمارە داواکراوانەی کۆ دەکرێنەوە لە ئەنجام ناگۆڕێت.
- ئێستا لەسەر تەختە بنووسە ٦+٤+١= ــــ و ١+٤+٦= ــــ پرسیار بکە: **کام دوو ژمارە دەتوانرێت یەکەمجار کۆبکرێنەوە؟** وەڵامەکان جۆراوجۆر دەبن.
- ڕوونیبکەرەوە ٦+٤=١٠، داوا لە قوتابیان بکە کە شەش پاڵوی سوور و شین بەکاربهێنن بۆ دۆزینەوەی سەرجەمی ٦+٤. داوایان لێبکە شەش پاڵویەکی کەسك زیاد بکەن بۆ سەر شەش پاڵویەکانی پێشوو. پرسیارکە **ئێستا چەند شەش پاڵو بەیەکەوە بەستراون؟** ١١. داوایان لێبکە شەش پاڵوەکان لەیەکتر جیا بکەنەوە، شەش پاڵوی کەسك ببەستنەوە بە شەش پاڵویەکانی شین بۆ ئەوەی ١+٤ بەدەست بێنن، پاشان ببەسترێ بەشەش پاڵوی سوور، پرسیار بکە لە سەرجەم ١١ بۆیان ڕووندەکەمەوە پێویستە سەیری ژمارەکان بکەن یەکەمجار لەهەوڵی ناسینی ئەو کۆمەڵانەی کە دەیزانن و یەکەمجار بەکاریدەهێنن.



ڕێکخستنی وانەی ٢

Star Group

ئامانج ڕێگەکانی کۆکردنەوە بەکاردێنێت بۆ ئەوەی ٣ ژمارە کۆبکاتەوە.

پرسیاری ئەمڕۆ

سەرجەمەکان بنووسە پاشان کرداری کۆکردنەوە نامۆکە دەوربدە:

٣ + ٣ = ٦ ، ٤ + ٥ = ٩،

٥ + ٥ = ١٠ ، ٦ + ٦ = ١٢.

کرداری کۆکردنەوەی نامۆ ئەوەیە: ٤ + ٥ = ٩

چونکە کردارەکانی تر هەموویان دوو ئەوەندەیە.

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٣ + ٧ = ١٠ ٢ ٣ + ٣ = ٦

٣ ٦ + ٤ = ١٠ ٤ ٢ + ٢ = ٤

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟ ئەگەر قوتابی ڕاستییەکانی کۆکردنەوەی زانی کۆکردنی ٣ ژمارەی لە لا ئاسان دەبێت.

دەتوانی دەست بە وانەکە بکەی بە جێبەجێکردنی ئەم چالاکیانە:

- لەسەر تەختە ٧+٢+٣ بنووسە.
- قوتابیان بکە چەند کۆمەڵەیەك ٣ ڕەنگی جیاواز لە شەش پاڵووە بەیەکە بەستراوەکانیان بەسەر دابەش بکە، بۆ نواندنی هەر ژمارەیەك لە ژمارەکانی ڕستە ژمارەییەکە بە ژمارەیەك لە شەش پاڵووەکان، ٧ قوتابییەکە ٧ شەش پاڵووی سوور دەنوێنن وە دوو قوتابییەکە ٢ شەش پاڵووی شین دەنوێنن وە ٣ قوتابییەکە ٣ شەش پاڵووی زەرد دەنوێنن.
- **بپرسە چۆن دەتوانین ئەنجامی کۆکردنەوە بدۆزینەوە بەبێ ئەوەی هەموو شەش پاڵووەکان بژمێرین؟** وەڵامی چاوەڕوانکراو: دەتوانین ئەو شەش پاڵووانەی دە پێکدەهێنن بەیەکەوە ببەستینەوە ٧+٣=١٠ پاشان بەرەو پێش ٢ بژمێرین بۆ دۆزینەوەی ئەنجام.
- جەخت بکەوە کەوا دووبارە ڕیزکردنی شوێنی ژمارەکان لە ڕستەی ژمارەیی سەرجەم ناگۆڕێت، بەڵکو ئێمە ڕیزیەتی ژمارەکان لە ڕستەی ژمارەیی دەگۆڕین بۆ ئەوەی بتوانین ئەو ستراتیجیەتیەی دەیزانین دەربارەی کۆکردنەوەی جێبەجێی بکەین، وەك تەواوکردنی دە لەمبارەدا.



وانەی ١ ٣ ژمارە کۆ دەکەمەوە

کاتێك سێ ژمارە کۆ دەکەمەوە هەندێك جار دەتوانم دە تەواو بکەم.
٧ + ٣ = ١٠
١٠ + ٤ = ١٤

(٧)
(٣)
٤ +
١٤

کاتێك سێ ژمارە کۆ دەکەمەوە هەندێك جار دەتوانم دوو ئەوەندە بە کار بهێنم.
٤ + ٤ = ٨
٨ + ٥ = ١٣

(٤)
(٤)
٥ +
١٣

ئەو دوو ژمارەیە کە یەکەمجار کۆیان دەکەمەوە دەور دەدەم.

سەرجەم دەنووسم

١

٢	٨	(٩)	٨
(٧)	(٤)	٣	(٣)
(٣)+	(٤)+	(١)+	(٣)+
١٢	١٦	١٣	١٤

٢

(٢)	٢	(٤)	(٨)
(٢)	(٥)	٢	(٨)
٧ +	(٥)+	(٦)+	١ +
١١	١٢	١٢	١٧

باسبکە ■ ڕێنوێنی

چۆن دوو ژمارە هەڵدەبژێریت کە یەکەم جار کۆیان دەکەیتەوە؟

١٧٥

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- داوا لە قوتابیان بکە با لەو نموونەیەی کە لە سەرەتای لاپەڕەکە هاتووە ئەو دوو ژمارەیە بناسن کە سەرجەمیان دەکاتە ١٠ .
- دوو ئەوەندەی ژمارە ٤ لە نموونەکە دیار بکە،پاشان ئەم پرسیارەیان ئاراستە بکە: **بەکارهێنانی ئەو دووئەوەندەیە چۆن یارمەتیت دەدا لە شیکاری پرسیارەکە؟** سەرەتا ٤+٤=٨ ئەژمێر دەکەم، پاشان ٨+٥=١٣ ئەژمێر دەکەم.
- بپرسە **ئایا ئەنجام دەگۆڕێت ئەگەر سەرەتا ٤ + ٥ کۆبکەمەوە؟** نەخێر، ناگۆڕێت.
- بپرسە **کەی ڕێگەی دوو ئەوەندە بەکاردێنی؟** کاتێك دوو ژمارە لەو سێ ژمارانەی کۆیان دەکەیتەوە هەمان ژمارە بن.
- بپرسە **کەی ڕێگەی تەواوکردنی دە بەکاردێنی؟** کاتێك دوو ژمارە لەو سێ ژمارانەی کۆیان دەکەیتەوە دە پێکبهێنن.

ئاگاداریە... قوتابیان ئاراستە بکە کەوا ڕیزکراوەکە هەر چۆنێك بێت سەرجەمی ٣ ژمارە ناگۆڕێت پێیان بڵێ کەوا چەندەها ڕێگە هەیە بۆ دۆزینەوەی سەرجەمی ٣ ژمارە، دەتوانن تەواوکردنی دە و بەکارهێنانی دوو ئەوەندە بەکاربێنن وەك دوو ڕێگەی ئاسانی کرداری کۆکردنەوە.

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باس بکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە، وەڵام: سەرەتا ئەو دوو ژمارەیە کۆدەکەمەوە کە سەرجەمیان دەکاتە ١٠ ، یان دوو ژمارە یەکسانەکان.

داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لە لاپەڕە ١٧٦دا هاتووە

ڕاهێنانەکانی کەلە لاپەڕە ١٧٦دا هاتووە دەرفەت دەداتە قوتابیان بۆ ڕاهێنان کردن لەسەر دیارکردنی ئەو دوو ژمارەیەی کە سەرجەمیان دەکاتە ١٠، یان ئەو دوو ژمارەیە وەکو یەکن، ئەمە بەکاردێت لە کاتی کۆکردنەوەی ٣ ژمارە بەیەکەوە.

ئاگاداربە... هەندێ لە قوتابیان هەڵدەستن بە کۆکردنەوەی هەمان ژمارە زیاتر لە جارێك کاتێك ١+٥+٥ کۆدەکەنە بۆ نموونە یەکەمجار ١+٥ کۆدەکەنەوە پاشان ٥+٥ وەڵامیان دەبێتە ١٦. ئاگاداریان بکەوە کەوا ژمارە یەکجار کۆدەکرێتەوە با ئەو ژمارانەی کۆیان دەکەیتەوە هەر چەندێك بن.

فێرکردنی نموونەیی

ئاستی ئاسایی داوا لە قوتابیانی ئەم ئاستەدا بکە، شەش پاڵویە پێکەوە بەستراوەکان بەکاربهێنن بۆ نواندنی (دیارکردنی) هەر هەنگاوێك لە هەنگاوەکانی شیکارکردن.

ئاستی پێشکەوتوو داوا لە قوتابیان لەم ئاستەدا بکە، دەیان تەواو بکەن یان کۆکردنی دوو ژمارەی یەکسان بێ ئەوەی پەنا ببەن بەر دەوردان.

پێداچوونەوە قوتابیان هەڵدەستن بەدیارکردنی کەرتی گونجاو.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆ و نووسین ئەو ڕێگایە دیاربکە کە بەکاریدەهێنی بۆ دۆزینەوەی: ٤+٦+٤.

کۆبکەوە. یەکەم جار ٤+٦ کۆدەکەمەوە بۆ ئەوەی (١٠) دەستکەوێت. پاشان ١٠+٤ کۆدەکەمەوە بۆ ئەوەی (١٤) دەست کەوێت. دیسان دەتوانم کۆبکەم ٤+٤=٨ پاشان ٨+٦ کۆم دەکەم بۆ ئەوەی ١٤ بەدەستبهێنم.

تاقیکردنەوەی وانەکە

٧ ٣ ٤ + ١٠	أ ١٠ + ٣ = ١٣ [✓ ب] ١٠ + ٤ = ١٤ ج ١١ + ٧ = ١٨ د ١٠ + ٤ = ١٧



ڕاهێنان دەکەم

ئەو دوو ژمارەیە کە یەکەم جار کۆیان دەکەمەوە دەور دەدەم. سەرجەم دەنووسم.

١	١ ٥ ٥ + ١١	٨ ٢ ١ + ١١	٦ ٣ ٧ + ١٦
٢	١ ٧ ٧ + ١٥	٤ ٩ ٦ + ١٩	٩ ٦ ١ + ١٦
٣	٨ ٤ ٢ + ١٤	٣ ٥ ٥ + ١٣	٦ ١ ٦ + ١٣

پێداچوونەوە

ئەو بەشە ڕەنگ دەکەم، پاشان کەرتە گونجاوەکە دەور دەدەم

٤ [✓ $\frac{١}{٢}$] $\frac{١}{٤}$

٥ $\frac{١}{٢}$ [✓ $\frac{١}{٤}$]

چالاکی ماڵەوە . داوا لە منداڵەکەت بکە پارچە دراوەکان بەکاربهێنێت بۆ ڕوونکردنەوەی چۆن ٣ ژمارە کۆدەکاتەوە بۆت.

١٧٦



ڕاهێنان ٢-١٢

قوتابخانە.......... ناوی قوتابی.......... پۆل: یەکەم هۆبەی....... بەروار / /

سێ ژمارە کۆدەکەمەوە

وانەی ١٢-٢

ئەو دوو ژمارەیە دەوردەدەم کە یەکەم جار کۆیان دەکەمەوە. سەرجەم دەنووسم.

١	٧ ٧ ٢ + ١٦	٥ ٥ ١ + ١١	٢ ٨ ٦ + ١٦	٧ ٤ ٣ + ١٤	٩ ٢ ١ + ١٢	١ ٨ ٨ + ١٧
٢	٣ ٣ ٦ + ١٢	٣ ٧ ٢ + ١٢	١ ٦ ٩ + ١٦	٦ ٦ ٣ + ١٥	٨ ١ ٢ + ١١	٧ ٥ ٥ + ١٧
٣	٢ ٣ ٧ + ١٢	١ ٥ ٩ + ١٥	٧ ٨ ٣ + ١٨	٥ ٦ ٤ + ١٥	٨ ٥ ٢ + ١٥	٤ ٤ ٨ + ١٦

پێداچوونەوە

تێبینی شێوازەکە دەکەم بە ژمارەیەکی گونجاو تەواوی دەکەم.

٤ ٢٦، ٢٨، ٣٠، ٣٢، ٣٤

٥ ٢٠، ٣٠، ٤٠، ٥٠، ٦٠

٦ ٥٥، ٦٠، ٦٥، ٧٠، ٧٥

٧ ١٢، ١٤، ١٦، ١٨، ٢٠

٨ ٤٠، ٥٠، ٦٠، ٧٠، ٨٠

٩ ٣٠، ٣٥، ٤٠، ٤٥، ٥٠

١٠ ٢٥، ٣٠، ٣٥، ٤٠، ٤٥

١١ ٤٤، ٤٦، ٤٨، ٥٠، ٥٢

ڕاهێنان ل ٦٥

ئاگاداربە... ئەگەر بینیت کەوا هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە شیکارکردنی ڕاهێنانەکان، سەرەتا دڵنیابە لەوەی کە لە تەواوکردنی دە و بەکارهێنانی دوو ئەوەندە تێگەیشتوونە، بۆ نموونە لێیان بگەڕێ دوو ژمارەت بدەنێ سەرجەمیان بکاتە ١٠ پاشان سەرجەم لەگەڵ ژمارەی سێیەم کۆبکەنەوە، هەروەها داوایان لێبکە با دوو ژمارەی یەکسان بە ئارەزووی خۆیان هەڵبژێرن و کۆیان بکەنەوە پاشان سەرجەم لەگەڵ ژمارەی سێیەم کۆبکەنەوە.

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با لە ماڵەوە شیکاری ڕاهێنانەکانی ١، ٢، ٣ بکەن کە لە وانەی ١٢-٢ لە کتێبی ڕاهێنان دا هاتووە.
- هانیان بدە با لە ماڵەوە شیکاری ڕاهێنانەکانی بڕگەی (پێداچوونەوە) بکەن کە لە هەمان وانەی کتێبی ڕاهێنان دا هاتووە.

بۆیان ڕوونبکەوە کەوا ئەم ڕاهێنانە پێداچوونەوەی کارامەییەکانی پێشوو بەدەست دێنێ.

وانەی ٣ دەیان کۆ دەکەمەوە

پلانی وانە

ئامانج دەیان کۆ دەکاتەوە

زاراوەکان دەیان

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- شیکارکردنی پرسیارەکان
- ڕێنوێنی و سەلماندن
- گەیاندن
- نواندن

ڕۆژانە

ڕۆژەکانی ئەم مانگەی ئێستا دیاربکە کە بەروارەکانی لە دەیانە.

ڕۆشنایی پەروەردەیی

ئەم وانەیە دەروازەیەك پێکدێنێ بۆ کۆکردنەوەی ژمارەکان لە دوو ڕەنووسی. ئەوە یارمەتی قوتابیان دەدات بۆ گرێدان لە نێوان ڕاستییەکانی کۆکردنەوە و کۆکردنی دەیان «بۆ ئەو ژمارانەی یەك ڕەنووسن» ئەوەی پێشتر فێربووین.

کلیلی ئەم گرێدانە لەوەوە ڕووندەبێتەوە کە بزانین دەیان چەند ژمارەیەکن لە دە.

بۆ قوتابیان ڕووندەکەمەوە کە کۆکردنی دەیان جیاوازی نییە لەگەڵ کۆکردنی پێنوس و ئۆتۆمۆبیل. وەك:

٣ ئۆتۆمبێل+ ٤ ئۆتۆمبێل=٧ ئۆتۆمبێل کەواتە ٣ دە + ٤ دە = ٧ دە.

چالاکی

نواندنی دەیان و کۆکردنەوەیان

هەموو پۆلەکە

هەستی ـ جوڵەیی

ئامانج دەیان دەنوێنێ و کۆی دەکاتەوە.

کەرەستەکان بۆ مامۆستا و بۆ هەر قوتابییەك: تەختەی کار، خشتەی بەهای خانەیی، بژمێری دەیی.

- ئەم پرسیارەی دێت لەسەر تەختەکە بنووسە. شادان ١٠ ماتی پێیە و هەوار ١٠ ماتی پێیە. **هەردووکیان چەند ماتیان پێیە؟** پرسیارەکە بنوێنە بەبەکارهێنانی بژمێری دەیی و تەختەی کار. پرسیارەکە بنووسە لەسەر خشتەی بەهای خانەیی، پاشان هەستە بە شیکارکردنی لەگەڵ قوتابیان.
- لەسەر تەختەکە پرسیارێك بنووسە کۆکردنەوەی دەیان لەخۆ بگرێ. داخاز لە قوتابیان بکە کە پرسیارەکە تۆماربکەن لەسەر خشتەی بەهای خانەیی. دوای ئەوە داوایان لێبکە پرسیارەکە بنوێنن بە بەکارهێنانی تەختەی کار و بژمێری دەیی.

لە کۆتاییدا، هەستە بە شیکارکردنی پرسیارەکە بەبەشدار کردنا قوتابییان.



٣ ڕێکخستنی وانەی

ئامانج دەیان کۆدەکاتەوە.

پرسیاری ئەمڕۆ

کام ژمارە لە دوو ڕەنووسی جیاواز دەتوانی بنووسی بە بەکارهێنانی ڕەنووسی ٢، ٤، ٦، ٨؟

٢٤، ٢٦، ٢٨، ٤٢، ٤٦، ٤٨، ٦٢، ٦٤، ٦٨، ٨٢، ٨٤، ٨٦.

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ ١٠ + ١٠ = ٢٠

٢ ١٠ + ٩ = ١٩

٣ ٩ + ٩ = ١٨

٤ ٨ + ٧ = ١٥

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟ کۆکردنی دەیان یارمەتی قوتابیان دەدات بۆ کۆکردنی ژمارەکانی گەورە بەخێرایی و بە ئاسانی.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- نواندن بەکاربێنە.
- بژمێرێکی دەیی و تەختەیەکی کار بدەرە قوتابیان بۆ نواندن لەسەر راهێنانەکان و شیکارەکانیان.
- قوتابیان دوو دەیی لەگەڵ یەك دەیی کۆدەکەنەوە، بۆ ئەوەی ٣ دەیان یان ٣٠ بەدەست بێنن.
- **بپرسە کام راستی کۆکردنەوەت بەکارهێنا بۆ ئەنجامی ٢٠ + ١٠ بدۆزیەوە؟** ٢ + ١ = ٣
- **بپرسە چ لە خانەی دەیان دادەنێین لەکاتی نووسینی سی؟** ٣
- **بپرسە بۆچی ئەنجامی کۆکردنەوە بریتیە لە ژمارە ٣٠، وە بریتی نیە لە ژمارە ٣؟** ٣ دەیانم هەیە ئەمە واتای ٣٠ یەکی دەدات.
- داوا لە قوتابیان بکە با چالاکیەکانی (١–٤) جێبەجێبکەن.



وانەی ٣ دەیان کۆ دەکەمەوە

تیپی سیروان ٢٠ خوول یاری سەرمێزی کرد پاشان ١٠ خوولی تر یاری کرد. چەند خوول ئەو تیپە یاری کردووە؟

بیردەکەمەوە

دەیی

دەیی

دەیی

تیپەکە ٣٠ خول یاریکردوە.

بەکار دەهێنم بۆ ئەوەی کۆ بکەمەوە. ژمارەکان دەنووسم.

١ بیردەکەمەوە

٣ دەیی + ٤ دەیی = ٧ دەیی

٣٠ + ٤٠ = ٧٠

٢ بیردەکەمەوە

٥ دەیی + ١ دەیی = ٦ دەیی

٥٠ + ١٠ = ٦٠

٣ بیردەکەمەوە

٢ دەیی + ٧ دەیی = ٩ دەیی

٢٠ + ٧٠ = ٩٠

٤ بیردەکەمەوە

٤ دەیی + ٤ دەیی = ٨ دەیی

٤٠ + ٤٠ = ٨٠

باسبکە ■ ڕێنوێنی

چۆن ڕستەی کۆکردنەوەی ٧ + ٢ = ٩ بەکاردەهێنی بۆ دۆزینەوەی سەرجەمی ٧٠ + ٢٠؟

١٧٧

ئاگاداریە.. سەرنجی قوتابیان بۆ پەیوەندی نێوان هەر ژمارەیەك لەگەڵ ژمارەیەك لە دەیان رابکێشە ژمارەکە ژمارەی گشت شەش پاڵووە بچووکەکان دەنوێنێ، بەڵام ژمارەی دەیان خڕکردنەوەی هەر دەییەك لە شەش پاڵووە بچووکەکان لە یەك دەیی (شەریتێکی دەیی) دەنوێنێ، پێیان رابگەیەنە کەوا ئەو ٣ دەیانەی کە لە سەرەتای وانەکە نواندراوە ٣ شەریتی دەیی دەنوێنی، کەواتە پاش زانینی پەیوەندی نێوان ژمارەیەك و ژمارەیەك لە دەیان لە کۆتایدا چەمکی بەهای خانەیی بنیات دەنێ کە لە دوایدا دووبارە دەبێتەوە.

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باسبکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە. وەڵام: دەزانم کەوا ٧ + ٢ = ٩، کەواتە ٧ دەیی + ٢ دەیی = ٩ دەیی یان ٧٠ + ٢٠ = ٩٠



ڕاهێنان دەکەم

بیردەکەمەوە

٤٠	٤ دەیی
+٣٠	+٣ دەیی
٧٠	٧ دەیی

▬ بەکاردەهێنم بۆ ئەوەی کۆ بکەمەوە.

١	٥٠	٥ دەیی	٣٠	٣ دەیی	١٠	١ دەیی
	+٤٠	+٤ دەیی	+٣٠	+٣ دەیی	+٦٠	+٦ دەیی
	٩٠	٩ دەیی	٦٠	٦ دەیی	٧٠	٧ دەیی
٢	١٠	١ دەیی	٦٠	٦ دەیی	٨٠	٨ دەیی
	+٧٠	+٧ دەیی	+٢٠	+٢ دەیی	+١٠	+١ دەیی
	٨٠	٨ دەیی	٨٠	٨ دەیی	٩٠	٩ دەیی
٣	١٠	١ دەیی	٢٠	٢ دەیی	٤٠	٤ دەیی
	+٥٠	+٥ دەیی	+٣٠	+٣ دەیی	+١٠	+١ دەیی
	٦٠	٦ دەیی	٥٠	٥ دەیی	٥٠	٥ دەیی

پرسیارێك شیكار دەكەم ■ **بیرکردنەوە بە دیتن** چاودێری وێنەکانی قوتابیان بکە

ئەوەی کەمە وێنەی دەکێشم پاشان ڕستە ژمارەییەکە دەنووسم.

٤ ٥٠ + ٢٠ = ٧٠

چالاکی ماڵەوە . داوا لە منداڵەکەت بکە بۆت ڕوونبکاتەوە چۆن سەرجەمی ٣٠ + ٢٠ دەدۆزێتەوە.

١٧٨



ڕاهێنان ١٢-٣

قوتابخانە..........ناوی قوتابی..........پۆلی یەکەم هۆبەی......بەروار / /

دەیان کۆدەکەمەوە

وانەی ١٢-٣

بیردەکەمەوە

٢٠	٢ دەیی
+٦٠	+٦ دەیی
٨٠	٨ دەیی

▬ بەکاردەهێنم بۆ کۆکردنەوە

١	١٠	١ دەیی	٣٠	٣ دەیی	٦٠	٦ دەیی	٥٠	٥ دەیی	٤٠	٤ دەیی
	+٥٠	+٥ دەیی	+٥٠	+٥ دەیی	+٣٠	+٣ دەیی	+٢٠	+٢ دەیی	+٣٠	+٣ دەیی
	٦٠	٦ دەیی	٨٠	٨ دەیی	٩٠	٩ دەیی	٧٠	٧ دەیی	٧٠	٧ دەیی
٢	٢٠	٢ دەیی	٦٠	٦ دەیی	٤٠	٤ دەیی	٣٠	٣ دەیی	٢٠	٢ دەیی
	+٤٠	+٤ دەیی	+١٠	+١ دەیی	+٢٠	+٢ دەیی	+٤٠	+٤ دەیی	+٢٠	+٢ دەیی
	٦٠	٦ دەیی	٧٠	٧ دەیی	٦٠	٦ دەیی	٧٠	٧ دەیی	٤٠	٤ دەیی
٣	٤٠	٤ دەیی	٧٠	٧ دەیی	٥٠	٥ دەیی	١٠	١ دەیی	٢٠	٢ دەیی
	+٥٠	+٥ دەیی	+١٠	+١ دەیی	+٣٠	+٣ دەیی	+٨٠	+٨ دەیی	+٧٠	+٧ دەیی
	٩٠	٩ دەیی	٨٠	٨ دەیی	٨٠	٨ دەیی	٩٠	٩ دەیی	٩٠	٩ دەیی

پێداچوونەوە

> یان < یان = لە بازنەکە دا دادەنێم.

٤ ٤ + ٥ (=) ٦ + ٣ ٥ ٧ − ٣ (>) ٨ − ٣

٦ ٢ + ٢ (=) ٥ − ١ ٧ ٨ − ٤ (<) ٢ + ١

ل ٦١ ڕاهێنان

ئاگاداربە... ئەگەر بینیت کەوا هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە شیکارکردنی ڕاهێنانەکان، دڵنیابە لەوەی لە واتای نواندنی (دە) تێگەیشتوونە. داوایان لێبکە با بەهۆی شەش پاڵووەکان وێنەی ٣ دەیان بکێشن وە لەژێری هێمای ژمارە ٣٠ بنووسن پاشان لە تەنیشتی وێنەی ٤ دەیان بکێشن وە لە ژێری ژمارەکە بنووسن. پاشان پرسیاریان لێبکە دەربارەی ژمارەی هەر دەیانێك لە دەیەکان و ئەو ژمارەیەی دەیانوێنن.

ئاگاداربە... هەڵەی باو هەندێ قوتابی هەڵدەستن بە نووسینی دە بەشێوەی (١) لەجیاتی ١٠. بەبیریان بێنەوە سفر بەکاربێنن لە شوێنی خۆی.

داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لە لاپەڕە ١٧٨دا هاتووە

ڕاهێنانەکانی لاپەڕەی ١٧٨، دەرفەت دەدات بە قوتابیان بۆ ڕاهێنان لەسەر کۆکردنەوەی دوو ژمارەی دووڕەنووسی بەشێوەیەکی سەربەخۆ.

پرسیارێك شیکاردەکەم ● بیرکردنەوە بە دیتن

قوتابیەکان وێنەی دوو شریتی دەیی دەکێشن ٥٠+٢٠=٧٠.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆ و نووسین ڕێگەی کۆکردنەوەی دەیان ڕونبکەوە. ڕستەیەکی کۆکردنەوە بنووسە دەربارەی کۆکردنەوەی دەیان و ڕێگەکە جێبەجێبکە.

وەڵامەکان جۆراو جۆر دەبن.

تاقیکردنەوەی وانەکە

٦٠
+٣٠

أ ٦ دەیان [✓ ج] ٩ دەیان
ب ٣٠ د ٦٠

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با لە ماڵەوە شیکاری ڕاهێنانەکانی ١، ٢، ٣ بکەن کە لە وانەی ١٢-٣ لە کتێبی ڕاهێنان دا هاتووە.
- هانیان بدە با لە ماڵەوە شیکاری ڕاهێنانەکانی بڕگەی (پێداچوونەوە) بکەن کە لە هەمان وانەی کتێبی ڕاهێنان دا هاتووە.

بۆیان ڕوونبکەوە کەوا ئەم ڕاهێنانە پێداچوونەوەی کارامەییەکانی پێشوو بەدەست دێنی.

وانەی ٤ دەیان لێدەردەکەم

پلانی وانەکە

ئامانج دەیان لێدەردەکات.

زاراوەکان: دەیان

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- شیکارکردنی پرسیارەکان
- ڕێنوێنی و سەلماندن
- گەیاندن
- بەستن

ڕۆژانە

سەیری ڕۆژمێری ئەم مانگە بکە. چ ڕۆژێك ڕۆژی ٣٠ ی مانگە؟ چ ڕۆژێکە پێشی ئەوە بە ١٠ ڕۆژ.

ڕێنمایی... لەم وانەدا نواندنی دەیان ڕۆڵێکی باشی هەیە. بەکارهێنانی بژمێری دەیی یارمەتی قوتابی دەدات بۆ زانینی ڕاستی ٤ دەیی واتای ژمارەی ٤٠ دەنوێنێ. باشتر وایە هەندێك کات تەرخان بکەن بۆ بە بیرهێنانەوەی قوتابیان لەسەر بژمێری دەیی چی دەنوێنێ (نیشان دەدات) پێش ئەوەی بچێتە بابەتی لێدەرکردنی دەیان. قوتابی دەتوانی بەچاو لێدەرکردنی دەیان. دەیان دیاربکات بەبەکارهێنانی بژمێری دەیی هەندێك ژمارە لە خانەی دەیان. بەدەرهێنانی. ئەوەندە بەسە بۆ قوتابی شریتەکانی دەیی ماوە بژمێرێ بۆ ئەوەی جیاوازی جیابکاتەوە دڵنیابە لەوەی کە قوتابیان دەزانن کە ٥ دە مانای ٥٠ دەبەخشێ.

چالاکی

نواندنی دەیان و لێدەرکردنیان

دوانەیی
هەستی ـ جولەیی

ئامانج دەیان دەنوێنێ و لێدەردکات.

کەرەستەکان بۆ مامۆستا وهەردوانەیەك: بژمێری دەیی.

- داخازێ لە ٥ قوتابیان بکە لەبەردەم هەڤلێن خۆ ڕاوەستن، هەر یەکێکیان شریتێکی دەیی هەڵگرن داوا لە هەموو قوتابیان بکە دەدە بژمێرن تا ٥٠. داخازێ لە ٣ قوتابێن ڕاوەستای بکە ڤەگەڕێنە (بگەڕێنەوە) جێگای خۆیان داخازێ لە هەموو قوتابیان بکە ژمارەی شریتی دەیی ماوە بێژن. وە دە دە بژمێرن بۆ دۆزینەوەی جیاوازی. دوو دە، ٢٠.
- پرسیارێك لەسەر تەختە بنووسە وەك ٨٠ − ٣٠ = ــــ ڕێنمایی قوتابیان بکە بۆ شیکار کرنا ڤێ پرسیارێ پێنگاف پێنگاف. بە دەنگێکی بەرز بڵێیەوە وقوتابیان لەم کاتەدا بژمێری دەیی بەکاردێنن. وەك ٨ دەیی کەم ٣ دەیی یەکسانە بە ٥ دەیی. دوای ئەوە داوا لە قوتابیان بکە کردارەکە لەسەر تەختەکە بنووسن.



ڕێکخستنی وانەی ٤

ئامانج دەیان لێدەردەکات.

پرسیاری ئەمڕۆ

ئەوژمارەی لە دوای هەرشێوازێک دێت

بنووسە:

٨٠، ٦٠، ٤٠، ٢٠

٩٠، ٨٠، ٧٠، ٦٠، ٥٠

٩٠، ٦٠، ٣٠، سفر

٤٠، ٣٠، ٢٠، ١٠

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٧ − ٣ = ٤

٢ ٥ − ٢ = ٣

٣ ٧ − ٤ = ٣

٤ ٨ − ٣ = ٥

بۆچی ئەو بابەتە فێردەبین؟ فێربوونی لێدەرکردنی دەیان ڕێگا خۆش دەکات و یارمەتی دەدات بۆ لێدەرکردنی ژمارەکانی دوو ڕەنووسی لە یەکتر. لەگەڵ قوتابیان بگەڕێوە بۆ کۆکردنەوەی دەیان

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- لەگەڵ قوتابیان پرسیارەکە بخوێنەوە: **چۆن دەزانن کەوا ئەم پرسیارە پرسیاری لێدەرکردنە؟** هێمای لێدەرکردن نیشانەیە بۆ ئەمە.
- لە دواییدا داوایان لێبکە با پرسیارەکە بنوێنن بە بەکارهێنانی بژمێری دەیی.
- **بپرسە بیر لەچی دەکەنەوە کاتێک ٤٠ ـ ٣٠ دەبینن؟** بیر لە لێدەرکردنی دەیان دەکەینەوە: ٤ دەیان− ٣ دەیان.
- **بپرسە ئەو ڕاستیە لێدەرکردنەی بە کارت هێنا بۆ دۆزینەوە جیاوازی چی بوو؟** ٤−٣=١
- **بپرسە چۆن ٩٠ ـ ٣٠ ئەژمێر دەکەن؟** شەریتەکانی دەیی بەکاردێنم و ٩ دەیی− ٣ دەیی = ٦ دەیی ئەژمێر دەکەم. وەڵام بریتیە لە ٦٠.



وانەی ٤

دەیان لێدەردەکەم

دانا ٤٠ پارچە شەکرۆکی ئامادەکرد بۆ هاوڕێیەکانی پۆلەکەی. ٣٠ پارچەیان لێ خوارد. چەند پارچە ماوەتەوە؟

سەرەتا بە ٤ دەیی دەستپێدەکەم ٣ دەیی لێ دەردەکەم

بیردەکەمەوە

٤٠ ٤ دەیی

٣٠ − ٣ − دەیی

١٠ ١ دەیی

ماوە ١٠ شەکرۆك

بەکاردەهێنم بۆ ئەوەی لێدەربکەم. ژمارە نادیارەکان دەنووسم.

١ بیردەکەمەوە
٩٠ ٩ دەیی
٣٠ − ٣ − دەیی
٦٠ ٦ دەیی

٢ بیردەکەمەوە
٣٠ ٣ دەیی
١٠ − ١ − دەیی
٢٠ ٢ دەیی

٣ بیردەکەمەوە
٨٠ ٨ دەیی
٤٠ − ٤ − دەیی
٤٠ ٤ دەیی

٤ بیردەکەمەوە
٧٠ ٧ دەیی
٢٠ − ٢ − دەیی
٥٠ ٥ دەیی

باسبکە ■ ڕێنوێنی

چۆن ڕستەی لێدەرکردنی ٦ − ٤ = ٢ بەکاردەهێنی بۆ دۆزینەوەی جیاوازی ٦٠ − ٤٠ ؟

١٧٩

- **بپرسە ئەگەر دوو ژمارەت لەیەکتر دەرکرد هەردووکیان تەنها لە دەیان پێکهاتبن، ئایا دەتوانی ژمارەیەك لە یەکان لە جیاوازیدا بەدەست بێنی؟** بەڵێ، سفر
- داوا لە قوتابیان بکە با چالاکیەکانی (٢−٤) جێبەجێبکەن.

ئاگاداربە... بە باشی دڵنیابە لە کوژانەوەی قوتابیان کاتێك لێدەرکردن دەکەن زۆرجار ئەو دەیانەی لێی دەردەکرێت دەکوژێننەوە. سەرنجیان ڕاکێشە و پێیان ڕابگەیەنە کەوا چۆن ژمارەکان کۆدەکەنەوە و لەیەکیان دەردەکەن هەر بەم شێوەیەش دەیان کۆدەکەنەوە و لە یەکیان دەردەکەن، دڵنیابە لەوەی کەوا لە کۆکردنەوە و لێدەرکردنی دەیان و چۆنیەتی گۆڕینی دەیان بۆ یەکان و بە پێچەوانە تێگەیشتوونە.

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باس بکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە.

وەڵام: دەزانم کەوا ٦−٤ = ٢، کەواتە ٦ دەیان − ٤ دەیان = ٢ دەیان یان ٦٠−٤٠=٢٠

ئاگاداربە... ئاگادار بە لەو قوتابیانەی کە دەیان دەنووسن لە خانەی یەکاندا. بایەخ بدە بە ناونانی ستونی خانەی یەکان ودیان. داوا لە قوتابیان بکە یەکەکان بژمێرن لەهەر دەیەك دا بۆ دڵنیا بوون لە نووسین.

داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لە لاپەڕە ١٨٠دا هاتووە

ڕاهێنانەکانی لاپەڕەی ١٨٠ دەرفەت لەبەردەم قوتابی خۆش دەکات بۆ ئەوەی ڕاهێنان بکات لەسەر لێدەرکردنی دوو ژمارەی دوو ڕەنووسی بە شێوەیەکی سەربەخۆ.

پرسیارێك شیکاردەکەم ● ڕێنوێنی ئەم پرسیارەکان یارمەتی قوتابیان دەدات بۆ بەکارهێنانی نواندنی بە بینین بۆ دۆزینەوەی شیکار. ٨٠−٣٠=٥٠.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆڵ

گفتوگۆ و نووسین ڕاستی لێدەرکردن کە یارمەتیت دەدات بۆ دۆزینەوەی ٧٠−٤٠ بێژەو هۆیەکەی ڕوونبکەوە. ٧−٤=٣ لە هەردوو بارەکەدا ٤ لە ٧ دەردەکەین لە باری ٧٠−٤٠. ٤ دە لە ٧ دە دەردەکەین.

تاقیکردنەوەی وانەکە

٧ دەیان
− ٣ دەیان

(أ) ٧٠−٣٠=٤٠
ب ٣٠+٤٠=٧٠
ج ٤٠−٣٠=١٠
د ٧٠−٤٠=٣٠

ئەرکیماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با لە ماڵەوە شیکاری ڕاهێنانەکانی ١، ٢، ٤ بکەن کە لە وانەی ١٢−٤ لە کتێبی ڕاهێنان دا هاتووە.
- هانیان بدە با لە ماڵەوە شیکاری ڕاهێنانەکانی بڕگەی (پێداچوونەوە) بکەن کە لە هەمان وانەی کتێبی ڕاهێنان دا هاتووە.

بۆیان ڕوونبکەوە کەوا ئەم ڕاهێنانانە پێداچوونەوەی کارامەییەکانی پێشوو بەدەست دێنێ.



ڕاهێنان دەکەم

٥٠ − ٢٠ واتا
٥ دەیی − ٢ دەیی

بیردەکەمەوە

٥٠	٥ دەیی
٢٠ −	٢ − دەیی
٣٠	٣ دەیی

بەکاردەهێنم بۆ لێدەرکردن.

١

٧٠	٧ دەیی	٤٠	٤ دەیی	٦٠	٦ دەیی
٥٠ −	٥ − دەیی	٤٠ −	٤ − دەیی	٣٠ −	٣ − دەیی
٢٠	٢ دەیی	٠	٠ دەیی	٣٠	٣ دەیی

٢

٩٠	٩ دەیی	٥٠	٥ دەیی	٢٠	٢ دەیی
٢٠ −	٢ − دەیی	٣٠ −	٣ − دەیی	١٠ −	١ − دەیی
٧٠	٧ دەیی	٢٠	٢ دەیی	١٠	١ دەیی

٣

٨٠	٨ دەیی	٣٠	٣ دەیی	٩٠	٩ دەیی
٥٠ −	٥ − دەیی	٢٠ −	٢ − دەیی	٦٠ −	٦ − دەیی
٣٠	٣ دەیی	١٠	١ دەیی	٣٠	٣ دەیی

پرسیارێك شیکار دەکەم ■ بیرکردنەوە بە دیتن

ڕستەی ژمارەیی گونجاو دەنووسم.

٤ ٨٠ − ٣٠ = ٥٠

چالاکی ماڵەوە ● داوا لە منداڵەکەت بکە بۆت ڕوونبکاتەوە چۆن جیاوازی ٧٠−٤٠ دەدۆزێتەوە.

١٨٠



ڕاهێنان ١٢−٤

قوتابخانە.......... ناوی قوتابی.......... پۆل: یەکەم هۆبەی...... بەروار / /

وانەی ١٢−٤

دەیان لێدەردەکەم

بەکاردەهێنم بۆ لێدەرکردن.

پێداچوونەوە

سەرجەم دەنووسم.

٥ ٦ + ٦ = ١٢ ٦ ٢ + ٢ = ٤ ٧ ١ + ١ = ٢
٨ ٩ + ٩ = ١٨ ٩ ٤ + ٤ = ٨ ١٠ ٨ + ٨ = ١٦
١١ ٣ + ٣ = ٦ ١٢ ٧ + ٧ = ١٤ ١٣ ٥ + ٥ = ١٠

وانەی ٥ کۆدەکەمەوە بۆ ئەوەی لێدەربکەم

پلانی وانە

ئامانج ڕاستییەکانی کۆکردنەوە بەکاردێنی بۆ ئەوەی هەڵبستێ بە کرداری لێدەرکردن.

وشەکان: ڕاستیە پێکەوە بەستراوەکان

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- جەبر
- ڕێنوێنی وسەلماندن
- گەیاندن

ڕۆژانە

ئەم مانگە ٣٠ ڕۆژە چەند ڕۆژ دەمێنێ لەم مانگە ئەگەر بەرواری ئەمڕۆ ٢٠ ی مانگ بێت؟ ١٠ ڕۆژ

ڕۆشنایی پەروەردەیی

ڕاستییەکانی کۆکردنەوە کە لەم بەشەدا هاتووە قوتابیان ڕادەهێنێت بە شێوەك کە دەتوانن پشتی پێببەستن و یارمەتیان بدات لە کردارەکانی لێدەرکردن. بەکارهێنانی ڕاستییەکانی کۆکردنەوە بۆ ئەنجامدانی کردارەکانی لێدەرکردن یەکێکە لە ڕێگا بنچینەییەکان بۆ فێرکردنی ڕاستییەکانی لێدەرکردن. ئەم کارە لەوانەیە زەحمەت بێت لای ئەو قوتابیانەی کە بە باشی شارەزای ڕاستییەکانی کۆکردنەوە نەبووینە تا ٢٠. بۆ ئەو قوتابیانە کەرەستەکان وەك شەش پاڵووە پێکەوە بەستراوەکان دابین بکە بۆ یارمەتی دانیان بۆ شارەزابوون لە ڕاستییەکانی کۆکردن.

چالاکی

دوانەیی

هەستی ـ جوڵەیی

نواندنی ڕاستییەکانی کۆکردنەوە و لێدەرکردنی پێکەوە بەستراو

ئامانج ڕاستییەکانی کۆکردنەوە ولێدەرکردنی پێکەوە بەستراو دەنوێنێ.

کەرەستەکان بۆ هەر دوانەیەك شەش پاڵووی پێکەوە بەستراو لە دوو ڕەنگی جیاواز.

- لەگەڵ قوتابیان هەستە بە پێداچوونەوەی ڕاستییەکانی کۆکردنەوە و لێدەرکردنی پێکەوە بەستراو ٧ + ٣ لەسەر تەختە بنووسە داوا لە قوتابیان بکە سەرجەمەکەیت بدەنێ، ١٠. ئێستا بنووسە ١٠ − ٣ و گفتوگۆیان لەگەڵ بکە دەربارەی بەستنەوە لە نێوان دوو پرسیارەکە. هەمان ژمارەکان بەکاردێنن. دەری بخە لەبەردەمیان کە ١٠ − ٣ یەکسانە بە ٧، لەبەرئەوەی سەرجەمی ٧ و ٣ دەکاتە ١٠ هەروەك چۆن قوتابیان بینیان پێش تۆزێك لەمەوبەر.
- یەکێك لە دوانەکە هەڵدەستێ بە نواندنی ٩ + ٥ بە بەکارهێنانی شەش پاڵووەکان پاشان ڕاستی کۆکردنەوەی ٩ + ٥ = ١٤ دەنووسێ و قوتابییەکی تر ١٤ − ٥ دەنوێنێ بە بەکارهێنانی هەمان شەش پاڵوویەکان پاشان ڕاستی کۆکردنەوە بەکاردەهێنێ بۆ دۆزینەوەی جیاوازی.
ڕوونبکەوە بۆ قوتابیان ئەگەر زانیان ٩ + ٥ = ١٤ ، ئەوا لە توانایاندا دەبێت کە ڕاستی کۆکردنەوە بەکاربێنن بۆ ئەژمێرکردنی جیاوازی ١٤ − ٥. سەرنجی قوتابیان ڕابکێشە ئەوەندە بەسە کە ژمارەی نادیار دیاری بکەن لە کرداری لێدەرکردن بە بەراوردکردن لەگەڵ ژمارەی ڕاستییەکانی کۆکردنەوەی پێکەوە بەستراو بۆ دۆزینەوەی شیکارەکە.



٥ ڕێکخستنی وانەی

ئامانج ڕاستییەکانی کۆکردنەوە بەکاردێنێت بۆ ئەوەی کرداری لێدەرکردن ئەنجام بدات.

پرسیاری ئەمڕۆ

سەردار ١٥ پێنووس کڕین بابێ وی داخاز
ژێ کر ١١ پێنڤیسا بدەتە خوشکا خۆ.
سەردار بیراوی هات ١١ + ٤ = ١٥
ولەدڵی خوی دا گوت.
لەجیاتی ١١ پێنووس بژمێرم. دەتوانم و
دەستیان بێنم بە هۆی ژمارەدنی ژمارەیەکی
کەمتر لە پێنووسەکان. ژمارەکە چییە؟ ٤.

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

ڕاستییەکانی لێدەرکردنی پێکەوە بەستراو بنووسە

١ ٨ + ٣ = ١١ ‏ ‏ ١١ − ٨ = ٣

٢ ٩ + ٢ = ١١ ‏ ‏ ١١ − ٩ = ٢

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟ زانینی ڕاستییەکانی پێکڤە گرێ دای وادەکات لێدەرکردن ئاسان ببیت.

دەتوانیت دەست بە وانەکە بکەی بە جێبەجێکردنی ئەم چالاکیانە:

- لەسەر تەختە ٦+٧ بنووسە.
- داوا لە یەکێك لە قوتابیەکان بکە با شەش پاڵووە بەیەکەوە بەستراوەکان بەکاربێنن بۆ نواندنی ڕستەکەی کۆکردنەوە (٦ شەش پاڵووی سەوز و، ٧ شەش پاڵووی سوور) بەکاربێنن بۆ دۆزینەوەی ئەنجامی کۆکردنەوەی. ئەنجامی کۆکردنەوە بریتیە لە ١٣.
- **بپرسە چۆن ڕاستییەکی لێدەرکردنی بەستراو بە ڕاستی کۆکردنەوەی ٦+٧ دەدۆزیەوە؟**
- یارمەتی قوتابیان بدە لەسەر ڕاکێشانی ٦ شەش پاڵووە سەوزەکەی لە وێنەکەدا هەیە.
- بە قوتابییان بڵێ با بە هەنگاوەکانی (ڕێگەکانی) ڕاستی کۆکردنەوە کە بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی ڕاستیەکی لێدەرکردنی بەستراو بە خۆی بدۆزنەوە.
- ١٣−٦=٧ دەنووسم.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- داوا لە قوتابیان بکە با سەرجەمی ٨+٧ ئەژمێر بکەن، ١٥ دەدۆزنەوە.



وانەی ٥ کۆ دەکەمەوە بۆئەوەی لێدەرکردن بکەم

لە توانام دایە ڕاستییەکانی کۆکردنەوە بەکار بهێنم بۆ ئەوەی لێدەرکردن بکەم.

١٥ = ٧ + ٨
٨ = ٧ − ١٥

٨
٧ +
١٥

١٥
٧ −
٨

سەرجەمی دوو ژمارە دەنووسم پاشان جیاوازیان دەنووسم.
ڕاستییەکانی کۆکردنەوە بەکاردەهێنم بۆ ئەوەی لێدەرکردن بکەم.

١
٩
٥ +
١٤

١٤
٥ −
٩

٢
٥
٦ +
١١

١١
٦ −
٥

٣
٦
٩ +
١٥

١٥
٩ −
٦

٤
٧
٧ +
١٤

١٤
٧ −
٧

٥
٨
٥ +
١٣

١٣
٥ −
٨

٦
٩
٣ +
١٢

١٢
٩ −
٣

باسبکە ■ ڕێنوێنی

کام ڕاستی کۆکردنەوە یارمەتیت دەدات بۆ دۆزینەوەی جیاوازی ١٧ − ٩؟ ڕوونیبکەرە.

١٨١

- به دەنگێکی بەرز پرسیاری لێدەرکردنی پێکەوە بەستراوی: ١٥− ٧ بخوێنەوە.
- **بپرسە بۆچی ئەم دوو پرسیارە پێکەوە بەستراون؟** چونکە هەمان ژمارە تیایاندا بەکارهاتووە.
- **بپرسە چۆن زانینی ٨+٧=١٥ یارمەتیمان دەدات لەسەر شیکارکردنی ١٥−٧؟** لەبەرئەوەی ٨+٧=١٥ ئەوا ١٥−٧ دەکاتە ٨، چونکە ٨ ژمارە نادیارەکەی نێوان سێ ژمارەکەیە.

ڕێنمایی... دەتوانیت پشت بە هێلی ژمارەکان ببەستیت وەك چالاکیەکی تری زیادەکی، لە چالاکی ٢ بۆ نموونە: لە قوتابیان بگەڕێ با ژمارە (٥) لەسەر هێلی ژمارەکان بنوێنن پاشان سەرجەمی ٥+٦=١١ بدۆزنەوە، لێیان بگەڕێ با ٦ هەنگاو بەرەو دواوە بژمێرن بۆ ئەوەی جیاوازی ١١−٦=٥ بدۆزنەوە. بۆیان ڕوونکەوە کەوا گەڕانەوە بۆیە هەمان خاڵی کەلێیان دەستپێکردبوو.

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باسبکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە.

وەڵام: قوتابیان دەگەنە ڕاستی کۆکردنەوەی ٩+٨=١٧

ڕاهێنان دەکەم

سەرجەمی دوو ژمارەکە دەنووسم پاشان جیاوازی نێوانیان دەنووسم. ڕاستییەکانی کۆکردنەوە بەکار دەهێنم بۆ ئەوەی لێدەرکردن بکەم.

١	٥ ٦+ ١١	١١ ٦− ٥	٢	٩ ٧+ ١٦	١٦ ٧− ٩
٣	٨ ٤+ ١٢	١٢ ٤− ٨	٤	٩ ٤+ ١٣	١٣ ٤− ٩
٥	٧ ٥+ ١٢	١٢ ٥− ٧	٦	٢ ٩+ ١١	١١ ٩− ٢



پێداچوونەوە

شێوازەکە تەواو دەکەم.

٧ 🟥 🟥 🔵 🟥 🟥 🔵 🟥 □ ○

چالاکی ماڵەوە • داوا لە منداڵەکەت بکە ئەو ڕاستییەی کۆکردنەوەت پێ بڵێ کە یارمەتیدەرە بۆ هەژمارکردنی جیاوازی ١٤ − ٦ (٦ +٨ = ١٤ یان ٨ + ٦ = ١٤).



ڕاهێنان ١٢–٥

کۆدەکەمەوە بۆ ئەوەی لێدەرکردن بکەم

وانەی ١٢–٥

سەرجەم دەنووسم

ڕاستییەکانی کۆکردنەوە دەنووسم بۆ یارمەتیدانم لە لێدەرکردندا

١	٩ ٩+ ١٨	١٨ ٩− ٩	٨ ٦+ ١٤	١٤ ٦− ٨	٦ ٦+ ١٢	١٢ ٦− ٦
٢	٨ ٣+ ١١	١١ ٣− ٨	٩ ٤+ ١٣	١٣ ٤− ٩	٧ ٦+ ١٣	١٣ ٦− ٧
٣	٩ ٧+ ١٦	١٦ ٧− ٩	٦ ٥+ ١١	١١ ٥− ٦	٦ ٨+ ١٤	١٤ ٨− ٦
٤	٦ ٩+ ١٥	١٥ ٩− ٦	٩ ٣+ ١٢	١٢ ٣− ٩	٦ ٧+ ١٣	١٣ ٧− ٦

پێداچوونەوە

سەرجەم یان جیاوازی دەنووسم.

٥ ٦ + ٥ = ١١ ٦ ٧ + ٣ = ١٠ ٧ ٤ + ٨ = ١٢

٨ ١١ − ٦ = ٥ ٩ ١٠ − ٧ = ٣ ١٠ ١٢ − ٤ = ٨

١١ ١١ − ٥ = ٦ ١٢ ١٠ − ٣ = ٧ ١٣ ١٢ − ٨ = ٤

ل ٦٨ ڕاهێنان

داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لە لاپەڕە ١٨٢دا هاتووە

ڕاهێنانەکانی لاپەڕەی ١٨٢ دەرفەت دەداتە قوتابی بۆ ئەوەی ڕاهێنان بکات لەسەر بەکارهێنانی کۆکردن بۆ ئەنجامدانی کرداری لێدەرکردن.

ئاگاداربە... هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی شۆك دەبنەوە لەمیانەی کارکردنی لەگەڵ ڕاستیە بەیەکەوە بەستراوەکان، لەڕاهێنانی ٢دا بۆ نموونە: هەندێ لە قوتابیان پێیان وایە لەسەریانە ئەنجام ١٦–٩ بدۆزنەوە نەوەك ١٦–٧، ئاگاداری ئەمانە بکەوە کەوا ١٦–٩ بریتیە لە ڕاستی لێدەرکردنی پێکەوە بەستراو بە ٩+٧=١٦، بەڵام داواکراو بریتیە لە دۆزینەوەی ڕاستی لێدەرکردنی پێکەوە بەستراوێکی تر کە بریتیە لە ١٦–٧.

فێرکردنی نموونەیی

ئاستی ئاسایی داوا لە قوتابیانی ئەم ئاستەدا بکە شەش پاڵووی پێکەوە بەستراوی دوو ڕەنگی بەکاربێنن بۆ نواندنی پرسیارێکی کۆکردن.

ئاستی پێشکەوتوو داوا لە قوتابیانی ئەم ئاستە بکە دەست نەکەن بەکرداری کۆکردنەوە بەڵکو ڕاستەوخۆ کردارەکانی لێدەرکردن ئەنجام بدەن.

پێداچوونەوە قوتابی چوارگۆشەیەکی سوور دەکێشیت لە پاشان بازنەیەکی شین.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆ و نووسین ڕوونیکەوە چۆن کۆکردنەوە بەکاردێنی بۆ ئەنجام دانی کرداری لێدەرکردن بۆ قوتابیان ڕوون بکەوە ڕستەی کۆکردن ولێدەرکردن پێکەوە بەستراو هەمان ژمارە خۆی بەکاردینن.

ئاگاداربە... ئەگەر بینیت کەوا هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە شیکارکردنی ڕاهێنانەکان، لەگەڵیان بگەڕێوە بۆ چەمکی ڕاستیە بەیەکەوە بەستراوەکان، لێیان بگەڕێ با چەند چالاکیەك جێبەجێ بکەن وەك نواندن بەهۆی پەپکەکان یان هێلی ژمارەکان، سەرنجیان ڕاکێشە لەکاتی بەدەستهێنانی سەرجەمی دوو ژمارە جیاوازی نێوان ئەو سەرجەمە و یەکێك لە ژمارەکان بریتیە لە ژمارەکەی تر.

تاقیکردنەوەی وانەکە

ئەو ڕاستیە کۆکردنەوەیە هەڵدەبژێرم کە لە دۆزینەوەدا یارمەتیم دەدات بۆ ئەوەی جیاوازی نێوان ١٣–٥ پێ بدۆزمەوە

أ	٧ ٦+ ١٣	[✓ ج]	١٣=٥+٨
ب	٩ ٤+ ١٣	د	١٣=٣+١٠

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با لە ماڵەوە شیکاری ڕاهێنانەکانی ١، ٢، ٥ بکەن کە لە وانەی ١٢–٥ لە کتێبی ڕاهێنان دا هاتووە.
- هانیان بدە با لەماڵەوە شیکاری ڕاهێنانەکانی بڕگەی (پێداچوونەوە) بکەن کە لە هەمان وانەی کتێبی ڕاهێنان دا هاتووە. بۆیان ڕوونبکەوە کەوا ئەم ڕاهێنانە پێداچوونەوەی کارامەییەکانی پێشوو بەدەست دێنێ.

Star Group

وانەی
٦

پرسیارێك شیكار دەكەم: كردارێك هەڵدەبژێرم

پلانی وانەکە

ئامانج پرسیار شیکار دەکات بە بەکارهێنانی ڕێگای ‹‹کردارێك هەڵدەبژێرم››.

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- شیکار کردنی پرسیارەکان
- گەیاندن
- نواندن

ڕۆژانە

ئەگەر یەکەم ڕۆژی مانگ هەینی بێت، ئایا بەرواری هەینی دوای ئەو دێت چەندە؟ ٨

ڕێنمایی

لەوانەیە هەڵبژاردنی کرداری ژمارەی گونجاو ئاسان نەبێ لای هەندێك قوتابی. زۆریان نازانن خالە جیاکراوەکانی پرسیاری ئاراستە کراو چییە. ئەو ئاستەنگە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زۆربەی قوتابیان دەقی پرسیار بە باشی تێناگەن. دەبێت یارمەتیان بدەین و داوایان لێبکەین لە کۆمەڵەدا کاربکەن. و پرسیارەکان بە دەنگێکی بەرز بخوێنن و وشەکانی کە یارمەتییان دەدات بۆ ئەنجامدانی کرداری هەژمارکردن دەور بدەن. و پرسیارەکە بنوێنن بۆ ئەوەی یارمەتیان بدات بۆ دۆزینەوەی داوکراو.

چالاکی

کەی لێدەردەکەم

دوانەیی
هەستی – جوڵەیی

ئامانج دزانیت کەی لێدەرکردن بەکاردێنیت بۆ شیکار کرنا پرسیارەکێ.

کەرەستەکان بۆ هەر قوتابیەکی ٢٥ پەپکەی دوو ڕەنگی جیاواز.

- ئەم پرسیارە لەسەر تەختە بنووسە **١٩ قوتابی بە پێیان دێن بۆ قوتابخانە و ٦ قوتابی بە سواری ئوتومبێل دێن. قوتابیانی بە پێیان دێن بۆ قوتابخانە ژمارەیان چەند زیاترە لە ژمارەی ئەوانەی بە ئوتومبێل دێن؟**
- داوا لە قوتابیان بکە: چی لێیان داواکراوە دیار بکەن. ئەمە چەندە گفتو گۆ بکە لەگەلیاندا تا دەگەینە ئەوە کارەکە دەگەڕێتەوە دۆزینەوەی جیاوازی نێوان دوو ژمارەی ١٩ ، ٦. داوا لە قوتابیان بکە بێژن ئایا دەبێت کوم بکەن یان لێدەربکەن بۆ دۆزینەوەی جیاوازی. لێدەرکردن دەکەن.
- قوتابیان فێر بکە ١٩ – ٦ بنوێنن بەڕیز کردنی ١٩ پەپکەی یەك ڕەنگی لە ریزەکێ دا ب شێوەیەکی ئاسویی و ٦ پەیکەی ڕەنگی تر لەژێر ریزی یەکەم دا بە شێوەی ئاسویی دابنێن. پاشان فێریان بکە جووت بوون ئەنجام بدەن لە نێوان پەپکەکانی ریزی یەکەم لەگەڵ پەپکەکانی ریزی دووەم پاشان فێریان بکە ئەوەی پێویستە لەسەریان ژماردنی پەپکەکانی ماوە لەریزی یەکەم. ١٣.

١٩ – ٦ = ١٣

ڕێکخستنی وانەی ٦

ئامانج پرسیارێك شیكار دەكات بە بەكارهێنانی ڕێگەی (كردارێك هەڵدەبژێرم).

پرسیاری ئەمڕۆ

قوتابیانی پۆلی یەكەم لەسەر پێكهێنانی كتێبخانەی پۆل كاریان كرد. ڕۆژانە ٣ كتێبیان كۆدەكردەوە. چەند كتێبیان لەیەك هەفتەدا كۆكردەوە؟ ٢١ كتێب.

١ پێشكەشكردن

پێداچوونەوەی خێرا

كۆدەكەمەوە یان لێدەردەكەم

سەردار ١٠ كارتی پێ بوو. سالار ٩ كارتی پێ بوو. سەردار چەند كارتی زیاترە لە سالار؟

لێدەربكە ١٠ − ٩ = ١.

وانەكە دەستپێدەكەم و داوا لە قوتابیان دەكەم با هەنگاوەكانی شیكاركردنی پرسیارەكان: تێدەگەم، پلان دادەنێم، شیكاردەكەم، ساغدەكەمەوە بە بیرت بهێنەوە.

٢ فێركردن

تێدەگەم داوا لە قوتابیان بكە ڕوونیبكەنەوە **داواكراوەكە چییە؟** چەند یاریزانی تۆپی سەبەتە زێدەترن لە یاریزانی سەرمێز.

پلان دادەنێم **داوا لە قوتابیان بكە كە پێشبینی ڕێگایەك بكەن بۆ شیكاركردنی پرسیارەكە** قوتابیان دەتوانن وێنەیەك بكێشن یان نموونەیەك پێكبهێنن یان ڕستەیەكی ژمارەیی بنووسن، بۆ ئەوەی ڕوونیبكەنەوە ئایا لەسەریان پێویستە كۆبكەنەوە یان لێدەربكەن.

بپرسە ئەو وشانەی كردارە گونجاوەكە دەگەیەنێ چین؟ «چەندی زیاترە» یاریزانەكانی تۆپی باسكە لە یاریزانەكانی تۆپی مێز. ئەوە واتای ئەوە دەگەیەنێ كەوا كردارە گونجاوەكە لێدەركردنە، چونكە ئێمە هەڵدەستین بە بەراوردكردنی دانەكانی دوو كۆمەڵە.

شیكاردەكەم داوا لە قوتابیان بكە گفتوگۆ بكەن لەسەر چۆنیەتی شیكاركردنیان بۆ پرسیارەكە. وەڵامی چاوەڕوانكراو ٨ لە ١٤ دەردەكەم.



پرسیارێك شیكار دەكەم
كردارێك هەڵدەبژێرم

وانەی ٦ ________

١٤ منداڵ یاری تۆپی باسكە دەكەن، ٨ منداڵ یاری تۆپی سەرمێز دەكەن. چەند یاریزانی تۆپی باسكە زیاترە لە یاریزانی تۆپی سەر مێز؟

بیرت بێنەوە لە توانات دایە لێدەركردن بكەیت بۆ دۆزینەوەی ژمارەی زیاد

تێ دەگەم

داواكراو چییە؟

پلان دادەنێم

كرداری گونجاو هەڵدەبژێرم.
ڕستەیەكی ژمارەیی بۆ شیكاری پرسیارەكە دەنووسم.

كۆ دەكەمەوە [✓ لێدەردەكەم]

١٤ − ٨ = ٦

ساغدەكەمەوە

ئایا وەڵامەكەم گونجاوە؟ ئەمە ڕون دەكەمەوە

كۆكردنەوە یان لێدەركردن دەور دەدەم.
ڕستەیەكی ژمارەیی دەنووسم.

١ ١٥ كوڕ بە یەكەوە دەڕۆن.٣ تریش كەوت بەدوایان. بوون بەچەند؟

١٨ كوڕ

[✓ كۆ دەكەمەوە] لێدەردەكەم

١٥ + ٣ = ١٨

٢ ١٨ كوڕ گۆرانی دەڵێن. ٩ لەوان وەستان لە گۆرانی ووتن، چەند كوڕ مانەوە كە گۆرانی ئەڵێن؟

٩ كوڕ

كۆ دەكەمەوە [✓ لێدەردەكەم]

١٨ − ٩ = ٩

١٨٣

ساغدەكەمەوە **چۆن دڵنیادەبێت لە ڕاستی وەڵامەكەت؟** پرسیارەكە دەنوێنم بە شەش پاڵوویەكان، ئەو یاریزانانەی تۆپی سەبەتە دەژمێرم كە زیاترن لە یاریزانەكانی تۆپی سەرمێز.

ئاگاداربە... سەرنجی قوتابیان بۆ گرنگی تێگەیشتنی پرسیار بەشێوەیەكی باش ڕاكێشە هەندێ لە وشەكان بە واتای كۆكردنەوە دێن وە هەندێكی تر بە واتای لێدەركردن دێن. ئاگاداریان بكەوە كەوا وشەكانی سەرجەم و گشت و هەموو هاوشێوەكانیان بە واتای كۆكردنەوە دێن، وە وشەكانی وەك مایەوە ماوە و زیاترە و جیاوازی و هاوشێوەكانیان بە واتای لێدەركردن دێن.



ڕاهێنان دەکەم

دەور دەدەم کۆدەکەمەوە یان لێدەردەکەم.
ڕستەیەکی ژمارەی دەنووسم.

١ ٩ منداڵ لە گۆرەپانی قوتابخانەن، ٧ ی تر هاتن بۆ لایان، ئێستا چەند منداڵ لەگۆرەپاندا هەیە؟

١٦ منداڵ

[✓ کۆدەکەمەوە] لێدەردەکەم

٩ + ٧ = ١٦

٢ ٧ منداڵ وێنە دەکێشن، ٨ منداڵ دەخوێننەوە،ژمارەی هەموویان چەندە؟

١٥ منداڵ

[✓ کۆدەکەمەوە] لێدەردەکەم

٧ + ٨ = ١٥

٣ ١٣ منداڵ چەپڵە لێدەدەن. ٦ منداڵ مۆسیقا دەژەنن. چەند چەپڵە لێدەر زیاترن لە مۆسیقا ژەنەکان ؟

٧ منداڵ

کۆدەکەمەوە [✓ لێدەردەکەم]

١٣ − ٦ = ٧

بنووسە.

چیرۆکێك لەسەر وێنەکە بنووسە.
ڕستەیەکی ژمارەیی بنووسە.
ڕێگایەك هەڵبژێرە بۆ ساغکردنەوەی وەڵامەکەت.

چالاکی ماڵەوە • داوا لە منداڵەکەت بکە بۆت ڕوونبکاتەوە. بۆچی کۆکردنەوە یان لێدەرکردن هەڵدەبژێری.

١٨٤



ڕاهێنان ١٢-٦

قوتابخانە.........ناوی قوتابی.........پۆل: یەکەم هۆبەی......بەروار / /

وانەی ١٢-٦

پرسیارێك شیكاردەكەم : كردارێك هەڵدەبژێرم

کۆدەکەمەوە یان لێدەردەکەم دەوردەدەم
ڕستە ژمارەییەکە دەنووسم.

١ ئاری ١٢ خاڵی بەدەستهێنا. ئاسۆ ٨ خاڵی بەدەستهێنا. جیاوازی چەندە لە نێوان خاڵەکانی ئاری وخاڵەکانی ئاسۆدا؟

کۆدەکەمەوە [✓ لێدەردەکەم]

١٢ − ٨ = ٤

٤ خاڵ

٢ ڕێبوار ٩ خاڵی بەدەستهێنا لە نیوەی یەکەمی یارییەکەدا، وە ٦ خاڵ لە نیوەی دووەمی یارییەکەدا. ئایا ڕێبوار چەند خاڵی بەدەستهێناوە؟

[✓ کۆدەکەمەوە] لێدەردەکەم

٩ + ٦ = ١٥

١٥ خاڵ

٣ نسرین ٧ خاڵی بەدەستهێنا جوان ٧ خاڵی بەدەستهێنا هەردووکیان چەند خاڵیان بە دەستهێنا؟

[✓ کۆدەکەمەوە] لێدەردەکەم

٧ + ٧ = ١٤

١٤ خاڵ

٤ لە یاریگایەکدا ١٣ کوڕ هەیە، ٥ لەوانە چوونەوە بۆ ماڵ. ئایا چەندیان ماونەتەوە؟

کۆدەکەمەوە [✓ لێدەردەکەم]

١٣ − ٥ = ٨

٨ کوڕ

ڕاهێنان ل ٦٩

٣ ڕاهێنان

داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لە لاپەڕە ١٨٤دا هاتووە

ڕاهێنانەکانی لاپەڕەی ١٨٤ دەرفەت دەدات بە قوتابیان بۆ ئەوەی ڕاهێنان بکەن لەسەر هەڵبژاردنی کرداری ژمارەیی گونجاو.

فێرکردنی نموونەیی

ئاستی ئاسایی داوا لە قوتابیان ئەم ئاستەدا بکە: وێنەکان و پەیکەکان بەکاربهێنن بۆ نواندنی هەر پرسیارێك.

ئاستی پێشکەوتوو داوا لە قوتابیان لەم ئاستەدا بکە سەرجەم یان جیاوازی ڕاستەوخۆ بدۆزنەوە.

دەنووسم داوا لە قوتابیان دەکەم چەند چیرۆکێك لەسەر کۆکردنەوە و لێدەرکردنی پەیوەندارە بە وێنەکەوە بنووسن. داوایان لێبکە یەکتری ئاگادار بکەن لەسەر چیرۆکەکانیان، بۆ یەکتری وە گفتوگۆ بکەن.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆ و نووسین ڕوونبکەوە چۆن دیاری دەکەیت ئایا کۆکردنەوە یان لێدەرکردن دەکەیت لە شیکارکردنی پرسیارەکەی هاتووە لە چیرۆکەکەدا. ئەگەر پرسیارەکە داوای ژمارەی هەمووی بکات ئەوا پێویستە کۆیبکەمەوە، بەڵام ئەگەر پرسیارەکە داوای چەند زیاتر یان چەند ماوە، بۆ نموونە ئەوە لە سەرمە لێدەرکردن ئەنجام بدەم.

تاقیکردنەوەی وانەکە

رستەیەکی ژمارەیی گونجاو بۆ ڕاهێنانەکە هەڵدەبژێرم لە یاریگەیەکە ١٢ منداڵ هەیە لەوانە ٣ ڕۆیشتن. چەند مایەوە

أ ٩+٣=١٢
[✓ ج] ١٢−٣=٩
ب ١٢+٩=٣
د ١٢+٣=١٥

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با لە ماڵەوە شیکاری ڕاهێنانەکانی ١، ٣، ٤ بکەن کە لە وانەی ١٢-٦ لە کتێبی ڕاهێنان دا هاتووە.

ڕێنمایی... ئەگەر بینیت هەندێ لە قوتابیەکان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبن لە شیکارکردنی پرسیارەکان، یەکەم جاردڵنیابە کە ئەمانە لە پرسیارەکە تێگەیشتوون بە تەواوەتی، چونکە لەوانەیە زاڵ بن لە ئەنجامدانی کردارەکانی کۆکردنەوە و لێدەرکردن بەڵام پرسیارەکە بەجوانی تێنەگەیشتوون. جەختیان لەسەر بکە کە کارامەیی شیکاری پرسیارەکان یەکەم جار پاشان ئەنجامدانی کۆکردنەوەو لێدەرکردن.

بەشی ١٢

کۆکردنەوە و لێدەرکردنی دەیان

پێداچوونەوە/ بەشی ١٢

ئامانج: دڵنیابوون لە زانینی چەمکەکان و بەدەستهێنانی ئەو کارامەییانەیە کە لە بەشی ١٢ داهاتووە.

بەکارهێنانی لاپەڕە

- ئامانجی لاپەڕەی پێداچوونەوە بۆ قوتابیان روونبکەوە.
- نزیکەی ٣٠ خولەك تەرخان بکە بۆ ئەوەی قوتابیان ڕاهێنانەکانی لاپەڕەی پێداچوونەوە شیکار بکەن.
- دەتوانی یارمەتی ئەو قوتابیانە بدەیت کە ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە.
- دەتوانی ڕێگا بە قوتابیان بدەیت یارمەتی یەکتر بدەن بە جۆرێك تا ڕادەیەکی باش ئارامی بپارێزن.
- دەتوانی وەڵامی پرسیاری قوتابیان بدەیتەوە.
- ئەو ماوەیەی دەمێنێتەوە لە وانەکە تەرخان بکە بۆ وەڵامدانەوە و شیکارکردن.
- دڵنیابە لە توانای قوتابیان لەسەر بەستنەوەی کۆکردنەوە و لێدەرکردن بەیەکەوە ئەمە واتای ئەوە دگەیەنێ کە ئەوانە هەردوو کردارەکانیان بەیەکەوە بەدەستهێناوە، وە دڵنیابە لەوەی لە دوایدا توانای شیکارکردنی پرسیارەکان دەبێت دەربارەی ئەم دوو کردارە.
- هەروەها دڵنیابە لە باش بەکارهێنانی تەختەی دەیی و ڕێگەی کۆکردنەوەی ٣ ژمارە بەیەکەوە.

ئامانجی ڕاهێنانەکانی ١–٧ بۆ دڵنیابوونە لە زانینی چەمکەکان و بەدەستهێنانی کارامەییەکان و وشەکان.

ئامانجی ڕاهێنانی ٨ بۆ دڵنیابوونە لە توانای قوتابی لەسەر شیکاری پرسیارەکان.



ناو ______

پێداچوونەوەی
بەشی ١٢

سەرجەم دەنووسم.

١
٨
٦+
١٤

٢
٩
٧+
١٦

٣
٤
٧+
١١

١٠
١-
٩

٤
٨
٥-
٣

١٠
٥+
١٥

٥
٨
٨
٢+
١٦

٨
٩
١+
١٧

٧
٢
٢+
١١

٣
٤
٧+
١٤

ڕاستییەکانی کۆکردنەوە بەکاردەهێنم بۆ ئەوەی لێدەربکەم.

٦
٨
٨+
١٦

١٦
٨-
٨

٧
٦
٦+
١٢

١٢
٦-
٦

پرسیارێك شیکار دەکەم.

دەور دەدەم **کۆدەکەمەوە** یان **لێدەرکردن** دەکەم.
ڕستەی ژمارەیی دەنووسم.

٨ ١٣ کور دەخوێنن
٥ لەوان ڕۆیشتن.
چەند کوڕ مانەوە؟ __٨__ کوڕ

کۆ دەکەمەوە [✓ لێدەردەکەم]

__١٣__ ○ – __٥__ ○ = __٨__

١٨٥

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

ئامانج: ئامانجی لاپەڕەی «ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە» کە لە کتێبی قوتابی هاتووە هەروەك ئەوەی ناونیشانەکەی ئاماژەی پێدەکات بریتییە لە ئامادەکردنی قوتابی بۆ تاقیکردنەوەی بەشەکە.

ئەم لاپەڕەیە چەمکەکان و کارامەییەکانی لەخۆ دەگرێت کە لەم بەشەدا هاتووە. هەروەها چەمکەکانی تر لە بەشەکانی پێشەوە لەخۆ دەگرێت.

هەر بەندێك لەم لاپەڕەدا ئامانجێکی فێربوون یان زیاتر لەخۆ دەگرێت وە بەگشتیش تا رادەیەك ئامانجەکانی فێربوونی ئەم بەشە لەخۆ دەگرێت کە پێویستە.

بەکارهێنانی لاپەڕەکە

- ئامانجی لاپەڕەی «ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە» بۆ قوتابییان روونبکەوە.
- داوا لە قوتابییان بکە لاپەڕەی «ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە» کە لە کتێبی قوتابی هاتووە لەماڵەوە یان «لە پۆل» شیکار بکەن ئەگەر کات رێی پێدان بۆ ئەنجامدانی.



ئامادەبوون بۆ
تاقیکردنەوە
بەشی ١٢

ناو ________

وەڵامی گونجاو هەڵدەبژێرم.

١
٦
٧ +
١٢ ○ ١٣ ● ١٤ ○ ١٧ ○

٢
٨
٢
٨ +
١٠ ○ ١٦ ○ ١٨ ● ٢٠ ○

٣
١٠
٩ +
٩ ○ ١٨ ○ ١٩ ● ٢٩ ○

٤ رەڤەند ٤ ئەمامی گوێ و ٩ ئەمامی هەناری چاند، رەڤەند چەند ئەمامی ناشتوە؟

١٣ ● ١٤ ○ ١٥ ○ ١٦ ○

٥
١٩
٢ −
١٦ ○ ١٧ ● ١٨ ○ ٢١ ○

٦
٨ + ٨ = ١٦
١٦ − ٨ = ______
١٠ ○ ٦ ○ ٨ ● ١٨ ○

٧ ژمارەیەك لە شەشپاڵوەکان دەکوژێنمەوە.

چاودێری کاری قوتابیان بکە

ڕستەی لێدەرکردن دەنووسم.

___ ○ ___ ○ ___

ڕستەیەکی کۆکردنەوە پابەندبێت بە ڕستەکە دەنووسم.

___ ○ ___ ○ ___

١٨٦

تاقیکردنەوەی بەش

تاقیکردنەوەی بەش دەکەوێتە چوارچێوەی هەڵسەنگاندنەکانی بەدەستهاتوو

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوەی بەش

- دەتوانیت ئەم تاقیکردنەوانە وەکو خۆی بەکاربێنی.
- دەتوانیت لەم تاقیکردنەوەیە چەند پرسیارێکی دیاریکراو هەڵبژێری و تاقیکردنەوەیەکی لێ پێکبهێنی.
- دەتوانیت لەم تاقیکردنەوەیە چەند پرسیارێکی دیاریکراو هەڵبژێری و خۆشت چەند پرسیارێکی تر پێکبهێنی.
- دەتوانیت خۆت هەموو پرسیارەکانی تاقیکردنەوە پێکبهێنی بە پشتبەستن بە پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بەش.

مەرجەکانی ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

- ئەوکاتەی دیار دەکرێت بۆ تاقیکردنەوەی بەش دەبێت بەس بێت بۆ قوتابیان «وانەیەکی تەواو بۆ تاقیکردنەوەی بەش»
- دەبێت پرسیارەکانی ئەم تاقیکردنەوانە هەموو ئامانجەکان بگرێتەوە بێ زیادو کەم.
- دەبێت پرسیارەکانی ئەم تاقیکردنەوانە هەموو ئامانجەکان بگرێتەوە بەشێوەی هاوسەنگ لەگەڵ رەچاوکردنی ئامانجەکان.
- دەبێت تاقیکردنەوەکەت پرسیارەکانی جۆری أ لەخۆ بگرێت وە پرسیارەکانی جۆری ب لەخۆ بگرێت بە زیاتر هێنانەوەی جۆری أ لە کتێبی رێبەری هەڵسەنگاندن.
- پێویستە تاقیکردنەوەکانی بەش چاپ بکرێت بەشێوەیەکی روون.

ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی بەش

- وانەیەکی تەواو تەرخان بکە بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی بەش.
- بۆ قوتابیان باس بکە کە لەسەریان پێویستە وەڵامی راست لە پرسیارەکانی هەڵبژاردن لە هەمەجۆر دەوربدرێن.
- لەو کاتەی ماوەت هەیە لە قوتابخانە «یان لە ماڵ» تاقیکردنەوەکانت بپشکنە وە تێبینیەکان تۆمار بکە بەتایبەتی ئەو تێبینیانەی بەندن بە خاڵە لاوازەکانی قوتابیان.

بەشی ١٣

کۆکردنەوە یان لێدەرکردنی دوو ژمارەی دوو ڕەنووسی

پلانی بەش

وانە	ئامانج	زاراوەکان	کەرستەکان	کاتی خەملێنراو
پێشکەشکردن و ئامادەبوون بۆ بەش				کات ١ وانە
١٣-١ یەکان و دەیان کۆدەکەم ل ١٨٩ – ١٩٠	دوو ژمارەی دوو ڕەنووسی کۆدەکاتەوە بە بێ خرکردنەوە.	دەیان ـ یەکان	پارچە دەییەکان تەختەی کار.	٢ وانە
١٣-٢ ڕاهێنان لەسەر کۆکردنەوە دەکەم ل ١٩١ – ١٩٢	کۆکردنەوەی دوو ژمارەی دوو ڕەنووسی بە وردی بە بێ خرِکردنەوە (بەیەکەوە بەستن).		پارچە دەییەکان تەختەی کار	١ وانە
١٣-٣ لێدەرکردن لە یەکان و دەیان دەکەم ل ١٩٣ – ١٩٤	دوو ژماری دوو ڕەنووسی لێکدەردەکات بێ خوردکردنەوەی دەیان.	دەیان ـ یەکان	تەختەی کار، شەش پالّووی پێکەوە گرێدراو.	٢ وانە
١٣-٤ ڕاهێنان لەسەر لێدەرکردن دەکەم ل ١٩٥ – ١٩٦	لێدەرکردنی دوو ژمارەی دوو ڕەنووسی بە وردی.		تەختەی کار، شەش پالّووی پێکەوە گرێدراو.	٢ وانە
١٣-٥ پرسیارێك شیکار دەکەم: دەرئەنجامی ژیربێژی بەکاردەهێنم ل ١٩٧ – ١٩٨	پرسیارێك شیکار دەکات بە بەکارهێنانی (دەرئەنجامی ژیربێژی).			١ وانە
■ **پێداچوونەوە ل ١٩٩**				١ وانە
■ **ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە ل ٢٠٠**				١ وانە

تێبینی:

- دابەشکردنی بەشەوانەکان بەسەر وانەکانی ئەم بەشەی سەرەوە دابەشکردنێکی خەملێندراوە دەتوانی دەستکاری بکەی و ڕێکی بخەی و بیگونجێنی لەگەڵ بارودۆخ و ژینگەی قوتابی، کاتی تەرخان کراوی تایبەت بە وانەکان جێگیر نییە، دەتوانیت گۆڕانکاری لێبکەی بەپێی پێویست ڕێکی بکەی و بیگونجێنی.
- لەسەر مامۆستا پێویستە کەرەستە داواکراوەکان ئەوانەی ناویان هاتووە لە پلانی بەش یان هاوشێوەکانیان ئامادە بکات پێش دەستپێکردنی وانەکە.

Star Group

بیرکاری بەپێی پۆلەکان

پۆلی یەکەم

- دوو ژمارەی دوو ڕەنووسی کۆدەکاتەوە و بەبێ خرکردنەوە.
- دوو ژمارەی دوو ڕەنووسی لەیەك دەردەکات بەبێ خوردکردنەوەی(دە)

پۆلی دووەم

- دوو ژمارەی دوو ڕەنووسی کۆدەکاتەوە لەگەڵ خڕکردنەوەی.
- دوو ژمارەی دوو ڕەنووسی لێك دەردەکات لەگەڵ وردکردنەوەی دە.
- بە هرزی لێدەرەکات.
- سەرجەمەکان وجیاوازییەکانیان دەخەملێنێ.

تیڕوانینێك بۆ دواوە زانیارییەکان و کارامەییە داواکراوەکان

بۆ ئامادە بوون بۆ خوێندنی ئەم بەشە پێویستە قوتابی ئەم زانیاری و کارامەییانەی خوارەوەی هەبێت:

- چەمکی کۆکردنەوە ولێدەرکردن هەست پێ دەکات .
- ژمارەکانی دوو ڕەنووسی دەنوێنی ودەیان نووسێ.
- بەرەوپێش دەژمێری یەك یەك ، دوو دوو.
- بەرەودواوە دەژمێرێ یەك یەك، دوو دوو.

تیڕوانینێك بۆ بەشەکە کارامەییە بنچینەییەکان

قوتابی لەمیانەی خوێندنی ئەم بەشە ئەم کارامەییانەی خوارەوە بەدەست دێنێت:

- دوو ژمارەی دوو ڕەنووسی کۆدەکاتەوە بە بێ (خڕکردنەوە).
- دوو زمارەی دوو ڕەنووسی لێك دەردەکات بە بێ وردکردنەوەی دە.
- پرسیارێك شیکار دەکات بە بەکارهێنانی (دەرئەنجامی ژیر بێژی).

تیڕوانینێك بۆ پێشەوە بوارەکانی جێبەجێکردن

قوتابی ئەوەی فێریبووە لە خوێندنی ئەم بەشە لەسەر چەمکە نوێیەکانی پۆلی دووەم جێبە جێدەکات.



بەشی ١٣ کۆکردنەوە و لێدەرکردنی دوو ژمارە

ڕستەی کۆکردنەوەو لێدەرکردن دەنووسم دەربارەی وێنەکە

١٨٧

بەشی

١٣

کۆکردنەوە یان لێدەرکردنی دوو ژمارەی دوو ڕەنووسی

پێشکەشکردنی بەش

بۆچی ئەم بابەتە فێردەبین؟

ئامانج

- ئەم بڕگەیە بیرۆکەیەك دەبەخشێتە مامۆستا سوودەکەی ئامادەکردنی قوتابیانە بۆ فێربوونی خوارزمیەتی کۆکردنەوە و لێدەرکردن بە بەکارهێنانی خشتەی بەهای خانەیی. دوای ئەوەی قوتابیان فێری هەردوو چەمکی کۆکردنەوە و لێدەرکردن بوون، ئەم بەشە خوارزمیەتی کۆکردنەوە و لێدەرکردن دەبەخشێتە قوتابیان کە لە دوارۆژ قوتابیان پێویستیان پێدەبێت بۆ کۆکردنەوە و لێدەرکردنی ژمارە گەورەکان، دەتوانی ئەم بیرۆکەیە بەکاربێنیت بۆ ئەوەی سەرنجی قوتابیان بۆ ناوەڕۆکی ئەم بەشەی پێ ڕابکێشێت.
- لەوانەیە قوتابیان بپرسن: بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین:

بە قوتابیان ڕابگەیەنە بەدەستهێنانی کارامەییەکانی لێدەرکردن و ئاشنابوون بە ڕاستیە بەیەکەوە بەستراوەکان یارمەتیان دەدات لەسەر کارکردن لەگەڵ ژمارەکان بەخێرایی و بەشێوەیەکی ورد، وە هەروەها بەکارهێنانی ڕێگەکانی شیکاری گونجاو گەشە بە تواناکانیان دەدات و متمانەیان بەخۆیان زیاتر دەبێت لەکاتی شیکارکردنی پرسیارەکان.

لاپەڕەی دەستپێکردن

ئامانج

- لەم بڕگەیەدا پرسیارێك هەیە دەربارەی ئەو وێنەیەی کە لە لاپەڕەی دەستپێکردنی بەش هەیە لە کتێبی قوتابی.
- وێنەکە وێنەی دوو کۆمەڵە چولەکە لەخۆ دەگرێت، کۆمەڵەی یەکەم لە ١٤ چۆلەکەی سوور پێکدێت، وە کۆمەڵەی دووەم لە ١٨ چۆلەکەی شین پێکدێت، کە ٣ لێ فڕین.
- ئەم پرسیارە سەرەتا و ئارەزوو و ئامادەباشی و گەرم و گوڕی دەبەخشێتە قوتابیان.
- لە قوتابیان بگەڕێ با بیر لە دوو کۆمەڵە چۆلەکە بکەنەوە، وە داوایان لێبکە با چیرۆکێکی لێدەرکردن لەسەریان پێکبهێنن.

زانیارییەکانت ساغبکەوە

ژماردن بەرو پێش

هێڵی ژمارەکان بەکاردەهێنم بۆ

هەژمارکرنی سەرجەم یان جیاوازی

١ ٣٥ + ٣ = ٣٨

٢ ٤٤ + ٥ = ٤٩

٣ ٥٢ + ٢ = ٥٤

٤ ٥٨ − ٣ = ٥٥

٥ ٣٧ − ٥ = ٣٢

٦ ٤٩ − ٤ = ٤٥

ژمارەکان تا ٩٩

هێڵێك بکێشە، هەر ژمارەیەك بگەێنێتە نموونەکەی دەینوێنێ

٧ ٦٣ ٨٤ ٤٤



ڕێنمایی... پێش ئێستا قوتابی فێری ڕێگەکانی کۆکردنەوە و لێدەرکردن بوو بوو بە بەکارهێنانی نواندن و دوو ئەوەندە و هێڵی ژمارەکان و تەواوکردنی دەو چەندەها کارامەیی تر. بڕگەی (زانیارییەکانت ساغبکەوە) دەرفەتت پێدەدات بۆ هەڵبژاردنی ئەو کارامەییانە بۆ ئەوەی ئامادە بیت بۆ خوێندنی کارامەیی کۆکردنەوە و لێدەرکردنی دوو ژمارەی دوو ڕەنووسی.



نامەیەك بۆ کەسوکار

کەسوکاری بەڕێز

ئەمرۆ دەست دەکەین بە بەشی ١٣. تێدا فێری چۆن ژمارەیەکی یەك ڕەنووسی کۆ دەکەینەوە لەگەڵ ژمارەیەکی دوو ڕەنووسی و چۆن لێدەرکردنەکەیان دەکەین بە بێ هەلوەشاندن. ئەم لاپەڕەیە زاراوەی بیرکاری نوێ لەخۆ دەگرێت لەگەڵ چالاکییەکان کە لە ماڵەوە پێی هەڵدەستین.

لەگەڵ ڕێزدا

زاراوە نوێیەکانم

جیاوازی	یەکان
سەرجەم	دەیان

زاراوەکان

چەند **دەیی** لە ژمارەی ٣٩ هەیە؟ و چەند **یەکی**؟

یەکان	دەیان
٤	٣
٥ +	
٩	٣

سەرجەم ٣٩

یەکان	دەیان
٦	٣
٥ −	
١	٣

جیاوازی ٣١

چالاکی

ژمارەکان لە ٢٥ تا ٢٩ بنووسە، و ژمارەکان لە سفر تا ٤ بنووسە، لەسەر پارچە کاغەزی جیا جیا، داوا لە منداڵەکەت بکە ژمارەیەك لە کۆمەڵەی یەکەم وەربگرێ، و ژمارەیەك لە کۆمەڵەی دووەم، وێنەیەك بکێشێ تێدا دیاریبکات چۆن دوو ژمارە کۆ دەکاتەوە، و وێنەیەك تێدا دیاریبکات کە چۆن ژمارەی دووەم لە یەکەم دەردەکات؟

١٨٨

پەیوەندی لەگەڵ کەسوکار

نامە

ئەم نامەیەی ئاراستەی کەسوکار دەکرێت بۆ قوتابیان بە دەنگێکی بەرز بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیبیستن، داوایان لێبکە با واژۆی بکەن، دەکرێت واژۆکە بە هێمایەکی بچووك دەربرێت، وە دەشێت ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیان هەمان هێما بەکاربێنن، سەرزەنشتی ئەو قوتابیانە مەکە کە واژۆکانیان دەگۆڕێ، چونکە ئەمە لەگەڵ گەشەکردن و پێشکەوتنی کەسایەتی و گەورەبوونی ڕوودەدات.

سوود لەم دەرفەتەی ئەم نامەیە بەدەست دێنێ وەرگرە بۆ ئەوەی بۆ قوتابیان باس لە گرنگی ژیانی ڕۆژانەیان بۆ بکەی بە دەستپێکردن بە هەستانیان لە خەو تا دەست هەڵگرتنیان لە قوتابخانە.

ئاگاداریان بکەوە لە گرنگی تەرخان کردنی کاتێکی دیاریکراو بۆ یاری و خۆشی و کاتێکی دیاریکراوی تر بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ماڵەوە.

دواخستنی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئەگەر بۆ یەك ڕۆژیش بێت دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی ئەرکەکان و کەموکوڕی لە زانیارییەکان و چەمکەکان.

ئاسانکاری لەگەڵ ئەو قوتابیانە بکە کە واژۆکانیان دەگۆڕن ئەمە شتێکی سروشتیە بە تێپەڕبوونی کات وە لەگەڵ گەشەکردن و پێشکەوتنی کەسایەتیان ڕوودەدات.

ئەم زاراوە نوێیانە یەك لە دوای یەك بۆ تەختە تایبەتەکەی ژووری پۆلەکەت زیاد بکە بەپێی پێویست



زاراوەکان و شرۆڤە کردنیان

یەکان: لە ژمارە ١٥دا، ٥یەکان هەیە.
دەیان: لە ژمارە ٣٥دا، ٣ دەیان هەیە.

ئاگاداربە سەرنجی قوتابیان بۆ چەند ڕێگەیەکی جیاواز لە نووسینی ژمارە ٣٥ ڕاکێشە:

١) ٥ یەکان و ٣ دەیان.
٢) ٣٠+٥

یەکان و دەیان کۆدەکەمەوە

وانەی ١

پلانی وانەکە

ئامانج: دوو ژمارەی دوو ڕەنووسی کۆدەکاتەوە بەبێ خڕکردنەوە.

زاراوەکان: یەکان، دەیان

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- جەبر
- ڕێنوێنی و سەلماندن
- گەیانان
- بەستنەوە
- نواندن

ڕۆژانە

ڕۆژژمێرەکە بکەوە لەسەر مانگێك کە هەڵیدەبژێریت داوا لە قوتابیەك بکە یەکەم ڕۆژو دواین ڕۆژ بڵێت.لەگەڵ قوتابیان دا بدوێ هەڵەکان ڕاست بکەوە.

ڕۆشنایی پەروەردەیی

قوتابی دەست دەکات بە کۆکردنەوەی ژمارەیەك لە یەك ڕەنووسی بۆ ژمارەیەکی دوو ڕەنووسی.ژمارەکان دابەش دەکرێت بۆ یەکان و دەیان، داوا لە قوتابیان دەکرێت یەکەمجار یەکەکان کۆبکەنەوە بێئەوەی پێویستیان بە خڕکردنەوە هەبێت. دەستپێکردن بە کۆکردنەوەی یەکان واتە کۆکردن لە لای ڕاستەوە بۆ چەپ گونجاوە لەگەڵ ئەوەی کە قوتابی لەسەری ڕاهاتووە لە ئاڕاستەی نووسینی خۆیدا. ئەم هەنگاوە واتا کۆکردنەوەی ژمارەی دوو ڕەنووسی ئاستێکی بنچینەیە لە گواستنەوەی قوتابیدا بۆ شارەزابوون لە کرداری کۆکردن و ئامادەکردنی بۆ هەستان بە کردارەکانی کۆکردنەوە وخڕکردنەوەیان لە ساڵی داهاتوودا. ئەمە بارودۆخێکی هەستی و بینینی هزری دابین دەکات کە قوتابی کارامەییەکانی لە کۆکردنەوە و لێدەرکردن لەسەری بینا دەکات لە داهاتوودا.

چالاکی

نواندنی کۆکردنەوەی یەکان و دەیان

پۆلە کە هەمووی

هەستی ـ جولەیی

ئامانج کۆکردنەوەی ژمارەیەکی یەك ڕەنووسی لەگەڵ ژمارەیەکی دوو ڕەنووسی دەنوێنی بەبێ خڕکردنەوە.

کەرەستەکان بۆ هەر قوتابیەك، تەختەی کار، شەش پاڵووی پێکەوە بەستراو، پارچەی دەیی تەختەی بەهای خانەیی.

- قوتابیان ئاراستە بکە بۆ پێداچوونەوەی کۆکردنەوەی دەیان. چەند پرسیاریکیان ئاراستە بکە وەك: ٤٠+٢٠=، ٣٠+١٠=، ٥٠+٣٠=، داوایان لێبکە شیکاری بکەن بە بەکارهێنانی بژمێری دەیی.
- لەسەر تەختەکە ئەم پرسیارە بنووسە: ٣٤ + ٥ = داوا لە قوتابیان بکە پرسیارەکە لە پەڕاوەکانیاندا بنڤیسن. و لەسەر تەختەی بەهایی خانەکان تۆماری بکەن، پاشان هێڵێکی ئاسۆیی بکێشن لەژێر ژمارەی کۆتایی. پاشان هەستە بە نواندنی پرسیارەکە بە بەکارهێنانی تەختەی کار و شەش پاڵووەکان.
- داخاز لە قوتابیان بکە شەش پاڵوە تاکەکان بژمێرن یەکەمجار و ژمارەی دەیان دووەمجار. داوایان لێبکە لەسەر تەختەی بەهای خانەیی بینووسن. و لەژێر هێلی ئاسۆیدا، ژمارەی یەکان و دەیانی بە دەستت کەوتووە. داوایان لێبکە لە کۆتاییدا ڕستەی کۆمکرن لەسەر تەختەکە نووسراوە تەواو بکەن. دوو پرسیار ئاڕاستەی قوتابیان بکە لە شێوەی پرسیارەکانی پێشوو. داوایان لێبکە شیکاری بکەن بە هەمان ڕێگا و دڵنیابە لە کاری قوتابیان.



- پرسیارێکا دی ئاراستەی قوتابیان بکە لەسەر هەمان شوەێن پرسیارێن دی، داخازێ لێیان بکە شیکار بکەن و دڵنیابە لە کارێ قوتابیان.

ڕێکخستنی وانەی ١

پرسیاری ئەمڕۆ

جوان دریژترە لە ئەڤینێ و ئەڤین درێژترە لە هیڤی.
کێ لە کێ درێژترە، جوان یان هیڤی؟ ڕوون بکەرەوە: جوان درێژترە لە هیڤی لەبەرئەوەی جوان لە ئەڤینی درێژترە وئەڤین لە هیڤی درێژترە.

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

سەرجەم بژمێرە بە ژماردن بەرەو پێش

١ ٢٣ + ٣ = ٢٦ ٢ ١٢ + ٢ = ١٤

٣ ٤٢ + ٣ = ٤٥ ٤ ٣٤ + ٣ = ٣٧

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟ کۆکردنی یەکان و دەیان ڕێکدەخات بۆ تەواوکردنی کرداری کۆکردن بەشێویەکی خێراتر.
دەست بە وانەکە دەکەم داوا لە قوتابیان دەکەم ژمارە ٥٣ بە چەند ڕێگەیەکی جیاواز بنووسن.

٢ فێر کردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- داوا لە قوتابیان بکە با لەگەڵ تۆ ئەو ڕاهێنانە شیکار بکەن کە لە بەشی سەرەوەی نموونەکەی لاپەڕە ١٨٩ هەیە.
  - **بپرسە یەکەمجار چی کۆدەکەینەوە، دەیان یان یەکان؟** یەکان
- داوا لە یەکێك لە قوتابیەکان بکە با ڕاهێنانی ژمارە (١) بخوێنێتەوە و بە زارەکی شیکاری بکات لەسەر بنەمای چۆن وەڵامی دەستکەوت. داوای لێبکە با پرسیارەکە و وەڵامەکە بنوێنێ بەکارهێنانی تەختەی کار و بژمێری دەیی.
- **بپرسە سەرجەمی یەکان لە کوێ تۆمار دەکرێت؟** لە ستوونی یەکان.
- **بپرسە چۆن دروستی وەڵامەکەت ساغ دەکەیتەوە؟** دەتوانم بەرەو پێش یەك یەك بژمێرم. بە دەستپێکردن لە ژمارە گەورەکە.
- ئەم کردارە لەگەڵ ڕاهێنانەکانی ٢، ٣، ٤ دووبارە بکەوە.



وانەی ١

یەکان و دەیان کۆدەکەمەوە

گۆران ٣٢ جار بازیدا لە یاری بازدان، هەوار ٤ بازی زیاتری دا لە گۆران. هەوار چەند بازی داوە؟ ٣٢ دەنوێنم، ٤ دەنوێنم.

یەکان	دەیان
٢	٣
+ ٤	
٦	٣

و ■ ▬ بەکار دەهێنم بۆ ئەوەی کۆ بکەمەوە. سەرجەم دەنووسم.

١

یەکان	دەیان
٥	٢
+ ٣	
٨	٢

٢

یەکان	دەیان
٣	٤
+ ٤	
٧	٤

٣

یەکان	دەیان
٢	١
+ ٢	
٤	١

٤

یەکان	دەیان
٧	٣
+ ٢	
٩	٣

باسبکە ■ ڕێنوێنی

چۆن سەرجەمی ٤٦ + ٣ بەبێ بەکارهێنانی ■ و ▬ دەدۆزیتەوە؟

ئاگاداریە... لەکاتی کۆکردنەوەی ژمارەیەکی دوو ڕەنووسی لەگەڵ ژمارەیەکی یەك ڕەنووسی، ئاگاداری قوتابیان بکەوە کەوا تەنها یەکان گۆڕانکاری بەسەر دێت، چونکە ژمارەی دووەم دەیان لەخۆ ناگرێت بەم جۆرە سەرجەمی یەکەکان دەکاتە یەکانی ژمارەی یەکەم کۆ یەکانی ژمارەی دووەم.

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باسبکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە. وەڵام: دەتوانم بەرەو پێش بژمێرم سەرجەم بدۆزمەوە

داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لە لاپەڕە ١٩٠دا هاتووە

ڕاهێنانەکانی لاپەڕە ١٩٠ بوار دەخاتە پێش قوتابیان بۆ ئەوەی بە تەنها ڕاهێنان لەسەر کۆکردنەوەی دوو ژمارەی دوو ڕەنووسی بکەن بە بەکارهێنانی بژمێری دەبی. پێیان بڵێ با لە دوای نواندنی پرسیارەکە سەرجەم تۆمار بکەن.

فێرکردنی نموونەیی « جیا »

ئاستی ئاسایی داوا لە قوتابیانی ئەم ئاستە بکە هەر پرسیارێك بنوێنن بە بەکارهێنانی شەش پاڵوو.

ئاستی پێشکەوتوو داوا لە قوتابیانی ئەم ئاستە بکە کەوا دارڕژتنەوەی ڕاهێنانەکان دەتوانرێ وەك پێداچوونەوە بۆ قوتابیانی پۆل بەکاربهێنرێت. دڵنیابە کە ڕاهێنانە دارێژراوەکان پێویستی بە خڕکرنەوە نەبێت.

جەبر دەتوانی ژماردن بەرەو پێش یەك یەك یان لێدەرکردن بۆ دۆزینەوەی ژمارەی نادیار بەکاربهێنێت.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆ و نووسین کۆبکەوە:

٢٦ + ٣ = ٢٩ ، ٤٥ + ٤ = ٤٩،

٣٢ + ٣ = ٣٥.

تاقیکردنەوەی وانەکە

سەرجەم چەندە؟

یەکان	دەیان

أ ٢٥ [✓ ج] ٢٨

ب ٢٣ د ٨



ڕاهێنان دەکەم

و بەکار دەهێنم بۆ ئەوەی کۆ بکەمەوە.

سەرجەم دەنووسم

١

یەکان	دەیان
١	٤
٤ +	
٥	٤

٢

یەکان	دەیان
٦	١
٣ +	
٩	١

٣

یەکان	دەیان
٥	٣
٢ +	
٧	٣

٤

یەکان	دەیان
٣	٢
٣ +	
٦	٢

جەبر

ژمارەی نادیار دەنووسم.

٥

٣١ + ٥ = ٣٦

٥٣ + ٦ = ٥٩

٢٢ + ٣ = ٢٥

٦٤ + ٤ = ٦٨

چالاکی ماڵەوە • داوا لە منداڵەکەت بکە چۆن وێنەیەك بکێشێ بۆ ئەوەی ڕوونیبکاتەوە کە چۆن سەرجەمی ٢٤ + ٥ دەدۆزێتەوە؟

١٩٠

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با لە ماڵەوە شیکاری ڕاهێنانەکانی ١، ٣، ٥ بکەن کە لە وانەی ١٣-١ لە کتێبی ڕاهێنان دا هاتووە.



ڕاهێنان ١٣-١

قوتابخانە.......... ناوی قوتابی.......... پۆل یەکەم هۆبەی...... بەروار / /

یەکان ودەیان کۆدەکەمەوە

وانەی ١٣-١

تەختەی کار و بەکاردەهێنم بۆ کۆکردنەوە

	یەکان	دەیان
١	١	٤
	٧ +	
	٨	٤
٢	٥	٢
	٣ +	
	٨	٢
٣	٣	٣
	٤ +	
	٧	٣
٤	٧	٢
	١ +	
	٨	٢
٥	٥	٢
	٤ +	
	٩	٢
٦	٤	٢
	٤ +	
	٨	٢
٧	٥	٣
	٢ +	
	٧	٣
٨	٧	٤
	٢ +	
	٩	٤

ئاگاداربە... لەکاتی کۆکردنەوەی ژمارەیەکی دوو ڕەنووسی لەگەڵ ژمارەیەکی تری یەك ڕەنووسی، هەندێ لە قوتابیان پەنا دەبەن بۆ کۆکردنەوەی ژمارەیەکی یەك ڕەنووسی لەگەڵ یەکان و دەیانی ژمارەیەکی دوو ڕەنووسی بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەم کێشەیە، چەند پرسیارێك بدە بە قوتابیان تیایدا داوایان لێبکە با ژمارەیەکی دوو ڕەنووسی لەگەڵ ژمارەیەکی تری یەك ڕەنووسی کۆبکەنەوە، وە داوا لە قوتابیان بکە با شەش پاڵووە بەیەکەوە بەستراوەکان بەکاربێنن بۆ نواندنیان، لەسەر قوتابیانە شەش پاڵووە تاکەکان بژمێرن و لە ستوونی یەکانی تۆمار بکەن، وە شەریتەکانی دەبی بژمێرن و لە ستوونی دەیانی تۆمار بکەن.

Star Group

وانەی ٢ ڕاهێنان لەسەر کۆکردنەوە دەکەم

پلانی وانەکە

ئامانج: کۆکردنەوەی دوو ژمارەی دوو ڕەنووسی بە بێ خڕکردنەوە بە باشی دەزانێت.

پێوەرەکان

ـ ژمارەکان و کردارەکان	ـ گەیانان
ـ جەبر	ـ بەستنەوە
ـ ڕێنوێنی وسەلماندن	ـ نواندن

ڕۆژانە

جەژنی نەورۆز لە چ مانگێك دایە؟ مانگی نەورۆز چ مانگێ لە پێشی دێت؟ ڕەشەمێ (شوبات). چ مانگێ لە دواوەیەتی؟ گوڵان (نیسان). لەگەڵ قوتابیان بدوێ و هەڵەکان ڕاست بکەوە

پێشینەی بیرکاری

ئەم وانەیە پێداچوونەوە لە خۆدەگرێت کە قوتابیان پێی هەڵدەسن لەسەر ڕێگا جیاوازەکانی کۆکردنەوە کە فێری بوون. هەروەها مەشقیان پێدەکات لەسەر شیکار کردنی هەندێك پرسیار بە هزری کە دەبێ قوتابیان داواکراوەکان بە باشی فێربووبن وپۆلینی بکەن.

لە ڕوویەکی ترەوە ئەم وانەیە دەرگا دەکاتەوە لەسەر ئەو پرسیارانەی کە شیکارکردنیان پێویستی بە خوێندنەوەی خشتە هەیە بۆ دەرهێنانی هەندێ لە دراوە پێویستەکان بۆ شیکار کردنی پرسیارەکە.

چالاکی

دوانی

هەستی ـ جوڵەی

کامە سەرجەم گەورەترە؟

ئامانج ڕستەیەکی ژمارەیی لەو ژمارانەی دراون دەنوسێ.

کەرەستەکان کارتی ژمارەکان.

- کارتەکان کە ئەو ژمارانەیان هەڵگرتووە بدە بە قوتابیان: ١٢و ٢٣ و ٣٤.
- هەردوو قوتابیەکە لەهەر دوانیەك دا هەڵدەستن بە پێکهێنانی پرسیارەکانی کۆکردنەوە کارتەکان بە ڕێگا جیاوازەکان کە لە توانادایە.
- هەردوو قوتابیەکە هەڵدەستن بە نووسینی پرسیارەکانی کە پێکیان هێناوە وسەرجەم دەدۆزنەوە بۆ هەریەکەیان.
- هەردوو قوتابیەکە لە کۆتایی دا هەڵدەستن بە دیارکردنی ئەو دوو ژمارەی کە گەورەترین سەرجەم دەدات و ڕوونی دەکەنەوە چۆن ئەوەیان دۆزیەوە.

٢٣ + ٣٤ = ٥٧

ڕێکخستنی وانەی ٢

پرسیاری ئەمڕۆ

من ژمارەیەکی دوو ڕەنووسم گەورەترلە ٤٠. ڕەنووسی یەکانم یەکسانە بە دوو ئەوەندەی ڕەنووسی دەیانم، من چ ژمارەیەکم؟ ٤٨

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٢٣ + ٤ = ٢٧ ٢ ٣٠ + ٢٠ = ٥٠

٣ ٦٠ + ٤ = ٦٤ ٤ ٣٧ + ١٠ = ٤٧

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟ ڕاهێنان کردن لەسەر کردارەکانی کۆکردن توانا بە قوتابی دەدات بۆ ئەوەی شارەزاییەکی باش لەسەر ئەم کارامەییە هەبێت.

دەست بە وانەکە بکەوە داوا لە قوتابیان بکە با کارامەیی جیاوازەکانی کۆکردنەوەت بۆ بڵێن: ژماردن بەرەو پێش، دوو ئەوەندە، تەواوکردنی دە، خوارزمیەتی دە.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- ئەم پرسیارە دەربارەی ڕاهێنانی ١ ئاراستە بکە: **کام ژمارە بەکاردێنین بۆ تەواوکردنی دە؟** ژمارە گەورەکە.
- ئەم پرسیارە دەربارەی ڕاهێنانی ٢ ئاراستە بکە **کام دوو ژمارە کۆدەکەیتەوە یەکەمجار؟** دوو ژمارە یەکسانەکان یان (دوو ئەوەندەکان) ئەگەر هەبوو ئەگەر نا ئەو دوو ژمارەیە کۆدەکەمەوە کە ١٠ پێك دەهێنن.
- ئەم پرسیارە دەربارەی ڕاهێنانی ٣ ئاراستە دەکەم **چۆن دەیان کۆدەکەیتەوە؟** دەیان کۆدەکەمەوە هەروەك چۆن شتەکان کۆدەکرێتەوە، ڕاستیەکانی کۆکردنەوەی دوو ژمارەی یەك ڕەنووسی بەکاردێنم.
- ئەم پرسیارە دەربارەی ڕاهێنانی ٤ ئاراستە دەکەم: **لە کام ژمارە دەستپێدەکەی کاتێك بەرەو پێش دەژمێری** لە ژمارە گەورەکەوە دەست پێدەکەم.



وانەی ١ ڕاهێنان لەسەر کۆکردنەوە دەکەم

■ و تەختەی دەیی بەکار دەهێنم. پاشان بەتەواوکردنی دە کۆدەکەمەوە.

١

٧	٨	٣	٧
٦ +	٩ +	٩ +	٨ +
١٣	١٧	١٢	١٥

کۆ دەکەمەوە.

٢

(٣)	(٩)	(٦)	(٧)
٤	(١)	٥	(٣)
(٧) +	٣ +	(٤) +	٧ +
١٤	١٣	١٥	١٧

▬ بەکاردەهێنم بۆ ئەوەی کۆ بکەمەوە.

٣

٣٠	٣ دەیی	٤٠	٤ دەیی	٥٠	٥ دەیی	٦٠	٦ دەیی
٥٠ +	٥ دەیی +	٥٠ +	٥ دەیی +	٢٠ +	٢ دەیی +	٣٠ +	٣ دەیی +
٨٠	٨ دەیی	٩٠	٩ دەیی	٧٠	٧ دەیی	٩٠	٩ دەیی

بەرەو پێش دەژمێرم بۆ ئەوەی کۆ بکەمەوە.

٤

٣٥	٤٤	٥٦	٥٠
٣ +	٢ +	٢ +	١ +
٣٨	٤٦	٥٨	٥١

■ و ▬ بەکاردەهێنم بۆ ئەوەی کۆ بکەمەوە.

٥

٣٥	٤٤	٢٢	٣١
٤ +	٥ +	٦ +	٨ +
٣٩	٤٩	٢٨	٣٩

باسبکە ■ ڕێنوێنی

کام ڕێگا بەکاردەهێنی بۆ کۆکردنەوەی ٧٠ + ٢؟

١٩١

- **بپرسە چۆن سەرجەم لە راهێنانی ژمارە (٥) دەدۆزیەوە؟** یەکان کۆدەکەمەوە، ژمارەکە لە ستوونی یەکان تۆمار دەکەم پاشان دەیان کۆدەکەمەوە ژمارەکە لە ستوونی دەیان تۆمار دەکەم.

ئاگاداریە... بوونی ئەم وانەیە پێداچوونەوەو جێبەجێکردنی ئەوانەی کەوا قوتابی لە پێشوودا فێری بوو بوو لەسەر چەند ڕێگەیەکی جیاوازی کۆکردنەوەی بە دەست دێنێ، دڵنیابە لە توانای قوتابیان لەسەر جیاکردنەوەی ئەم ڕێگەیانە و لەسەر شیکارکردنیان بە چەند ڕێگەیەکی جیاواز لەکاتی پێویستدا.

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باسبکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە. وەڵام: ژماردن بەرەو پێش.

داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لە لاپەڕە ١٩٢دا هاتووە

ڕاهێنانەکانی ئەم لاپەڕەیە دەرفەت دەخاتە پێش قوتابی بۆ ئەوەی ڕاهێنان لەسەر کۆکردنەوە بکات.

ئاگاداریە... هەڵەی باو هەندێ لە قوتابیان هەڵە دەکەن کاتێك بەرەو پێش دەژمێرن بەهۆی بێ توانایيان لەسەر شوێنکەوتنی ئەو ژمارانەی دەیانژمێرن، بۆ ئەوەی چارەسەری ئەم کێشەیە بکەی، داوایان لێبکە با پەنجەکانیان بەکاربێنن کاتێك بەرەو پێش دەژمێرن.

پرسیارێك شیکاردەکەم ● ژماردنی هزری یارمەتی قوتابیان بدە بۆ شیکارکردنی پرسیارەکە بە گفتوگۆکردن لەسەر ڕێگای شیکارکردن پێ داگرە لەسەر پێویستی وەرگرتنی داواکراوەکان و پۆلین کردنیان . ٢٣ جار.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتووگۆ و نووسین ڕوونبکەوە چۆن دەتوانی کرداری کۆکردنەوەی دوو ژمارە بنووسی یەکێکیان دوو ڕەنووسی ئەوی تر یەك ڕەنووسی بێت.

یەکەمجار ژمارە دوو ڕەنووسییەکە دەنووسم، پاشان ژمارە یەك ڕەنووسی یەکە دەنووسم لەژێر خانەی یەکانی ژمارە دوو ڕەنووسییەکەدا، دواى ئەوە هێمای کۆکردنەوە لە ئاستی ژمارەی دووەم دەنووسم لە لای ڕاستی ستونی یەکان، پاشان هێڵێکی ئاسۆیی دەکێشم بە ژێر ژمارەی دووەم و هێمای کۆکردنەوەکەدا.

تاقیکردنەوەی وانەکە

سەرجەم چەندە

٧
٥
٣ +

[✓ أ] ١٥   ج ١٠

ب ١٢   د ٨

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با لە ماڵەوە شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لە وانەی ١٣-٢ ل کتێبی ڕاهێنان دا هاتووە.



ڕاهێنان دەکەم

کۆ دەکەمەوە.

١

٢	٤	٣	٥
٣	٢	٧	٦
٨ +	٦ +	٥ +	٥ +
١٣	١٢	١٥	١٦

بەکار دەهێنم بۆ ئەوەی کۆ بکەمەوە.

٢

٢٠	٤٠	٨٠	٧٠
٣٠ +	٥٠ +	١٠ +	٢٠ +
٥٠	٩٠	٩٠	٩٠

بەرەو پێش دەژمێرم بۆ ئەوەی کۆ بکەمەوە.

٣

٣٧	٥٢	٤٣	٥٤
٢ +	٣ +	٢ +	٤ +
٣٩	٥٥	٤٥	٥٨

پرسیارێك شیکار دەکەم ■ نەژمێرکردنی هزری

٤ سیروان یاریزانی تۆپی سەبەتەیە ٢٥ جار تۆپەکەی هەڵدا، ٢٠ جار گۆڵی کرد، دوای ئەوە ٣ جار تۆپەکەی هەڵدا هەرسێ جارەکەش گۆڵی کرد، سیروان چەند جار گۆڵی کردووە؟ ٢٣

چالاکی ماڵەوە • داوا لە منداڵەکەت بکە ڕوونیبکاتەوە چۆن سەرجەمی ٣٣ + ٤ دەدۆزێتەوە؟

١٩٢

ئاگاداریە... ئەگەر بینیت کەوا هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە شیکارکردنی ڕاهێنانەکان، سەرەتا دڵنیابە لەو ڕێگەیەی کە داواکراوە بۆ کۆکردنەوەی ئەم ڕاهێنانە، وە هەوڵی بەهێزکردنی ئەو کارامەییە بدە بۆ ئەمە بگەڕێوە بۆ بەکارهێنانی هێڵی ژمارەکان و تەواوکردنی دەو دوو ئەوەندە و بەکارهێنانی بژمێری دەیی لە خوارزمیەتی کۆکردنەوە لە دواییدا داوایان لێبکە با ڕاهێنانی زیاتر شیکار بکەن بۆ چارەسەرکردنی خاڵی لاواز لەلایەن قوتابیان.



ڕاهێنان ١٣-٢

ڕاهێنان لەسەر کۆکردنەوە دەکەم

وانەی ١٣-٢

١ ٢٠ + ٣ = ٢٣

٢ ٦٠ + ٤ = ٦٤

٣

٩	٧	٨
٦+	٨+	٩+
١٥	١٥	١٧

٤

٦	٨	٧	٤
٦	٥	٨	٤
٤ +	٢+	٣+	٥ +
١٦	١٥	١٨	١٣

٥

٤٠	٥٠	١٠	٦٠
٢٠+	٣٠+	٧٠+	٣٠+
٦٠	٨٠	٨٠	٩٠

٦

٤٦	٢٤	٣٣
٢+	٥+	٢+
٤٨	٢٩	٣٥

وانەی ٣ لێدەرکردن لە یەکان ولە دەیان دەکەم

پلانی وانەکە

ئامانج: دوو ژمارەی دوو ڕەنووسی لێدەردەکات بە بێ خورد کردنەوەی دە

زاراوەکان یەکان ، دەیان

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- جەبر
- ڕێنوێنی وسەلماندن
- گەیانان
- بەستنەوە
- نواندن

ڕۆژانە

هونەر لە ٧ ی تشرینی دووەم چوو بۆ سەردان، لە ٢٨ هەمان مانگ گەڕایەوە ماڵی خۆیان.
هونەر چەند ڕۆژ لە ماڵ نەبوو؟ چەند هەفتە لە ماڵ نەبوو؟ ٢١ ڕۆژ، ٣ هەفتە لە ماڵ نەبوو.

ڕێنمایی

قوتابیان لەم وانەدا فێردەبن چۆن بە ستوونی ژمارەی یەك ڕەنووسی لە ژمارەی دوو ڕەنووسی ئەنجام دەردەکەن ژمارەکان دابەش دەبن بەسەر یەکان و دەیان وە قوتابیان ڕادەهێنن بۆ دانانی ژمارەی یەك ڕەنووسی لە ژێر ڕەنووسی یەکان لە ژمارە دوو ڕەنووسیەکەدا. دەبێ وشیاربین کە کردارەکانی لێدەرکردن ئەنجام بدرێت بەبێ خوردکردنەوەی. قوتابی یەکان لە یەکان کەم دەکات، بەڵام کەمکردنی ژمارەکی دوو ڕەنووسی لە ژمارەکی دوو ڕەنووسی یەك نموونە یان دوو نموونە بەسە بۆ ڕوونکردنەوە و شارەزابوونی قوتابی لەسەر ئەم کردارە.
هەندێجار هەندی قوتابی دەبینن کۆکردن یان لێدەرکردن لەلای ڕاست بۆ لای چەپ یان بە پێچەوانەوە هەمان ئەنجام دەدات. بۆیان ڕوونبکەوە ئەوە چەندە ڕاستە، بەڵام هەر ئاوا نامینێ هەروەك دەبینن لە ئاینده لە پۆلی دووەم دا.

چالاکی

دوانی
هەستی ـ جولەی

نواندنی لێدەرکردنی یەکان ودەیان

ئامانج ژمارەیەکی یەك ڕەنووسی یان ژمارەیەکی دوو ڕەنووسی تر لێدەردەکات بە بێ بەکارهێنانی خورد کردنەوەی دە.

کەرستەکان بۆ هەر قوتابیەك: تەختەی کار، شەش پاڵووی پێکەوە بەستراو، بژمێری دەیی، تەختەی بەهای خانەیی.

- لەگەڵ قوتابیان پێداچوونەوە بکە چۆن دەکرێ ژمارەکان لە دوو ڕەنووسی بنوێنرێ بە بەکارهێنانی بژمێری دەیی، چۆن دوو ژمارەی دوو ڕەنووسی کۆدەکەنەوە.
- ئەم پرسیارە لەسەر تەختەکە بنووسە: **هاوڕێ ٢٨ ماتی پێیە ٦ ماتی دا بە براکەی. هاوڕێ چەند ماتی پێ ماوە؟** داوا بکە: یەکێ لە قوتابیەکان هەڵبستێ بە نواندنی ژمارەی ٢٨ لەسەر تەختەی کار بە بەکارهێنانی بژمێری دەیی.
داوا لە یەکێ تر بکە(٦) شەش پاڵوو بکێشێ بۆ نواندنی ژمارەی ئەو ماتانەی کە هاوڕێ دای بە براکەی. داوا لە هەر دوو قوتابیەکە بکە پێکەوە شەش پاڵووەکانی ماونەتەوە بژمێرن بۆ ئەوەی ژمارەی ماتەکانی ماوەتەوە لە لای هاوڕێ دیار بکەن.



- داوا لە قوتابیان بکە کرداری لێدەرکردنەکە بنووسن لەسەر تەختەی بەهای خانەیی، پاشان بە ستوونی لەسەرتێنووسەکانیان بینووسن.

ڕێکخستنی وانەی ٣

پرسیاری ئەمڕۆ

٣٧ قوتابی لە پۆلی یەکەمن و ٣٢ قوتابی لە پۆلی دووەم، چەند قوتابی پۆلی یەکەم زیاترن لە قوتابیانی پۆلی دووەم؟ ٥ قوتابی

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ $7 - 4 = 3$

٢ $7 - 2 = 5$

٣ $9 - 5 = 4$

٤ $9 - 3 = 6$

بۆچی ئەو بابەتە فێردەبین؟ زانینی لێدەرکردنی یەکان و دەیان بەشداری دەکات لە بنیاتنانی کارامەیی لێدەرکردنی دوو ژمارە.
دەست بە وانەکە بکە وە داوا لە یەکێك لە قوتابیەکان بکە با چۆنیەتی کۆکردنەوەی دوو ژمارە بە بەکارهێنانی خشتەی بەهای خانەییت بە بیر بهێننەوە.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- داوا لە قوتابیان بکە با تەختەی کار و بژمێری دەیی بەکاربێنن، پاشان ئەم پرسیارەیان لێبکە: **چۆن ٢٨ ـ ٥ دەنوێنین؟** دوو شەریتی دەیی و ٨ شەش پاڵوو بەکاردێنین بۆ نواندنی ٢٨، پاشان هەڵدەستین بە لادانی ٥ شەش پاڵوو بەم نواندنە جیاوازیمان دەست دەکەوێت کە بریتیە لە ٢٣.
  ئاراستەی قوتابیان دەربارەی شیکاری ڕاهێنانەکان ڕابکێشە.
- **بپرسە بۆچی هەردوو ژمارەی (٢٨) و (٥)مان پێکەوە لەسەر تەختەی کارەکە نەنواند؟** چونکە کردارەکە بریتیە لە کرداری لێدەرکردن. تەنها ژمارەی یەکەمی ٢٨ دەنوێنم و پاشان ژمارەی دووەم کە (٥) ڕادەکێشم (لێی دەردەینم).
- **بپرسە چۆن بژمێری دەیی بەکاردێنین بۆ ئەژمێرکردنی جیاوازی ٤٧ ـ ٥ ؟** چوار دەیی لە پەنجەکان و ٧ شەش پاڵوو بەکاردێنین بۆ نواندنی ٤٧، پاشان ٥ شەش پاڵوو ڕادەکێشین (لادەدەین) بەم نواندنە وەڵامان دەست دەکەوێت کە بریتیە لە ٤٢.



وانەی ٣ یەکان و دەیان لێدەردەکەم

٢٨ کوڕ نانی بەیانی دەخۆن، ٥ لەوان تەواو بوون لە نان خواردن و ڕۆیشتن بۆ یاریکردن. چەند کوڕ ماوەتەوە نان دەخۆن؟

٢٨ دەنوێنم و لێدەردەکەم.

جیاوازی دەنووسم

یەکان	دەیان
٨	٢
٥ –	
٣	٢ کوڕ

■ و ▬ بەکار دەهێنم بۆ ئەوەی لێدەربکەم.

١

یەکان	دەیان
٧	٤
٥ –	
٢	٤

یەکان	دەیان

٢

یەکان	دەیان
٩	١
٤ –	
٥	١

یەکان	دەیان

٣

یەکان	دەیان
٦	٣
٦ –	
٠	٣

یەکان	دەیان

٤

یەکان	دەیان
٤	٢
٢ –	
٢	٢

یەکان	دەیان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

چۆن جیاوازی ٢٧ – ٤ بەبێ بەکارهێنانی ■ و ▬ دەدۆزیتەوە؟

١٩٣

ئاگاداربە... دڵنیابە لە توانای قوتابیان لەسەر جیاوازیکردن لە نێوان کۆکردنەوە لێدەرکردنی دوو ژمارە، پێیان ڕابگەیەنە کە لە کرداری کۆکردنەوە قوتابیان هەڵدەستێت بە ژماردنی یەکانی دوو ژمارەکە بەیەکەوە، بەڵام لە لێدەرکردن دا هەڵدەستێت بە کەمکردنەوەی (کوژاندنەوەی) ژمارەیەکی یەکسان بە ژمارەی یەکانی ژمارەی دووەم لە یەکانی ژمارەی یەکەم.

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باس بکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە. وەڵام: ڕاستی لێدەرکردنی ٧–٤=٣ بەکاردێنم بۆ ئەوەی یەکان بە هزر لێی دەربکەم، دەیان بەبێ گۆڕانکاری دەمێنێتەوە.



ڕاهێنان دەکەم

▪ و ▬ بەکاردەهێنم بۆ ئەوەی لێدەرکردن بکەم.

جیاوازی دەنووسم.

١

یەکان	دەیان
٩	٣
٢ –	
٧	٣

٢

یەکان	دەیان
٥	٤
٢ –	
٣	٤

٣

یەکان	دەیان
٦	٢
٥ –	
١	٢

٤

یەکان	دەیان
٧	١
٣ –	
٤	١

جەبر

ژمارەی نادیار دەنووسم.

٥ ٤٩ – ٨ = ٤١ ٨٦ – ٦ = ٨٠ ١٨ – ٤ = ١٤ ٧٥ – ٣ = ٧٢

چالاکی ماڵەوە • داوا لە منداڵەکەت بکە بۆت ڕوونبکاتەوە چۆن جیاوازی ٤٨ – ٣ دەدۆزێتەوە؟

١٩٤

ئاگاداربە... هەڵەی باو هەندێ قوتابی هەڵدەستن بە لێدەرکردنی ژمارەیەکی یەك ڕەنووسی لە ڕەنووسی دەیانی ژمارەکە. پێ داگرە لەسەر نووسینی کرداری لێدەرکردن بەشێوەیەکی ڕاست بۆ دوورکەوتنەوە لەم شێوە هەڵانە. و هەندێ قوتابی کۆکردنەوە دەکەن لەجیاتی لێدەرکردن. بە بیریان بهێنەوە کە دەبێت سەیری هێمای کردارەکە بکەن، +،– پێش دەستپێکردن بەکار. پێ داگرە کە ژمارەیەکی یەك ڕەنووسی دەیانی تێدانییە واتە ڕەنووسی دەیان (سفرە).

داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لە لاپەڕەی ١٩٤دا هاتووە

ڕاهێنانەکانی لاپەڕە ١٩٤ دەرفەت دەرەخسێنی لەپێش قوتابی بۆ ئەوەی ڕاهێنان بکات لە سەر لێدەرکردنی دوو ژمارەی دوو ڕەنووسی بە شێوەیەکی سەربەخۆ.

جەبر ئەم ڕاهێنانە یارمەتی قوتابی دەدات بۆ گەشەکردنی بیرکردنەوەی جەبری لەلای قوتابی لەبەرئەوە پێویست بە گەڕانەوە هەیە بۆ لای ڕاستییەکانی کۆکردنەوە و لێدەرکردنی پێکەوە بەستراو بۆ دیارکردنی ژمارەی نادیار. بۆ نموونە بۆ شیکارکردنی ڕاهێنانی ٤٩ – ☐ = ٤١، لەسەر قوتابیە شیکاری پرسیاری ٤١ + ☐ = ٤٩ بکات.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆ و نووسین ڕوونبکەوە چۆن هەڵدەستی بە لێدەرکردن بۆ دۆزینەوەی

٤٩ – ٣، یەکەمجار هەڵدەستم بە لێدەرکردنی یەکان لە یەکان وەك ٩–٣ = ٦، پاشان ژمارەی دەیانەکەی لامە بەکاردێنم لەبەرئەوەی لە دەیان لێدەرکردنم نەکردووە جیاوازیەکە بریتییە لە ٤٦ .

تاقیکردنەوەی وانەکە

ژمارە نادیارەکە کامەیە؟

٢٩
■ –
٢٢

أ ٩
ب ٢
ج ٤
د ٧

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با لە ماڵەوە شیکاری ڕاهێنانەکانی ١، ٢، ٣ بکەن کە لە وانەی ١٣–٣ لە کتێبی ڕاهێنان دا هاتووە.
- هانیان بدە با لە ماڵەوە شیکاری ڕاهێنانەکانی بڕگەی (پێداچوونەوە) بکەن کە لە هەمان وانەی کتێبی ڕاهێنان دا هاتووە.

بۆیان ڕوونبکەوە کەوا ئەم ڕاهێنانە پێداچوونەوەی کارامەییەکانی پێشوو بەدەست دێنێ.

ڕێنمایی... ئەگەر بینیت کەوا هەندێ لە قوتابیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە شیکارکردنی ڕاهێنانەکان، یەکەمجار دڵنیابە لەوەی تا چەند لە لێدەرکردنی دوو ژمارەی دوو ڕەنووسی تێگەیشتینە، نواندنێکیان بۆ ژمارە (٣٨ بۆ نموونە) بخەرە پێش و دڵنیابە لە تواناکانیان لەسەر زانینی واتاو نووسینی ئەو ژمارەیە، لە دواییدا داوایان لێبکە با ژمارە (٥) لە ژمارەکە دەربکەن، یەکەمجار دڵنیابە لەوەی کەوا ڕستە لێدەرکردنەکەیان بەشێوەی ستوونی دروست نووسیوە. پاشان پرسیاریان لێبکە دەربارەی ئەو هەنگاوانەی کە پێویستە جێبەجێی بکەن بۆ دۆزینەوەی جیاوازی، لە دواییدا پێویستە ئەنجام بدۆزنەوە.



ڕاهێنان ١٣–٣

قوتابخانە..........ناوی قوتابی..........پۆل: یەکەم هۆبەی......بەروار / /

لێدەرکردن لە یەکان ولە دەیان دەکەم

وانەی ١٣–٣

تەختەی کارو ▪ بۆ لێدەرکردن بەکاردەهێنم

١

یەکان	دەیان
٨	٦
٥ –	
٣	٦

٢

یەکان	دەیان
٩	٥
٥ –	
٤	٥

٣

یەکان	دەیان
٥	٣
٢ –	
٣	٣

٤

یەکان	دەیان
٨	٣
٧ –	
١	٣

پێداچوونەوە

سەرجەم دەنووسم

٥ ٤ + ٥ + ١ = ١٠
٦ ٥ + ٢ + ٣ = ١٠
٧ ٣ + ٦ + ٢ = ١١
٨ ١ + ٥ + ٣ = ٩
٩ ٦ + ١ + ٤ = ١١
١٠ ١ + ٢ + ٥ = ٨
١١ ٤ + ٢ + ٤ = ١٠
١٢ ٢ + ٤ + ٥ = ١١
١٣ ٣ + ٤ + ١ = ٨

ل ٧٢ ڕاهێنان

Star Group

وانەی ٤ ڕاهێنان لەسەر لێدەرکردن دەکەم

٧

پلانی وانەکە

ئامانج: بەباشی لێدەرکردنی دوو ژمارەی دوو ڕەنووسی ئەنجام دەدات بەبێ خوردکردنەوەی دە.

پێوەرەکان

- ژمارەکان و کردارەکان
- جەبر
- ڕێنوێنی و سەلماندن
- گەیانان
- بەستنەوە
- نواندن

ڕۆژانە

داوا لە یەکێ لە قوتابیان بکە ڕۆژژمێر بەکاربهێنێ و ناوی ڕۆژی نۆیەم بڵێ لەم مانگەدا. چالاکییە کە چەند جارێك دووبارە بکەوە بە گۆڕینی ڕۆژە کە لەهەر جارێك.

لەگەڵ قوتابیان بدوێ و هەڵەکان ڕاست بکەوە.

ڕۆشنایی پەروەردەیی

ئەم وانەیە پێداچوونەوە پێکدێنی کە قوتابی پێی هەڵدەستی لە ڕێگا جیاوازەکانی لێدەرکردن کە قوتابی فیری بووە.
هەروەها ڕایان دەهێنێت بۆ شیکار کردنی هەندێك پرسیار بەهزری بۆیە پێویستە قوتابی بە باشی داواکراوەکان وەرگرێت و پۆلینیان بکات.

چالاکی

چەند پرسیارێك هەمان وەڵامیان هەیە

پۆلە کە هەمووی

ژیرێتی - بیرکاری

ئامانج پرسیارەکانی لێدەرکردن کە هەمان وەڵامیان هەیە دەناسێ.

کەرەستەکان کارتەکانی کاغەزی، پێنووس.

- ئەم ژمارانە لەسەر تەختەکە بنووسە: ١٤، ٢٥، ٢٧، ٣٦، ٣٨، ٤٩. داوا لە قوتابیان بکە. ٣ ڕستەی لێدەرکردن بنووسن کە وەڵامەکانیان بکاتە ١٣.
- پرسیار بکە چەند ڕستەی لێدەرکردن دەتوانین بنووسین بە بەکارهێنانی ئەم ژمارانە؟ داوا لە قوتابیان بکە ٥ ڕستە بنووسن.

ڕێکخستنی وانەی ٤

پرسیاری ئەمڕۆ

لە باخچەی نەزار ٣٦ گوڵ هەبوون ١٠ گوڵی لێ کردەوە، چەند گوڵی تیاماوە؟ ٢٦

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٥٥ − ١٠ = ٤٥

٢ ٧٦ − ٥ = ٧١

٣ ٢٩ − ٦ = ٢٣

٤ ٣٨ − ٧ = ٣١

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟ ڕاهێنان کردن لەسەر کردارەکانی لێدەرکردن توانای قوتابی بەهێز دەکات بۆ شارەزابوون لەسەر ئەم کارامەییە. دەست بە وانەکە بکە و داوا لە قوتابیان بکە با چەند ڕێگەیەکی جیاوازی لێدەرکردنت بۆ بڵێن: ژماردن بەرەو دواوە، ڕاستیە بەیەکەوە بەستراوەکان، خوارزمیەتی لێدەرکردن.

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- ئەم پرسیارە دەربارەی ڕاهێنانی ١ ئاراستە بکە **لە کام ژمارەیەوە دەستپێدەکەی ئەگەر ویستت ژماردن بەرەو دواوە بەکاربێنی؟** لە ژمارە گەورەکە.
- ئەم پرسیارە دەربارەی ڕاهێنانی ٢ ئاراستە بکە **چۆن دەیان لێدەردەکەی؟** دەیان لێدەردەکەم هەر چۆن شتەکان لێدەردەکەم، ڕاستیەکانی لێدەرکردنی دوو ژمارەی یەك ڕەنووسی بەکاردێنم.
- ئەم پرسیارە دەربارەی ڕاهێنانی ٤ ئاراستە بکە **چۆن ٦٥ ـ ٥ دەنوێنی؟** ٦ شەریتی دەیی و ٥ شەش پاڵووی یەکی بەکاردێنم، پاشان ٥ شەش پاڵووی یەکی ڕادەکێشم (لادەبەم) ٦ شەریتی دەیی دەمێنێتەوە ئەوە دەگەیەنێ کەوا جیاوازیەکە بریتیە لە ٦٠ . ژمارە ٦٠ تۆمار دەکەم (سفر لە ستوونی یەکان و ٦ لە ستوونی دەیان).
- ئەم پرسیارە دەربارەی ڕاهێنان ٥ و ٦ ئاراستە بکە: **تێبینی چی دەکەیت لەسەر هەردوو کرداری کۆکردنەوە و لێدەرکردن لە هەر یەك لەم ڕاهێنانە؟** دوو ڕاستی پێکەوە بەستراون.



وانەی ——— ڕاهێنان لەسەر لێدەرکردن دەکەم

لێدەردەکەم.

١

٧	٨	٩
٤ −	٣ −	٥ −
٣	٥	٤

▬ بەکاردەهێنم بۆ ئەوەی لێدەرکردن بکەم .

٢

٥٠	٣٠	٥٠
٤٠ −	١٠ −	٥٠ −
١٠	٢٠	٠

بەرەو پاش دەژمێرم بۆ ئەوەی لێدەرکردن بکەم.

٣

١٤	١٠	١١
٣ −	٢ −	٥ −
١١	٨	٦

■ و ▬ بەکار دەهێنم بۆ ئەوەی لێدەرکردن بکەم.

٤

٦٥	٧٦	٧٥
٥ −	٤ −	٢ −
٦٠	٧٢	٧٣

ژمارەی گونجاو دەنووسم.

٥

٨	١١
٣ +	٣ −
١١	٨

٦

٩	١٣
٤ +	٩ −
١٣	٤

باسبکە ■ ڕێنوێنی

چۆن جیاوازی ٥٦ − ٣ دەردێنیت؟

ڕێنمایی... بوونی وانەیەکی وەك (ڕاهێنان لەسەر کۆکردنەوە دەکەم) وانەیەکی (ڕاهێنان لەسەر لێدەرکردن دەکەم) بەدەست دێنی، ئەمە گونجاوە بۆ پێداچوونەوەی کارامەییەکانی لێدەرکردن کە قوتابی لە پێشوودا فێری بوو بوو. دڵنیابە لەوەی کەوا قوتابی ئەم کارامەییانەی بەدەستهێناوە وەك ناسینی ڕاستیە بەیەکەوە بەستراوەکان و ژماردن بەرەو دواوە. سەرنجی قوتابیان بۆ ڕاستی لێدەرکردنی پێکەوە بەستراو ڕاکێشە کە لەمیانەیدا دەکرێت ڕاستیەکی کۆکردنەوەی پێکەوە بەستراو بدۆزێتەوە، یان بە پێچەوانە ئەگەر قوتابی زانی ١٣−١٠=٣ ئەوا ڕاستەوخۆ دەزانی ١٠+٣=١٣ وە پێچەوانەکەشی ڕاستە.

٣ ڕاهێنان

باسبکە ■ ڕێنوێنی

داوا لە قوتابیان بکە با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە لە بڕگەی باس بکە ■ ڕێنوێنی دا هاتووە.

وەڵام: ژماردن بەرەو دواوە

داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لەلاپەڕەی ١٩٦دا هاتووە

ڕاهێنانەکانی ئەم وانەیە دەرفەت دەرخسێنی لە بەردەم قوتابیان بۆ ئەوەی مەشق بکەن لەسەر لێدەرکردن.

پرسیارێك شیكاردەكەم ● كۆبكەوە یان لێدەربكە

یارمەتی قوتابیان بدە بۆ هەڵبژاردنی کردارێکی هزری گونجاو بۆ دیارکردنی ئەو وشانەی کە کرداری کۆکردنەوە دەگەیەنێت لە پرسیاری ٥ وەك (پاشان کڕی، نزار چەند پێنووسی کڕی) وە دیارکردنی ئەو وشانەی کە لێدەرکردن دەگەیەنێ لە پرسیاری ٦ وەك (لێی خوارد) داوایان لێبکە با هەڵبژاردەکانیان ڕوونبکەنەوە.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتوگۆ و نووسین ڕوونبکەوە چۆن کرداری لێدەرکردنی دوو ژمارە بە ستوونی دەنووسی یەکێکیان دوو ڕەنووسییە ئەوی تریان یەك ڕەنووسی. یەکەمجار ژمارەکەی کە لە دوو ڕەنووسی پێکدێت دەنووسم، پاشان ئەو ژمارەی لە یەك ڕەنووسن پێکهاتووە لەژێر یەکانی ژمارەی یەکەم دا دەنووسم. پاشان هێمای لێدەرکردن لەلای ڕاستی ژمارەی دووەم لە ستوونی یەکاندا دەنووسم وهێڵێك بە ئاسۆیی لە ژێر ژمارەی دووەم لە هێمای لێدەکردنەکە دەکێشم.

تاقیکردنەوەی وانەکە

جیاوازی چەندە؟

٧٧
٤ −

[✓ أ] ٧٣
ب ٧٤
ج ٧٠
د ٧

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با لە ماڵەوە شیکاری ڕاهێنانەکانی ٢، ٣، ٤ بکەن کە لە وانەی ١٣–٤ لە کتێبی ڕاهێنان دا هاتووە.
- هانیان بدە با شیکاری ڕاهێنانەکانی بڕگەی (پێداچوونەوە) لە ماڵەوە بکەن کە لە هەمان وانەی کتێبی ڕاهێنان دا هاتووە.

بۆیان ڕوونبکەوە کەوا ئەم ڕاهێنانانە پێداچوونەوەی کارامەییەکانی پێشوو بەدەستدێنێ.



ڕاهێنان دەکەم

لێدەردەکەم.

١

٨ ٤ − ٤	٩ ٣ − ٦	٦ ٦ − ٠	٧ ١ − ٦

بەرەو پاش دەژمێرم بۆ ئەوەی لێدەربکەم.

٢

٣٧ ٢ − ٤٠	٩٨ ٣ − ٥٠	٤٩ ٤ − ٤٠	٧٥ ٥ − ٥٠

ژمارەی گونجاو دەنووسم.

٣		٤	
٩ ٥ + ١٤	١٤ ٥ − ٩	٨ ٧ + ١٥	١٥ ٧ − ٨

پرسیارێك شیكار دەكەم ■ كۆدەكەمەوە یان لێدەردەكەم

٥ نزار ١١ پێنووسی کڕی پاشان ٣ پێنوسی تری کڕی، نزار چەند پێنوسی کڕیوە؟ ١٤

٦ سامان ٢٥ شیرینی کڕی، ٤ دانەی لێ خوارد، چەند پارچە شیرینی لا ماوە؟ ٢١

چالاکی ماڵەوە • چەند پرسیارێك بدە بە منداڵەکەت، داوای لێبکە شیکاری بکات بەبەکارهێنانی کۆکردنەوە یان لێدەرکردن، وازی لێ بێنە ڕوونیبکاتەوە کام کردار هەڵدەبژێرێت.

١٩٦

ئاگاداریە... ئەگەر بینیت کەوا هەندێ لە قوتابیان لەکاتی شیکارکردنی پرسیارەکان ڕووبەڕووی کێشە دەبنەوە سەرەتا دڵنیابە لەوەی کەوا کارامەییەکانی کۆکردنەوە پاشان کارامەییەکانی لێدەرکردن (ژماردن بەرەو دواوە و خوارزمیەتی لێدەرکردن) تێگەیشتوونە لێیان بگەڕێ با بژمێری دەبی بەکاربێنن، بۆ نواندنی لێدەرکردنی دوو ژمارە بنەمای ڕاستیە بە یەکەبەستراوەکانیان بە بیر بهێنەوە واتە کاتێك سەرجەمی دوو ژمارە یان زانی ئەوا جیاوازی نێوان سەرجەم و یەکێك لەم دوو ژمارەیە بریتیە لە ژمارەی دووەم.



ڕاهێنان ١٣–٤

قوتابخانە.......... ناوی قوتابی.......... پۆل: یەکەم هۆبەی...... بەروار / /

وانەی ١٣-٤

ڕاهێنان لەسەر لێدەرکردن دەکەم

بەرەو پاش دەژمێرم بۆ ئەوەی لێدەربکەم. جیاوازی دەنووسم.

١

٩ ٤− ٥	٨ ٢− ٦	١٢ ٥− ٧	١٢ ٣− ٩

سەرجەم دەنووسم.
ڕاستییەکانی کۆکردنەوە بەکاردەهێنم بۆ یارمەتیدانم لە لێدەرکردندا.

٢

٩ ٨+ ١٧	١٧ ٨− ٩	٦ ٨+ ١٤	١٤ ٨− ٦	٩ ٤+ ١٣	١٣ ٤− ٩

[illegible] بەکاردەهێنم بۆ ئەوەی لێدەربکەم.

٣

٧٠ ٢٠− ٥٠	٨٠ ٦٠− ٦٠	٩٠ ٣٠− ٦٠	٥٠ ١٠− ٤٠

[illegible] و [illegible] بەکاردەهێنم بۆ ئەوەی لێدەربکەم

٤

٤٧ ٧− ٤٠	٥٦ ٤− ٥٢	٣٧ ٥− ٣٢	٦٨ ٣− ٦٥

ڕاهێنان ل ٧٢

وانەی ٥

پرسیارێك شیكار دەكەم: دەرئەنجامی ژیربێژی بەكاردەهێنم

پلانی وانەكە

ئامانج: پرسیارێك شیكار دەكات بە بەكارهێنانی دەرئەنجامی ژیر بێژی

پێوەرەكان

- ژمارەكان و كردارەكان
- شیكار كردنی پرسیارەكان
- ڕێنوێنی وسەلماندن
- گەیانان
- بەستنەوە
- نواندن

ڕۆژانە

نەوزاد لە ڕۆژی چوارشەممە لە ٩ ی مانگی حوزەیران لە دایك بووە. چ ڕۆژێك یەكەم ڕۆژی مانگی حوزیرانە؟ لەگەڵ قوتابیان بدوێ و هەڵەكان ڕاست بكەوە.

رۆشنایی پەروەردەیی

هەڵبژاردنی شیكاری ڕاست یان وەڵامی گونجاو كارامەییەكی گرنگ پێكدەهێنی پێویستە گەشەی پێبدرێت لەلای قوتابی. ئەم وانەی كۆتایی لە وانەكانی شیكاركردنی پرسیارەكانی داوا لە قوتابی دەكات كە وەڵامی گونجاو هەڵبژێرێ بەبێ ئەوەی هەڵبستێ بە ئەنجامدانی هیچ كردارێكی ژمێریاری. قوتابیان ڕووبەڕووی هەندێ ئاستەنگ دەبنەوە لەبەرئەوەی ڕاهاتوون لەسەر دۆزینەوەی وەڵامی ڕاست لەجیاتی وەڵامی شیاو (گونجاو). لەبەرئەوەی هەموو هەڵبژاردنەكانی پێشكەشكراو وەڵامی ڕاست لەخۆ دەگرێت، بۆیە قوتابی زۆرجار پرسیارەكان شیكار دەكات پێش هەڵبژاردنی وەڵامەكە.

چالاكی

هەموو پۆلەكە

هەستی-جوڵەیی

بەكارهێنانی دەرئەنجامی ژیر بێژی

ئامانج دەنوێنێ بە بەكارهێنانی دەرئەنجامی ژیر بێژی.

كەرەستەكان بۆ هەر دوانەیەك دوو تورەگە یەكەم ٧ شەش پاڵووی پێكەوە بەستراوی تێدایە و دووەم ٥ شەش پاڵووی پێكەوە بەستراو تێدایە.

- تورەگەكان نیشانی قوتابییان بدە، پاشان پرسیار بكە: چەند شەش پاڵوو لە هەردوو توورەگەكە دایە؟ ٢ یان ١٢ یان ٩٠ چۆن وەڵامەكە دیار دەكەیت بەبێ هەستان بە كرداری ژمێریاری.
- یارمەتی قوتابیان بدە بۆ بەكارهێنانی دەرئەنجامی ژیربێژی بە شیكاركردنی پرسیارەكە. بۆیان ڕوونبكەوە كە وەڵامەكە گەورەترە لە ژمارەی شەش پاڵووەكانی هەریەك لە هەردوو تورەگەكان. ئەوەندە بەسە سەیری شەش پاڵووەكان بكەین لە توورەگەكاندا. دەبینین كە ٢ وەڵامێكی گونجاو نییە، لەبەرئەوەی زۆر كەمە، و ٩٠ وەڵامێكی گونجاو نییە، لەبەرئەوەی زۆر زۆرە. كەواتە وەڵامەكە ١٢یە. داخاز لە قوتابیان بكە كە شەش پاڵووەكان بژمێرن كە لە ناڤ هەردوو توورەگەكە دایە بۆ ئەوەی دڵنیابن لە ڕاستی وەڵامەكە.



ڕێکخستنی وانەی ٥

پرسیاری ئەمڕۆ

ئایا وەڵامەکە گونجاوە (شیاوە)؟ ڕوونبکەوە بەبێ ئەنجامدانی کرداری کۆکردنەوە یان لێدەرکردن.

٢٦ − ١٤ = ٢٦ گونجاو نییە

١٣ + ١٤ = ٢٧ گونجاوە

٣٢ + ١٤ = ٤ گونجاو نییە

٤٤ − ١٤ = ٣٠ گونجاوە

١ پێشکەشکردن

پێداچوونەوەی خێرا

٢٠ کوڕ و ١٠ کچ یاری دەکەن، ژمارەی ئەوانەی یاری دەکەن چەندن؟ وەڵامی گونجاو دەورەبدە.

[✓ ٣٠ یاریزان] ١٠ یاریزان

بۆچی ئەم بابەتە فێر دەبین؟ زانینی هەر وەڵامێکی گونجاو یارمەتی قوتابی دەدات بۆ شیکارکردنی زۆر پرسیاری ژیانی ڕۆژانە، بەبێ ئەوەی ناچار بیت کردارەکانی ژمێریاری ورد بەکاربهێنێت.

دەتوانیت دەست بە وانەکە بکەی و داوا لە قوتابیان بکەی هەنگاوەکانی شیکاری پرسیارەکانت بە بیر بهێننەوە (تێدەگەم، پلان دادەنێم، شیکار دەکەم، ساغدەکەمەوە).

٢ فێرکردن

هەنگاوەکانی ئاراستەکراو

- **تێدەگەم** داوا لە قوتابیان بکە با دووبارە پرسیارە دابڕێژنەوە بە شێوازی تایبەت بە خۆیان.
- داوا لە قوتابیان بکە با داواکراو چییە دیاری بکەن؟ چەند پاکەت پسکوێت ماوەتەوە.
- **پلان دادەنێم** **داوا لە قوتابیان بکە پێشبینی ڕێگەی شیکارکردنی پرسیارەکە بکەن** تێدەگەم لە داواکراوەکان وە پێشبینی دەکەم لەوەی کە کراوە.
- **شیکاردەکەم** داوا لە قوتابیان بکە گفتوگۆ بکەن لەسەر چۆنیەتی شیکارکردنیان بۆ پرسیارەکە وەڵامی چاوەڕوانکراو: بریتیە لە ٤٣ پارچە بسکوێت، چونکە لەلای شاکار ٦٥ پارچە هەیە لە مانە هەندێکیانی داوە بە برادەرەکەی.
- **ساغدەکەمەوە** **چۆن لە ڕاستی وەڵامەکەت دڵنیا دەبێت؟** دەتوانم کرداری لێدەرکردن بکەم بۆ ساغکردنەوەی ڕاستی وەڵامەکەم.



پرسیارێك شیکار دەکەم

دەرئەنجامی ژیربێژی بەکاردەهێنم

وانەی ٥

تێدەگەم | پلان دادەنێم | شیکاردەکەم | ساغدەکەمەوە

شاکار ٦٥ پارچە پسکیتی هەیە،
٢٢ پارچەی دا بە هاوڕێکانی
چەند پارچەی لا ماوە؟

تێدەگەم

داواکراو چییە؟

پلان دادەنێم

دەتوانم دەرئەنجامی ژیربێژی بەکار بهێنم بۆ هەڵبژاردنی وەڵامی گونجاو.

شیکار دەکەم

[✓ ٤٣ پارچە]

٨٧ پارچە

ساغدەکەمەوە

ئایا وەڵامەکەم گونجاوە؟ئەمە ڕوون دەکەمەوە.

٦٥ ی لا بوو هەندێکی لەوان بەخشی پێویستە وەڵامەکە لە ٦٥ کەمتربێ

وەڵامی گونجاو دەور دەدەم بەبێ هەڵسان بە کۆکردنەوە یان لێدەرکردن.

١ دایکم ٥٠ پارچە شیرینی بەتامی قەیسی دروست کرد بۆ ڕۆژی جەژن.
٤٠ پارچەش بە لیمۆ، دایکم چەند پارچەی دروست کرد بۆ ڕۆژی جەژن؟

١٠ پارچە

[✓ ٩٠ پارچە]

١٩٧

ڕێنمایی... سەرنجی قوتابیان ڕاکێشە بۆ ئەوەی کەوا پرسیارەکانی لەم وانەدا هەیە بریتین لە پرسیارەکانی کۆکردنەوە و لێدەرکردن، بەڵام لەسەریان پێویست نییە کردارەکانی کۆکردنەوە و لێدەرکردن جێبەجێ بکەن لەسەریان پێویستە لە پرسیارەکە بە باشی تێبگەن و بزانن پێویست بە کۆکردنەوە یان لێدەرکردن دەکات (بەبێ ئەوەی جێبەجێی بکەن) پاشان پێویستە لەسەریان وەڵامی گونجاو هەڵبژێرن. دیارکردنی ئەو کردارەی کەوا پرسیارەکە پێویستیەتی بەبێ ئەوەی ئەنجامی بدات بە واتای بیرکردنەوەیەکی دروست دێت کە توانای قوتابی دیار دەکات لەسەر بەدەستهێنانی هەردوو چەمکی کۆکردنەوە و لێدەرکردن.



ڕاهێنان دەکەم

وەڵامی گونجاو دەوردەدەم بەبێ کۆکردنەوە.یان لێدەرکردن.

١ میران ٢٥ پێنوسی لایە، شکۆ ١٤ پێنوسی لایە، میران چەند پێنوسی زیاتری لایە لە شکۆ

١١ پێنوس

٣٩ پێنوس

٢ لۆنا ٤٠ پارچە پسکیتی لایە، ٢٠ پارچەی دا بە سۆما، چەند پارچەی لا ماوە؟

٢٠ پارچە

٦٠ پارچە

٣ نازێ ٣٧ پارچە شیرینی دروست کرد. منداڵەکانی ٢١ پارچەیان خوارد، چەند پارچە شیرینی ماوەتەوە؟

١٦ پارچە شیرینی

٥٨ پارچە شیرینی

٤ نەبەز ٥٠ سێوی ئامادەکرد بۆ ژووری پۆل،بەڵام باکۆ ٤٠ سێوی ئامادە کرد، بە یەکەوە هەردووکیان چەند سێویان ئامادە کردووەلە پۆلدا؟

١٠ سێو

٩٠ سێو

٥ شیلان ٥٠ پارچە شیرینی دروست کرد، بەڵام شاگوڵ ٤٠ پارچە، شیلان چەند پارچە شیرینی زیاتر لە شاگوڵ دروست کردووە؟

١٠ پارچە

٩٠ پارچە

بنووسە

چی پێویستە لە پرسیاری کۆتایی دا بگۆڕێت بۆ ئەوەی وەڵامە گونجاوەکە بکاتە ٩٠ پارچە. وێنەی ▬▬▬ دەکێشم بۆ ساغکردنەوە.

چالاکی ماڵەوە • داوا لە منداڵەکەت بکە بۆت ڕوونبکاتەوە چۆن هەر دوو وەڵامەکە هەڵدەبژێرێت؟

١٩٨



ڕاهێنان ١٣-٥

قوتابخانە..........ناوی قوتابی..........پۆل یەکەم هۆبەی.......بەروار / /

وانەی ١٣-٥

پرسیارێک شیکاردەکەم :

دەرئەنجامی ژیربێژی بەکاردەهێنم

وەڵامی گونجاو هەڵدەبژێرم بێئەوەی لێدەرکردن یان کۆکردنەوە بکەم

شوان تەنها ١٣ پێنووسی هەیە ناگونجێت ٢٤ پێنووسی زیاتر لە سۆزان هەبێت

١ شوان ١٣ پێنووسی هەیە، سۆزان ١١ پێنووسی هەیە، ئایا ژمارەی پێنووسەکانی شوان چەندی لە ژمارەی پێنووسەکانی سۆزان زیاترە؟

٢ پێنوس

٢٤ پێنوس

٢ لە کێڵگەیەکدا ٣٠ کەروێشک هەبوون ٢٠ کەروێشک رایانکرد چەند کەروێشک ماوە؟

١٠ کەروێشک

٥٠ کەروێشک

٣ ٣٦ مێروولە بەڕیز دەڕۆن، ١٢ مێروولە کەوتنە چاڵێکەوە، چەند مێروولە ماوە؟

٢٤ مێرولە

٤٨ مێرولە

٤ تارا رۆژی دووشەممە وێنەی ٥٠ پشیلەی کێشا، پاشان رۆژی سێ شەممە وێنەی ٢٠ پشیلەی کێشا، ئایا تارا وێنەی چەند پشیلەی کێشاوە؟

٣٠ پشیلە

٧٠ پشیلە

٥ لە باخچەیەکی گیانەوەراندا ٢٧ گیانەوەر هەبوون و لە پارکدا ٢٢ گیانەوەر هەبوون ژمارەی گیانەوەرەکانی باخچەکە چەندی لە ژمارەی گیانەوەرەکانی پارکەکە زۆرترە؟

٥ ئاژەڵ

٤٩ ئاژەڵ

٦ ٤٥ ماسی پێکەوە لە ئاوێکدا مەلە دەکەن. ١٥ ماسی تریان چوونە لا، ئایا ئێستا چەند ماسی مەلە دەکەن؟

٣٠ ماسی

٦٠ ماسی

ل ٧٤ ڕاهێنان

ئاگاداری... ئەگەر بینیت کەوا هەندێ لە قوتابیان لەکاتی شیکارکردنی پرسیارەکان ڕووبەڕووی کێشە دەبنەوە یەکەمجار دڵنیابە لەوەی بە باشی لە پرسیارەکە تێگەیشتوون و لە تواناکانیان لەسەر دیارکردنی کرداری گونجاو و هەڵبژاردنی وەڵامی شیاو دڵنیابە، لەگەڵیان بگەڕێوە بۆ ئەو وشانەی کرداری کۆکردنەوەی و کرداری لێدەرکردن دەنوێنن، داوایان لێبکە با شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە ماونەتەوە، وە لەگەڵیان گفتوگۆ لەسەر هەموو ڕاهێنانەکان بکە.

٣ ڕاهێنان

داوا لە قوتابیان بکە با شیکاری ئەو ڕاهێنانە بکەن کە لە لاپەڕە ١٩٨دا هاتووە

ڕاهێنانەکانی لاپەڕەی ١٩٨ دەرفەت دەڕەخسێنێ لە پێش قوتابی بۆ ئەوەی ڕاهێنان لەسەر بەکارهێنانی بیرکردنەوەی ژیربێژی بکەن.

فێرکردنی نموونەیی

ئاستی ئاسایی داوا لە قوتابیان لەم ئاستەدا دەکەم کۆبکەنەوە یان لێدەربکەن بە بەکارهێنانی شەش پاڵووەکان بۆ ئەوەی دڵنیا بن لە ڕاستی یان باشی هەڵبژاردنەکانیان. ئەگەر ئاشکرا بوو کە هەندێ قوتابی لاوازن لە ئەنجامدانی کردارەکان. داوایان لێبکە خەملاندن ئەنجام بدەن پێش شیکارکردنی پرسیارەکە.

ئاستی پێشکەوتوو هانی قوتابیان لەم ئاستە دا بدە بۆ ئەوەی دووبارە پرسیارەکان داڕێژن بە شێوەیەك کە وەڵامەکانی گونجاو تر بێت.

٤ هەڵسەنگاندن

چالاکی ناو پۆل

گفتووگۆو نووسین ڕوونبکەوە چۆن دەزانی وەڵامەکەت شیاوە. دیار دەکەم ئایا دەبێ وەڵامەکە گەورەتر یان زۆر گەورەتر یان بچووکتر یان زۆر بچووکتر بێت لە ژمارەکانی دراو. بیردەکەمەوە چی ڕوودەدات لە چیروکە کەدا.

بنووسە بۆ شیکارکردنی ئەم پرسیارە، لەسەر قوتابیان ئەو وشەیەی کرداری لێدەرکردن دەگەیەنێ بە وشەیەکی تر بگۆڕنەوە کە کرداری کۆکردنەوە بگەیەنێ، لەم نموونەیە دەکرێت وشەی (زیاتر) بسڕێتەوە و بیگۆڕێتەوە بە وشەیەکی تر وەك (پێکەوە)، پرسیارەکە دەگۆڕێت بۆ: چەند پارچە شیرینی لەلایەن شیلان و شاگول پێکەوە دروست کراوە؟

تاقیکردنەوەی وانەکە

وەڵامی دروست دەور دەدەم

لە پۆلەکەی مامۆستا ئەحمەد ٢٠ قوتابی هەیە، وە لە پۆلەکەی مامۆستا مستەفا ١٧ قوتابی هەیە، پۆلەکەی مامۆستا ئەحمەد چەند قوتابی زیاترە لە پۆلەکەی مامۆستا مستەفا.

٣ قوتابی ١٣ قوتابی

٣٧ قوتابی ٢٧ قوتابی

ئەرکی ماڵەوە

- داوا لە قوتابیان بکە با لە ماڵەوە شیکاری ڕاهێنانەکانی ١، ٣، ٤ بکەن کە لە وانەی ١٣-٥ لە کتێبی ڕاهێنان دا هاتووە
- هانیان بدە با لە ماڵەوە شیکاری ڕاهێنانەکانی بڕگەی (پێداچوونەوە) بکەن کە لە هەمان وانەی کتێبی ڕاهێنان دا هاتووە.

بۆیان ڕوونبکەوە کەوا ئەم ڕاهێنانانە پێداچوونەوەی کارامەییەکانی پێشوو بەدەست دێنێ.

کۆکردنەوە و لێدەرکردنی دوو ژمارەی دوو ڕەنووسی

پێداچوونەوە/ بەشی ١٣

ئامانج: دڵنیابوون لە فێربوونی قوتابی لە چەمکەکان و بەدەستهێنانی کارامەییەکانی هاتووە لە بەشی (١٣).

بەکارهێنانی لاپەڕە

- ئامانجی لاپەڕەی پێداچوونەوە بۆ قوتابیان ڕوونبکەوە.
- نزیکەی ٣٠ خولەك تەرخان بکە بۆ ئەوەی قوتابیان ڕاهێنانەکانی لاپەڕەی پێداچوونەوە شیکار بکەن.
- دەتوانی یارمەتی ئەو قوتابیانە بدەیت کە ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە.
- دەتوانی ڕێگا بە قوتابیان بدەیت یارمەتی یەکتر بدەن بە جۆرێك تا ڕادەیەکی باش ئارامی بپارێزن.
- دەتوانی وەڵامی پرسیاری قوتابیان بدەیتەوە.
- ئەو ماوەیەی دەمێنێتەوە لە وانەکە تەرخان بکە بۆ وەڵامدانەوە و شیکارکردن.
- مامۆستا دڵنیا دەبێت لە قوتابیان لە پاش بەکارهێنانی شەریتەکانی دەیی و شەش پاڵووەکان بۆ ئەوەی ژمارەکان بنوێنن و پاشان کۆیان بکە ئەوەیان لە یەکتریان دەربکەن.
- وە هەروەها دڵنیا دەبێت لەوەی کەوا زانینەکانیان بۆ کۆکردنەوە و لێدەرکردنی ژمارەکان یارمەتیان دەدات لەسەر کۆکردنەوە و لێدەرکردنی دەیان.
- ئامانجی ڕاهێنانەکانی ئەم لاپەڕەیە بۆ دڵنیابوونە لە زانینی چەمکەکانی کۆکردنەوە و لێدەرکردنی ژمارەکانی دوو ڕەنووسی وە بۆ دڵنیابوونە لە بەدەستهێنانی کارامەییەکان.



پێداچوونەوەی بەشی ١٣

ناو ______

سەرجەم دەنووسم.

١

یەکان	دەیان
٣	٢
٥ +	
٨	٢

٢

یەکان	دەیان
٥	٦
٤ +	١
٩	٧

٣

٢٠
٦٠ +
٨٠

٨٠
١٠ +
٩٠

٤

٣٧
٢ +
٣٩

٥٦
٣ +
٥٩

جیاوازی دەنووسم.

٥

یەکان	دەیان
٧	٥
٢ -	
٥	٥

٦

یەکان	دەیان
٩	٢
٦ -	١
٣	١

٧

٨٠
٣٠ -
٥٠

٦٠
٤٠ -
٢٠

٨

٦٩
٣ -
٦٦

٩٨
٢ -
٩٦

١٩٩



ئامادەبوون بۆ
تاقیکردنەوە
بەشی ١٣

ناو ______________

وەڵامی گونجاو هەڵدەبژێرم.

١ ٦٠ + ٣ = ______

٥٦ ○ ٥٧ ○ ٦٣ ● ٧٣ ○

٢
٤٥
٣٠ +

١٥ ○ ٢٥ ○ ٥٥ ○ ٧٥ ●

٣
٥٤
٣ +

٥٧ ● ٥٨ ○ ٦٧ ○ ٦٨ ○

٤
٢٩
٢ +

٢١ ○ ٣١ ● ٣٢ ○ ٤١ ○

٥ ٤٠ - ٣ = ______

٣٦ ○ ٣٧ ● ٣٨ ○ ٣٩ ○

٦
٥٧
٢ -

٤٥ ○ ٥٤ ○ ٥٥ ● ٦٥ ○

٧ دایکی ژیلە هەندێ شیرینی دروست کرد، ژیلە ژمارەیەك لە پارچە شرینیەکانی خوارد کە لە ٣ زیاتر بوو، و لە ٦ کەمتر بوو، ژیلە چەند پارچەی خوارد؟

٨ ○ ٧ ○ ٦ ○ ٥ ●

٢٠٠

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

ئامانج: ئامانجی لاپەڕەی «ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە» کە لە کتێبی قوتابی هاتووە هەروەك ئەوەی ناونیشانەکەی ئاماژەی پێدەکات بریتییە لە ئامادەکردنی قوتابی بۆ تاقیکردنەوەی بەشەکە.
ئەم لاپەڕەیە چەمکەکان و کارامەییەکانی لەخۆ دەگرێت کە لەم بەشەدا هاتووە. هەروەها چەمکەکانی تر لە بەشەکانی پێشەوە لەخۆ دەگرێت.
هەر بەندێك لەم لاپەڕەدا ئامانجێکی فێربوون یان زیاتر لەخۆ دەگرێت وە بەگشتیش تا رادەیەك ئامانجەکانی فێربوونی ئەم بەشە لەخۆ دەگرێت کە پێویستە.

بەکارهێنانی لاپەڕەکە

- ئامانجی لاپەڕەی «ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە» بۆ قوتابییان روونبکەوە.
- داوا لە قوتابییان بکە لاپەڕەی «ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە» کە لە کتێبی قوتابی هاتووە لەماڵەوە یان «لە پۆل» شیکار بکەن ئەگەر کات رێی پێدای بۆ ئەنجامدانی.

تاقیکردنەوەی بەش

تاقیکردنەوەی بەش دەکەوێتە چوارچێوەی هەڵسەنگاندنەکانی بەدەستهاتوو

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوەی بەش

- دەتوانیت ئەم تاقیکردنەوانە وەکو خۆی بەکاربێنی.
- دەتوانیت لەم تاقیکردنەوەیە چەند پرسیارێکی دیاریکراو هەڵبژێری و تاقیکردنەوەیەکی لێ پێکبهێنی.
- دەتوانیت لەم تاقیکردنەوەیە چەند پرسیارێکی دیاریکراو هەڵبژێری و خۆشت چەند پرسیارێکی تر پێکبهێنی.
- دەتوانیت خۆت هەموو پرسیارەکانی تاقیکردنەوە پێکبهێنی بە پشتبەستن بە پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بەش.

مەرجەکانی ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

- ئەوکاتەی دیار دەکرێت بۆ تاقیکردنەوەی بەش دەبێت بەس بێت بۆ قوتابیان «وانەیەکی تەواو بۆ تاقیکردنەوەی بەش»
- دەبێت پرسیارەکانی ئەم تاقیکردنەوانە هەموو ئامانجەکان بگرێتەوە بێ زیاد و کەم.
- دەبێت پرسیارەکانی ئەم تاقیکردنەوانە هەموو ئامانجەکان بگرێتەوە بەشێوەی هاوسەنگ لەگەڵ رەچاوکردنی ئامانجەکان.
- دەبێت تاقیکردنەوەکەت پرسیارەکانی جۆری أ لەخۆ بگرێت وە پرسیارەکانی جۆری ب لەخۆ بگرێت بە زیاتر هێنانەوەی جۆری أ لە کتێبی رێبەری هەڵسەنگاندن.
- پێویستە تاقیکردنەوەکانی بەش چاپ بکرێت بەشێوەیەکی روون.

ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی بەش

- وانەیەکی تەواو تەرخان بکە بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی بەش.
- بۆ قوتابیان باس بکە کە لەسەریان پێویستە وەڵامی راست لە پرسیارەکانی هەڵبژاردن لە هەمەجۆر دەوربدرێن.
- لەو کاتەی ماوەت هەیە لە قوتابخانە «یان لە ماڵ» تاقیکردنەوەکانت بپشکنە وە تێبینیەکان تۆمار بکە بەتایبەتی ئەو تێبینیانەی بەندن بە خاڵە لاوازەکانی قوتابیان.